کەشی
کرانی کەلیمە
بۆ کەرامەتی کائیناتی کات
شی کەرانی کەلیمە
بات



گۆڤاری ئەدەبی، هونەری ساڵی دووهەم
ژمارەی ٦
خەزەڵوەری ٢٧١٨
نرخی ناو وڵات ٢٠٠٠٠ تمەن
دەرەوەی وڵات ١٠ دۆلار

صاحب امتیاز و مدیر مسئول:
شب بو محمدیانی
سردبیر:
فریا یونسی

هیئت تحریریە:
سید اسلام دعاگو
«دبیر فایل ویژە فرات جەوەری»
شریف فلاح
«دبیر فایل ویژە کرماشان و ئیلام»
عبدالقادر نیازی «شعر»

باگراوند

مریەم قازی، فرات جەوەری، دینۆ بوتزاتی، علی باباچاهی، د. هاشم ئەحمەدزادە، جەلال مەلەکشا، فەرهاد شاکەلی، مەنسوور یاقووتی، د. محەمەد رەحیمیان، شەهلا دەباغی، محەمەد ئوزتونج، تۆسنە رەشید، د. عەلی ئولفەتی، کاکشار ئورەمار، هەندرێن رضا آمن، موراد جوان، نیزامەدین ئاکورت، کەیوومەرس بەڵەدە، نەبەز سەمەد، د. عەبدوڵڵا ئەمینی، رامان سۆفیسالحی، سید اسلام دعاگو، شەریف فەلاح، ئارژەن ئاری، فوزیە سوڵتانبەیگی، ژیار جەهانفەرد، غەمگین بۆڵی، عادل قادری، هەرەس عەباسی، هەلالە سۆهرابی، دیمەن سۆهرابی، محەمەد جەواد جەلیلیان، سوهەیلا مەیهەمی، زانکۆ یاری، ئالان پەری، ئەرسەلان چەلەبی، جمال مشمایی، تەیموور خەلیل، جەلیل جەلیل، محەمەد ئیسماعیلنژاد، هێمن عەبدوڵڵاپوور، سوران محمدی "سەقز"، جەلال پوورحەسەن، سۆران محەمەد سورە، عبدالقادر نیازی، ئارام پزشکیان باران، بەختیار کەریمی، ئارام فەتحی، شەرمین ساڵحی، شالاو عەبدوڵڵا، ماشەڵڵا مەیهەمی، سارا سوڵتانی

دیزاین: فریا یونسی

# شی

## بە حرمت حریم حزین «شی»

**حرف اول:** آنچه یک پدیده ادبی‌هنری را در طول زمان، در میان همقطارانش، متمایز از همه خواهد کرد، شیوه‌های حرکت آن پدیده است. چه بسا همه ما به خوبی به این مهم واقف شده‌ایم که جهان فیزیکال مکشوف، تاکنون جهات بسیار -نه بی‌شمار-ی را در معرض فهم مبسوط ما قرار داده است: راست، چپ، مستقیم، عقب، بالا، پایین، راست شمالی (شمال شرقی)، چپ جنوبی (جنوب غربی) و به موازات هر حرکتی می‌توان، جهتی نو کشف و دراختیار -لااقل- فهم خویش قرار داد و به راحتی در معرض تغییرات سازمند «هستن» در هستی حیات قرار گرفت و بی هیچ آسایشی، آن همه آلاینده مزخرف مردود را از پیکره پیر خرَدهای پربار بشری زدود؛ و بدینسان است که جهات موازی جهان با جهات از پیش کشف شده تازه‌ایَ، از نو کشف می‌شوند. این جهات موازی، نشان از آن دارد که انسان، همچنان جهت‌دار به این جهان گام نهاده و هر روز که بیشتر وارد بزم‌هایِ سنگین «بودن» می‌شود، بیشتر می‌فهمد که هنوز چه جهات بی‌شماری که در انتظار این پدیده مأیوس -انسان- هستند که دمی از جهل غالب‌اش فاصله بگیرد و سر در لایتناهی آن همه تصور لاابالی نهاده، بی هیچ دستگیر بی‌دستی، در آن ساحت نامتقارن خطوط گام بگذارد؛ برای بی‌درجاماندگان آنجا -که در آن لحظه اینجای ما خواهد بود- دستی تکان دهد و بر عبور خویش، تأملی کند که هرچه زودتر، هرچه بیشتر آن جهات بی‌درزمان کشف‌تر شوند و در کل بی‌کرانگی خویش، سرمستانه در انتظار معبر واقع شدن، قرار گیرند. اکنون با این توضیح ساده مبهم، می‌توان به جهات بی‌درپایان «شی» در حریم حزین‌اش پرداخت و شیفتگان کلمه را ترغیب به عبور از این معبر بیدار کرد. آنچه موجب سرمستی پدیده «شی» در زمانه خود و زمان آیندگان خواهد بود، چگونگی چنگ انداختن در خورجین خشن زبان است و چه بسا هر لحظه این حقیقت تلخ را به عابران خود، یادآوری خواهد کرد که: برای دست یازیدن به مخمل بدنه بی‌پیر کلمه، به جنگی بی‌پایان با جنگجویان حریم زبان، نیاز است و ابزار این جنگ، تنها شهود در بی توجهی است به هر آنچه یافتن‌اش می‌خوانند و همان شیفتگی بی‌پایان جان‌های بی‌دربستر است در هوای «های‌های» کلمه. چرا که نه هیچ یافتنی در کار خواهد بود و نه هیچ هوایی به کمک بالندگی عابران خسته‌ازجهات، می‌شتابد: آه! دستورها، دستورها دست‌بردار نیستند و هر لحظه نعره می‌کشند که: «شی» نه مصدر است و نه ماضی بعید و نه حتی مستقبلی که بخواهد نوید لحظات بالیدن و رستن بدهد. «شی»، تنها تجسمی آنی از «کلمه» در مقطع بی‌رمقی از زمان است و بس. و همیشه همان شکل مجسم «کلمه» نیز باقی خواهد ماند. نیازی نیست در بدو شدن این کلمه، آن خورجین خشن را دست‌کم بگیریم و فکر کنیم که این نیز بگذرد! نه، هرگزا که «شی» بگذرد... این توی، یار هموار کلمه، که باید آماده عبور شوی از جهات بیدار «شی» که حالا دیگر هر یک به تمامی یک گذرگاهند و ناخفته‌گان کله‌شق را به جنگ می‌طلبد: جنگی جهت عبور و جهش در نقطه پایان گذرگاهی که نقطه پایانیش نیست...

صفحه ٢ تا ٦٧

وتەی سەرنووسەر: نڤیسر و یەئسی نڤیسار (ل٢)
مانەمێنی هاوڕێی چیرۆکنووس: خانوو مریەمی قازی (ل٧)
شیکەرانی کەلیمە: ڕۆمان و نەڤیر (ل٢٨) فەلسەفەی سپی و حەقیقەتی سێهەم (ل٣٤) مەسعوود محەمەد: هزراندنێک لە خاکی حاجی قادری کۆیی (ل٤١) کاریگەریی دەروونناسی لەسەر چیرۆک (ل٤٩) پێگە و قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام (ل٥٣) پەیڤینی دەقی ئەدەبی و لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی (ل٥٧) بۆچی مێتر کرێچی ناو شەکردار نەبێت؟ (٦٠)

صفحه ٦٩ تا ١٤٢

نەوس: گوێچکە بە ڤڵە! (ل٦٩)
شێعر: فارسی و کوردی (ل٧٣)
ئارام: شاعیری بەرە نائارام (ل٨٩)
چیرۆکی کوردی (ل١٠٧) دۆسیەی تایبەت بە دینۆ بوتزاتی (ل١٢٣)

صفحه ١٤٣ تا ١٦٢

هەڤپەیڤین
شاعیران خوڵقێنەری جیهانێکی نوێترن
وت و وێژی گۆڤاری "شی" لە گەڵ شاعیر جەلال مەلەکشا (ل١٤٤)

پرسی ناسنامە لە ئیلام و کرماشان
وتوویژێک لەگەڵ نووسەر و ڕەخنەگر: عادل قادری (ل١٥٢)

شێعری کوردی ئەمستونەری ئشق زیاری منە
وتوویژ وەگەرد شاعر ناسیای کورد: دۆکتۆر عەلی ئولفەتی (ل١٥٧)

کودەتای وشە
وتوویژێک لەسەر کتێبی "تریرتەنیا"ی ئەرسەلان چەلەبی (ل١٦٠)

صفحه ١٦٣ تا ٢٠٠

ئەڵقەی پێوەندیی نێوان دوو نەسل
دۆسیەی تایبەتی گۆڤاری شی
لەمەڕ نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەوانی ناسراوی باکوور
فرات جەوەری



## فریایوونی سەرنووسەر

### دوابینییەک لەمەڕ سەرهەڵدانی ئاکادیمییای موازی:

شۆڕشێک بە ڕێگاوەیە و ڕێگا نییە کە بگەینەوە بە منزڵە مەندەکانی سەراوردمان. زرێبارێک لە کەنار قڵشی لێوەوە دەستپێدەکات کە بتوانێ چی پیتی پیرەڵۆکی ئەم ساڵانەی نێوزارمانە، ڕایماڵیت و هزری کەڤناری ئەودیو زەمان، بگەڕێنێتەوە بەرەومان: نوقم کردنی دوورگەی سەرگەردانیی مرۆڤی کورد، لە بەحری مانادا، لە بێرمودای بێ‌مانادا...
**پێویستە مامۆستاکان بیخوێننەوە:**



**١-هۆگرانی زمان:**
سەرەتا پێویستە بە ڕاشەکاوی ڕایگەیەنم کە بزانن: من هۆگری زمانم، چونکە زمان بە هەموو زامەکانی خۆی، خەریکە دەمژەنێت کە زامارترم بکات. چونکە زمان، بێ دەرمان کەوتوونە ئەندامی مونزەویم و زەمانەتی چرکەیەک لە هەلی دراو بە هیچمان ناکات. جاری واشە زەمانە بەو هەموو چەواشەکاریانەی وا لە خوێنی کریستاڵییدا دەیبەستێ، دەمخەڵەتێنێ، ها! (هۆی مامۆستا پانەکە، پێویستە تۆ، ئەرێ ڕێک تۆ پێویستە بیزانی...)

**٢-پێت وایە دەشێ ئەمە شۆڕشێکی شاوەتبارانەی چینەکان بێ؟**
ئەها چەنێک لەسەرەخۆ و بەسەبرن، دەنگ ئەدەن بۆ وێران کردنی ئەم حەزە دەروونیەی وا لە یەکبەیەکی وشەکانما، نوستووە، نا، بێداره... دەبێ بەداخەوە بم بۆ فامی فشت! بۆ فاشیستە بچکۆلەکەی نێو زێهنی فەشەلت! چونکە تۆ وادیارە بڕوات بە کەرامەتی زمان و هەموو ئەو ئەندازە بێدارانەی نییە کە بنەمای مرۆڤ، دەڕووخێنن. تۆ هێشتا لە چینبەچینی مەلاشووت، ئەمدیو نەکەوتووی تا بزانی چ سێحرێک لە دەرکەوتنی کەلیمەدا، خۆی لە هزری ئادەمیزاد، ماتداوە.

**٣-کام چین؟ چینی سەرمایەخواز؟**
(جوان بیانجوون ئەم وشانە، خۆ من هەرگیز نەموتووە سەرمایەدار!) سەرمایەخوازی هەرگیز حەزی لە لایەنەکانی زمان نییە. (ئەوان هەر ئەوەندە بتوانن پارەکانیان بژمێرن و ڕۆشنبیریی پێوە بکەن، بەسیانە. حەیف نەبێ واز لەوان شانۆی گاڵتەجاڕانەیان بهێنن، بەو هەمووە سەیرانچییە سەیرانەوە؟ ئەو زەمانەی کە چیتر کەس پێی ڕازاوە نییە و تەنانەت بە تابلۆی دووکانەکاندا دیارە کە لە کوێوە، لە کەیەوە، کەس تاقەتی زمانی نەماوە و لەوە زیاتر کەس کاتی بۆ هونەری زەمانیش نییە ئیتر. بارت وتەنی: "مەرگی ئەدەبیاتی مەزن" دەستیپێکردووە؟ ئەو مژارەی کە تەنها بووەتە ئامرازێک بۆ فەخری دەستکورتانی وشە، تەنها بووەتە ئامرازێک بۆ ڕازاندنەوەی دێرە دێرینەکان، یا خود بووەتە هۆی گەشەی دروشم و بە کار هێنانی دەستەوشەی ڕەنگاو ڕەنگی بێ بنەما؟

**٤-چینی عەوام؟**
لێرەدا هەموو هەڵسوکەوتە سێحراوی و شاعیرانەکان، بزر دەبن: میوانییە گەورەکەتان کۆتایی پێهاتووە و چیتر هیچ زمانبازییەک لە ئارادا نەماوە کە هۆی شانازیتان بێ. کۆتاییخوازەکان و ئەمر پێکردنی کلێشە داسەپاوەکان لە لایەن فەرهەنگی ورکە سەرمایەخوازییەوە، ریشە دێرینەکانی زمانی لەبن دەرکێشاوە. (هەمیشە کەسێک هەیە کە لەو پەڕی باشووری شارەکانتانەوە هاوار دەکات: **"هۆی داگیرکەرانی جوانییەکانی زەمین، بکشێنەوە" و ئێوەش خۆ شکور بەگشتی هەمووتان بێدارن و کێ دەڵێ نوستوون؟ ئێوە تەنها خەونی ژیان -یێکی خۆش- بردوونییەوە و ناتوانن لێی هەستن...)**

**٥-چینی بەرهەمهێنەر؟**
ئەم چینە، چیتر بە پێی پێویست، هیچ زمانێکی تایبەت بە نەقشی خۆی، هێزی خۆی و هونەری خۆی نییە و دەستەوستان لەبەر بارەگای ئەعلاتاندا کەوتووە. بۆیە تا دێت، لێکپچڕانی پێوەندییەکان و هاورێیەتیەکان، ڕوو دەدات و چیتر هیچ دەروەستییەک بە هەڤاڵێتییەوە، ڕێزی نامێنێ. لە شوێنێک کاریگەر و لە شوێنێکی دیکە سەقەت... تەنانەت لەوێدا کە دەبێ کارناسانی جۆرێکی جیاوازی دەق، خوێندنەوەیەک لەسەر ئەو دەقانە بکەن کە ڕەنگە هاوڕەزمانی ئەو ڕێگەیە نووسیبێتیان، بە بیانووی ئەوە وا "هەڤاڵ و هاورێیە"، بێدەنگییەکی کوشندە پیشە دەکەن و دەقەکان لە بێ‌ناوبانگیدا دەمرن. **(ئێمە تەنهاترینەکانی زەمینین و هەمیشەش بەوپەڕی سەرحەپۆلییەوە، هەموو شتێک دەزانین!)**

**٦-جا ڕەخنەیەکیش لەم وەهمە گشتیخوازە:**
سەرەتا هەموو دەزگایەک تێدەکۆشێت بۆ یەکییەتی زمان، بۆ تێگیرانی لایەنێک بە وشە کە هەنێک پێی دەڵێن ئەندێشە و هەنێکیش پێیان مەعنایە. بەڵام هاوار لەو ڕۆژەی وا پێمان وا دەبێ: ئەم زمانە

ویکهاتنەوەیەکی ڕەهایە و چیتر دەرەقەتی پێوانەکانی نایەین...
**ئەوەش ڕووخانی هەموو شۆڕشەکان و ئەوەش شۆڕشی ڕووخان و ئەوەش ڕووخانی ڕووخان!**

•

**دوورگەی سەرگەردانی مرۆڤ، لە جێی خۆی دەمێنێتەوە: دەق!**
**شادمانی چینەکان، دێتو زیادتر پەرەدەسێنێ: شایستە سالاری!**
**چێژ؟ ڕەنگە لە نێوان دوو موکەعەبی خوێنینی دیجیتاڵدا، ڕوویەک بدات...**
**سەرمەستی؟ هەرگیز، پێم وا نەبێ!**
**بەقا؟ هەنێک بوونەوەری موبتەلای بەیانی کە بەیانی هێرۆ تورتەکانی ژێر داروپەردووی ئەو گشتە دیوارە لارەیان، بەهەند وەرنەدەگرت...**
**فەنا؟ شۆڕشگێرانی زمان، کە ئیستاکە ئیتر کز و کەنەفت، لەبەر پێواری زەماندا، هەڵتووتاون!**
**داهاتوو؟ هەنێک شەقی زەبەلاح لە لایەن بەرە بێبەرەکانەوە کە هەموومان بە مواخیزی وشە دەزانن، داهاتوو؟ دۆرانی هەموو ڕابردوو...**
**ئاکادیمیای موازی؟ کپکراوبەئاجوری جەهل ولەبیرکراوبەموزاییکی بێئاوەزی...**

## شوێنکەوتووانی وشە:

مەرجی یەکەم خۆشویستن، نا، خۆویستنی وشەیە. پێویستە پێداچوونەوەیەک بە سەر بارودۆخی ناسینی وشەدا بکەینەوە، پێش ئەوەی دەست بە نووسینی بکەین: وشە تەنیا ڕێگە و مافی هەڵبژاردنی ئێمەیە بۆ چێکردنی ئاکادیمییایەک کە بیهەوێ بەرهەڵستی ئاکادیمییای ئاسایی ئیمرۆی کۆمەڵگەی کوردی لە ئەدەبیاتدا ببێتەوە. ئەو کەسێتییە دژوارانەی کە پێش ئەوەی تاکێتی بن، کەسایەتین و دوای ئەوەی ڕەددی زوڵاڵبوونەوەی وشەیان کرد، - هەر وا ڕەحەت- بۆ هەمیشە کەسایەتی دەمێننەوە، پێویستە وشیار ببینەوە بۆ دۆخێک کە بۆ نڤیساری کوردیان ساز کردووە. کەواتە دژوارن، چونکە چەنای چەن ساڵە وازیان لە عەقڵییەتی موزەخرەفی خۆیان نەهێناوە و بە بەسیتی پێداگری لەسەر ئەو هەموو زانستە دەکەن کە چیتر ناتوانێ هەڵگری زانایی بێت و ناوشیارن، چونکە هەرگیز نەیانهێشت بەو فامە ئازیزە بگەن کە "وشە" تەنیا ڕێگەی دەربازبوونی ئێمەیە لەم تەریکە، لەم تەنگەژە سەرکوتکەرە. ئەوان زانستێکی بێ کەموکووڕی و بێ کەمایەسی لە هزری هیلاکیباندا شک دەبەن کە مانەوەی ئەو زانستە، لەوە زیاتر، لەسەر هەیبەتی بێداری "وشە"، کارتێکەری خراپی هەیە و تا بێ —لەوە زیاتر- بەرەی ناوشیار و دژواری لێ دەکەوێتەوە. بەرەیەک کە ساڵانێکە بەوپەڕی ڕووداریییەوە، دەستەدەستە دروست دەبن و هەمووشیان تەنها یەک عەقڵییەت و ڕوانگەن. عەقڵییەتێک کە ساڵەهایساڵە دەستی لێنەدراوە و هەروا لە جێی خۆی ماوەتەوە و ڕوانگەیەک کە خۆشیان نازانن بۆچی هەرگیز پەرەی نەسەندووە و تەنیا خۆیان بەدڵیان بووە. هەرگیز نەیانویستووە بزانن پەیڕەوی لەو یاسا بێ بنەمایانە کە خۆیان لە ڕووی تەممەڵی و تەوەزەلییەوە دایانناوە و -لە هەمووشی خراپتر- دایانسەپاندووە بەسەر ئەدەبیات و ئەدیبانی دوای خۆیاندا و ئەو زانستە موزەخرەفەی ئیستای کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئێمەی لێ کەوتووەتەوە، زانستێک بووە کە تەنیا یەک قەستی بووە و تەواو؛ ئەویش سووکایەتی بە هزری "وشە"یە...

پێویستە پێش هەرشتێک بزانین کە ئێمە ئەوەندەش بەرپرس نین لە حەندای زمان و ئەدەب و کلتووری نەتەوەدا و پێویست ناکا تا ئەو ڕادەیە بۆ پاساوهێنانەوەی ئەوەی وا دەرەقەتی دەستەمۆبوون بە دەست زمانەوە نایەین، بیخەینە پای نەتەوەومەتەوە و شتیوا و ئەوەندە بەوپەڕی ڕووداریییەوە منەتی خزمەتکاری بە زمان و ئەدەب و کلتووروشتە بەسەر نەتەوەدا بکەین. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو بستە کارانەیە کە بۆ دڵی خۆمان -و تەنانەت جاروباریش بۆ ناوبانگ داخستن و ناسران-مان کردووە، کەچی هەر ئەوەندە نەخوێندرێینەوە، یاخود ئەو ڕێزەی وا تەنانەت شیاویشمان نییە لێمان بگیرێ، لێمان نەگیرێ، دائەگرین بۆ بنچینە و شوناس و هۆویەتمان و چما ناتوانین بزانین کە شوناس لە نێو هزری مرۆڤدا، ڕێک حاڵەتی ماکی هەیە و ئەوە خووخدەی دێرینی ماکە کە هەمیشە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکا کە تەنیا دەبێ پێی ڕابگەیت و خۆشت بوێ و بیرازێنیتەوە. ئەو ڕازاندنەوە و پێراگەیشتنەش تەنها لەسۆنگەی زمانەوە تێچینی دەکرێت و زمانیش تەنیا بە دەستەمۆبوونی دەتوانی داگیری بکەی. ئەرێ، پێوەندییەکی دوولایەنەیەو ڕێک وەک هەناسەی ژیان دێتە بەرچاوم: هیچ هەناسەیەک نییە لە ژیانی مرۆڤدا کە یەک لایەنە بێت، واتە تەنیا جارێک بیدەیتە دەر و ئیتر تەواو. دەبێ جارێک بیبەیتەوە نێو هەناوت جا دەتوانی بیدەیتەوە و ئەمە یاسایەکی گەلێک هاکەزاییە. بۆیە تەنیا ڕێگەی پەرەدانیش بە زمان، دەستەمۆبوونییەتی: دەستەمۆی زمان، دەستەمۆی وشە... چونکە تەنیا کەرەستەی نڤیسار، زمان و کەرەستەی سەرەکیی زمانیش، وشەیە. دەبێ بهێڵین سەفەرێک وشە داگیرمان کا، تا سەفەرێک بتوانین داگیری کەینەوە، کەرەتێک دەستەمۆی زمان بین، تا لەهەر شوێنێکدا زمان هاتە سەر ڕێیەمان، بۆمان بوێستێت و بە مەیلی خۆمان دەستەمۆمان بێت. بۆ تێرامانیش ئەوە بڵێم کە ئەو کەرستەیە، بە پێچەوانەی هەر کەرستەیەکی دیکەی ئەم دنیایە، لەگەڵماندا مامەڵە دەکات. یاخود باشتر وایە ڕاستی بکەمەوە کە تەنیا ئەو کەرستەیە کە دەخوازێ دەستەمۆمان بکات و بە مەیلی خۆی هەڵمانسووڕێنێت، بە مەیلی ئەو هزرە هەمیشە بێدارە کە لە نەستی سەرکەشیدا، بەرەو گشتگیرییەکی ناچاری پەل دەکوتێت و هەموو هەوڵی ئەوەیە کە مرۆڤ بەو حاڵەتە بگەیەنێ: گەلکوو زەمزەمەی هەر وشەیەک بە هەر بارستایەکی زمانییەوە —کوردی، عیبری، عەرەبی، قیبتی- لە هەر شوێنێکی دنیا، هەمان مەعنەوییەتی نوستوو لەو وشەدا —لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا- بێدار بێتەوە و بنیشێتە هزری بێداری نێو دیوارەکانی ئەو نەستە کەڤنارایە. لە ڕاستیدا تەنیا ئەرکی کەرەستە ئەمەیە و ئەگەر تا ئیستا کەرەستەکانی دیکەی دنیا، وا نەبوون و وایان نەکردووە، ئەوە بەو هۆیە بووە کە هەمیشە ئەوان هەڵە بوون و ئێمە، یان نەمانزانیوە کە هەڵەن و هەڵە دەجووڵێنەوە لەگەڵمان، یا زانیومانە و گرینگیمان پێ نەداوە، چونکە وتوومانە: تێڵدە، کەرەستەیە، خۆ ئادەمیزاد نییە... کەرەستەکانیش هەمیشە کە دیویانە ئێمە واین، خۆیان بۆ پێچەوانەبوون شل کردووە و بە بارێکدا کەوتوون کە باری ئاسایی ڕەوتی مانەوە و درێژەدانمان لەم گۆ وێرانەی زەمیندا، نەبووە. ئەگەر ئێمە هەوڵمان نەدەدا کەرەستەکان دەستەمۆ بکەین، ئەو هەموو سیمانە، ئەو هەموو خشت و ئاسنە، ئەو گشتە پەرۆ و قاییشە، دروست نەدەبوون و ئیستە زەمینێکی ئاوەدان و زیندوومان دەدایە دەست بەرەکانی دوارۆژمان. بەڵام مەخابن لەو هەموو چڵێسییەی ئێمە بۆ داگیرکردنی زەمین و هەموو کەرەستەکانی... زمان، بەڵام هەرگیز ئەوەندە ناوشیار نییە بهێڵێ ئێمە ئاوا دەستەمۆی بکەین و دواییش بەوپەڕی ڕووداراوییەوە هاوار بکەین ئێمە خزمەتمان پێکردووە، نا... زمان یاخییە، یاخیتر لەهەر بەزمێکی ئەم جیهانەی کە ڕادەستی مرۆڤ کراوە بۆ گەیاندن بە بەرزاییەکانی حەیات. زمان پێکهاتەیەکی ئەوەندە سەرکەشە کە بە هەموو بارێکدا و لە ڕێگەی فرێکانسەکانییەوە، داوای ئەوەمان لێدەکات کە بهێڵین دەستەمۆ بین. ئەوانەی وا لە بن دەرگای زمان دانیشتوون، دەزانن کە لە هەر ئێپسیلۆنی چرکەیەکدا، بە ملوێن، -یا بۆ ئەوەی بێرێزی نەبێ بەو ساحەتە پیرۆزە- بە بێژومار پەیامنێری پڕ لە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی دەنێرێ کە بماندانەوە بە خۆی... ڕەنگە ئەم موعادڵەیە، گەلێک سەرسەختانە خۆی تەسلیمی فامی فابیریکی ئێمە بکات. بۆیە وەکوو نموونەیەکی دێرینی هەزارجارە بیستراو -کە بە فشە



ئیدعای تێگەیشتنمان کردووە، لێی- ئاماژە بە هەمان داستانی دڵۆپ و بەحری مەولانا دەکەم کە چلۆن دەیسەلمێنێ هەمان تایبەتمەندی کە لە بەحردا هەیە، لە دڵۆپیشدا هەیە؛ بۆیە لەبەر بردنەوەی تۆیە کە دەبارێت و زەحمەتی ڕێگە بە خۆی دەدات. لە ڕاستیدا ئەوە بەحرە کە ئەو زەحمەتە بە خۆی دەدات و لە ڕێگەی دڵۆپەوە، نازڵ دەبێ کە بێت و بتگەڕێنێتەوە بەرەو خۆی و قازانجی ئەم گەڕانەوەیە، پێش هەرشتێک بۆ بەحر خۆی دەبێ. ئێستا ڕەنگە بڵێی بەم فورمۆلە پێچاوپلووچە کە جگە لە نەگبەتیی "کران"، هیچ دەسکەوتێکی بۆ ئێمە نییە —و لە کلتووری ئێمەشدا هەمیشە "کران" عەیب بووە و عەیبیش بە مانای نوقسانێکی سەرشۆڕانە بووە-؛ چی بە ئێمە دەگات؟ "بەشداربوون لە هزری وشە"! بەشداربوون لەو تایبەتمەندییە تورتانەی دڵۆپ کە هەمان تایبەتمەندییە تووڕەکانیی دەریان؛ بەشدار بوون لە چێژی بێبڕانەوەی دەستەمۆبوونی زمان و هەرساتێک نواندنی شێوازێک. ئێمە کە هێشتا نازانین چۆن خۆمان بدەینە دەست ئەم کەرەستەیە، دەبێ تا زووە و لەمە درەنگتر نەبووە، تاقیی بکەینەوە و بهێڵین بکرێین... ئەوەی تا ئێستا داخی کردووە بە دڵی دەقی کوردیدا، نەک هەر خراپ تێگەیشتن لە زمان، بەڵکوو تێنەگەیشتنیش بووە لەم پێکهاتە سرتە. ئەگەرچی ئەمە زۆرێک لە زانایانی ئەو ڕەوتە ناگرێتەوە کە وشیارانە خۆیان داوەتە دەست ئەو هزرە بێدارە و هێشتوویانە بە دەست زمانەوە بکرێن. ڕەنگە هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی، وەک زۆرێک لە زمانە کەونینەکانی جیهان، هێشتا تیانەچووە و هێشتاش بەشی ئەوەندە هەناسەی لە سییە زامدارەکانیدا پێماوە بۆ مانەوە. زۆرتری ڕووی ئەم خەسارناسییەش لە بەرەکانی ئێستەیە. ئەوان بە هەزار باردا لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە سەرکەشە کە نەیهێشتووە پێمل بن بە کرانی کەلیمە، زۆرەبانییان گرتووە و ئازانە سەرکەوتوون بەسەر ئەو چەقبەستوویییە پاساوهێنەدا کە هەرجارەی بە ڕەنگێک خۆی پێ نواندوون و لەهەر نواندنێکدا بە تەرحێک گرتوونی. ئەوان چەنێک خەفەتییان لە کەلیمە خواردووە، کاتێ خۆی لێ بزر کردوون کە خۆشەویستتر بگەڕێتەوە بۆلایان. کەچی بەرەکانی ئێمە، بە هۆی تووشبوونمان بە دەیان عەقڵییەتی بەرگرییانەی دیکە، هەرگیز نەمانتوانی دەرەقەتی خۆمان بێین و بیدەینە دەست ئەوان هزر. بە ناوی نیشتمانپەروەری و وەڵاتپارێزییەوە، هێشتاش خەریکی دەور کردنەوەی ئەو دروشمە نەگبەتانەین کە تا ئەبەد سێبەریی شوومیان لەسەر زمان و ئەدەبیاتمان دەمێنێتەوە. دەیان حاڵەتی بەرتەسکی نەزانانەمان لە زمان و ئەدەبیات دروست کردووە و هەر بە زمان لاسایی ئەو بەرهەمانە دەکەینەوە —هێشتا- کە چەندین دەیە و ڕەنگە سەدەش پێش ئێمە، لە زمانەکان و نەتەوەکانی دیکەدا، خولقاون و ئەمەمان نێو ناوە خزمەت. هێشتاش پێمان وایە مادام بزانین کوردی بنووسین، ئیتر هەمووشتێک تەواوە و لەژێر باری ئەو پرسە گەورە مێژوویە دەرچووین کە ئایا توانیومانە خزمەتێک بە ئەدەبیاتی نەتەوەکەمان بکەین؟ هە... لەو گێچەڵە تووشی بووین. لەو نەتوانینە کە ئەوکی گرتووین و هێشتاش پێمان وایە ناهێڵن. نا. ئەوە خۆمانین کە بەری خۆمان گرتووە و بێ ئەوەی هەموو کەرەستەکانی زمان پێناسە بکەین، بە کەڵلەوە، خۆمان هەڵدێراوەتە نێو زەلکاوێکی ئەوەندە لێڵ و لیخن کە هەرگیز ناتوانین بزانین ئەوە دەریاکە نییە، نا...





## بچووکترین فەننەکانی نقیسار:

دەمەوێ لە سەرەکیترین خاڵی نقیسارەوە دەستپێبکەم: ئێدیتی یاخود ویرایشی دەق! هەر لەم خاڵەوە دەتوانین بەو بڕوا ڕووخێنەرە بگەین کە تەنانەت بچووکترین ڕەهەندی زمانیش لای ئێمە گرینگیی نییە. واتە ئەو بەشە لە نقیسار کە دەبێ پێملی جۆرێک زانستی داڕژاو بێت کە بە پێی نۆرمە جیهانییەکان، توانیوێتی لە دەق و ڕێنووسی ئێمەشدا جێگە بگرێت و بتوانێ هاوکێشییەک دروست بکات لە نێوان ڕێنووس و ڕێزمانی کوردیدا. لەڕاستیدا کاری ئێدیتۆری دەق ئەوە نییە کە هەڵە وشەیی بگرێت و وەکوو مامۆستایەکی ئیملا بەسەر دەقی نووسەردا بگەڕێت کە هەڵەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە. نەوعییەتی تێگەیشتنی ئێمە لە ئێدیتۆر، بە گشتی هەڵە بووە و بەوپەڕی بێگێولییەوە بە لاڕێدا بردووینی کە هێشتاش نەمانتوانیوە دەرکی شێوازی نقیسار بکەین. لە وەڵاتانی پێشکەوتووی دنیا، چونکە بەوپەڕی ڕێزەوە لە زمان نزیک دەبنەوە و هەموو نووسەرانی ئەو زمانە دەزانن مافی ئەوەیان نییە کە بێ ئیزنی یاسا زمانییەکان، تەنانەت دەست بۆ خاڵێکیش ببەن و هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە نێوان نووسەر و کۆمەڵگەدا، سەرەڕای چەندین پیشەی جددیی وەکوو دیزاینی کتێب و چاپخانە و وەشانخانە، پیشەیەکی هەرە جددیتریش بێتە ئاراوە بە نێوی: ئێدیتینگ یا خود هەڵەچنی کە بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە، پلە و پێگەی ئەم پیشەیە لە نێو ئەڵقەی پیشەکانی نێوان نووسەر و خوێنەردا، باڵاترین و بەهەندترین جۆری ئەو پیشانەیە. پێویست ناکا زۆر بە تێڕامان و لێوردبوونەوە دەستبکەین بە خوێندنەوەی مێژووی ئێدیتی گەلانی جیهان لە نێو دنیای نقیساردا. لە چەندێڕی کورتدا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە گرینگی ئەو بوارەی دنیای هزر و ئەدەبی ئەوان، تا چ ڕادەیەک بووە و تەنیا بە لێپرسین لە چەن وەشانخانە و ناوەندی ڕۆژنامەوانی خۆشمان بۆ بوونی ئەو پیشەیە لە نێو دەستەی نووسەرانیاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە گرینگی ئێمەش تا چ ڕادەیەکە. هەڵبەت نکووڵی لەوە ناکرێ کە ڕەنگە بە هۆی نەبوونی باری ئابوورییەکی بەهێز —بە تایبەت لە بەشی ڕۆژهەڵات- بواری ئەوەمان بۆ نەڕەخسابێ کە پێگەیەک وەکوو ئێدیتۆر یاخود هەڵەچن، بە ستافی کارییمان زیاد بکەین، بەڵام لە کۆتاییدا و گەڵکوو بڵاوبوونەوەی بابەتەکان، دەتوانین ڕاشەکاوانە بەو قەناعەتە بگەین کە هیچ بەرپرسیارێتییەک بۆ لایەنی ئێدیت و هەڵەچنی لە نێوانماندا، نەبووە وا ئەوەندە تووشی هەڵەی گەورە و زەبەللاحی نقیسارین. ئێستە ڕەنگە زۆرێک لەو ناوەندانە -کە حاشاهەڵنەگرە لەم دواییانەدا، بەوپەڕی دەروەستییەوە شانییان داوەتە ژێرباری جوانکاری و زیاتر ڕازاندنەوەی پەرتووک و بڵاڤۆکی کوردی- بەرهەڵستی ئەم ڕوانگە سەرکەشەی من ببنەوە. بەڵام لە ڕاستیدا من کێشەی نقیساری کوردی تەنیا لە بواری خاڵبەندی یاخود شێوەی دانان و ڕەچاوکردنی جێگە و پێگەی خاڵ و بۆر و جووتخاڵ نییە. ئەگەرچی نکووڵی لەو کارەساتە گەورەیەش ناکرێ کە بەسەر ڕێنووسی ئێستەی ئێمەدا هاتووە و بە یەکجاری، دەقی کوردیی کردووە بە زبڵدانێکی زەبەللاح کە تا پتر زەمانی بەسەردا تێدەپەڕێت، خوێنەری کورد —بە تایبەت خوێنەرانی چالاک- لەم شێوازە نازانستییە، زیاتر وەڕەز و ماندوو دەبن. ئەوەی خەریکە کارەساتی ڕاستەقینە بەسەر زمانی ئێمەدا، دەسەپێنێت شێوەی سینتاکس یا ڕستەسازی و هەروەها شێوازی سەرانسەر هەڵەی تایپۆلۆژی یاخود نموونەسازییە لە زمانی کوردیدا. واتە هێشتا لای زۆرێک لە نووسەرانی ئێمە، هەمان تایپۆلۆژی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی زاڵە بەسەر ئەو تایپۆلۆژییەی کە هەزاران ساڵە بە شێوەیەکی

خۆرسک لە هزری بیرمەندی کورددا، گەشەی کردووە. لەوە ناحەزتر شێوازی سینتاکس یا ڕستەسازییەکانی نووسەرانی ئیستەی ئێمەیە کە بە داخەوە تەنیا لە دەمجووڵاندن و دەرخستنی زاراوەکانیاندا دەتوانن پێمان بسەلمێنن کوردن. ئەگینا بە دڵنیاییەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕادیۆی سنە نییە کە خەریکە لە کاتی باسکردنی خەڵکی سنەدا، هاوار دەکا: مەردم کورسان، مەدرمێ خەیلێ خەیلێ نەجیب، خەیلێ خەیلێ خونگەرم و خەیلێ خەیلێ مێهماننەواز تەشریفیان هەس... ئەمە هێشتاش ئەوپەڕی ئەو کارەساتە نییە کە ڕوویداوە لێمان و ڕەنگە بە دەیان و سەدان نووسەر و بیرمەندی کورد، لە ئێستەدا لە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچاندا بن کە بتوانن برێک لە کێشی ئەم خەسارە گەورەیە و ئەم کارەساتە گورچووبڕە کەم بکەنەوە. بەڵام مەخابن، قورسایی ئەم زەبرە مێژووییە کە تا هەنووکەش هەر درێژەی هەبووە، لە ئاستێکدایە کە ڕەنگە بە هەزاران بیرمەند و زانای لێهاتوو، ئەو بەردە لەو چاڵە قووڵە بێبنە دەرنەیاتەوە. بەڵام ئەوپەڕی کارەساتەکە: ئەرێ! ئەوەی کە بە تەواوی برشتی لە ئەدەبیاتی ئێمە بریوە، تەنیا ئەو چەن بوارە بنەماییەی سەرەوە نین کە سیستەمی بنچینەیی زمانی ئێمەیان، بە تەواوی شێواندووە و دنیایەک هەڵەی گەورە و بچووکی ڕێزمانی و ڕێنووسیان، بەسەردا هەڵچنیوین. بەڵکوو بە گشتی کێشەکە لەوەدایە کە نەبوونی ئێدیتینگ و هەڵەچنی وەکوو زانستێکی بنچینەیی لە کلتووری ئەدەبیماندا، بووەتە هۆی ئەوە کە لە بواری زمانەوانیشەوە، گەشە و نەشەیەکی ئەوتۆمان نەبێ. واتە یەکەم خاڵێک کە لەوبوارەدا گەلێک گرینگە و پێویستە پێداچوونەوەی جددی لەسەر بکرێ، درێژدادڕی و زیادەنووسی نووسەران و بیرمەندانی ئێمەیە کە ئەم بابەتە بە ئاستێکی وا نزمونەویی گەیاندووین کە تازە خەریکین ئەزموونی ئەزموونکراوانی دۆڕاوی گەلانی دیکە دەکەینەوە، ئەویش تەنیا بەو هۆیە کە یەکەم: کورد ڕۆماننووسی کەمە و دووهەمیش: کورد ئێدیتۆری هەر نییە. کاتێک ئاگەداری ئەوەین کە لەسەردەمی هەمینگوەیدا، ئێدیتۆری ئەو چاپخانەی کە بڕیاری دابوو کتێبەکانی هەمینگوەی و فیتزجێراڵد و ڤۆڵف چاپ بکات، بێ ئەوەی خۆی بشەمزێنێ لە ٥٠٠ لاپەڕەی ڕۆمانی ناسراوی "پیرەپیاو و زەریا"ـی هەمینگوەی، ١٥٠ لاپەڕەی دەداتەوە و باقییەکەی فڕێدەداتە زبڵدانی ژووری ئافیسەکەی خۆی لە چاپخانە و کاتێ کاردانەوەی ئەو کارە لە هەمینگوەیدا دەزانین کە چۆن هەڵدەچێت و دەنەڕێنێ بەسەریدا کە "من ئیستا یەک لە نووسەرانی ناسراوی جیهانم و تۆ مافی ئەوەت نییە لە گەڵ شاکارەکانی من هەڵسوکەوتێکی وا لەخۆت بنوێنی" و کاتێکیش کابرای ئێدیتۆر لە وەڵامی هەمینگوەیدا دەڵێ "من سەرەتا خۆم و نەتەوەکەمم خۆش دەوێ و نامەوێ مێشکیان بەو گشتە درێژدادڕییانە بچوێنم و هەلی ئەوەیان لێ بستێنم کە دەرفەتی بینینی جوانییەکانی ڕۆمانەکەی تۆیان نەبێ و دوای ئەوەش تۆم خۆش دەوێ و دەمەوێ لای خوێنەرانت، ئەو جێگەوپێگەیەت بۆ سازبکەم کە بڵێن ئەم نووسەر مرۆڤێکی زانا و بەرێزە کە دەخوازێ دەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێنێ کە مێشکمان پشوویەک بدات و لەو کاتی ئەو پشووەدا ئێمەش بیر لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی و ئەو بەسەرهاتە تاڵوشیرینانە بکەینەوە کە تێیانیپەڕاندووە" و بەم کارە دوو جار شێوە و ستایلی کاری خۆی بۆ هەمینگوەی ڕوون دەکاتەوە و دواییش تێیدەگەیەنێ کە لەگەڵ ڤۆلفیش و فیتزجێراڵدیش هەمان کاری کردووە و هەردوکیان بۆ ناسرانی شاکارەکانیان و خۆشویستنییان لە لایەن کۆمەڵگەوە، مەنتباری ئەون؛ دەتوانین لە نهێنی ئەو هەموو درێژدادرییەی نووسەری کورد تێبگەین. ئەمە بۆشاییەکە کە نەبوونی زانستی زمانەوانی و فێر بوونی تەکنیکەکانی پێوەندیی مرۆڤایەتی بە پێی هێما و ئیشارەی جوانیناسانە و هەروەها نەبوونی ئەو هەستە دیموکراتیکە لە کانگای هزر و هەستماندا، بووەتە هۆی بەرینتر بوونی چرکەبەچرکەی و هەڵلووشینی هەموو ئەو کارە گەورە و بچووکانەش لە مێژووی کورتی ئەدەب و نڤیساری کوردیدا، هاتوونە ئاراوە و هەلی بوونیان پێدراوە. کۆی هەموو ئەو خەسارانەیە کە ئەو بۆشاییەی گەیاندووەتە ئاستێک کە نایبینین بۆشاییە و پێمان وایە نا، ئەمە هەر ئاسمانەکەیە، جا شتێکە لە ئێمە شەوە و لە خەڵکی ڕۆژ و هەساوە!

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە زمانی کوردی چ لە بواری زانستیی زمانەوانییەوە هەزاران ساڵی نووری، کار و خزمەتی پێویستە، چ لە بوارە جیاجیاکانی خاڵبەندی و تایپۆلۆژی و سینتاکس و وشەسازی و زاراوەسازی و وەرگێڕان و کۆی ئەو پرۆسە مەزنەی کە دەبێتە هۆی سازبوونی میکانیزمێک بە نێوی زمان، زمانێک کە "ئۆپانیشادەکان" و "گاتاکان" و "هەملێت" و "ئیلیاد و ئۆدیسە" و "ئولیسز" و "برایانی کارامازۆڤ" و "هەراوتووڕەیی" و "شەڕوئاشتی" و هەزاران شاکاری دیکەی پێ دەخوڵقێندرێت و ساتبەسات، درێژە بە ئیمپراتووریی خۆی لە بەسەر هەموو کەرستە و ئامرازەکانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ دەدات. کەچی مەخابن لە نێو ئێمەدا بووەتە هۆی ئەتک و سەرشۆڕیمان و ناڵێین خۆمان لەم میکانیزمە مەزنە تێناگەین؛ ناڵێین مەلەوانییی ناخەکانی ئەم بەحرە بێبنەمان پێناکرێ؛ ناڵێین ناتوانین سەر لە نهێنی سوورەگوڵی ناخی دەربهێنین؛ بەربووینە گیان خاڵ و بۆڕ و جووتخاڵ و خاڵبۆری بێچارە و وامان لێهاتووە تەنیا بۆ ئەوەی بڵێین زۆر مۆدێرنین و ئامادەی دروست کردنی بەرەیەکی پانوپۆڕی جیاوازتری جەدیدترخوازی سێلەچواری بێئاکاری هیچنەزانین و ئەها چەنێک پێشەنگ و شتی واین و چەنێک ئەتوانین گێچەڵ ساز بکەین؛ دەست لە هەموو بوارێکی ئەم زمانە بێکەسە وەردەدەین و تەنانەت لە نێوان دوو پیتیشدا، خاڵێک دەکوتین و لە ڕستەیەکدا کە بەوپەڕی نەزانییەوە لە پلەمان دەتسێ، لە نێوان هەموو وشەکانی بۆر و خاڵبۆر و تەقەڵ و هێڵ و شتی وا دادەنێین کە لە کوولەکەی هیچ عەتتارێکدا نییە و نابێتەوە. ئەمە هەموو ئەو ئەدەبیاتە بوو کە لە ڕێگەی ئێمەوە بە شوناسی دەستدرێژیپێکراوی ئینسانی کورد بەخشرا...

ئەگەرچی دووان و لێوردبوونەوە لەسەر دانەدانەی ئەم خاڵانە، هەرکام هەزاران کتێب و پەرتووکی پێویستە و ڕەنگە دووبەشی زۆرێک لەمانەی کە لێرەدا باسکرا، بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ڕەشکوژکردنی هزری زمانیی لە ئێستە و ڕابردووی ئێمەدا، بەڵام کارەساتەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە کەسمان تا ئەو ڕادەیە خۆمان بە بەرپرس نازانین لە حەندای ئەم زمانەدا، کە بمانەوێ لە چی هەڵەی گەورە و بچووکە، پاکی بکەینەوە و چیتر بواری دووپاتبوونەوەی ئەو هەڵە گەورە گورچووبڕانە بە هیچ نووسەر و شاعیر و وەرگێڕێک نەدەین. هەر ئەوەیە کە بە گشتی ئەرکی هەموو ستاف و ناوەندێکی کلتوورییە کە پێش هەرشتێکی دیکە، گرینگی بە زمان و بە تایبەت بە ئێدیت و هەڵەچنی لە زمانەکەیدا بدات و نەهێڵێ کەسانی ناشارەزا و ناپسپۆڕ، هەوساری ئەسپی یاخی و سەرکێشی زمان بەدەستەوە بگرن کە چیتر لەوە زیاتر لە دەستمان دەرنەچێت و زمانێکی پڕ لە هەڵە و زبڵی ناحەز و بۆگەن، نەدەینە دەست بەرەکانی دواڕۆژی خۆمان.

**درێــــــژەی دەبێت...**







## بۆ شەریف باجوەر

**دارستانەکان، پشتیان بە پشتی تۆوە گەرمە.**
**باڵندەکان، ئاسمانیان، لە سنگی تۆدا ئەمنە.**
**کارتۆن و کاریکلماتۆر: سۆران کوردپوور**


خوابهایم
لالایی از ترانه می‌خواهند
تو تنها
آوازی بخوان
هاوری بهوایت :
مریم قازی

# پوختەیەک لە ژیان و بەرهەم و چالاکیی
# خاتوو مریەم قازی

هەواڵێکی کورت و تا بڵێی دڵهەژێن بو: "مریەم قازی"، خاتوونی نیبانی وشە و ڕەوایەت، بەجێی هێشتین...

ساڵی ١٣٩٦ لەخولی یازدەهەمی فستیواڵی چیرۆکی بانە، وێڕای دیاری کردنی نوسخەکانی گۆڤاری "شی"، وەعدی تەرخان‌کردنی دۆسییەیەکی تایبەتمان لە یەکێک لە ژمارەکانی شیدا، پێدا و پڕبەدڵ پێشوازی لێکردین. چەن ڕۆژێک دوای ئەوە لە یەکەمین پێوەندیماندا، چەندەها بابەتی گرانبایی بۆ ناردین و ئێمەش وەعدمان دا لە ژمارەی ٦ یا ٧ی شیدا، دۆسییەیەکی تێروتەسەلی بۆ کار بکەین. لە ڕێگەی هاوڕێیەکی ئەدیبمانەوە، زۆرمان هەوڵ دا دیمانەیەکی لە گەڵ ساز بکەین، بەڵام نەخۆشینەکەی وەها بوو کە زۆر جار مەجالی نەدەدا لەسەر بابەتە ئەدەبییەکان، بە وردی و بە بڕشت بۆمان بدوێ. ڕەنگە کەمتەرخەمی لەخۆشمانەوە بووبێ کە تا کەسە زێدەئازیز و گەورەکانمان نەڕۆن، قەدریان نازانین. بەهەر حاڵ ئێمە لە سەر وەعدەکەی خۆمان ماینەوە، بەڵام مەرگ لە ڕێی وەعدەکانی ئێمە ناوێستێ...

ئەم بابەتانەی خاتوو مریەم قازی، ڕەنگە زۆریان -بە تایبەت لە فەزای مەجازیدا- بڵاو بووبێتنەوە و ئەوەی ڕاستی بێ بە چەند هۆ، گرینگیمان بەوە نەدا کە بابەتەکان بڵاوکراوە بن یا نا. یەک لەوانە ئەوە بوو کە ڕەنگە زۆرێک لەو بابەتانە، ئەو جۆرەی کە شیاوە، نەگەیشتووەتە دەست خوێنەرانی بەرەی ئیمڕۆ و هێشتا زۆرێکیان بە وردی نەخوێندرابێتنەوە و ئاوڕی جددییان لێ نەدراوەتەوە. هۆیەکی دیکەی ئەوە بوو کە زۆرێک لەم چیرۆکانە کە لە دنیای چیرۆکنووسیدا بە شێوازی "فلەشفیکشەن" پێناسە کراوە، لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، تا ڕادەیەک کەمە و کەمیش نەبێ، بەو جۆرە وردبێژییەوە نەگێڕدراونەتەوە. ئێمە لێرەدا هەوڵمان داوە کە لە هەموو ئەو چیرۆکانە کە خاتوو مریەم قازی هەناردەی گۆڤاری "شی" کردبوو، بیخەینە بەردەستی ئێوە. ئەگەرچی خاتوو قازی، زۆر بابەتی نایابی دیکەی ناردبوو، کە لەوانە: چەندین شیکاری لەسەر ڕۆمانێکی "بەختیار عەلی" و ڕۆمانێکی "عەتا نەهایی"بوون و یەکی دیکەش کە بەڕاستی گەلێک گرینگە، تیۆریی چیرۆکنووسینە کە بەشێکی وەرگێڕانە و بەشێکی هەرەزۆریشی، دارشتنی بەرێزیانە و لەم ژمارەدا بەهۆی نەبوونی جێگەی گونجاوەوە —و زۆربوونی لاپەڕەکانی ئەو شیکاری و تیۆرییانە- نەمانتوانی چاپییان بکەین. بەڵام پێوەین لە ژمارەکانی داهاتووی شیدا، ئەوانیش بخەینە بەر دەست و دیدەی ئێوەی ئازیز.

بێ‌گومان، ئەم دیارییە، ئاڵەکۆکە و بە هەمــوو هەستونەستمانەوە، ئاواتی ئەوەمان دەخواست: بریا خۆی خوێنەری ئەم دۆسییە دەبوو، بەڵام مەخابن مەرگ هەرگیز لە حەزە ناتەواوەکان و ئاواتە لەبن‌نەهاتووەکانی هیچکام لە ئێمە ناپرسێت و کاری خۆی دەکات.

## کورتەیەک وەکوو ناساندن:

زیندوویاد، خاتوو "مریەم قازی" یەکێک لە نووسەرانی دەروەستی کورد لە بواری چیرۆک و وەرگێڕان و ڕاڤەی ئەدەبیدا بوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی دادگای شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بنەماڵەی پێشەوای شەهید "قازی محەمەد"، دێتە دنیاوە. هەر لە منداڵییەوە، بە هۆی ڕێبازی پێشەوا و گرینگی‌دانی بنەماڵەکەیان بە کلتوور و ئەدەبی کوردی، هۆگرییەک بە ئەدەبیات لە مریەمدا دروست دەبێت کە هەر ئەو هۆگری و حەزە لەڕادەبەدەرە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ماستەری زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی مەهاباد وەربگرێ. هاوکات لەگەڵ ئەو ئەدەبدۆستی و نووسین، وەکوو یەکێک لە ژنانی بواری چالاکیی مەدەنی، لە مەهاباد، بۆ هاوبەرەکانی خۆی دەبێتە پێشەنگێک و لە دەیان ڕێکخراوە و نەهادی مەدەنیدا، دەستێکی کارای دەبێ لە دامەزران و پەیڕەوکردنی پڕۆگرام و نواندنی چالاکی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئەم بوارەی خاتوو قازی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسانێکی زۆر لە کچان و کوڕانی لاوی مەهاباد، بە هۆی متمانەیەک کە بە کەسایەتیی بەڕێزیان دەیانبێ، لێی کۆ ببنەوە و بۆ درێژەدانی ڕێبازەکەی، پاڵپشتی بن. ناوی "مریەم قازی" وەکوو کەسایەتییەکی پێشەنگ لە بوارگەل جیاوازی کۆمەڵایەتیدا، لە سەرووی هەموو ناوەکانەوە دەدرەوشێتەوە: دانانی کۆڕ و بۆنەی هەفتانە و مانگانە، بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی کتێبە ناسراوەکانی جیهان؛ ڕێکخستنی بنکەیەک بۆ پاڵپشتی کردن و —خۆی وتەنی- داشدارییی لە بەندکراوانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی تاران و شارە گەورەکانی دیکە، کە لە لایەن خوددی بەندکراوانەوە پێوەندیی لەگەڵ دەگیرێ و بۆ ئەو مەبەستە گرینگە، داوای پاڵپشتی لێدەکرێ، کە خۆی سازکردنی ئەو بنکەیە و خۆپیشاندانەکانی ئەندامانی، بۆ پاڵپشتی لە مافە ڕەواکانی بەندکراوانی سیاسی لەسەر شەقامەکانی مەهاباد و هەروەها بەند بوونی ئامۆزاکانیشی لەو کاتەدا، دەبێتە بیانوویەک بۆ ساواک کە وەدووی مریەم بکەوێت و ناچار بێت لە گوند و دێهاتەکانی دەوروبەری





مەهاباد، خۆی حەشار بدات؛ دەستپێکردنەوە بە چالاکییەکان لە بواری نووسینی شانۆنامە و چێکردنی ڕۆژنامەدیواریی قوتابخانە بە شێوەی نهێنی، ئەویش لە سەردەمێکدا کە بوێری ئەوە لە کەم کەسدا دەبیندرێ بخوازێ بە چالاکیی ئەدەبی، لە خەمی ڕووناکبیریی هاوپۆل و هاوڕێیانی قوتابخانەکەیدا بێ؛ مانگرتنی یەکشەوە لە قوتابخانە بۆ پاڵپشتی و بەرگری لە مافی ئازادیی بەندکراوانی سیاسی کە دەبێتە هۆی ئەوە خەڵکی شاری مەهاباد بخرۆشێن و بچنە ڕیزی مانگرتووان‌دا کە ئەم بزوتنەوەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوو ڕۆژ دوای دەسپێکی مانگرتنەکە و خرۆشانی خەڵک، خوێندکارانی زانکۆی تارانیش بە داشداری و پشتیوانی لەوان –لە کچانی مانگرتووی مەهاباد کە بوونە سەردێڕی هەموو ڕۆژنامەکانی ئێران- دەچنە ڕیزی مانگرتووانی مەهاباد و ئەڵقەی بزوتنەوەکە گەورەتر دەبێتەوە؛ ڕێکخستنی کومیتەی ئیمدادگەریی بۆ دەرمانی برینداران و چاوەدێری لێقەوماوان لە سەردەمی شۆڕشی گەورەی ئێراندا و بە هۆی دەسپێکی شەڕی ناوخۆ و ئاڵۆزیی شار و گوندەکانی ناوچەکە و دەرمانی زیاتر لە هەزاران کەسی بریندار و لێقەوماو؛ ماوەیەک هەڵوەدایی و خۆشاردنەوە لە تاران و لە گوندەکانی نزیک مەهاباد و ماوەودوا کە دەگەڕێتەوە، بە نهێنی درێژە بە چالاکییە ئەدەبییەکانی دەدات و یەکەم ڕۆمانی بە ناوی "ژیانم خۆش دەوێ دەگەڵ ئازادی" دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی گیران و دەسبەسەر بوونی. دوای ئەوە کە زیندان بەر دەبێ، لە ساڵی ١٩٨٣ زەماوەند دەکات و چوار ساڵ دوای ئەوە، لە کاتێکدا کە دووگیان دەبێ، بۆ جارێکی دیکە دەگیرێتەوە و ماوەیەک دەکەوێتە زیندانی تەبرێز و لەوێشەوە ڕایدەگوێزنەوە زیندانی مەهاباد کە بە هۆی دووگیانبوونی، ئازاد دەکرێت و بەردەوام دەبێتەوە لە نووسین و خوێندنەوەی ئەدەبی؛ گەڵکوو دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد لە لایەن ئەدیبانی وەک "ئەحمەد بەحری"، "سەلاح ئاشتی"و... دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی بەردەوامی ئەو ئەنجومەنە و بەشداریی هەموو دانیشتنەکان دەکات و یەکەم ئەزموونی نووسین بە زمانی کوردی، لەم شوێنەوە دەسپێدەکا؛ دامەزران وەکوو نووسەر، لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد و پاش ماوەیەک دەرچوونی لە بەشی ئەدەبیاتی فارسیی زانکۆی مەهاباد کە لەو زانکۆیە یەکەمین گۆڤاری خوێندکاران بە ناوی گۆڤاری "زانا"، وەڕێدەخەن. بەڵام دوای چەن ژمارە و بە هۆی گیروگرفتەکانی ئەو سەردەمە، وەک زۆرینەی ڕۆژنامە و گۆڤارە زنکۆییەکان، دەستی بەسەردا دەگیرێ. ساڵی ١٩٩٦ دەستدەکا بە نووسینی کۆمەڵەچیرۆکێکی زنجیرەیی بە ناوی "بەسەرهاتی ژنان" لە ٦٠ ئەڵقەدا و بڵاوبوونەوەی لە بەشی چیرۆکی ناوەندی دەنگی مەهاباد کە بە هۆی بەرباسدانەوەی کێشەکانی ژنانی کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی پێشوازیی بیسەرانی ئەو ناوەندە و ڕەخنەی کاربەدەستان و لێپرسینەوە و سەرنجام دەرکران لە پیشەکەی؛ ساڵی ١٩٩٧ دوای هاتنی خاتەمی، دەبێتە دەبیری کانوونی فارغولتەحسیلانی مەهاباد کە زیاتر لە ٣٠٠٠ ئەندامی کارناسیی هەبوو و هەر لەو ساڵەدا بە هاوکاریی "ناسر باباخانی"، "قاسم موئەیەدزادە" و "سەعد قازی"، وەک دەستەی دامەزرێنەرانی بنکەی ئەدەبی مەهاباد، دەست بە کار دەکەنەوە و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بەردەوام وەک بەرپرس و ئەندامی چالاکی ئەو بنکەیە، دەیان سیمینار و دانیشتن و لێکۆڵینەوە و چالاکایی دیکە، پێک دێنن. ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن خوالێخۆشبوو "ئەندازیار ئەدەب" بۆ بەشداری لە پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد، بانگهێشت دەکرێت و لە هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی بەرە، لە نێوان ١٥ شاری کورددا، دەنگی دووهەم دەهێنێتەوە و وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی، چالاکانە لە دانیشتنەکانی ئەم بەرەیە لە شاری تاران، بەشداری دەکات و وتار و لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ کێشەی کورد و بە تایبەت کێشەکانی ژنانی کورد، پێشکەش دەکات و هەر لەو ساڵەدا لقی بەرەی یەکگرتووی ژنانی کورد چالاک دەکا و بەردەوام دانیشتنییان بۆ ساز دەکا و بە خوێندنەوەی مێژووی کورد و ڕۆژنامە و... هانیان دەدات و دەورێکی باشی دەبێ لە کرانەوەی چاو و گوێی ژنان و هەر بەم هۆیە لە لایەن بنکەی "ژنانی یارمەتیدەری نیشتمان: ژین"، وەک ئەندام و وتەبێژی ئەم بنکەیە هەڵدەبژێردرێت، کە دوای ماوەیەک چالاکی دەکەوێتەوە بەر لێپرسینەوە و بەشداربوونی لەو بنکەیەدا قەدەغە دەکرێت؛ ئەندامێتی پێکهێنەرانی بنکەی "ڕووناک" دەگرێتە ئەستۆ کە شوێنی چاوەدێری لە کچانی بێ‌بنەماڵە و کۆکردنەوەی ئەو کچانە دەبێ کە بێ‌دەرەتان و بێکەس‌وکار بوون و بە دەیان کیژی کورد، تەنانەت لە شارە تورکەکانیش، کۆ دەکاتەوە و ڕایاندەگوێزێتە مەهاباد؛ ماوەیەک دوای ئەوە و بە دوای ئاراستەکردنی وتارێک لە سەر کڵگۆی شەهیدان قازی محەممەد و سەیف قازی و سەدرولئیسلام دەگیرێ و دوای ماوەیەک بە ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقی و وەرگرتنەوەی مافی چوونەدەری لە ولات بە شەرتی زەمانەت ئازاد دەبێ؛ پاش ماوەیەک لە لایەن بنکەی پارێزگاری لە ژینگەوە بانگهێشت دەکرێ و لەو بەشەدا بە خوێندنەوەی وتارەکانی، دەورێکی باش لە پارێزگاری لە ژینگەدا دەگێڕێ، بەڵام بەداخەوە، پاش ماوەیەک لەوێش دەکەوێتە بەر لێپرسینەوە و بوونیی لەو بەشەشدا قەدەغە دەکرێ؛ لە ساڵی ٢٠١٢بنکەی ئەدەبی بۆ ماوەیەک ڕادەگرن و دوایی بەشداریی ئەو لە پاش ١٥ ساڵ هەڵسووڕاندنی چالاکانەی ئەو بنکەیە وەک بەرپرسی قەدەغە دەکەن؛ هەر لەو ساڵەدا لە لایەن بەشی فەرهەنگی شوڕای شاری مەهاباد، وەک وتەبێژ بانگهێشت دەکرێ و دەورێکی باش لەو بەشەدا بۆ شیکردنەوەی گرفتەکان و بەدیکردنی ڕێگا چارەکان دەگێڕێ. بە داخەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت و لە ڕۆژی دووشەممە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ خاتوو "مریەم قازی" بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ئەدەبیات و چالاکی ورەبەرزانەی بۆ کۆمەڵگەی کوردی کرد و بەجێی هێشتین. ڕۆحی شاد و یادی بۆ تاهەتایە نەمر بێ...

**بەرهەمەکانی ناوبراو:**

١- ١١٥ وتار کە بە زۆری باس لە کۆیلەکردنی مرۆڤ بە گشتی و ژن بە تایبەتی لە لایەن کومەڵگە و دەسەڵاتەوە دەکات و خوێندنەوەی تیۆرییانە و شیکارانەی کتێب و هەروەها بابەتگەلی بلاو کراوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و فارسییەکاندا.

٢- کتێبێکی کورتە چیرۆک لە ژێر ناونیشانی "هاتنە ژوور قەدەغەیە" کە بە ناوی "ورود ممنوع" وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسیش.

٣- کتێبە چیرۆکی " زینده به گور" کە زاهیر ڕۆژبەیانی پێشەکییەکی بەجێی بۆ نووسیوە و لە ناوەندی ئاراس لە هەولێر چاپ و پەخش کرایەوە.

٤-ڕۆمانی ئامادە بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی "ژیانم خۆش دەوێ دەگەڵ ئازادی"

٥- وەرگێرانی شانۆنامەی " شیوەنی جەم"

٦- وەرگێرانی " ئازادی لە نیوە شەو دا"

٧- نووسینی چەندین فیلمنامە و زیاتر لە ٩٥ چیرۆکی کورت و دەیان شێعر کە بە داخەوە بە هۆی نەبوونی هەلی گونجاو، زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە.

**تێبینی:** بۆ نووسینی ئەم بەشە لە ژیان و بەرهەمەکانی خاتوو مریەم قازی لە گۆڤاری "کۆماری ڕۆژ" کەڵک وەرگیراوە کە لەوێدا بابەتێک لە ژێر ناوی "مریەم قازی چالاکوان ڕۆشنبیر و ڕەخنەگری ڕۆژهەڵات" وەک دیمانەیەک لە لایەن "هەوار خزرزادە"ــەوە چاپ و بڵاو بووەتەوە.

# چیرۆکەکان:

## ئەو گێڕانەوە پڕ لە مەراقانەی لە توێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بزر بوون

مریەم قازی

## ئەو ڕۆژەی بۆنی ژنم لێ هات

**(ئەو نوسراوەیە پێشکەشە بە هەموو ئەو ژنانەی کە توانییان بەرگی هەزاران ساڵە لەخۆیان دادڕن و تاریفێکی شیاوی مرۆڤی ڕاستەقینە بۆ خۆیان داڕێژنەوە)**

ئەو ڕۆژە بۆنێکی سەیر خۆشم لێدەهات، تازە بووا بۆنێکی تەڕ و دەست لێنەدراو و نەناسیاو. تەنانەت بۆخۆشم پێم سەیر بووا دەگەڵ ئەوە کە بە تایبەت ژنەکان بە دڕدۆنگی چاویان لێدەکردم و لەوانەشە بڵێم برێکیشم لێ دەترسان چونکە بۆنێکی هەزاران ساڵەم لێنەدەهات، بۆنێکی تازە و ئەزموون نەکراو بوو. بۆنی ملدان و دڵتەنگی نەبووا بۆنی جەرگێک نەبوو کە ددانی بەسەردا گیرابێ! بۆنی دڵێک بوو کە تازە لە سینگێک هاتبێتە دەر و لە سەردەستم هەروا ترپەی دەهات و پەڕی هەڵداویشت . دەگەڵ ئەوەکە چەند پارچە کرابوو، بەڵام لە هەموو کاتێک زیندووتر بووا بۆ خۆم ئەرخەیان بووم، پێشتر شەوانە دەترسام، دەبوو دەگەڵ کەسێک نووستبام. دەبوو کەسێکم لەپەنا با. بەڕۆژ دەبوو بمزانیبا کێ چۆنم چاو لێدەکا؟ دەبوو ئەرخەیان بووبام لە ڕەزامەندی هەموو لایەک! بەڵام ئێستا چ فڕینێک بوو کە هیچکام لەوانەم بەلاوە گرینگ نەبووا ئەم بۆنە خۆشەم بۆنی فڕینی لێدەهات. بۆنی ئەو شوێنانە لە ئاسمان کە کەم کەس دەستی پێ ڕادەگەیشت! نەختێکیش دەترسام لە زەوی دوور ببوومەوە، بێ ئەوەی لە فڕۆکەیەکدا بم. تەنیا دەبوو متمانەم بە باڵەکانی خۆم کردبا، بە هاندانەکانی خۆم، بە بیر و باوەڕەکانی خۆم! هیچ نیگایەک یاریدەی نەدەدام، هیچ دەستێک بۆم ڕانەدەوەشا، هەموو ئاماژەیان بە هەڵدێرێک دەکرد کە لە ئاکامی ڕوانینەکانم بوو، تەنانەت ئەوانەی وەک خۆم ژن بوون نەیاندەبینیم، بەم ڕواڵەتە تازەوە نەیاندەبینیم! ئا، لەوێ بوو وازم لەوانیش هێنا! ئا، لەوێش بوو لە تەنوورەی ڕەزامەندکردنی ئەوانی دی ڕزگاریم هات!

ئەوەی ئەوان بە وڵاتی ڕەشەباکانییان دەزانی، بۆ من چڵەپۆپەی هەموو ئارەزووەکانم بوو، ئەم شوێنەی ئەوان بە قووڵترین و دوورترین شوێنی جەحەندەمییان دەزانی، بۆ من بەرزترین سروود و دەست پێ ڕانەگەیشتووترین سووچی ئاسمان بوو. ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بوو کە بە درۆ نەژیام، بە درۆ بەرەوپیری کەس نەچووم، بە دڵ گریان نەبوو بە لێو پێکەنین، بە بیر ڕق نەبوو بە زار خۆش ویستن! ڕواڵەتی ژنێکی ڕەزامەندم بە خۆمەوە نەگرت! ئەو بەرگە درۆیە کە شەوی بووکێنی دایانە دەستم تا لە دوای پێشکەش کردنی کچێنیی دەست لێنەدراوم، لەبەر خۆمی هەڵکێشم، فڕێمدابوو و هاویشتبوومە نێو ئاوری هەموو ئەو نیگا زەندەقچووانەی تێم ڕامابوون. ئەو پێستە بۆنێکی دەسکردی لێدەهات، وەکوو بۆنی بۆقەکەی چیرۆکی کچی پادشا کە جادووگەرێکی فێڵباز لەبەری هەڵکێشا! ئەو ڕۆژە، رووت‌رووت ببوومەوە، هیچ شتێکم نەشاردەوە. ڕێک پڕ بە هەموو نیگاکان دەنگم هەڵبڕی و وتم نا! ئەو ڕۆژە کە بۆ یەکەم جار درۆم نەکرد ڕۆژێک بوو هەموو پێییان گوتم درۆزن! و لەو ڕۆژەوە پێم دەڵێن درۆزن. بۆنێکی رووت بۆنی ژنم لێدێ...

## من لەسەر شانۆی باڵماسکە نیم

من دەمامکی پێکەنینم، بەردەوام ئەسووڕێم و پێدەکەنم، ئەسووڕێم و دەتریقێمەوە. ئیشی من ئەوەیە لەسەر ئەم شانۆیە بەم جل و بەرگە ناسک و ڕەنگاوڕەنگانەمەوە، بەم داوێنە کورتەمەوە، بەم ئەندامە ڕێکوپێکەمەوە، بەم هەمووە پەپوولەیەی بە دەورەمدا ئەسووڕێن، بکەومە سەر پەنجەکانم و سەما بکەم و پێبکەنم. من ئاسکێکی سووکەپێم... نا نا، باڵندەم... یان نا ڕێک وەکوو ماسییەکی خۆی داوەتە دەس گەمەی شەپولەکان... دەسووڕێم و پێدەکەنم. کەچی بێتوو ئەم دەمامکەم فڕێدەم، دەکەونەبەر لافاوی هەڵدێری فرمێسکەکانم. ئیشی من گریانە، گریان بۆ خۆم، بۆ تۆ، بۆ ئەو، بۆ ئەوان... پیشەی من هەنیسکە هەنیسک لە بۆشایی جوانیەکاندایە... جوانی؟ دڵنیا نیم ئیتر جوانی چیە؟ دڵنیا نیم ئیتر ئێمە کێین، دڵنیا نیم لەوەی کە گریانەکانم بۆ چیە و پێکەنینم بۆ کێیە؟ تۆ بڵێی ئەوە نیشانەیەکی بە سام نییە لەوەی کە بە هەموو شتێک ڕاهاتووین؟



بە کارەسات، بە هەڵدێران، بە تێداچوون، بە بەردەوام مردن و ژیانەوە، ژیانەوە و مردن...؟ من پێدەکەنم بە بۆنی عەتری شادییەوە، دەگریم بە بۆنی دڵفراوانی خەمەوە... بەدەم سەماوە دەگەمە سەر سنوورێکی سەرمابردوو کیژۆڵەیەک دانیشتووە و لە جێوە بەستوویەتی. من بە دەوریدا ئەسووڕێم و پێدەکەنم، یان دەگریم و دەتلێسێمەوە؟ ئەم کیژۆڵەیەش وەک من گەرۆڵێکی نەحجمیوە، ئاوارەی هەرێمی ژیان، سەرما ڕێی پێ هەتڵە کردوە و بە ودمی تەزۆوە لەسەر ئەم تاتەبەردە بە ڕواڵەت بۆتە پەیکەرەیەکی سەهۆڵ، وەکوو شووشە ڕوونە، ئا ئا وەکوو شووشە ڕوونە! من کە بە دەوریدا دەسووڕێم، دەیبینم کە لە دەروونیدا ئاگرپژێنێکی سەیرە. بە دەیان فڕۆکە لە هەرێمی ژووری ئەم کیژۆڵەوە خەریکی بۆمبارانی هەناوی ئەم کیژۆڵەیەن، بە هەزاران چەکدار لە ناخی ئەودا شەڕیانە، سەر دەبڕن. چەرەدووکەڵ هەمموو ناخی ئەوی داگرتووە و بە دەیان شار لە دەروونیدا خاپوور کراون تەنانەت شارۆچکەی کایەکانیشی... من نازانم ئیتر بەم دەمامکی شادییەمەوە لێرە چ دەکەم؟ ئەرێ کەسێک هەیە پێم بڵێ من پێدەکەنم یان دەگریم؟

من دەمامکی ئیرادە و ئازایەتیم، پێمخۆشە وا نیشان بدەم نەترسم و ئەرخەیانم لە توانای بێوێنەی خۆم. وا نیشان بدەم بە هۆی ئەم ئازایەتییە هەست بە هیچ هەرەشەیەک ناکەم. هیچ شتێک خورپەم ناخاتە لەش و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ ڕەخنە بکاتە مێشک و ماڤ و خۆزگەکانی من. بۆخۆم تەما دەگرم، بۆخۆم بڕیاردەدەم، بۆخۆم دەژیم، ئەسووڕێمەوە و لە سەر شانۆی هەموو جیهاندا خول دەدەم و بەسەر ئەم پەنجە ناسکانەمدا ڕاست دەبمەوە و کتوو‌پڕ باڵ دەگرم و بەوپەڕی فیزەوە بە ڕەنگی بەشکۆی بنەوشەوە بە بۆنی ژیانبەخشی ئیرادەوە تا بەرزترین پلەی شانۆ دەفڕم تا هەموو بزانن چەندە مەزن و ڕازاوەم، تەواوی مێژوو لەسەر ئەو قامکانەی من دەسووڕێن، تەواوی کاتژمێرەکانی جیهان بە ئیزنی من دەسووڕێن، هیچ گوڵێک بە بێ ئیرادەی من شین نابێ و هیچکەس ناتوانێ سەیری چاوەکانی من بکا دەنا هەموو ئەم ترسەیان دەدیت کە لە بیلبیلەی چاوەکانمدا خۆیان حەشارداوە. من لەو دیوی دەمامکەکەمەوە گێژ و سەرگەردانم. کاتێک چاو دەگێڕم زۆرتر دەترسێم، باوەڕدەکەن لە پێش ئاوێنەش ناوێرم دەمامکەکەم لادەم؟ ترسێک مۆرکەئاسا لە ژوورەوە دەمخوا، ئەو بەو ترسەی منەوە دەژی، زاو و زێ دەکا. گەراکانی بزۆز و وردن، لە لووتمڕا دێنە دەرێ و بە چاومدا هەڵدەگەڕێنەوە ناو مێشکم. دەگەڵ خورووی زەینم وەکوو شێتانم لێدێ، واهەست دەکەم مێشکم بۆتە ڕێبەندانی بە هەزاران لێدوان و وردە باسی جۆراوجۆر، وەکوو شێتانم لێدێ پێموابێ من نە پاڵەوانێکی مەزن، بەڵکوو ڕناودی ترسەنۆکم...؟ پێمخۆشە بە ترساندنی ئەوانی دیکە ترسی خۆم دەستەبەر کەم. وا هەست دەکەم هەموو شت دوژمنی منە، پێم وایە کەس منی خۆش ناوێ، نێچیرێکم هەزاران گورگ دەورەیان داوم. ڕەنگم ڕەشە و نازانم خەون دەبینم یان وشیارم؟ نازانم ئەو مۆتانە ڕاستن وا بەدەورەمدا وێڕای خۆم دەسووڕێنەوە و هەرکامیان گۆشەیەکی داوێنیان گرتووم، یان ئەوان خەونن و من ڕاستم؟ ئیتر لەم سەرلێشێواوییەمدا، لە زەنازەنای ئەم هەمووە ترسەمدا نازانم ئەمن کێهەیانم: ئەوی ئەوبەری دەمامکەکەم یان ئەوی پشت دەمامکەکە؟ دەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نازانم سەرەڕای ئەم هەمووە ئیرادە و ئازایەتییەم، دەگەڵ ئەو بۆگەنیوەمدا چ بکەم کە هەموو شانۆی هەڵگرتووە و دەستی هەمووتانی پێ لەسەر لووتتان داناوە؟ من دەمامکی ڕاستیم، پێموایە بۆیە کەڕ و لاڵم. چم هەیە بیڵێم؟ ئەوەی لە پشت ئەم دەمامکەیە هیچی بۆ نەهێشتووم جگە لە بێدەنگی، من لە پشت ئەم ڕەنگە ئاڵەوە وەها درۆدەکەم کە ئیتر هیچکەس تەنانەت بۆخۆشم نازانم چ ڕاستە و چ درۆیە؟ سەما دەکەم و دەسووڕێمەوە، لەو پەڕی بەرز بوونەوەم دا وەها درۆ دەکەم کەس ناتوانێ وەدرۆم بخاتەوە، کاتێک بە درۆ دەگریم هەموو دنیا دەگەڵم دەگرین. تەواوی گوڵەکانی دنیا دەگەڵم هەڵدەپرووکێن. کاتێک بە درۆ پێدەکەنم هەموو دنیا دەگەڵم پێدەکەنن. کاتێک بە درۆ دەڵێم خۆشم دەوێی تەواوی ئێشکاڕۆکان بزر دەبن، کاتێک بە درۆ چەپڵەت بۆ لێدەدەم هەموو دنیا دەبێتە چەپڵەڕێزان، لە کاتێکدا من هیچکات چاوم بە سەرکەوتنت هەڵنەهاتووە، هیچکات خۆشم نەویستووی، بەردەوام پێموایە تۆ ببیندرێی من نابیستریم. بەردەوام پێموایە تۆ پێشکەوی، من دوا دەکەوم. بەردەوام، هەزاران بیانووم ڕیز کردووە کە لێت دوورکەومەوە. ئەمن و ئەتۆ ئیتر لێک ناکرێینەوە، هەمموو وەکوو یەک درۆ دەکەین: ئەوانەی خەڵاتت دەکەن، تۆ کە وەری دەگری، من کە چەپڵەت بۆ لێدەدەم و بە دەورتدا دەسووڕێمەوە و گوڵبارانت دەکەم، ئەوانەی کە لەو خوارەڕا سەیرمان دەکەن... هەمموو، هەمموو، درۆ دەکەین تا زەینی خوێناویمان حەشار بدەین، تا پەنجەمۆرەکانمان لەسەر ئەم هەمووە تاوانەی کردوومانە، بیانسرینەوە، تا بۆ هەمموو ئەو بۆچوونە درۆیانە کە جیهانمان پێ کاول کرد، بە دەیان پاساو بێنینەوە. هەر لە سەرەتاوە تەواوی چیرۆکەکانم درۆ بوون، تەنانەت ئەو خەیاڵی قەپاڵگرتنەم لە تاقانە سێوەکەی تۆ کە بە درۆ بۆت هاویشتم... بەرەبەرە، شار بە شار، خەیاڵ بەخەیاڵ، دەسووڕێین و سەما دەکەین و درۆ دەکەین. بەم جیهانەش ڕانەوەستاین و تەنانەت ئێستا جیهان‌بەجیهانیش درۆ دەکەین. هەمموو ئەم جیهانە دەسکردانەی بە درۆ بناغەمان دارشتوون... من درۆ نەکەم دەمرم. لە ڕادەستیدا دەمرم، لە ڕاستیدا هەڵدەپروکێم، لە ڕاستیدا کانیاوەکانم هەڵدەچۆڕێن. لە ڕاستیدا ئێشکاڕۆکانی زەینم، شێرپەنجەیەک ئەکوتێننە سەر هەمموو گەی لەشم... لە بیرمە لە زەنازەنای خەونێکی پڕمۆسیقاوە هاتین دنیا بکەینە پرسیار، کەچی کردمانە درۆ و تاوان... ئێستا هەمموو درۆین، درۆیەک بە بۆنێکی نامۆوە...

من دەمامکی مرۆڤێکی ئەمینم، کەچی دزێکم دەستم لە گیرفانی هەمووتان دایە... ڕێک ئەودەمەی لەسەرخۆ دەخزێمە پەناتان و سووکەپێ لێتان لادەدەمەوە... لە پەنا ئەم هەمموو منداڵ و گەورەساڵەی وا دەستیان بۆ پاڕووەنانێک ڕاداشتووە، حەزم لە کۆکردنەوەی هەمووپێداویستییەکانی ئەوانە. هاوەڕن بسووڕێنەوە، وەکوو من سەما بکەن، وەرنە سەیری ئەنبارەکانم، سەرنج بدەنە ژمارەحسێبەکانم. تەنیا تەرخان‌کردنی یەکێک لەو داهاتانەم بەسسە بۆ خاشەبڕکردنی تەواوی ئەو دەستە برسیانەی بۆ تەنیا یەک بابۆڵە درێژ کراون ...ئەوەندە لاسەنگم، هەست بە باڵادەستێکی سەیر دەکەم. من دەمامکێکی دڵۆڤانم بە بۆنی خودایەتییەوە...

من دەمامکی عەشقم... هیچکات حەول مەدەن ئەوەی لە پشت ئەو دەمامکەوە هەیە ببینن. تەنیا لە دواهەمین بلووکێک کە لە کاتی سەنگساری تۆدا، هەناسەتم پێ هەڵبڕی؛ ئەوەند سوور پرژایە سەر ئەم شانۆ قێزەونە کە جگە لە سوور، هیچ نابینی کە شەپۆلان دەدات و کاول دەکات و ڕادەکا... من... من دەمامکی حەقیقەتم... لەو دیوی ئەو دەمامکەوە، هیچ شتێک نابینن جگە لە بۆشاییەکی پڕ هەرا نەبێ. جگە لە تۆ کەس لەوێ نەماوە... من زۆر دەخولێمەوە و سەرم لێشێواوە. تۆ ڕاستییەکانم پێ بڵێ. ئەگەر تۆش خەون و خەیاڵ نیی، پێم بڵێ من حەقیقەتم یان خەون...

## شارێکی ون

ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێک کە فێر بوو بەیانان زوو لە خەو هەستێ، لە خەودا مایەوە. کە وەخەبەر هاتەوە دیتی کەس لە ماڵێ نەماوە. لە بەر خۆیەوە گوتی هیچ نیە داخودا وەدوای کارێک کەوتوون و هەر ئێستا یەکە یەکە پەیدا دەبنەوە. کەچی هەرچی چاوەڕوان بوو کەس نەهاتەوە ماڵێ. وردە وردە دڵەکوتە دایگرت و ناچار لە ماڵ وەدەرکەوت تا بزانێ ئەندامانی ماڵەکەی چییان بەسەر هاتووە؟ بەڵام لەسەر وەیرا کە بۆخۆشی هیچکات تا ئەوڕادەیە لە ماڵ دوور نەکەوتبۆوە، هەر بە زۆوە ئەویش ون بوو... ڕۆیی ڕۆیی ڕۆیی تا گەیشتە سەری چواڕێیانێک، چواڕێیانێک کە بەسەر چوار شارێگای گەورەدا لێک جیا دەبوونەوە. لەوێ پیرێژنێک دانیشتبوو گوڵی ئەتڵەسی دەفرۆشت. گوڵەکان بە دەستییەوە ژاکابوون و کەس لێینەدەپرسین. کچە لێی چووە پێش و گوتی:

–دایەگیان ئەرێ تۆ دە کەست نەدیوە ئەورۆ بێرەدا ڕۆیشتبێتن؟ دایکێک و بابێک و هەشت منداڵ؟

پیرێژن لە جوابدا گوتی:



-نا نەمدیتوون، بەڵام ئەو پیرەپیاوەی لە سەر ئەو شەقامەڕێیەی دیکە لە ڕووبەڕووم دانیشتووە دیتوونی!!

کچەکە زۆری پێ سەیر بوو و دیسان لێی پرسی"کەوابوو تۆش دیتووتن، دەنا چووزانی ئەو کابرایە دیتوونی؟" بەڵام هەرچی ڕاوەستا و پرسیارەکەی دووپاتەکردەوە پیرێژن جوابی نەدایەوە و سەرلە نوێ دەستی بۆ فرۆشتنی گوڵەکانی بەرەو ڕێبوارەکان ڕاداشت. کچەکە پەڕیەوە ئەوبەری شەقام و خۆی گەیاندە کن پیرەپیاوەکە کە لەسەر چوارپایەیەکی بچکۆلە دانیشتبوو. هێندێکی کەرەسەی پینەکردنی کەوشی لەبەردەستی بوو بەڵام کەس کاری پێی نەبوو. تەنیا کەوشەکانی خۆی داکەندبوو و خەریکی چاک کردنەوەیان بوو.کچەکە ڕووی تێکرد و گوتی:

-ماندوو نەبی مامە گیان، ببوورە تۆ دوێنی دە کەست نەدیوە بێرەدا تێپەڕیبێتن؟ دایکێک و بابێک و هەشت منداڵ؟

کابرا بێئەوەی سەر هەڵبڕێ گوتی:

-نا ئەمن نەمدیتوون، بەڵام بێرەدا تێپەڕیون.

کچەکە دوای ماوەیەک بێدەنگی، پرسی:

-باشە دەی بۆ کوێ چوون؟

کابرا لە سەرەخۆ گوتی نازانم، بەس دەزانم دەکەس بوون و بێرەدا ڕۆیشتن و منیش نەمدیتوون!

دیسان کچە پرسیاری کرد: "ئەی ئەگەر نەتدیتوون، چووزانی بێرەدا ڕۆیشتوون؟" بەڵام کابرا جوابی هەر نەداوەو بەردەوام خەریکی کەوشەکانی خۆی بۆوە...

کچەکە دیسان ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە سەر چۆماوێکی لێڵ و خوڕێن کە دووکەس لەوێ خەریکی ماسی گرتن بوون! هێندە زوو زوو قولاپەکەیان شتی پێوە دەلکا و دەریاندەکێشاوە کە هەرچی پرسیارەکەی دووپاتە کردەوە جوابیان هەر نەداوە. لە جیاتی ماسیش هەر زبڵ و زاڵ بوو کە پێوە دەبوو... بەردەوام دەڕۆیشت و دەیپرسی، کە چی بە وەڵامی بێ سەرەوبەرە، تا دەهات زیاتر سەری لێدەشێوا. شەو خەریکبوو بە سەر دەستاندا دەهات و شەختە ترسێکی ڕێنیشتبوو. تەمای گرت بگەڕێتەوە ماڵێ، کەچی تازە لێی حاڵی بوو کە خۆشی ون بووە. چاوی گێڕا. لە دوورەوە کوێرە ڕووناکاییەکی بینی و بۆ لای چوو. کە گەیشتێ دیتی مەلێک دوو کرمی شەوتاوی لە سەر هێلانەکەی داناوە و هەڵنیشتووە. لە بن دارەکە دانیشت و خۆی ماتدا کە باڵندەکە لێی وەدەنگ هات!

ـ کچی چاک هەروا ملی ڕێگات گرتووە بۆ کوێ دەچی؟ دەزانی چەن دوور کەوتوویەوە؟

ـ نا، نازانم. تۆ ماڵی من پێدەزانی؟ تۆ بە جێگای بنەماڵەکەم دەزانی؟ ئەوان دە کەس بوون، دایکێک و بابێک و هەشت خوشک و برا....

ـ ئەوانم دیتوون و دەزانم کە... بەڵام ئێستا بۆ خۆت ونی. تۆ دەناسم لە شارێکی دوور دوورەوە هاتووی. من زۆر بە سەر شاری ئێوەدا هەڵفڕیوم . شارێکی سەمەرەیە، لە پشت هەر شتێکەوە بۆشاییەک هەست پێدەکرێ. کات و شوێنێکی دیاریکراوی نییە. هەر ڕۆژە یەکێکتان لە خەو هەڵدەستن و واهەست دەکەن هەمووکەسوکارتان ون بوون...

کچەکە نەیهێشت باڵندەکە قسەکانی تەواو کا و گوتی:

ـ بەڵام من بە ڕاستی کەسوکارم هەیە و ماوەیەکە لێم ونن. بەو ناونیشانە

کە برایەکەم حەزی لە ئاسمانی شین بوو و دڵی بەو ئاسمانە لێڵە دەگیرا. خۆشکێکەم حەزی لە گوڵە ئەتڵەسییەکانی حەوشەکەمان دەکرد و بەوەی کە ماوەیەک بوو هەر بە ژاکاوی دەکرانەوە، خەفەت دایدەگرت. برایەکی دیکەشم دەنگ و ئاوازێکی پێ بوو لە ڕەنگی هەناسە کە لە ژووری شارەکەماندا دەشکا. برایەکی دیکەم ئاشقی پێکەنین بوو و بەردەوام دەستێک بە نیشانەی بێدەنگ کردنی، قامکی لێ لە سەر لێو دادەنا. خوشکێکی دیکەم پەیکەرەی جوانی هەر لە سەرەتاوە بۆ سەما و چۆپی کێشان داڕێژرابوو و بە دەنگی تەقینەوەشەوە جوانترین چۆپی دەکێشا. بەڵام لە هەمووکاتدا دەیگوت ئەم مۆسیقایە نارێکە، خوشکێکی دیکەم دەتگوت کریستاڵە دەدرەوشاوە، کەچی هەر دەیانشاردەوە. دایکم و بابم ببوون بە داوێنێکی گەورە و هەموومانیان حەشاردەدا کە چی هەر نەدەکرا و هەرجارە یەکیان دەفڕین. بەڵام وام لە بیرە شەوێک، یان لەوانەشە ڕۆژێک هەموویان لێک خڕ بوونەوە. نیشان بەو نیشانەی هەر یەکە دیارییەکیان هێنابوو.کاکم شینترین ئاسمان، براکەی دیکەم خۆشترین ئاوازی جیهان و خوشکەکانیشم گوڵ و سەما و پێکەنینی کریستاڵی و... دایکیشم لە خۆشیان بۆ هەمیشە بێدەنگ بوو. بابم ئاەەەە بابم! بابم دەرِیایەکی بێ بنی بێدەنگە، قەت نەمتوانی لێی تێبگەم... بەڵام ئەوشەوە کە دایکم بۆ هەمیشە بێدەنگ بوو، ئەو بۆ یەکەم جار دەستیکرد بە گێڕانەوە... گێڕانەوەیەکی دوور و درێژ، سەمەرە و ترسێنەر... ئاوا بوو کە وردە وردە خەو دایگرتم و دواتر کە لە خەو ڕاست بوومەوە کەس لەوێ نەمابوو... کچەکە سەری هەڵێنا، باڵندەکە لە وێ نەمابوو بەڵام دوو کرمە شەوتاوە کە لە دارەکە هاتبوونە خوارێ و وەرێ کەوتبوون. کچە گوتی لەوانەیە ئەوانە بمگەیەننە جێ. با بەدوایاندا بڕۆم...کتووپڕ گەیشتنە شوێنێکی هێندێک ڕووناک و کەش و هەواکە وایکرد ڕووناکایی کرمەکان بزر بوون. لە نێو تاریکوڕوونێکی لێڵدا شارێکی دیت بە دەیان تاقەی گەورە و چکۆلەوە. لە سەر هەرتاقە چەن وێنە بوو: دایکێک و بابێک و هەشت منداڵ... گەیشتبۆوە ماڵێ. لە پشت هەر شتێکی، بۆشاییەکی هەست پێدەکرد... وەبیری هاتەوە لە مێژە ون



بووە و ماوەیەکە ملی ڕێگا دەگرێ و دەڕوا و هەموو جارێکیش دەگەڕاوە شوێنە ونەکەی خۆی. بەڵام گوێی لێبوو هەر بەڕاستی دەنگی بابی لە دوورەوە گوێ لێبوو کە گوتی: هەمووتان دێنمەوە کن خۆم و نایەڵم چیدیکە لێک بڵاو بن..... کەرەسەکانی خڕکردەوە و خۆشی تاقەت کرد، جەستەکەی ئەسپاردە سەر باڵی سێ فرۆکەی زەبەلاحی مرچ و مۆن و ڕۆحەکەشی کردە پەپوولە پاییزەیەک و بەرەو باوەشی بنەماڵەکەی گەڕایەوە: باوەشی دایکێک و بابێک و هەشت منداڵ...

## کچێنی

کاتێک گەیشتمە ئەوێ، تۆ لە وێ بووی... لە سەر پاندۆڵی کاتژمێرەکە دەخولایتەوە. بە زریکەیەکی نامۆ کە شێوەی زەنگەکانی پێشووی نەدەدا. ئێستاش وادەزانم هەر لە وێی. لە وێی و وەک یەکەم جار دیتمی ڕواڵەتت تەنیا شتێکی ڕەشە بە دم و لمپۆزێکی سوور و دوو چاوی زەقەوە... چاوت لە چاوم بڕیبوو . ئێستاشی دەگەڵ بێ، تۆ لە من دەترسای و منیش لە تۆ، بەڵام تۆ چاتر بووی. جاروبار زاتت هەبوو بزریکێنی و ترسە نیشتووەکانت بەتاڵ کەی، من دەگەڵ وەی کە بەوپەڕی دەترسام، نەمدەزریکاند، نەمدەقیژاند، قیژەکانم نێژرابوون.... ئەوشەوە، چەن چرکەیەک کە دەمێنێ بۆ دوازدەی نیوەشەو دەترسێم و ڕێک لەو کاتەشدایە کە تۆ دێی و لەسەر پاندۆڵی کاتژمێرەکە دەخولێیەوە و چاوت لە چاوم دەبڕی و دەزریکێنی و دەمترسێنی و وەبیرم دێتەوە چەن چرکەیەک زیاتر بۆ دوازدەی نیوەشەو نەماوە و دایکم دێتەوە بەرچاوم کە بێدەنگ دەگری و... سەرم لێدەشێوێنی... ئێستاشی دەگەڵ بێ... دەبوو چم کردبا ؟ تۆ کێ بووی؟ لە چی دەگەڕای؟ لە چی دەترسام؟ بۆ دەترسام؟ ئەوشارە کوێیە؟ ئەوەی دەهات، دەهات، دەهات تۆ بووی. دەگەڵ کاتژمێرەکە، لەسەر پاندۆڵەکە هێندە گەورە دەبوویەوە، دەبوویەوە، دەبوویەوە و من دەبوومە زەڕڕەیەک، بە دنیایەک ترسەوە. تۆ دەبووی بە هەموو دنیای من، من، من... دەنگم دەدایەوە: من، من، من... نا نا نا! تۆ بووی دەنگت دەدایەوە: مـــــن! کە بێدەنگ بووم! لەو ڕۆژەوە، لەو شەوەوە، ئێستاشی دەگەڵ بێ، کاتژمێر چەن چرکەی ماوە بۆ دوازدەی نیوەشەو ...

## کەم لەش

ژنەکەی لەپڕ خەبەری بۆوە. کاتژمێر دووی نیوەشەو بوو. بۆ چرکەیەک بیری لەوە کردەوە بۆ وا ڕاچڵەکیوە؟ "دەنگێک لە چێشتخانەوە هات"... ئا، ڕێک لێرەڕا مابوو. بڕیاربوو بچێ سەری چێشتخانە بدا و لەوێ تووشی هێندێ کێشە بێت و لەپاشان...؟ چۆنی تەواو کەم؟ هەروا کە کایەی بە پێنووسەکەی دەکرد، لە ژوورەکەی ڕاما. دیوێکی سێ دەر چوار، مێزێک و چرایەکی موتالا، پەڕتووکخانەیەکی ڕێکوپێک لە لای دەستی ڕاستی دیوەکەی، پەنجەرەیەکی گەورە، ڕوو لە کێوی "قوڵقوڵاغ" و پەردەیەکی حەریری ناسک. ـبابە زۆرم بیرەوەری لەو فەرشە دەسکردە هەیە دەمدەیەی؟

ئەو فەرشە ڕەنگاوڕەنگەش کە دیوەکەی بۆ پڕ نەببۆوە ، لەسەر دیواری لای دەستی چەپیشی سێ چوار تابلۆی ڕەش و سپی لە نووسەرە گەورەکانی دنیا، کافکا بە چاوە ڕەشەکانییەوە، تۆلستۆی بە سەروڕدێنە قژنەکەیەوە، بەختیار عەلی بە سەرە زلەکەیەوە، قوتبەددینی سادقی بە چاوە زیتەکانییەوە. ـ جا چ دەبوو وێنەیەکی منیشت لێدابا؟

ڕێبواری مێردی، ئەوەی هاوکات دەگەڵ خوێندنەوەی شێعرەکەی بەختیار عەلی پێ گوتبوو: "دەمەوێ دەریا تاسەر لێوەکانت بێنم، دەمەوێ گوڵی حەوشەکەتان پیر نەبێ، کارێک بکەم خودا لێت زویر نەبێ..." دەی باشە کە چی؟ ئەم ڕستەشی وەبیر هاتەوە بەڵام دڵنیا نەبوو کە ڕێبوار پرسیبێتی. لە ڕاستیدا لە زۆریانی بیستبوو... ئەرێ لە کوێدا مابوومەوە، بڕیار بوو چ بنووسم؟ چۆنی

تەواو کەم؟ با بچێتە چێشتخانە، لەوێ دزێک، یان سێبەرێک، یان مشکێک، یان هەرچی، با یەکێک لەوانە ئەرکی چیرۆک ڕاپەڕێنێ.
-دەی جا کە چی؟ کچێ وەرە بنوو چاوت بۆ کێ کوێر دەکەی؟
-ڕێبوار، خەوم نایا... لە کوێدا مابوو؟ ئەها گوێی لە دەنگێک... کتووپڕ دەنگێک لە چێشخانەوە هات، نەختە ترسێکی لێنیشت، ڕاست بۆوە. بە بێدەنگێک سەندەڵێکەی کشاندەوە. ئەو سێبەرە گەورەیەی خۆی کە چرای موتاڵاکەی لەسەر دیوار بۆی نەخشاندبوو، بە کرتەیەک کووژاندەوە. هەروا کە بە ڕاڕەوەکەدا دەچوو بۆ لای چێشتخانەکە، دووسێ جاری دیکەشی گوێ لە دەنگەکە بوو، بە زۆر تەڕایی گەرووی قوت دا، وەک ئەوە کە شتێک بشکێ لە گەروویدا. دڵی لە ناو سیگیدا پەڕی هەڵداویشت، تا دەهات چاوی زەقتر دەبوو و هێزی ئەژنۆی کەمتر. گەیشتە کن چێشتخانەکە لە کن ئۆپێنەکە ڕاوەستا. تارمایی کەسێک خەریکبوو بەوپەڕی تامەزرۆییەوە لە چێشتی ئەو قابلەمەیەی دەخوارد کە شەوێ لە بیری چووبوو لە یەخچاڵی نێ، یاخودا! بەشەوقێکی زۆر کز کە لە چرای زەرد هەڵگەڕاوی کۆڵان ڕا بە پشت پەردەکەدا دزەی دەکردە ژووری شتێک بە حاڵ دەبیندرا. بوونەوەرێکی داچەماو کە لە سەر کاشی چێشتخانە دانیشتبوو و بەزۆر دمی خۆی دەگەیاندە نێو قابلەمەکە. سەروپرچی هەتا سەر چۆکی هاتبوون و دەستو لاقی بە باشی دیار نەبوو.
بۆگەنیوێکی تیژ وڵاتی داگرتبوو. دەگەڵ هەموو جووڵانەوەیەکی قرچەقرچێکی لێدەهات. دم و لووتی بە باشی دیار نەبوو، بەڵام جووتێک مەمکی داچۆڕاوی هەست پێکرد و بە ئەستەم دەردەکەوت کە دەبێ پیرێژنێکی برسی بێ. لەپڕ قابلەمەکەی فڕێدا و ئاوڕی دایەوە، بڕوای بە چاوەکانی نەدەکرد، پشت سەریشی سیمای پیرەپیاوێک بوو لەشێوەی خۆی چڵکن وقژن... ئەوجار ئەو، سەری بەقابلەمەکە داگرت... دەستی بە ئۆپێنەکە گرت. خەریکبوو بە لادا بێ کە لێی وەدەنگ هات!
-لە خۆڕا ئەم ژێستەم بۆ مەگرە! بۆترس نابم و ئەتۆش قەت ترسەنۆک نەبووی... دەنگی، دەتگوت لە شوێنێکی دیکەوە دێ. دەگەڵ ئەوەدا کە زۆر بە ئەسپایی قسەی دەکرد، دەنگی دەدایەوە.
-نا قەت ترسنۆک نەبووی. ئەوانەی کە ئێستا سەبارەت بەو ترسەت باسی دەکەی، هەمووی درۆن درۆ! تۆ درۆزنێکی مەزنی و پێت وایە ئەگەر درۆ نەکەی نابێ. هەهەهەهەهە... هاهاهاهاها... هەهەهەهەهە دەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بۆت تەواو نابێ، نا... هەهەهەهەهەهەهە... هاهاهاهاهاها... ئەو چاوانت بۆ وا زەق کردۆتەوە، هەر دەڵێی قەتت نەدیوم؟ خودا غەززەبت لێگرێ دەترسێم! ئاگام لێبوو چۆن هاتی و لە جێی خۆت ویشک هەڵاتی، چیە نامناسی؟ ئەمنی هەمیشە برسی و تینوو، بێدەرەتان و پڕ بەڵا و فەتا، بێ ئەوەی سەر بە هیچ کات و شوێنێکەوە بم، نە دەزانم بۆ هاتووم، چم بەسەر هاتووە، نە دەشزانم بڕیارە چ بکەم؟ ئاخر بە منیش دەڵێی کەسایەتی؟
سەری سووڕا و کابرا دەنگی هەڵێنا:
-بەم کەش و هەوا بۆگەنیو و لێڵ و نادیارە، دەڵێی تێم؟ مەبەستت لەم گەمە قێزاوییانە چیە؟ پیربووین بە دەس تۆوە، پیر... سووڕایەوە... پێم وا نییە هیچشتێکت بۆ تەواو بێ... پێنووسەکەی لە دەستی بەربۆوە...
ژنەکە لەپڕ خەبەری بۆوە. کاتژمێر دووی نیوە شەو بوو، بۆ چرکەیەک بیری لەوە کردەوە بۆ ڕاچڵەکیوە؟ دەنگێک لە چێشتخانەوە هات، بە بێ وازی ڕووی لە دیوارەکە کرد و پەتووەکەی کێشایە سەر خۆی...

# سێبەرێک لە ڕۆحی ئەو

ئەودەم کە بەوپەڕی تامەزرۆییەوە، خۆم گەیاندە بن دارە هەرمێکە، پێم وانەبوو هێندە نامەرد بێ کە تاقە دەنکێکم بۆ نەهێڵییەوە، لانیکەم دوو دەنکت لەسەر گەڵایەک بۆ لە بن دارەکە دادەنام.
-ئەی هاوار هەی! نەمری بۆ هەرمێ! پەلەی بکە دەبێ بڕۆین...
لەسەر ئەو کاسەیە کە چینچین میوەی بۆ پەزیرایی لەسەر ڕازابۆوە، هەرمێیەکی لاسووری خڕپن و ئاودار، زیاتر لە هەموویان سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشا... دەستی برد هەڵیگرێ. دیسان کەماڵ بە فشەوە پێش ئەوەی ئەو دەستی بگاتێ، پڕی بە هەرمێکە داگرت و هەر لە ڕێوە قەپاڵێکی گەورەی لێدا. ئاوی هەرمێکە بە لایەکی لێویدا دزەی کردە سەر ڕدێنی.
-کەماڵ؟ زۆر نامەردی، لانیکەم وەک ئەودەمەی بۆ یەکەم جار لە بن دارەکەی بەنۆرە قەپاڵمان پێدا دەگرت...
ـ نا ئەودەمیش فێڵت لێکردم!
شار تەمێکی سارد دایگرتووە، شەختەیەکی لە نەکاو گوڵی بەدارانەوە نەهێشتوە. دەڵێی خوداش سەری لێشێواوە، لە لایەک زستانان گەرمە و دار گوڵ دەکەن و بەهارەکەش... دایە زینەت لە بن دارە هەرمێکەی حەساری ڕاوەستاوە خۆی داپۆشیوە و لە شوێنێکی نادیار ڕاماوە...
-جەحەندەم بە ناشکوری نەبێ کێ هەیە بیخوا؟ کەس نیە؟ چۆن شتی وادەبێ؟ کەماڵ...کەماڵ! کەماڵ ڕۆڵە هاتی؟ بابەکەی بابم کەماڵ! دوایە کوڕەکەشم وەک خۆم زۆری هەرمێ پێخۆش بوو...
-کەش و هەوای ئەو وڵاتە زۆر سەیرە، کەس کەسی خۆش ناوێ، تام و بۆنی هەرمێ نادا، نادەروەست؟ ئەتۆ دەتگوت، ئائا نادەروەستە، بۆگەنیوێکی ناخۆشی لێدێ؟ جا بۆنی چی؟ ئای، دەنگی ئەو ژنە شێتی کردم... پێم وایە ئەو بۆنەش لەو دێ، دیسان خۆی پیس کردووە، قڕ بووم خودایە قڕ بووم...
-کەماڵ! لە شارەکەی خۆمان دڵمان خۆش نەبوو، لێرەش دڵمان خۆش نیە... کەماڵ لە شارەکەی خۆمان دڵمان دەگیرا، لێرەش دڵمان دەگیرێ... کەماڵ قەت لێت نەپرسیم مەگیرانیم بە چی دەکرد، لێرەش لێت نەپرسیم...
کەماڵ ئێمە لە کوێی ئەم زەوییە سەرگەردانەین؟ لێرەین یان لەوێ... کەماڵ ئێمە لە جێگایەک بە جێ ماوین، لە جێگایەک خۆمان حەشارداوە؟ لە کوێ؟ لە بن سێبەری ڕۆحی ئەو؟ یان لە بن دارە هەرمێکەی دایە زینەت ... یان لە خەونەکانی دایکمدا؟ یان لە سەر پیاسەڕەوەکەی بەری ڕاستی شەقامی شارەکەمان، شارەکەیان؟ یان لە پشت ئەو چراسوورانەی قەت ڕانەدەوەستای سەوز بن...یان لە قەراغ دەریا؟ دەریا لە چاوی ئەودا بەجێما، تەواوی ماسییەکانم دیت لە چاویدا... تەنوورەی دەریاشم دیت لە ناخی زگییەوە هەڵدەستا و... کەماڵ هەموو ئەوانەمان دیت؟ یان هەمووی ئەو خەونەڕەشانەن کە لە منداڵییەوە دەیانبینم... دایە زینەت، ئائا دایە زینەتە هەرا دەکا... هەرا دەکا... هەرا دەکا...
کەماڵ، من قەتم دەریا نەدیبوو، پێم وابوو باوەشی کەس لە باوەشی دایکم، لە باوەشی خۆم، لە باوەشی تۆ گەورەتر نابێ...کەماڵ ئەوکاتە دەریا باوەشی بە ئالاندا کرد هەموو باوەشەکانی دنیا تەعبیرییان گۆڕا کەماڵ! کەماڵ...کەماڵ... کەماڵ... ئالان بەجێیماوە کەماڵ... ئا؟ کەماڵ ئەتۆی؟ خۆم لێ ون مەکە کەماڵ دەنگت دەناسمەوە، دەزانم ئێرە دیوی من و تۆ نییە کەماڵ، ئەمە لەو دیوە دەبووین کە پەنجەرەکەی ڕوو بە حەوشەی ماڵەکەمان بوو و دارە





هەرمێکەشمان لێ دیار بوو... ئیرە زۆر سارده کەماڵ... وەرە باوەشمان پێداگرەوە کەماڵ.... ئالان سەرمایەتی کەماڵ، ئەمن سەرمامە.... ئەوانەم بۆ حاڵی نابێ.
-کاکە بە خاتری خودای ئەوە یەکجار زۆرە لە کوێی بێنم؟
ـ....
ـ دەی باشە ئەدی تەزمینێک شتێک؟ ئەو ژن و منداڵەم؟
ـ....
ـ کاکە؟... کاکە؟ کاکە گیان، کەماڵ گیان....
**-ئەوەتەی کۆچ هەیە،کۆچ ئەکەم!ئەوەتەی گر هەیە، دەسووتێم!ئەوەتەی ئاو هەیە، دەخنکێم!ئەوەتەی تیغ هەیە، قوربانیم!ئەوەتەی خاک هەیە، دار هەیە، شاخ‌هەیە، ئاوارەم....**
-کەماڵ دەنگت دەناسمەوە کەمــاڵ! کەمــاڵ گیــان... چیدی مــەڕۆ، مــەگەڕێ ئالانیشم دیتەوە کەمــاڵ! ئەمساڵ تەڕەســاڵە و دارە هەرمێکــە وا وەبەر هــاتووە مەپرسە! هەرمێکان هەموو لاگووپێکیــان سوور هەڵگەڕاوە هێندەیان ئاو تێتەزیوە هەر دەستیان لێدەن دەتلیسێنەوە.....

## خوێندنەوەی تێکەڵکێشی دوو هەواڵ

لەسەر جێگای خۆم دانیشتبووم کە کوڕێکی حەوت هەشت ساڵانە لێم وەژوور کەوت!
- دایە خانم هەر ساز نەبووی؟
دایە خانم؟ دەگەڵ کێیەتی؟ ئەو کوڕە کێیە؟ بڕیار بوو بو کوێ ساز بم؟ لەو دەمەشدا خانمێکی زۆر جوان و ڕازاوە هاتە ژوور و ڕووی لە کوڕەکە کرد و گوتی:
-کوڕی من! نالێم دایەخانم ناتوانێ وەک مە زوو ساز بێ و پەلەی لێمەکە؟
ئەی خودایە ! ئەوانە کێن!
هێشتا لە گێژەنی ئەم پرسیارانەدا هەر دەسووڕام کە ئاغــایەکی کەڵەگەتی جـوان چاکیش وەژوور کەوت!
- ئەدی نەڕۆین؟ کوری من سازە و تارا خانمیش هەروەتر، دەمێنێتەوە خەسووە زیرەکەکەی خۆم کە ئەویش دەس دەبزێوێ، دەنا لەوانەیە بلیتمان وەگیر نەکەوێ!
سـەد ئەوەندەی دی سەرم لێشێوا، تەنیا بۆ چەند وشە هەر چۆنێک بوو زارم داپچڕا و پرسیم:
- بۆ کوێ دەچین؟
-حەک بۆ خوت بە خێر بێیتەوە تازە دەڵێی بۆ کوێ دەچین؟ مەگەر قەرار نەبوو بچینە پێشانگای کەرەسەکانی مامۆستا هەژار و هێمن؟
ئیدی نەمزانی چۆن ڕاست بوومەوە و ڕاست چوومە بەر ئاوێنەکە، وەک شێتانم لێ هات، ئەوەی لەو بەری ئاوێنەکەڕا چاوی لێدەکردم هەر بە ڕاستی یەک دایەخانمی سەر سپی و بە ساڵداچوو بوو! تازە لێم حاڵی بوو کە بۆچی هێندەم پشت و لاق دێشا، ئەمن کێ بووم؟ یانی ئەو خانمە تارای کچمە گەورە بووە و ئەوەش مێرد و منداڵەکەیەتی؟ ئاخر کەنگێ، بەکوێدا؟ بەڵام هەرچییەک بوو بێدەنگ بووم و تەمام گرت هیچ نەڵێم تا برێکی دیم شت بۆ ڕوون بێتەوە، شکم لەوەدا نەما کە بەڕاستی ئەمن یەک دایەخانمی خوێن شیرینی ئێسک سووک بووم، بەڵام ئەوەم هەر بۆ جێ بەجێ نەدەبوو کە بچینە پێشانگای کەرەسەکانی مامۆستا هەژار و هێمن!
کە لە ماڵ وەدەر کەوتین سواری ماشێنێکی زۆر لۆکس بووین و ئەو شەقامە پاک و خاوێنانەی پێیدا دەڕۆیشتین یەکەم جار بوو پێیدا دەڕۆیشتم! گەیشتینە بەردەرکی پێشانگایەکی زۆر بەشکۆ، دوو کەس بە یونیفۆرمێکی یەک ڕەنگەوە، کراواتێکی سووریان بەستبوو و زۆر بەڕێزەوە خەڵکیان بۆ وەژوور کەوتن ڕێنوێنی دەکرد. کەس پەلەی نەدەکرد و کەس وەپێش کەس نەدەکەوت، هەموو هێمنایەتییان بە ڕوخسارەوە دیار بوو! لە پێش ساڵۆنەکەدا چەندین پەیکەرەی گەورە گەورە لە مامۆستا هەژار و هێمن ساز کرابوون کە لە چوار دەوری پایەکەیاندا هێندێک لە شیعرەکانییان هەڵقەندرابوون و بە گوڵ پەڕژینیان بۆ ساز کرابوو! ئاونماکان جوانیی هە موو کانیاوەکانییان لە حەوشەکەدا بە گاڵتە گرتبوو و هێندێک توریست خەریکی وێنە هەڵگرتنەوە بوون!
لە ساڵۆن وەژوور کەوتین، کوڕەکە ئێستا ئیدی نەوەی من بوو دەستی گرتبووم، لە پشت ویترینەکاندا زۆر بە ڕێکوپێکی، هێندێکی کەرەسە و نووسراوە و... لێبوون و چەند خانم کە بە چەند زمان لەسەر ئەو کەرەسانە شیکردنەوەیان بەڕێوە دەبرد، لە نێو میوانەکان وا دەهاتن و دەچوون:
-ئەو کەواو و پاتۆڵە ئی مامۆستا هەژارە لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا لە بەریدابووە و بە هەشتا میلیۆن دۆلار لە هەولێرەوە ڕاگوێزراوەتەوە ئێرە!
-ئەوەدەستوخەتە،ئی‌خودی‌مامۆستاهێمنەکەشێعری‌ئارەق‌وتینی‌نووسیوەتەوە! ئەمەش بە حەفتا و دوو میلیۆن دۆلار لە سولەیمانییەوە ڕاگوێزراوەتەوە ئێرە!
- ئە و پێنووسە ئی خودی مامۆستا هەژارە کە بە بیست و دوو میلیۆن دۆلار لە شاری کە ڕەج ڕاگوێزراوەتەوە ئێرە!
نەوەکەم ڕایوەشاندم:
- دایەخانم ئەو پێنووسەم بۆ دەکڕی؟
- ئە و دەسـرەیە، ئی خودی مامۆستا هێمنە کـە زۆر لیکن و چـڵمن بـووە و لووتـی پـێ ئەستریوە، ئە و لینگە کەوشە کۆنە ئی خودی ماموستا هەژارە کە بە مامۆستا هێمنی داداوە، ئەو عەینەکە شکاوە، ئی خودی مامۆستا هێمنە کە مامۆستا هەژار بە ئانقەست پێی لێناوە و دوای ئەوە مامۆستا تووشی چاوێشە دێ و قەت چاک نابێتەوە.



که هەموو ئەو شرە و برانە بە میلیۆنها دۆلار لێرە و لەوێ کڕدرابوونەوە!
نەمدەزانی دەبێ چ بکەم؟ هەرچی گوتبام لەوانەبوو پێم بڵێن شێت بووە یان خەرفاوە. بەڵام لەسەرەوەی ساڵۆنەکە، وێنەیەک گەورە کرابۆوە و لە شیشە گیرابوو کە بێ ئیختیار قیژاندم. خانمەکە لەسە ر ئەو وێنەیە دەیگوت:
-ئەوە وێنەی دواهەمین حەزی مامۆستا هێمنە کە یەکجار زۆر بە نرخە، وەکی دەزانن شاعیران دڵتەڕن و تا دواهەمین هەناسە بە حوکمی کەڵەشێر بوونیان، چاویان هەر لە دووی ژنی جوانە، وەکی لە و وێنەیەشدا دەبینن مامۆستا زور بە ئیشتیا دەستی هاویشتۆتە سەر شانی ئەو خانمە جوانە و لەوانەیە لە زەینیدا خەریکی هەڵبەستنی غەزەلێکی ئەویندارانە بێ و...
ئیدی نەمزانی چ دەکەم. بە گۆچانەکەم وەرگەڕام بەرەو خانمەکە، خانمی نێو وێنەکە بۆخوم بووم و لە "کۆنەدێ" ئەو وێنەیە هەڵگیرابۆوە....
لەو هەراهەرایەدا لە خەو ڕاچەنیم!
لەسەر مۆبلەکەی هاڵی خەوم لێکەوتبوو و ڕۆژنامەی هاوشاری هەروا بە دەستمەوەبوو. ئەو دوو هەواڵەی بە ناتەواوی خوێندبوومەوە، تەواوم کرد:
- یەکێک لـە تابلۆکانـی "وەن گــۆگ" لە پێشانگایەکی ئیرلەند دزراوە کە نەوەد میلیۆن دۆلاری قیمەت بووە!
- دەست و خەتێکی "ئێرنێست هەمینگوای" لە ئینگلیس دۆزراوەتەوە و ئامریکا بە هەشتا و پێنج میلیۆن دۆلار ڕایگوازتەوە بۆ پێشانگای خۆی لە واشینگتۆن!!

## بڕیارە لەم چیرۆکەدا "مترسک"ێ بترسێ

پێی وتم چیرۆکێ بنووسە و لەو چیرۆکەدا "داهۆڵە"یەک بترسێنە. زۆرم بیر لێکردەوە. کە سەیری وشەی داهۆڵە دەکەم هیچ ترسێک نارواتە ناخمەوە. داهۆڵە، دەهۆڵم وەبیر دەخاتەوە و زەماوەن و هەڵپەڕکێ. بەڵام مترسک، ترسێکی کوشندە دەخاتە ناخمەوە. لاپەڕەیەکی پوورتووکاو بێنە و لەسەر لاپەڕەکە بنووسە "مترسک". جا پیتەکانی لێک بکەرەوە (م-ترس-ک) پێم وایە ڕەمزێکی ئەفسووناوی تێدایە. وەکوو بڵێی مرۆڤێک لەقوولایی مێژوویەکی ترسناکەوە بقیژێنێ: "مـن-تـرس-کـوشتمـی".
ڕەنگە ئەو مرۆڤە ژنێک بێ. واتا دڵنیام کە ئەو مرۆڤە ژنێکە. چونکە ژن ئەقیژێنێ. سەیری وشەی "قیژاندن"یش بکە. لاپەڕەیەکی پوورتووکاو بێنە و لەسەر لاپەڕەکە بنووسە " قیژاندن" جا پیتەکانی لێک بکەرەوە (ق-ی-ژ-ا-ن-د-ن). ژان و ژن . پێم وایە ڕەمزێکی ئەفسووناوی تیایە. خەوێکم بیر دێتەوە. ڕەنگە خەو نەبێ. چیرۆکێکی ئەفسووناوی بێ کە نەنکم بۆی گێڕاومەتەوە.

**چیرۆکی نەنکم:**

"شەوێک زەوی شێت ببوو. لە جەنگەڵ دا گژەبا دەیلووراند و ڕەشەبا هەڵیکردبوو. زریکەیەک هەموو باڵندەکانی لە سەر درەختەکان هەڵفڕاند. ژنێ ژان گرتبووی. مناڵەکەی هاتە دنیاوە. هەموو قالاوەکان قیڕاندیان و لە چاو تروو کانێکا مردن و کەوتنە سەر زەوی. نەک هەر زەوی تەنانەت هەموو دەریاکانیش ڕەش داگەڕان. ژنەکە "مترسک"ێکی وە دونیا هێنابوو. کە مێردی ژنەکە گەڕایەوە، چاوەڕوانی کوڕێکی چاوگەش بوو. بە دیتنی "مترسک"ـەکە شڵەژا. ناو چاوەکانی گرژ کردەوە و نەڕاندنی: من ئەم "مترسک"ـەم ناوێ. ژنە و "مترسک"ـەکە، سەری خۆیان هەڵگرت و بۆ شوێنێکی نادیار چوون. زۆری نەخایاند بۆڵەبۆڵێ وەگوێیاندا هات. لە دەنگەکە نزیک بوونەوە. زەماوەن بوو. بووک و زاوا کز دانیشتبوون. ژنان قژی خۆیان دەرنی.

دەهۆڵژەنی زەماوەنە کە مردبوو. ناردبوویانە شوێن دەهۆڵ ژەنی ئاوایی دراوسێیان. نەیوێرابوو بێت. وتبووی ڕەنگە ئەگەر بێم بمرم. بووک دەگریا و زاواش سێوە سوورەکانی پێشێل دەکرد. دایکی زاوا دەیگوت بێ دەهۆڵژەن ناوێ ئەم زەماوەنە بکرێ. بێ دەهۆڵ، زاوا زا و زێی نابێ و بووکە کە نابێ بە ژن، ژان نایگرێت و مناڵی نابێ...
سەیری وشەی "زاوا" ش بکە. لەسەر دیواری بنووسە زاوا. جا پیتەکانی لێک جیا بکەرەوە. بەم چەشنەی خوارەوە:
(ز-ا-و-ا) زاو ، ئاو ، زوا ، زوێ ، زێ ، زا و زێ...

**پاشماوەی چیرۆکی نەنکم:**

..."مترسک" ڕوووو دەهۆڵەکە ڕۆیشت. دەهۆڵەکەی کردە سەرشانی و لێیدا. باڵاو ڕوومەتی هێند ڕەش بوو کەسیان نەیدەبینی. تەنها دەنگی دەهۆڵەکەیان دەبیست. هەموویان ڕیزیان گرت. زاوا دەستی بووکی گرت و کەوتە سەر چۆپی. مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا. هەتاو هەڵهات. دەهۆڵژەن (مترسک)، لاوێکی باڵابەرزی ڕوومەت سپی چاوگەش بوو. ناویان نا دەهۆڵژەن.
دڵنیام باش تێگەیشتی مەبەستم لەو دێڕەی سەرەتای چیرۆکەکەم چـی بــوو. مەبەستم ئـەم دێـڕەیـە: (کە سەیری وشـەی "داهــۆڵە" دەکـەم هیـچ ترسـێک نـارواتـە ناخمەوە. "داهۆڵە" دەهۆڵم وەبیرم دەخاتەوەو زەماوەند و هەڵپەڕکێ)...

**پاشماوەی چیرۆکی نەنکم:**

...ڕۆژێکیان ناو ئاوایی بوو بە هەراو هوریا. وتیان پۆلێ قالاو کەوتوونەتە ئاوایی و چی سێوە خواردوویانە. ژنان و پیاوان شڵەژان. وتیان بێ سێو عەشق لەم وولاتە دەڕوات. کەس کەسی خۆش ناوێ. وتیان براکان و ئامۆزاکان و... لە حەنای یەک دەبنە هابیل و قابیل و یەک دەکوژن. بەدوای چارەسەرێکدا گەڕان. وتیان دەهۆڵژەن بەناو وڵاتدا بگەڕێ و دەهۆڵ لێدا، بەڵکوو قالاوەکان بترسن و بڕۆن. دەهۆڵژەن وایکرد. بەڵام قالاوەکان نە تەنیا نەترسان ڕێژەیان زیادتریش بوو. دایکی دەهۆڵژەن وتی بۆ ئەو کارە پێویستمان بە "مترسک"ێکە. کەسیان نەیاندەزانی "مترسک" چییە. ژنە وتی بۆ خۆم ئەم شەو جێبەجێی دەکەم. کە شەو داهات ژنەو کوڕەکەی لە کۆڵانا بەڕێ کەوتن. چی قالاو هەبوو قیڕاندیان: قاڕ قاڕ قاڕ

دوایی هەر هەموویان مردن و کەوتنە سەر خاک. وەڵات ڕەش داگەڕابوو. چەن خەڵکی وڵاتەکە بە دزییەوە لە پشت پەنجەرەوە، لە پەنای دیوارەکانەوە سەیری ژنە و کوڕەکەیان دەکرد. کوڕەکە ئیستە "مترسک"بوو. هێند ڕەش بوو، نەدەهاتە بەر چاو. چەن کەسیان شقارتەیان هەڵکرد. بە دیتنی "مترسک"بوورانەوە. بەیانی قاو کەوتە ناو وەڵات کە ژنە و کوڕەکەی جندۆکەن. هەموو کەس لە قووڵایی مێژوویەکی ترسناکەوە دەیقیژاند: کەسێک لە گەڵ ژنە بووە کە "من لێی ترسام و ئەو ترسە کوشتمی". دڵنیام باش تێگەیشتی مەبەستم لەو دێڕەی سەرەتای چیرۆکەکەم چی بوو. ئـەو دێڕەی کە: ("مترسک" واتە -م-ترس-ک- "من-ترس-کوشتمی")

**پاشماوەی چیرۆکی نەنکم:**

...ژنە و کـوڕەکەی بە بیستنی هـەرا و هـوریاکە، سـەری خۆیان هەڵگرت و بەرەو شوێنێکی نادیار وەرێکەوتن.

خوێنەری بەڕێز چیرۆکی من و نەنکم تەواو. کەیفی خۆتە. گەر دەتەوێ بە خوێندنی ئەم چیرۆکە شاگەشکە بی ناوی چیرۆکەکە بنێ "داهۆڵ". گەریش دەتەوێ لە ناختەوە ترس داتگرێ، ناوی بنێ "مترسک" تا فارس وتەنی "بە تتە، پتە بیافتی" بڵێی (م-تر-سک)، واتە: من، ترس کوشتمی.

## لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا

«ڕۆژین» ٥ ساڵی تەمەنە! دایکی ساڵێکە لە زینداندایە و هێشتا نازانێ بابی لەسەر چی بەجێی هێشتوون؟ ئەو نازانێ تریاک و هێرۆیین چیە، بەڵام دەیزانی کاتێک بەدەستی دایکی نەدەگەیشت لە تاوان شێت و هار دەبوو! ئەو تێناگا لە زیندان و تریاک و هێرۆیین و بەجێ هێشتنی بابی کامییان خراپترن، بەڵام تا دەگا، هەمووی هەر خراپە! جاری واشە بە خۆی دەڵێ: ڕەنگە هەموو ئەوانە خەتای ئەوەبێ کە منداڵم و هیچ نازانم...

«حومێرا» سێ ساڵی تەمەنە، ئەو ناتوانێ بیر لەشوێنێکی تر بکاتەوە، چونکە جارێ زۆر منداڵە، جارێ وشە ناناسێ تا بزانێ قەتڵ چییە و دایکی قاتڵە یانی چی؟ ئەو ژنە شەڕانیەی دەڵێن لەسەر کاری خراپ گیراوە، چونکە دەنگی حومێرای گۆرانیبێژی پێ خۆشە ناوی ئەوی ناوە حومێرا و بەدەنگە ناخۆشەکەی، گۆرانییەکانی دەڵێتەوە. ئەو منداڵتر لەوەیە کە بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارەی دایکی بداتەوە کە جار و بار رووی تێدەکا و دەڵێ: من تاوانبارم تۆ چی ڕۆڵە چارەڕەشەکەم کە هیچکات کەس لێت ناپرسێ؟...

«ئەسمـەر» شـەش سـاڵـی تـەمەنـە. ئەو نازانێ بۆچی سەرەڕای وەی کە بـەشـە چێشتی خۆی دەخوا، ڕۆژلەدوای‌ڕۆژێ لاوازتر و ڕەنگ زەردترە؟ ئەو نازانێ بۆچـی هـەرکـات دەوروبەرییـەکـان و تەنـانـەت دایکیشی لێی تووڕە دەبێ، پێی دەڵێن :«کرمن»! بەڵام زۆر لەو کرمە وردانە دەترسێ کە لە پیسایەکەیدا دەجووڵێنەوە و لەوانەیە هێلانەیان لە زگی ئەودا ساز کردبێ!...

«شۆڕش» بابی زۆر خۆش دەوێ هەرچەند کە قەتی نەدیوە. نێو ژنانی زۆر پێ ناخۆشە، دەگەڵ ئەوە کە هەمیشە لە نێویاندایە. جەفەنگی ئەو ژنانەشی زۆر پێ ناخۆشە کە جار و بار دەستی بۆ دێنن. تا دەگری دایکی بەوەی ژیر دەکاتەوە کە بابی دێ لە دووی و دەیباتەوە بەڵام نازانێ ئەم بەڵێنییە شیرنەی دایکی بۆچی قەت وەدی نایا؟ ئەوەش نازانێ بۆچی تا بەودەڵێن: «بیژوو» دایکی دەرهەڵدەبێ و دەیکاتە شەڕ!...

ئەو ڕۆژە «ڕۆژین» و «حومێرا» و «ئەسمەر» و «شۆڕش» لە سەر عەرزە سمیتەکە دانیشتبوون و چاویان لە شووشەی تلویزیۆنەکە ڕامابوو کە لەسەرەوەی بەندەکەیاندا بۆیان هەڵاواسیبون. ئەوان لەبەر چەقە چەق و هەرا هەرای ژنەکان و خشەخش و بەفرەکی بەرنامەکە چاک حاڵی نەدەبوون ئەم هەمووە خۆشییەی منداڵەکان لە ژێر ئەم عاسمانە شینە و پەرژینی پزدان و فش فشە و خواردەمەنی دا، لەبەر چییە؟ تەنیائەوەندەیان لە زمان وێژەری دم بەپێکەنینی بەرنامەکە دەبیست کە: « ئەورۆ ڕۆژی جیهانی منداڵانە!»

• • •

ببوورن ناوی ئـەم چیرۆکـە لـە ڕووداوێکی نەخـوازراودا سەری تێدا چوو، ڕێک لە دەسپێکی ڕاگرتنی دوو کات ژمێر.

دەنگی پێی باران ترسێکی کوشەندەی ڕێخستووم. لە بیرم نییە هیچکات تا ئەو ڕادەیە، وەها دەنگێکی بلاوێن و بۆنێکی تەڕ و پڕخۆفم ڕێنیشتبێ... ئەو دەرمانەی خواردوومە و لە دوای ئەودا نابێ تا دوو کاتژمێر جووڵە بکەم، سەیر سەری پێهەڵگرتووم... دانیشتووم بەڵام هەرجارە بەرەو شوێنێک غاردەدەم، دوور؟ نزیک؟ نازانم تەنیا ئەوەندە دەزانم لێرە نیم، ئەوەندی تێگەیشتووم لە هەموو جێگایەکم و لەهەمان کاتیشدا لە هیچکوێش نیم. وادەزانم دانیشتووی شاری سەرمابردووی ئەو شازادەیەم کە کەس ناتوانێ خۆشی بوێ، ئەویش کەسی خۆشناوێ. وادەزانم پەیکەرەیەک لە سەهۆڵم کە توانای هیچ جووڵەیەکم نیە، بەڵام لە دەروونمدا ئاگرپژێنێکە کە ڕێی نیە دەرباز بێ و ئەم دژوازییە لە ناخ و هەناومدا خەریکە شێتم دەکا. کچەکەم دەستم دەگرێ و دەڵێ:

ـ دایـە گیان! لـە دوو کـاتژمێـر هـەر نیو کاتژمێرت ماوە. ژانی زۆرە، دەزانم بەڵام چارت چیە؟

دەزانێ بە ژانە و بەڵام چارەم نیە. ئەو کچە کە لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی ساردی دواهەمین مانگی پاییزدا لە شەمەنەفەرێکی نێوان خەون و ژانەکانمەوە دابەزیوە، دەڵێ چی؟ نیو کاتژمێری دیکە بڕیارە چ ببێ و چ شتێک بگۆڕێ؟ بە پێکەنینەوە ئاوێنەکەم لە پێش ڕادەگرێ:

ـ چاو لە خۆت کە، هەر بۆخۆت باوەڕ دەکەی نەخۆش بی؟!

چاو لە ئاوێنەکە دەکەم. ژانێکی ژەهراوی هەڵم دەسوورێنێ کە تەنانەت لە چاوی ئاوێنەکەش ون نابێ. کیژێکی ڕۆح سووکی هەژدە ساڵانە لەو دیوی ئاوێنەکەوە وەها هەڵدەسووڕێ کە هەر هۆشم ناداتێ... لە نێو ئەو هات و هاوار و تەقە و ڕمبە و هەڵات هەڵاتەدا، هێچ ئاگای لە خۆی نیە. کۆڵە پشتێکی دەرمان پێیە. دەستەکانی خوێناوین و سەر و کاکۆڵی لە بن کڵاوێکی مەرەزی پیاوانە برێک هاتۆتە دەرێ... لە شۆستەی ئاوێنەکە دەدەم، ئاورێکم لێدەداتەوە و بێ ئەوەی هیچ بڵێ لە زەنا زەنای ئەم کارەساتانەدا ون دەبێ و بە دوای تەقینەوەیەکدا کتووپڕ ئاوێنەکە چرژێک هەڵدەگرێ و دەبێتە سەدان کوت. چەن پارچەیەکی دەپەڕێتە سەر دەست و پەلم و برینێکی کەم هەڵدەگرم... کەسێک خەریکە دەستم هەڵدەبەستێتەوە. دەقیژێنم: ئەو دەرمانەی لەو برینەکەمە زایە مەکە، غاردە ئەو منداڵەی هەڵگرەوە... کچەکەم بە سەرسوڕمانەوە چاوم لێدەکا، ئاوێنەکە لادەبا، ئاخێک هـەڵدەکێشـێ و چاوێکی دی لە کاتژمێر دەکا.

ـ پازدە ڕۆژ تێپەڕیوە کچم، پازدە ڕۆژ...

ئەو لاقەی کە لە بن چـۆکییەوە، تەنیـا بـە چەرمێکـەوە هـەڵواسـرابوو، لە سەرەخۆ هەڵمپساند و فڕێمدا ئەولا. هەموو حەول و هۆشم، ڕاگرتنی خوێنی ئەو لاقە بوو کە ساحێبەکەی وەک کێچ خۆی هەڵداویشت:

ـخۆڵە مێش... خۆڵە مێش...

ـدوکتور گوتی ماوەیەک وەڵات بە ڕەنگی خۆڵەمێشی دەبینی، نیگەران مەبە!

کچەکەم بوو دیسان، سەرێکی لێ ڕادەوەشێنم و خۆڵەمێشەکەی بە برینەکەیدا دەکەم و لە نێو نێوەنمەکەکاندا کە لە پێشدا دایکم بۆی ئامادە کردووم، یەکیان بە خامەکەیەوە دەردەکێشم و خێرا لە برینەکەی قایم دەکەم. لێم دەدات. بە مست و زللان وەرگەڕاوەتە پشت و سەرم، وستەم لەبەر نایا. دایکم کە تەواوی ئەو ماوەیە نانی دەکرد و دەیهێنا بۆ ئێمە تا دایبەشین، نانەکەی لە عەرزی دانا و دەستی کوڕەکەی گرت و کوتی کچەکەمت کوشت ڕۆڵە وامەکە! ئەوی دوایەش هەر دەوەشێنێ، ئەوی دوایەش، ئەوی دواتریش خۆ بنەی نایا...

ـدایە گیان دوو کاتژمێر تەواو بوو.

ـتەواو بوو؟ دوو کاتژمێر لە سوڕانی عەقرەبەکاندا بەردەوام دووپاتە دەبێتەوە و بنەی نایا!

راست دەبمـەوە و دەمـەوێ بڕۆمە دەرێ. باران دەبارێ، باران پێشتر بەردەوام شێعراوی دەکردم. بەردێـک لـەسەرەخـۆ، نەرمتر لـە نەرمە ماچێکی قاچـاغ، لە پشتـەوەڕا دەمهەنگێوێ...

-هۆی کچی ماڵە قیت مەڕۆ، دەعێت ناهێنێ ئاورێکم لێدەیەوە؟

دەگـاتـە سـەرم و چەترەکـەی ڕادەگرێتە سەرسەرم و شەلاڵی ئاوی باران، پـاڵ بـە خۆی و چەترەکەیەوە دەنێم...

-بۆ نازانی من هیچکات بۆ باران چەتر هەڵنادەم؟

مـەوداکـەمـان بە مـاچێـک پـڕ دەبـۆوە، کـەچـی وەک ئـاسکێکـی سڕ، خێرا خۆم لادەدەم و باوەش بە ئاسماندا دەکەم.

-سـەرمـایـە سـەرمـا! نـازانـم بـۆچـی هەرچی بەڵایە لە وەرزی سەرمـادا دێ. با مـزگـەوتـەکان ڕاخـەین، گەرمن، ئەمنن... دەست بە سەر مزگەوتەکاندا دەگرین. هەموو شتێکی لێیە، ئـەمنن، گـەرمن، هـەر یەکەی شەکەت و ماندوو لە لایەک ڕاکشاوە.

دایاندەپۆشم. کەوش و گۆرەوی قوڕاوی و دڕاویان لە پێ دادەکەنم. نینۆکم، لاقی یەکیان دەڕنێ و پێستەکەی، بن نینۆکم کیپ دەکا. بەڵام ماندووتر لەوەیە چاوی هەڵبڕێ... بۆنی مەنجەڵێک نیسکێنە و هێرەڵماسی و هێلکەی کوڵاو بەسەر خەوی ئارامیاندا دەکشێ. نوستوون تا وابزانن ئەوەی لە ڕێگا و بان دیتوویانن، ئەو چەن هەزار کەسەی سەرما بردنی و هەر لە ڕێیە ناشتیانن، تەنیا خەونێک بووە و هیچی تر. بەڵام منداڵێکە دەزانێ خەون نیە. لەوێڕا کە دایکی لەوێ نەماوە مەمکی لە زاری نێ. نا نا، هیچ شتێک خەون نەبووە. دەم لە مەمکم دەگێڕێ. چاوێک لە دەوروبەرم دەکەم و لەسەرەخۆ مەمکم دەردێنم. کچەکەم بە ئارامی دەڵێ ـ چاو دایە گیان گەورە بووم، ئیدی مەمکم ناوێ بەقوربان! دوایەش بۆم لە کراسەکەم ڕۆدەکاتەوە. ئەی هاوار، چیتر باران سێحراویم ناکا! هەرچەندی هەورەکان دەگرمێنن، بە چەپۆکان بە خۆمدا دەم... دڵی من و تۆ هەڵقرچاوە. من و تۆ هەڵدەلەرزین و من نازانم بۆچی مزگەوتەکان ڕاناخەن؟ بۆ چی ئیتر دەگەڵ وەی کە گەرمن، ئیشکن، هەموو شتێکی لێیە، ئەمن نییە؟ بۆچی ئیتر بۆنی نیسکێنە و هێرەڵماسی و هێلکەی کوڵاو بەسەر خەوی من و تۆ دا هەڵناکشێ؟ قەمچی برووسکەکان، دادگرژێتە سەر پشتی هەورەکان و باران بە گوڕەم دەبارێ. ئێستا من و تۆ بە پێی پەتی چ دەکەین؟ دەگەڵ ئەوەی کە زەوی وەخۆمان ناگرێ و ئاسمان ڕەپێچمان دەدا، چ بکەین؟ کچەکەی من، کوڕەکەی تۆ، ڕەنگیان بزڕکاوە...

-دایە گیان ئارامت بێ، هانێ تۆ تەنیـا بنووسەوە، ئەوەش ئەوی دیکـە و ئەوانـی دیکەش...

-ڕۆلە گیان بۆ حاڵی نابن؟ ئەوانە کاراکتێر نین، نا! کەسایەتی ناو چیرۆکەکان نین، ئەفسانە نین، فەلسەفەیەکی ترسێنەری سەمەرەیە کە نە من فامی دەکەم نە تۆ! پێتان وایە من شێت بووم؟ پێتان وایە هۆڵێکی دوور و درێژم کە بە مەودای دوو کاتژمێر کەس ناوێرێ سەر بە ژوورەکەمدا بکا؟ بەسم دەرمانداوکەن، سەرم لە گێژەوە دێ. وا هەست دەکەم تەواوی عەقرەبەکانی جیهان، بەردەوام لەسەر دوو کاتژمێر خول دەخۆنەوە و من دەدۆزنەوە... ئای لەو دوو کاتژمێرە چۆنی سەر لێ شێواندووم....

## بابەبەفرینە

سۆما لە پەنجەرەی ژوورەکەیڕا، دەگەڵ تووانەوەی بابە بەفرینەکەی لە حەوشەکەیان دەگریا. ئەو شالگەردنەی کە باوکی لە ملی هاڵاندبوو، لە ملی خۆی کردەوە و تا دەستی دەڕۆیی دووری هەڵدا. بە قامکەکانی چەن جاری بژارد بۆی جێبەجێ نەبوو. ۵-۴-۳-۲-۱، ۵-۴-۳-۲-۱ ، دەیزانی دەبێ بگاتە نۆ بەڵام نەیدەزانی چۆن؟ براکەی ئاوەڵدوانەی خۆی بوو. هەر دوک دەستی بۆ کردەوە، ۵-۴-۳-۲-۱، بەڵام بە قامکی ویش هەر پێنج دانەی بۆ بژێردرا. دەبێ نۆ دانە بێ نۆ! دایکم کوتی تا نۆ مانگی دیکە. دیسان بەهەردوکیان بژاردیانەوە بەڵام بێ فایدە بوو هەر هەتا پێنج دەڕۆیشتن.

چەن کەس بە پڕتاو وەژوور کەوتن. تەواوی ماڵیان سەروبن کرد. دایکیان ڕەنگی بزرکابوو و هەردووکیانی بە خۆیەوە نووساندبوو. سۆما لە بن داوێنی دایکییەوە دەیبژاردنەوە: ۵-۴-۳-۲-۱بەڵام نەیدەزانی بۆ ئەژماردنی ئەوانی دیکە دەبێ چ بکا! ئەوان بە چەن کۆنە کتێبەوە هەروا وڵاتیان سەر و بن دەکرد کە سۆما لە بن داوێنی دایکی دەرپەڕی و دەستی یەکیانی گرت و ڕایوەشاند، نۆدانە نۆدانە! جاری دیکەش نایبینییەوە... دوایەش بە دەم پێکەنینەوە غاریدایە حەسارێ. کە چی بەرلەوەی بگاتە دەرێ سێ چوار بای زۆر توندی لێبۆوە کە دایکی بێ ئیختیار بە پێکەنینێکی بێدەنگ وەکوڵ کەوت.... پێم وابێ هەمووتان دەتوانن بۆی بچن کە چۆن بۆنێک بڵاو بۆتەوە، ئەگەر شانۆ با کارێکی بۆ دەکرا ...

## ئەمنی هەمووشتزان

کەڕەی بەیانێ لە ماڵێ وەدەر کەوتم و لە سەرمای چوار پلە ژێر سفرەوە، بەرەو تەورێز بە تاقی تەنێ وەرێکەوتم. تاقولۆق ئەو کەسانەی پیاسەڕەویان دەکرد، بە تەنیشتمدا تێپەڕ دەبوون. وەڵات هێشتا تەواو ڕووناک نەببوو و کابرای شارەوانی بە حەوسەلە سەروچاوی داپۆشیبوو و بە خشەخش خەریکی ماڵینی شەقامەکان بوو. بارانی شەوی رابردوو لێرەولەوێ جەغەتەی بەستبوو و چەن سەگی بەڕەڵڵاش لێرە و لەوێ لە برسان دەقڕووزانەوە. زۆر شتی دیکەم لەو بەیانییەدا دیت، ئەویش تەنیا بەو هۆیە کە تاکسی هەر نەهات. بۆنی دووکەڵێکی خۆش و تەزوویەکی سارد، لێبڕاوی کردم ڕێک بچمە لای ئەو ئاورە خۆشەی کابرایەکی دەسفرۆش کە لە پەنا سیپە میوەکانی سازی کردبوو. لە تەنیشت ئاورەکەی ڕاوەستام و چاوەڕوانی تاکسی مامەوە.

ـ بۆ کوێ دەچی؟

تاکسی گەیشتە سەرم و لە باتی هەموو جوابێک، دوای ئەوەی سواربووم لە پشت شیشەکەڕا بە دەست بایبایم لێکرد. قەت وانەبووم. دڵە خورپەیەکی سەیر دایگرتبووم. قەت بۆخۆم بەتەنێ نەهاتبوومە تەورێز و تەنیا ئەوەندەم دەزانی لە تێرمیناڵیشڕا دەبوو ئاژانس بگرم و پێی بچمەوەمەوە بەردەرکی ماڵێ. دەگەڵ سواری ئاژانس بووم، وام هەست کرد ئەم چاوانەی لە ئاوێنەکەدا وەکوو چاوی شۆفیر ئاژانسێک دەم دیت، دوو چاوی دیکە بوون. چاودزینەوەکانم بێفایدەبوو. وەهای لە گیر خستبووم دەتگوت جگە لەو ئاوێنەیە و ئەو جووتە چاوە ناتوانم هیچ شتێکی دیکە ببینم. بۆنی هەوای پیس و دووکەڵی ماشێن و هاتوهاواری شاگرد شۆفیرەکان کە بە چەن زمان هەرای موسافیریان دەکرد، هێشتا بەتەواوی نەبڕابۆوە، دەرەفتم لێهەڵێنا و خۆم گەیاندە ئەوبەری ئاوێنەکە. کەچی ئاوێنەکەی دەگەڵ سوڕاندم.

ـ هەرە گێتیسەن خانوم؟

لەباتی هەموو شتێک کوتم ڕایگرە دادەبەزم و دەستم بۆڵای گیرەی دەرکەکە برد. کرتەیەک هات و هەرچوار دەرکە قفڵ بوون و لەدوای ویش پێی بە گازێوە نا! لە ئاوێنەی پێش دەرکەی پێشەوە، دوو ژنم دیت کە دەیانەویست بپەڕنەوە ئەوبەری شەقام، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدەدرا. پێش ئەوەی چاوی لێبکەم، لەسەرخۆ کوتم ئاغا دەچمە مەرزداران، شەقامی سەتتار خان. سەرم دەگەڵ ئەو هەمووە تابلۆ و عینوان و پڕوپاگەندانەی دیکە کە لەسەر تەواوی پانێل و دیوار و دەرکە و پەنجەرەکانەوە، بە پەلە بە تەنیشتمدا تێپەڕدەبوون و ئەو بۆن و هەوا سارد و وشکە، وەژان هاتبوو. نیگای برسی و گورگانەی ئەو شۆفیرەش بەردەوام دۆخەکەی قورستر کردبوو.

کتوپڕ بە فارسییەکی زۆر نارێک، دەستی کرد بە هەڕەشە! پێی گوتم کە موسافیرێکی کوردی هەبووە بەم هۆیە کە نەیویستووە کرێی زیادی بدا لێدانێکی چاکی لە شۆفیرەکە خواردووە و دوایەش هەرچی پێی بووە لێی ئەستاندووە! زانیم ئاوا نابێ، ئاوی گەرووم قوت دا، کیفەکەم لەشانم دەرهێنا و خۆم ڕاست کردەوە و گوتم کەوابوو چەتەی جەنابت؟ زۆر بە مەتمانەوە گوتی: "ئەمڕۆهەموو چەتەن خانم!"

دووبارە لێم پرسی چۆن ئەو موسافیرە کوردە دەستی نەکردەوە؟ بە تەوسەوە گوتی: "کورد و دەسکردنەوە؟ ئەویش لەشاری خۆمان؟ باوەڕکە

لەبەردەستم دەتگوت بێچووە پشیلەیە نەیدەوێرا هاواریش بکا، شڕ و دڕم کرد و دوایەش ئەوی لە گیرفانیدا بوو، دەرم هێنا. پێموابێ پێنسەدهەزارێک دەبوو، قوربەسەرە دیاربوو قەتی پووڵ نەدیوە وای تاقەت کردبوو و لەچەن دەسرەی شڕی هاڵاندبوو هەر پێم سەیر بوو...“ گوتم: ئەدی بۆخۆی چی لێهات؟ داشبۆردەکەی کردەوە و کارتێکی شناسایی دەرهێنا و گوتی: ”ئەوەتا کارتەکەی، پێموابێ تۆپاندم، دوای ئەوەی هیچی گیانیم نەهێشت و تالانم کرد، جالەم کردەوە نێو دۆڵەکەی پەنا ئۆتووبان، دوایەش کە گەڕامەوە تا چەن ڕۆژان دەمدیت هەر لە بنی دۆڵەکە مابۆوە... دوای سێ ڕۆژان دیتم هێنابوویانەوە سەرێ و ئامبولانسێکیش هاتبوو، خەڵک هەرکەسەی بڕێکی پووڵی ورد بە کەلاکەکەی دادەدا، ئەمنیش دابەزیم سەتتمەنییەکی شڕم پێدادا...“ گوتم: ”جا کەلاکەکەیان بردە کوێ؟“



گوتی: ”ئێرە قەبرستانێکی لێیە، ئەوانەی کەس و کاریان نیە یان نەناسراون، لەوێ دەیاننێژن، ئەمن نێوم ناوە لەحنەت ئاوا!“. پێش چاوم تاریک ببوو، لە دەروونمەوە هەڵدەچووم و دادەچووم، دەستم بردە نێو کیفەکەم، دەمانچەیەک و چەقۆیەکی گەورەی تێدابوو، بێ یەک و دوو چەقۆکەم دەرێنا و تا ئەو بزانێ چبەچییە ڕێک لە بن ملیڕا هەتا سەرشانیم دادڕی. وەک مار، لەخۆی دەخوری و دەستی بە برینەکەی گرتبوو و هاوکات تورمیزێکی توندی لێدا. دەستم بەسەر دمیدا گرت و لێی چوومە پێشتر و هەروا بە ئارامی گوتم: ”ئەو بەستەزمانە بێگومان کەسی نەبووە کە دوایە هەر لێیان نەپرسیوەتەوە، دەنا چۆن ئاوا تێدا دەچوو؟

چاوی وا دەرپەڕاندبوو کە دەمگوت تازە قەت لە گلێنەکانیدا جێی نابێتەوە. بۆ جارێکی دیکە چەقۆکەم بە هەموو هێزی خۆم بە زگیدا هێنا، سمێڵە زبرەکانی، پەنجە نەرمەکەمی ئازا دەدا کە هەروا بەسەر دم و لوتیدا دامگرتبوو. خوێن چۆڕاوگەی بەستبوو نێو لاقەکانی و وەک کێچێک لەبەر دەستم هەڵدەبەزییەوە. چەقۆکەم بە پەنجەرەکەدا فڕێدا دەرێ و گیرفانەکانی گەڕام. پێنسەدهەزارتمەنێک لە دەسرەیەکی شڕدا وا تاقەت کرابوو دەتگوت قەتی پووڵ نەدیوە. دەرمهێنا و دەرکی ماشێنەکەم کردەوە بە پێلاقەیەک فڕێمدا دەرێ.

دابەزیم و بەرلەوەی لە هەڵدێرەکەڕا فرێیدەمە خوارێ، دەمانچەکەشم دەرهێنا و گوتم ”نیگەران مەبە، ئامبولانس هەر دەگاتە سەرت...“ دوایە گولەیەکم لە تەپڵی سەری ڕاکێشا... بەو تەقەیە کتوپڕ لە خەو ڕاچەنیم. خەریکبوو وەدرەنگێ دەکەوتم. ئەوڕۆ دەبوو بچمە تەورێز. دەنگی ئاژیری ئامبولانس لە دوورەوە دەهات....

## ئەوان زوو زوو دێنە خەونی من و تۆوە

من خۆم چیرۆکم و هەر لە سەرەتاوە دەگەڵ ستانداردەکانی کەسایەتییەکی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگەکاندا ڕێک نەکەوتوومەتەوە، پێموابێ وا باشتر بوو کارێکتان کردبا ببمەوە کەسایەتییەکی ئاسایی کە فرم بەسەر ئەدەبیات و چەک و چۆڵ و برین و ڕێگا و خەون و خولیاوە نەبێ! بۆ وا دەڵێ؟ کوێڕا بەر لە وەی چیرۆکەکە دەسپێبکرێ خۆی وەدەنگ هات؟ هەڵبەت بۆ ئەو ئاساییە. ئەو کە هیچ شتێکی ئاسایی نیە و کارێکی وای کردووە ئیتر کارەکە لە دەستی خۆم بترازێ، دەترسم ئێستا کە لێرەیە هەرچی بینووسم، هەو نەبێ و خێرا وەدەنگ بێ و تەواو وەدرۆم بخاتەوە و ئەوسا هەرکات لە سەر چەقی مێژووی ئەدەب ڕاوەستام، ئاماژەم پێبدەن و بە فشەوە بڵێن ئەوەتا، ئەوەتا چیرۆکنووسە درۆزنەکە... ئیتر ئەوان هیچ نازانن، تا بزانن من دەبێ بە ڕاستی خەیانەت بە نهێنی ئەوان و تۆش بکەم، تا بە دەقی خۆم وەفادار بمێنمەوە. من ناتوانم، ناوێرم هیچ بنووسم، هیچ! ئەوکاتی تۆ لە سەر قووڵترین گۆمی دنیا پیاسە دەکەی من خەریکی بژاردنی ئەستێرەکانی ئاسمان دەبم کە یەکەیەکە چاوم لێ دادەگرن و دەتریقێنەوە. من خەریکە بە دیار ڕستەیەکەوە ژان دام دەگرێ و تۆش لە گوڵەبەڕۆژەکان، لێپێچینەوەدەکەی کە لە سیلەی چاوت دەگەڕێن و نایگرنەوە. تۆ هێچکات لە شەقام و کۆڵان پەیاسە ناکەیت و من کورتەبالاترم لەوەی کە بتوانم سەر لە هەوران هەڵبرم کە بە درێژایی ڕێچکەی پێش وێنەکانت، دەگرمێنن و دەبارێنن. من بڕیار نییە بمێنمەوە. دوو ئاسکە کێوی لغاو دەکەم و گوڵە ئەتڵەسییەک لەبەر یەک دەکێشمەوە و بە شوێن تۆدا دەفڕم تا بگەمە تەشقی ئاسمان.

بوویەتە برووسکە و قەمچییان دادەگژێنییە سەر هەرچی هەوری نەزۆکە. ئاورینگی جووڵەکانت دەریادەریا شەپۆل ساز دەکەن و بۆنی ئاو، کتووپڕ سەر لە خۆم و ئاسکەکێوییەکان دەشێوێنن و دیسان وا هەڵدەدێریم کە تا چەن چرکەیەک دەگەڵ ئەوەی کە لە خەو ڕاچەنیوم، ناوێرم چاوم هەڵێنم. سەرمامە، لە بەر پەنجەرەکەوە لەسەر موبلەکە ڕاکشاوم. پەتووەکەم لەسەر لاچووە و پەنجەرەکەش کراوەتەوە. نازانم دەگەڵ تۆ چ بکەم، چۆنت وەدەنگ بێنم؟ دڵم نایە نا، دڵم نایە، هیچکات تۆ ناسپێرمە دەس کەس... تەنانەت ئەگەر هیچکات وەدەنگ نەیەیتەوە و هەموو شەوێک بە هەزاران ڕۆحی سەرگەردان، دەورەم دەن و تیم هەڵپێچن کە ”بۆ واز ناهێنم؟“ واز ناهێنم، نا... چونکە تۆ خۆشت ناتوانی دەس لە من هەڵبگری و هەموو شاهیدین تا ئێستا لەو ڕۆژەوەکە پچرپچر لە دەست منیان دەرهێنایت و بردیانیت و ناشتیانیت، هێشتا کەس نەگەڕابۆوە کە تۆ خۆت گەیاندبۆوە ئێرە، هەر لەسەر ئەو موبلە پانەی تایبەت بە خۆتە و ڕێی دوور و نزیکی منیشە. ئێستا لەو ڕۆژەوە تۆ لێرەیت و پەردەکان دادراونەتەوە و کەس ئەم بڕیارەی من ناسەلمێنێ کە هیچکات مردن زەفەر بە دنیای من و تۆ نابا. ئەوان ئیتر بۆ من و تۆ ئاسایی بوون کە بەردەوام دێن و دەچن، ئەوڕۆش هاتن ڕێک لە کاتژمێر حەوتی بەیانی لە کاتی ڕۆژهەڵات هەموو دەرک و پەنجەرەکانیان کردۆتەوە. پێشتر دەرکەکەیان داخستبوو و پەردەکانیشیان دادبۆوە، ئەوان نازانن من و تۆ بەردەوام لەم ژوورە بەجێ دەمێنین. تەنیا دەزانن بۆن دێ. هەرچی لەو

ژووره بوو بردیانە حەساریّ و شۆران و وەبەر تاوی حەسارێیان دان، کە چی دیسان کەس تۆی نەدیت کە لەسەر موبلە پانەکەت ڕاکشابوویت. تۆ گوتت "نهێنییەکی نەدرکاوەت هەیە و واباشە من بیزانم". دەی باشە ئەو هەمووە ساڵە بێدەنگییە بەس نیە؟ من بەدەر لەو بەڵێنییەی تۆ لەمێژ بوو ڕەخنەم کردبووە نێو باڵەخانەکەی زەینی تۆ و هەمووشتم خوێندبۆوە. دوایەش بە دەیان شێواز و فۆڕمی جۆر بە جۆر نووسیمەوە، بۆتۆشم خوێندبوونەوە. بەونێونیشانەی هەمووجارێک دەکەوتییە گریان و لەباوەشم دەگرتی... هەموو جارێکیش دەتگوت "چەن جوانە! دەڵێی لە دڵی من دای!" دەی دەمگوت "نۆرەتە، تۆش شتێک بڵێ... پێمخۆشە لە زاری خۆت هەموو شتێک ببیسمەوە. دەرکەی دیوەکەت دادەخەنەوە، چراکەی قەت هەڵناکەنەوە و پەردەکانیشیان داداوەتەوە و تۆش بەردەوام بێدەنگیت و گوێت بۆ دواهەمین چیرۆکی من هەڵخستووە... ئەوەندەش دەڵێی "بەس‌نەبوو ئەتۆش وەک ئەو جەنازانە کەسایەتییەکی ئاسایی نەبووی، دەنا من ئێستا بە بێ تۆ چم دەکرد؟" هەڵبەت ئەوەندەش ناڵێی، ئەوە خۆمم کە وەک هەمیشە دزەم کردووەتە باڵەخانەی زەینت...

## ئێمە هەموو یەک ماڵین

ئەو بانکەکانی خۆش نەدەویست و ئەوەش شتێکی سەمەرە نەبوو. سەری مانگ کە دادەهات، دەبوو داهاتەکەی ببژێرێت و بەشێکی زۆری پێشکەشی بانک بکات. بەڵام هەموو جارێک کە قیستێک تەواو دەبوو، خێزانی داوای شتێکی تازەی لێدەکرد. ئەوجارەش دەگەڵ دواهەمین قیستی دایەوە خێزانی دەستی‌پێکرد:

-دەبێ ڕیسیوێری ماهوارەکەمان بگۆڕی ئاغا گیان!

-چی؟ جا بۆ ئەوەی خۆمان چییەتی خانم گیان!

-هیچی نییە، بەڵام ئەگەر نەیگۆڕیت، تازە فیلمەکانی جێم نابینینەوە ئاغا گیان!

-دەی جا باشتر عەزیزم. لە کۆڵ ئەو فیلمە بێتامانەش دەبینەوە خانم گیان!

-چی؟ فیلمی بێتامی چی، بەخودای بێتوو نەزانم ئومید گیان -بەقوربانی بم- چیی بەسەر دێتەوە، هەرشێت دەبم. ماڵەبابم‌ودەروجیرانیش هەموو گۆڕیویانەتەوە، ئاغا گیان!

کابرا دەرهەڵبوو و نەڕڕاندی:

- ئومید کێیە خانم گیان!

- شێت مەبە! ئـومید دۆستی "دافنە"یە لە فیلمی ئەوینی بە کرێ گیراودا. نازانی چەندە فیلمی چاکە ئاغا گیان!

- ئەمـن ئەو کێبـەرکێیـەم پێناکرێ... شێت بووم دەگـەڵ قیست دانەوە، دنیـاش خراپ‌بێ، نایکرم خانم گیان!

ڕیسیوێر کڕدرا و قیستێکی شەش مانگەی دیکە کەوتە سەر دەستی ئاغا گیان. تەمای گرت تا کارێک بکا کە بە هەر جۆرێک بێ ئەو قیستانە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و بیخاتە ئەستۆی خەزووری. لەبەر ئەوە ئێوارێ کە کەس لە ماڵێ نەبوو، لە حەمامێ سەری پاک پاک تاشی و دوایەش بێ ئەوەی خێزانی ئاگادار کاتەوە سواری مینی‌بووس بوو و خودا نەبێ کەس نەیزانی چوو بۆ کوێ. ماوەیەک بەسەر چوو و هیچ وەڵات نەما لێی نەگەڕێن، بەڵام هەر دەتگوت بۆتە دڵۆپێک ئاو و لە عەرزی ڕۆچووە. لەو نێوەدا، خەزووری نێونێوە دەچوو و لەهەرچی بۆ ماڵێ پێویست با، لەوپەڕی دەست‌ودڵئاواییدا، دەیکڕی و بۆ کچ و نەوەکانی دادەنا. سەری مانگانیش قیستەکانی بۆ تێدەکردەوە.

لەولاش‌ڕا، زاواکەی لە ئاواییەکی دوورەدەست، خۆی بە نەخۆش و بێکەس‌وپەنا ناساندبوو و دیوێکیان دابوویە و هەرکەسەش بە خێری خۆی، پاروەنانێکی بۆ دەبرد. لەو ماوەیەدا، حەولی دەدا کە زۆر نەخوا و تەواو خۆی کز کرد. دوای شەش مانگ کە زانیی دواهەمین قیستی دراوەتەوە، ماڵئاوایی لە خەڵکی دێ کرد و کز و بزرکاو، گەڕایەوە شارەکەی خۆی. پێش ئەوەی بچێتەوە ماڵێ، لە سەرتاشخانە دووبارە سەری تاشییەوە و لارەمل، گەڕایەوە ماڵێ. تەواوی خزم‌وکەس و ماڵەخەزووران و دەر و جیران، تێی‌هاڵان. خەزووری ڕووی تێکرد و گوتی:

-ڕۆڵە گیان، بۆمان بگێڕەوە، بزانین چت بەسـەر هات؟ بۆ کـوێ چووی؟ بـۆ ئـاوا هەموولایەکت بێ‌خەبەر هێشتەوە، کوڕی خۆم؟

کابرا گوتی :

-جا چت عەرز کەم مامە گیان، وەڵڵاهی دڵم نەهات و لە ڕووم هەڵنەهات کەس ئاگەدار کەمەوە. تووشی نەخۆشییەکی سەخت هاتم و بۆ داوودەرمان یەکسەر چوومە نەخۆشخانەی شارێکی دیکە. لەوێ کەس نەیدەناسیم و لە ڕووم هەڵدەهات لە سندوقی خێرات سەدەقەی دەرمان وەربگرم. ئەوە شەش مانگە دەرمان دەکەم و ئەمڕۆکە، بڕێک چاکتر بوومەوە و بەڕێیان کردمەوە... هەموو شوکری خودایان بەجێ‌هێنا. میوان لەوپەڕی ڕێزەوە، پەزیرایی باشیان لێکرا و ڕۆیشتن و خەزووری مایەوە و ژن‌ومنداڵەکەی. خەزووری لێی چووە پێش و بڕێکی پووڵ لە توورەکەیەکدا بۆ وەبن سەری نا. کابرا گوتی:

-مامە گیان تۆ و ئیمانت لەوە زیاتر شەرمەندە و ڕوورەشی خۆتم مەفەرموو. دەزانم ئەو شەش‌مانگە، هەموو زەحمەتی ماڵ و منداڵم کەوتووەتە ئەستۆی جەنابت. دوایەش پڕی دایە دەستی خەزووری ماچ بکات.

خەزووری دەستی کشاندەوە و گوتی:

-ئەو قسانە چییە ڕۆڵە گیان. ئەرێ‌وەڵڵا لەو ماوەیەدا بووینەوە یەک ماڵ، هەرچی بۆ خۆمانم دەکڕی، بۆ ئێرەشم دەکڕی و قیستەکانیشم هەمووی بۆ تێکردییەوە، شکور نەجاتیت هات. ئەو پووڵەش هیچ منەتی نییە و پاشماوەی پووڵی خانووەکەی خۆتە، بۆم فرۆشتی و ئەو کارانەم پێ‌ڕاپەڕاند. تا سێ مانگی دیکەش دەتوانی لێرە بمێنییەوە. دەگەڵ کوڕی جیرانەکەشمان کە ڕەئیسی بانکە، قسەم کردووە و بەڵێنی داوە وامێکت بداتێ. ئەو برەپارەشی لەسەر دانێ و ئاپارتمانێکی بچکۆلەی پێ‌بکڕەوە. کابرا زانی چ پەندێکی بەسەر خۆی هێناوە، دوو چەپۆکی بە خۆیدا دا و گوتی:

-خانووەکەت‌لێ‌فرۆشتم؟؟؟

-ئەی ڕۆڵە گیان بۆخۆم تووکی سەرم قیستە، لە چوار بانکان قەرزدارم، چم کردبا؟

خێزانی، چایەکی تازەی لە پێش دانان و گوتی:

-هیچ نەقەوماوە، ئەزقەزا لـەمێژبوو دەمەویست داوات لێ‌بکەم ئەو خانووە بفرۆشی و ئاپارتمانێک بکـڕێ. مـاڵە نەسرینـی ڕەفیقیشم وایان کردووە. ئەو ماڵانە مۆدیان نەماوە ئیتر ئاغا گیان!

کابرا نەیدەزانی دەبێ بڵێ چی؟ هەروا لەبەر خۆیەوە بە ناڵە ناڵ‌گوتی:

-یانی دەبێ بۆ چەن ساڵی دیکەش دەس بکەمەوە بە قیست‌دانەوە؟ ئەی هــاوار، بە دەستی خۆم چم کرد لە خۆم خانم گیان!

ئیدی گوێی لە دواهەمین وتەی خەزووری نەبوو کە بەر لەوەی بڕوا، گوتی:

-گەردنم ئازاد کە کــوڕم! دوو قیستی خۆشم لـەو پـووڵـەی تۆ داوەتەوە، ئیشەڵڵا هەبوو دەتدەمەوە، دەنا ئەوە ماڵی من و تۆ هێشتا بەش نەکراوە!

## «هیچ کەس ناوێرێ»

ئەوە ناوی کتێبێک بوو کە ناوی نووسەرەکەی زۆر بەلامەوە گرینگ نەبووا! نازانم بۆ، ڕەنگبێ لەبەر هێندێ ڕووداوی دیکە بێ کە بە جۆرێک پێوەندی بە کتێبەکەوە هەبوو، تا ڕادەیەک کە تەنانەت ناوەڕۆکی کتێبەکەش هەر کەوتە ژێر کاریگەری ئەم ڕووداوانە. بە چەشنێک کە ئەوێ ڕۆژێ دیسان دوای ئەو هەمووە ساڵە کە کتێبەکەم لە نێو کۆنە ڕۆژنامە و دەستنووسەکانی بابمدا دۆزییەوە، هەموو شتەکانی ئەو سەردەمەم وەبیر هاتەوە، جگە لە ناوەڕۆکی کتێبەکە وا بابم چەند جاران لە کاتی خوێندنەوەدا لە کن مامەکانم ئاماژەی پێکردبوو. کە دەستم دایە، برووسکەیەک لە ڕاڕەوە تاریک و هەزارتوێیەکانی زەینمدا، بیرەوەرییەکانی زۆر دووری منی ڕووناک داگیرساند و گەڕاندمییەوە بۆ ٣٥ ساڵ لەمەوبەر! دوو وێنەی ڕەشوسپی بنەماڵەییش، ئیتر تەواو یارمەتی ئەم گەڕانەوەیان پێدام: دایە خانم و باپیرم لە حەسارێ لە سەر سەندەڵی دانیشتبوون و بە دەیان نەوە و نەتیجە دەورەمان دابوون. چەند جاری پێداهاتمەوە تا خۆم ناسییەوە، منداڵێکی ٩ ساڵانەی سەرقژنی خوێن‌شیرین، بە کراسێکی چیتی کۆنی گوڵ‌ورد کە داوێنی

چین درابوو و هەتا خوار چۆکی درێژ و بە شێوەی هونەرپیشە هێندییەکانی ئەو سەردەمە، قامکی ئیشارەی دەستی ڕاستم لە سەر کولمەم دانابوو. دەستی ڕاستی باپیرم لەسەر گۆچانەکەی و دەستەکەی دیکەی لە سەر شانی من دانابوو. با ئەوەش بڵێم لەوسەردەمانەدا، تەنیا بە بۆنەیەکی تایبەت، وێنەگرێکی حیرفەییان دەهێنا و وێنە هەڵدەگیرانەوە. وەک ئێستا دووربین بۆ هەر کونوکەلەبەرێک وەگەڕ نەدەخرا. لە پشت ئەم وێنەیەش نووسرابوو: (میوانداری ئازادبوونی ئەحمەد و منتەقیم لە زیندانی قەسری تاران: ١٣٤٧/٧/٢) وێنەکەی دیکە: گۆرانیبێژ و دەستە و دایرەکەی بوو کە لە نێو میوانەکان دانیشتبوون و خەریکبوو گۆرانی دەگوت و بابم بە کۆت و شەڵوار وکراواتێکی پانەوە، وێڕای میوانەکان لە تەنیشتییان دانیشتبوو و لە پشت ئەم وێنەیەش نوسرابوو: مامڵێ، کاکەڕەحمان، سەید ڕەحیم جەعفەری، عەزیز شاڕوخ، هاشم کەریمی، ئەحمەد و منتەقیم و قاسم و جەعفەر...کە لە پشت ئەم وێنەیەش هەر هەمان ڕێکەوت داندرابوو.

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە ڕۆژێک بابم هاتەوە و بە پێی عادەتی هەمیشەیی خۆی، دوو کتێبی کڕیبوو. "هیچ کەس ناوێرێ" ناوی یەکێک لە کتێبەکان و ئارمی CIA و وێنەی پڵینگێک لە ڕوبەڕوویڕا، لە سەر زەمینەیەکی سوور، ڕووبەرگی کتێبەکە بوو. من ئەو سەردەمە نەمزانی بۆچی ناوی کتێبەکە ئەوە بوو بەڵام ئەو شتەی سەرنجی منی بۆ لای ئەو ڕاکێشا، کێشەیەکی هاوبەش بوو کە لە نێوان خۆم و ناوی کتێبەکەدا هەستم پێکردبوو. واتە منیش نەمدەوێرا چۆن بە بابم بڵێم کە ٧ تەژدیدم هێناوەتەوە! خوێندنەوەی کتێبەکە لەلایەن بابمەوە هاوکات دەگەڵ دڵەراوکەی من دەچووە پێش و من چاوەڕوانی دەرفەتێک بووم کە بەهەرجۆرێک بێ ڕایگەیێنم و نەجاتیم بێ. ڕۆژێک هەروا کە چاوم لە بابم بوو کە لە سەر دۆشەکەڵەکەی پاڵی دابوو بە دوو سەنیرەوە و خەریکی خوێندنەوە بوو، دەگەڵ دەستی بۆ چایەکەی برد لێم پرسی:

-بابە ! بۆ چی کەس ناوێرێ؟

-هەموو کەس دەبێ بوێرێ، ترس بێمانایە!

-ئەی بۆچی وا نوسراوە؟

-ئەوە هیچ نییە، ئەزقەزا ئەو کتێبەش هەر باسی ئەوەیە کە دەگەڵ هەموو هەڕەشەیەک کە بۆی هەیە ئیتر کەس نەوێرێ، مرۆڤی لێهاتوو دەرفەتی پێویست دەقوازێتەوە و کاری خۆی دەکا...

-میرزا دەست هەڵناگری بەخودا، هەر ئەوکچانە ماوە تووش بن!

دایکم بوو کە ئاماژەی بە هاتوچۆی بێبڕانەوەی ساواک و گیرانی مامم و ئامۆزاکانم دەکرد و هێشتا ئارەقەی میوانداری ئازادبوونی مامەکانمی لێ وشک نەببۆوە:

-هەستە کچم بەخودای وایە کەس ناوێرێ!

بەڵام لەودەمەدا ئەو وتەیەی دایکم بۆ من بێکەڵک بوو، دەگەڵ بابم تێدابووم و دەبوو منیش دەرفەتێک بقوازمەوە... و هەر بە زۆوە بۆم هەڵکەوت و ڕێک ئەودەمەی بابم و دایکم بارگە و بنەی سەفەرییان تێکەوە پێچابوو و خەریکبوو ماڵئاواییان دەکرد و ئێمە لە ڕووبەڕوویان ڕێچکەمان بەستبوو و بڕیار نەبوو هیچکاممان بەرن، بە پەلە گوتم:

-بابە ٧ تەژدیدم هێناوەتەوە!

بابم بێدەنگ بوو و چاوێکی لە دایکم کرد، منداڵەکانی دیکەش کە دیتیان هەڵێتی و بابم لە هەل و مەرجێکدا نییە کە تووڕە بێ، یەکودوو هەڵیاندا:

- ئەمنیش ٢ دانە...

-ئەمن ٣ دانە...

-ئەمن هەر یەکدانە!

برا چکۆلەکەم بوو کە پێدەچوو چاوەڕوانیی خەڵاتیشی هەبێ!

-ئەمن تەژدیدم نییە و مەعدەلم ١٠ هاتووەتەوە!

سەرجەم ١٤ تەژدیدمان بۆ بژارد و یەکیشمان ڕەد ببۆوە! هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا و ئیتر زۆرم بیر لەوە نەکردەوە کە بۆ کتێبەکانم چ بکەم کە هەمووانم دوای ئیمتحانات بە شەق دڕاندبوون!

ئیتر دوای ئەم سەرکەوتنە بوو کە هەرکات گرفتێک بۆ خۆم و ئەوانی دیکە ساز دەبوو، کتێبی "هیچ کەس ناوێرێ"ـم وەبیرم دەهاتەوە. بۆ وێنە ئەودەم کە جەنازەی دووکەسییان بە نێو شاردا گێڕا و دایکم بۆیان گریا، زانیم کە ئەوانەش خۆیان لە کارێک داوە کە کەس ناوێرێ! یان ئەو ڕۆژەی کە وێڕای هاوکلاسییەکانم، ڕیزیان کردبووین و لەبەر ئەوەی کە یەکێک وێرابووی مۆزەکەی کچی شارەدار هەڵبگرێ، بە نۆبە و بە خەتکێش لە بەری دەستییان ڕادەکێشاین. دەگەڵ ئەوە کە دەمانزانی کاری کێیە، دەنگمان نەکرد و تەنانەت دوایە وێرامان بە تۆڵەی ئەم غەدرەی لێیان کردین، لە ئاودەستی قوتابخانە، لێدانێکی باش لە کچی شارەدار دەینەوە و ئیتر خوداوراستان قەت نەیوێرا مۆز بێنێتەوە و لەبەر چاوی منداڵە برسییەکان، قەپاڵی پێداگرێ. ئەودەم کە تاق و لۆق ماشێن هەبوو و هەموو ڕۆژێ بۆ هاتنە خواری بە نازونووزی کچی شارەدار لە پاترۆڵێکی ڕەش، ڕێچکەمان دەبەست و هیچکات بیرمان لەوە نەکردبۆوە کە ڕۆژێک بێت و بە مست و پێلاقە هیچ گیانی نەهێڵین. ئەوانەشم هەمووی لە بەرەکەتی نێوی ئەو کتێبە دەزانی!!

ئەو کتێبە هەروا لە سەر تاقەکان و بەردەستان دەهات و دەچوو و دەتوانم بڵێم یەکێک لە کاریگەرترین ڕستەکانی تەمەنم بوو. بە تایبەت ئەودەم کە دوو ئامۆزای خوێندکاری دیکەمان، هاوڕێی تاقمێک لە هاوشارییەکانیان، بوونە ئەندامی ڕێکخراوەیەکی دژ بە دەسەڵاتی شای ئێران و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر، هەر کام بە ١٢ ساڵ زیندان مەحکووم کران؛ زۆرتر هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە مرۆڤ هیچ چارەیەکی جگە لە بوێری نییە و دیسان دەتوانم بڵێم یەکێک لە خۆشترین کاتەکانی تەمەنی گەنجیم ساڵی٥٦ بوو کە بۆ داشداری لە زیندانیانی سیاسی، ڕۆژنامەیەکی دیواریمان لە پانێلی دەبیرستان هەڵاواسی و بۆ ئەوەی ساواک دەستی پێمان ڕانەگا، هەر شەوەکی، بابم و دوو مامم بۆ دووردەستترین و جوانترین ئاوایی یەکێ لە خزمەکانمان، وێڕای چوار هاوشاری و دوو خوشکەکانم، ڕایانگواستین. ڕۆژ نەبوو لە لایەن زیندانییەکانەوە پەیوەندیمان دەگەڵ نەگرن و شەو نەبوو بە نووسینی ڕۆژنامەی دیواری بەسەر نەچێ... ئەو دەمەش کە هاوڕێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی شار، بە باوەشێک گوڵی وەحشییەوە، بەرەوپیری زیندانییەکان دەچووین، لە نێو جەمەی جەماوەردا، ئامۆزاکانم لێ ون بوو تا لێیان پرسم لە زیندانڕا، چۆنیان شوێنی ئێمە لە دوورەدەستترین ئاوایی دۆزیبۆوە؟...

کتێبەکەم لە بابم وەرگرت و هێنامەوە ماڵێ، ورد خوێندمەوە. ناوەڕۆکی کتێبەکەش هەرباسی ئەوە بوو کە "هیچ کەس ناوێرێ" ڕستەیەکی بێمانایە و دەستکردی دەسەڵاتدارەکانە و لە کۆتایی کتێبەکەشدا، نوسرابوو بە هۆی تێرۆرکرانی سەرۆک کۆماری ئامریکاوە، ئاڵای وەڵاتانی سەرتاسەری جیهان، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە نیوە هەڵکراوەیی ڕاگیران و من بیرم لە ئاڵایەک کردەوە کە هێشتا هەر هەڵنەکرابوو.

کچە چکۆلەکەم چاوێکی لە ناوی کتێبەکە و چاوێکی لە خۆم بوو کە لە سەر موبلەکە پاڵم دابۆوە و دەمخوێندەوە. کە دەستم برد بۆ چایەکەم، گوتی:

-جا پڵینگ کوا بۆ ترس دەبێ، هێشتا ئەگەر کەر با شتێک!!

-کــــەر؟! دەزانی خۆت لە کەرییەتی نەدەی! ئەوە لەوسەرڕا دێمەوە، چت کردووە بیڵێ و خۆت نەجات دە!

برێکی مینگاند و گوتی....

## زوودپەزەکەی ماڵی مریەم خانم

ڕووداوەکە ڕێک ئەو کاتە دەستیپێکرد کە وەکوو ڕۆژان، دوای ئەوەی هەموو کارەکانی کردبوو، واتە هەموو وەڵات خاوێن ببۆوە و کولێرەی گەرم وەرگیرابوو، سەماوەر قوڵتەی دەهات و بۆنی چای تازە وەتاغەکەی پڕ کردبوو؛ دەگەڵ پاڵی دایەوە و بینی بە یەکەم چایەوە نا، دەستی دابووە کتێبەکەش و خەریکبوو دەگەڵ بەرکوتی بەیانی دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی "باڵندەکانی بەر با". بەڵام دەگەڵ هەستانی دەنگی فسەی زوودپەزەکەی، کە ئەویشی پێشتر



وەسەر نابوو، وەبیر ڕووداوی ئەو ڕۆژە کەوتەوە کە جیرانەکەیان داوای زوودپەزەکەی لێکردبوو... کتووپڕ بە بۆنی گۆشتی سووتاو، لەم بیرەوەرییە ڕاست بۆوە. کتێبەکەی بە پەلە وەلا نا و زوودپەزەکەی پڕدایە و لە بن شێرەی ئاوکە رایگرت. دوای ئەوەی فسەی لێبرا، ویستی سەرەکەی هەڵگرێ، بەڵام هەرچی کردی و کراندی نەکرایەوە. تەقەتەقی ڕێی ڕۆژێک دەڕۆیشت. کچەکەی لە دیوی خۆی هاتە دەرێ و گوتی:

–خۆ بێتوو ئەوساڵ لە کۆنکوور دەرنەچم و لە تەقەتەق و شڵپەشڵپی بەیـانـانی تۆ، نەجاتیم نەیات، هەر شێت دەبم!

کەچی هۆشی دایکی هەر لەسەر زوودپەزەکە بوو کە ئەوجار بە چەکوچ و پێچگوشتی خەریکی بوو. باجە هاجەری جیرانیان ئەوجار لە دەرکەی دا و بێ ئەوەی ڕاوەستێ دەرکەی لێبکەنەوە نەڕڕاندی:

–ئەی هاوار مێشکی سەرمان چوو، بابە بۆخاتری خودای ئەو زوودپەزەی فڕێدە! بۆخۆم یەکی تازەت بۆ دەکڕمەوە.

ئەو قسەی مێردەکەشی وەبیر هاتەوە:

–زوود پەز ئامێری ژنی تەنبەڵی ئەوڕۆ!

دەرکەی کردەوە :

–لە باتی ئەو بۆڵە بۆڵە وەرە بزانە نایکەیەوە!

–پەککوو چەندەشم بۆنی گۆشتی سووتاو پێناخۆشە.

هەر چۆنێک بوو کردیانەوە و شۆردرا و جێگایەکی نیسک تێدا وەسەرنا. هەناسەیەکی هەڵکێشا، دەگەڵ دەستیدایە چا ساردەکەی، کتێبەکەشی هێناوە پێش خۆی: "باڵندەکانی بەر با"...

بە بۆنی نیسکی سووتاو ڕاست بۆوە کە هەموو ئاپارتمانی هەڵگرتبوو. کتێبەکەی بە پەلە وەلانا و دەرک و پەنجەری کردنەوە، ماڵەکەی هیچ لەو ماڵە نەدەچوو کە مێردەکەی بە ئاواتی بوو و بە دەیان جار پێی‌گوتبوو کە چۆن بە بۆنی عەتری ڕۆن و پیواز و شۆرباوی دایکی کە لەسەر عەلادین ورد ورد دەگەیشتێ، ڕۆژیان دەست‌پێدەکرد. تەنیا یەکجار جوابی مێردەکەی دابۆوە و گوتبووی:

–بڵێی دایکت قەت بیری لەو ڕۆژە کردبێتەوە لە ماڵێکدا چێشتێ لێنێ کە دەرک و بانەکەی ببێتە ئاپارتمانێک کە هاوکات شازدە ماڵی تێدابێ و جیرانەکەی بە قەڵەمبازێک بگاتە کنی و لە خۆیان زیاتر گوێی لە سورت و خورتی ماڵێ بێ؟

مێردەکەشی پێی گوتبوو:

–لەوقسانە گەڕێ ماڵ ئاوەدان بۆخۆت عەلادینێک بکڕە و ئەو زوودپەزەی فڕێـدە، خۆ لەبەر کتێب و ڕۆژنامە کڕین هۆشی ماڵێت نیە!

پڕی‌دایە زوودپەزەکە و بردییە خوارێ کە کاک ڕەحیمی کۆنەفرۆش، هەرای دەکرد و لە بەر پێی داینا، کاک ڕەحیم گوتی:

–بۆ دەیفرۆشی؟

–نامەوێ.

–بۆ لەبەرچی؟

–ناکرێتەوە.

–هەر لەبەرئەوە کە ناکرێتەوە؟ دادەی بزانم!

ئەویش ملی لەبەر ملی زوودپەزەکەی نا و هـەر بە زۆوە، تەقەتەق و هات‌وهاواری باجە هاجەر دەستی پێکردەوە:

–خودا لێت هەڵنەگرێ، مێشکـی سەرمان چوو، ئـەو زوودپـەزەی مـریـەم خـانم لێمان بۆتە تاعوون و بەڵا. ئەو وازی لێ‌هێناوە، نۆبەی تۆیە کاک ڕەحیم؟

چووبۆ سەرێ و تازە سەری نابۆوە سەر کتێبەکەی کە لە دەرکەیان دایەوە، هەڵبەت کاک ڕەحیم چون نەیدەزانی کامە زەنگ ماڵی ئەوە، ئەو زەنگەی لێدابوو کە ئی هەمووان بوو و ئێستا هاوکات هەموو ماڵەکان سەریان لە پەنجەرەی هێنابووە دەرێ.

–پووڵەکەم بۆ بێنەوە خانم ناکرێتەوە!

–کوڕە دە نایەوێ نا فڕێی دە خودات بەگژ داچێ!

پووڵەکەی بە غاردان بۆ هێنایەوە خوارێ و زوودپەزەکەشی لەوێ لە پەنا زبڵەکان دانا. گەڕایەوە سەرێ، شۆکرێکی خودای کردو دانیشتەوە چایەکی گەرمی تێکردو دەستی دایەوە کتێبەکەی کە بە دەنگی ئەو زەنگەی ئی هەموان بوو، ڕاست بۆوە. شازدە سەری دیکە سەریان هێنابوە دەرێ. زوودپەزەکە بە دەست کابرای زبڵییەوە بەرز کرابۆوە:

–ئەوە ئی کێهەتانە؟

یەکی لە نێو چاوانی ڕاکێشا و کتێبەکەی داناوە، باجە هاجەر قیژاندی:

–چت بەوەی داوە؟ فڕێدراوە ئیدی! ناکرێتەوە نا! مریەم خانم دەستـی هـەڵگرتووە، ئەو عالەمە دەست هەڵناگرێ!

–ئی مریەم خانمە؟ بە خودای تا بۆی نەکەمەوە دەس هەڵناگرم.

شەقە شەق دەستی پێکردەوە تا خۆی گەیاندە خوارێ کە نەهێڵێ، درەنگ ببوو، باجە هاجەر گەیشتبووە خوارێ و شەڕە جنێو و قسەی سووک گەیشتە لێکڕاسان، هەموو دەیانزانی نێوانی باجە هاجەر و کابرای زبڵی چەن ناخۆشە. دەنگی ئاژیری ماشێنی پۆلیس کە کاک قادری تەبەقەی دوو زەنگی بۆ لێدابوون، هەموو وەڵاتی بێدەنگ کرد. پۆلیسەکە پرسی:

–چ باسە؟

–ئەو کابرایە لەباتی کاری خۆی بکاو زبڵەکەی فڕێ بدات، ملی لەبەر ملی ئەوزوودپەزەی ناوەو مێشکی سەری بردووین. بەخودای ڕەزایەتیشی نادەمێ، هیچ گیانی نەهێشتووم.

ئاغای پۆلیس بە بێ‌سیمەکەی، خەریکبوو ڕاپۆرتی دەدا بە ناوەند:

–زوود پەزێکە ناکرێتەوە، هەڵڵای لێ‌سازبووە! بەڵێ بەڵێ بەسەر چاو.

دوایەش ڕووی لە باجە هاجەر کرد و گوتی:

–هەر لێرە ڕەزایەتی بدەیتێ باشە دەنا دەستوورە هەر دوکتان بەرم.

ڕەزایەتیان دا و پۆلیسەکان هاتن بڕۆن یەکیان ئاوڕی دایەوە و گوتی:

–جا باشە بۆ دەبێ نەکرێتەوە؟

ئەویش ملی لەبەر ملی نا و بە کەلەبچەکەی، حەولیدا بیکاتەوە، کەچی کەلەبچەکەش گیری کرد. ناچار زوودپەزەکەیان لە ماشێن هاویشت و بە ئاژیر لێدان ڕۆیشتن. باجە هاجەر قاقایەکی کێشا:

–ئەلحەملای زوودپەزەکە قۆڵبەست کرا، وەڵات حەسایەوە! هاتەوە سەرێ بۆنی نیسکی کوڵاو و ڕۆن و پیواز هەموو وڵاتی پڕ کردبوو، پاڵی لێ‌داوە و دەستی دایەوە کتێبەکەی: "باڵندەکانی بەر با".

## ئەوان هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ نەمابوو



ئەوان لە دوای ئازار و ئەشکەنجەی زۆر، یەکەیەکە ناوی یەکترییان درکاندبوو، بەڵام هیچکامیان ناوی حەسەنیان بەسەر زاردا نەهاتبوو. تەنیا لەم دواییەدا نەبێ، یەکیان خۆی نەگرتبوو و ئێستا هاوڕێکەیان حەسەنیش پێوە ببوو و بە دوازدە ساڵ زیندان تاوانبار کرابوو. لە دیوێکی شەش‌لەشەشی نارێکی شێداردا، بە تاقە دەلاقەیەکی چکۆلەوە کە لە سەرەوەی دیوارە بڵیندەکان، هەڵکەوتبوو و وەهایان نەردەڕێز کردبوو کە ئەو تێل‌دڕووانە وا، کەلاف‌کەلاف دەوری دیواری حەسارەکەیان دابوو، بە حاڵ دەبیندران. لە دوای ئەو هەمووە یادگاری و جنێو و شێعرانەی بە نارێکی لەسەر دیوارە چڵکنەکە نووسرابوون، تەنیا تەختە کۆنێکی یەک بستی لێبوو کە برێک بە وەسواسەوە بزمارڕێز کرابوو و لەسەری نووسرابوو قوبڵە. ئەوان دەیان زانی چیان لێقەوماوە و ئەگەر تا ئەو کاتی نێوی ئەویان نەدرکانبوو، هۆکارێکی زۆر گرینگی هەبوو. حەسەن چڵکی ناو قامکە گەورەی لاقی خاوێن کردەوە کە لە گۆرەوییە دڕاوەکەی هاتبوە دەرێ:

ـ خەتای خـۆتانە، خەتای خـۆتـانـە! هـەمـووتان من دەنـاسن، نەدەبوو نێوم بێنن!

وێکڕانەڕڕاندییان:

–بۆ بەخێری خۆمان بوو، بۆ پێمان خۆشبوو...؟

حەسەن سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

– دەیجا منیش پێم خۆش نییە و بەخێری خۆشم نیە...

هەموویان هەرچی وەبەر دەستیان هات لە باڵنجی چڵکنەوە بگرە تا ئەو جلانەی لەساکە کانیاندابوو، پێیانداداوئەویش سەنگەری گرتبووولەهەمان کاتدانەڕاندی: ـ ئاگر!

هەر دوابەدوای ئەو ئاگردانەدا دەنگی چەن ڕەگبار بە دووی یەکدا هات و هاوکات بۆگەنیوێکی هاوشێوەی گازی خەردەڵ هەموو سللوولی داگرت. هەموویان دەستێکیان بەلوتیاندا گرت و دەستێکیشیان بەنیشانەی ڕادەستی هەڵێنا. قازی بە سەیرەوە دەیڕوانیە هەموویان:

-دڵنیان لەو شتانەی لە بەرگرینامەکانوودا نووسیوتانە، پاشگەز نین؟ ئەوانە دەتوانێ بۆ چەن ساڵی دی لێرەتان ڕابگرێ!

لە دیوێکی هەشت لە پازدە میتریدا کە چەن پەنجەرەی گەورەی بەرەو حەوشە دەکرایەوە و قازی و دوو کەسی دیکە لە تەنیشتی، لەلای سەری، لەسەر سەندڵییە ڕاحەتییەکانیان پاڵیان دابۆوە و لەلای خوارێش بنەماڵەی زیندانییەکان لەژێر چاوەدێری چەن چەکدار، چاو بە فرمێسک چاوەڕوانی دواهەمین حوکمی قازی بوون. هیچ زیندانییەکی لێنەبوو تا لە قسەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە... دواڕۆژ لە دوای بارینی بەفرێکی قورسی شەوێ، لە بەستەڵەکی چواری ڕێبەندان، کاتژمێر دوازدەی ڕۆژێکی گیراوی سپیڕێزدا، لە دیوی کۆنترۆڵی تەلەیفوونەکان، هەموو لێدوانەکانی بنەماڵەکانیان بیست:

-کۆڕەکان بە دوازدە ساڵ زیندان شەرمەزار کران و حەسەن ترکەنیش، بە هۆی بێتاوانی، هەر لەومانگەدا ئازاد دەکرێ...

## دانیشتووانی شاری ئەڕواح

لە بیرتە جارێک لێت پرسیم خەڵکی کوێی؟ گوتم دانیشتووی شاری ئەڕواحم، چەندە بە من پێکەنیت، دەی ئێستا دەڵێی چی؟ لەبیرتە هیچ ڕۆژێکمان، بە بێ سەربرینی ئەو کۆترە جوانانەی چڵێکیان زەیتوون بە دەمەوە بوو، بەسەر چووبێ؟ لەبیرتە هیچ ڕۆژێکمان، بە بێ کرانەوەی ئەتڵەسییە نەخۆشە زەردەکان دەستی پێکردبێ؟ یان ئەم کرمە رزیوانەی لە جەرگ و هەناومان جێیان خۆش کردووە؟ لەبیرمە جارێک پێکەوە، نیچەمان خوێندەوە کە لە سەدەی پێشوودا هەموو ئەوانەی پێشبینی کردبوو. ئەودەمیش هەر پێی پێکەنیت و گوتت ئەو کابرایە شێت و ماخولیایە، ناتوانێ شتی چاک بڵێت!

ئاخ... تۆ بە خەوی شاری گوڵە سوێسنەکانەدا، هەڵگەڕایت و هیچکات هاوشینی من نەبووی تا بزانی چۆن هیچ تەرازوویەک نەبوو بە ئامێری دادوەری و لە کاتی دائیسانی هەموو چرا سوورەکان، پێیان بە گازەوە ناو و لە کاتی چرا سەوزەکان ڕاوەستان. کوندەکان ئاوازی وێرانەکانیان ئەچرییەوە و هەموو شەوێک تەواوی ئەڕواحی ئەم بێتاوانانەی قەت هیچ دەورێکیان لە هیچ شتێکدا نەبوو، بەسەر پەردەکان و دار و دیواری شاردا، ئەلەرێنەوە تا خەوی هەموو تاوانباران بە تاڵان بەرن. من زۆر دەگریم لە کاتی وادا و زیاتر دەگریم، کاتێک دەبینم زۆربەی ئەو سکاڵاچییانە ئەو گوڵانەن کە هێشتا بە تەواوی نەپشکووتوون.

من ئێستا دانیشتووی شاری ئەڕواحم، ئەرێ! خەونی ئەو فرۆکانەی هەموو شەوێک بێستانەکان بە شینبوونی جەنازەکان وەبەردێنن، هێندە دووپاتە بووەتەوە کە ئیتر خەون نین! یانی نازانم ئەوانن دێنە خەونی منەوە یان ئەمنم دەچمە خەوی ئەوان، بەڵام ئەوە هیچ گرینگ نیە. گرینگ ئەوەیە تەنیا لە یەکێک لە خەونەکانمدا کە پازدە شەوورۆژی پێچوو، هەشت سەد گوڵم ناشت و هەزارانم سارێژ کرد. ئەتۆش لەوێ بووی، لەبیرتە گوللەیەک لە لای ڕاستی ڕانت، کوناودیوی کردبووی، وا بۆ پڵێتەکێشانی من ڕاوەستابووی. دەتگوت خەریکم ئەندازەی جلی بووکێنیت پێدەگرم. سەروپرچت بە شووڵێکی تەڕی شیلان، هێندە جوان هۆنیبۆوە کە دەمگوت ئەوە شاکاری تابلۆیەکی بێوێنەیە کە کەڵکەڵەی کێبەرکێی نییە. کوتە کاغەزێکت پێبوو کە لەودا ڕووداوی خەونەکانی من شەرمەزار کرابوو. ئەتۆ بە تەوسەوە دەتگوت: تەنیا شەرمەزار! ئەوانەی خۆیان پێ هەواڵنێری ئاشتییە! من ئیتر عەشق ناناسم، جوانی شک نابەم، بەم ئاژیرانەوە عاسیم کە بۆ میوانداری فرۆکەکان گوێم لێدەبێ. تۆ باوەڕ بە من ناکەی، من کە پرمەترسیترین قۆناخی ژیانم تێپەڕاندووە، ئەویش کۆتایی شەڕ بوو. ئادی پرمەترسی بوو چونکە لەو ڕۆژەوە ئیتر هیچکات نەژیام. لەو ڕۆژەوە کە لاولاوی بەژنی تۆیان ونجربەونجڕ دەکرد و دایکم لە کۆڕی دەروێشەکاندا، جەزبە دەیگرت، بۆ تۆ بۆ براکەم، بۆ براکەی دیکەم، بۆ من و دیسانیش بۆ تۆ... ئاگات لێیە قسەی ئەو کابرا شێتە چۆن وەدی هات؟ بەشەر دەبێتە وەحشیترین بوونەوەری سەر زەوی؟ کارم بەو کابرا شێتەشەوە نەما، چی لەو پیرێژنە زیاتر بوو کە بە ڕووتی، بە چلەی زستان، دەگەڕا و بە لاڵەپەتەیی چیرۆکی کوژرانی گوڵەبەڕۆژەکانی، بە هەموو کۆڵانەکانی شاری ئەڕواحدا دەگێڕا؟ نا، نا، تازە مردوو یان زیندووی ئێمە هیچ جیاوازییەکی نییە، تۆ، ئادی تۆ! تۆ تەنیا دیاردەی جیاوازی ئەم جیهانە شێواوەی منی کە نازانم لە کوێدا جێت بو بکەمە؟!

## ”خەونی مناڵانی دەریا“

دێی، هەموو ڕۆژێک دێی....

لە خۆم دەگەڕێم، لەو ڕۆژەوە کە تۆ منت دۆزیوەتەوە، هەموو ڕ~~ۆژێک ون دەبم و هەموو شەوێک تووڕ~~ەیک ئەم دۆزێتەوە و هەموو شار لە خەو ڕاست دەکاتەوە. هەموو ڕۆژێک ئ~~ەو وانەیەی لە ڕەنگیکی مەیلەوشیندا~~، داوتمێ، دەینووسمەوە و ئا لەم شوێنە نامۆیەدا، کتووپڕ من دەبمە کچی خەونەکانی ئاسمان و وانەکە ئەبێتە دووپاتەیی هەموو لاپەڕەکانی دنیا! لە گوێمدا دەزرینگێتەوە و دەزرینگێیتەوە.



دەزانم لەم شوێنە کە تەنوورەکان ئەیانسووراندم، بووکە بچکۆلانەکەم، هاواری منی بەرز کردەوە. هاوارێکی نەدرکاو کە لە دوای ئەوەوە، خۆلیای سەفەرێکی ئەبەدیت بۆ گەیشتن بە دەریا گرتەخۆ و تۆش بووی بە کوڕی دەریا! تەنیا تۆ بووی و بەردەوام تۆی...

دێم، هەموو ڕۆژێک، هەموو مانگێک، هەموو وەرزێک، هەموو ساڵێک، دێم. دەبمە بەشێک لە نیگای کیژۆڵەیەک کە لە پەنا هەموو ڕووبارەکانی دنیا هەڵکورماوە. ئەو بەردەوام دووپاتەتی دەکاتەوە و تۆش بەردەوام خۆت لە خەونەکانمدا ڕەسم دەکەیتەوە. ئێستا ئیدی بەشێکت ماسییە و بەشێکت تەعبیر "خەونی منالانی دەریا"... بووکەکەم لە شرۆڵەیی هاواری خۆیدا حەجمینی نییە و تەنیا کە دێمە سەر ڕووبار و مەمکم لەنێو زاری دەنێم، خەو دایدەگرێ...

دێی، هەموو ڕۆژێک، هەموو مانگێک، هەموو وەرزێک بە دوای منداڵدێی، باوەش بە ڕووباردادەکەیت و ئەمجارەیان، تەنیا تۆ دەزانی لەم شوێنە، بۆ تاهەتایە بە جێماوم....

## وەرزی پێنجەم

-چاو لە چی دەکەی گەوجە؟

-لە تۆ؟

-بڕۆ، بێهوودە سەیری من دەکەی! تۆ هیچکات ناتوانی بۆی بچی کە چ دەبینی کەرەشێتی بەڕڕەڵڵا!

ڕووت بووەتەوە. وەرزی هاوینە وابزانم، بەڵام بۆچی هێندە ساردە؟ لەسەر هەموو جێگە ناسکەکانی لەشی، کێڵوبەردی قەبری لێبوو، وەک لەهەرکام لەم شوێنانە کەسێکی ناشتبێ. چاوم لە چاوی بڕی، کەچی لە هەردوک چاویدا، دوو کێڵوبەردی دیکەم دیت! ئەمن کەنگێ مردووم؟ دستم بە تاتەبەردە پانەکەی سەر سینگمدا کێشا. هەستێکی نامۆ و سارد لە دەروونمدا چەکەرەی دا و چاوم لە چاوی بڕییەوە. خەریکبوو لە پەنا کێڵوبەردەکەی خۆم، بە هەزاران شکۆفە دەکرانەوە.

نەک هەر کێڵوبەردەکەی من، بە تەواوی گەی لەشیدا و هەموو کێڵوبەردەکانی دیکەشیدا، هەر گوڵ بوو، چەکەرەی دەدا و بە بەژن و باڵایدا هەڵدەگەڕا! لەبەر برووسکەی هەتاودا، دەدرەوشایەوە و منیش چیتر هەستم بە قورسایی تاتەبەردەکەی سەر سینگم نەدەکرد. کتوپڕ هەوا گۆڕا، ڕێک لەو دەمەی خەریکبوو پرسیارێکی لێبکەم، زاری کردەوە و تەپومژێکی سەیر لە زاری هاتەدەرێ. دوابەدوای ئەوەش، کلووکلوو بەفر دایدا، تەواوی گوڵەکان هەڵوەرین و چەقوچۆ دایگرتم. لە ماوەیەکی کورتدا هەموو کەوتینە ژێر بەفرێکی قورس و ئیتر وەها دمم کیپ بوو کە وێنەدەچوو تا توانەوەی بەفرەکان بتوانم هیچ بڵێمەوە. وەرزی پێنجەم کە داهات، حەول دەدەم خەونێکی خۆش ببینم. چش لەوەی کە کەسێک هەبێ، بکرێ وەڵامی پرسیارێکی من بداتەوە. ڕووت بوومەتەوە و هەرچی بە پەنامدا تێدەپەڕی، ناوێرێ چاو لە چاوم ببڕێت، ئاخر کێ بێ پێیخۆشبێ، جەنازەی هەڵپەسێردراوی خۆی ببینێ؟

وەرزی پێنجەم گەیشتووە! ئەم وەرزە لە مێژ بوو دەستی ئێمەی پێڕانەدەگەیشت. زۆر جار حەولمان دا بگەینە ئەم شوێن و وەرزە نەکرا. تێلدڕووی سەر سنوورەکان هەموو لاق و لەتەریان هەڵ دەبڕین، مینەکان دەیانتەقاندینەوە، لە پشت مەخزنی ماشێنە گەورەکان، کە دەیانشاردینەوە، جاری وابوو سێ ڕۆژمان زیاتر پێدەچوو. زۆربەشمان ئاوا دەخنکاین: لاقم لەسەر سنوورەکان، چاوم لە سێرە گرتنەکان، دەستم لە ئەشکەنجەگاکان، مەمکەکانم لە شەڕەکاندا و مێشکیشم لە شێتخانەیەک بەجێما. تەنانەت ڕۆحی من و چەن کەسی دیکە کە سواری کەشتیی درۆزنەکان دەبووین، وا هەمیشە لە دوورونزیکی وەرزی پێنجەمدا، دوای ئەوەی کچە جوانەکانیان داگیر دەکرد، کەشتییەکەیان دەخنکاند و هیچکات نەدە گەیشتینە ئەو وەرزە. ئەو وەرزە شوێنی پشوودانی یەکجارەکیی هەمووان بوو، شوێنی خەونی من و خەونی تۆش، کە وا هەستمان بە کەمایەسییەک دەکرد، بە کەمدانانێک، بە کەمگرتنێک، بە کەمکردنەوەیەک...

هەمووومان ون بووین لە زەنازەنای هاتوهاوارێکی تیژتێپەڕدا. وەریانەگرتین، هەزار جار کوژراین و هەموو خۆمان لە بیلبیلەی چاوی یەکتردا دەدیت کە بووینەتە کێڵوبەرد، یان هەڵواسراوین... دایکم دەیگوت شەڕ مەکەن، کەچی بە هەزاران شێوە شەڕمان کرد. بەڵام واش نەبوو کە هەر کەس کوژرا، ئیتر مردووە! نا، ئەوەنییە خۆمان گەیاندووەتە وەرزی ئێوە. ئەو وەرزەی ئێمەی بەکەم دانا. خەتای من نیە و نازانم بۆ ئاوا گەیشتوومە ئێرە. بەم جەنازە جێماو و ونجربەونجرەم، تا سەر نەبڕم و چنگ لە دڵتان ڕۆ نەکەم و بین بە شادەمارتانەوە نەنێم، تێر نابم. من تازە لەو وەرزە تێپەڕیوم و بڵاو بوومەتەوە. جا پێت خۆشە پێم بڵێ "زامبی"، دەنا ئەوە هەر پێم بڵێن داعیش و ئا! خۆشەویستم، لە کوێی؟

**من ئێستاش تۆم هەر خۆش دەوێ!**





تەواو بوو ئازیزم، تەواو بوو...

تەواو بوو سەفەر، تەواو بوو پاییز، تەواو بوو سەرماکانی ئەم دواییانەی مرۆڤ، تەواو بوو دەرد، تەواو بوو دەنگەدەنگ، تەواو بوو داستان...

تەواو بوو بەهانە بێ بەهانەکانی بەرەی پەشۆکاوی من لەو غەیبەتە پڕ لە بوغزە کە بە هەزار هۆکار، بەسەر بەرەی بەورئاسای تۆ، دایانسەپاند و ئێمە هەرگیز نەمانزانی. هەرگیز ئاگامان لە خۆدزینەوەکانت نەبوو کاتی زەمهەریر، خۆت دەخزاندە قوژبنە تاریکەکانی جیهان و بە تەڕدەستیی زانایانە، زارۆکانی بێ پشتوپەنا، زیندانیی نزیک لە ئێعدام، ژنانی بێ ئەنوا و ئەژمار و گرفتارانی جەهلی دێرینی قوژبنە مرۆڤدزەکانت، دەر دەکێشا و دەبوویتە هۆی ئەهوەنیی وشە، ئارامشی ڕەوایەت...

تەواو بوو تێکچوونی کتوپڕی و دڵتەنگیی هەڤالانی کۆ، تەواو بوو سەرگەردانی لە پەنای تاشەبەردەکانی دەرڕەی قاسملوو و هەست بە بێ بنەمایی کردن لە هەرەتی ئێوارانی مەهاباد و جیقە جیقی ماشینەکانی دەوری مەیدانی چوارچرا...

تەواو بوو ئازیزەکەی من، ئازیزەکەی داستان، ئازیزی وشە...

ئەڕۆی ئۆغر!

تۆش زوو یادرەنگ بەجێت دەهێشتین، بەڵام باسی ئەومێژووە پڕ لە یەئسە، باسی ئەوهەمووبزوتنەوەبێ بەرەکەنوشوستییان هێنا، باسی ئەم هەموو هەرجومەرجەی دنیای پەرێشانی ئێمە، بۆمەلائیکی ئاسمان نەکەی! باسی ئەم بێ پدەری وهەتیوییەی کورد، ئەم ئەنجامە شکەستبارە، نەکەی لاخوا...

تەواو بوو ئازیزەکەی کورد...

تەواو بوو کوردبوونی ئەستەم، تەواو بوو کوردستانی چوارمێخەکراو، شوناسی قەڵبی داسەپاو... تەواو بوو خەونی کەسکی سەربەخۆیی، مۆتەکەی خوێنینی یەکگرتن... تەواو بوو خەونە پەمەییەکانی ئازادی کە تەنهاخوێنی بۆ ڕژا و چیتر. تەواو بوو چاوانی ڕاویی هوجام و ختووتی گریاوی ئەندامی ماریا کە بەری مانەوەی تۆیان، تا کۆتایی بەسەرهاتەکە گرت و نەیانهێشت چیتر بمێنیتەوە لەگەڵمان و بۆمان بگێڕیتەوە...

فریا یوونسی

# شیکارانی کەلیمە


ڕۆمان و ئەڤین/ دوکتور هاشم ئەحمەدزادە ٢٨

فەلسەفەی سپی و حەقیقەتی سێهەم/ د. محەممەد ڕەحیمیان ٣٤

مەسعوود محەمەد: هزراندنێک لە خاکی حاجی قادری کۆیی/ هەندرێن ٤١

کاریگەریی دەروونناسی لەسەر چیرۆک/ سۆران محەمەدی ٤٩

پێگە و قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام/ شەریف فەلاح ٥٣

پەیڤینی دەقی ئەدەبی و لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی/جەلال پوورحەسەن ٥٧

بۆچی مێش کرێچی ناو شەکردان نەبێت؟/غەمگین بۆڵی ٦٠

# ڕۆمان و ئەڤین

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "سەردەمی گریانی بەڵقیس"

## نووسینی جەبار جەمال غەریب

د. هاشم ئەحمەدزادە

پێشەکی

**ڕۆمانە نوێیەکەی جەبار جەمال غەریب، سەردەمی گریانی بەڵقیس، لە درێژەی نۆ ڕۆمانی پێشووتریدا، دیارییەکی بەنرخە بۆ کۆمەڵگە و ئەدەبی کوردی. لەم نووسینەدا هەوڵی خوێندنەوەیەکی ناوەڕۆکی و شێوازییانەی ئەم ڕۆمانە دەدەم و لە هەمان کاتدا چەند ئاماژەیەکی گشتییش دەکەم بە دیاردەی ئەڤین و پەیوەندییە چڕوپڕەکەی ئەو دیاردە و چەمکە لەگەڵ گێڕانەوەی ئەدەبی، بە گشتی و گێڕانەوەی ڕۆمانییانە، بەتایبەتی. سەردەمی گریانی بەڵقیس بە بەراوەرد لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری جەبار جەماڵ غەریب، پەیوەندییەکی زۆر ڕاستەوخۆیانەتری هەیە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤی کوردەوە. بە واتایەکی تر، غەیری چەند جێگا کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا و ڕێگوزەرانە، هەڵبەت زۆر بەجێ و شیاو، چەند دیمەنی ڕیئالیزمی جادوویی خۆیان دەردەخەن، شێوازی زاڵی گێڕانەوەکە ڕیئالیستییە و خوێنەر خۆی لە گەمارۆی کەسایەتی و ڕووداوگەلی تەواو واقیعیدا دەبینێتەوە.**

### ڕۆمان و ئەڤین

مێژووی خۆشەویستی و ئەڤین بەبەردەوامی شادەماری ئەدەبیات بووە. خۆشەویستی وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤەکان ناکرێ لە دیدی ئەدەب کە دواجار بەسەرکردنەوەی هەست و بوونی مرۆڤە، وەلا بنرێت. ئەفسانە کۆنەکان و کتێبە ئایینییەکان هەرگیز لەم پرسە غافڵ نەبوونە. لە ڕەوتی گەشەی ئەدەبی نوێدا دەورەیەکی بەرچاوی مێژووی ئەدەب نازناوی دەورەی ڕۆمانتیکی پێبەخشرا. ئیتر لەوە دەورەیەدا سەدان و بگرە هەزاران ڕۆمان تەرخانی هەستی خۆشەویستیی نێوان مرۆڤەکان دەکرێن. پێشتریش ئەدەبی ڕۆمانس وەک دەربڕی سەرەکیی ئەدەبی حەماسی، وێناکردنی هاوکێشیی مرۆڤەکانی بەبێ ئەڤین و خۆشەویستی بۆ چارەسەر نەدەکرا. لە شێوازە جۆراجۆرەکانی ئەدەبی کلاسیکدا هەزاران غەزەل، قەسیدە، مەسنەوی و چوارینە تەرخانی خۆشەویستی کران. لە ڕۆمانی نوێشدا کەم نین ئەو نووسەرانەی کە پەیڤێکی لکێندراو لەگەڵ "ئەڤین" وەک تەنیا یەک وشە یاخود بەشێک لەناوی ڕۆمانەکانیان هەڵدەبژێرن. ڕۆمانی خۆشەویستیی (beloved) تۆنی مۆریسۆن تەنیا نموونەیەکە لە سەدان ڕۆمانی لەم چەشنە. ئەم نەریتە ئیتر لە بەرهەمی مۆدێرنیستەکانی وەک ڤێرجینیا وۆلف، جەیمس جۆیس و مارسێل پروستیشدا هەر درێژەی پێدراوە و پرسی ئەڤین بەشێکی سەرەکیی گێڕانەوەکانیانی پێکهێناوە. ئەگەر ڕۆمانێک چەمکی ئەڤین و خۆشەویستی وەک تێمی سەرەکیی خۆی پێشکەشی خوێنەرانی بکات، ئەوە ئێمە لەگەڵ بنژانرێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە دەکرێ بەسانایی نازناوی ڕۆمانی ئەڤیندارانەی بدەینێ. هەڵبەت وێناچێت هیچ ڕۆمانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بتوانێت بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاوڕێک لە پرسی خۆشەویستی نەداتەوە. مادام کاراکتێر تۆوێکی بڕیاردەری ڕۆمانە، مرۆڤ ناتوانێ باوەڕ بکات ڕۆمانێکی سەرکەوتوو هەرگیز بتوانێت خۆی، لانیکەم بە ئاماژەیەکیش بێت، لە پرسی خۆشەویستی ببوێرێت. وێدەچێت هەر لە سەرەتای هاتنە ئارای ئەدەب و هونەرەوە، ئەڤین وەک تێمێکی سەرەکی، ئامادەیی تەواوی هەبووبێت. لە ئەفسانەکانی میتۆلۆژییانەی یۆنانی کۆندا بەردی بناغەی پتەوی پەیوەندیی خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکاندا داندرا و بۆ نموونە ئۆدیسەکەی هۆمێر لە هەنگامەی هەموو زەحمەتییەکانی سەفەرە پڕمەترسی و درێژەکەیدا لە جادووی ئەڤین بەهرەی وەردەگرت. لەڕاستیدا ئەڤین ئەو خەزێنە لەبننەهاتووەی وەفاداری و خۆشەویستییە بوو کە مانایەکی تایبەتی بە چاوەڕوانییە کوشندەکەی پێنێلۆپێ دەبەخشی و دوو دەیە ژیانی پڕ لە حەسرت و جەغاری ئەوی لە پەڕجووی هیوا بێبەری نەدەکرد. شاژنی وڵاتی ئیتاکا تەنیایە و مێردەکەی دیار نەماوە و ئیتر دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ هەموو هاتوونە سەر ئەو باوەڕەی دەبێ ئۆدیسە نەمابێت. بەڵام پێنێلۆپێ هەر هیوای بەر نەداوە و بە سەدان فێڵ، هەموو ئەو خوازبێنانەی لە چاوەڕوانیدا دیڵێتەوە و دەڵێت کە ئەو بۆ بڕیاردان و هەڵبژاردنی یەک لە خوازبێنەکانی پێویستی بە بیرکردنەوەی زیاترە. پێنێلۆپێ بۆ خافڵاندنی خوازبێنەکانی و بەلاڕێدابردنیان خەریکی چنینی پارچەیەکی گەورەیە و دەڵێت کە تا خەزووری ماوە ئەو دەبێ چنینەکەی تەواو کات. ڕۆژانە دەچنێ و شەوانە هەڵیدەوەشێنێتەوە و هەڵبەت فرمێسکیش هەڵدەوەرێنێت. کاتێک دوای سێ ساڵ یەک لە خزمەتکارەکانی، ئەو نهێنییەی لێ لەقاو دەدات، پێنێلۆپێ هەمدیسان بەهێزی ئیرادە و باوەڕی خۆی خوازبێنەکان لە چاوەڕوانیدا دیڵێتەوە. تێلێماکۆسی کوڕی کە هەرگیز باوکی خۆی نەدیوە، بەشوێن باوکیدا ماڵ جێ دیڵێت و دوای سالانێک باوک دەدۆزێتەوە و دواجار باوک لە جلوبەرگی سواڵکەرێکدا دەگەڕێتەوە ماڵ و لە پێشبەڕکێی هاویشتنی تیرێک بەنێوان دوازدە ئاڵقەدا، سەرکەوتوو دەبێت و نووکی تیرەکەش دە ئەردی دەچەقێنێت. دواتر کابرای سواڵکەر کە هەمان ئۆدیسەیە، خێڵی خوازبێنەران دەکوژێت و لەگەڵ پێنێلۆپێ بە یەک دەگەنەوە. بەمجۆرە پێنێلۆپێ دەبێتە چەمکی وەفاداری بە هاوسەرەکەی و سەرەڕای بیست ساڵ چاوەڕوانی، هەرگیز ئۆدیسە لەیاد ناکات و لە چاوەڕوانیی هاتنەوەیدا پشت لە هەموو وەسوەسەیەکی خوازبێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەکات. تێکهەڵکێشێکی جوانی ئەدەبییانە لە ئەفسانەی ئۆدیسەدا سەگە پیرەکەی ئەوە بەنێوی ئارگوس (Argus). کاتێک ئۆدیسە دوای بیست ساڵ لە جلوبەرگی سواڵکەرێکدا دەگەڕێتەوە، ئارگوس تەنیا بە بیستنی دەنگەکەی، دەیناسێتەوە و بە جووڵاندنی کلک و سەروملی، خۆشیی خۆی لە هاتنەوەی ئۆدیسە نیشان دەدات. ئۆدیسەش بە بینینی ئارگوس چاوەکانی پڕ دەبن لە ئاو. ئەوەی دیمەنێکی زۆر تاڵ بە گێڕانەوەکە دەدات مردنی ئارگوسە لە هەمان ڕۆژدا. هەست دەکەی ئارگوس ئەو هەموو ساڵە ژیاوە کە بەخێرهاتنەوەی ئۆدیسەی خاوەنی بکات و بۆ ئاخیرجار چاوی پێبکەوێتەوە. دوو وەفاداریی هاوتەریبی پێنێلۆپێ و ئارگوس هەڵگری دونیایەک مانا و جوانیناسیی ئەدەبین. وەفاداریی ئارگوس هەڵبەت

به تراژێدیی مردن کۆتای دێت و لەناخی خۆیدا وەفادارییەکە تەنیا بە ئەڤینی بینینەوەی خاوەن و دواتر مردن بێ هیچ چاوەڕوانییەک لە خاوەن و مەعشووق. لە سەدەی حەڤدەهەمدا کاتێک ڕۆمان وەک ژانرێکی نوێ دەبێتە حەماسەی بورژوازی و مانیفێستی گێڕانەوەیی مۆدێرنیتە، بابەتی ئەڤین تێمێکی هەردەم ئامادەی ڕۆمانە. ڕەنگە هەر لەو ڕۆژەوە کە ئالۆنسۆ کیژانۆ، پێششەرتەکانی بوون بە پاڵەوانی دەستنیشان کرد و ئەڤین یەک لەو مەرجانە بوو، سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان و پرسی ئەڤینداری، تێکهەڵکێشی یەکتر کرابن. وەک دەزانین ئالۆنسۆ پێیوابوو ئەو ناتوانێ ببێتە پاڵەوان ئەگەر ناوێکی شیاوی پاڵەوانان، مەیتەر و مەتاڵ و نێزە و کڵاوی شەڕ، ئەسپێکی ناودار و دواجار خۆشەویستێکی ڕاستەقینەی، نەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەو ناوی خۆی دەکاتە دۆنکیخۆتێی لامانچا. جلوبەرگی شەڕی باپیرانی لە کۆنە سندووقی ماڵ دێنێتە دەر و سانچۆش دەکات بە مەیتەر، ئێسترەکەی بە ڕۆسینانتێ ناوزەد دەکات و وەک دوایین شەرتیش کچە جووتێرێکی سپانی بەناوی ئالدۆنزۆ لۆرێنزۆ وەک ئەڤینی خۆی دیاری دەکات و ناوەکەی دەگۆڕێت بە دۆلسینێئای تۆپۆسۆ و بڕیار دەدات هەموو قارەمانێتی و لێهاتووییەکانی خۆی پێشکەشی ئەو بکات. لە هەموو سەفەرە پڕ مەترسییەکانی دۆنکیخۆتێدا ئەوە ئەڤینی قووڵی دۆلسینێئایە کە هاندەری پاڵەوانە. لە کاتێکدا کە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە و نێزەی لەسەر ملی ڕادەگرن کە واز لە دۆلسینێئا بێنێت، ئەو هەر بە ئەڤینی خۆی وەفادارە و وازی لێ ناهێنێت. ڕەنگە نامە مێژووییەکەی دۆنکیخۆتێ لە چیا سەرکێشەکانەوە بۆ دۆلسینێئا یەک لە دەقە هەرە جوانەکانی ئەدەبی ئەڤینداری بێت. هەروەها ناردنەوەی سانچۆپانزاش بۆ گوندەکەی، بۆ ئەوەی نامەکە بەدەست خۆشەویستەکەی پاڵەوان بگەیەنێت، هەمدیسان یەک لە سرنجڕاکێشترین بەشەکانی گێڕانەوە ناودارە جیهانییەکەی دۆنکیخۆتێیە. سانچۆی کلۆڵ کە کەرە بەناوبانگەکەی، واتا دالپێ، دزراوە، دەبێ بەپێیان ئەم ئەرکە بەجێ بێنێت و ئەمەش تام و چێژێکی لەڕادەبەدەر دەدات بە گێڕانەوەکە. سەدەی نۆزدەهەم وەک سەدەی سەقامگیریی مۆدێرنیتە و گەشەی بێپێشینەی سەرمایەداری، پرسی ئەڤین و خۆشەویستیی نێوان جینسی نێر و مێ دەباتە قۆناخێکی تازەوە. لیۆ تۆلستۆی لە کەسایەتیی ئاننا کارێنینادا وەبەریەککەوتنی نەریت و نوێخوازی لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەڤیندا بەرجەستە دەکات و لەڕاستیدا مانیفێستی ئەدەبیی گوڕانی سەردەمێک و ئێپیستیمەیەک لە مێژووی ڕووسیادا دەئافرێنێت. بەسەرهاتی ئانا و گەڕان بە شوێن دامرکاندنی حەزەکانی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریدا، وەک دەزانین دواجار بە قیمەتی گیانی ژنە نازدارەکەی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی تۆلستۆی تەواو دەبێت. ئەگەر ئانا کارێنینا بەرهەمی دوا دەیەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو (١٨٧٧)، دوو دەیە پێشتر نووسەرێکی گەنجی فەڕەنسی، گۆستاڤ فلوبێر، بەرهەمێکی کەم و زۆر وێکچووی ئافراند بوو بە ناوی مادام بوڤاری (١٨٥٦). گرنگیی ئەم ڕۆمانە تا ئەو ڕادەیە لە ئەدەبی جیهانیدا دەنگی دایەوە کە چەمکی بوڤاریزم (Bovarism) بوو بە پێناسەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی خەیاڵات و خەونەکانیانەوە لە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانە هەڵدێن و خۆیان بە پاڵەوانی چیرۆکێکی ڕۆمانسیانە دەزانن. ئەو چەمکە ئەگەرچی لە ژیانی مادام بوڤارییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بۆ ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان دەکار دێت. لە دەرەوەی ئوروپاشدا پرسی ئەڤین وەک تێمێکی ناسراوی ئەدەبی، ژانری ڕۆمان زیاتر دەرازێنێتەوە. ئەڤین لە سەردەمی وەبادا نموونەیەکی بەرچاوی ڕۆمانێکە سەبارەت ئەڤین و کارتێکەرییەکانی لەسەر کەسایەتییەکانی ڕۆماندا. گێڕانەوەی مارکێز لە سێگۆشەیەکی گرنگی ئەڤینداری لەنێوان فلۆرێنتینۆ و فێرمینا و دکتۆر ئوربینۆدا پەردە لەسەر نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤەکان لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەڤیندا لادەدات. فلۆرێنتینۆ عاشقی فێرمینا دەبێت و پەیوەندییەکی چڕ لەنێوانیاندا ساز دەبێت. لەنێوان ئەو دوو کەسەدا نامەی زۆر دەستاودەست دەکرێن. ماوەی دوو ساڵان ئەوان جارجار و زۆر کورت یەکتر دەبینن، بەڵام هەموو ڕۆژێ نامە بۆ یەکتر دەنووسن. دواتر باوکی فێرمینا نامە ئەڤیندارییەکانی فێرمینا دەدۆزێتەوە و سزای دەدات. بۆ ئەوەی فلۆرینتینۆی لەبیر بەرێتەوە دەچن بۆ شارێکی تر.

دواتر کە دەگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان، جارێک فلۆرێنتینۆ لە بازاڕێکدا تووشی فێرمینا دەبێت و هەمدیسان هەستی خۆی بۆ دەردەبڕێت. ئێستا ئیتر فێرمینا گەورە بووە و لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا وەک کچێکی عاقڵ و باڵغ هەڵسوکەوت دەکات و بەتوندی بەرپەرچی پێشنیاری فلۆرێنتینۆ دەداتەوە. "پەنجا و یەک ساڵ و نۆ مانگ و چوار ڕۆژ" تێپەڕ دەبێت و فلۆرێنتینۆدەرفەتی دیداری فێرمینای لە نزیکەوە دەست ناکەوێت. سەرەتا هەوڵ دەدات لەگەڵ هیچ ژنێک پەیوەندی نەگرێت و وەک کوڕێکی دێخوننەکراوە خۆی بۆ ئەڤینی فێرمینا تەرخان کات. بەڵام دواتر ئەو دەبێتە پیاوێک کە پەیوەندیی زۆروزەبەندی لەگەڵ ژناندا دەبێت و ژمارەی ئەو ژنانەی لەگەڵیان جووت دەبێت دەگاتە ٦٢٢ کەس. کاتێک دوای ساڵانێکی زۆر مێردە دکتۆرەکەی فێرمینا، دکتۆر ئوربینۆ، لەناکاوڕا دەمرێت، فلۆرێنتینۆ هەمدیسان ئەڤینی خۆی بۆ جاری دووهەم بۆ فێرمینا دەردەبڕێتەوە و دوای ماوەیەک هەوڵدان دڵی ئەو بەدەست دێنێتەوە و ڕازیی دەکات بەیەکەوە سەفەرێکی دەریایی بکەن. هەڵبەت کاتی خۆی فێرمینا لەلایەن باوکییەوە هان دەدرێت کە لەگەل ئەم دکتۆرەدا ژیانی هاوبەش پێکبێنێت. لەم سەفەرەدایە کە فلۆرێنتینۆ و فێرمینا بۆ یەکم جار ئەڤین دەگۆڕنەوە و جووت دەبن. کاتێک دەگەنە دوا بەندەر، فلۆرێنتینۆ داوا لە کاپیتانی کەشتییەکە دەکات کە ئاڵای زەرد لەسەر کەشتییەکە هەڵدات. ئەم ئاڵایە نیشانەی نەخۆشینی وەبایە و بەمجۆرە کەس لە کەشتییەکەدا نامێنێتەوە جگە لە فلۆرێنتینۆ، فێرمینا، کاپیتان و خۆشەویستەکەی. هیچ بەندەرێک ئیزنی لەنگەرگرتن بە کەشتییەکە نادات و ئەوان بۆ هەمیشە دەبێ لەسەر ئاوەکاندا لە هاتوچۆدا بن و هەر بەمجۆرە ژیانیان بەسەر بەرن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کاری سەرەکیی دکتۆر ئوربینۆ بریتی بوو لە بنبڕکردنی نەخۆشیی وەبا، شێوازی فلۆرێنتینۆ بۆ خەملاندن و بەردەوامیدان بە ئەڤینی خۆی و فێرمینا لەژێر ئاڵای وەبادا زۆر سرنجڕاکێشە. دکتۆر ئوربینۆ تەنیا بۆ ماوەیەک لەگەڵ کەسێک پەیوەندیی هەبووە و بێوەفایی بە فێرمینا کردووە. بەڵام فلۆرێنتینۆ لە ماوەی دووروودرێژی چاوەڕوانی بۆ فێرمینادا، بەبەربڵاوی لەگەڵ ژناندا پەیوەندیی گرتووە و تەنانەت لەگەڵ کچی چواردە ساڵەشدا پەیوەندیی هەبووە. دواجار لە سەردەمی پیریدا فێرمینا بۆی دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەم ڕاستییە، فلۆرێنتینۆ چەندە بە ئەو وەفادار بووە و خۆشی ویستووە و هەرگیز فەرامۆشی نەکردووە. بەمجۆرە هەستی فلۆرێنتینۆ شکست بە کەسایەتیی دکتۆر ئوربینۆ دێنێت، کەسایەتییەک کە نوێنەرایەتیی هەموو پێناسەکانی ژیانی مۆدێرن، واتا عەقڵ، زانست، پێشکەوتن، ناوبانگ و سەروەت و سامان دەکات. پەڕینەوەی ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانێک کە هەڵگری بابەتی ئەڤین بێت، مێژوویەکی کۆنی لە کوردستاندا نییە. ئەگەرچی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی لەم بارەوە زۆر دەوڵەمەند و بێپەردەیە و شاکارگەلی وەک خەسرەو و شیرینی خانای قوبادی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی، نوێنەرایەتیی ئەدەبی حەماسی و ڕۆمانسی کوردی دەکەن، لە سەردەمی تازەدا کۆمەڵگەی کوردی، هەڵبەت بە هێندێک جیاوازییەوە، لە شەڕی نەریت و نوێخوازیدا، هەڵگری کێشەگەلی زۆری کولتوری و کۆمەڵایەتی بووە و بووەتە کۆمەڵگەیەکی تەواو بەپارێز (conserva-tive). لە سەردەمانی نەمانی ئەڤین و ڕاستگۆیی و بەڵێن و وەفادا، خوێندنەوەی نامەی سەروەری ڕەشبەختی ژیانفەوتاوی هومێددۆڕاو، کە بە هیوای پەڕجووی جووڵەی ڕەحمی نیان، پەردە لەسەر ناهومێدییەکانی خۆی لا دەدات و ڕازەکانی دەدرکێنێت، هەزار کێشەت بۆ دەخولقێت: کێشەی هەشتاکانی مەرگەساتی وڵات، کێشەی دەریادڵیی سەرداران و جوانئەندێشان، کێشەی هەنسک و سریشکی مریەم و بەڵقیسەکان، کێشەی هاوارە پەنگخواردووەکان و هتد. حەز دەکەی قەڵەمەکەی سەروەر هەڵگری و بەردەوام بی لە نووسینی نامەکەیدا. ناتەوێت باری قورسی نیان لە گەڕان بە شوێن وەڵامێکدا ئەزموون بکەی. سەردەمی گریانی بەڵقیس فڕێ دەدەیە ناو دیرۆکی گێڕانەوە ئەڤینداریەکانەوە. لەگەڵ خەسرەودا لەناو مێشەڵانێکەوە تەماشای لارولەنجەی جەستەی ئافرۆدیتانەی شیرین دەکەی. لەگەڵ گوڵمحەممەد هەست ڕادەگری و ترپەی دڵت دەسپێرییە دیمەنی مەلەوانیی

شۆخە مەڕاڵێک کە گرەوی چالاکی لە هەموو کارمامزێک بردووەتەوە. لەگەڵ لێیون لەناو دارستانێکی دەرەوەی ڕوویێندا مادام بوڤاری لە ئامێز دەگری. لە سەمای بە ویقاری ئاننا کارێنینا و ڤرۆنسکیدا هەمدیسان بێوەفاییەکی تر ئەزموون دەکەی و بە خۆت دەڵێی ئاخر فەڕەنسە و ڕووسیای سەدەی نۆزدەهەم سەردەمی وەیس و ڕامین و لەیلا و مەجنوون نین تا ئەڤینێکی ڕۆمانتیکت پێشکەش کەن. زەمەن گۆڕاوە و ئێستا لە سەدەی بیستەمدا لە زەین و زمانی پیاوێکی هەناوڕەشدا خەونی زیندووبوونەوە دەبینرێت. هەر ئەو تایبەتمەندییە سەردەمیانەیە کە ئیتر چاوەڕوانیی ڕۆمانس نا، بەڵکو چاوەڕوانیی دەریای فرمێسکی دایکە بەڵقیست بۆ بە دیاری دێنێت. لە نەبوونی هەستێکی وێکچوو لەگەڵ ئێما و ئاننای فلوبێر و تۆلستۆی ڕۆژاواییدا پەنا بۆ زینی مەمی ڕۆژهەڵاتی دەبەی. کە ناگیرسێیەوە پەنا بۆ دۆلسێنێیای هەرگیز نەبیندراوی دۆنکیخۆتێ لە سنوورەکانی دوو جەمسەرەکەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات دەبەی. دەتەوێت لە دونیای پاڵەوانیی و جوامێریی سوارچاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا تۆزێک بۆنی ڕۆمانس بکەی. دەتەوێت سەفەری دونیایەک بکەی کە کوڕەکانی ئێما و ئاننا هەتیو نەکەون و نە ئێما خۆی ژەهرخوارد بکا و نە ئاننا خۆی باوێتە بن قورسایی شەمەندەفەرێکەوە. دەتەوێت گوزارەی قیامەتی تاکبڕوایی و چارەڕەشیی ماڵباتە بێبەختەکان لە نەمانی ئێما و ئانندا نەبینی. ناتەوێت دڵی بەردەدەردی مریەمە ڕەش چیتر بەڵقیس بگرێنێت. ناتەوێت قەڵاتی شارەکەت میوانداریکی مێهرەبانی سلێمانییە ئازادەکەت نەبێت.

**لە سەردەمانی نەمانی ئەڤین و ڕاستگۆیی و بەڵێن و وەفادا، خوێندنەوەی نامەی سەروەری ڕەشبەختی ژیانفەوتاوی هومێددۆڕاو، کە بە هیوای پەڕجووی جووڵەی ڕەحمی نیان، پەردە لەسەر ناهومێدییەکانی خۆی لا دەدات و ڕازەکانی دەدرکێنێت، هەزار کێشەت بۆ دەخوڵقێت: کێشەی هەشتاکانی مەرگەساتی وڵات، کێشەی دەریادڵیی سەرداران و جوانئەندێشان، کێشەی هەنسک و سریشکی مریەم و بەڵقیسەکان، کێشەی هاوارە پەنگخواردووەکان و هتد. حەز دەکەی قەڵەمەکەی سەروەر هەڵگری و بەردەوام بی لە نووسینی نامەکەیدا. ناتەوێت باری قورسی نیان لە گەڕان بە شوێن وەڵامێکدا ئەزموون بکەی. سەردەمی گریانی بەڵقیس فڕێ دەدەیە ناو دیرۆکی گێڕانەوە ئەڤیندارییەکانەوە. لەگەڵ خەسرەودا لەناو مێشەڵانێکەوە تەماشای لارولەنجەی جەستەی ئافرۆدیتانەی شیرین دەکەی.**

تۆ کە هەموو ئەوانەت بوێت و نەوێت، حەز بە گێڕانەوەیەک دەکەی کە لەو پەڕی جوانیناسیدا ناوەڕۆک و شێواز تێکدا بتوێنییەوە. پێشینەی ئەم کارە لە هەر گێڕانەوەیەکی سەرکەوتوودا دەبینی. کاتێک مارکێز لە ئەڤین لە سەردەمی وەبادا زەمەنی کۆتاییهاتنی خۆشەویستیی فێرمینا دازا و فلۆرێنتینۆ ئاریزا بە وەسواسێکی زۆر وردەوە دەستنیشان دەکات و دەڵێت کە ڕێکەوتی ئەڤینی ئەو دوو کەسە دەگەڕێتەوە بۆ "پەنجا و یەک ساڵ و نۆ مانگ و چوار ڕۆژ" بەر لە ئێستا، بەر لە هەر شتێک سرنجی خوێنەر بۆ بەشێکی سەرەکی لە کەسایەتیی فلۆرێنتینۆ ڕادەکێشێت. ئەمە، لەڕاستیدا، زمانێکی شاعیرانەی ناڕاستەوخۆی بەهێزە بۆ گوزارەکردن لە گرنگیی ئەڤینی فلۆرێنتینۆ بە فێرمینا. ئەو شێوە دەربڕینە دیاریکراوە، بەبێ هیچ زێدەڕۆیی و زۆربڵەیییەکی ئازاردەرانە، خوێنەر لە گرنگیی ئەم ئەڤینە بۆ فلۆرێنتینۆ ئاگادار دەکاتەوە. مارکێز دەیتوانی لە وەسف و پێداهەڵگوتنی ئەو ئەڤینەدا زۆری لەسەر ڕۆیبا، بەڵام نەیتوانیبا بە ئەندازەی ئەو زەمەنە دەستنیشانکراوە کارتێکەریی لەسەر خوێنەر دانابوایە. ئاخر کاری نووسەری سەرکەوتوو بە پلەی یەکەم نیشاندانە نەک گوتن. ئەم زمانە شاعیرانەیە قوڵایی ناخی کەسایەتیی فلۆرێنتینۆمان بۆ دەردەخات و دەروونی دەردەدار و پڕ پەژارەی ئەومان نیشان دەدات کە سەرەڕای ئەو ماوە دوور و درێژە، تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەڤینەکەی نەنیشتووە. سادق هیدایەتیش لە بوومی کوێردا هەر هەمان تێکنیک دەکار دێنێت و زەمەنی تێپەڕبوو بەسەر دوادیداری خۆشەویستە ونبوو و لەدەستچووەکەی، لەوپەڕی وردبینیدا، بە مانگ و ڕۆژ دەستنیشان دەکات و دەڵێت "سێ مانگ - نا - دوو مانگ و چوار ڕۆژ بوو کە شوێنپێی ئەوم ون کردبوو". بەمجۆرە خوێنەر تام و چێژێکی تایبەت لەم شێوە دەربڕینە وەردەگرێت و ئاستی کارتێکەریی دەروونیانەی دوادیداری لەسەر کابرای عاشق، زیاتر لا ڕوون دەبێتەوە.

جەبار جەمال غەریب بە ێڕانەوەیەکی شاعیرانەی سەردەمی گریانی بەڵقیس درێژەدەری ئەم نەریتەیە. سەردەمی گریانی بەڵقیس ڕۆمانێکە کە تێیدا ئەدەب و ئەڤین و نووسەر و وەرگر و کەسایەتی، بە یەکەوە تێکهەڵکێش دەکرێن و ئەڤین لە گێڕانەوەدا دەپشکوێت و لەو دیو سنووری تەمەنەوە خۆشەویستی دەبێت بە مەرهەمی سارێژکەری تەنیایی و تێهەڵچوونەوەی چەندان بارە بۆ ژیان و چۆکپێدادانی نەهامەتییەکان. پەخشانی سەردەمی گریانی بەڵقیس پەخشانێکی شیعرئامێزە و ئەمەش ئیتر بووەتە بەشێکی جیانەبۆوە لە شێوازی نووسینی جەبار جەمال غەریب. بەڵام ئەم شێوازە تایبەتمەندییەک دەدات بە دەقی گێڕانەوەیی کە سەرەڕای ڕێئالیستبوونی، تۆنێکی حەماسی بەخۆیەوە دەگرێت و ئەمەش سەرەڕای ئاهەنگینبوون و لە دەم و دڵ خۆشهاتن، تاڕادەیەک لەگەڵ کارکردی زمان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا بێگانەیە. ئەم نامۆییە لە هێندێک شوێندا هێندە لە بەرگێکی باڵاپۆشانەی خوازەییدادەخەملێندرێت کە تۆ هەست بە خوێندنەوەی غەزەلی نالییانە و سالمیانە دەکەی. ئەمە لە نیگای یەکەمدا ناتوانێ کێشەساز بێت و بگرە چێژێکی خەستیش بە خوێندنەوە دەبەخشێت. بەڵام کە قسە دێتە سەر ماڵاوایی ڕۆمان لە ڕۆمانس و هەر بەمجۆرەش کە باس دێتە سەر دونیای ناوەوەی زەینی کاراکتێرەکان و ژیانی پڕ لە چەرمەسەری و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەزاران پرسی سەردەمییانە، ئیتر لایەنی شێوازناسییانە و ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر بە دردۆنگییەوە لە هێندێک بەشی دەقەکە دەڕوانێت و حەز ناکات ئەم کراسە بکاتە بەر ئەم جەستەیە. دەکرێ لەسەر ئەو چەشنە ئەڤینە و هاومانابوونی لەگەڵ مەرگ زۆر قسە بکرێت. یەک لە لایەنە گرنگەکانی دونیای ڕۆمانەکان ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ڕووداو و کەسایەتییەکان بدوێت و جیهانی ڕۆمانەکە وەک هێمایەک بۆ ژیانی ڕاستەقینە ببینێت و بێ ترس و دڵەڕاوکێ هەوڵی شیکردنەوەی هەموو بوارەکانی ژیانیان بدات. لە ژیانی ڕاستەقینەدا ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت و بوێرێت و بۆی هەبێت ژیانی خەڵکانی تر ئاوا بە وردی هەڵسەنگێنێت. هەروەها ئەو زانیارییە هەمەلایەن و چەندڕەهەندییانەی کە مرۆڤ لەسەر کاراکتێرەکانی ڕۆمانەکان هەیەتی لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەرگیز دەستی ناکەون. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ئەڤینی سەروەر و نیان بکرێتە بنەمایەک بۆ لێدوانی هەمەچەشنە لە چەمکی ئەڤین و پەیوەندیی خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردیدا. ئایا ئەڤینی سەروەر و نیان ئاماژەیەک نییە بە کۆتایی ئەڤینگەلی لەم چەشنە؟ گەلۆ ناکرێ گریانی لە کۆتایینەهاتووی بەڵقیس شیوەنێک بێت بۆ مەرگی ئەڤینی مەرگاوی؟ بە واتایەکی تر ئایا ناکرێت بڵێین ئەم گێڕانەوەیە و بەتایبەت بەشە حەماسییەکانی، جاڕی کۆتاییهاتنی ئەزموونکردنی ئەمجۆرە ئەڤینە بێت؟ پەیوەندیی نیان و سەروەر و هەڵسوکەوتی بنەماڵەکانیان ماتریالێکی بێوێنەن بۆ خستنە بەرباسی پەیوەندیی خۆشەویستی لە کوردستان. ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی مەجازی دەرفەتێکی زێڕینمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بوێرین پرسیارگەلێک ئاراستەی خۆمان و کۆمەڵگەکەمان بکەین کە لە هەلومەرجی ئاساییدا بۆمان نالوێت. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین سەرتاپای ئەم پەیوەندییە ببەینە ژێر پرسیار و بڵێین گەلۆ ئەگەر ئەم خوێندکارانە دەرفەتی بەزاندنی هێڵە سوورەکانی کۆمەڵایەتییان هەبوایە، تراژیدیای نەمانی سەروەر و نیان ڕووی دەدا؟ ئێمە لە ڕازی خۆشەویستیی سەروەر و نیان باش تێناگەین. نازانین، لە دەرەوەی ویستی گێڕەوە بۆ وێناکردنی ئەڤینێکی ئاوا قوڵ، چ هۆکارگەلێک ئاوا کاریان کردووەتە سەر نیان کە تا ئەو ڕادەیە سەروەری خۆش بوێت؟ ئایا ئەمە تەنیا ویستی هەبوونی پیاوێکە کە دەربەست هی تۆ بێت و بۆت بمرێت؟ باشە ئەگەر سەروەر دەرەتانی ئەوەی نەبێت کە بتوانێت ببێتە خۆشەویستی کچێکی تر، خۆ ئەم ئەڤینە زۆر هەڵقوڵاوی ئیرادەی ئەو نییە. مرۆڤ دەتوانێ تێبگات

که سەروەر ڕاست دەکات و دەیەوێت بەڕاستی بۆ نیان بمرێت، بەڵام خۆ نیان دەتوانێ بژاردەی تری هەبێت. ئەو جوانە، دەوڵەمەندە، خوێندەوارە و کەسێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیکیش نییە کە بە ئەنگیزەی باوەڕ و بیر سەروەری خۆش بوێت. کەسایەتیی سەروەر و ڕەوتی گەشە و پێشوەچوونی ئەو هەمدیسان هەڵگری کۆمەڵێک پرسیارە. ئێمە دەزانین ئەو دوای ڕووداوە ئەتککەرانەکەی سینەماکە تووشی چ تێکشکانێکی گەورە دێت. دەزانین ئەو زۆر ناحەزە و دەموچاوێکی نارێک و پڕ لە چاڵوچۆڵی و کونجی هەیە. دەشزانین زۆر کتێب دەخوێنێتەوە و گۆشەگیرە. ئەڤینی نیان بۆ ئەو وەک ڕووداوێکی لەناکاوە و وەک ئەوەی لۆتۆی بۆ دەرچووبێت و دەستێکی عادیلانەی سروشتی یان لەوانەیە بانسروشتی قەرەبووی هەموو نەهامەتییەکانی بۆ بکاتەوە. ئێمە هەرگیز باش تێناگەین ئەو کارەساتەی بە منالی لە سینەماکەدا بەسەری هات چەندە لە ژیانی ئێستایدا کاریگەرە و جگە لە وێناکردنی ڕەشی جیهان لە نامەکانیدا، نیشانەی تری بەرچاو لە کەسایەتیی ئەو نابینین. باش تێناگەین بۆ لەگەڵ سەردار هاوڕێیە و نازانین خاوەنی چ بیروباوەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییە. لە خوێندنەوەی سەردەمی گریانی بەڵقیسدا خوێنەر هێندێکجار هەست بە ونبوونی سیمبۆلەکان دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە گێڕانەوەی عاشقانەدا سیمبۆلەکان دەبن بە بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی گێڕانەوەکە. کاتێک ئانا کارێنینا لە مۆسکۆڕا دەگەڕێتەوە لە شەمەندەفەرەکەدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکە. کتێب لێرەدا دەتوانێ سیمبۆلێکی بەرچاو بێت لە ناساندنی ئانادا. خودی شەمەندەفەر و دەرکەوتنی چەندین جارەی لە زەینی ئەودا خۆشکردنی زەمینەیە بۆ دوا بڕیاری ئەو و خۆکوشتنەکەی و خۆ هاویشتنە بەر شەمەندەفەرێک. لە مادام بوڤاریشدا سروشت و رووتبوونەوە واها هاوتەریب باس دەکرێن کە بێوەفاییەکانی مادام بوڤاری زۆر زەق دەبنەوە و چاکتر خۆیان دەردەخەن. لە ئەڤین لە سەردەمی وەبادا ئیتر کارکردی سیمۆلەکان دەکاتە لوتکە. باڵندە، گوڵی سوور و سپی و ئاو و وەبا واها تێکەڵاوی خۆشەویستی و ئەڤینداری دەبن کە مرۆڤ لە خوێندنەوەیان سەرمەست دەبێت. هەم فلۆرێنتینۆ و هەم فێرمینا لە کاتی عاشقبوونیاندا هەست دەکرێت کە تووشی نەخۆشی وەبا بوونە. مەرگ و ترس لە پیربوون بە بەردەوامی لە گوێی کاراکتێرەکاندا دەزرینگێتەوە. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا هاوڕێیەکی نزیکی دکتۆر ئورنیۆ بەر لەوەی تەمەنی بگاتە شێست ساڵ، خۆی دەکوژێت. هۆکاری خۆکوشتنەکەشی تەنیا و تەنیا ترس لە پیربوون بووە. مارکیز بەم کارەی، دەرگای کۆمەڵێک باسی فەلسەفی و هەستیناسانە لەسەر خوێنەر دەکاتەوە. وێکچوویەکانی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ئەڤین لە سەردەمی وەبادا، جۆرێک لە تێکهەڵکێشانی نێواندەقییانە دەدات بە سەردەمی گریانی بەڵقیس. مریەمە ڕەش و ترانزیتۆی دایکی فلۆرێنتینۆ زۆر وێک دەچن. ئەگەر مێردەکەی مریەم بەدەست پیاوانی ڕژێم کوژراوە، ترانزیتۆ هەرگیز مێردی نەبووە و کوڕەکەی ئەنجامی پەیوەندییەکی ئەو و دۆستە کوڕێکی بووە کە هەرگیز دان بە باببوونی خۆیدا نانێت و دواجار فلۆرێنتینۆ بە هەتیوی لەلای دایکی گەورە دەبێت. باس لە سێکس و دیمەنگەلی جووتبوون لەم ڕۆمانەدا زۆر ڕەچەشکێنانەیە. بۆ نموونە کاتێک میدیا باسی ژوانێکی خۆی لەگەڵ سەردار بۆ پەریخان و نیان دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەکە تا ئاستێکی بەرزی جوانیناسانەی پڕهەست بەرز دەبێتەوە و ڕیتمی لێدانی دڵی بەردەنگەکان دەگەیەنێتە گوێی خوێنەر و بەشداری گێڕانەوەکەی دەکات. ئاماژە بە هەستگەلی سێکسی، هێندێکجار تەنانەت لە سنووری پەیوەندییەکانی ژن و پیاو دەردەچێت و خۆ لە قەرەی چێژوەرگرتنی کچانیش لە یەکتر دەدات. بۆ نموونە پەریخان بە میدیا دەڵێت کە ئەو لەگەڵ کچە بەسراوییەکە، هەدیل، برادەرییەتی هەیە و چێژ لێک وەردەگرن و لێو و مەمکی یەکتر دەگەزن. لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمە بوێرێکی زۆری دەوێت و ڕەهەندێکی زۆر ڕیئالیستییانە بە گێڕانەوە دەدات و تابووەکان دەشکێنێت. لە کولتوری فۆلکلۆریک و لادێیانەی کوردیدا باسکردن لە لەش و لاری ژنان شتێکی زۆر ئاسایی بووە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا هەست دەکەی پێچەوانەی ئەم دیاردەیە ڕاستە و قسەکردن لە حەز و سێکس بووەتە تابوو. لەم ڕۆمانەدا نموونەیەکی زۆر جوانی حەز و خۆشەویستی دەبینین و دەبیسین کە دەکرێ کارکردی کۆمەڵایەتییان زۆر بە ئەرێنی بشکێتەوە و ئیتر کوڕان و کچانی کورد پێویست نەبێ بۆ چێژوەرگرتن لە جوانیی دەقێکی ڕۆمانییانەی مەیلەو ئێرۆتیک، تەنیا پەنایان بەرهەمگەلی وەک پێکەنین و فەرامۆشیی میلان کۆندێرا بێت.

### شوێن و زەمەن

شوێن و زەمەنی سەردەمی بەڵقیس دەتوانێ هەڵگری باسوخواستی زۆر چێژبەخش و فێرکەرانە بێت. سەردەمی گریانی بەڵقیس ڕۆمانی شارە. ڕۆمان و شار پەیوەندییەکی نەپچڕاویان بە یەکەوە هەیە. ڕۆمان لە شاردا سەر هەڵدەدات و ئەگەر باسی گوندیش بکات بە نەفەسێکی شارییانەوە دەدوێت و وەک ئەو مرۆڤە شارییە وایە کە سەردانی لادێ دەکات و شتەکان بە چاویلکەی شارەوە دەبینێت. لە بەرهەمی زۆر ڕۆمانووسدا ئەم پەیوەندییە، دیمەنی شار و ڕۆحی کاراکتێرەکان تێکهەڵکێشی یەکتر دەکات. جەیمس جۆیسی ئیرلەندی، چارلز دیکێنزی ئینگلیسی، مۆندیانۆی فەڕەنسی، پامۆکی تورکیایی، ئەحمەد مەحمودی ئێرانی و نەجیب مەحفوزی میسری، نموونەی سەرکەوتووی تێکهەڵکێشانی کەسایەتی و شارن. لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرانەدا شەقامەکانی دابلین، مەنچێستر، لەندەن، پاریس، ئیستامبول، ئەهواز و قاهیرە بە جوانی وێنا دەکرێن و خوێنەر بە کۆڵانەکانی ئەم شارانەدا شۆڕ دەبێتەوە و چاو دەبڕێتە دیمەنەکانی شار و مرۆڤ



و بازاڕەکان و لەخۆنامۆبوونی (Alienation) مرۆڤەکان هەست پێدەکات. جەبار جەماڵ غەریب بەم بەرهەمەی هەنگاوێکی گرنگی بۆ ناساندنی هەنگاوی کاراکتێرەکانی لە سێ شاری هەولێر، سلێمانی و بەغدادا هەڵێناوەتەوە. ئیتر سەیداوای هەولێر و بازاڕی سلێمانی و کنارەکانی دیجلە لە بەغدا بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی مرۆڤەکانی سەردەمی گریانی بەڵقیس. شوێن بووەتە بەشێک لە ناسنامەی مرۆڤەکانی ئەم ڕۆمانە و ئەستەمە بەبێ شوێن وێنا بکرێن. دەرکەوتنی بەغدا وەک ئەو شوێنەی کە ئەڤین و مەرگ بە جووتە قوت دەبنەوە، هەڵگری هێما و هۆکاری زۆرە بۆ لێوردبوونەوە و تێرامان لە قەدەری تاکی کورد و هەڵوەدایی و دۆشداماویی لە شارێکدا کە لەڕاستیدا شاری ئەو نییە. سەردار و نیان سەروەرەکان نازانن بۆ دەبێ هەڵگری تراژێدیای نامۆیی لە کۆڵانگەلێکدا بن کە دواجار هی ئەوان نییە و تەنانەت لە هۆتێلەکانیشدا ئارامییان لێ زەوت دەکرێت و لە بەلەمەکانی ناو بێشەزارەکانی دیجلەشدا جێگایان نابێتەوە. شوێن لەم ڕۆمانەدا تایبەتمەندییەکی سیمبۆلیکی بەرچاوی هەیە و لەنێوان سێگۆشەیەکدا، هەولێر، سلێمانی و بەغدا، لە هاتوچۆدایە. تۆ بڵێی ژیرانە نەبێت جیاوازییە شاری و و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو شارە کە تەنانەت ئێستاش دوای نزیکەی سێ دەیە دەسەڵاتی کوردییش، کەمی نەکردووە و بگرە زیاتریش بووە، لە بەسەرهاتی دوو بنەماڵەی مەحمودی شیوعی و کەمالی بەزازدا نەبینین؟ لەڕاستیدا، هەناسەساردیی مریەمە ڕەش و شکۆی تێکشکاوی بەڵقیس پەنجەرەیەکە کە لەسەر دوو زەینییەتی جیاوازی مرۆڤی کورد لە جۆغرافیایەکی نزیک، بەڵام بە یەکتر نامۆدا، کراوەتەوە. گۆشەی سێهەمی سێگۆشەی شوێنەکانی ئەم ڕۆمانە هەڵگری دەیان گوزارەی مێژوویی و ناسنامەیی و کۆمەڵایەتییە. لەلایەکەوە گەنجانی شارە کوردییەکان لە بەغدا فێری زانست و زمان دەبن و وێرە ئەو شوێنەیە کە دەوڵەت نەتەوەی عیراقی مەکینە زانستییەکەی وەگەڕ خستووە و تێکنۆکراتانی خۆی پەروەردە دەکات. لێرە مێدیا و پەریخان و نیان و سەردار و سەروەر دەبینین و ئاسۆی زەینیان لە قەوارەی شارەوە دەبێت بە قەوارەی "وڵات". بەڵام هەر لێرەشدایە کە پیاوانی کورد هاوکردە و هاودەنگی پیاوانی ئەمنیی عیراقی، پلانی کوشتنی کوڕان و کچانی ئەڤینداری کورد دەکێشن و لە ژیان بێبەرییان دەکەن. بەغدای زانست و مێژوویی دەبێت بە شوێنی دیلکردن و مراندنی کچ و کوڕی کورد و هەڵبەت بە هاوکاری و هاوپاریی خودی کورد. فەرهەنگی کەنارەکانی دیجلە و کوڕە ڕەشهەڵگەڕاوەکانی بەلەمەکان و کردەوە شارییەکانی جەدۆی باپیرە، لەگەڵ تانکی و سەیداوای هەولێر و ئەو سینەما لەعنەتییەی سەروەری تێدا ئەتک




کرا، جیاوازن. لێرە هەست دەکەی دیاردە نوێیەکان و مۆدێرنیزم نیشانەی مەرگن و وئەگەر قەرارە ئاگاییەکیشت بدەنێ ئەوە هەمان ئەو ئاگاییەیە کە کاتی خۆی هێگێل ناوی نا "ئاگایی ناشاد". ڕەنگە ڕۆمانی کوردی هەتا ناساندنی وردی ژیانی شار مەودایەکی زۆری مابێت. ئەم کارەی جەبار جەمال غەریب و ڕۆمانی لابرینتی جینانی حەسەنێ مەتێ هەنگاوی شیاوی سەرەتایی و ڕێخۆشکەرن بۆ ئەم ئەرکە. زەمەنیش لەم ڕۆمانەدا حەدیسی تایبەتیی خۆی هەیە. دەیەی شێست دەیەی لەدایکبوونی کاراکتێرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەیە و دەیەی هەشتاش سەردەمی ئەڤینداری و جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و زانستییانە. دەیەی شێست وەک دەزانین دەیەی بێچمگرتنی کۆماری عیراقە و خەباتی کوردانیش هەر لەم دەیەیەدا بەربڵاو دەبێتەوە و کار دەکاتە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کورد. دەیەی هەشتاش کە هەم کارتێکەریی بڕیاردەری لەسەر کۆمەڵگەی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەیە. لەم گێڕانەوەیەدا خوێنەر بەڕادەی پێویست هەست بە ڕەنگ و دەنگی زەمینە و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکات. تۆ جگە لە ناوبردنێکی جاروبارەی شیوعییەکان و خەباتیان بۆ یەکسانی، نیشانەیەک لە خەباتی کوردان بۆ ڕزگاری نابینی. مەحمودی باوکی سەروەر شیوعییە و لەم پێناوەدا سەری دەنێتەوە. سەرداری خوێندکاریش کە تەمەنێکی دوور و درێژی ژیان لە ئوروپا ناتوانێ سمێڵە ستالینییەکەی پێ بتاشێت، هەر شیوعییە و کەسێک نییە لە مەیدانی سیاسەتدا باس و خواستێکی لەگەڵ بکات. لەڕاستیدا ڕووداوگەلی ڕۆمان هەمیشە لەسەر بەستێنێکی دیاری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا جووڵە دەکەن. گێڕانەوەی ڕۆمانییانە وەک نیگارێک وایە کە سەرەڕای چەندڕەنگبوونی، دواجار ڕەنگەکانی لەسەر زەمینەیەکی دیار خۆیان دەردەخەن. ئێمە هەست بە ئەوە دەکەین کە خوێندکارەکانی زانکۆ لە فەزایەکی دیکتاتۆرییانەدا دەژین و هەڵسوکەوتەکانیان لەژێر چاودێری وردی پیاوانی ڕژێمدایە. بەڵام فەزای ژینگەی سیاسیی خوێندکارە کوردەکان زۆر روون نییە. ئەمە کاتێ زیاتر زەق دەبێتەوە کە خوێنەری ڕۆمانەکە غەیرە کوردێک بێت و ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان نەیبەنەوە سەر پێشزەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم کەسایەتییانە. ئەمە بۆ جیلی تازەی خوێنەری کوردیش هەروایە و بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی ناتوانێ فەزای شێستەکان و هەشتاکان لە زەینی خۆیدا وێنا بکات ئەگەر نیشانە و ئاماژەی پێویست لە دەقەکەدا نەبن.

شوێنپێیی جێندەر

لەم ڕۆمانەدا کەرەسەی زۆر بۆ لێکدانەوەی جێندەریانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و پێکهاتەی پیاوسالارانەی کۆمەڵگەی کوردی بەتەواوی خۆی دەردەخات. هەڵسەنگاندن و بەراوردی ڕۆڵی نیان و مەحمودی برای، مریەم و مێردەکەی و هەر بەمجۆرەش بەڵقیس و کەمالی مێردی، دەتوانێت یارمەتیدەری تێگەیشتنی باشتری ئێمە لە کارکردی نامووس و ژنایەتی و پیاوەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بێت. لەنێوان بەڵقیسی ئەم ڕۆمانە و بلْقیسی ڕۆمانی بەناوبانگی مەحمودی دەوڵەتئابادیی ئێرانی، کەلیدەردا زۆر وێکچوویی هەن. ئەگەرچی دووروردرێژیی کەلیدەر و سەردەم و شوێن جۆرێک لە دایکایەتییەکی قارەمانانە و پڕ لە بوێری دەدات بە بلْقیسی دایکی سێ کوڕ و کچێک، بەڵقیسی ڕۆمانەکەی جەبار جەماڵ غەریب کە ئەویش هەر خاوەنی کچێک بەڵام چوار کوڕە، هەڵگری هێندێک تایبەتمەندیی هاوبەشن. هەر دووکیان دەستڕۆیشتوو و ژنی بەدەسەڵاتی ماڵباتی خۆیانن و تاڕادەیەک قسەیان دەڕوات، بەڵام ئەوەی دواجار ڕۆڵی بڕیاردەر لە خێزان و کۆمەڵگەدا دەبینێت، بەس پیاوە.

شێوازی نامەیی و لایەنی سێهەمی پەیوەندیی ئەڤیندارانە

نامەنووسین و پەیوەندیگرتن لەڕێگەی نامەوە پێشینەیەکی کۆنی لە مێژووی ڕۆماندا هەیە. سەردەمانێک جۆرێک لە ڕۆمان وەک ڕۆمانی نامەیی ناوبانگی دەرکرد (Epistolary novel) و تێیدا کاراکتێرەکان لە ڕێگای گۆڕینەوەی نامەوە بیر و بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕی. یەک لە پێشەنگانی زۆر ناسراوی

ئەمجۆرە لە ڕۆمان ساموئێل ڕیچاردسۆنە کە لە ڕۆمانگەلی پامێلا و کلاریسادا کاراکتێرەکان لە ڕێگەی نامەوە لەگەڵ یەکتر پەیوەندی دەگرن. ئەم شێوازە دواتریش و هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر بەردەوام بووە و لە هێندێک ڕۆمانی نوێدا پەیامگەلی تەلەفۆنی و ئێسئێمئێسی و ئیمەیل جێگای نامەیان گرتووەتەوە. لە سەردەمی گریانی بەڵقیسدا نامەکانی سەروەر و سەردار شوێنپێیەکی تایبەتییان هەیە. بەداخەوە کچانی ڕۆمانەکە لەم بارەوە بێدەنگن و ئێمە چ نامەیەکیان لێ نابینین. وێکچوونییەک لەنێوان سەردەمی گریانی بەڵقیس و ئەڤین لە سەردەمی وەبادا، تا ئەو چێگایەی دەگەڕێتەوە سەر نامەنووسین دەبیندرێت. ئەم وێکچوونییە نەبووەتە هۆی لاساییکردنەوەیەکی دەستکردییانە و نامەکانی سەروەر نزیکایەتییەکی تەواویان لەگەڵ کەسایەتی ئەوداهەیە و پێداویستییەکەڵکوەرگرتن لەم شێوازی پەیوەندییە خاوەنی ڕەسەنایەتییەکی بەرچاو و پاساوهەڵگرە. گێڕانەوەی ئەڤینداری، وەک سروشتی پێکهاتەییانەی خۆی، زۆرجار کەڵک لە کەس یان کەسانێک لە دەرەوەی پەیوەندییە دوو جەمسەرییەکەی خۆشەویستی، واتا عاشق و مەعشوق، وەردەگرێت و ڕەوتی گێڕانەوەکە بە هاتنی کەس یا کەسانێکی تر بۆ جەغزی پەیوەندییەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەگەر لە ئانا کارێنینا، مادام بوڤاری و ئەڤین لە سەردەمی وەبادا ژنەکان هەر یەکەی بەجۆرێک یەکەم یاری خۆیان بەجێ دێڵن، ئەوە لە سەردەمی گریانی بەڵقیسدا بەجێهێشتنێک لەگۆڕێدا نییە و کەسێکی وەک سەردار هەر لە سەرەتاوە ئەڤینی فیدای سیاسەت کردووە و هەرگیز خۆی بە پیاوی شیاوی خۆشەویستی و وەفاداری دانەناوە. دواتریش سەروەر و نیان هەر مۆڵەتیان پێنادرێت بابی ئەوەندە بژین کە کەسێکی تر بێتە ناو هاوکێشەی ژیانیان و بالانسی ئەڤینداریان بشێوێنێت.

کۆتاییەکی شیاو

چارەنووسی نیان و سەروەر و شێوەی کۆتاییپێهێنانی ڕۆمانەکە زۆر سەرکەوتوانە وێنا کراوە. لەڕاستیدا ئەگەر دەسپێکی ڕۆمان بۆ نووسەرەکەی کارێکی قورس بێت، ئەوە کۆتاییپێهێنانەکەی ئەستەمترین و گەورەترین ئالنگاری و تاقیکردنەوەیە بۆ ئاستی سەرکەوتوویی گێڕانەوەیەک. خاڵێکی سەرکەوتووی سەردەمی گریانی بەڵقیس لەباری تێکنیکییەوە کارکردی وەستایانەی هەڵواسین (-suspen sion) و هێشتنەوەی خوێنەرە لە چاوەڕوانیی بەردەوامدا. هەر لەسەرتاوە کە مەحمودی برای نیان شوێنپێیی بەڵقیسی هەڵگرتووە و بەدزییەوە دوای کەوتووە و لە ماڵی مریەمە ڕەش بەخۆی و چەکەکەیەوە هەڕەشەی کوشتن دەکات، مرۆڤ نیگەرانی قەومانی ڕووداوێکە. خوێنەر سەمپاتیی لەگەڵ دوو ئەڤینداری بەستەزماندا هەیە و هەست بە مەترسی لەسەر ژیانیان دەکات. هەڕەشە و گوڕەشەی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی نیان و هاوکاریبان تەنانەت لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمنیی حکومەت لە بەغدا بۆ دۆزینەوەی شوێنی مانەوەی نیان و سەروەر، ئاستی مەترسی لەم دوو مرۆڤە بێگوناهە زیاتر و زیاتر دەکات. هەوڵەکانی سەردار بۆ ڕزگاریی هاوڕێکانی، نیگەرانییەکانی بەڵقیس و مەریەمە ڕەش، بەبەردەوامی زەنگی مەترسییەکە لێدەدەنەوە. تەلەفۆنە بەردەوامەکان بۆ ژوورەکەی نیان و سەروەر و بێدەنگی و بێوەڵامییەکی کوشندە، قسە و باسی شەوی پێشتری سەروەر و نیان لەمەڕ خۆکوشتن، شووشە ژەهرەکەی سەر مێزەکە و دواتر شکاندنی دەرگا و نەدۆزینەوەیان لە ژوورەکەدا خوێنەر تووشی هەناسەبڕکێ دەکەن و پێشەرتی بەردەوامیی لە خوێندنەوە بە چێژێکی زۆرەوە دەستەبەر دەکەن. بەشداریی چالاکانەی خوێنەر دە ڕەوتی ڕووداوەکاندا یارمەتیدەر نابێت بۆ هەڵدان و کردنەوەی کەلافی ئاڵۆزبووی ڕووداوەکان و پێشبینییەکان دروست دەرناچن. هەمدیسان دوای خوێندنەوەی نامەکەی سەروەر و گوتنی ئەوەیکە خۆیان لە دیجلە داوێن، گەرێکی تر بە چاەڕوانییەکان دەبەخشرێتەوە. هەموو هوروژم دەبەن بۆ کەناری دیجلە و سەرپردەکان و هەمدیسان مانگێک دەگوزەرێت و هەواڵێک و شوێنپێیەک لە عاشقەکانی ئێمە نییە. دواجار کەس نازانێت ئەم دوو مرۆڤە عاشقە چیان لێدێت. لە ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا ئێمە شاهیدی بەردەباران و کوشتنی پەروانە و مێدیایین و خەمبار دەبین. لە گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهاییدا هەڵالەی پێکراو بە خەنجەری تۆڵەی باوان لەسەر تەختی خەستەخانە لەگەڵ مردن دەجەنگێت و خوێنەر لە مردنی خۆی دڵنیا ناکاتەوە. سەردەمی گریانی بەڵقیسیش ناتوانێ بەهانەی گریان بنەبڕ بکات و پێمان بڵێت فەرمووون ئەمەش مەیتی ئەم دوو عاشقە و ئیتر تێر بگرین و دوای ماوەیەک فەرامۆشیان بکەن. نا! ئێستا هەموو براکانی نیان دیار نەماون، مریەمە ڕەش بیست ساڵ دەبێت مردووە. سەردار بەخۆی و بە سمێلەکەیەوە لە دەرەوە گەڕاوەتەوە. بەڵقیس هێشتا دەگری و دەڵێت "ئەوانەی من هەموویان چوون، تەنها ئەو کچەم ماوە." ئەمەش کۆتاییەکی سیمبۆلیکە کە وەک دوا ڕستەی ڕۆمانەکە بەردەوام لە گوێی خوێنەردا دەزرینگێتەوە. بەم کارەش گێڕەوەی سەردەمی گریانی بەڵقیس، تراژێدیای مەرگی هەزاران کوڕ و کچی ئەم وڵاتەی بۆ هەمیشە زیندوو ڕاگرتووە و بەڵقیسی کردووەتە نوێنەری ویژدانی نوستووی کۆمەڵگەیەک کە هێشتا فێری باوەشگرتنەوە بۆ عاشقەکانی نەبووە. با لە کۆتاییدا هیواخواز بم بە گەشەی زیاتری ڕۆمانی کوردی و ماندوونەبوونی لە جەبار جەمال غەریب بکەم و تۆیش خوێنەری ئازیز، ئەگەر حەزت لە گێڕانەوەیەکی زەریفی پڕهەستی ئەڤینێکی تراژێدییانەی کوڕ و کچێکی ناکام و هەناسەساردی کوردە، نابێ کات بەفیڕۆ بدەی و ئەم کتێبە نەخوێنییەوە. خوێندنەوەیەکی خۆش و ڕۆژگارێکی گەش!



# فەلسەفەی سپی و حەقیقەتی سێهەم

## خوێندنەوەی ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» نووسینی بەختیار عەلی

د. محەمەد ڕەحیمیان

**«هەموو تێکستێکی گەورە هەمیشە کۆمەڵێک دوژمنی گەمژەی هەیە»**
**«عەلی شەرەفیار»**

بەدوای«مەرگی تاقانەی دووهەم»، «ئێوارەی پەروانە» و«دواهەمین هەناری دنیا»، «شاری مۆسیقارە سپیەکان» چوارەمین ڕۆمانی «بەختیار عەلی»ـە کە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، جیهانێکی دەرهەستی بە شێوازی«ریالیزمی جادوویی» پێ تاقی کراوەتەوە. «شاری مۆسیقارە سپیەکان» لە ساڵی ١٩٩٨ لە فرۆکەخانەی«سخێپهۆڵ»ی ئاڵمانەوە بە دەرکەوتنی تەجەللیئاسای کەسێک بە ناوی «شارۆخی شارۆخ» لە «عەلی شەرفیار» کە نوسەرێکی کوردە و ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دەس پێ دەکات و لە قەوارەی پێنج کتێبدا تا ٦٢٥ لاپەڕە بەردەوام ئەبێ. لە کتێبی یەکەمدا« عەلی شەرفیار» راسپەردەکەی «شارۆخی شاروخ» کە فلوتێکی ئەفسووناویە لە کوردستان دەگەیەنێتە کچێک بە نێوی« ڕەوشەنی مستەفای سەقزی» و ئەمجا لە گەڵ «جەلادەتی کۆتر» کەسی سەرەکی ڕۆمانەکە ئاشنا دەبێ و داوای لێ دەکرێ کە ژیانی«جەلادەت» بە شێوەی ڕۆمان بنووسێتەوە.«عەلی شەرفیار» کە خۆی وەک باشترین نووسەری زەمانە لە لاین خەڵک، پێمان دەناسێنێ داخوازی «ڕەوشنی مستەفا» و «جەلادەت» بە چەند مەرجێک دەسەلمێنی و دەس دەکا بە گێڕانەوی حیکایەتی «جەلادەتی کۆتر». ئەم بەشە تا ونبوونی جەلادەت لە شارێکی خەیاڵیدا، بە حیکایەتخوانی «عەلیشەرفیار» و بە شێوەی سێهەم کەسی تاک دەگێڕدرێتەوە. کتێبی دووهەم لە سێ بەشدا لە لایان خودی«جەلادەت»ـەوە بە شێوەی یەکەم کەسی تاک ڕەوایەت ئەکرێ و هەر لەم بەشەدا«نەقیب سامیری بابلی» کە جەلادێکی بەعسیە ژیانی خۆی لە زمانی خۆیەوە بۆ «جەلادەت» ئەگێڕێتەوە. لە کتێبی سێهەمدا «عەلی شەرفیار» چیرۆکەکە لە«جەلادەتی کۆتر» دەگرێت و لە گۆشە نیگای سێهەم کەسیتاکەوە،لە سێ بەشدا بۆمانی ئەگێڕێتەوە. وەگێڕ یان با بڵێین حیکایەتخوانی کتێبی چوارەم«عەلی شەرفیار» و « جەلادەتی کۆتر»ن. ئەم بەشە لەوێوە دەس پێ دەکا کە «شەرفیار» و« ڕەوشەنی مستەفا» لە هۆتێلێکی سووتاو و وێراندا دەچن بۆ لای «جەلادەت». ئەمە چاوپێکەوتنە ئەو بەڵێنەیە کە «عەلی شەرەفیار» لە لاپەڕەی ١٢ی ڕۆمانەکە پێیدابوین کە دوایی باسی ئەم چاوپێکەوتنەمان بۆ بکات. ئەمە دەوامی زەمانی ئێستای ئەو کاتەیە کە «عەلی شەرەفیار» ڕۆمانەکەی یان با بڵێین بیرەوەریەکەی خۆی لە فرۆکەخانەی«سخێپهۆڵ»وە دەس پێ کرد. «شەرفیار»لێرەوە چیرۆکەکە دەداتەوە بە دەستی «جەلادەتی کۆتر» و خۆی کوتەنی بە شێوەیەکی فیڵزانانە ماڵاواییمان لێ دەکات و «جەلادەت» بۆ خۆی کتێبی چوارەممان لە سێ بەشدا بۆ ئەگێڕێتەوە. دوایین کتێب دیسان لە لایان «عەلی شەرفیار»ـە وە دەگێڕدرێتەوە کە ماڵاوایی لە قەقنەس دەکا و ڕۆمانەکە کۆتایی پێ دێ.

### ١- فۆرمی ڕەوایەت

«شاری مۆسیقارە سپیەکان»، بەرهەمی بیرەوەری نووسەرێکە کە ڕۆژێک لە فرۆکەخانەدا لە گەڵ گەنجێکی سپیپۆش ڕووبەڕوو دەبێت کە هەڵسوکەوتی زۆر ئاسایی ناچێت و پاش ڕاسپاردەیەک بە نووسەر (عەلی شەرەفیار) کتووپڕ غەیب؟ دەبێت و دوایی نوسەر ئەو یادداشتانەی کە جەلادەت لە ژیانی خۆی بە جێی هێشتوە دەکات بە ڕۆمانێک. گەرچی نووسەر وردە وردە تێکەڵ بە کات و ساتی ڕۆمانەکە دەبێت بەڵام شێوازی ڕەوایەتەکە لێمانی دەر دەخا کە ئەوی دەگێڕدرێتەوە جیهانێکە کە لە سەر بیرەوەریەک خوڵقاوە، واتە نووسەر لە یەکەم دێڕەوە دەزانێ کە سەر و بنی ڕووداوەکان چیە. شێوەی گێڕانەوەی حەکایەتەکەش ئەوەمان لێ ڕوون دەکاتەوە:«. . . دەبێت لە نەقیب سامیری بابلیەوە دەس پێبکەم. ئەو پیاوەی چەند ساڵێک دواتر من بە دیلی بەرەو شارەکەی خۆم . . .خستمە پێش خۆم»(ل٦٥)، «. . .کە جەلادەت چیرۆکەکەی بۆ دەخوێنمەوە، مژی لە جگەرەکەی دەدا و وایدەکوت»(ل٢٨٤)، «ساڵانێک دواتر کە لە پێشی ماشێنەکەمدا دادەنیشت، بێ ئەوەی هیچ لە شوفیری بزانێت . . .»(ل٢٩٥)، «. . ئەوە یەکەمین و دواهەمین ماچی ژیانی بوو . . .»، «ساڵانێک دواتر بە منی دەکوت: عەلی شەرەفیار سەیرم بکە . . .»(ل٣١٦).«ئەو کاتەی لە گەڵ ڕەوشەنی مستەفا سەقزیدا چووین بۆ لای لە ژوورێکی سارد و. . .دەژیا»(ل٣٢٠)،«من دوای تێڕوانینێکی ورد لە هەموو ئەو کاغەزو دەستنووسانەی جەلادەت خستیە بەر دەستم. . .»(ل٣٤١). ئەم ڕستانە بەینابەین وەبیرمانی دێننەوە کە ئەمەی کە دەیخوننەوە بیرەوریەکە کە ڕوویداوە و کۆتایی پێ هاتوە و وەگێڕێکی هەموو شتزان بۆمانی ئەگێڕێتەوە. واتە ئەمانە بیرەوەریەکانی نووسەرێکی ئاگادار بە شێوازی ڕۆمانە کە بە هەڵکەفت تووشی چارەنووسی «جەلادەتی کۆتر» دەبێت و قەدەر وایە کە ببێتە حیکاتخوانی ژیانی «جەلادەت». خوێنەر لە باری فۆرمەوە لە گەڵ گێڕانەوەی جیهانێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە هەموو شتێک لەوێدا ڕوویداوە و کۆتایی پێ هاتوە. قەدەری کەسەکان هەر ئەوەیە کە لە بیرەوەری و دەستنووسەکاندا گونجاوە. ئەم فۆرمە لە چەند لایەنەوە سەرنجڕاکێشە:

١-١-دەرخستنی ماهیەتی ڕەوایی بابەتەکە. بە ئاماژە بە یادداشت و دەسنووسەکان و بیرەوری بوونی بابەتەکە، پێداگری لە سەر ئەوە ئەکرێ کە «شەرفیار» وەک بگێڕێک، کاری گێڕانەوەی ڕووداوەکانە و هیچی تر.

١-٢-دەربڕینی مەودای نێوان ڕووداو وەک یادداشت یان وەک ڕۆمان(قەوارەی ئێستاتیکیڕووداو).خۆیاکردنیئەوواقێعەهونەریەکەهەرڕووداوێک گەرچیزۆر گرنگ و سەرسوڕهێنەر یان موعجیزەش بێت تا قەوارەی هونەری بە خۆوە نەگرێ دەفەوتێ.

١-٣-هاوتەریبی قەوارەی ڕۆمانەکە لە گەڵ ناوەڕۆکەکەی. لە ناوەڕۆکی ڕۆماندا جیهانێکی متافیزیکال دەخوڵقێ. ئەو جیهانەی کە بە سەر چارەنووسی مرۆڤ پەلی داکێشاوە و مرۆڤ بێجگە لە گێڕانەوی ئەو قەدەرە بە ئاکار و کرداری خۆی دەرەتانێکی تری پێ شک نایەت. لە فۆرمی ڕۆمانەکەشدا جیهانێک کە دەگێڕدرێتەوە پێشتر خوڵقاوە و تۆ چارەیەکت بێچگە لە سەلماندنی کەسەکان و ڕووداوەکان نیە. جیهانێک کە لە گەڵی ڕوو بەڕووی دەبیتەوە ئەو جیهانە ڕەواییە نیە کە لە گەڵ کات و زەمەن بێچم بگرێتە خۆی بەڵکوو جیهانێکە پێش خوڵقاو لە بەر دەمتدا کە دەبێ ئاوا کە هەیە بیسەلمێنی. ڕەنگە ئەم تەبا بوونەی ناوەڕۆک و فۆرم لایەنێکی سەرکەوتوانەی«شاری مۆسیقارە سپیەکان»بێت، بەڵام خەسارێکی

شارۆخ» بگێڕنەوە. باری زمانی ئەم بەشە ڕاست وەک گێڕانەوەی بیرەوەریەک دەچێ کە بە لەحنی پیاوێکی بە ساڵاچوو و لەخۆبایی بە نووسین و قسەی خۆ، دەگێڕێتەوە. گوزارەکانی ئەم بەشە دەکرێ لە باری زمانی «خاترەرەوایی»ـەوە لەو بەشەدا کە لە لایان«شەرفیار» دەگێڕدرێتەوە، گەلێ سەرکەوتوویی تێدا بێ، بەڵام کە باسی «شارۆخ» دەکا زمان ناسەرکەوتووە بە شێوەیەک کە ئەو زمانەتەوسیفیە بە هیچ کلۆجێک لە خوێنەری ڕوون ناکەتەوە کە ڕەنگە «شارۆخ» کەسێکی نائاسایی بێ کە لە عالەمێکی متافیزیکاڵەوە دابەزیوەتە سەر عەرز:«کوڕێکی گەنج بوو، سەرتاپای جلی سپی بوو، تیشێرتێکی سپی. . .»(ل٧). «شتەکان کەمێک ئاڵۆز و نارێک هاتنە بەر چاوم»(ل٧).«زەرفێکی سپی دامێ و کوتی : ئەگەر بە ئەرک نابێت. .»(ل٨).«گووتی من و تۆ هەرگیز یەکتری نابینینەوە، من دەچم بۆ شارێکی تر، ئەمە دواهەمین چاوپێکەوتنی من و تۆیە . . .»(٩).«. . . دڵشکاوترین نەیژەنی دونیا تا ڕۆژی قیامەت»(ل٩). «کە ڕۆیشتی ئیتر نامبینیەوە»(ل)).«. . . کە وەک شێت و شەوێر هاتە بەر چاوم».«بە گشتی پێم وابوو ئاغای شارۆخ یەکێکە لەو کوردە بەدبەختانەی سەفەری درێژ و . . .شێتیانی کردوە»(ل١٠). هەر وا کە باس دەچێتە سەر ناسیاوەکانی «شارۆخ» وەک «جەلادەت» و «شەونمی مستەفا» کە تۆڕێک لە جەماعەتی متافیزیکاڵی نێوان زەوین و ئاسمانن، لە باری زمانی و لەحن هیچ جیاوازییێکیان لە گەڵ «عەلی شەرەفیار»ی نووسەر نیە، بە چەشنێک کە تا خوێندنەوەی بەشەکانی تر بۆی ناچی کە ئەوە خەریکە ڕووبەڕووبوونێک لە جیهانی ڕەوایەتدا لە نێوان جیهانی ڕئال و سورئالدا بێچم ئەگرێ و دووجیهانی جیاواز خەریکە تێکەڵ دەبێ. لەم بەشەدا زمانی تەوسیفی هێندە کزە کە تەنانەت تەعەلقێکیش پێک ناهێنێ کە بڵێی «شارۆخ» و «جەلادەت» و دیتران کە هاتوونەتە سەر ڕێگای «شەرەفیار» و ویستی نووسینیان لێی



هەیە، کین و بۆ ئاڵاون بە چارە نوسی «شەرفیار»ـەوە. «شەرفیار» بۆ دەربڕینی ئەو هەستە نائاساییە کە سەبارەت بە «شارۆخ» هەیەتی ئەوەندیە بڵێ:«وەک شێت و شەوێر هاتە بەر چاوم» ئەم تێگەینەی «شەرەفیار» لە کاتێکدایە کە دوو لاپەڕە پێش‌تر«شارۆخ» نموونە ئەلبۆمێک لە مێژووی مۆسیقای بۆ باس کردوە. گەرچی«شەرەفیار»پێ ناخۆش نیەئەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ«شارۆخ»وەک تەجەڵلی وئیلهامێک بنوێنێ بەڵام زمانی تەوسیفی گێڕانەوەکە دەرەقەتی ئەو کورتە کاتە نایەت.
٢-٢-کتێبی یەکەم کە باسی «جەلادەت» و «سەرهەنگ قاسم» و ئاشنا بوونیان لە گەڵ «ئیسحاقی لیو زێڕین» دەکا، پێگەی جیهانێکی متافیزیکاڵی ئۆستوورەیی بە دەرکەوتنی فلووتە سپیەکەی«سەرمەد تاهیر» و خۆکوشتنەکەی و شێوە فلووت لێدانەکەی «جەلادەت»ی مندال‌کار و «سەرەنگ قاسم» و ئەوپێوەندیە سەیرە مۆسیقاییەی نێوانیان و ئاشنابوونیان لە گەڵ «ئیسحاقی‌لیوزێڕین» و ڕوو کردن لە دنیایەکی ڕۆحانی و سۆفیانە، خۆش دەبێ. لەم بەشەدا کە هێشتا کەش و هەوای واقیع بە سەر خەیاڵدا زاڵە و کەسەکان هێشتا لە دونیای واقیعەوە نزیکن، زمانی ڕەوایی سەرکەوتوانە لە گەڵ کاتە ئاسایی و نائاساییەکان مامڵە دەکا. لە کتێبی یەکدا بەو نیمچە ئیغراقانە کە سەبارەت بە کەسەکان دەکرێ، پەیتا پەیتا بەستێنێک بۆ نزیک بوونەوە لەو دنیا خەیاڵیە، تابین دەکات. نووسەر بە وریایی بە ڕاگرتنی پایەکی کەسەکانی ناو ڕۆمان لە دنیای واقیع و پایەکی دیکەیان لە دنیایەکی متافیزیکاڵ، تێ ئەکۆشێ لە فەزایەکی نیمە ناسووتی ونیمە لاهووتی نیزیک بێتەوە. بۆ دەربڕینی ئەم دنیایەش جیهانی مۆسیقا بەستێنێکی لە بارە. چوونکوو لەم دنیایەدایە کە کاتێک لە واقیع دەپچڕی و دیسان دەگەڕێیتەوە. ئەم باڵانسەی نێوان ئەو دوو دنیایە، بۆ خۆی لە هارموونیێکی زمانی نزیک بوەتەوە. ئەو زمانە نەرم و شاعیرانە، خوێنەر لە جیهانێکی فانتزی نیزیک دەکاتەوە. گەرچی جاری وایە ئیغراق گەلێکی نائاسایی هەر لەم بەشەدا سەبارەت بە مۆسیقا دەکرێ بەو هۆیە کە هێشتا خوێنەری بۆ ئامادە نەکراوە، هارموونی زمانی و دۆخی گێڕانەوەکە دەشێوێنێ:«. . . شەوێکیان مۆسیقایان بۆ بریندارێک لێ‌دا کە بەر دەوام خوێنی لە بەر دەڕۆیی، پاش کەمێک خوێن‌پژانی وەستا و هەستایە سەر پێ. شەوێکی دیکە مۆسیقایان بۆ پیاوێکی شەل لێدا . . . لە کاتی پارچە ئاوازێکی مەستدا هەستایە سەر پێ و لە سەر قاچە ئیفلیجەکانی سەمای دەکرد»(ل٤٠). یان ئەو زمانە قەڵبەی «جەلادەت» کە لە گەڵ کەسایەتیەکەی ناخوێنێتەوە:«ئایا ئەوە مۆسیقایە ئەمجۆرە سیحرە درووست دەکات، یان ئێمەین درووستی دەکەین، . . . ئێمەین دونیایەکی پڕ درۆ ساز دەدەین و لێمان دەبێتە حەقیقەت؟یا . . .»(ل٤٧) ئەم زمانە فەلسەفیە چەندە لە گەڵ فامی جەلادەت ئەگونجێ؟ ئایا «ڕئالیسمی جادوویی»بە بیانووی ئەو جیهانە فانتزیکەی خۆی ئەتوانێ درگا بە ڕووی هەموو مەنتقێکی داستانی دابخات؟ ئایا سۆفیێکی ناشی وەک «جەلادەت» کە تەواوی هێز و توانستی تێ‌تووراننی لە فلووتە میراتیەکەی«سەرمەد تاهیرە» و لە جیهانێکی دەرهەستی و سەرمەستدا دەژی، ئەو پرسیارە قووڵە فەلسفیانەی چۆن لێ قوت دەبێتەوە؟ بەم چەشنە ئەو زمانە هارمۆنیکاڵەی ڕۆمانەکە زۆر جار لە گەڵ سووژە و کەش و هەوای تایبەتی خۆی ناگونجێ و تا ئاستی وتاری فەلسەفی و ئاخافتنی ئاسایی دائەبەزێ و لە ڕەوەند و چێژی ڕەوایی خۆی دوور ئەکەوێتەوە. بە داخەوە ئەم خەسارە لە زۆر شوێنی دیکەی ڕۆمانەکەدا دووپات دەبێتەوە:«. . .ئێستا حەقمانە بپرسین بۆمرۆڤ لە سەرەتاوە فێری مۆسیقا دەبێت؟ بۆ ئێمە لە سەرەتاوە شتێک فێر دەبین کە سوودێکی نیە؟ . . .»(ل٥١) و . . . ڕۆمان پێگەی دوان لە هەموو بوارەکانی ژیان و شوێنی پرسیار لە هەموو لایەنەکانی هەبوونە بەڵام بە مەرجێک لە خەسڵەتی ڕەوایی خۆی کە خەڵاتێکی خودایی ڕۆمانووسە، دوور نەکەوێتەوە.
٣-٢-لە کتێبی سێ بەولاوە چەندە کە دەچیە پێشێ لە ئەو دنیا نەمرە متافیزیکاڵە کە جیهانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە نیزیک دەبین و شوێن و کاتە فانتزیک و خەون ئاساکان خۆشە دەبن و خوێنەر پیان ڕادێ و ئەو جیهانە ناواقیعە وەک بەشێک لە واقیعی ڕۆمانەکە دەسەلمێنێ. شاری پرتەقاڵی سپی وەک جیهانێک لە نێوان بوون و نەبووندا، وەک ڕەهەندە دەروونیەکانی مرۆڤ و کاتە پیرۆز و ناپیرۆزەکانی،

وەک لە یاد کردن و یادەوەری، وەک سڕینەوەی خۆت و هەشاردنەوەی واقیعی خۆت، وەک لە ناوبردن و جاویدانەگی، وەک گەیشتن بە تەشقی تەجەڵلی و نغرۆ بوون، وەک عیشق و نەفرەت، جیهانێکی پارادۆکسیکاڵ و سەر کەوتووترین بەشی ڕۆمانەکە لە باری زمانی و گێڕانەوە و تەبا بوون لە گەڵ لایەنە ڕەوایییەکانی جیهانی داستان و هێماسازی داستانی و قووڵ بوونەوە لە هەناوی کەسەکانە.

٢-٤-ڕۆمان شانۆیەکە کە هەر وشەیەک دەوری تایبەتی خۆی هەیە. بۆ گێڕانەوەی کەش و هەوا واقیعی و ناواقیعیەکان زمانە کە توانستی خۆی دەخاتە گەڕ و وێنە داستانەیەکان ئەنوێنێ. زمانە شێعریەکەی «شاری مۆسیقارە سپیەکان»، نەوەک تێکەڵکاریەکی خوڵقێنەرانە لە زمانی ڕۆمان و شێعر بێت بەڵکوو هەر کات دەرەقەتی گێڕانەوەی زەرافەت و بوونی شت و کەسەکان نایەت ڕوو دەکاتە وەسفێکی شاعیرانە و بگرە لە زمانێکی ڕۆمانسیش نزیک دەبێتەوە:«بڵێ شارۆخی شارۆخ، شارۆخ مەهدی شارۆخ. . دڵشکاوترین نەیژەنی دونیا تا قیامەت»(ل٩)، «. . .بەرە بەیان نزیکە و کەمێکی دی کەڵەشێر دە خوێنێت و عەندەلیب بەیانی دێتە زمان، تەبیعەت هاتنی سوبحێکی دی ڕادەگەیێنێت»(ل١٧٧)،«ئاە دالی خۆشەویستە خەیاڵیەکەم، خۆشەویستە ئەفسانەیی و نائومیدەکەم، ئەی ئەشقێک کە هەمیشە لێمەوە نزیکیت و بەئەندازەی دووترین ئەستێرەش لێم دووری. . .»(ل٢٩٧)،«ئاە دالیا بۆ برینەکانی منت تیمار کرد، بۆ لێ نەگەڕایت بمرم بۆ لە بری گوللەیەک هەزار برینی ترت کردە ڕۆحم. . .»(ل٣١٤)،«. . .جەلادەت نامەیەکی لە هەوادا دەگرتەوە و دەوەستا و دەیخوێندەوە، نامەیەک بوو لە سەر لم، لە سەر مردن، لە سەر خنکان لە ژێر ئەستێرەدا، لە سەر بێدەنگی. . .»(ل٥٦٥).«ئۆقیانووسی هاوار»، «فریشتەی لم» و . . . یان ئەو کەسە بلوورین و شووشەیانە کە بەرگێکی شاعیرانەیان لە بەر کراوە بۆ ئەوەی بێ سێ و دوو کەسایەتیەکانیان لە خوێنەر ڕوون بێت و خێرا بە سەر بەردەنگدا بسەپێترێن: «جەلادەتی کۆتر، جەلیلی باران، جەمیلی پرۆشە، حەسەنی تۆفان، عەبدوڵای تەرزە، نووری بەفر». گەرچی بە هۆی هەڵپەسارەدەیی ئەم کەسانە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا ڕەنگە ئەم ناوە تێکەڵکارانە تا ڕادەیەک سروشتی بنوێنێ، بەڵام ئەو توازن و هاوتەرببیە گرینگە و باوەڕە بڕیارکراوە کە خەسڵەتی ڕۆمانێک لە چەشنی ڕئالیسمی جادوویە، تێک دەچێ. گەر «کۆتر» پاشگرێکی لەبار بێت بۆ «جەلادەت» کە لە نێوان زەوین ئاسماندا لە هاتوو چوودایە، باران و پرۆشە و تۆفان و بەفر و تەرزە لە هیچ یەک لە کەسەکان ناوەشێتەوە. دیارە نەک هەر زمانی ئاسایی بەڵکوو زمانی ئیستەعاریش بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی مەوقعییەت و باری تایبەتی خۆی دەوێ. هیچ چەشنە کردەوە و فەزایەکی نە واقیعی و نە فانتزیک بۆ «جەلیلی باران، جەمیلی پرۆشە، حەسەنی تۆفان، عەبدوڵای تەرزە، نووری بەفر»، تابین نەکراوە بێجگە لەوەی ئەم جۆرە پێناسانە لایەنێکی کلیشەیی و شوعاری چێ دەکەن و کەسەکان لە بەستێنێکی دینامیکی دوور ئەخەن و لە تەنگەژەیەکی وەستاودا قەتیسی دەکەن. لە لایەتریشەوە ئەم چەشنە ناولێ نانە بە هۆی دووپاتە بوونەوەی بۆ هەموو یان زۆربەی کەسەکانی نێو ڕۆمانەکە، دەبێتە تایبەتمەندیەکی شێواز(سەبک)ی کە ئیتر لە لای خوێنەرەوە بە جد ناگیردرێن. ئە من دڵنیام کە بەڕێز« بەختیار عەلی» مەودای زمانی شێعر و ڕۆمان و فەلسەفە و مەودای نێوان واقیع و هونەر باش دەناسێ بەڵام بە داخەوە لە شێعردا بە زمانی فەلسەفە و لە ڕۆماندا بە زمانی شێعر ئەدوێ.

### ٣- غیابی داڕشت

دەربڕینی حەقیقەتی قوربانی تۆڵەیەکە لە جەلاد، بۆیە مۆتەی«جەلادەتی کۆتر»، وەک ڕۆحی «هاملێت»ی باوک دەنیشێتە سەر«عەلی شەرەفیار» و داوای تۆڵەی لێ دەکات. «جەلادەت» بە دەربڕینی بوونی خۆی تۆڵە لە ئەو جەلادانە دەکاتەوە کە پێیان وا بوو بە کوشتن لە دەستی ڕزگار ئەبن هەر وەک هەر ڕەوایەتێکی فانتزیک ڕەنگە تۆڵەیەک بێت لەو واقیعە تاڵە کە بێ بەزییانە مرۆڤ هەڵدەپێچێ. بناخەی چەمکی ڕۆمانی«شاری مۆسیقارە سپیەکان» لە سەر ئەوەیە بڵێ کە گێڕانەوەی کارەسات ڕۆچنەیەکە بۆ تیشک خستن بە سەر لایەنە نەمرەکانی مرۆڤ. واتە کارەسات گەرچی ڕەنجێکی زۆر بۆ مرۆڤ پێک دێنێ لە لایەکەوە سەرەتایەکە بۆ دەرخستنی لایەنە شاراوەوە و پیرۆز و نەمرەکانی مرۆڤ. ئەمەش جیهانێکی تازەیە کە ڕۆمانەکە لە هەوڵی دەربڕینیەتی بەڵام غیابی داڕشتێکی داستانی بە گشتی پێشی بە پێکهاتنی ئەو جیهانە گرتوە و ئەوەی کە پێکهاتوە پتر لە ڕەوایەتی بیرەوەریەکی ئەزەڵی دەچێ تا جیهانێکی داستانی کە لە سەر داڕشت و زمان و زەمان واتە ڕەوایەت چێ کرابێت. «عەلی شەرفیار» کەرستەیەکە بە دەستی «جەلادەتی کۆتر» و ئەویش ئامرازێکە بە دەستی «بەختیار عەلی» بۆ ئیفشای جەلاد و دەربڕینی واقیعی بەعس و پاکتاویی و دژایەتی لە گەڵ حیزبایەتی و ڕەخنە لە شەڕی ناوخۆ و ڕاگەیاندنی مانیفیستی هونەری و فەلسەفی و فێرکاری شێوەی چیرۆک نووسین و تایبەتمەندیەکانی ڕەخنە و ڕەخنەگر. «شاری مۆسیقارە سپیەکان» پتر لەوەی کە جیهانێکی داستانی ئەستەتیک بێت، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەڵوێستە سیاسی و فەلسەفی و ئەدەبیەکان. بەم پێیە لە زۆر بەشی ڕۆمانەکەدا وتار و ڕەستەی زۆر لە چەشنی وتار و ڕەستەکانی «بەختیار عەلی»بە خۆیایی دەبیندرێ: «. . .دادپەروەری ئەوەیە بەر لە دوژمنەکەت تۆ دەستت بگاتە زەوییەکانی تر و سەردەمەکانی تر. . .»(ل١٩٧)،«حەقیقەت لە هونەردا وەک حەقیقەت نیە لە ژیاندا. . .»(ل٢٠٩)« . . . لە ئۆتێلێکی سووتاو و وێراندا بوو لە ناوەڕاستی شاردا، کە چەند ساڵێک دواتر، گۆڕدرا و لە بنەوە تازەکرایەوە، بوو بە شوێنی ئەو وەفدە بێئیشانەی لەمسەرو لەو سەری دونیاوە ڕوویان لە کوردستان دەکرد. . .»(ل٣٢٠). «نا ئازیزان پاڵەوان لە حیکایەتخوان گرنگترە ئەوە من بووم ئەو ڕۆژە تاریکانەم بینی نەوەک عەلی شەرەفیار. . .»(ل٣٤٢).

جیهانی واقیعی و واقعی فانتزیکی ڕۆمانەکە و کەسەکان و هەموو چەمک و فەزاکان ئۆبژەی «بەختیار عەلی»ن کە بە هیزێکی دیکتاتۆریانەوە لە ژێر چنگی خۆیدا بارەوباریان دەکات و کورتە کاتێکیش بە بێ ویستی ئەو نە جەلاد و نە قوربانی مافی بوونیان نیە. جیهانی ڕۆمانەکە قت وقایم بە زنجیری زانایی و لە خۆڕادینی نووسەر چاودێری دەکرێ. لێرەدایەکە جاری وایە درێژە پێدان و دووپاتەکردنەوەی بێ کەڵک، ڕۆمانەکەی تووشی حەشف و پەتک کردنەوە دەکات. «تابلۆیەک کە دەمرێت بۆ هەتاهە تایە دەمرێت. . . توانای مۆنالیزا لە سەر مانەوە هەزاران جار لە توانای ئیمراتووریەتە گەورەکان لە سەر ژیان و بەردەوامی درێژترە، مێژوو دەڕوات بەڵام مونالیزا هەر لەوێیە، . . . هونە ر تەنیا هەستکردە نییە بەو شتانەی کە نایانبینی ئەوشتانەیە کە دەبێت بیبینین. . .تەنیا هونەری شێوەکار ئەو دەرفەتەمان بۆ دەرەخسێنێت ئەبەدییەت ببینین»(ل٢٦٣). ئەم دەمەتەقە سەبارەت بە نەمری هونەر چەند پات و چەندپات ئەبێتەوە ئەویش لە حاڵێکدا کە بەردەبناخەی ڕۆمانەکەش هەر لە سەر نەمری هونەردایە. بڵێی «بەختیار» دڵەڕاوکێی ئەوەی هەبوە کە لایەنی داستانی ڕۆمانەکە، کە مۆسیقای وەک هێمایەک لە نەمری و ئیشراق و بەردەوامی هونەر ئەگیرێتەوە، بڕستی دەربڕینی ئەم چەمکەی نەبێ و بەردەنگە گەمژەکانی تێکستە گەورەکەی لێی تێ نەگەن!؟ زۆربەی ڕەوایەت و چەمک و فەزا و کەسەکان، لە شەهوەتی وتنەوە سەرچاوەیان گرتوە تا پێویستەیەکی داستانی. ئەم شاوەتە کە بەو هەموو چەندپاتەکاریە تێر نابێت، دان بە دانەمرکانی خۆیشی دادەنێت: «من لەو داوەت وئاهەنگە سەیرانەدا دەیەها شارم بینی کە باسکردنیان کتێبێکی گەورە گەورەی دەوێت»(ل٤٨٧). . . . بە رای جەلادەت نهێنی قووڵی ئەو شارە، وەک نهێنی جوانی شتێکە وەسف ناکرێت. مرۆڤ دەتوانێت وێنەیەکی لە سەر دروستبکات، بەڵام ناتوانێت دەستبخاتە سەر دوا مانا و دوا جەوهەری»(ل٥٦٨). ئەوە داڕشتی ڕۆمانەکە نیە کە «عەلی شەرفیار» تووشی «جەلادەتی کۆتر» و «جەلادەت»یش تووشی مۆسیقا و ئیسحاقی لیوزێرین و شاری پرتەقاڵەسپیەکان و جیهان؟ی ناو ڕۆمانەکە دەکات، بەڵکوو سەرلەبەری ئەم ڕووداوانە ویست و پیشازەینی «بەختیار عەلی»ـە و هەموو کەسێک لە ژێر دەمامکی ئەوەوە، وە دەنگ دێت. واتە «شاری مۆسیقارە سپیەکان» نەک لە پێویستەیەکی داستانیەوە بەڵکوو لە پێش‌ئاگایی و ویستی زاڵی نووسەر(بەختیار)ەوە سەرچاوەی گرتوە.

کێشەی ڕۆمانەکە لەوەدایە کە دەرەقەتی دیاری کردنی سنووری هەڵوێستی ڕەوایی و ڕەوایەتی هەڵوێست، نەهاتووە واتە دەروەستی وڵامی ئەم پرسیارە نەبوە کە ئایا دەربایسی ڕەوایەتی هەڵوێستەکانە یان ئەیەوێ بە هەڵوێستێکی ڕەواییەوە ڕوو بکاتە جیهان؟

## ٤-حەقیقەتی سپی

«شاری مۆسیقارە سپیەکان» دەربەستی ڕەوایەتی حەقیقەتێکی سپیە. ئەو حەقیقەتە سپیە نەنووسراوەیە کە لە پاڵ حەقێقەتێکی موتەعەیین و ڕووقایم- کە بێبەزییانە واقێعی مرۆڤ و مەرگی لێ دەکەوێتەوە- لە هەوڵی نەمری مرۆڤدایە. بۆ دەربڕینی ئەم حەقیقەتە سپیە هێڵێکی سپی لە سەرەتاوە تا کۆتایی کێشراوە و فورمی ڕۆمانەکەی لە سەری بنیاد نراوە. هێڵێک کە هێمایەکە لە جیهانی ئەو حەقیقەتە سپیە و هەر کەس و هەر ڕستەیەک کە دەچێتەوە سەری، درۆشمێکی سپی پێوەیە: «سەرتاپای سپی بوو، تیشێرتێکی سپی، پانتۆڵێکی سپی، جووتێک پێڵاوی بریقەداری سپی»، «زەرفێکی سپی دامێ»، فلوتێکی سپی»، «دەستێک بیجامەی سپی»، «ماڵێکی سپی»، «ڕۆحێکی سپی»، «پرتەقاڵی سپی»، «کراسێکی سپی»، «مێزێکی سپی»، «عەبا سپیەکەی»، «ئەسپی سپی»، «شازادەی سپی»، . . .«کۆتری سپی»، «خاولییەکی سپی»، «شاری مۆسیقارە سپیەکان»، «فریشتە سپی پوشەکانی ئاسمان»، «پاڵتۆیەکی درێژی سپی»، . . .«تیپی مۆسیقای کەشتی سپی». ئەم نیشانە سپیانە وەک توخمێکی نەگۆڕ، بە نووساندنی جیاوازیە رووبنەماییەکان، یەکێتییێکی ساختاری پێک دێنن. ئەم یەکێتیە ڕووخانیە، لە سەر ژێرخانێکی پارادۆکسکاڵدا پێکهاتوە. پارادۆکسی گەیشتن بە هەرمان و ستایشی مەرگ. «شاری مۆسیقارە سپیەکان» شارێکی نەمری پڕنەهێنیە و ڕەمزی مانەوە و هونەر. لایەنی هزرمەندی هەبون و مەیلی هەرمانی مرۆڤ و جیهان بەڵام دەروازەی ئەم شارە مەرگ و نەمانە. تەنیا بە ئەزموونی مەرگە کە درگای ئەم شارەت لێ دەکرێتەوە. بە مەرگی«سەرمەد تاهیر»ــە کە فلووتە سپیەکە وەک میراتیەکی پر نهێنی و ڕەمزی جاویدانەگی دەگاتە «جەلادەت». «جەلادەتی کۆتر» بە هۆی دەرچوونی لە کارەساتێک کە ببوە هۆی مردنی هەموو هاورێکانی، لای خەڵک بیرەوەری مەرگ بوو. «مردنی هەموو هاورێکانی ناوبانگێکی زیاتری بۆ جەلادەتی منداڵ دروستکردبوو کە تاکە کەسێک بوو لە سەرزەمینی مردن گەڕابووەوە»(ل١٧). سەرەتای نزیک بوونەوەی «جەلادەت» لە مۆسیقا دوای ئەو کارەساتەوە دەس پێ دەکات و وەک بڵێی هاورێکانی ئامادەگی ڕۆیشتنیان بوە و ئەم هێشتا نەگەیشتوەتە پلەی چوون بە دەروازەی مەرگ و ئۆقرە گرتن لە سەرزەمینی هەرمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان. « دوای ئەو ڕووداوە پلەی تەنهایی و غوربەتی ئەو منداڵە گەیشتە ئاستێکی ترسناک لەو کاتەشەوە بە جۆرێکی سەیرتر ژیانی بۆ مۆسیقا تەرخان کرد. . .»(ل١٦). ڕووداوە مەرگئاساکە ڕەنگە تیشکێکی ئەو شارەی پیشانی «جەلادەت» دابێت و موعجیزەیەکی پێ بەخشی بێت کە ڕوو بکاتە مۆسیقا و هەر موعجیزەئاسا زۆربەی ئامێرەکان فێر بێت و شەو ڕۆژ لە تۆمارێکی بچوکەوە گوێی لە سۆنات و سەمفۆنیاکانی دونیابگرێت و هەموو مۆسیقارە گەورەکانی دونیا و ئاوازەکانیان لە دوورەوە بناسێتەوە(بڕوانە ل ١٦). «جەلادەت» کە بریندار دەبێت «ئۆموفەزل» خواژنی تەپ و تۆز نەجاتی دەدا و دەیگەیێنێتە«تیاتری پرتەقاڵی سپی»، لێرەشدا جارێکی تر«جەلادەت»بەشێوەیەک مەرگ دەئەزموونێ. وەک بڵێی کات لە گەڵ کات جەلادەت لە ئەزموونی مەرگدایە. لە«تیاتری پرتەقاڵی سپی»دا بە جۆرێکی تر جوانیەکانی هەناوی جەلادەت دەکووژن، کوشتنێک کە بە جۆرێک ڕەمزی ڕاگرتنی جوانیە. ئەمەش قۆناخێکی تر لە مەرگە کە جەلادەت دەبێ تێیپەڕێنێ. لەوێ دوکتوور «مووسای بابەک» پێی دەڵێ:« . . .کە ئەو شەوە تۆم بە خوێنەوە بینی، تێگەیشتم ئەوەی کە دەتوانێت نهێنی ئەم مۆزەخانە بپارێزێت، دەبێت یەکێک بێت خۆی مردنی بینیبێت و لە تاریکستانی مەرگەوە گەڕابێتەوە، تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ببن بە پاسەوانی ژیان کە مردنیان بینیوە»(ل١١٤). «جەلادەت» بە مۆسیقا تەتهیر دەکرێ و دەگاتە ئیشراق و دوایی لە لایان ئاسایشەوە دەکوژرێ و هەموو نهێنیەکانی شاری مۆسیقارە سپیەکان و هاورێکانی بە چاو دەبینێ. ئەم کوژرانە تەشقی ئیشراقی «جەلادەت»ــە و گەیشتنی بە هەموو نەهێنیەکانی وڵاتی هەرمان. ڕۆمانەکەش بە بەشی ماڵاوایی قەقنەس کۆتایی پێ دێ و «جەلادەت» وەک قەقنەسێک دەنوێنێ کە بە مردن و ژیانەوەی دووبارە و دووبارە لە نێوان جیهانی مان و نەماندا لە هاتووچوودایە. ئەوەی لەم پێکهاتە پارادۆکسیکاڵە دەکەوێتەوە ستایشی ئەو مەرگە سپیەیە کە مرۆڤ دەگەیێنێتە جیهانێکی جاویدان. گەرچی ڕۆمانەکە لە هەوڵی ڕزگاری قوربانیەکان لە نەمان و فەوتاندایە بەڵام لە لایێکیشەوە بەوەی کە کلیلی ئەم جاویدانیەگیە مەرگە و مەرگیش بە دەستی جەلادەوەیە، ناڕاستەوخۆ جەلادیش ستایش دەکرێ. «ئیسحاقی لیوزێڕین» کە «جەلادەت» و «سەرهەنگ قاسم»، بەرەو باکوور دەبات بێجگە لە مەرگ ڕووی لە چ سەرزەمینێکە؟ «ئیسحاق» پاش ماوەیەک کە ئەو دوو منداڵە —کە لە تەشقی؟ مۆسیقاریدان-لە ماڵی خۆ ڕادەگرێ وەک پیری خانەقا فێری پاڵاوتنی ڕۆح و هەڵنۆشینی مۆسیقایان دەکات، ڕوو بە شوێنێک دەیانبات کە مەرگ و بەعس کۆتایی سەفەرەکەیانە. گەر مەرگ نەبایە، گەر جەلاد نەبایە ئیسحاق بە چی خۆی دەخستە ئەو دیوی مەرگ و جەلادەتی بە شانی جەلادێک وەک «سامیری بابلی» دەگەیاندە پرتەقاڵی سپی؟ لە بیرمان بێت کە سەرەتای پێغەمبەریەتی مۆسیقایی«جەلادەت» بە خۆکوشتنی «سەرمەد تاهیر»ــەوە دەستی پێکرد. بەم چەشنە ستایشی مەرگ لایەنێکی بنواتەیی ڕۆمانەکەیە و ئەمەش ڕۆمانەکە دەخاتە ئەو تەنگژە پارادۆکسیکاڵە ئاییینیەوە کە هەم هەڕەشەی دۆزەخ بۆ جەلاد دەکا و هەم بە ستایشی مەرگی قوربانی، مزیانی بەهەشتی دەداتێ. ئایاکوو مەرگ و جەلادیش وەکوو هەموو شتێک لە لای ئیماندارانی شاری مۆسیقارە سپیەکان، مەرگی سپی و جەلادی سپیە؟ ئەگەر نووسین ڕەمزی هەرمان بێت لە لای «شەرفیار» ڕێگایەکە بەرەو مەرگ: «بە لام هێدی هێدی نووسینم وەک ڕێگایەک دەبینی بەرەو مەرگ»(ل١١)، ستایشی نووسین وەک ڕەمزی هەرمان بڕوای قووڵی «جەلادەتی کۆتر»یشە، چونکوو کاتێک کە خوازیاری نووسینی خۆیەتی مەرگ و هەرمانی وەک ئەزموونێک تاقی کردوەتەوە و بەم قەناعەتە گەیشتوە بۆیە ستایشی نوسین ستایشی مەرگە و ئەمەش لە سەرەتای «شاری مۆسیقارە سپیەکان»ــەوە دەس پێ دەکات.

## ٥-فەلسەفەی سپی و حەقێقەتی سێهەم

نووسەری مەکزیکی «کارلوس فوئنتس» دەڵێ:« ئێمە لە شوێنێکدا ئەژین کە ئەبێ هەموو شتێ لە سەر ڕا بکوترێتەوە، بەڵام ئەبێ شێوەی ئەم کوتنەوە ببینینەوە»، کوردستان بە هۆی مێژووی تایبەتی خۆی و ڕوو بەڕوو بوون لە گەڵ گەلێک دیاردەی تراژیک و کارەسات، شوێنێکە کە بابەتگەلێکی تازە و شیاوی گێڕانەوەی بۆ جیهان هەیە، لە واقێعە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە بگرە تا لایەنە سیاسی و ترس و هۆمێد و تەنیایی و زیندان و خاپووری و بێدەرەتانی وگۆڕی بە کۆمەڵ و مەرگ و ئەنفال و حەڵەبچە، هەموو ئەو بابەتانەن کە بەهونەر کردن و گێڕانەوەیان پێویستەیەکی حاشا هەڵنەگرە. دیارە کات و ساتی وا هەیە کە بێجگە لە هونەر بە هیچ کلۆجێکیتر ناگێڕدرێتەوە. هەست و کارەساتی وا لە نێوان جەلاد و قوربانیەکاندا هەیە بێ جگە لە حەکایەت بۆ کەس ناگێڕدرێتەوە. لەم شوێنەدا کە هەبوون شاڵاو دراوە و هەزاران بیرەوەری فەوتاوە و هەر کاتێک بوون لە مەترسی دایە، ڕەوایەت وگێڕانەوە و وەبیر هێنانەوە تەنیا ڕێگا چارەی ڕزگار بوون لە نەبوونە. «هانائارنت» ئەڵێ:« مانای هەبوونی ئینسانی هەر تەنیا هێزی داگۆڕان و زاڵبوون بە سەر جیهاندا نیە، بەڵکوو توانستی بە بیر ڕاسپێران و وەبیرهاتن و مانەوە لە قسەیەکی ڕەوایی و بیرەوەریەکاندایە(زندگی در دنیای متن ل ٧٢). ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپیەکان» دەربەستی دەربڕینی هاواری قوربانیەکانی دیکتاتۆریە و بەرەنگاری مەبەستی دیکتاتۆر کە سڕینەوەوە و لە ناو بردنە. یەکێک لە چەمکە سەرەکیەکانی«شاری مۆسیقارە سپیەکان» لەسەر ئەم مەبەستە دانراوە: «. . . لە ماوەیەکی کەمدا وڵات پڕ دەبێتەوە لە حەقیقەتی دۆزراوە، لە هاواری ئەو مرۆڤانەی لە تەپ و تۆزی جەنگەکاندا خەریک بوو یاد دەچوونەوە . . .»(ل٦٠٠). بەڵام ئایاکوو ڕۆمانەکە بەو ئامانجەی خۆی گەیشتوە؟ بەپێی قسەکەی«کارلۆس فوئنتس» کەلەسەر کوتنەوەوشێوەی کوتنەوەی شتەکان

پێداگری ئەکات«بەختیار عەلی» وەک ئەرکێکی هونەری یان ڕۆشنبیرانە هەست بەم کوتنەوە دەکات بەڵام شێوەی کوتنەوەی لانی کەم لەم ڕۆمانەدا ئامانج ناپێکێ.
«بەختیار» لە دارشتنی ئەم ڕۆمانە چەند مەبەستی سەرەکی هەیە:

-گێڕانەوەی مرۆڤ لە تەنگانەی بوون و نەبووندا؛

-گێڕانەوی کورد لە تەنگژەی پاکتاویدا؛

-بە نەمرکردنی شوناسی کورد بە هۆی هونەری ڕەوایەتەوە؛

-کەڵکوەرگرتن لەشێوەرەوایی کوردیەکان وەک خاترەرەوایی ونەقاڵی وحیکایەتخوانی؛

-ئاوڕ دانەوە لە ئەفسانەی کوردی و ئوستوورەکانی؛

-بە مۆدێرن کردنی شێوە ڕەواییەکانی کوردی؛

-لاکردنەوە لە پۆست مۆدێرن و ئەو بیرۆکەیەی کە هەرچی تۆ تێی بگەیت ئەوە حەقیقەتە؛

-ڕاگرتنی شوێن پای نووسەر لە دێر بەدێری ڕۆمانەکە؛

-ڕەهاگەری و سنوور دانەنان بۆ دەرکەوتەکانی زەین؛

-بە شوناس کردنی کارەسات و بە کورتی گێڕانەوەی لایەنێکی نەناسراوی مرۆڤ بە گشتی و کورد بە تایبەتی.

که بۆ کوتنەوەی ئەم مەبەستانە دنیایەکی متافیزیکاڵی نیمە ئایینی و نیمە ئۆستوورەیی درووس دەکات کە بۆ خۆی هەڵگری تایبەتمەندیەکانی جیهانێکی ئایدۆلۆژیکە ئەویش لە لایان «بەختیار عەلی»وە کە بە پوختی و پاراوی چەندین بابەتی لە سەر ئایدلۆژیا و خەسارەکانی نووسیوە. کێشەی عەین و زەین، کێشەی سوبژە و ئابژە، کێشەیەکی گەورەی فەلسەفی مێژوویی بوو کە لە تەمسیلی«مۆسۆل»ی ئەفلاتوون کەوتەوە. تەمسیلێک کە مرۆڤی لە واقێعی ئێرەیی و جەستەیی خۆی خافڵاند و چاوی بڕیە ڕۆچنەی متافیزیک. ڕۆچنەیەک کە تیشکی تیژی متافیزیک ئیزنی چاو هەڵهێنانی پێنەدا و لە وڵامی پرسیارەکانی تاوانی گێلی و گەمژەیی وەبەر کەوت و فێر بوو لە بری دیتن و پرسین، گوێگرێکی باش بێ و بەوەی کە دەبیسێ سەرمەست بێت و لە ژێر تاوی متافیزیک بە مەدهۆشی بتاوێتەوە. ئایا «شاری مۆسیقارە سپیەکان» یان شاری وەهمەکانی زەینی شیزۆفرنیکی جەلادەتی کۆتر کە بۆ خۆی ستایشی متافیزیکە، دەرەقەتی دەربڕینی واقێعی کورد دێت؟ ئایا پێی دەکرێ کارەسات و مێژوو بکا بە شوناسی کورد؟ گەر بڵێین ئەمانە داخوازیەکی نەشیاو و بێپێوەندیە لە ڕۆمان، دەڵێین ئایا ئەم شارە ئەتوانێ شوناسی کورد بگێڕێتەوە؟ گەر ئەمەش بە ویستێکی نەگونجاو بزانن ئەپرسین ئایا ئەو جیهانە متافیزیکاڵە برستی ئەوەی هەیە وێنەیەک بێت لە جوانیناسی ڕەوایی کوردی بە هەموو خۆشی و ناخۆشی و بوون و نەبوونەکانیەوە؟ ئایا ئەم جیهانە ئایدیالۆگە بۆ خۆی جیهانێکی تازەی داسەپاو نیە؟ « ئەوانە ژمارەیەک خەڵکن پەرۆش و شیفتەی جوانیین. هەنێکیان لە تاریکیدا دوای جەلادەت دەکەون و ناتوانن بیگرن. . . ئەو پەیامهێنی زەمین و زەمانێکی ترە، نامەیەکی نهێنی پێیە، کە دوای تێپەڕینی ساڵان و مانگانێکی زۆر ژمارەیەکی کەم دەتوانن شفرەکانی بشکێنن و بگەنە نهێنیە ڕاستەقینەکەی و بنن بە پاسەوان لە زەریای جوانییە کوژراوەکاندا»(ل٥٩٨) ڕۆمانەکە ئیدعای ئەوەی هەیە کە جیهانێک دەگێڕێتەوە کە لە حەقێقەتی ئەم جیهانە ناگونجێ و لە جیهانی لاهووتیش ناچێ و شانازی بەوە دەکات کە جیهانێکی سێهەمە و بە حەقیقەتێکی تازەوە بە تێکەڵکاری واقێع و فانتازیا لە سەر بنەمای هونەر سازکراوە. ئەم جیهانە کە خۆی بە نائیلاهی و نائایینی دەناسێنێ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش ئیدعای مەعنەوییەت دەکات، بۆخۆی پڕاوپڕجیهانێکی ئایینئاسا و ئایدلۆژیکە. جیهانی«شاری مۆسیقارە سپیەکان» کە دایم لە نهێنیەکان ئەدوێ و بە ڕاز و ڕەمز پاساوی هەموو شتەکان ئەداتەوە و هەموو چەمکەکانی سەلمێنراو و حەقیقەتی حاشا هەڵنەگر و کەسەکانی پاڵاوتە ئەنوێنێ و تاوانی نەزانین و تێنەهیشتن دەخاتە بەر بەردەنگ و لە باتی وەڵام دانەوە هەر پرسیارێک دەباتەوە سەر نەزانین و تێنەگەیشتن و باوەڕ پێنەهێنان، ئایا جیهانێکی داخراوی ئایدلۆژیک نیە؟

« بەڵام دەیزانی نهێنیەکی ون هەیە ناتوانێت بیدرکێنێت، نهێنیەک دەکەوێتە دەرەوەی سنووری زمان . . . نهێنی هەرە گەورەی شاری مۆسیقارە سپیەکان لە شەقامەکان و کوچەکان و گەرەکە بەرینەکانیدا نیە، بەڵکوو ئەو نهێنییە لە مۆسیقاکان و تابلۆ و نامەکاندایە کە لەوێوە دەگەڕێنەوە بۆ جیهان»(ل٥٦٩). دیارە ئەم شێوە دوانە سەبارەت بە شتەکان، بێجگە لەوەی ئیدعای ڕازی قووڵ و نهێنی بێ بگار دەکات هیچ شتێکت بۆ ناگێڕێتەوە بگرە هەر چەشنە ڕەخنە و پرسیاریش بخاتە ئەستۆی نەزانیین و تێنەگەیشتنت. لە سەرەتاشدا «عەلی شەرەفیار» کوتبووی هەر تێکستێکی گەورە دوژمنی گەمژەی هەیە، واتە دوژمنێک کە بە هۆی لێ حاڵی نەبوون دوژمنایەت دەکات. عەرەب دەڵێت«الناس عدوّ ما جهلوا». کێشەکە نەک لە سەر مەبەست و چەمکەکان کە لە سەر شێوەی کوتنەوەی ئەم چەمکانەیە. کەسایەتیە سوپێرمەنە پاڵاوتەکەی سۆفیەکی وەک «جەلادەتی کۆتر» و وەنواندنی جیهانێکی بارگاوی و پڕنهێنی وەک شاری مۆسیقارەسپیەکان تا چ ڕادەیەک واقێعی ئەستاتیکی و ڕەوایی کوردی پێویە و تا چ ڕادەیەک مرۆڤ لە واقێعی خۆی تێیئەگەیێنێ؟ کەسایەتی «جەلادەت»بێجگە لەوەی کە لە حەقیقەتی قوربانی بمانخافڵانێ لە واقێعی هیچ قوربانیەکمان نزیک ناکاتەوە. «میلان کوندرا» لە ڕۆمانی «هەرمان»دا کاتێک کەسایەتی«ئەگنێس» و«لورا» بەراورد دەکات دەڵێ:«لە جیهانی ئێمەدا، کە بێچمگەلێکی زۆر و وەکیەکچووی تێدایە، زۆر ئەستەمە کە مرۆڤ باشاری سەقامگیری شوناسی خۆی بکات و قایل بە تاقانەیی خۆی بێت. بۆ پەروەراندنی تاقانەیی خۆت دوو چەشنت لە بەر دەم دایە: چەشنی پێزیادکردن و چشنی کەمکردنەوە. «ئەگنێس» هەر



شتێک کە لایەنی دەرەکی هەیە و دەسەوامە لە خۆی کەمی دەکاتەوە تا چیایەت(ماهیەت)ی پەتی خۆی لێ روون بێتەوە. شێوازی «لورا» بە پێچەوانەیە: ئەو بۆ ئەوەی کە خودی خۆی فرەتر بەرەچاوی و شایانی تێگەیشتن و بەل بکاتەوە، دایمە سفەتگەلێکی زۆری پێ دەنووسێنێ و تێدەکۆشێ خۆی لە گەڵ ئەو سیفەتانە یەکخات.(کوندرا،۱۳۷۹،۱۳۲) کەسایەتی«جەلادەتی کۆتر»ی هەڤدەساڵە کە بڕیارە کەسایەتی و شوناسی کوردێک لە ناو مەرگ و ژیاندا بنوێنێ، هێندە نکوڵی لە واقێعی دەرەکی و بوونی واقێعی خۆی دەکات، ئەبێتە کەسێکی ئاسمانی و ئەو سوپێرمەنە کە لە واقێعی کورد دوور ئەکەوێتەوە و ئەگاتە ئیشراق و تەقواییەکی مۆسیقاییەوە: «مرۆڤ کە مۆسیقای لێ نەدا، دەتوانێت بە ئاسانی درۆبکات»(ل۱۴۷).«. . .وەسوەسەی پێغەمبەرەکانی دەهاتەوە یاد»(ل۲۸۲) گەرچی جاری وایە خودی رۆمانەکەش دان بە ناتەوانی جەلادەت دادەنێت:«. . .نابێت شەو درەنگ بەم شارەدا بگەڕێیت، تۆ لەوە منداڵتری سەیری ئەم شتانە بکەیت»(ل۲۱۵) بەڵام جەلادەت وردە وردە سیمای پێغەمبەرێک بە خۆوە دەگرێ و بارگاوی دەبێت ئەوەندەی کە هەموو کەسێک بە خیتابێکی ئاسمانیەوە ئەیدوێنێ:«. . .نهێنیەکی گەورەم هەیە بتدەمێ، نهێنیەکی کە دەبێت تۆ خاوەنی بیت، تۆ ئەی منداڵی نەجیب»(ل۲۹۴)،«ئەی منداڵی نەجیب من و تۆ زۆر شت لە نێوانماندایە . . .»(ل۲۹۵)،«ئەی منداڵی نەجیب تۆ چۆنت دەوێ با وا بێ. . .»(۳۱۷) بەم چەشنە جەلادەت دەکرێ بە پێغەمبەرێک کە موعجیزەکەی مۆسیقایە و ئەرکی ئەوەی لە سەر شانە کە لە مردن رزگارمان بکات: «تۆ دەبیت بە پێغەمبەری مۆسیقارە مردووەکان»(ل۴۰۱) جەلادەت کە لە سەرەتاوە بە بێ لۆژیکێکی داستانی بۆ ئەرکی پێغەمبەری خۆشە دەکرێ، بەڵام پێغەمبەرێکی ناسەردەم و بەجێماو لە قۆناغی ئێستا کە شێوازێکی تاقیکراو و پەککەوتە هاتوەتە گۆڕەپانی رزگاری کەسەکان و ئەو مۆعجیزەیە کە پێیەتی نەوەک کەس لە مردن ناگەڕێنێتەوە بەڵکوو بەو ئیدعایەی کە بە هەرمانیان دەگەیەنێت بە ستایشی مەرگ هەموان لە مردن نزیک دەکاتەوە. «جەلادەت» بۆ رزگاری کام ئۆمەت هاتوە؟ ئەم پێغەمبەرە ناسەردەمە کە لە عالەمێکی ئینتزاعیەوە دنەدەدرێ و دائەبەزێتە کۆمەڵگایەک کە بارگاوی بوون و نووسان بە پەرەوایەتەکان کێشەی گەورەی واقێعی مێژوویی و کولتووریەتی و لە خۆی بارگاویترن. «جەلادەت»ی مەرگ ئۆگر، چ مزگێنیەکی پێیە بۆ کۆمەڵگای ئاخنیوە بە مەرگ. «جەلادەت» و مۆعجیزەکەی کە لە کارەساتەوە هەڵایساون هیچ چەشنە رامان و شیکاریەکیان لە پێناو کارەساتدا نیە و ئەمە ش دانپێدانانی سەیری خودی رۆمانەکەیە: «مرۆڤ مۆسیقا لێدەدات چونکە لە نێوان چاوەڕوانی کارەسات و کارەساتدا هیچی نیە بیکات»(ل ۳۰۹). دیارە کە «جەلادەت» و مۆسیقا ئەو مۆسیقارانە بە هۆی بە ئاسمانی کردنی خۆیان لە پێناو واقێعێکی زەوینی هیچیان پێنابێ کە بیڵێن. سەیرە کە «شاری مۆسیقارە سپیەکان» لە هەمووو بوارەکان ئەدوێ بەڵام لە بەرانبەر کارەساتدا و ئەو واقیعە تاڵە بۆ کردن و وتن هیچی پێ نیە؟! «جەلادەت»لە تەمسیلێکدا کە بۆ «محەمەدی فیردەوسی» و «جەلیلی باران»ی ئەگێڕێتەوە باسی باخێکی خەیاڵی دەکات: «. . . باغێک هیچ مەخلوقێک ڕێی تێنەکەوتبێت، ڕۆژێک دەرگا و پەنجەرەی گوڵسازییەکەی خۆی داخست و لەودیوەوە کەوتە درووس کردنی ئەو باغە خەیاڵیە، . . . کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو گوڵەکانی خۆی، دەیەوێت باغچەکەی خۆی بدۆزێتەوە، نازانێت چۆن، نازانێت کوامەیە گوڵەکانی ئەو لە ناو ئەو باغە جاویدەدا، ساتێکە هەست دەکات ئەو باغە هەمووی ئەو دروستی کردوە، ئەو بەشێکە لە باغێکی گەورە کە بەشەکانی یەکتر تەواو دەکەن. باغی یەک کەس نییە، بەڵکوو باغێکی جاویدە. . .»(ل۴۴۰) ئەم باغە کە پەروەردەی رۆحێکی گشتی«هێگڵ»یە وێنەیەکە لە شاری مۆسیقارە سپیەکان بە رۆحێکی گشتی و جاویدان ئارمانیەوە کە لە تەمتوومانی مێتافیزیکدا واقیعی مرۆڤی لێ ون دەبێ و لەو پەڕی حەقیقەتی ئێرایی مرۆڤەوە ئەدوێ. بەو هۆیە کە «بەختیارعەلی» بە بوێریەوە نەویستوە خۆی لە تۆی رۆمانەکە بشارێتەوە و ئازایانە رستە بە رستە خۆی دەربڕیوە، رۆمانێکی متافیزیکاڵ کە مرۆڤی جیهانی ئەمرۆ ئەوەندە لە واقێع دوور ئەخاتەوە و بە جیهانێکی خەیاڵیەوە سەرقاڵی دەکات، «شاری مۆسیقارە سپیەکان» بۆ «بەختیار عەلی» گۆڤاری رەهەند، خودکوژیەکی فەلسەفیە یان ویستوویەتی لە رەهەندێکی هونەریەوە خەسارەکانی نوقم بوون لە جیهانێکی ئارمانی و متافیزیکاڵ بنوێنێ؟ جیهانێک کە قوربانی و جەلاد لە ژێر پەردەی رۆحێکی گشتیدا و لە دادگایەکی ئارمانیدا کۆ دەبن بێ ئەوەی هیچ مەعریفەیەکیان لە خۆیا یان لە یەکتری هەبێت. ئەو جیهانەی کە بە کەم بایەخ گرتنی جیهانی پڕ کارەساتی واقێع، بوون و مەعریفەی لێ دەسرێتەوە و دەیخاتە ئەو پەڕی تێگەیشتن و شیکاریەوە:«جەلادەت تەواوی ئەو سەفەرەی وەک خەونێکی دەگێڕایەوە کە مرۆڤ لە ناو تەم و دووکەڵ و رەشەبادا بیبینێت، سەفەرێک کە ناگێردرێتەوە، هەوڵی گێرانەوەشی هیچ نییە جگە لە هەڵشاخانێکی گەمژانە بە کارێکی ئەستەم و نەکردەدا»(ل۳۱۷). کێشەی حەقیقەت و رۆمان لە دەقی رۆمانەکەشدا ئاماژەی پێ کراوە:«. . .دەمویست دواجار ئەو هەستە قووڵە لە خۆمدا بکوژم کە من حەقیقەت دەگێڕمەوە نەوەک رۆمان دەنووسم. . ئاخر بیرتان نەچێت دواجار من رۆماننوس بووم نەوەک خزمەتکاری حەقیقەت»(ل۶۱۷). بە تێکرا بەو ئاکامە دەگەین کە بە پێچەوانەی بۆچوونی«عەلی شەرەفیار»، ئەو خزمەتکاری داکۆکی لە سەر حەقیقەتە تا رۆماننووسێک کە حەقیقەت بکات بە رۆمان و لە پەنجێرەی رۆمانەوە تێی بڕوانێت. وەک دوایین وتە پێم وایە خەساری بنەڕەتی رۆمانی«شاری مۆسیقارە سپیەکان» لەوەدایە کە نەوەک لە هەست و پێویستەیەکی هونەریەوە بەڵکوو لە ئەرک و پێویستەیەکی رۆشنبیریەوە سەرچاوەی گرتوە.

**ژێدەر:**


۱-ریکور،پل،زندگی در دنیای متن،ترجمەی بابک احمدی،تهران:مرکز،۱۳۷۳،ل ۷۲
۲-کوندرا،میلان،جاودانگی،ترجمەی حشمت الە کامرانی،تهران:علم،۱۳۷۹،ل ۱۳۲




# مەسعود محەمەد
## هزراندنێک لە خاکی حاجی قادری کۆیی

هەندرێن - مامۆستای زانکۆی سۆران-
نەبەز سەمەد - زانکۆی سلێمانی -

### پێشەکی

**مەسعود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢)، دەنگێکی زایەڵەداری رۆژگاری خۆی بوو: ئەو نووسەری بابەتە چکۆڵەکان نەبوو، بەڵکو هەڵکۆڵینەری بابەتە گەورەکانی رۆژگار: زمانسازیی، کولتوورسازیی، نەتەوەسازیی و هزرسازیی، بوو. بەڵام ئەو بە رێگەی بابەتە "بچکۆڵە و تەواونەکراوەکانەوە بابەتە "گەور"انەی دەخوێندەوە. . مەسعود محەمەد لە کۆتایی شەست، حەفتا و هەشتایەکانی سەتەی رابردوودا هەرچەند هەوڵی دەدا بە نووسینەکانی نەخشەیەک بۆ زمانسازیی، کولتوورسازیی، خاکێکی هزریی هەڵبکۆڵێت و بەمەش کورد بتوانێت ببێت بە بوونی خۆی و بە بوونی خۆیەوە لە جیهاندا ئامادە بێت بەڵام هاوکاتیش دەیزانی لەو دۆخە پەرتەوازەی بوونی کوردییدا، ئەو پۆتانسیالیتێتە ناوەکییە (ژێرخانە هزریی و توانستە مرۆییە) لە ژیانی کوردیدا بوونی نییە، بۆیە، وەک مرۆڤێکی ئاوەزخواز (راشناڵیزم)، بۆ ئەوەی ئەگەرێک لە ئومێد نیشانبدا، روو لە خاک، یادەوەریی پەرتەوازەی زمان، لەوانەش خاکی زمانی شێعری حاجی قادری کۆیی دەکا. هاوکاتیش ئەوەهەرچەندلەوپۆتانسیالێتەی کوردبێئومێدە،بەڵامبۆئەوەی رۆشنگەرییە شێعرییەکانی حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە بێئومێد نەکا، ئەو رمە شێعرییە رۆشنگەرییەی حاجی قادری کۆیێ هەڵدەگرێتەوە و بەرەو هزراندن دەیفراژێنێت: "بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە"**

### "دیوانی حاجی قادری کۆیی"

لە ناوەڕاست و کۆتایی سەتەی نۆزدەدا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هزری رۆشنگەریی بە جیهاندا، حاجی قادری کۆیێ بە هۆی تاراوگەبوونی لە ئەستنەبول و ئاشنابوونی بە ئەزموونی ئەحمەدی خانییەوە، تێدەگا کە تەنیا هێزی ئاوەز و ئاوازخوازییە کە کورد لەو دۆخە دووبەرەکیی، قەدەری بندەستیی و ئاوێزان بوونەی بە دینداریی‌ەکی نەریتیی و نەخوێندەواری، رزگار دەکا. دەخوازین لەم توێژینەوەدا بە خوێندنەوەیەکی هایدێگەریی، کە پێی وایە فەلسەفە لە دەستپێکدا شێعریی بووە. بۆیە، بە رای هایدێگەر، شێعر بۆ فەلسەفە دەچرپێنێ و بە پێچەوانەشەوە. ئەم توێژینەوەش هەوڵدەدا ئەوە روونبکاتەوە، کەچۆن مەسعود محەمەد بە خوێندنەوەی شێعری حاجی قادری کۆیی، ڕەوانبێژییەک لە زمانسازیی، کولتوورناسیی؛ نەتەوەسازیی و هزراندێکی کوردیی سازاندووە. مەسعود محەمەد هزرڤان، زمانزان و هزرکارێکی کوردە. لە ڕێگەی نووسین، گۆتار و کتێبەکانییەوە، لە ڕێگەی ئیشکردن لەمەڕ بوون، هزر، زمان، ئەدەب و شێعری کوردییەوە دەیەوێ کورد لە نەهامەتی، کێشە، نەخۆشی لەبیرچوونەوەی بوون، گەندەڵکردنی زمانەکەی ئاگادار بکاتەوە. بەڕێی گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ریشەی زمانی کوردی، بەڕێی گەڕانەوەو ڕاڤەکردنی شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی، نالی، مەحوی، کولتوورێکی هزراندن دەسازێنێ. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدا خوێندنەوەیەکی بووناسیی (ئۆنتۆلۆژییانە) پەیوەست بە هایدێگەرەوە بۆ ئیشکردن و نووسینەکانی مەسعود محەمەد بکات. هەروەک چۆن هایدێگەر بە ئیشکردن لەمەڕ بوون، هزر، زمان و شێعرەکانی هۆڵدەرلینەوە، کولتووری خۆرئاوایی بێدار دەکاتەوە لە بیرچوونەوەی بوون. مەسعود محەمەدیش بەڕێی ئیشکردن لە زمانی کورد، هزری کوردی و شێعرەکانی حاجی قادری کۆییەوە، دەیەوێ کورد لە داگیرکردنی بوونەکەی و لەبیرچوونەوەی بوونەکەی بێدار بکاتەوە، تاکوو لەم ڕێگەیەوە کورد بەئاگابێتەوە و بوونی خۆی بسەلمێنێ و بوونی خۆی بێنێتەوە یاد. ئەم توێژینەوەیە سەرەتا لەتەک هایدێگەردا خەریک دەبێ تاکوو بنەمایەکی تیۆریی بۆ توێژینەوەکە بناغەبڕێژێ و پاشان لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوە بۆ ئیشەکانی مەسعود محەمەد بکات.

### هایدێگەر، زمان و هۆنراوە

ئیشەکانی هایدێگەر بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکرێن، ئیشەکانی سەرەتا کە پتر خۆی لە کتێبی "بوون و کات"دا دەبینێتەوە و ئیشەکانی درەنگتر پتر لەبارەی زمان، هۆنراوە و هزرن، کە ئەو قۆناغەی دوایی هایدێگەر لە بواری فەلسەفییدا، بە وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی ئەودا ناودێر دەکرێت. لەنێو ئیشەکانی هایدێگەردا لە هەردوو قۆناغەکەدا زمان ڕۆڵی پێکەوەبەستنی قۆناغەکان دەگێڕێ. زمان بریتییە لە پردی پەیوەندی نێوان فەلسەفەی سەرەتا و کۆتایی هایدێگەر. ئەو زمان وەک ئامرازی ئاشکراکردنی بوون شرۆڤە دەکات. لە سەردەمی مۆدێرندا بەهۆی تەکنۆلۆژییەوە زمان پتر ئامرازێندراوە، بۆیە هایدێگەر داوا لە هزرڤان و شاعیران دەکا زمان بەهەند وەربگرن. لە ڕوانگەی هایدێگەر، زمان بوونەوەرێک نییە لێرەبوونی هەبێت، بەڵکو زمان بوون دەبەخشێت. زمان نوێنەرایەتی ناکرێ و ئۆبژێکتێک نییە پیشان بدرێ، بەڵکو زمان ئامادەیی هەیە. زمان تشتێک نییە ڕاست بێ، بەڵکو خۆی هەقیقەتە، ئاسۆی واتایە کە هەموو تشتێک تێیدا دیاردەخرێ (Kearney, ١٩٩٦). هزرین لە ناوەڕۆکی مرۆڤدا پەیوەندییەکەی لەگەڵ بووندا بەتەواوی دادەمەزرێنێت. هزرین پەیوەندییەکە لە بوونەوە وەردەگرێ. لەنێو هزریندا زمان دەکەوێتە نێو بوونەوە. زمان ماڵی بوونە. مرۆڤ لەنێو ئەم ماڵەدا نیشتەجێیە. ئەوانەی لێدەهزرێن و وشە دادەهێنن، پاسەوانی ئەم ماڵەن. هایدێگەر لە چوار خاڵی سەرەکیدا باسی کردووە:

**یەکەم:** زمان لە بنەڕەتی (بووناسیی) ئۆنتۆلۆژیی بوونی مرۆڤدایە. مرۆڤ لە بنەڕەتەوە خاوەنی زمانە، چونکە دەهزرێت. ئاژەڵ لەبەرئەوەی وەک مرۆڤ ناهزرێ و هۆشمەندنییە، بۆیە خاوەنی زمان نییە. ئەمە واتای ئۆنتۆلۆژییانەی زمانە، نەک دیاردەناسیی (فینۆمینۆلۆژییانە). گرنگ نییە فینۆمینۆلۆژییانە مرۆڤ بە چ زمانێک دەدوێت، کوردی، ئینگلیزی، یان عەرەبی، ئەو ئۆنتۆلۆژییانە بێزمان نییە و دەبێ زمانی هەبێت.

**دووەم:** هەمیشە هزرین ڕوو لە "بوون" دەکا و بەڕێی زمانەوە ڕاستییەکەی دیار دەهێنێ. زمان دەبێت بەو ماڵەی کە "بوون" خۆی تێدا دەردەخات.

**سێیەم:** مرۆڤ، ئۆنتۆلۆژییانە دەهزرێ و زمانی هەیە، بەڵام مەرج نییە زمان بۆ دەرخستنی ڕاستیی "بوون" بەکار بێنێ.

**چوارەم:** مرۆڤی داهێنەر دەتوانێت ڕەسەنانە ببێت بە خاوەنی زمان و ماڵی بوون؛ یان مرۆڤی ڕەسەن داهێنەرانە، زمان بۆ دەرخستنی ڕاستیی "بوون" بەکار دەهێنێ (کەمال، ٢٠١٧).

هایدێگەر لەو گۆتارانەی درەنگتریدا، کە لەژێر ناوی "هۆنراوە، زمان، هزر"، "ڕێگەی بەرەو زمان"، "دیسکوز لەبارەی هزرین" کۆکراونەتەوە ئارگومێنتی ئەوە دەکا زمان شێعرییانە وەک "ماڵی بوون" کارایی دەنوێنێ. ئەو دەربڕینەی هایدێگەر پەیوەندی بە ڕەچەڵی تەکنیک و خانوو، ماڵەوە هەیە،



که هایدیگەر لە کتێبی "ڕەچەڵەکی تەکنیک و تێزەکانیتر(.Heidegger M, "Teknikens väsen och andra uppsatser, 1981)دا، باسی دەکات. هایدیگەر لە ڕەچەڵەکی تەکنیک و نزیکایەتی نێوان چەمکی ""tikoدا، واتە "خانووسازکردن" و "techne"، واتا "تەکنیک، کە هەردوو چەمک لە زمانی گریکیی کۆندا، نمایشکردن، یان "ڕەخساندنی-ئامادەبوون" دەگەیەنێن نەک بەو واتەی چێکردن و بەو مەکینەبوونەی کە لەم سەردەمە باڵادەستەی تەکنیکدا لە ئارادایە. لە کن هایدیگەر، ئەو دوو چەمکە پەیوەندی بە بیرکردنەوە تەکنۆلۆژییەکانەوە نییە، بەڵکو مەبەستی گەوهەری خانووچێکردن، "مەیسەرکردنی ژیان، بوونە"، بە ئامادەکردنی شوێن و سازاکردنی دەڤەرێکە بۆ نیشتەجێبوون. هایدیگەر لە پەیوەندی بە زمانی شێعرییانەوە وەک "ماڵێ بوون"، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی "خانووکردن، ژیان، بیرکردنەوە"، کە بەمەش باس لە دۆخێکی واقیعی، سەرەتای ساڵی پەنجاکان، دوای شەڕی جیهانی دووەم دەکا، لەوێدا ئەڵمانییەکان بە دەست تەنگژەی خانوو و بێماڵییدا دەیان ناڵاند. لێ هایدیگەر لە ڕوانگەی تەکنیک و نیهیلیزمەوە ئەو دۆخەی بێماڵییە ڕاڤە دەکا. مەبەستی هایدیگەر لەو ڕاڤە کردنەدا ئەفراندنی فەلسەفە یان جوانناسییەکی تەلارسازیی نییە، بەڵکو تاکوو مرۆڤ ڕووبەڕووی پرسیارگەلی لەم چەشنەمان بکاتەوە: چۆن لە سروشتی نیشتەجێبوون لە ماڵدا تێبگەین، بەو مانایەی کە خانووکردن بەندە بە نیشتەجێبوونەوە؟ هاوکاتیش خانووکردن و نیشتەجێبوون پێکەوە چتۆ ڕۆڵێک لە بیرکردنەوەدا دەبینن؟ ئەو دەقەی هایدیگەر بریتییە لە هزری ئەو لە ڕەچەڵەکی زمان کە لە نووسینەکانی دوایی ئەودا هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. هاوکاتیش هایدیگەر لەو دەقەدا هزرین لە زمان وەک "خانوو، ماڵی بوون"، مەبەستی دۆخێکی کۆنکرێتی تایبەتە، مەبەستی ئەو بێماڵییەیەی مرۆڤی ئەڵمانییە کە دوای خەراباتی شەڕی جیهانیی دووەم و ڕمانی ڕژێمی هیتلەرەوە گیرۆدەی بوو بوو. بەمجۆرە هایدیگەر دەڵێ، لە ڕەچەڵەکدا خانووکردن و نیشتەجێبوون لە زمانی ئەڵمانییدا بۆ کرداری "bin"، هەبوون: "هەبوون" مانای "بناغەدانان، خانووکردن" و "نیشتەجێبوون" وەک بوونەوەرێکی "مردەنی"، دەگەڕێتەوە. بۆیە دەبێ سازکردنی خانووەکان ڕەگی لە نیشتەجێبووندا داکوتا بێت و خۆی بە یەکێتیەکی ڕەسەن لە زەویی و ئاسمان، خواوەندیی و مردەنییدا گرێدابێت کە هایدیگەر ئەوە بە چوارگۆشەیی (das Geviert) ناودێر دەکا. بەمجۆرە نیشتەجێبوون شێوەی مردەنییە کە پەیوەستە بەو چوارگۆشەیەوە، بە تایبەتیش کە بەند بێت بە "تشت"ەوە. "D. Brinbaum och Sven Olov Wallenstein, " Heideggers väg (ڕێگەی هایدیگەر)-,١٩٩٩, ل. ١٤٥-١٤٤.

لە دیدی خوێندنەوەی هایدیگەرەوە خودی زمانە، ئەو پرسیارە ئاوەڵا دەکاتەوە کە چۆن ئێمە خۆمان لە زمان نزیک بکەینەوە؟ زمان چۆن بوونمان بینراو دەکا و بانگمان دەکا؟ دواجار زمان چۆن دەدوێ؟ هایدیگەر دەبێژێ ئیشی هۆنەر (شاعیر) ئەوەیە گوێبگرێ و وەڵامی "زرینگەی بێدەنگ"ی زمان بداتەوە. هۆنراوە بەشداری دەکا لە یادەوەری و بیرهاتنەوەیەکی کۆیەکی لە "کۆکردنەوەی خەڵک پێکەوە". هۆنراوەی ڕەسەن دەتوانێ بیری کۆمەڵگەکەی بخاتەوە کە ئەوان لە ترادیسیۆنی ڕابوردووی خۆیان وەدەرنراون، بۆیە گەرەکە بەدوای ماڵ و نشینگەی خۆیاندا بگەڕێن و دووبارە بیدۆزنەوە. هۆڵدەرلین دەبێژێ هۆنراوە ڕێگە بە ئێمە دەدا دووبارە بگەڕێنەوە ماڵ. هۆنەر بۆ خۆی ناتوانێ ئەم هاتنەوە ماڵەوەیە کارا بکا، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە ئەوانی دیکە گوێ لە زمانی بەهەندوەرگرتنی بگرن و لەلایەن خۆیانەوە کارای بکەن(Kearney, ١٩٩٦) .

هایدیگەر لە "ڕێگەری بەرەو زمان" پێی وایە هۆنراوە زمان ختۆکە دەدا و ئەو زەوییە لە ئامێز دەگرێ، هەروەک خۆی لە زەویڕا هاتبێت. بەمەش هۆنراوە زمان بە ئاوەڵایی، بیستراو و بینراو دەهێڵێتەوە. لەوێدا پەیڤە شێعرییەکان دەبنە زمان کە زمان دەتوانێ دوور لە نەوایەکانی لە بەرانبەر خۆیدا، هەست بەخۆی بکا و خۆی ببیستێ. بە واتای هایدیگەریانە: پەیڤ وەک کاکڵەی هەستکردن بەخۆی دەتوانێ لە نێوان زەوی و ئاسماندا یارییەکانی ئاسۆ کراوەتر بکا. ئاسۆ لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێ ئاوەڵا بێتەوە، لەو ئاوەڵا بوونەوەیەدا، شوێنێک بە مرۆڤ دەبەخشێت کە تێیدا بژی. شوێنیش کۆتایی زەوی و سەرەتای ئاسمانە، واتا ماڵی جیهانە. هایدیگەر لە هەستکردنەوە بە ناخی زەوی هەوڵدەدا پانتایی سروشت: بەرد، درەخت، بۆشایی و ئەو نەوایە وێڵانەی کە پڕن لە دەنگ چڕبکاتەوە. ئەمانە هەمووی، لە ڕوانگەی پرشنگی زمانی هایدیگەرەوە، جۆرە خەڵوەتێکە لە سیمای ژیاندا. چونکە بەر لە هەموو تشتێک شێعرییەت لە ڕێگەی توانستی بەناوکردنی پەیڤەوە زمان ڕوونەکاتەوە، ئەو توانستە بەسەر شاعیر و زماندا دادەبارێ و شێعراندنیش ئاستی ئەو توانستی بەناوکردنە پایەدارتر دەکا. بە واتایەکی تر، هایدیگەر بەم جۆرە ئەمە شرۆڤە دەکا: "ڕووخساری سروشتی زمان هەمیشە بۆ ئێمە، تەنانەت لە کۆتایی زمانیشدا بێت خۆی بە بینراوی دەنوێنێت، هەتا ئەو کاتەی کە ئێمە بە شێوەیەکی تەواو خۆمان بەو بیرکردنەوەی کە ئێمە پێشتر لەسەری ئاخاوتن دواوین و ئەوەی کە تەواو نابەستینەوە." ( ڕێگای بەرەو زمان، لاپەڕە ١٢١)

هایدیگەر دەبێژێ تەنیا بەڕێی هزراندنی شێعرییەوە هاوسەنگی و هارمۆنی نێوان هزر و بوون ڕۆشن دەکرێتەوە. بۆیە شێعر توانست بە فەلسەفە دەدا تاکو بگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتەکانی خۆی کە لەم هزراندنەدا فەلسەفە هاوپەیوەندە لەگەڵ ئاخاوتنی لۆگۆس. بۆیە هزراندنی شێعری لەنێو ڕەگی فەلسەفاندنی ڕەسەندایە، جۆرێکە لە پەیڤینی گونجاو لەتەک بووندا، پەیڤینێک گونجاوە لەتەک خودی زمان خۆیدا. لۆژیکی شێعری، نوێنەرایەتی بوون ناکات بە وشە، بەڵکو بوون وەک وشە هەنووکەیی دەکا و دیاردەهێنێ. واتا وشە بوون دەبەخشێ. بەڕێی هەڵوەشاندنەوەی کارایی تەکنیکی و سوودگەرای زمانەوە لەبەرژەوەندی پەیڤی شێعری، هایدیگەر وشەی لەبیرکراوی بوون دەگەڕێنێتەوە و دەهێنێتەوە یاد (Kearney, ١٩٩٦).

هایدیگەر دەیەوێ پیشانی بدا کە چۆن زمان بوون دەپەیڤێنێ بەڕێی دەربڕینی لەنێو_جیهان_بوونی ئێمەوە. بۆئەم مەبەستە هایدیگەر چوارمۆدی سەرەکی زمان دیاری دەکات.

### ١. زمان وەک جەختێتی (بڕیاری لۆژیکی)

هایدیگەر دەبێژێ لە فەلسەفەی ترادیسیۆنیدا هەوڵدەدرێ زمان کورت بکرێتەوە بۆ دەربڕینێکی فۆرماڵ (شێوەکیی) یان پەتی (ئەبستراکت). لێرەدا زمان ڕاژەیەکی سێ لایەنی دەکا ١. پۆلێنکردن (ئەم تتشتە لێرەیە)، ٢. دیاریکردن (ئەم تتشتەی لێرەیە، سپییە)، ٣. پەیوەندی (ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری سەبارەت بەم پۆلێنکردن و دیاریکردنە). زمان دەبێ بە کەرەسەی بڕیاری لۆگیکی کە نوێنەرایەتی جیهان دەکا و پۆلێنی دەکا. وشەکان بۆ نوێنەرایەتیکردن و نەخشەکێشانی ڕیالیتی بەکاردەهێنرێن.

وشەکان وەک بوونەوەری بچووکی بێژیان بۆ ئەبستراکتاندنی ڕیالێتی بەگەڕدەخرێن. لێرەدا وشەکان بەکاردەهێنرێن بۆ پێناسەکردنی ڕیالێتی وەک کۆکراوەی ئۆبژێکتگەلی "بەر_دەست/پێش_دەست" (present-at-hand) (Bradatan, ٢٠١٥).

**٢. زمان وەک دیسکوزی ڕاڤەکردن**

لێرەدا زمان وەها دەبینرێ کە ڕەگەکانی لەنێو لێرەبوونی ڕۆژانەیێتی مرۆڤدایە، لەنێو جیهاندا وەک ڕاڤەکردنی بوون: توانست بە ئێمە دەدا شت ڕاڤەبکەین وەک تشتێک کە پەیوەستە بە پرۆژی لەنێو_جیهاندا_بوونی ئێمە. دیسکوزی ڕاڤەکردن بەسانایی ڕاڤەی بەرد ناکات کە لێرەیە (پۆلێنکردن)، یان خاوەنی زنجیرەیەک تایبەتمەندی ئۆبژێکتیڤییە وەک کێش، ڕەنگ، پانی، هتد (دیاریکردن). بەڵکو دیسکورز زۆر بنەڕەتیانە ڕاڤەی بەرد دەکا وەک تشتێک کە بۆ لێرەبوونی من بە سوودە یان واتادارە. بەردەکە لەنێو ئێکزیستێنسیالی ڕۆژانەیی خۆیدا وەک تشتێک ڕاڤە دەکرێ کە دەتوانرێ لەلایەن منەوە وەک چەک، بەردی پەیکەر، بلۆکی تەلارسازی یان هەر تشتێکی دیکە بەکاربهێنرێ. ئەگەر لۆگیکی جەختێتی وەک ئۆبژێکتی بەردەست/پێشدەست ڕەفتار لەگەڵ تشتەکان بکات، ئەوا دیسکورزی ڕاڤەکردن تشتەکان وەک ئامرازی دەردەست/حازردەست (ready-to-hand) دەناسێت. بەکورتی، دیسکوزی ڕاڤەکردن تشتە هەبووەکان لە رووی شیمانەی خزمەتکارێتی منەوە ئاشکرا دەکا. هایدیگەر جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان فۆرمی ڕەسەن "خۆیی" و ناڕەسەن "ناخۆیی" دیسکوزی ئێکزیستێنسیال دەکا. ئەو بە فۆرمە ڕەسەنەکە دەڵێ "پەیڤ/گۆتن"، هایدیگەر ئەمە بە توانستی ئێمە بۆ مانەوە بەرپرسیاری بەرانبەر پەیڤەکانمان دیاری دەکا بەرێی بە بێدەنگی مانەوە بۆئەوەی گوێ لە دەنگی بوون بگرین و ڕەسەنانە وەڵامی بدەینەوە. بە فۆرمە ناڕەسەنەکەش دەڵێ "چەقەچەق/قسەی پووچ". هایدیگەر ئەمە بە زۆربڵێی و چەقەچەق دیاری دەکا (Kearney, ١٩٩٦).

**٣. زمان وەک چەقەچەق/قسەی پووچ (ڕای گشتیی)**

زمان وەک گفتوگۆ_لەگەڵ_ئەویدی دەتوانرێ بەئاسانی ببێ بە قسەی پووچ و چەقەچەق. لە چەقەچەقدا وشەکان دەبن بە ستراتیژێک بۆ هەڵاتن لە خۆمان؛ لێرەوە ژیانمان هیچی دیکە لەلایەن خۆمانەوە ناژیێندرێ، بەڵکو بۆمان دەژیێندرێ لەلایەن ناکەس "مرۆ" (ئەوان)وە (Das Man) کە لەبری ئێمە بریار دەدا. بۆیە ئێمە بۆ پرکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو خۆمان چەنە لێدەدەین و بەگوێرەی ڕێساکانی مرۆ چەقەچەق دەکەین. قسەی بەتاڵ یان "قسەی مرۆ" بوونمان_لەگەڵ_ئەویدی بەشێوەیەکی ناڕەسنانە ڕاڤە دەکا، لەبەرئەوەی جیهان وەها دادەنرێ کە هەیە، نەک لەبەرئەوەی من وا دەڵێم، بەڵکو لەبەرئەوەی مرۆ وەها دەڵێ. قسەی بەتاڵ هەموو کەسێک لێی تێدەگا وەک هایدیگەر دەبێژێ "چەقەچەق ئەگەری تێگەیشتنە لە هەموو تشتێک بەبێ ئەوەی پێشتر تشتەکەت گرتبێ و کردبێتت بە هی خۆت. چەقەچەق تشتێکە هەموو کەسێک دەتوانێ بیکا لەبەرئەوەی ئەو کەسە ئازاد دەکا لە ئەرکی تێگەیشتنێکی ڕەسەنانە".

**٤. زمان وەک پەیڤ (شێعر)**

هایدیگەر لەمەڕ زمان دەبێژێ "زمان ڕەچەڵەکی شێعرە، واتا ئەوە نەتەوەیە کە بوون دەشێعرێنێ. بە پێچەوانەش ئەوکاتەی شێعری مەزن دەستپێدەکا گەلێک بە شێوازی زمانەکەی لە مێژوودا بە دیار دەکەوێ. گرێکییەکان بە هۆی هۆمیرۆسەوە ئەو شێعریەتەیان ئەفراند و تاقیکردەوە. زمان وەک دابرانێک لە بوون ژیانی ئەوانی، وەک وێناندنی دەستپێکێک لە بوونایەتی، خەملاند و نیشاندا. "گۆڕگی شتاینەر، دەروازەیەک بۆ هایدیگەر"، لەپەرە: ٧٢) شێعراندن ئەو شتانە بینراو دەکا کە لە زمانی ڕۆژانەدا پەنا دەدرێن، ئەو زمانەی کە خەڵک بۆ دەربڕینی خۆی وەک کەرەسیەک بەکاری دەهێنێت. وشە لە بەرهەمهێنانی شتەکاندا تواناداره، ئەو توانستەش لە زمانی کەرەسەدا نییە، بە واتای مالارمێ: ئەوە شێعراندنە کە شتەکان بە دیار دەخا، هەروەک ئەوەی بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی بگەڕێتەوە. هەروەک ئێمە بۆ یەکەمجار بێت کە ئەو شتەمان ببینیێت. ئەم گۆڕانەش بەوە بەند نییە کە شتەکان لەگەڵ وشەدا بە دیار دەکەون، بەڵکو بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە توانستی خۆی بدۆزێتەوە، وێجا ڕێگا بە ئاوەڵا بوون دەدا.

ئەو چەشنە وزەیە لە خەیاڵی ناوەکی شاعیرەوە هەڵناقووڵێ بەڵکو ئەو وزەیە لەو بە دیار خستنە سەرچاوە دەگرێ، کە بەر لەوەی زمان بێدەنگ بێت، زەمینەی بۆ خۆشدەکرێ. کەواتە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە، بۆ پەیڤەکان خۆی ئاوەڵا دەکاتەوە. ئەو پەیڤانەش بوونی مرۆڤن. کاتێک مرۆڤ دەستیکرد بە چێکردنی وشە و زمان هەروا لەرینەوەی بوونیش دەستپێیکرد. واتا، بە دەربڕینێکی دیکەی چڕتر: کاتێک زمان دەپەیڤێ ئێمەش لە هەمان کاتدا گوێمان لە دەنگی بوون دەبێ. بەمجۆرە گەوهەری مرۆڤ لە زماندا، کە ماڵی خۆیەتی، ئاشکرا دەبێت. مرۆڤ، بە لای هایدیگەرەوە، گوێ بۆ بوونی خۆی ڕادەدێرێ و بەمەش لەسەر ئەو بوونە وشیار دەبێتەوە. هاوکات مرۆڤ لە ئاخاڤتندا بوونایەتییەکەی دادەمەزرێنێ و ئاوەڵادەکاتەوە. لێرەدا ئێمە دەتوانین بڵێین کە زمان مێژووە، هەروا بە پێچەوانەشەوە. چونکە مرۆڤ لە ڕەچەڵەکی خۆیدا ئاخاڤتنە و لە ڕێگەی ئاخاڤتنیشەوە خۆی بە دیار دەخا. بەمجۆرە مێژوو دەستپێدەکا هاتاکوو لەناو زمانی مرۆڤدا بژی. بە واتای هایدیگەر: "چونکە ڕێگەی مێژوو بەرەو زمان دیاریکراوە، ئەمەش هەر تەنیا لە دەستەواژەکانی زمان وەک خۆییدا نییە، بەڵکو زیاتر بە دەستەواژەگەلێک لە هەوڵدان دیاریدەکرێ بۆ ئەوەی پێناسەیەکی مێژوویی لە تەواوی مێژووی فراژانی هەمەکی رووحانییەتی مرۆڤ و هەروا تاکگەرایەتییەکەی پێ ببەخشێ." ("ڕێگەی بەرەو زمان"، لاپەرە: ١١٨) لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە بۆ زمان، زمان دەبێتە ماڵێک، ئەمەش واتا بوارێکمان بۆ ئەو بوونە ڕاستینەیە ئاوەڵا دەکاتەوە. بوون ئەفراندنێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت مێژوو دامەزرێنێ. هەر بۆیە وشە، وەک زماناناس پێناسەی دەکا، بریتی نییە لە دەنگ و هێما، بەڵکو وشە بۆ نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوەیدا سەرچاوەیەکی ڕەهەندییە. لە گۆشەنیگای دیدی خەمخۆرهانەی هایدیگەریانەوە بۆ زمان، زمان دەبێتە ڕەچەڵەکی شێعراندن، کە جیاوازەکانی نێوان جیهان و شتەکان، ئاوەڵایی و کۆتاییەکان و هەروا نێوان حەشاردرا و ئاشکراکراوەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. چونکە ئەوە: "لە سروشتی زماندا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، کە خودی زمان لەوێدا تێگەیشتووانە ئەو دڵنیاییەی دەستەبەر کردووە، بەڵام دەستەبەر کردن لە تێگەیشتنی شتێکی ترە لەوەی کە زمان خۆی بێت." ("ڕێگەی بەرەو زمان"، لەپەرە: ١١٩)

لە ڕوانگەی هایدیگەر، زمانی شێعریی ڕەسەنترین شێوازی بوونمانە لەگەڵ ئەوانیدی. شێعر ڕێگە بە زمان دەدا کاراییە هێرمۆنیوتیکەکەی خۆی وەک ڕاڤەکردنی جیهان وەک تێکستی دەرخستنی پرۆژەی بوونمان ئاشکرا بکا. لێرەدا جیهان وەک ئاسۆیەک بەسەر گریمانەکاندا ئاوەڵا دەبێ، هەریەکێک لە گریمانەکان وەک ئەگەرێکی بوون، سیمبولی بوون یان شفرەی بوون دەئاخفن. بەڵام ئەگەر شێعر ڕەگێتی و ڕیشەی زمان لەنێو ڕەسەنێتیبوون_لەنێو_جیهاندای ئێمە بناسێتەوە، ئەوا شێعر هاڤرکێی ئێمەش دەکا لە ڕیالیزەکردنی ئەوەدا کە بوونی ئێمە ڕەگی لەنێو مەرگدایە، لەنێو_نەبووندایە. لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە، مرۆڤ بەتەواوی لەنێو زمانی شێعریدا ڕەگی داکوتاوە "زمان هەبووەکان ئاشکرا دەکا بەرێی پێدانی توانست بە مرۆڤ بۆ ئەزموونکردنی بوون". ئەم ئەزموونکردنە کاتێک ڕوودەدا کە زمانی شێعر وازی لە بەکارهێنانی وشەکان وەک ئامرازی لۆگیکی یان سوودگەرا هێنابێ. شێعر ئامرازێکی تایبەتە بۆ ئاشکراکردنی ئێمە بۆ خۆمان وەک بوون_ڕووەو_مەرگ. بۆ ئەوەی بیرمان بهێنێتەوە کە لێرەبوونمان دواجار کۆتایی دێت. بوون خۆی شێعرییانە بۆ ئێمە دەئاخڤێ بەرێی ئاگاییمان لە بمرێتی خۆمان. لە شێعردا بوون بە هەموو ئەویدییەکانییەوە ئاشکرادەبێ. هایدیگەر دەبێژێ شێعر توانست بە ئێمە دەدا تاکوو "هەنگاوێک لە تشتەکان دووربکەوینەوە"، لێرەوە ئێمە جیهان بە ڕێگەیەکی نوێ ئەزموون دەکەین. شێعر و هزراندن لە بەتەنگەوەبوون و مشور بۆ وشە زۆر لەیەک دەچن (Kearney, ١٩٩٦). شوێن لە ئاخاوتنی مرۆڤ؛ لە زماندایە. لێ زمان بەو پەیڤانەی کە دەگوترێن دەنگ بڵاو دەکاتەوە. زمان ئەو وشانە دەبێژێ و بەدیاریان دەخات، بێدەنگییەکان رووتدەکاتەوە. ئەوجا بێدەنگی روو دەکاتە ئاخاوتن. دەبا لەگەڵ هایدیگەردا کۆپلەی هەشتەم لە شێعری هۆڵدرلین بخوێنینەوە:

**"زێتر، لە سپێدە و بەردەوامییەک،**

**چونکە ئێمە ئاخاوتن بووین و گوێمان لە یەکتر دەبوو**

**مرۆڤایەتی لەوە فێر بوو؛ لێ هەر بزانە بووین بە گۆرانی؟" ("ڕێگەی بەرەو زمان"، لەپەرە:١٣٥)**

هۆنراوە لە نێوەندی زماندا خۆی دیاردەهێنێ، ئاخر بەبێ زمان ناتوانێ هەبێت، چونکە هزرین بێزمان نییە و لەنێو زماندا ڕوودەدات. لێرەدا پێکەوەگەری هزرین، زمان و هۆنراوەمان هەیە. هزرین لەم ڕاڤەکردنەداوەک زمان بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆگی بۆ بوونی مرۆڤ دادەنرێ. مرۆڤە ڕەسەنەکان هونەرمەندان و شاعیرانن. هۆڵدەرلین ئەو مرۆڤە ڕەسەنەیە بەنیگەرانییەوە داهێنەرانە پەیوەندییەکەی لەگەڵ بووندا چێ دەکات و ڕاستی بوون بۆئێمە دیاردەهێنێ. هایدێگەر بۆدوو مەبەست هۆڵدەرلین، وەکو شاعیرێکی ڕەسەن هەڵدەبژێرێت و لەبەر ڕۆشنایی هۆنراوەکانیدا مەبەستەکان شیدەکاتەوە؛

**یەکەم:** لە ڕێگەی هۆڵدەرلینەوە لە ناوەرۆکی شێعر تێدەگەین، هۆڵدەرلین پێمان دەڵێ شێعر چییە و چ ناوەرۆکێکی هەیە.

**دووەم:** پێویستی مرۆڤی سەردەم بۆ شێعر بەتایبەتی و هونەر بەگشتی لە شێعرەکانی هۆڵدەرلیندا دەردەکەوێت. ئەمە گرنگی شێعر، وەکو بەرەنگاربوونەوە بەرجەستە دەکات (کەمال، ٢٠١٧).

هایدێگەر لەمەڕ ئەوە دەبێژێ: "زمان ڕەچەڵەکی شێعرە واتا ئەوە نەتەوەیە کە بوون دەشێعرێنێ. بە پێچەوانەش ئەوکاتەی شێعری مەزن دەستپێ دەکا گەلێک بە شێوازی زمانەکەی لە مێژوودا بە دیار دەکەوێ. گریکییەکان بە هۆی هۆمیرۆسەوە ئەو شێعریەتەیان ئەفراند و تاقیکردەوە. زمان وەک دابرانێک لە بوون ژیانی ئەوان، وەک وێناندنی دەستپێکێک لە بوونایەتی، خەملاند و نیشاندا ("گۆرگی شتاینەر، دەروازەیەک بۆ هایدێگەر"، لاپەڕە: ٧٢). ئەو زمانەی ڕاستی بوون دەردەخات و دەبێت بە ماڵی بوون، زمانی بوونی ڕەسەن و داهێنەرانەیە، بۆ هایدێگەر زمانی (شێعری-هۆنراوە)یە، بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسەکە بۆ زمان، هایدێگەر بنەڕەتی وشەی شێعر لە زمانی گریکی (-Poi□ tikos-Poiesis) دەردەخات. وشەی(Poiesis) بە گریکی واتای (داهێنان و بەرهەمهێنان) دەگەیەنێ. بۆ گریکییەکان شێعر داهێنان و شاعیر داهێنەر بووە. بۆ هایدێگەر تەنیا مرۆڤی ڕەسەن دەتوانێت داهێنەرانە بژی و لەم بنەمایەوە، شاعیر بوونێکی ڕەسەن و داهێنەرانەی هەیە (کەمال، ٢٠١٧).

لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆژییەوە، هۆنراوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە هەیە، زمانیش ماڵی بوونە و شێعر ڕاستی بوون دەردەخات. دەربڕینی ڕاستی بوون دەبێت بە چییەتی، یان ناوەڕۆکی شێعر. شێعر، وەکو هزرینی فەلسەفییانە لە شێوازی ڕەسەنانەی بوونی دازایندا ئەرکی دەرخستنی ڕاستی بوونی پێدەدرێت، "هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیی، بەتایبەتی ئەوانەی قوڵترینن، لەنێو خۆیاندا شێعرین، بەڵام هێشتا نابن بە هونەری شێعر. بە هەمان شێوە بەرهەمی شێعری، وەکو سروودەکانی هۆڵدەرلین، خاوەنی هزری بەرزن، بەڵام فەلسەفە نین." شێعر و فەلسەفە بناغەیەکی هاوبەشیان هەیە، دەیانەوێ داهێنەرانە ڕاستی بوون دەربخەن. هۆڵدەرلین لە شێعرێکیدا بەناوی (نان و شەراب) دەنووسێ:

**لەم کاتی نەهامەتییەدا**

**چی پێویستییەکمان بە شاعیرانە؟**

سەردەمی لەبیرکردنی بوون، کاتی نەهامەتی. هۆڵدەرلین ئەو پرسیارە دەکات، داخۆ پێویستییەکمان بە گەڕانەوەی مرۆڤی ڕەسەن بۆ بوون هەیە، یان دەبێ بەردەوامی بە سەردەمی نەهامەتی بدەین (کەمال، ٢٠١٧).

**ئێستا**

**ئاگر وەرە**

**دەمانەوێت بەرەبەیانێک ببینین.**

لێرەدا، هایدێگەر ڕۆڵێکی جیاواز بە شاعیر دەدات، وەک هزرڤان دەی بینێ. شاعیر، لەلایەکەوە، ئەو مرۆڤە ڕەسەنەیە ڕوو لە بوون دەکات و ڕاستییەکەی دیاردەهێنێ، لەلایەکی دیکەوە، خاوەنی هزرینی داهێنەرانەیە، "بوون بە شاعیر لەکاتی نەهامەتییدا واتە: ئامادەبوون و گۆرانی گوتن لە جێگەی خوایە هەڵهاتووەکان، بۆیە شاعیر لە شەوی تاریکی جیهاندا دەبێت بە مرۆڤێکی پیرۆز و هۆڵدەرلین گوتەنی شەوەکە پیرۆز دەکات."

هایدێگەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شێعر و فەلسەفە دەبێژێ هزرین شێعرییە، واتا هزرین لەبارەی بوون ناوەڕۆکی سەرەکی شێعرە. لێرەدا زمان دێتەگۆڕێ، چونکە ناوەڕۆک وەردەگرێ. هزرین ئەوە دەردەخا، کە ڕاستی بوون دەی سەپێنێت. مەبەست لە پەیوەندی هاوبەشی نێوان شێعر و فەلسەفە، قوربانیدان بە هیچیان نییە، هەردووکیان وەک خۆیان دەمێننەوە، بەڵام ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی زمان دەردەخەن. لەم پەیوەندییەدا شاعیر و فەیلەسوف دەبن بە پاسەواناکانی ماڵی بوون (کەمال، ٢٠١٧).

## مەسعود محەمەد: زمان، بوون و هزری کورد

بۆ مەسعود محەمەد پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان بوون و زماندا هەیە. زمان بوونی هەڵگرتووە و ماڵی بوونە. ئەو لە نەخۆشخستنی زمانی کوردی و بیرچوونەوەی بوونی کوردی تێگەیشتووە، بۆیە دەیەوێ لە ڕێگەی هەڵدانەوەی توێکڵە گەندەڵنەبووەکانی زمانی کوردییەوە، بوونی کوردی هەڵبداتەوە. مەسعود محەمەد لە کتێبی "زمانی کورد"دا بەدوای هەڵدانەوەی توێکڵە یەکەمییەکانی زمانی کوردیدا دەگەڕێ. لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ بوون (وجود)ی کورد، ئۆنتۆلۆژیی کورد لەنێو زمانی کوردییەوە هەڵبداتەوە و ئاشکرای بکات. چونکە زمانی کورد بوونی کوردی هەڵگرتووە، زمانی کورد ماڵی بوونی کوردە. مەسعود محەمەد بە گەڕانەوە بۆ زمانی ئاڤێستا و (زمانی شێعری) گاتاکان شێعریەتی زمانی کوردی زیندوو دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکانی زمانی کوردی، تا بوون بە ڕێگەی زمانەوە ختۆکەی هزری کوردی، بوونی کوردی بدا.

مەسعود محەمەد لە سەرەتای کتێبەکەیدا باس لە هۆکاری خۆ خەریککردن بەم بابەتە و نووسینی کتێبەکەیەوە دەکا، دەبێژێ "بەبێنیکە شەپۆلێکی خاوی گومان بە ناو نووسەرانی کورددا دەگەڕێ و هۆیەکەشی ئەو بۆچوونەیە گوایە بەکارهێنانی وشەی کوردیی هاوشێوە و هاوتەرحی وشەی فارسی لە نووسینی کوردیی سەردەمدا، بۆی هەیە خزمەتی ئەدەبی فارسی بکا (...) وام هەست کرد ئەرکی من دەگاتە ئاستی واجبی نەتەوەیی و نیشتیمانی بۆ ئەوەی چرا کزەکەی خۆم پێ بکەم و تیشکێک، ئەوەندەی هەیە، بخەمە سەر هۆکاری ئەو گومانانە، ئەوەش بە پێی ئاگاداریم لە سەرچاوەی کوردی و فارسی و زمانە ئارایییەکانی تر، لە سانسکریتییەوە بگرە تا دەگاتە پەهلەوی و هی دی" (مەسعود، محەمەد ٢٠٠٨: ٨). لە لایەکەوە، خەم و پەرۆشی مەسعود محەمەد بۆ زمانی کوردی و بۆ کورد، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی شارەزایی و ئاگاداری لە زمانەکان وەها لە ئەو دەکەن، ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ. تاکوو لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە بوونی کورد ڕۆشن بکاتەوە، کە ئەم ڕۆشنکردنەوەیەش بەهۆی زمانەوە دەکات. لە لای مەسعود محەمەد زمان تەنیا ئامراز نییە بۆ پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری بەکاربهێنرێ، بەڵکو زمان پەیوەندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە و بوونی مرۆڤی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی زمانەوە ئەم بوونە ڕۆشن بکرێتەوە و دیاربهێنرێ. مەسعود محەمەد لە کتێبی "زمانی کورد"دا دەیەوێ بوونی کورد لەنێو ماڵی زماندا نیشتەجێ بکا و لەم ڕێگەیەوە کورد بێنێتە نێو_جیهانەوە تاکوو وەک بوونێکی سەربەخۆ بێتە_نێو_مێژووەوە. مەسعود محەمەد لەم کتێبەدا بە هەمان شێوەی هایدێگەر توێکڵەکانی زمان هەڵدەداتەوە و بەشێوەیەکی هەڵکۆڵین (ئارکیۆلۆژی)ی زمان و ئیتیمۆلۆژی ئیش لەسەر زمانی کوردی دەکا، مەسعود محەمەد دەبێژێ "ئەوەش بۆ من هاندانێکە بۆ هەڵکۆڵینی ڕابردوو و بەدەستهێنانی بەڵگە بۆ سەربەخۆیی زمانی کوردی بە ڕەگ و ڕیشاڵییەوە. (...) خاوەنداریتی زۆر لەو وشە هاوبەشانەی کە لە نێوان خۆی [زمانی کوردی] و زمانەکانی تردا هەن، کوردین و تەنانەت ئەوەشم بە دڵنیاییەوە بۆ ئاشکرا بوو کە بەهۆی بێ خاوەنی و بێ توانایی و ماڵوێرانییەوە، لە ماوەی بیستوشەش سەدەدا، زۆر لە وشەکانی تووشی تاڵانوبڕۆی زۆریش بوون" (مەسعود محەمەد، ٢٠٠٨: ١٠). مەسعود محەمەد لە ڕێگەی ئەو توێژینەوە و توێکاریییەوە دەیەوێ خاوەندارییەتی لە زمانی کوردی بکات و بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆی کە کوردە بگەڕێنێتەوە، ئەو وشانەی کە لێی تاڵانکراوە و لێی براوە جارێکی دیکە بێنەوە ئامێزی زمانی دایک. هەروەها مەسعود محەمەد دەیەوێ کورد بە ئاگا بێنێتەوە و بوونی کورد لەنێو زمانەکەیەوە بێداربکاتەوە و ئازادی بکات. مەسعود محەمەد لە ڕێگەی "زمانی کورد"ەوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کورد و

هەڵدانەوەی توێکڵە یەکەمییەکانی مێژووی کورد بۆ ئەوەی کورد لە ژێردەستەیی و کۆیلەیی بێدار بکاتەوە، تاکوو کورد لە بوونی خۆی، لە نەخۆشی لەبیرچوونەوەی بوونی خۆی بەئاگا بێتەوە و هەوڵ و خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و سەلماندی بوونی خۆی بدات. مەسعود محەمەد باس لە ئاڤێستا دەکا وەک دەقێک، وەک زمانێک کە بوون و مێژووی کوردی لە خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو باس لە هێز و دەسەڵاتی زمان دەکا کە هاوسەنگە بە هێز و دەسەڵاتی ئەو گەلەی قسەی پێدەکات "ئەوەش روونە کە هێزی زمان لەگەڵ هێزی ئەو میللەتەدا کە قسەی پێ دەکا هاوسەنگە و سەرچاوەی هێزیش دەسەڵات و ئایینە چونکە ئایین، لە سەردەمە کۆنەکاندا کەلەپوور و فەرهەنگی بە شێوەیەکی گشتی لە خۆ دەگرت." (مەسعود محەمەد، ٢٠٠٨: ١٨) بۆیە ئەو باس لە کاریگەری ئاڤێستا دەکا لەسەر فەرهەنگی گەلانی ئێران "من بۆ ئەوە چووم کە ئاڤێستا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر قاڵببەندی کەلەپوور و فەرهەنگی ئێراندا هەبێ، (...) ئاڤێستا هەر وەک حەقیقەتێکی گردەبڕ و وەک بەهێزترین کاریگەر لە سەر زمان و فەرهەنگ و ئایین و ژیانی هەموو ئێرانییەکانی پێش پەیدابوونی ئیسلام دەمێنێتەوە" (مەسعود محەمەد، ٢٠٠٨: ١٩_٢٠). مەسعود محەمەد لە ڕێگەی هەڵکۆڵینە زمانەوانییەکانییەوە مێژووی کورد و بوونی کورد هەڵدەداتەوە. توانستی بەرگری، مانەوە و بوونناسیی (ئۆنتۆلۆژی)ی کورد دیاردەهێنێ، زمانی کوردی بە پێست دەچوێنێ لە پاراستنی کورددا، چۆن پێست گۆشت و ئێسکەکانی داپۆشیوە و دەیان پارێزێ، بەهەمان شێوەش زمانی کوردی وەک ئەم پێستە بوونی کوردی داپۆشیوە و پاراستوویەتی. "ئەگەر سەرنجی زمانی کوردی بدەین کە پێناسە و دەفتەرنفووس و جنسییەتی [کوردە] و وەک پێست، گۆشت و ئێسکەکانی داپۆشیوە و دەیپارێزێ، سەرمان لەوە سوڕ دەمێنێ کە چۆن وەک زمانێک بە زنوویی ماوەتەوە و توانای گەشەکردنی هەیە و کەرەسەی تەواوی دربڕینی هەیە و توێشەبەرەی قامووس و ڕێزمان و پەیوەندی وای تێدان کە بۆ پەرەسەندن لە رووی ڕۆشنبیری سەردەم ئاواڵە بێ" (مەسعود محەمەد، ٢٠٠٨: ٤٠_٤١). مەسعود محەمەد لە ڕێگەی هەڵکۆڵینە زمانەوانی و ئیتیمۆلۆژییەکانییەوە، دەیەوێ زمانی کوردی ئازاد و سەربەخۆ بکا و جیای بکاتەوە لە زمانەکانی دیکە و وشە تالانکراوەکانی بگەڕێنێتەوە، لەم ڕێگەیەشەوە دەیەوێ بوونە داگیرکراوەکەی کورد ئازاد بکا و مرۆڤی کورد لە کۆیلەیی، خۆبەکەمزانین و ژێردەستەیی ڕزگار بکا. "زمانی کوردیش کە داوای مافی مێژوویی و میراتی خۆی دەکا، لە رووی هەستکردنەوە بە بوونی خۆی و بە ئاشکراکردن و ڕاپەڕین دژی داگیرکردن نەک پاڕانەوە و دەرۆزەکردن و سووکایەتی و ورووژاندنی گومان." (مەسعود محەمەد، ٢٠٠٨: ٤٤). "ئەو سەردەمانەی کە بە پشتشکاندن تێپەڕین و بە کەرامەت و بوون و زمان و زەمینی خۆمان نرخمان دا، مافمان دەدەنێ و هەست بەو ئەرکە دەکەین ئاڤێستا بکەینە بەڵگەنامە و "تاپۆی کوردی" و خاوەندارێتی خۆمان بۆ هەر وشەیەکی کە لە ئاڤێستادا هەیە و فارسی زەوتی کردووە و لە دادگای مێژوودا دەستی بە سەردا گرتووە، بسەلمێنین. ئێمە خاوەنی ئەو زمانەین کە قسەی پێ دەکەین و دەسبەرداری نابین کە هاوشێوە و هاوواتایان لە فارسیدا هەیە چونکە ئەو لێکچوون و هاوشێوەییە تەنها لە زمانە ئێرانییەکاندا نییە بەڵکو لە نێوان زمانە ئێرانییەکان و سانسکریتی و ئەوان و زمانەکانی ئەورووپاشدا هەیە کە لە سەرچاوەی هندوئەورووپی کەوتوونەتەوە. (...) ئێمە خاوەنی زمانی خۆمانین و هەرچییەکی لە ئاڤێستا و ئایینی زەردەشتدا هەیە پەیوەندییان لەگەڵ زمانی ئێمە نێزیکترە و لە ویژدانی پیاوێکی کوردەوە هەڵقوڵاوە و ئەو نارازیبوونەی کە لاملێک دەریدەبڕێ گوایە خۆبەستنەوە بە زەخیرەیەک کە یەکلایی نەبۆتەوە کارێکە ڕەتکراوەتەوە، چونکە ڕازیبوون بەوە ڕاگەیاندنی خۆبەدەستەوەدانە و هیچ زمانێک نییە ئێستای یەکلایی کرابێتەوە، لە کۆنەوە یەکلایی بووبێتەوە و عەرەب و کورد و ترک و عەجەم لەم لایەنەوە یەکسانن" (مەسعود محەمەد، ٢٠٠٨: ٤١_٤٢). مەسعود محەمەد لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە کە هەقیقەتی کوردی لە خۆیدا هەڵگرتووە مێژووی کورد ڕۆشن دەکاتەوە. "کوشندەترین شت لە مێژووی کورددا ئەوەیە دەربازبوونی زمانەکەی لە چنگی فارسی بە نرخی چارەنووس ئەنجام درا کە ٢٥ یا ٢٦ سەدە درێژەی کێشا. ئەمڕۆش کوشندەترین شتی زمانەکەی ئەوەیە بێتاوانیەکەی لە تۆمەت بە پاککردنەوەیەک بێ کە لە ڕاستیدا کەوڵکردنێتی و بەوەش کورد بە هەوەسی خۆی تەرمی زمانەکەی خۆی دەداتە فارسی و لەوە خاترجەمی دەکا کە بەدرێژایی مێژوو نەیتوانیوە کوردی سەربڕێ" (مەسعود محەمەد، ٢٠٠٨: ٦٨_٦٩). مەسعود محەمەد لە "زمانی کورد"دا گوێ لە دەنگی بوونی کورد دەگرێ و بۆ ئێمەی دەگوازێتەوە. ئەم دەنگە بۆ ئێمە هەنووکەیی دەکاتەوە و پێشبینی دەکاتەوە. بوونی کورد ٢٥ یا ٢٦ سەدەیە ژێردەستەیە، داگیرکراوە مەسعود محەمەد گوێی لە ناڵە و هاواری ئەم بوونەیە، ئەم دەنگە بەڕێی مەسعودەوە بە ئێمە دەگات. شامەبەستی فەلسەفەی مەسعود محەمەد و هەڵکۆڵینە زمانەوانییەکانی، ئازادکردنی بوونی کوردە، ڕزگارکردنی مرۆڤی کوردە لە داگیرکاری، لەبیرچوونەوەی بوونی خۆی. ئاخر کورد بوونی خۆی بیرچۆتەوە، لەبیری کردووە بەهۆی داگیرکردنییەوە لەلایەن گەلانی ناوچەکەوە.

## شیعرییەتی زمانی مەسعود محەمەد

زمانی مەسعود محەمەد کوردییەکی ڕەوان، پاراو، ورد چنراوە. لە ڕووی ئیستێتیکییەوە بە شێوازێکی جوان داڕێژراوە و چێژمەندە جۆرێک لە شێعرییەت لەخۆ دەگرێ. ئەمەش وەهای کردووە بە لای زۆر لە خوێنەران و نووسەرانەوە زمانی مەسعود محەمەد قورس بێت؛ بەڵام ئەم قورسییە مەبەستمەندە، لەبەرئەوەی ئەو بۆ هەموو کەس نانووسێ. ئەو زمان وەک ئامرازی گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی نابینێ، لە لای مەسعود محەمەد زمان پەیوەندی بە هۆش و ئاگامەندی بوونی مرۆڤەوە هەیە، زمان زادەی هۆشە. بۆ ئەو زمان تەنیا بۆ پەیوەندی لەتەک ئەویدیدا نییە، مەسعود محەمەد نایەوێ خۆی لە پشتی زمانەوە بشارێتەوە، ئەوە زمانە بەڕێی مەسعودەوە دەدوێ، دەپەیڤێ. ئەو لە ڕێگەی زمانەوە لە بوونی خۆی هەڵنایەت، بەشێوەیەکی نارەسەنانە و ناخۆییانە زمان بەکارناهێنێ، بەڵکو ئەو بەڕێی زمانەوە بوونی خۆی ڕۆشن دەکاتەوە، ئەو بەشێوەیەکی ڕەسەنانە و خۆییانە زمان دەپەیڤێنێ. مەسعود محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ توێکڵە یەکەمییەکانی زمانی کوردی، ئەو توێژاڵەی کە لە لایەن ئاخێوەر، نووسەر و ڕۆشنبیری کوردییەوە گەندەڵ نەکراون. ئەو بەتەنگ وشەکانەوەیە و بەرپرسیارانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات، ئەو مشوری بۆ وشەکان و بۆ زمانی کوردی هەیە. مەسعود دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی زمانی کوردی، تاکو



لەم ڕێگەیەوە زمانی کوردی ببوژێنێتەوە و زیندووی بکاتەوە، لێرەوە چارەسەرێک بۆ نەخۆشخستنی زمانی کوردی لەلایەن بەکارهێنەرانی زمانەکەوە بدۆزێتەوە. لە لای مەسعود محەمەد زمان چەقەچەق نییە، زمان قسەی بەتاڵ و پووچ نییە، کە کەسان لە پشتییەوە خۆیان دەشارنەوە. زمانی مەسعود محەمەد زمانێکی باڵایە، زمانێکە ئاستی زمانی چەقەچەقی ڕۆژانەیی و ڕای گشتی تێپەڕاندووە. زمانی مرۆ (ئەوان)ی تێپەڕاندووە. ئاخر ئەو بەشێوەیەکی خۆیی و ڕەسەن زمان دەپەیڤێنێ. ئەو بە زمانێک نانووسێ لەبەرئەوەی هەمووان پێی دەنووسن، کە دەبێ هەمووان لێی تێبگەن، بەڵکو بە زمانێکی خۆیی و ڕەسەن دەنووسێ. ئەو بە زمانێک دەنووسێ کە هارمۆنی و هاوسەنگی لە نێوان بوون و هزر ڕۆشن کردۆتەوە.

## هزراندێک لە خاکی شێعرییەتی حاجی قادری کۆییدا

مەسعود محەمەد بەڕێی شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی، نالی، مەحوی، هتد بوونی کورد، کولتووری کورد و هزری کوردی بە ئێمە ئاشنا دەکاتەوە. بۆ ئەو شێعری ڕەسەن دەتوانێ یەکێتیی گەل بئافرێنێ، دەتوانێ گەل بێدار بکاتەوە، پێکەوە یادەوەرییان ببزوێنێ. ئەو لە ڕێگەی شێعری حاجییەوە خەم و پەرۆشییەکانی بۆ کورد ئاشکرا دەکا، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ کلۆڵی، نەخۆشی، و داگیرکراوی بیری کورد بهێنێتەوە. دەیەوێ بیرچوونەوەی بوونی کورد بە یادی کورد بهێنێتەوە. مەسعود محەمەد لە ڕێگەی شێعرەکانی حاجی قادرەوە دەیەوێ کورد بگەڕێنێتەوە بۆ نێو ماڵی بوون، کورد پێکەوە کۆبکاتەوە، کورد لەگەڵ خۆی ئاشت بکاتەوە، ئەو لە خۆ نامۆبوونەی کۆتایی پێبهێنێ. مەسعود محەمەد لە ڕێگەی شێعرەکانی حاجی قادرەوە داوا لە کورد دەکا بە دوای ماڵی بوونی خۆیاندا بگەڕێن، ئاخر ئەوان لە ترادیسیۆن، لە مێژوو و ماڵی خۆیان وەدەرنراون، داگیرکراون، بۆیە دەبێ ئەم ماڵی بوونە بدۆزنەوە و بگەڕێنەوە ماڵ. بۆ مەسعود محەمەد تەنیا زمان و شێعر بوونی کوردییان هەڵگرتووە و پاراستووە، بۆیە بە ڕێگەی شێعرەکانی حاجی قادر، نالی، و هەڵکۆڵینە ئێتیمۆلۆژی و ئارکۆلۆژییەکانی بۆ زمانی ئاڤێستا دەیەوێ کورد لەم نەخۆشییەی بێدار بکاتەوە و بوونی خۆی بناسێتەوە و بگەڕێتەوە ماڵی بوونی خۆی. مەسعوود محەمەد پێشەنگی هزراندنی زمانە؛ ئەو زمانی هەر تەنێ لە ئاستی زمانەوانییدا مشتوماڵ نەکرد، بەڵکو ڕەهەندێکی بوونسازیی و هزرییشی بە زمانی کوردیی بەخشی. بەمەشەوە ماڵێکی زمانیی بۆ بوونی کورد ئاوەڵا کردەوە، کە ئەو ماڵە زمانییە، وەک خانوویەک لە نیشتەجێبوونی بوونی کورد، بە هۆی هێرشی ڕژێمی بەعس لە کۆتایی حەفتا و هەشتایەکاندا بۆ سەر زمان و ماڵی کورد، کلۆڵ و وێران کران بۆیە مەسعود محەمەد، تاکوو ئەو زمانی ماڵی نیشتەجێبوونەی بوونی کورد بسازێنێتەوە، بە دوای یادەوەریی زمانی کوردییەوە دەگەڕێت، بەمەش بە دەمڕێوە بەرەو زمان، ڕۆچووە ناو بنەبانی خاک، کانییەکانی زمانەوە کە ماڵی بیرکردنەوە و بوونی کوردە. لەوێوە لە نێو زایەڵەی زماندا، لە گەردوونی شێعرە بڕندەکانی حاجی قادری کۆیی و هۆزانە ڕامانگرەکانی نالی، مەحوی بوونی کورد بەدیار دەخات. ئەوها گەڕانەوەی مەسعود محەمەد بۆ زمانی حاجی قادری کۆیی هەر تەنێ کارێکی ڕەخنەسازیی ئەدەبیی نییە، بەڵکو بیرهێنانەوەی زمان-بوونی کوردە کە لە ڕۆژگاری ئەودا، وەک لە ئێستاشدا دەیبینین، خەریک بوو لە ئاستی چەقە چەق، ئاخافتنی بەتاڵ کورتدەکرێتەوە. هەروەک گەڕانەوەی مەسعود محەمەد بۆ شێعری حاجی قادری کۆیی، وەک گەڕانەوەکەی هایدیگەر بۆ هۆڵدەرلین، کردەیەکە لە هزراندنی بوونی کورد، کە مەسعود محەمەد، وەک پاسەوانێکی زمان، ویستی بە زایەڵەی شێعرییەوە ئەو فەرامۆشکردنەی هزر لە زمانی کوردییدا بێدار بکاتەوە. بەمجۆرە بە ئاکامگیرییەکانی لە هەڵکۆڵینی زمان؛ لەراندنەوەی زایەڵەی زمان، ژیانێکی نوێ بە بە بوونی کورد دەبەخشێ. بە تێهەڵچوونەوەک لە دەقە ئەزموونکراوەکان؛ بە ڕاڤەکردنێک لە حاجی قادری کۆیی؛ بە سەفەرێک بەرەو خاکی شێعرییەتی زمان، بوونی کورد بە گۆدێنێت. کاتێک جیهانی "حاجی قادری کۆیی" دەخوێنینەوە، لەگەڵ ڕۆچوون لە ئاوازی پەیڤ و ڕستە لێکچنراوەکانییەوە دەبینە هاوسەفەری زمانێکی چێژبەخشی شکۆمەند، کە لەوێدا ئەو زمانە لە سەفەرە بێن درێژەکەیەوە لە غەمی ئەوەدایە دەنگ و ڕەنگی پەرتەوازەی بوونی کورد کۆبکاتەوە و لەئێرە، ئێستادا ئامادەی بکا. لێرەوە خوێندنەوە بووناسییەکەی مەسعوود محەمەد لە شێعرەکانی حاجی قادر هەر تەنێ لە خودی ڕەسەنی و کارامەیی لە کۆزانیار (ئێپیستیمۆلۆژیی)، ڕاڤەکاریی و بیرۆکە لێکچنراوەکانیدا نییە، بەڵکو لە لەرینەوەی بەهایەکانی زمان، بووناندنی کوردییە. خوێندنەوە کراوەکەی ئەو لە گەردوونی زمانی حاجی قادری کۆییدا ئەوەیە، تاکوو بە ڕێگەی شێعرەکانییەوە بگات بە زمان. بەمەشەوە بوونی کورد بهزرێنێت. بەمجۆرە بە زمانێک لە هزر، بوونی کورد ڕابگەیەنێت. لە کن مەسعود محەمەد، خۆ کردنە بە سێنتەری بوون لە زمانێکی هزرییدا، واتەی ڕاگەیاندنی ئەو بوونە نادیار، نەپەیڤیوەی کوردە. ئەمەش خۆ نیشاندان یان خۆ بەراوردکردن نییە لە بەرانبەر نەبوونیدا، بەڵکو هەڵبژاردنی ژیانێکە لەناو زماندا؛ خۆ ماڵێکە لە زمانی کوردییدا، یان دۆزینەوەی گەوهەری بوونە لە زماندا، یانیش بانگکردنی زمانە، تاکوو ڕەواندنەوەی ئێمەیە لە بیرنەکردنەوەی بوونماندا. خوێندنەوە سەلیقەدار و پەژارە ئامێزەکانی ئەو بۆ حاجی قادری کۆیی، جەختکردنەوەیەکە لە خولیای ئەو گفتوگۆیە دۆستانە و بوونایەتییە هۆگرەی ئەوە لە هاوبوونێکدا، هاوزمانەکانی خۆیدا. گەڕانەوەی مەسعوود محەمەد بۆ دیمانەی ئەو شاعیرە تراژیدیائەفرێنەرە، حاجی قادر، واتەی ڕاگەیاندنی پەرۆشی ئەوە بۆ نیشمەنی لە بوونی زمانی ئەودا، کە ئەمەش دڵنیابوونەوەیە لە حەقیقەتی بوونی خۆی. بە دەربڕینێکی دیکە، دواندنی مەسعود محەمەد لەگەڵ زمانە شێعرییەکەی حاجی قادردا، غەمێکە بۆ بێدارکردنەوەی یادەوەریی فەرامۆشکراوی زمانەکەی؛ لەراندنەوەی دەنگ، زایەڵە و زامە نادیارییەکانی بوونی کورد لە گەرووی شێعرەکانیدا، تاکوو لەوێدا، بە دیوێکەوە، بوونەکەی لە بوونایەتییەکی پێکڤەییدا لە یادەوەریی زماندا جێنیشن بکا، بە دیوێکی دیکەش، تا ئامادەیی بوونی کورد؛ زایەڵەی ڕەوشی ژیانی کورد بە ڕۆشناییەک لە یادەوەریی زماندا لە هەنووکەدا بپەیڤێنێ و نیشتەجێ بکا. مەسعود محەمەد لەنێو زمانی شێعرەکانی حاجی قادرەوە "حەقیقەت"ێک تام دەکا و دواجاریش بە دواندن و هەڵکۆڵینی ئەو "حەقیقەت"ەوە، بوونی حاجی قادرێکی دیکە لە بوونێکی ئاوەڵای ئاپۆرەکراوی زمانەکەیدا جێنیش دەکا: "یەکێکی وەک من بێ تەرەفی بێ لایەنگیری کە مەبەستی گوتنی حەقیقەت بێ هەرچییەک بێ با ببێ و پیی وەتەنگ نەبێ... حاجی لە شێعرەکانیدا دەروونی خۆی کردۆتەوە و هەست و بیری دەربڕیوە. تا فیکری تێی بر کردبێ بە دڵێکی پاک و قەناعەتێکی تەواوەوە ویستوەتی خزمەتی کوردەواری بکا... ئەگەر فێڵ لە خۆمان نەکەین تا ئێستا زۆربەی بیرەکانی حاجی هەر لە کاردان ڕێپیشاندەری خەباتن بۆ کورد. چونکە هەمان گیروگرفتی ئەوسا هەبوون لەبەر هەنگاوی کوردا ئەمڕۆش هەن و بە قەدەر ڕۆژگاری حاجی ئێستاش هەڕەشە لە حازر و دواڕۆژی کورد دەکەن. لە باری ژیان و ئابووری و گۆڕانی مادیشەوە کەمێکی کەم نەبێ لە سەرانسەری کوردستاندا ئەو گۆڕانە ڕووی نەداوە ببێتە بنکە بۆ گۆڕانێکی قووڵ لە بیر و ئامانج (مەسعود محەمەد، ١٩٧٣). لێرەدا بۆ ئەوەی بنەمای ئەو فەرامۆشکردنەی بوونایەتییە لە زمانی کوردییدا لە کن مەسعود محەمەددا تێبگەین، کە سەرچاوەی ئەو فەرامۆشکردنەی ماڵی بوونی کوردییە، با پێکڤە ئەو کۆپلە ڕۆشنکردەی مەسعوود محەمەد بخوێنینەوە کە بۆ پێشەکی کتێبە بەهادار و لە یادکراوەکەی "زارەوسازی پێوانە"دا نووسیویەتی: "بابای زمانزان و پسپۆڕی ڕێزمان و دەنگناسی و فەرهەنگنووسی بە هۆی خنکانی لە گۆمی خوێندنەوەکانی دا بە درەنگەوە هەناسە لە مەزرای بەربەڵڵای زمانە دایکزاکەی خۆی هەڵ دەکێشێ چونکە دەستوورەکانی ناو کتێبان ڕێی پێ دەگرن و خۆیان بەسەر هۆشی ئاگا و ونیدا دەسەپێنن کە ئیتر لەوانەیە زاراوەی دەستووری و یاسایی وەها دابڕێژێ چ خزمایەتی بە زمانی خۆیەوە نەبێت و خەلق بە بیستنی گوێ قوت بێت." (مەسعود محەمەد، ١٩٨٨)



له کن مەسعود محەمەددا چۆنییەتی گۆکردنی زمان؛ نمایشکردنی بوونی کوردە، وەک ئەوەی کە هەیە، هەروا بوار رەخساندنە بۆ ئامادەکردن و راگەیاندنی ئەو ماڵە بوونشینەی کورد، کە ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوە لە زمان مەیسەر دەبێت. ئەم تاتیبەتمەندییەش لە کن ئەودا، پەیوەندی بە بوونی سەرچاوەی هزرێکی سەربەخۆ؛ تێگەیشتن لە گەوهەری زماندا هەیە، کە ئەو لە غەمی ئەوەدا بوو، نە تەنێ بە بیرکردنەوە زمانییەکەیەوە بینووسێتەوە، بەڵکو خودی خۆشی بکات بە بوونێکی هەمیشە هزرکەرەوەی ئامادە لە زماندا. بۆیە ئەو ناچارمان دەکا سەرنجی بدەین؛ لەنێو فەرامۆشیی بیرکردنەوەدا بمانوروژێنێ یان بە پەژارەوە یادی بکەینەوە. بەمجۆرە مەسعود محەمەد بە ئاکامگیرییەک لە ئەزموونە بێکۆتاییەکەیدا، سەرنجمان بۆ بوونێکی بەرێوە و زایەڵەدار رادەکێشێت. هەروەک وێنەی رەزوانێکی بناری لووتکە و دۆڵا و دۆڵی چیاییەکی کورد، بێدەنگ بە سەفەری گفتوگۆی نووسینەکانییەوە؛ بە چاندن و هەڵکۆڵینی زمانەکەیەوە، دەنگە بەهرەوەشێنەکان؛ شاعیر و پێشهاتە ئەزموونبەخشەکانی لە یادەوەریی زمانەکەیدا موتوربە کرد و خەملاند.

مەسعود محەمەد بە رۆچوونەکانی بەناو خاکی زمانە راساوەکەی حاجی قادری کۆییەوە توانی هەم بۆشایی؛ پەنهانییەکانی بوونی کورد لەناو زایەڵەی شێعرەکانیدا رۆشنبکاتەوە. ئەو خۆ تەرخانکردنە؛ خوێندنەوە هزرییەی مەسعود محەمەد لەو شێعرە هزر وروژێنەرەکانی حاجی قادردا، بە دەنگهێنانی بوونی کوردییە. بۆیە ئەو گەڕانەوەی مەسعود محمەد، لە پەرۆشخۆری هایدێگەر لە گرفتی فەلسفەی نوێباوی رۆژئاوا دەچێ، کە بە رای هایدێگەر هزر لە سەردەمی تەکنیکدا لەمدیوی بوونایەتی ناهزرێ و بەمەش بوونایەتی فەرامشکردووە.

بەمجۆرە مەسعود محەمەد بە گەڕانەوە بۆ بەناو شێعرەکانی حاجی قادر، خۆشی دەکا بە ماڵێک لە بوونێکی زمانییدا. ئەو بە گەڕانەوە چڕ و سەرمەستەکەی بۆ ناو گەردوونی حاجی قادری کۆییەوە، بە دەنگێک لە شێعر و بە زایەڵەیەک لە هزرەوە بەرەو ئێستا و داهاتوو دەگەڕێتەوە. دواجاریش خۆی دەکا بە وێنەی هزرڤانێکی خۆکرد. ئەو گەڕانەوەی مەسعوود محەمەد، وێڕای جیاوازەکان، گەڕانەوەکەی مارتن هایدێگەرمان بۆ هۆلدەرلین، تراکل بە یاد دێنێتەوە. مەسعوود محەمەد، وەک هایدێگەر، پێی وابوو حاجی قادر لە کاتێکی زوودا ئەو تشتانەی گوت کە ئێمە هەتا ئێستاش بەدەستیانەوە گرفتارین یان ئەوهاوارانەی ئێمە تەنیا پەراوێزگەلێکن لە ئاماژە هزرییەکانی ئەو، بەڵام مەسعود محەمەد بەو ئاماژە هزریانەی حاجی قادرەوە، ماڵێک لە زمانێکی زیندوو لە ئێستادا ئاوەڵادەکاتەوە.

هەر چۆنێک بێت، مەسعوود محەمەد بەو دەربڕین، هزراندنەی زمانەوە، گەردوونی شێعری حاجی قادری کۆیی چڕ دەکاتەوە و دەڵێ ئەگەر: "بەراوردییەک بکەیت لە نێوان فەلسەفەی سەر بە کوردایەتییەوە لای خانی و شەرەفخانی بەتلیسی و حاجی قادری دوا پلەی ژیانی لە ئەستمبووڵ دەبینیت خانی لە زانایی و هەستیاریی خۆیەوە پەرۆش دەخوات لە نەبوونی حکوومەتێکی کورد و نارەوایی حاڵەتی ئەوتۆیی: لەوەشدا نەکەوتە سەر باری پلان دانان بۆ پێکهێنانی دەوڵەت بەڵام هەمیسان بە قۆناغ پێش رۆژگاری خۆی کەوتبۆوە. بەتلیسی لە روانگەی مەسڵەحەت و دژ وەستانی بەرانبەر شیعەگەری هەوڵێکی دا. ... حاجی قادر لە دیوی کوردستانی ئێران هەستی سونیگەری و دژەشیعەیی کە لە تەعەسوبی قاجارەکانەوە سواری هەستی دەبوو، قەڵەمەکەی دەبزوات، هەستەکەشی لەگەڵیدا ژیا تا ئەوەی تۆمەتی بێژووەتی دەهێنێتە ناو هەڵبەستی لە رێی (متعەوە) کە بەلای سوونەوە حەرامە (سەیری دیوانی بکە)... {حاجی} ئەو دوو بەیتە دەنووسێ، کاتێک لە کوردستانی ئێران دەیخوێند:

**"یا ڕەب بەقەدەر حەرفی سیوطی یەک یەک**
**ڕەحمەت لـە "مصنف" و لـە قاریئی گەلەک**
**ئەمما عەجەم و ئـەو کـەسـە چـاپـی دانـا**
**بیباتە جەهـەنـنـەم بە عەذاب و بە کوتەک"**

دواتر لە ئەستەنبووڵ کەوتە سەر فکری کوردایەتی بەو شکڵەی وەهـا ئاشفتە کە دەیزانێت." (مەسعود محەمەد، ١٩٩٧)

ئەو بەو رۆچوونانەی بەناو خاکی شێعرییەتی زمانی راساوی حاجی قادری کۆییەوە، لەرینەوەیەکی هزریی لە زمان، یادەوەریی؛ مێژووی دەم کوتکراوی کورد دەقەومێنێ. لێ بەر لەوەی مەسعوود محەمەد بەو هزرینە خۆیەکییە؛ خۆکردەی خۆیەوە ئەو لەرینەوەیە دەربڕێ، لەوێ خودی ئەو لەرینەوەیە لە خاکی شێعرەکانی ئەو شاعیرانەدا زایەڵەدار بوو. بەڵێ، ئەمەیە مەرج و ئەرکی کردەی هزرڤانی خۆکردی فەرامۆشکراوی کور، مەسعود محەمەدە. لێ پرسیار ئەوەیە: چۆن حاجی قادری کۆیی لەو رۆژگارەدا خاوەنی ئەو لەرینەوە بوونایەتییە بوو؟ مەسعوود محەمەد دوای گەڕان و سووڕانێکی ئەڤیندارانە بە دوای ژیان و سەرهات و نهێنی شێعرەکانی حاجی قادرەوە، ئەوها حاجی قادرمان بۆ وێنە دەکا: "تا من دەنگ هەڵێنم لە خوێندنەوەی دەفتەری ژیانی حاجی لە غەریبی و نێو بێگاناندا دەنگم خۆ نانوێنێ لە تەک نەعرەتەی قارەمانانەی دلێرانەی پاڵەوانانەی حاجی... ژیانی حاجی لە پلەیێکی ئەوتۆی شەرافەتە قەرزدار دەکاتەوە لە مەیدانی بێ عەیبی و فیداکاری و نیشتمانپەروەییدا، گلەیی ئەوەشیان دێنێتە سەر کەوا دەیان ساڵ تێپەڕێ بە دوا خەباتی ئەودا بێ ئەوەی یەکێکی دیکەی وەک خۆی لەناو کوردا پەیدا بێ و خۆ بکا بە مەشخەڵی دوەم بە دوا چراکەی حاجیدا." (مەسعود محەمەد، ١٩٧٣: ٧١).

بەمجۆرە پەرۆشخۆری مەسعوود محەمەد بە گەڕانەوە بۆ شێعرەکانی حاجی قادر، بۆ ئەوە بوو تا هەم بەهای ئاماژە شێعرییە رێکردووەکانی حاجی قادر بەرەو بوون لە ئێستادا دووبارە بکاتەوە و هەمیش کورد لە بوونایەتییە فەرامۆشکراوەکەیدا، مێردەزمەی بندەستییەدا رابچڵەکێنێ. بەمجۆرە مەسعود محەمەد بە گەڕانەوە بۆ حاجی قارد دەخوازێ پرۆژەی رێنسانسێکی کولتووریی ئامادە بکات. هەرچەند ئەو گومانی لە وزە و ویستی ئەو رێنسانسە لە هاوزمان، هاوبوونەوکانیدا هەیە، بەڵام ئەو لەو هەڵکۆڵینە زمانییە شێعرییەی حاجی قادرەوە، دەخوازێ بە زمانێک لە هزر زەمینەسازییەک بۆ هاوزمانەکانییەوە درێژە بە هەمان پرۆژە شێعرییە رێنسانسەکەی حاجی قادری کۆیی بدات. ئەوەتا بە گومانێک لە زمان دەڵێ: "پێویستبوونی رێنێسانسێکی کوردانە بۆ پێکهێنان و هێز و بینا و کیان و کەینوونەیێکی کوردی... ئامانجی وەها ئەریستۆکرات و بەرز کە زۆر دوورەدەستە بۆ ئێستاکەی کورد... وەک لە بەهاردا بە تەمای میوەی هاوینە بیت... هەروەهاش رێنێسانسی کورد کە هەبوونێکی potensial بە خۆیەوە دەیبینێ یان بە جارێ نایبینێ... با بڵێین وەک جەنینی یەک مانگەی لە پزدانی دایکیدا نموو دەکات، ئەگەر خێراییت لێ کرد بە سێ مانگی و چوار مانگی مردەزاد دەبێت، لەوانەیە دایکەکەشی پێوە بمرێت... هەروەزی کوردانە بۆ رێنێسانسی کوردانە، هەڵناگرێ وەک لە سەرەتای پایزدا قوتابی دەچنەوە بۆ فێرگەکانیان، ئەویش قۆڵ و باسکی لێ هەڵماڵیت و بەبەریەوە دانیشێت... پێمان ناکرێ پایسکلێک دروست بکەین، تاکە یەک شەقاممان بە فەننی کورد قیرتاو نەکردووە... ئەوەی پێی دەگوترێ "ژێربینا-ژێرخان" بە مەفهوومی سەردەم جارێ لە ناوماندا نەزاوە... هەرچی ئەسبابی پێوە ژیان و گوزەرانە بە حازری لە دوورەوڵاتەوە بۆمان دێت، ناشزانین چۆناوچۆنی مامڵەی لەگەڵدا بکەین و چەندی لەو ئەسبابانە هی حکوومەت بێت بە ماڵی تاڵانی دەزانین: یا دەیدزین یا تێکی دەدەین..." (مەسعود محەمەد، ٢٠١١).

ئەو تەرزە کولتووری بیرکردنەوەیە لە فەلسەفەدا، بە تایبەتیش لە فەلسەفەی ئەڵمانییدا تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە لای نیتشەدا کردەی گەڕانەوە بۆ گریکی کۆن، جەختکردنەوەیەکە بۆ بەهای ئەو"دووبارە بوونەوە هەتاهەتایی"ە. نیتشە لە کتێبی "لە دایکبوونی تراژیدیا"دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پلاتۆن فەیلەسووفێکی شێواز تێکدەر بوو، چونکە چەندان شێوازی سامناکی تێکەڵاوی یەکتر کرد. لە کن نیتشە شێواز دەربڕینی مەرجەکانی بوونی نووسەرە. هەر بۆیە بە لای نیتشەوە شێوازە ئۆقرەنەگرتووەکەی پلاتۆن و گۆڕینی تراژیدیا لە لایەن ئوریپیدیسەوە، سەرەتای ئاوابوونی گریکی کۆن و سەرشاری دەستپێکردنی مێژووی رۆژئاوایە وەک نیهیلیزمێک. بە رای نیتشە رەتکردنەوەی شێواز لای پلاتۆن دەگەڕێتەوە بۆ کاردانەوەی عەقڵخوازییەکەیەوە، تاکوو بە دژی بوونەکەی خۆی؛ هونەرەکەیەوە بوەستێتەوە؛ کە بەمەش ئاگایانە مەیل، جەستە؛ خودی ژیان رەتبکاتەوە.

هاوکاتیش هایدێگەر لە گەڕانەوە هەمیشەییەکەیدا بۆ سەرچاوەی تەکنیک وەک هونەرسازیی و ئامادەیی ئەو بوونایەتییە ئایدیالە لە جیهانبینی فەلسەفەی گریکییدا، بە تایبەتیش لە هونەر و جیهانبییە فەلسەفییەکانی پارامیێنیدس و هێراکلیتۆسدا، بۆ ئەوە بوو تا گریکی کۆن دووبارە ئامادە بکاتەوە و بەمەش رۆژئاوا یان ئەلمانیا لەو دارمانەدا ررزگار بکا. لە روانگەی نیتشە و هایدێگەرەوە لەو رۆژگارە تراژیدیایەی گریکدا هزرینی فەیلەسووفەکانی پێش سۆکرات تەنیا غەمیان ژیان، رووحی دیۆنیستیی بوو. لەوێدا ئەوە پارامێنیدس و هێراکلیتۆس بوون کە هونەریان دەهێنا نەک مێتافیزیک. ئەوە شێعرەکانی پەرامێندیس بوون کە بە وشە، میوزیک، سەما زەویان رازاندەوە تا ئەو زەوییە لە ژیانی مرۆڤدا بلەرێتەوە؛ ببیستریێ. بە بڕوای نیشتە گریکییە کۆنەکان "شێوازێکی مەزن"یان هەبوو، بەمجۆرە تا هەموو تشتە پەنهان و ئاشکرایەکان بێنە گۆ. بەڵام گەڕانەوەی مەسعود محەمەد بۆ حاجی قادری کۆیی، گەڕانەوەیە بۆ هەڵکۆڵینی یادەوەریی کوردیی. هاوکاتیش بە هەمان شێوە خوێندنەوە و شرۆڤەکارییەکانی مەسعود محەمەد لە نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی و بگرە لە بابەتە هەمەتەرزەکانی دیکەشیدا، یەکسەر زەینمان بۆ کایەکانی شێوازاندنی زمان و هزرینی ئەو دەچی، کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی پرسی چۆنییەتی راڤەکردنمان بۆ قووتدەکاتەوە. کاکڵەی راڤەکارییەکانی ئەو لە شێعرە بڕندەکانی حاجی قادری کۆیی و نالی لەوەدا بەرجەستە دەبنەوە کە لە یەک کاتدا هەم زرینگی هزرین و پێشبینییەکانی ئەوان ئامادە دەکاتەوە و هەمیش ژانەکانی بوونی کوردیی بە گۆ دێنێت. ئەو پێی وایە کە ئەوانە زیاتر بەر لە سەتەیەک نەک هەر دركیان بە کۆمەڵێک پەنامەکی برد، بەڵکو دەستیان خستە سەر کاکڵەی گرتفتەکانی بوونی کورد، کە تا ئێستاش کورد بە دەستیانەوە دەناڵێنێ. هەر بۆیە مەسعود محەمەد لە خوێندنەوەکەی بۆ شێعرەکانی نالیدا سەرنجمان بۆ بەهای سەرچاوەی کولتووریی خۆیەکی رادەکێشێ: "لەم سەردەمەدا کە سەردەمی پشت لە کەلەپور کردنە، بە تایبەتی لە نێوان میللەتی کەساسی وەک میللەتی کورد، گەنجان وەک پەروانە لە تاریکایی رابردوو هەڵدێن بەرەو گەشایی ئەدەب و هونەری نەوباوی ئەوروپا، نالی قەد و قامەتی بەرزی ئەدەبەکەی لە جەرگەی صەدەی نۆزدەمەوە وەک فەنار بەسەر دەریای صەدەی بیستەمدا گەردەن کێل دەکات و گەشتی دەریانەوەرانی شێعر و ئەدەب بۆ تیشکە گەشەکەی رادەکێشێت. /.../ هەر دەڵێی خاسیەتە نەمرەکانی بە پێی بڕیاری یاسای سروشت، کە خۆشئامەدی لە هەموو هێزێکی خۆ نوێکەرەوە دەکات." (مەسعود محەمەد، ١٩٧٦: ٧). هەر بۆیە مەسعود محەمەد بە کردەکردنی ئەرکە کولتوورییەکەیەوە، توانی گەوهەری توانستوویستی بیرکردنەوەلەیادەوەریی زمانی کوردییدابلەرێنێنتەوەوبەمەش،بۆئەوەی بیربکەینەوە،بۆشاییەکانی ئێستای زمانی کوردییمان بەیادبهێنێتەوەیان رامانبچڵەکێنێت. بەڵێ، مەسعود محەمەد لە راڤەکارییەکانیدا پرسیارە کولتوورییەکان بە گشتیی و بە تایبەتیش لە راڤەکردنەکانی بۆ شێعری نالی و حاجی و مەحوی دا، ئەڤیندارێکە سەری خۆی بە دوای پێناسەیەکی ئەڤینداریيەکەی خۆی هەڵگرتووە، لێ لە کانگەی ئەو سەرهەڵگرتنە پان و پۆڕەدا نەک هەر بەو مرازە ناگا، بەڵکو پێناسەی ئەو ئەڤینە پەنامەک ئامێزتر دەکا. هەر ئەمەشە وامانلێدەکا بە پەژارەیەک لە ئەڤین یادێک لە مەسعود محەمەد بکەینەوە، بەمەشەوە لە بری ئەو بەرەو زمان لە رازاندنەوەی ماڵی زمانی بوونمان رێبکەین. بەڵێ، گەڕانەوەی ئەو بەرەو گەردوونی ئاماژە شێعرییەکانی حاجی قادر و ئەوانیدیەکەدا، جێنشینکردنی بوونی کورد لە زماندا. ئەمەش کتومت ئاوێنەبوونەوەی ئەو تێگەیشتنەی خۆیەتی لە بەهای "حەقیقەت"ەکانی زمان و خودی نووسەری "حەقیقی"یش. مەسعود محەمەد ویستی بە خوێندنەوەی ئەو شاعیرانە، وێنەیەک لە جوانناسیی شێوازاندنی زمانەکەی؛ ماڵێکی هزریی بۆ بوونی کوردی بسازێنێ. لێ ئەو دەیزانی کە فەرامۆشکردنی ئەو لە لایەن هاوزمانەکەیەوە، بەشێکە لەو فەرامۆشکردنەی کورد لە بوونە تالانکراوەکەی، کە ئەو تا لە ژیانیدا بوو پەرۆشی ئەوە بوو کە بە زمانەکەی، دابڕانێک لەو قەدەرە بەدکارە دروستبکا، کەچی بە حەسرەتی ئەوەوە سەری نایەوە. گوتمان مەسعوود محەمەد دەخوازێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو بوونایەتییە پەنهانەی کە لەم دیو زمانی شێعرەکانی حاجی قادرەوە هەیە رابکێشێ و بەمەش سەرەداوێک لە کڵافەی بوونایەتی بداتە دەستی خوێنەر تا بەناو گەردوونی دەقەکانی؛ هزرینە خۆکردەکەیەوە پەلکێشی بکا. خودی ئەمەش پرسیاری گەوهەری ئەفراندن و نهێنی بوونە. لەبۆیە ئێمەش لە هەوڵی ئەوە دابووین کە بەو نووسینەوە، رێنشاندەری خوێنەر بەرەو پەرۆشی مەسعود محەمەد بۆ بوونی کورد بکەین، تاکوو پاسەوانی لە ماڵی بوونە زمانییەکەدا بکات. لەوەشدا پەرۆشی ئەو نووسینە بەخشینی ئاکامگیرییەکی حازربەدەست نییە بە خوێنەر، بەڵکو پەرۆشی ئەو نووسینە ئەوەیە کە خوێنەر بەو ماڵە زمانییەی مەسعود محەمەد ئاشنا بێت، بەمەش لەوێدا لخوێنەر دەتوانێ بە مەیلی خۆی ئاقارێکی تری بەرەو رۆچوون بەناو ئەو ماڵە زمانییە هەڵبژێرێت؛ بە خۆی بیر بکاتەوە.

## دەرەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مەسعود محەمەد بە هەمان شێوەی هایدێگەر لەتەک بوون، زمان، هزر و هۆنراوەدا خەریکە، بەڵام بێگومان مەسعود محەمەد پەیوەست بە کوردەوە ئەم خەریکگەرییە دەکات. چۆن بۆ هایدێگەر زمان گرنگە و ماڵی بوونە، بۆ مەسعود محەمەدیش زمان گرنگە و بوونی کورد لەنێو زمانی کوردیدایە. مەسعود محەمەد لە ڕێگەی زمانی کوردەوە دەیەوێ کورد لە نەخۆشی لەبیرچوونەوەی بوونی کورد و گەندەڵکردنی زمانەکەی بێدار بکاتەوە. چۆن هۆڵدەرلین بۆ هایدێگەر گرنگە بەهەمان شێوە بۆ مەسعود محەمەدیش حاجی قادر گرنگە و لە ڕێگەی شێعرەکانی حاجی قادرەوە دەیەوێ کورد لە ژێردەستەیی، لە داگیرکردنی بوونەکەی، لە بێماڵی بەئاگا بێنێتەوە. مەسعود محەمەد بە گەڕانەوە بۆ شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی، رێنسانسێکی شێعریی- هزریی بسازێنێت، بەمەش دەخوازێت ئەوەمان بە یاد بهێنێتەوە کە بوونی کورد هێشتا خاوەن ئەو بوونە نییە کە حاجی قادر سەتەیەک زیاتر بەر لە ئێستا بە تەنیا خۆی بۆ تەرخانکرد. بۆیە ئەو گەڕانەوەیەی مەسعود محەمەد بۆ حاجی قادری کۆیی، بێدارکردنەوەی بوون و زمانی فەرامۆشکراوی کوردە

## لیستیسەرچاوەکان:


.Bradatan, Costica (2015) Dying For Ideas. London: Bloomsbury

Heidegger. M, ”Teknikens väsen och andra uppsatser, Övers. R. Matz (Lund: .(Doxa, 1981

D. Brinbaum och Sven Olov Wallenstein, ”Heideggers väg, Tales, 1999, S. .144-och 145

.Dialoger, en åretstidskrif, (2005), s. 45-46

Heidegger. M, ”Teknikens väsen och andra uppsatser, Övers. R. Matz (Lund: .(Doxa, 1981

Heidegger. Martin 1982. ”On the way to language” ,translated by Peter D. Hertz

.Harper San Francisco

Heidegger. Martun 1996. ”Brev om humanismen” , översättning av Daniel .Brinbaum och Sven-Olov Wallenstein, Bokförlaget Thales. Stockholm

Kearney, Richard (1996) Modern Movements In European Philosophy. Second .Edition, Manchester: Manchester University Press

Steiner George. 1994.”Martin Heidegger -En introduktoin”. Lund: Daifalos

محەمەد کەمال (٢٠١٧) فەلسەفەی هونەر، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

مەسعود محەمەد (٢٠١٠) زمانی کورد، لە عەرەبییەوە حەکیم کاکەوەیس، سلێمانی، چاپخانەی‌شڤان.

مەسعود محەمەد (١٩٧٣)، "حاجی قادری کۆیی"، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

مەسعود محەمەد (١٩٨٨)، "زاراوەسازی پێوانە"، بەغدا، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی سومر.

مەسعود محەمەد (١٩٩٧)، "لە پەرۆشەکانی ژیان"، چاپخانەی کتێبی ئەرزان.

مەسعود محەمەد (١٩٧٦)، "چەپکێک لە گوڵزاری نالی" بەغدا، چاپی کۆڕی زانیاری کورد.

# کاریگەریی دەروونناسی لەسەر چیرۆک

## لێکۆڵینەوەی تایبەت: چیرۆکی کوردی

سۆران محەمەدی -سەقز-

**پوختە:**

باسی زانست و چۆنیەتی پێوەندی زانست لەگەڵ هونەر، ئەدەبیات و سەرچەشنی بەشەکانی دیکەی زانستە مرۆڤی‌یەکان بەردەوام هۆگرانی خۆی هەبووە. لەم لێکۆڵینەوەدا پێوەندی زانستی دەروون‌ناسیی لەگەڵ چیرۆک تاوتوێ دەکرێ و وا پیشان دەدات ئەم پێوەندییە لە چوار بەشدا خۆی دەگرێتەوە، یەکەم: ڕەخنەی دەروون‌ناسانەی چیرۆک، دووهەم: کەڵک وەرگرتن لە چەمکی دەروون‌ناسیی وەکوو بابەتی چیرۆک، سێهەم بەش: کەڵک وەرگرتن لە تەکنیک گەلی دەروون‌ناسیی بۆ شێوەی داڕشتن وەکوو فۆڕمی چیرۆک و دوایین بەش حەکایەت دەرمانی. کە بە وردی لە خوارەوە پێشکەش دەکرێ.

**وشە سەرەکیەکان:** دەروون‌ناسیی، چیرۆک، بابەتی چیرۆک، شەپۆلی لێشاوی زەین، حەکایەت.

**پێشەکی:**

دەروون‌ناسیی یەکێ لە زانستە مرۆڤی‌یەکانە کە ساڵی ١٨٧٩ بە فەرمی لە دیکەی زانستەکان جودا بوویەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند. یەکەم کەسێ کە بە پاڵپشتی زانست و هزری تایبەت خۆیدا لە قەرەی شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان زیگمۆند فرۆید بوو، ئەو بە بۆنەی تێهەڵچوون لەگەڵ نەخۆشە هیستێریەکان بۆی دەرکەوت دوو زەین و دوو بەشی جوداخواز لە ناو یەک زەیندا هەن، یەکیان مرۆڤ پێی ئاگادار بوو، هەر ئەو ئاگاهییە فەلسەفییە کە لە زەمەنی دێکارتدا وەکوو ڕاژەیەکی حاشاهەڵنەگر پەسەند کرابوو، بەشەکەی دیکەش کە زەینی تاک — واتە خاوەنی ئەو — لە ناوەڕۆکی بێ ئاگا بوو، مەکۆیێکی شاردراوە لە یادی فەرامۆش کراو و کۆمابەستوو کە وەبیر نەدەهاتنەوە و ناوی نابوو "ناهوشیار" یان خودی نابەئاگا. بەرەنگاریی کۆمەڵگای سەدەی بیستەم لە هەمبەر دەروونشیکاری، نەک لەبەر جەختی فرۆید لە سەر جنسییەت یان گرێی ئۆدیپ ، بەڵکوو زێدە بەرەنگاریی لە ئاست پەسەند کردنی نەست و خودی نابەئاگا بوو. لە ئامادەبوونی ئاگاهیدا عەقڵی هاوتەراز بوونی هەیە. بۆ خەڵکی ئاسایی بەم شێوە بوو کە ناهوشیاریان بە مانای نەزان بوون دادەنا یاوەکوو بە شێتیان دەزانی، - دەنا کەسێک کە باڵق و عاقڵ بێت نەدەکرا نائاگا بێ - خودی نابەئاگا بە مانای نەزانیی بوو.

**بنەما تێئۆری‌یەکان و لێکدانەوە:**

خودی‌ئاگا زمانێکی هەیە بە پێکهاتە و وشە و مانایێک کە زمانی ڕۆژانەی ئێمەیە. بەڵام خودی نابەئاگا زمانێکی جیاوازی هەیە، زمانی وێنە و پێگەی خوازە و هێماکان - کەوایە دوو زمان هەیە و دوو شێوە خوێندنەوەش دەبێ ببێ — یەکیان بۆ وەرگرتنی ماناگەلی ڕواڵەتی کە لە نێو ئاگاهی‌دان و ئەوی دیکە بۆ وەرگرتنی واتاگەلی قووڵ و حەشاردراو کە لە نیشانەکانی خودی نابەئاگادا هەن. لەبەر ئەوەی کاری نووسین لەخۆیدا چەشنێ لە ڕەفتار و ڕەوشتە، کەوابوو داهێنانی ئەدەبیش شتێکی تایبەت و جێگەی شیکردنەوە وەکوو دیکەی ئاقارەکانی مرۆڤە. خەون هەڵگری دوو پاژی "ناوەڕۆکی ئاشکرا" و "ناوەڕۆکی حەشاردراو"ەو بەرهەمی ئەدەبیش بە چەشنێ ڕەنگدانەوەی بەستێنی دەروونی نووسەرە؛ نووسەر لە کاتی تەدارەکی بەرهەم لە دنەدانی هەناوی خۆی بێخەبەرە و دەتوانین بڵێین هەر وەک زمانی خەون هەڵگری دوو مێکانیزمی کەڵەکەبوون و جێگۆڕکێ یە. کەواتە ئەوەی کە لە قسەی فرۆید دا سەرنجی ڕادەکێشا زمان بوو، نەک تەنیا مانای تازە، بەڵکوو زمانێکی تازە کە دەیتوانی زمانی یەکەم، شیکاری و شرۆڤە بکات.(محەمەدی، ١٣٩٣)

فرۆید یەکەم لێکدانەوەی تەسەلی لەسەر چیرۆکی گرادیوای ویلهێلم جێنسێن ئەنجام دا و جگە لە ناوەڕۆکی چیرۆک، وڕینە و خەونەکانی کەسایەتی چیرۆکی‌شی شرۆڤە کرد. بە شوێن ئەوەدا فرۆید لەگەڵ نووسەری چیرۆک پێوەندی گرت و داواکاری ئەوە بوو کە هەنێ لەو گریمانانەی کە پێی وابوو لە ژیانی ناو بنەماڵە و قۆناغی منداڵی نووسەردا ڕوویداوە پێی لێبنێت کە هەڵبەت جێنسێن ڕەفزی کردەوە، بەڵام فرۆید کۆڵی نەدا و دەستی دایە شیکاریی بەرهەمەکانی شێکسپییر و داستایۆڤسکی بە تایبەت برایانی کارامازۆڤ و لە وتارێک بە ناوی داستایۆڤسکی و باوک کوژی‌دا، ڕایگەیاند کە نیشانەکانی فێ‌ی (صرع) کەسایەتی ناو ڕۆمان، دەرکەوتەی ترسی نووسەر لە کوشتنی باوکە (ئیدل، ١٣٧٤). هەر وەها شاگردێکی فرۆید بە ناوی مەری بۆناپارت کتێبێکی تێر و تەسەلی لە سەر ئێدگار ئاڵین پۆ، شاعیر و چیرۆک‌نووسی ئەمریکی، نووسی و داهێنانی ئەدەبیی پۆی گرێ‌دا بە مەرگی دایکی لە منداڵی‌دا.(پایەندە، ١٣٩٠) بەم چەشنە فرۆید یەکەم هەنگاوی بەرەو ڕەخنەی دەروونشیکارانەی ئەدەبیات هەڵگرت کە هەڵبەت لە خۆیدا ڕەخنەی لەسەر بوو لە بەر ئەوەی لەم چەشنە شیکردنەوەدا بە بۆنەی دەقەوە لایەنە شاردراوەکانی داهێنەری دەق دیاری دەکرا کە زۆر جار کێشەی لێ ساز دەبوو و دەبووە هۆی ئەوەی نووسەر لەحەژمەت دانەپاڵی ڕاڤەی کەسایەتیەکەی بە ترسەوە قەڵەم هەڵبگرێ. تەنانەت شارێل مۆرۆن، بەشێوەی دیاری کردنی تەداعیە دووپات کراوەکانی بەرهەمی نووسەر کە دەبنە ئۆستوورەی تاکەکەسیی ئەو و لە دوایی دا بەراورد کردنی ئەم ئۆستوورە تاکەکەسییەی نووسەر لەگەڵ واقێعی ژیانی‌دا هەندێ گۆڕانکاریی بە ڕەخنەی دەروونشیکارانە دا بەڵام دیسان هەر ئەو کێشەی سەرەوەی لە سەر بوو. وەکوو دووهەم قۆناغ شرۆڤەی دەروون‌شیکاری دەق، ڕەوتێ تازە بوو کە ژان بێلمەن نۆئێل لە ساڵی ١٩٦٠ پەرەی پێدا و وتی دەتوانین دەق‌شیکاریشی پێی بڵێین، نۆئێل بەردی بناغەی کاری خۆی بە جێی نووسەر لە سەر دەق دامەزراند، ئەو هەر لە سەرەتاوە وتی: "شرۆڤەی دەروون‌ناسانەی دەق واتە ڕەوتێک بۆ خوێندنەوەی شیکارانەی دەق. واتا دەق ساز بووە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی سەربەخۆ لە هەر دەقێکی دیکە بخوێندرێتەوە، نۆژەن کردنەوەی دیسکۆرسی حەزی دەروونیی بە بێ هیچ گەڕانەوە بەو شتانەی کە لە ڕابردووی داهێنەر دەیزانین، بە بێ کارتێکردنی دیکەی بەرهەمانەکانی کە دێتە بەرچاومان و تەنانەت بە بێ ڕچاو کردنی تایبەتمەندیەکانی تاکی خوێنەر..."(نۆئێل، ١٣٩٣) دیارە لەسەر ئەم قۆناغە دووهەمە لە ئەدەبی کوردی‌دا چەند ڕەخنەگر کاریان کردووە بۆ نموونە یەعقووب خزری کە بەتایبەت لە سەر ئەدەبیاتی منداڵان چەندین وتاری نووسیوە و ساڵح سووزەنی کە لەسەر ڕۆمانی کوردی وتاری بڵاو کردوەتەوە. بۆ نموونە ساڵح سووزەنی ڕۆمانی تەمی سەر خەرەندی شێرزاد حەسەنی جگە لە شرۆڤەی دەروون‌ناسیی دەق، بە ڕوانگەی ڕەخنەی یۆنگی و بە پێی ئارکی‌تیپ و سێبەر و... شرۆڤە کردووە. لێرەدا بەشێکی کورت لە دەقی

سالح سووزەنی وەکوو نموونەیەک لە شرۆڤەی دەروونشیکاری دەق ئەهێنمەوە: "...شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی تەمی سەر خەرەنددا دیسان لە ناو بازنەی بەستراوی تۆتێم و تابۆ و دەسەڵاتی زاڵی باوک لە ڕوانگەی فرۆیدەوە دەخولێتەوە، نووسەر ڕاستەوخۆ بابەتی ئەم ڕۆمانە لە حیکایەتەکانی "نەنێ" دەئاڵۆزکێنێ کە هێمای زمانی حیکایەتەکانە و ڕۆڵی ئارکیتیپ دەگێڕێ، "فەرهاد" کەسایەتی سەرەکی چیرۆک کە لە هەناوی تەمی سەر خەرەندەوە گەڕاوەتەوە و "بزنە شێت" کە سەمبۆلی ڕۆحی یاخی مرۆڤایەتی و نوێنەری خودی نابەئاگایە، ڕۆحێک کە نایەوێ هەمبەری یاساکانی تابۆ مل کەچ بێ و چۆک دابدات و بەرەنگاری "نەنێ" دەبێت. بێگومان ئەنجامی شیرین و فەرهادەکان لە "شوێن و ناشوێن‌دا" بە مەرجێک کە لە سەر کەشی دەسەڵاتی باوک‌دا بژین، هەر ئەم دۆخەیە: ون بوون لە تەمی سەر خەرەند و بزنە شێتیش لە خەرەند هەڵدەدێرێ. ترس، دڵەڕاوکێ، مەرگ و ئازاری بیرەوەرییەکان، کەشی سەرەکی ئەم چەشنە چیرۆکانەیە و هیچ مەودایەک بۆ دوور کەوتنەوە و نووسین بە جۆرێکی دیکە بە دەستەوە نادات...".(سووزەنی، ١٣٨٢)
قۆناغی سێهەمی ڕەخنەی دەروونشیکاری نۆرمەن هاڵەند دایمەزراند. ئەم ڕەوتە تێکەڵێکە لە "ڕەخنەی لە سەر بنەمای پەرچەکرداری خوێنەر" و دەروونشیکاریی، سەرنجی ڕەخنەگر نە بە نووسەر ڕاکێشراوە نە بە کەسایەتیەکانی چیرۆک، بەڵکوو ڕەخنەگر لە خوێنەر دەڕوانێ. لەم پێوەندی‌یە دوولایەنەدا تەنیا دەق نییە کە شی دەکرێتەوە بەڵکوو خوێنەریش لێک‌دەدرێتەوە؛ کەواتە مانا تەنیا لە دەق سەرچاوە ناگرێ بەڵکوو دەسکەوتی تێکەڵبوونی دەق و خوێنەرە. هەڵبەت ئەم ڕەوتە جیاوازە لە ڕەخنەی "لە سەر بنەمای پەرچەکرداری خوێنەر"، کە لەم ڕەخنەدا دەق بایەخ و ڕەسەنایەتیەکی نییە و ئەو ڕەخنەیەی کە خوێنەر ئاراستەی دەکا ڕەسەن و بایەخدارە. لەم ڕەوتەدا دەمانەوێ بڵێین کە بۆ چی خوێنەرە جۆراوجۆرەکان لە چیرۆکێکی یەکسان، چەندین شرۆڤەی جیاواز بەدەستەوە دەدەن. بەڵام لە ڕەخنەی قۆناغی سێهەمدا هەم دەق گرینگە و هەم خوێنەر. لەم شێوە ڕەخنەدا دەڵێن کە ڕاڤەی ئەدەبیی چەشنێ فامکردنە و لەبەر ئەوەی ئەم تێگەیشتنە ڕاستەوخۆ لەگەڵ شوناسی مرۆڤدا پێوەندی هەیە، کەوایە چەشنێ ڕەوشتە. هەر بەم پێیە بۆ ئەوەی هۆکاری خوێندنەوەی تایبەتی خوێنەر لە سەر بەرهەمی ئەدەبی‌مان بۆ دەرکەوێ، دەبێ شوناسی خوێنەر تاوتوێ بکەین. بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر دەبێ بڵێین کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی ئەو بەشانەی لێ گوڵبژێر دەکات کە لە بەرژەوندی مەبەستی ئەودایە. ئەو مەبەستەی کە لە ژێر کاریگەری کەسایەتیی و شوناسی‌دان. شوناسی هەر تاکێک وەکوو کوێرەڕێیەک وایە کە بۆ بەرەنگاریی دەروونیی لە خۆی بەکاری دەهێنێ. کە وایە "ناوەرۆکی شوناس" ی هەر خوێنەرێک دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەندێ لە ماک و پاژەکانی دەق یان زیاد کردنی بابەتێکی تایبەت و ئەم دوو کردەوە (سڕینەوە و زیاد کردن) لە تێگەیشتنی هەڵبژاردەی خوێنەرەوە سەرچاوە دەگرن. هاڵەند پێی وایە شێوە خوێندنەوی هەر خوێنەرێک، پیشاندەری کەسایەتی هەر ئەو خوێنەرەیە و جیاوازی خوێندنەوەکان بە هۆی جیاوازیی شوناسی خوێنەرەکانەوەیە. هەر بۆیە دەڵێ هێچ ڕاڤەیەکی تاقانەی درووست، بوونی نییە و کاری ئێمە لە ڕەخنەی ئەدەبی‌دا سەلماندنی درووست یان هەڵە بوونی شی کردنەوەکە نییە، بەڵکوو دەبێ دیاری بکرێ کە خوێندنەوەی هەر خوێنەرێک لە دەق چۆن لەگەڵ شوناسی ئەو دا دەگونجێ یان لە واقیع‌دا چۆن لەو شوناسەوە سەرچاوە دەگرێ. (پایەندە،١٣٩٠)
بەم پێیە یەکەم پردی پێوەندی نێوان دەروون‌ناسیی و چیرۆک، لە ڕەخنەی دەروون‌ناسیی دا خۆی دەبینێتەوە. کە لە قۆناغی یەکەمدا جەخت ئەکاتە لە سەر نووسەر، قۆناغی دووهەم لە سەر دەق و لە دوایین بەش‌دا جەخت ئەکرێتە سەر خوێنەر. بابەتی هەر چیرۆکێک واتایەکە کە چیرۆک لە سەری دەنووسرێ. ئەگەر وەک پێکهاتە چاوی لێبکەین؛ بابەت پەیکەرێکە پێوەندی نێوان ئەندامەکانی دیکەی چیرۆک ساز دەکا و ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ بە چەشنێ لەگەڵ بابەتی چیرۆک لە پێوەندی‌دان. ئەم واتایە زۆرجار وڵامێکە بەو پرسیارەی کە چیرۆک باسی چی دەکات؟ کە وایە هەر چیرۆکێ بابەت یان بابەتگەلێکی لە خۆ گرتووە، ئەم بابەتگەلە دەتوانن واتایەکی سەرەکی و چەندین ژێرکۆمایان هەبێت.(مەستوور،١٣٧٩)
دووهەم پردی پێوەندی نێوان دەروون‌ناسیی و چیرۆک، کەڵک وەگرتن لە چەمکی دەروون‌ناسیی وەکوو بابەتی چیرۆکە. فرۆید لە کتێبی تۆتێم و تابۆدا باس لەوە دەکات کە سەرەتا مرۆڤەکان لە تاقم و مێگەلی بچووکدا دەژیان کە بریتیبوون لە چەند مێ و یەک نێری بەهێز یان سەرۆک کە ڕێگە بە جووت بوونی دیکەی نێرەکان لەگەڵ مێکان نەدەدا و لە ڕانی دوور دەخستنەوە. ڕۆژێک برا دەرکراوەکان کۆدەبنەوە و باوکیان دەکوژن و دەیخۆن و بەم کارە مێگەلی باوکییان لە ناو برد و ئەو تەکووزی‌یە ڕووخا، بێگومان ئەو باوکە تووشەی سەرەتا، بوو بە سەرمەشق بۆ تەواوی براکان کە هەم لێی دەترسان و هەم ئێرەییان پێ دەبرد، ئەوان بە خواردنی باوک توانیان خۆیان وەک ئەو لێ بکەن و هەر کامیان بەشێک لە دەسەڵاتی ئەویان بەدەس هێنا، بە شوێن کوشتن و خواردنی باوک و دەس تێکەڵ کردن لەگەڵ ژنەکانی، کوڕەکانی تووشی پەشیمانیی و پەشۆکان بوون، بەم بۆنەوە بە قەدەغە کردنی کوشتنی ئاژەڵی تۆتێم کە جێنشینی باوکییان کردبوو و قەدەغە کردنی جووت بوون لەگەڵ دایکان و خوشکان وەکوو تابۆیەک، ویستیان بۆ هەمیشە ئەم شۆڕشە نەگریسە و هەستی پاشگەز بوونەوەیان تاهەتایە لە یاددا بمێنێ، بە وتەی فرۆید ئەم دوو تابۆیە چاوگی ئاکاری مرۆڤایەتین.(ئیدل، ١٣٩٣) دەکرێ وەکوو نموونە بۆ ئەم چەشنە نووسینە شانۆنامەی "هاملێت"ی شێکسپییر یان "کافکا لە ڕۆخدا" لە نووسینی هارۆکی مۆراکامی ناو بەرین، هەڵبەت ڕۆمانی "ژنە قژسوورەکە" نووسراوەی ئۆرهان پامۆکیش زۆر بە ڕوونی لەم شێوە کەڵکی وەرگرتووە، لە ئەدەبی کوردیدا دەتوانین چیرۆکی "حەسار و سەگەکانی باوکم" وەکوو نوێنەرێکی باش بۆ ئەم قۆناغە هەڵبژێرین، لە خوارەوە چەن نموونە لە دەقی چیرۆکەکەی شیرزاد حەسەن دەهێنمەوە کە داڵغەکانی کەسایەتی ناو چیرۆک و هەستی پەشیمانیی وەکوو ئەفسانەکەی تۆتێم و تابۆ بە جوانی پیشان دەدات: {لە زمانی باوکەوە: "لە دەرەوەی ئەم حەسارە و دوور لە چاوانی من کەستان ناژین، ئەو کوڕەشی کە لە من هەڵدەگەڕێتەوە موستەحەقی سەربڕین و خەساندنە، ئەو کچانەشی کە ویستیان سەرم شۆڕ بکەن و ڕەدوو کەوتن کردمنە خۆراکی قەل و داڵ، دەستی من ئەوەندە درێژە دەگاتە بنی دونیا..." لە زمانی کوڕەی بکوژی باوکەوە: "من وتم دەیکوژم و ئیدی ئازاد دەبم، سەربەست و بەرەڵڵا، تف لە ڕابردوو، وەی لە داهاتوو، ئیتر کەس نامێنێ بەسەرمدا بنەڕێنێ، تفم لێ بکات، دارم لەسەردا بشکێنێ و قامچی ڕابوەشێنێ، جگەرە لە نێو لەپمدا بکوژێنێتەوە، وتم دەیکوژم و لە فەرمایشتەکانی قوتارم دەبێ، لە قرچۆکی و دەستە نووقاوەکانی، تۆ بڵەی جگە لە من، لەم دونیایەدا کوڕێک نەبووبێ باوکی خۆی کوشتبێ؟ من دەستەپاچە بە چی بم؟ ئەمەیان گۆمەزی سەر گۆڕی باوکمە یان شاری سەگە بەوەفاکانی، دەنێو گۆڕی ناو گومبەتێکی ساردوسڕ هاوار دەکەم: خوشکانی بێ مروەتم... دایکانی سپڵە و فریودەرم رزگارم کەن، ئەوەتام لێرە، سەگەکانی باوکم هەراسانیان کردم...... تا ماوم ناحەسێمەوە لە مەزاری باوک کوشتە و کولانەی سەگەکانی، من خۆم بوومەتە گۆڕستانێک کە جگە لە ناڵینی ئافرەتە ڕەشپۆشەکان و سەگوەڕی سەگە هەوەسبازەکان هیچی دیکە نابینم و نابیستم..."}.(شیرزاد حەسەن،٢٠٠١)
سێهەمین پردی پێوەندی نێوان دەروون‌ناسیی و چیرۆک، کەڵک وەرگرتن لە تەکنیک گەلی دەروون‌ناسییە بۆ شێوەی داڕشتن وەکوو فۆڕمی چیرۆک؛ کە "شەپۆلی لێشاوی زەین" گرینگترین‌یانە. دەروون‌ناسی ئەمریکی ویلیام جەیمز لە ساڵی ١٨٩٠ وتی کە ئاگاهیی مرۆڤ تێکەڵێکە لە تەواوی ئەزموونەکانی ڕابردوو و هەنووکە و ئەم ئەزموونانە لە زەینی مرۆڤدا بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و شڵەژاندان و قەت قەتیس نامێننەوە، جەیمز بۆ ڕەنگدانەوەی پڕ بە پێستی ئەم واتایە وتی: "دەبێ لە خوازەی چۆم یارمەتی وەربگرم، دەبێ کاتی قسە کردن لەسەر ئەم ڕەوتە بە شەپۆلی لێشاوی زەین ناوی بەرین."(بەیات، ١٣٨٧) لە ئەدەبی جیهانیدا "هەرا و تووڕەیی" فاکنێر یان "خاتوو دەلۆیی" لە

نووسینی ویرجینیا ڤۆلف بەم شێوە نووسراون، زۆربەی چیرۆکەکانی هووشەنگ گوڵشیری و عەباس مەعرووفی لە زمانی فارسیدا هەروەتر. تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی سێلاوی زەین زۆرن کە بە پێی مژاری ئەم وتارە

**هەندێکیان بریتین لە:**

**١-"مۆنۆلۆگی دەروونی":** چەشنێ لە گێڕانەوەیە کە تێیدا ئەزموونەکانی خواست و عاتیفەی دەروونی کەسایەتییەکانی چیرۆک لە پاژەکانی جۆربەجۆری زەینی و لە قۆناغی "پێش لە گفت"دا دێنە گۆ. قۆناغی پێش لە گفت ئەو توێیە لە ئاگاهییە کە ناگەنە پێوەندی (چ ئاخافتن، چ نڤیسار)، لە لایەنی گفتدا تەکووزی ئاوەز و لۆژیک و شوێن و یەک کەوتنی رووداوەکان بە پێی کات بەرچاوە و زۆر جار ناوئاخنی زەینی تێدا سانسۆڕ دەکرێ، بەڵام لە توێی پێش لە گفتدا، ڕابردوو و هەنووکە و داهاتوو یەکپارچەن، نە گوزارەی قووڵ و بنەمای پێوەندیدارانەی تێدایە، نە تەکووزی لۆژیکی و نە سانسۆری تێدا بەدی دەکرێ و پڕن لەو هەست و سۆزانەی کە بەزاردا نایێن و لێوانلێون لە ڕستەی نارێزمانی، ڕچاو نەکردنی ڕێسای سینتاکس و خۆپارێزی لە دانانی هێمای ڕستەکان، واتە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ بە شوێن زانیاریدان بە خوێنەردا نیین.(بەیات، ١٣٨٧) مۆنۆلۆگی دەروونی خۆی دەکرێ بە دوو بەشەوە یەکەمیان مۆنۆلۆگی دەروونی ڕاستەوخۆ کە تێیدا نووسەر، بوونی نییە و ئەزموونەکانی دەروونی کەسایەتی چیرۆک بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە مێشکی کەسایەتییەوە دێتە ئاراوە. دووهەمیان مۆنۆلۆگی دەروونی ناڕاستەخۆیە کە نووسەر لە چیرۆکدا بوونی هەیە و هاوڕێ لەگەڵ مۆنۆلۆگی دەروونی کەسایەتی ڕێگە دەبڕێ و زەینیاتی کەسایەتی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە.(بەیات، ١٣٨٧) ئەم هۆکارە بە گشتی دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لەگەڵ ناوئاخنی زەینی کەسایەتییەکان ڕووبەڕوو بێتەوە و نووسەر نەتوانێ هزری کەسایەتییەکان لێکبداتەوە، کە زۆر جار ئەم ساز بوونی لێڵی و ناڕوونییە وەکوو تایبەتمەندێکی سەربەخۆ ناوبژێر دەکەن، دەتوانین بڵێین لێڵی و ناڕوونی دەق، هەوڵی نووسەرە بۆ نێزیک کردنەوەی زمان لە پێکهاتەی مێشکدا.وەکوو نموونە بەشێ لە چیرۆکی "پشیلە"نووسراوەی عەلی غوڵامعەلی دێنمەوە:

" ... ئەگەر مردم چی؟ بێیە سەر گۆڕەکەم و بە گۆڕم پێبکەنی! چ... پێت ناڵێم. تۆ ئاڵمانی نی؟ گەوواد! ئەو عالەمەتان بۆ کوشت؟ بۆ قسەت بۆ بکەم؟ ئەو لیباسە سپییە چییە لەبەرت دایە، نەکا دوکتر بی؟ حای... خێزانی منیش ئاڵمانییە، ئەو دەمەی حەزم لێدەکرد وام پێ دەکوت. قژی زەردە و چاوی شین. ئای خودایە چەندە جوان پێدەکەنی. پێم دەکوت خودا بە دەستی خۆی پێکەنینی خستۆتە سەر زاری تۆ! ڕەنگیشە ئەو پێکەنینە جوانە، یادگاری ماچێکی خودا بێ! خودا عەبدی خۆش دەوێ. با ماچیشی بکا، بێ نییەتە! نا، نا، گوناح نییە. بۆ وا گوێت داوەمەتێ؟ نەکا بتەوێ تۆش ماچی بکەی؟ گەوواد! ... تۆ چاو ئەو قاڵۆنچەیە چەن گوناحە. دوو ڕۆژە لاقێکیم بڕیوەتەوە. نەمبڕیبایەوە، دەمرد. حالێ هەی، سەرەتانیەتێ! نەکا بنەڕێنێ. دەترسێ گوناحە!... خۆ من دەزانم سەرەتانم نییە و ناشمرم، بەڵام ئەو دوو کەرانە! هەر لە خۆوە دەڵێن وەڵڵا سەرەتانتە! سوێندیشم بۆ دەخۆن، بۆیە باوەڕم پێکردوون. ئەرێ بانگی عەسری داوە؟ دەبێ دەسنوێژ هەڵگرمەوە. لەوەتی باسی ئەو نەخۆشییەیان لا کردووم. زوو بە زوو دەسنوێژم دەشکێ... ئەوە بۆ چاوت دەدرەوشێتەوە، وەرن ئەو بێشەرەفە لابەن، ئەوە تەماحی لە نامووسم کردووە! ئەو گەوادە بە تەمایە من بمرم و تێخزێ... ئەی هاوارررر..." (غوڵامعەلی، ٢٠٠٧)

**٢-"لە مەڕ خۆ قسە کردن (حدیث نفس)":** کەسایەتی چیرۆک، بیر و هەستەکانی خۆی دەڕنەبڕێ تا لە مەبەستی تێبگەن، دیارە ئەم شێوە دەربڕینە لە بنەڕەتدا هی شانۆنامە بووە، هەڵبەت جیاوازیەکەی بەو مەرجەیە کە لە شانۆدا، کەسایەتی چیرۆک بۆ وتەکانی خۆی بەردەنگی هەیە، بەڵام لە حەدیسی نەفسدا کەسایەتی لە بوونی بەردەنگ خافڵ و بێخەبەرە، جیاوازیی لەگەڵ مۆنۆلۆگی دەروونییشدا ئەوەیە لە مۆنۆلۆگدا، ڕاگوێزانی شوناسی زەینی و ژیانی دەروونیی لە مێشکی کەسایەتییەوە دێتە ئارا، بەڵام لە "لە مەڕ خۆ قسە کردن"دا ئەم ڕاگوێزانە لەگەڵ گەڵاڵەی چیرۆک پێوەندی هەیە و پتەو بوونی دەقی زیاتر پێوە دیارە و وێدەچی بە دەنگی بەرز قسە ئەکات.(بەیات، ١٣٨٧) لێرەدا وەکو نموونە بەشێ لە چیرۆکی "خەونی پەپوولە پاییزە" نووسراوەی عەزیز مەحموودپوور دێنمەوە:

"...ڕۆژ بەردەوام لە هەڵکشان بوو و جار لەگەڵ جار پتری جارەزی دەکردم. هەستم دەکرد خواردنی ئیسکانێک چا لەحاڵێکدا هاڵاوی شیاکەت لێ هەڵدەستێ، تەجرەبەیەکی تاقانەیە. هەر بۆیەش بڕیارم دا هەر ئەوەندەی دایکم هات، داوای لێبکەم چادانێکم چا بۆ بێنێ. بەڵام وام نەکرد و لەگەڵکۆ دایکم هات، پرسیم ئەو منداڵە منداڵی کێیە و ئەو بێدەنگییەکی بێ هۆی بەسەردا باراندم. وەختایەکیش کوتم کوڕە یان کچ، ئەو لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە پرتەوبۆڵە و لە لێواری حەوزەکە دانیشت، فرمێسکی دادەباراند. دیار بوو قسەیەکی لە دڵدایە و نازانێ چۆنی بدرکێنێ. پاش تاوێک وەک ئەوەی جندی بووبێ لە قاقای پێکەنینی دا و ڕۆیشت، پێکەنینێکی هێندە بە سام و ژەنگاوی کە تەواو دڵنیای کردم دایکم لەونی لێ گۆڕاوە."(مەحموودپوور، ١٣٩٤)

**٣-"زمان":** زمان شێوەی ئاخافتنی نووسەرە لە چیرۆکدا. کە دەکرێ هەم لە لایەنی بگێڕ و هەم خودی نووسەری چیرۆکەوە بەکار بهێنرێ و بە کورتی هەمموو گۆشە نیگاکانی چیرۆک ئەگرێتەوە. لە چیرۆکی لێشاوی زەیندا زمان لە لۆژیک و ئاوەز بێبەرییە و چەشنە ماکێکی شیعریی پێوە دیارە، بە کەڵک وەرگرتن لە گەمەی زمانی، بانگهێشتنی دەنگیی و واتایی ، هێنانە ئارای خوازە و نیشانە و ئیماژ ئەم چەشنە چیرۆکە دەچێتە ئاستێکی شیعریی، وەکوو نموونە بەشێک لە کورتە چیرۆکی "ئەو دیو دیوار" نووسینی فریا یوونسی دێنمەوە:

" تەبەق تەبەق تاریکمان دەکەن و لە جۆگەکانا، ورد و پرد، تەلیس تەلیس فرێمان ئەدەن کە بیگێڕینەوە.. من هەر تەنها خۆم باوەشێک وێنەی مەلعوونم تێدا زیندووە و نا، مەڵێن چونکە ڕەنگی دەرگای عیمارەتێکی وەها، ماوەیەکە لەو چڵکنییەیە خلاس بووە و ڕەنگی جلەکانی ئەو سەربازانە وەها ڕووەو هێور بوونەوە و زەیتوونە، ئیتر ئەتوانن ڕەحەت بکەن، ڕەحەت بخۆن، ڕەحەت بخەون... و ڕەحەتیش بمرن. نا. من بەم نەختە گیانەوەمە، بە دەرگای ژوورێکی ئەو مەدرەسەوە بووم کە کردبوویان بە زیندان و لەو زیندانەدا، پێنووسم بینیوە کە چۆن بە خاڵبازی ملی خاوەنەکەی کردووە بە پەتەوە و حەتتا ڕفیقە ژەنگاوییەکانیشم کە لەوەتای هەن نەردە بوون، شاهیدن..."(یوونسی، ١٣٩٤)

**٤-"کات":** هەر چیرۆکێ لە شوێنێک و سنوورێکی کاتییدا پێگەی خۆی دیاری دەکات کە دواتر جێی خۆی لە چیرۆکی مۆدێرندا ئەداتە کات/ شوێن. چیرۆکی لێشاوی زەین بە بۆنەی گرنگیدان بە کات زۆر جار بە چیرۆکی کاتییش پێناسە دەکرێ، لەم چەشنە چیرۆکەدا گێڕانەوەی ڕووداوەکان نەک بە شێوەی کرۆنۆلۆژیک ، واتە یەک بەدوای یەکدا و بە پێی کاتی "کاتژمێر"، بەڵکوو ڕابردوو و داهاتووی کات وەلا دەنرێ، هەتا داهێنان و ئافراندن لە هەنووکەدا بێتە گۆڕێ، لەم حاڵەتەدا ڕیزبەندی کات، شوێنی خۆی ئەداتە تێکەڵ بوونی چڕوپڕی بیرەوەرییەکان، کە لە زەینی کەسایەتیەکانی چیرۆکدا نە لەسەر پاش و پێش کەوتنی کات، بەڵکوو لەسەر ئەندازەی پانتای ئەزموونی کەسایەتی دادەمەزرێت و ڕابردوو و هەنووکە و داهاتوو بەتەواوەتی تێکەڵ بە یەکدی دەبن و جێگۆڕکێی بەردەوامیان پێدەکرێ(بەیات، ١٣٨٧). لە خوارەوە وەک نموونە بەشێک لە چیرۆکی "هەشتەمین ڕۆژی حەوتوو" لە نووسینی محەمەد ڕەمەزانی دێنمەوە:

"بە ڕێزێکی تەواوەوە، پاشەوپاش دەکشێمەوە. وردەوردە دادەگەڕێم. نازانم بۆ، بۆخۆشم لێم حاڵی نییە، کە ئایا دێمەوە ئەم شوێنە یان نا. نازانم چەند ڕۆژە بە ڕێوەم،

شەو هێندەی پێوە نەماوە. لای بەیانی دەگەمە باغێکی چکۆڵە، لە هەموو چەشنە گوڵ دەبینم. دەچمە نێو باغەکە. گوڵێکی زەرد و گوڵێکی سوور لێدەکەمەوە. لە نێوەڕاستی باغەکەوە، دەنگی نەرمین و نەسرین دێ، کە ئاوازێکی ئاسمانیی بە دووقۆڵی دەڵێن. دەچمە پێشەوە. هەردووکیان لە بەر پەنجەرەکە ڕاوەستاون، بەرماڵیان بە شانەوە نییە. نەسرین کەڵەشێرەکەی بە باوەشەوەیە. کەڵەشێرەکە دوو گوڵی بە دندووکەوەیە: یەکێ سوور و یەکێ زەرد. دەیدا بە نەسرینی خوشکم. دەچمە ژووریٰ، شوکری خوا بە توێی کراس و دەرپێ نیم. پۆک و پۆشتەم. گوڵەکانی دەستم دەدەم بە نەرمین. بوومەتە کەڵەشێر وام لە باوەشی نەرمینا. نەرمین و نەسرین بە دوو قۆڵی ئاوازێکی ئاسمانیی. پاشان بێدەنگی. دوایی دەنگی خوێندنی دوو کەڵەشێر. پاشان بێدەنگی. ئاوازی ئاسمانیی نەرمین و نەسرین بە دووقۆڵی...ـ...ـ...ـ...’’(ڕەمەزانی،١٣٧٧)

دواییین بەشی پێوەندی چیرۆک و دەروونناسیی شێوازی حەکایەت دەرمانیی‌یە . ئەم چەشنە گێڕانەوە لەبەر ئەوەی تەکنیکی چیرۆکی تێدایە و تژین لە هێما و دەربەستی کات نین، دەکرێ بە پێناسە نوێ‌کانی چیرۆک وەکوو چەشنێ لە شێوازەکانی چیرۆک بخوێندرێتەوە. تەنانەت ئەگەر کەسایەتیی مرۆڤ یان شت و ئاژەڵیش بن، هەر ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤ ئەنوێنن. حەکایەت و حەکایەت بێژی بە درێژایی مێژووی مرۆڤ دەوری خۆی گێڕاوە، بە شێوەیێک کە مرۆڤ ژیانی خۆی لە چوارچێوەی حەکایەتدا کێشاوەتەوە، ڕایگوێزاوە و گۆڕیویەتی، دەتوانین بڵێین حەکایەتەکان، وێناکردنی خۆمان لە خۆمان و ئەزموونەکانمانە. زۆر جار لە ناوەڕۆکی حەکایەتدا وانەی ئاکاریی دەست دەکەوێ کە بۆ ڕێکخستنی ئەزموونەکانی ژیان بەکار دەهێنرێ، بەم بۆنەوە ئەگەر حەکایەتەکان هەڵگری کردەوە و کاردانەوەی ڕەوشت بن، دەبنە هۆی گەشەی ئاکاریی. لەم چەشنە حەکایەتانە لە کتێبە ئایینی و پیرۆزەکاندا هەن و نموونەیان لە ئەدەبی کۆندا زۆرە وەکوو هەزارویەک شەو... ئێستایش بە فۆڕمی نوێ داهێنانی تازەی لەسەر دەکرێ. هەندێ لە دەروونناسەکان وەکوو جرۆم برۆنەر و جەکسوان پەرەیان بە ’’حەکایەت دەرمانی‘‘دا. ئەوان پێیان وابوو کە لە ڕووی گێڕانەوەی نەقڵ و نەزیلە، پەندی ناوەڕۆکی حەکایەت بە بیسەر یان خوێنەر پیشان دەدرێ هەتاکوو بەرەو چاکەکاریی هانی بدات یان لە کارێکی خراپە _هەڵبەت چاکە یان خراپە بە واتای دەروونناسانە_ دووری بخاتەوە و دەرفەتێکی دیکەی بۆ توانست یان دەسپێشخەری بۆ ئەنجام دانی کارێک بە پێی ویستی بیسەر بڕەخسێنێت و تەنانەت دەکرێ وەکوو ئامرازێک بۆ دیاریکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان بەکار بهێنرێت. (ئەریکسۆن،١٣٩٣) وەکوو نموونە حەکایەتێک ئاراستە دەکرێ کە پیشان دەدات چەندە بەستێنی کۆمەڵایەتی، شێوەی پەروەردە و کاریگەریی لاسایی کردنەوەی ڕەوشتی دەروبەر دەتوانێ لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ کاردانەوەی هەبێت و هەڵسووکەوتیان بگۆڕێ. چەندە زەینی داهێنەرانەیان وشک بکات و هەر ئەمەش دەتوانێ مرۆڤەکان لە توانستەکانیان دوور بخاتەوە و لە گەشەی بخات.هەروەهائەم حەکایەتە وەکوو کردەوەی دەرمانیی بۆ ئەو کەسانەی تووشی نزم بوونەوەی ئەنگێزە و لاوازی بەخۆداپەرمین ن ئەبن، دەریدەخات تەنانەت ئەگەر لە ڕابردوویشیاندا تووشی کەمایەسی هاتبێتن، کات بۆ جووڵان و بزووتن درەنگ نییە، هەرچەند لە ناو کۆمەڵگایەکی بێ‌بەریی و بەشخوراودا ژیابن بەڵام دەتوانن بە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و کارا کردن و کەڵک وەرگرتن لە بەهرەمەندییەکان بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن هەنگاو بنێن: ’’کابرایەک هێلکەی هەڵۆیەک ئەدۆزێتەوە و دەیخاتە کولانەی مریشکەوە. هەڵۆ لەگەڵ دیکەی جووچکەکان سەر لە هێلکە دەردێنێ و گەورە دەبێ، هەڵۆ لە تەواوی ژیانی‌دا هەر ئەو کارانەی دوویات دەکردەوە کە مریشکەکان دەیانکرد؛ چینەی دەکرد، هەڵدەکورما و قرتەقرتی دەکرد!. ساڵانێک تێپەڕی و هەڵۆ پیر بوو. ڕۆژێک باڵندەیەکی پڕشکۆی بە تاقی ئاسمانەوە بینی لە شەقەی باڵان ئەدا و شاباڵی بەسەر هەورەکاندا ڕاکێشاوە. هەڵۆ بە سەرسووڕمانەوە پرسی ئەوە کێیە؟ دراوسێی وتی: ئەوە پێی دەڵێن هەڵۆ، پادشای باڵندەکانە. ئەو بەشی ئاسمانە و ئێمەیش لە زەویداین. هەڵۆ وەک مریشک ژیا و وەک مریشک مرد؛ لەبەر ئەوەی بیری دەکردەوە مریشکە!.‘‘

## کۆبەندی باسەکان:

لەم وتارەدا پیشان درا کە دەروون ناسیی چلۆن پێوەندی لەگەڵ چیرۆک دیاری ئەکات. پیشان درا کە ئەم پێوەندییە دەتوانێ هەم لە ڕەخنەی چیرۆک، هەم لە بابەت و فۆڕمی چیرۆک دا خۆی ببینێتەوە. بە پێچەوانەشەوە دەکرێ ئەم کاریگەرییە هەڵگەڕێتەوە و کاریگەری چیرۆک لە سەر دەروون ناسیی ببینین، کە بەم شێوە حەکایەت دەرمانی دێتە ئاراوە کە باسی لە سەر کرا. دیارە ئامانجی سەرەکی ئەم وتارە کردنەوەی کەلێنێکە بۆ بەراورد کردنی زانستی دەروون ناسیی و ئەدەبیات بە گشتی و چیرۆک بە تایبەتی. بەرچاوە کە ئەدەبیات کوردی هیچی لە ئەدەبی گەلانی دەوروبەر کەم نییە و بۆ هەر شێوازێکی ئەدەبی چەندین نموونە دەق‌مان هەن کە بۆ ڕوونکردنەوەی وتار ئەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ.

## سەرچاوەکان:


•حەسەن، شێرزاد(٢٠٠١). حەسار و سەگەکانی باوکم، سلێمانی، تیشک.

•ڕەمەزانی، محەمەد(١٣٧٧). مزگێنی، سەقز، چاپەمەنی محەمەدی.

•غوڵامعەلی، عەلی(٢٠٠٧). پادشای تەنیایی، سلێمانی، سەردەم.

•مەحموودپوور، عەزیز(١٣٩٤). خەونی پەپوولە پاییزە، سەقز، گوتار.

•یوونسی. فریا(١٣٩٤). کۆمینیماڵی ’’درەنگان‘‘، تاران. ئاریوحان.

•اریکسون، میلتون(١٣٩٤). قصه درمانی، ترجمه: قراچه داغی، مهدی، تهران: انتشارات دایره.

•ایدل، لیون(١٣٧٤). قصه روان شناختی نو، ترجمه: سرمد، ناهید، تهران: شباویز.

•بیات، حسین (١٣٨٧). داستان نویسی جریان سیال ذهن، تهران، انتشارات علمی فرهنگی.

•پاینده، حسین(١٣٩٠). گفتمان نقد، تهران، انتشارات نیلوفر.

•سوزنی، محمدصالح(١٣٨٢). مه بر فراز دره، نشریه گلستانه، شماره ٥٣. صص ٢٣-٢٠.

•محمدی، سوران(١٣٩٣). سمینار ’’ارتباط ادبیات و روانکاوی‘‘، دانشگاه آزاد اسلامی واحد علوم و تحقیقات کردستان. سنندج. چاپ نشده.

•مستور، مصطفی(١٣٧٩). مبانی داستان کوتاه، تهران. مرکز.

•نوئل، ژان بلمن(١٣٩٣). تحلیل روانکاوانه متون ادبی. ترجمه: نژادمحمد وحید، تهران: افراز.




# پێگە و قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی
## لە کرماشان و ئیلام

شەریف فەلاح

کوردستانی ئێران کە پێکهاتووە لە چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا، نەتەوەی کوردی تێدا دەژی کە بە زمانی کوردی و بە زاراوە و دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی قسە دەکەن. بە درێژایی مێژوو ئەم نەتەوەیە لە مافە فەرهەنگی و سیاسییەکانی بێبەش بووە و لەلایەن حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر ئێرانەوە بە فەرمی ئیزنی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی نەدراوە کە ئەمە یەکێکە لە گرفت و ئاستەنگە فەرهەنگی و سیاسییەکانی نەتەوەی کوردە لە کوردستانی ئێران.

زمانی دایک وەک یەکەمین دیاری و تووشە کە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە دایک و باب و لە داوێنی بنەماڵەوە لە رێگای دابونەریت، هەڵسوکەوت، خواردن، ئاخاوتن و... بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە، هەوێن و جەوهەری پەروەردە و قاڵب گرتنی فکر و جیهانبینیی تاکە. پەرەروەدە بە زمانی دایک و خوێندن و نووسین بەو زمانە یەکێک لە سەرەکی و ئاساییترین مافە سروشتییەکانی هەر مرۆڤێکە.

زمان وەک کۆڵەکە و شادەمار و رۆحی نەتەوە لە پرۆسەی فەرهەنگسازیدا دەورێکی ئێجگار گرینگ دەگێرێت. لە رێگای زمانەوە مرۆڤ سەرەتا پێناسە و شوناسی فەرهەنگی و نەتەوەیی تاک وەردەگرێت و لە سنوورێکی بەبڵاوتر و لە کۆمەڵگادا شوناسێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی پێ دەبەخشێت.

ئەوەی لەم وتارەدا دەمەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکەم، وەڵامدانەوە بە چەند پرسیارێکی گشتیە لەمەڕ زمان و ئەدەبی کوردی لە دوو پارێزگای کوردنشین لە کوردستانی ئێران، ئەویش کرماشان و ئیلامە. مەبەست لە هەڵبژاردنی ناوچە و جوغرافیایەکی تایبەت بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دوو پارێزگای دیکەی کوردنشینی ئێران (کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا) رەوشت و بارودۆخی فەرهەنگی و زمانییان بە نیسبەت ئیلام و کرماشان جیاوازە.

- ئاخۆ پرسی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران لە هەر چوار پارێزگاکە وەک یەکن؟ ئاخۆ زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی شانبەشانی یەک گەشەیان کردووە؟ هۆکاری لاوازی و نەبوونی دەرفەت و دەرەتانە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە کرماشان و ئیلام چین؟ قۆناغە جۆراوجۆرە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە کرماشان و ئیلام لە کەیەوە دەستیان پێکردووە و ئێستا لە چ دۆخێکدان؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەی پێوەندیدار بەم پرسەوە، لەم وتارەدا دەخەینە بەرباس و تاوتوێیان دەکەین.

ئەگەر لە روانگەی مێژووییەوە لەم بابەتە بڕوانین، بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەڵکەوتەی جوغرافیایی دوو پارێزگای کرماشان و ئیلامدا، هەر لە چاخە کۆنەکانی مێژووەوە، زاراوەی کۆنی گۆران (هەورامی)، لەکی، فەیلی، لوڕی، کەلهوڕی، ئیلامی کۆن لەناو پێکهاتەی هۆز، تایفە و عەشیرە جیاجیاکاندا، زمانی ئاخاوتنی جەماوەری کوردی ئەو دەڤەرانە بووە و کۆنترین دەق و بەڵگەی نووسراوی کوردی بە زاراوەی گۆران دۆزراوەتەوە کە دەربڕی بوونی ژیار و شارستانییەتێکی کۆن و دێرینە لەو ناوچانە.

گەلێک بەڵگە، دەسنووس، بەیاز و دەقی حیماسی، چیرۆک و ئەفسانە و ئوستوورە لە کرماشان و ئیلام سەریان هەڵداوە کە نیشانەی دەوڵەمەندی و بەهێزیی زاراوە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیە. ئەدەبیاتی دەوڵەمەند و پڕ ناوەرۆکی زارەکی، فۆلکلۆر و پەند و قسەی پێشینان کە چەند ساڵێکە لەسەر دەستی نووسەر و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە کۆ کراونەتەوە و ئێستا لەبەر دەستدان، دەربڕی بوونی پاشخان و خەزێنەیەکی ئێجگار دەوڵەمەند و پڕ ناوەرۆکی کولتوور و ئەدەبی نەتەوەییە لەو ناوچانە.

جیا لە کورد بوون و پێکهاتە و تایبەتمەندییە هاوبەشە نەتەوەییەکان، لەلایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە کار بۆ ئەوە کراوە کرماشان و ئیلام لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێران جیابکەنەوە کە دەتوانین لە چەند خاڵدا ئاماژەیان پێ بکەین کە بریتین لە:



١- بوونی مەزهەب، ئایین و ئایینزای جیاواز.
٢-گرتنەبەری سیاسەتی هەڵاواردن و دابڕان و بەرینتر و زەق کردنەوەی جیاوازییە فەرهەنگی و ئایینییەکان لەگەڵ ناوچەکانی دیکە لەلایەن سیستمی دەسەڵاتەوە.
٣-هەوڵدان بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیای سیاسیی و فەرهەنگی و ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و فەرهەنگی.
٤-لە خشتە بردنی زمانی کوردی و قەدەغەکردن و نامۆ و ناشیرین نواندن و گاڵتە کردن بە زاراوەکان.
٥- هەڵاواردنی مەزهەبی، ئایینی و پێشگیری لە بەڕێوەبردنی بۆنە و رێوڕەسمە مەزهەبییەکان و پەرەدان بە ناکۆکی و ئاژاوە لە نێوان مەزهەب و ئایینە جیاوازەکان.
٦-دنەوهاندانی کوردی ناوچەکانی دیکە بۆ بە گژدا چوونی کوردی کرماشان و ئیلام و جێخستنی جۆرێک تێڕوانینی چەواشەی وەک زەرە کورد و کوردی رەسەن و نارەسەن.
٧- رەواندنەوەی دەرەتان و دەرفەتە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە کرماشان و ئیلام و دوورخستنەوەیان لە چەقی رەوتە زمانی و ئەدەبییەکانی کوردستانی ئێران.
٨- زاڵ کردنی کولتووری غەیرە کورد

له هەموو ئاستەکان و سەپاندنی بەسەر جەماوەر و هێنانی هێزی ئابووری و ئیداریــی ناخۆجێیی لەباتی خەڵکی خۆجێیی.

٩-پەرەدان بە ناکۆکییە تایفەیی و عەشیرەییەکان لە درێـژایـی لاواز کردنی هەستی نەتـەوەیـی و بەهـەند نەگرتنی بەها و بایەخە نەتەوەییەکان لەلای خەڵک و سەرقاڵ کردنیان بە پرسی لاوەکییەوە.

١٠-داتاشینی تۆمەتی جیایی‌خوازی، ئاژاوەگێری و هەروەها هێژمۆنیی زاڵی تێروانینی ئەمنیەتی بۆ ناوچەکانی کرماشان و ئیلام.

ئەو دە خاڵە و زۆر هۆکاری دیکە کەش، دۆخێکی وایان خوڵقاندووە کە زۆربەی قۆناغە سیاسییەکانی ئەم سەدەیە لە سەردەمی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی خۆیاندا، لە دوو پارێزگای مێژوویی و کەونارایی کرماشان و ئیلام، دوو دەڤەری دەوڵەمەند و بەپێز لە باری مێژوو، زمان، فەرهەنگ و ئەدەب و کولتووری کۆمەڵایەتی، پەراوێز بخرێن و لە ڕەهەندی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی کوردستانی ئێراندا بۆ چەند قۆناغێک لەبیر بکرێن و لەباتی کولتوور و زمانی ڕەسەنی خۆماڵی و گرێدان بە ناوچەکانی دیکە، کولتووری غەیرە کورد و جیهانبینییەکی دیکە زاڵ بووە و کارێکی کردووە لە چوارچێوەی نووسین و داهێنان و بەرهەمهێنانی زمانی و ئەدەبیدا، ئەم شوناسە کەمڕەنگ بێت و خەون و خولیا و ئاواتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە زمانی فارسی بهێننە سەر کاغەز.

ناکرێ ئەم پرسە وا لێک بدرێتەوە کە دوو پارێزگای کرماشان و ئیلام کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان دوو لە سەر سێ حەشیمەتی کوردی کوردستانی ئێران پێک دەهێنن، بەدەرن لە نووسەر، ئەدیب، داهێنەر و لێکۆڵەر. بەڵکوو بە پێچەوانەوە کەسانی پسپۆڕ، لێکۆڵەر، داهێنەر، کارامە و هەڵکەوتە لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری لە چاو پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا گەلێک زۆرن. نووسەران و داهێنەرانی کرماشان لەژێر هێژمۆنیی ئەو کەش و دۆخە زاڵەی کە هەبووە و لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد نەیانتوانیوە بە زمانی دایکیی خۆیان واتە گۆران، کەلهوڕی، لەکی، لوڕی، باجەلان، گەهوارەیی و فەیلی، خۆ دەربخەن و بە ناچاری پەنایان بردۆتە بەر زمانی فارسی و وزە و توانایییە هزرییەکانیان لە پانتایی ئەو زمانەدا دەرخستووە و خەم و ئازارەکانی نیشتمانیان باس کردووە و ویستوویانە لەو ڕۆچنەیەوە، سیما و ئەندێشە و فکری کورد بخەنە ڕوو کە وەک دیارە، هەوێن و جەوهەری زۆرێک لە نووسراوەکانیشیان کوردین.

بێگومان ئایین و مەزهەب لە کوردستان یەک لەو پرسانە بووە کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فکر و ئەندێشە و بەرهەمی نوخبەکانی کورد هەبووە، ئاییینەکانی زەردەشت و یارسان لەبەر ئەوەی جەماوەر و لایەنگرێکی زۆریان لە هەورامان، کرماشان و ئیلام هەبووە و ئێستاش هەیە، بوونەتە ڕەوت و ڕێچکەیەکی ئەدەبی و گەلێک شاعیر و ئەدیبی ناوداریان تیا هەڵکەوتوون کەلە قاڵبی ئەدەبی میللی-مەزهەبیدا زۆر شاکاریان بە زاراوەکانی گۆرانی کۆن، لەکی، فەیلی و کەلهوڕی لێ بەجێماوە کە دەتوانین ئاماژە بە کەلامو دەفتەرەکانی یارسان و کەسانێکی وەک: "بابا سەرهەنگی دەوان"، "سەی یاقووب ماهیدەشتی"، "پەرێشان دینەوەری" لە سەدەی چوارەمی زایینی، "باوەتاهیر هەمەدانی" لە سەدەی دەیەمی زایینی بە زاراوەی لەکی، "مستەفا بێسارانی" لە سەدەی شازدەیەمی زایینی بە زاراوەی هەورامی، "محەممەد کەنوولەیی" لە سەدەی حەڤدەی زایینی، "خانای قوبادی" لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەمی زایینی، "سەرهەنگ ئەڵماس خان" و "میرزا شەرەف دینەوەری" لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمی زایینی، "شەیدا هەورامی" لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم و هەروەها "محەممەد وەلی کرماشانی" لە سەرەتای سەدەی بیستەم، "وەلی محەممەد ئومێدی"، "غوڵامڕەزا ئەرکەوازی" و... بکەین.

زۆرێک لە لێکۆڵەر و توێژەرانی بیاڤی زمان و ئەدەبی کوردی لەو باوەڕەدان کە گەلێک دەق، حیکایەت و چیرۆکی حیماسی و ئەدەبی زارەکی لە کرماشان و شارەکانی دەوروبەری خولقاون و بەپێی بەڵگەی سەلمێنراو کە ئێستا لەبەر دەستدان شانامەی کوردی بە ناوەرۆکی جیاواز لە شانامەی فارسی، بە زاراوەی گۆران و بە چەند گێڕانەوەی جیاواز ئێستا لەبەر دەستدایە و لە زۆر باردا شان لە شانی شانامەی فیردەوسی دەدات. یان لە بەرهەمەکانی دیکە، دەکرێ ئاماژە بە "ڕۆسەم و زەنوون" شاکاری بەنرخی "ئەڵماس خان کەنوولەیی" بکەین. هەروەها دوو هۆنەری شاکار خولقێنی ناوچەی ئەیوان: "شاکە" و "خان مەنسوور" جۆر و شێوازێکی تر لە ئەدەبی میللیی کوردی کە دەگمەن و بێ وێنەن. یان "برزوونامە" وەک دەقی حیماسیی کوردی بەڵگەیەکی گرینگە لە بوونی ڕەهەند و ڕەوتێکی بەرین لە ئەدەبی حیماسی و میللیی لە کرماشان و ئەو دەق و چیرۆکە میللی و مێژووییانە بە چەشنێک ڕۆچوونەتە قووڵایی ژیان و کولتووری خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئیلام و کرماشان، کە بوونەتە بەشێکی جیا نەکراوە لە پێکهاتە و شوناسی فەرهەنگی و نەتەوەییان. ئەو کەسانەی کە لەم بارەوە گەلێک بەرهەمیان خوڵقاندووە بریتین لە: "سەی ساڵح" و "سەی یاقووب" ماهیدەشتی، "میرزا ئەڵماس خان کەنوولەیی"، "تەقی خان ئازاد"، "ترکەمیر"، "مەلانەجەف"، "کەیخوسرەو"، "پەروارە" کە بەرهەمگەلێکی وەک: برزوونامە، زوحاک و کاوەی ئاسنگەر، ڕۆسەم و زەنوون، ڕۆستەم و زۆراو و شیرین و فەرهاد، بەشێکی بەرچاون لە ئەدەبی حیماسیی دەوڵەمەند و بەپێزی کوردی. لە بواری هۆرە چڕین و ئاواز و گۆرانیە میللی و فۆلکلۆریکەکانیش، کرماشان و ئیلام مەڵبەندی سەرهەڵدان و ڕاچەنینن کە بەرچاوترین هۆرەچڕ، "عەلی نەزەر"ـە. نووسین و داهێنان بە زمانی کوردی لە کرماشان و ئیلام لە ڕابردوودا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هیچکات بە شێوەی ڕەوت و گرووپ و بەرنامەی دارێژراو نەبووە، بەڵکوو لە چوارچێوەی کاری تاکەکەسی و بە هەستکردن بە خزمەتی زمان و ئەدەب و لە پێناو هەست و دڵسۆزیدابووە، بەڵام کاریگەریی خۆشیان لەسەر جەماوەر بەجێهێشتووە.

**ـ ئەدەبی هاوچەرخ لە کرماشان و ئیلام:**

لە ساڵانی ١٣٣٠ی هەتاوی بەرەو ئەملا لەسەر دەستی کەسانێکی تر و نەوەیەکی تر، شەپۆل و ڕەهەندێکی دیکە لە نووسین و داهێنانی ئەدەبی و بەتایبەت ژانری شێعر لە کرماشان و ئیلام سەر هەڵدەدەن و دەبنە ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵ و لەباری فەرهەنگییەوە پێشەنگایەتیی ئەو قۆناغە دەگرنە ئەستۆ. لەم قۆناغەدا ئیدی فەرهەنگی ئەدەبی نویساری، چاپ و بڵاو کردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان، شانبەشانی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەودەمی ئێران و کوردستان بە ئاسانی جێگیر دەبن و جێگای خۆیان لە ژیانی خەڵکدا بە ئاسانی دەکەنەوە و هەر ڕۆژە بەربڵاوتر دەبن. ئەوەی گرینگە و دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و هۆکارەکانی ڕوون بکرێنەوە، ئەوەیە هەرچەند بزووتنەوە سیاسییە نەتەوەییەکانی ئیلام و کرماشان بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ناوخۆیی و ناوچەییەوە نەیانتوانیوە وەک پێویست بە شۆڕش و ڕاپەرینە سەرکییەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە گرێ بدرێن، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستیەدا بنرێ کە هەوێن و بناغەی فکری نەتەوەیی، ئاگایی و شوناسی نەتەوەیی لە کرماشان و ئیلام شۆڕشی فەرهەنگی و ئەدەبی بووە و لەسەر کۆڵەکەیەکی قورس و قایمی فەرهەنگی دەواری ئاسۆی نەتەوە بنیات نراوە کە بەدوور بووە لە توندوتیژی و شەڕ و شێوازی خەباتی چەکداری و بەرەنگاریخوازانە.

لەو قۆناغەدا شێعر وەک گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردی و یەکەم تریبوونی هاواری ڕاچەنینی ژان و برک و ئازارە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان، دێتە مەیدانەوە و بە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی، سروشتی، کرێکاری و تێکەڵ بە بیری چەپ بە جوانی خۆی دەردەخات.

بەرچاو و کاریگەرترین شاعیرانی ئەو قۆناغە، سەرەتا "شامی کرماشانی" و دواتریش "پەرتەو کرماشانی" و "ئەحمەد عەزیزی" و "کەرەمڕەزا کەرەمی"ـن کە بە زاراوەی شیرینی گۆران و کەلهوڕی، دەر بە تاریکی دەدەن و پێناسە و سیمایەکی دیکە بە شێعری کوردیی جنووبی کوردستانی ئێران دەبەخشن کە هەتاهەتایە ڕۆڵ و کاریگەرییان دەمێنێتەوە. شانبەشانی ئەم ڕەوتە لە ئەدەبیاتی کوردی لە کرماشان و ئیلام، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی سیاسی و ناوچەیی کۆمەڵێک نووسەر، شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆمانووس سەر هەڵدەدەن و لەژێر کاریگەریی هێژمۆنیی بیری چەپ، زوڵم و ستەمی قۆناغی دەرەبەگایەتی و فیۆدالیزم و فکر و تێروانینی زاڵی ناوچەیی، شێواز و ڕێچکەیەکی ئەدەبی بەناوی ئەدەبیاتی داستانیی ناوچەیی بنیات دەنێن، بەڵام هەموویان بە زمانی فارسی دەنووسن.

لە پەخشان و مێژوونووسیدا کەسێکی وەک "ڕەشید یاسمی"، لە بواری شێعردا کەسایەتییەکی ئەدەبی و سیاسیی وەک "ئەبولقاسم لاهووتی"، کە تەنانەت بە یەکێک لە ڕچەشکێنانی ڕەوتی نوێی شێعری فارسی دێتە ئەژمار، بەڵام بەهۆی تێکەڵ بوون بە جەریانە سیاسییەکان وەک پێویست بەردەوام نەبووە و لە ڕەوتەکە لای داوە. لە بواری ئەدەبیاتی داستانیدا چیرۆک و ڕۆمانووسگەلێکی وەک: "عەلی شیرازپوور" ناسراو بە -شین پەرتەو-، "عەلی محەممەد ئەفغانی"، "مەهشید ئەمیرشاهی"، "عەلی ئەشرەف دەرویشیان"، "مەنسوور یاقووتی" و "لاری کرماشانی"، حزوورێکی چالاک و ئەکتیڤیان لە ڕەوتی بنیاتنانی ئەدەبیاتی داستانیی سەرانسەریی ئێراندا هەبووە و لە نەوەی یەکەم و دووەمی چیرۆکنووسانی ئێران دێنە ئەژمار.

بەرای خاوەن را و شارەزایانی ئەدەبیاتی داستانیی ئێران، کرماشان لەناو شارەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبەوە، لانیکەم لە کاتی لەدایک بوونی ڕۆمانی "شوهر آهو خانم" لە نووسینی "عەلی محەممەد ئەفغانی" کە بە یەکێک لە

شاکارە ئەدەبییەکانی ئێران دێتە ئەژمار، لە هەمووان دەوڵەمەندتر و چالاکترە. لەناو ئەو نووسەرانەشدا کە ناومان هێنان "عەلی ئەشرەف دەرویشان" و "مەنسوور یاقووتی" لە هەموان بەرچاوتر و حزووری چالاکتریان هەبووە و بەناوبانگترینی ئەو کەسانە بوون کە لە دوو ڕەهەندەوە کەتوونەتە بەر ڕەخنە و بیروڕای جیاوازیان لەمەڕ ناوەرۆک، شێواز و جیهانبینییان هەیە. یەکەم لەلایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە ئەو ڕەخنەیەیان بە توندی ڕووبەڕوو کراوەتەوە کە بۆچی ئەو هەمووە بەرهەم و شاکارانەیان بە زمانی کوردی نەنووسیوە؟ چونکە ئەو بەرهەمانە بەپێی پێوەرە زمانی و ئەدەبییەکان، هەرچەندە ناوەرۆک و جەوهەری زۆریان کوردین و خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردستانیان وروووژاندووە، کەچی لەبەر ئەوەی کە بە زمانی فارسی نووسراون، ناچنە خانەی ئەدەبیاتی کوردییەوە.

ڕەخنەیەکی دیکە کە ڕووبەڕووی نووسەرانی کوردی فارسی نووسی کرماشان بووەتەوە، گشتییە و هەم لەلایەن بەردەنگانی فارس و کورد و ڕەخنەگرانەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، ئەویش پێوەندیی بە شێوازی نووسین، گرتنەبەری ڕێچکەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی، گوزارشت ئاسا، سیاسی و چریکی بوونی ئەدەبیاتی نووسین، هاوشێوەیی و هەروەها زاڵ بوونی فکری چەپ، چینی کرێکار و گرینگی دان بە ئەدەبیاتی گوند و دوور کەوتنەوە لە کولتوور و ئەدەبی شار، خۆ دوور خستنەوە لە گرێ و خەون و خولیاکانی تاک و گرینگی دان بە خەمە گشتییەکان و فیدا کردنی هونەر و لایەنی ئەدەبییەتە لە بەرامبەر ناوەرۆکدا.

جیا لە هەموو ئەو ڕەخنە و گازندانەی کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە لە ئەدەبیاتی داستانیی نووسەرانی کوردی کرماشان بۆتەوە، پێکهاتە و جەوهەری ئەو ئەدەبە، خەم و دەردەکانی ئینسانی کوردن و هاواری ڕاچەنینی نەداری، زوڵم و ستەمی چینی چەوساوەی کۆمەڵە کە لەژێر تەوژمی سیستەم و کۆمەڵگای فیۆدالیزم و نابەرابەریدا چەوساوەتەوە کە دەکرێ وەک بەشێک لە ئەدەبیاتی بەرگری و ڕاپەڕینخوازانە لە قەڵەمی بدەین.

**-قۆناغی پێوار-غیاب-ی ئەدەبی کوردی لە ئیلام و کرماشان:**

لە دەیەی ٥٠ بەرەو ئەملا هەتا سەرەتای دەیەی ٧٠ کە جۆرێک لە کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی لە ئێران و کوردستان دەرەخسێ، لە کرماشان و ئیلام جیا لە کاری دەگمەن و تاک و تەرا و ناوبەناو، جموجۆڵێکی ئەدەبی و فەرهەنگیی ئەوتۆ بە زمانی کوردی بەدی ناکرێت. واتە٢٠ ساڵ بە جۆرێک بێدەنگی و پەراوێزخران و بەدوور بوون لە ڕەوتە فکری و ڕۆشنبیرییەکان، باڵ بەسەر ئەو دەڤەرانەدا دەکێشێ و ئەمەش بۆتە هۆی دواکەوتن و تەریک کەوتنەوەی ئەو ناوچانە و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان وەک: پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و جۆرێک لە نامۆیی، دردونگی و لێک تێنەگەیشتنی ڕووکەش لە نێوان ڕۆشنبیراندا بێتە ئاراوە کە دام و دەزگا ئەمنیەتی و فەرهەنگییەکانی دەسەڵاتیش پەرەیان بەم ڕەوتە داوە و بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە کە بە زەرەری زمان و ئەدەبی کوردی شکاوەتەوە. ئەم لێک تێنەگەیشتنە لە ئاستی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی ئاساییشدا بە جوانی خۆی دەرخستووە.

نەبوونی پێوەندیی فەرهەنگیی قووڵ و لە گشتی گرینگتر زمانی پێوەر (یەکگرتووی)ی نووسین کە گرینگترین هۆکار و پردی پێوەندیی کولتوور و زاراوە جیاجیاکانی هەر زمانێکە، یارمەتیی بە لێڵی و شپرزەیی و بی ئاسۆیی زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام، داوە کە هەڵبەت لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانین و سیاسەتە قەدەغە و هەڵاواردنە سیستماتیکەی کە حکوومەت لە هەمبەر زمان و فەرهەنگی کوردیدا گرتوویەتییە پێش.

**-قۆناغی سەرهەڵدانی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی (دەیەی ٧٠ی هەتاوی):**

هەروەک پێشتریش باسمان کرد سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی قۆناغێکی گرینگ و گەلێک هەستیارە لە مێژووی زمان و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بەگشتی لە کوردستانی ئێران و بەتایبەتی لە کرماشان و ئیلام. لەم قۆناغەدا کە هاوکاتە لەگەڵ شەپۆلی بیری فەلسەفی و ئەندێشە و جیهانبینیی مۆدێرن، ئەم قۆناغەی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام لەژێر سێبەری زاڵی فکر و قۆتابخانە مۆدێرنە و پێکهاتەشکێنەکانی ئەدەبی فارسی کە لە ڕێگای وەرگێرانی دەقی بیانییەوە هاتوون، خۆی دەردەخات و لەلایەک دەیهەوێ بە تێڕوانین و ئاراستەیەکی نوێ پێناسەی کۆمەڵگا و ژیان و مرۆڤ بکات و لەلایەکی دیکەشەوە لەناو بازنەی نەریت، ئەدەب و زمانی کلاسیک و خۆماڵی و ناوچەییدا دەخولێتەوە. لەم قۆناغەدا نەوەیەک دەبێتە ڕچەشکێن و جڵەوی کاروانی داهێنانی ئەدەبی دەگرێتە دەست کە دوو خولیای سەرەکیی هەیە و هاوکات دەیهەوێ بە دوو زمانی جیاواز خەم و ئازار و کەتوارەکانی دەڤەرێکی گرینگ لە کۆمەڵگای کوردی لە دووتوێی ئەدەبدا بخاتە ڕوو.

نەوەی داهێنەری ئەدەبی مۆدێرنی کوردی لە کرماشان و ئیلام ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێرانی هەیە و نەوەیەکی خوێندەوارن و زۆرێکیان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ و خوێندنی باڵان و کەسانێکی جیددی و کونجکۆڵن و بە تێڕوانینێکی زانستی و ئاکادیمیانەوە لە پرسی نووسین و ئەدەبی دەڕوانن و بەرپرسیارێتیی ئەدەبییان لەلا، گرینگترین خەونە. نەوەی نوێ هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی نووسینی نوێ و خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەدەبی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن، لەلایەکی دیکەشەوە خولیای ئەزموون نەکردنی قۆناغەکانی پێش خۆی و تێپەڕین لێیان لەباری زەمانییەوە، بۆتە کەڵکەڵەی و دەیهەوێ هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم دوو فکر و خولیایەدا دروست بکات. بۆیە چالاکانی ئەدەبی و ڕەخنەگرانی شێعر و ئەدەبی هاوچەرخی ئیلام و کرماشان، لەو باوەڕەدان کە ئەدەبی کوردی لەو دەڤەرانە لە قۆناغی پۆست مۆدێرندا لەدایک بووە، بۆیە ئەرکێکی مێژوویی دەکەوێتە سەرشانی کە لەلایەک دەبێ قەرەبووی٢٠ ساڵ نەبوونی حزوور و دواکەوتن لە ڕەوتی گشتیی ئەدەبی کوردی بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کەڵکەڵەی داهێنان و حزووری چالاک لەناو کۆمەڵگەی ئەدەبیی کوردستان و ئێران بەشێک لە هزری داگیر کردووە.

بەرهەمی ئەم نەوەیە کە خاوەن وەها تێڕوانینێکە، ئێستا گوتاری زاڵی ئەدەبیی کرماشان و ئیلامە و بەرەبەرە خەریکە ڕێچکە، پێناسە و فۆرمی تایبەت بە خۆی دەستەبەر دەکات. ئەم نەوەیە کە زۆربەیان زمانی کوردی، واتە زاراوەکانی (گۆران، کەلهوڕی، لەکی، فەیلی و بن زاراوەکانی دیکە) دەزانن و بەرهەمی پێ دەخولقێنن، هاوکات بە شێوەی زانستی لە زمان و ئەدەبی فارسی دەزانن و زۆربەیان لەناو کۆمەڵگەی ئەدەبیی فارسیشدا حزووری چالاکییان هەیە و هێندێکیان خاوەن دەنگ و سەنگی تایبەت بە خۆیانن.

بەشێکی زۆری نووسەر و ئەدیبانی کرماشان و ئیلام و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری



بەهۆگەلی جۆراوجۆرەوە، نیشتەجێی تاران و شارە فارس‌نشینەکانی دیکەی ئێران بوون و بەهۆی دوور بوون لە جوغرافیای شوێنی لەدایک بوونیان و زاڵ بوونی گوتاری زمان و ئەدەبی فارسی بەسەر ژیان و نووسینیاندا، بەرهەمە فارسییەکانیان لە کوردی زیاترە، کە دەتوانین ئاماژە بە کەسانێکی وەک: رەشید یاسمی، دوکتور محەممەد عەلی سوڵتانی، عەبدولجەبار کاکایی، محەممەد رەزا کەلهور، فەریبا کەلهور، جەلیل سەفەر بەیگی، دوکتور میرجەلالەدین کەزازی، فەریاد شیری، فەرهاد حەیدەری گۆران و... بکەین.

لە بواری شێعری کوردیدا لەناو نەوەی نوێی نووسەرانی کرماشان دەتوانین ئاماژە بەم کەسانە بکەین کە ئەمڕۆ لە مەیدانی ئەدەبیدا دەنگێکی دیاریان هەیە، کەسانێکی وەک: فەرشید یووسفی، کەرەمرەزا کەرەمی، محەممەد شەکەری، ئەحمەد عەزیزی، ئەحمەد جەلالی گۆران، سولێمان داوەند، ئەمانوڵڵا خان رەشیدی، وەلی رەزایی، عەلی ئەسغەر زەعفەرانی، کەیوومەرس عەباسی قەسری، عەبدوڵڵا مورادی (دلرێش مایەشتی)، میرزا یووسف تالاندیشی، کە لە نووسەران و چالاکانی ئەدەبیی دەیەکانی ٥٠ و٦٠ی هەتاوین و چالاکانی دەیەی ٧٠ش بەرەو ئەملا بریتین لە: جەلیل ئاهەنگەرنژاد، عەلی ئۆڵفەتی، فەریاد شیری، سەعید عبادەتیان، عەلیرەزا خانی، عەلیرەزا جەمشیدی، عەباس جەلیلیان، شێردڵ ئیلپوور، ئەردەشیر کەشاوەرز، کوورش هەمەخانی، سەلاحەدین قەرەتەپە، ئیرەج قوبادی، بێهرووز ئیبراهیمی، رەزا مەوزوونی، پەرویز بەنەفشی، رەزا یەعقووبی، ئەمین گەجەری، مەهوەش سولێمان پوور، پەریوەش مەلەکشاهیان، عەلی محەممەد محەممەدی، میهرداد محەممەدی، ئەمروڵڵا عەزیمی، مەنووچێهر کەمەری، عەزیزی، ئازەرپەیک، فەتاحیان، جەلیلییەکان، شیرزادی، تەقی رەشیدی، یەدوڵڵا لورنژاد، سەید محەممەد پەروەر و.... لە پارێزگای ئیلام و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری کەسانێکی وەک: زاهیر سارایی، ناهید محەممەدی، کامران رەحیمی، عەبدولجەبار کاکایی، مستەفا بەیگی، ئیرج خالسی، ئیسلام ئەنساری فەر، سەید محەممەد درەخشندە، عەلی شەهبازی، حەبیبوڵڵا بەخشوودە، دوکتور عەلی سەهامی و...

لەسەر دەستی نەوەی نوێ شەپۆلێکی بەرین لە شێعر، چیرۆک، و بەتایبەت نووسینەوە و ساغکردنەوە و کۆ کردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی و فەرهەنگنووسی لە هەرێمەکانی کرماشان و ئیلام، سەری هەڵداوە و دەتوانین وەکوو قۆناغی زێرین لە بووژانەوەی زمانی ئەدەبی نویساری ناودێری بکەین. لەناو ژانرە ئەدەبییەکان وەکوو نەریتی باوی گشت کۆمەڵگای کوردی، ژانری شێعر، گوتارێکی زاڵە و رێژەی دەقی نووسراو و چاپ کراوی شێعر لە ژانرەکانی دیکەی وەک چیرۆک، پەخشان، رەخنە و لێکۆڵینەوە زیاترە و هەر بەم بۆنەشەوە ئەو شەپۆلە نوێخوازیی و گەشە سەندووە، زیاتر بە سیما و قەڵافەتی ژانری شێعرەوە دیارە و بیرورا جیاوازەکان زیاتر خۆیان لە قەرەی شێعر داوە و شاعیرانی ئەو دەڤەرە خەریکن بە روانینێکی دیکە و بەرینتر لە رەهەند و فکری ناوچەیی، لەناو کایە زمانی و ئەدەبییەکاندا جێگای خۆیان دەکەنەوە.

هەروەک لە شار و شارۆچەکەکانی دیکەی کوردستانی ئێران ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە رەوتە شێعری و ئەدەبییەکاندا رۆڵیان هەبووە، لە کرماشانیش ئەو دیاردەیە هەبووە و لە پلەی یەکەمدا ئەنجومەنی ئەدەبیی سروە لە ئیسلامابادی رۆژئاوا و دواتر ئەنجومەنی ئەدەبیی قەڵەم لە گیلان غەرب و پاشان ناوەندە فەرهەنگییەکانی شارەکانی ئیلام و کرماشان، بەتایبەت لەناو زانکۆکان، رۆڵی بەرچاویان لە گۆڕانکاری و شەپۆلی نوێخوازیی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی باشووری کوردستانی ئێراندا هەیە و بۆ یەکەم جار بەیاننامەی شێعری مۆدێرنی کوردیی کرماشانی (کەلهوری) لە ئەنجومەنی ئەدەبیی سروە سەریهەڵدا و ناوچەکانی دیکەی گرتەوە. بەڵام بەهۆی نەبوونی رەخنەی ئەدەبیی چالاک و بنیاتنەر کە لەسەر بنەمای ئەدەبییەت و لایەنی هونەریی دەق بەرهەمەکان هەڵسەنگێنێ، هەتا ئێستا لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ئەدەبی کوردی باشووری کوردستانی ئێران دەرنەکەوتوون و ئەمەش بۆشاییەکی مەزنە لەناو بازنەی کۆمەڵگەی ئەدەبیی کرماشان و ئیلامدا.

گرفت و کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی نووسەران و ئەدیبانی کوردی ئیلام و کرماشانی گرتووە، مەسەلەی رێنووس و ئەلف و بێی نووسینە کە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لە شێوە رێنووسێکی باوی زاراوەی سۆرانی کەڵک وەرگرن و ئەو هەمووە بەرهەمە ئەدەبیە کە ساڵانە چاپ و بڵاو دەبنەوە، زۆربەیان لەگەڵ گرفتی رێنووس بەرەوروون. ئەمەش دوو هۆی هەیە: یەکەم بەپێی فۆنۆتیک، ریتم، ماک و شێوازی گۆکردنی هێندێ پیت و دەنگ لە زاراوە جۆروجۆرەکانی ئەو دەڤەرە پێویستە هێندێ نیشانەیان بۆ دابنرێ کە لەگەڵ رێنووسی سۆرانیدا ناگونجێن و دووهەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنا نەبوونی نووسەرانی کوردی ئیلام و کرماشان لەگەڵ رێنووسی باوی کوردی کە ئەم پرسە هەم بۆ خوێنەر و بەردەنگی ئەو ناوچانە و هەمیش شارەکانی دیکەی کوردستان گرفتی ساز کردووە.

لەم وتارەدا هەوڵ درا جیا لە خستنە رووی گۆشەیەکی کەم لە رەوشتی فەرهەنگ، زمان و ئەدەبی کوردی و قۆناغە جیاجیاکانی لە کرماشان و ئیلام، هاوکات هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکانیش کە هەم لە گەشە کردن و هەم لە لاواز کردنی زمان و ئەدەبدا دەوریان گێڕاوە، بخرێنە بەرباس.

ئەم وتارە زیاتر رەهەندی مێژوویی، سەرەتای سەرهەڵدان و قۆناغبەندی و هێندێ سیماکان و بەشێک لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خستە روو. بەردەوامیی هەر رەوت و شەپۆلێکی ئەدەبی و فەرهەنگی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک هۆکار، دەرەتان و فاکتەری گرینگ کە بەڕای من لە کرماشان و ئیلام ئەو دەرەتان و هۆکارانە، یان بوونیان نیە، یان ئەگەریش هەبن هێندە لاواز و بەرتەسکن کە نەیانتوانیوە ئەو شەپۆلە بەرینە فەرهەنگی و ئەدەبییەی کە لە ئاستی تاک و نوخبەکاندا سەری هەڵداوە، بکەنە رەوت و شەپۆلێکی بەرین هەتا بتەنێتەوە و کاریگەریی لەسەر گشت کۆمەڵگای کوردستانی ئێران هەبێت و پێناسە و مۆرکی تایبەت بە خۆی پێ بدرێت کە ئەو پێویستی و هۆکارانە بریتین لە:

١-نەبوونی ناوەندێکی جیدیی فەرهەنگی و ئەدەبی و ئەنجومەن و سەنتەرێکی بەردەوام کە نووسەر و ئەدیبان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بە بەرنامە و پرۆژەوە کار بکات.
٢- نەبوونی رۆژنامەگەریی چالاکی ئەدەبی و گۆڤاری تایبەت و پسپۆڕانەی ئەدەبیات.
٣- گرفتی چاپ و بڵاوکردنەوە و کێشەی ماڵی و بێدەرەتانیی نووسەران.
٤-نەبوونی یەکرێزی لەناو کۆمەڵەی ئەدیب و نووسەراندا کە هۆکارە لاوەکییەکان کەڵکیان لەو بۆشاییە وەرگرتووە مانا و واتایەکی تریان بە بیرورا جیاوازە ئەدەبییەکان بەخشیوە.
٥- جیاوازی و بەرفرەهیی زاراوە و بنزاراوە و ئایین و ئایینزاکان، کە لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکان نیشانەی دەوڵەمەندی و شارستانیەتن، بەڵام بەهۆی دنەدنەی دەسەڵات، زۆر جار لەو دەڤەرانە بوونەتە هۆی کێشە و ناکۆکی.

سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کێشە و ئاستەنگانەی کە رووبەرووی داهێنەر، شاعیر و چالاکانی فەرهەنگیی دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان بوونەتەوە، لە کەش و دۆخێکدا کە رۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و راگەیەنی سەربەخۆ، بوونی نییە و سانسۆر و سەرکوت و زەبر و زەنگ سەراپای کۆمەڵگای تەنیوە؛ لە دۆخێکدا کە نووسەر و قەڵەم بەدەستان راوەدوو دەنرێن و حوکمی زیندان و بێبەش بوون لە نووسینیان بەسەردا دەسەپێ؛ نووسین و داهێنان بە زمانی کوردی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە هەموو قۆناغەکان زیاتر بووە و کۆمەڵێک کتێبی جۆراوجۆر لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان چاپ کراون و ئەم رەوتە هەر بەدەوامە و لە فەزای ئینتێرنێت و مەجازیدا چالاکییەکان بەرچاوتر خۆ دەنوێنن و کاروانی داهێنانی زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام خەریکە ببێتە پردی پێوەندیی نێوان بەشە جیاجیکانی کوردستان.

**سەرچاوەکان:**

١-گۆڤاری زرێبار، فایلی تایبەت بە ئیلام و کرماشان.
٢-فەرهەنگی باشوور، عەباس جەلیلیان.
٣- وتوویژی نووسەری وتار لەگەڵ "عەلی ئۆڵفەتی" و "فەریاد شیری" دوو شاعیری هاوچەرخی کرماشان.
٤- وتاری شاعیرانی عەشق و رەنج و بەروو لە نووسینی جەلیل ئاهەنگەرنژاد.
٥- ماڵپەڕی بەلووت فەرهەنگ و هونەری رۆژئاوای ئێران.
٦-وتوویژی "محەممەد باقر پیری" لەگەڵ "عەلی ئەشرەف دەرویشیان" نووسەر و رۆماننووسی گەورەی کرماشان، لە وەرگێرانی نووسەری ئەم دێڕانە کە لە ژمارە ١١٣ گۆڤاری رامان‌دا بڵاو بووەوە.



# پەیڤینی دەقی ئەدەبی و لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی

جەلال پوورحەسەن

**پوختەی وتار:**

لەو وتارە دا حەولی ئەوە دراوە کە سەرەتا ئەدەبیات بە هۆی ئەو چوارچێوە چندراوی هەڵکەوتەییەی کە هەیەتی وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی باس لێ بکرێت، ئەدەبیات خاوەن توێژێکی زمانییە لە ژێر ئەو توێژە زمانییە ئیدۆلۆژیگەلێک هەن کە پێویستە بکەونە بەر لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی.

ڕەخنەگری ئەدەبی دەتوانێ وەک توێژەرێکی پەیڤاری، دەقی ئەدەبی بداتە بەر لێکۆڵینەوە تا هەم حەقیقەتی دەقی ئەدەبی ئاشکرا بکرێت هەمیش لە ڕێگەی لێکدانەوەی توێژی زمانی و ناوەرۆکی دەق بگاتە ئاستێک تا باوەڕ و ئیدۆلۆژییانەی ئەو زمانە کە لە دەقی ئەدەبی دا نواندراونەوە دەستنیشان بکات.

بۆ ئەو لێکدانەوەیە چەند مکانیزم پێشنیار دەکرێ، وەک تەوسیفی دەق بۆ ڕوونکردنەوەی گوزارەکان و پێگەکانی ئیدۆلۆژیکی دەق، ڕاڤە(تفسیر)ی دەق، بۆ نیشان‌دانی هاوپێوەندی نێوان دەق و بەستێن، شرۆڤە(تبیین)ی دەق بۆ شوێن‌دانانی دوو لایەنەی پێکهاتەکان بە سەر پەیڤین دا و پەیڤین بە سەر پێکهاتەکان، بەو سێ شێوەیە دەکرێ دەقە ئەدەبیەکان و دیتری پەیڤینەکانی نێو کۆمەڵگا بکەونە بەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی.

**کلیل وشەکان: پەیڤینی ئەدەبی، لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی، تێکچندراوی هەڵکەوتەیی و بەستێنی دەق**

**پێشەکی:**

ئەدەبیات بە تایبەت شێعر، چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبی بە هۆی ئەوەی پەیڤینێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین دەکەونە خانەی کردەی کۆمەڵایەتیەوە، ئەدەبیات ئەگەر چی خاوەنی گوتاری خۆیەتی بەڵام بە سرنج بە چندراوی هەڵکەوتەیی(بافت موقعیەتی) کە هەیەتی بەردەوام شوێن لە کۆمەڵگا، فەلسەفە و سیاسەت وەردەگرێ و بە هەمان نیسبەتیش شوێن لە سەر ئەوان دادەنێتەوە. هەر بۆیە چوارچێوەیەکی پەیڤینی لە خۆ دەگرێت.فێرکلاف دەڵێت:" من پەیڤین وەک کۆگایەکی لێکتەندراو لە سێ توخمی پراکسیسی کۆمەڵایەتی،پراکسیسی پەیڤینی(بەرهەمهێنان،بڵاوکردنەوەوبەکارهێنانی دەق) و دەق دەزانم، لێکدانەوەی پەیڤینێکی تایبەت، لێکدانەوەی هەر سێ لایەن و پێوەندییەکانی نێوانیان دەخوازێ. باوەڕی ئێمە ئەوەیە لە نێوان تایبەتمەندییەکانی دەقەکان، ئەو جۆرانەی کە دەقەکان پێکەوە پێوەندی دەگرن و تەعبیر دەکرێن و ماهییەت و چییەتی پڕاکسیسی کۆمەڵایەتی پێوەندییەکی واتادار هەیە."(فرکلاف، ۹۸:۱۳۷۹)

ئەدەبیات ئەو چوارچێوە پەیڤینیە لە خۆ دەگرێت بۆیە دەکرێ بکەوێتە ژێر لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی ، تا هەم لە دڵی ئەدەبیات ئەو لایەنە ئیدۆلۆژیکیانەی لێک بدرێنەوە و لەولایشەوە ئەو کارلێکەرییەی دەیداتەوە بە کۆمەڵگا و سیاسەت و ڕەوانناسی هەڵسەنگێندرێ.

**وتار:**

بۆ ئەوەی بزانین لە ئان و ساتی بەرهەمهێنانی نووسراوەیەک چ ڕوو دەدات و چۆن پەیڤ ئەو شوێنەی لە کۆمەڵگا و پێوەندیەکانی سوڵتە بە شێوەی ئیدۆلۆژی و هێژموونی وەریگرتووە لە دەق دا ڕۆیان دەنێتەوە دەبێ سرنجەکانی خۆمان بۆ سێ ئاستی کردەکانی پەیڤین ئامادە بکەین. " لە هەر بارودۆخێک دا کاتێک پەیڤێک دێتە گۆ یا نووسراوەیەک دەنووسرێ، لە یەک کات دا سێ کردەی پێوەندیدار ڕوو دەدەن:

ئەلف: کردەی قسەیی، کە وەک کردەی بناغەیی هەر بەشە پەیڤارێکە، هەمان بەرهەمهێنانی ڕستە لە جۆری وشەیی، ڕیزوشەیی، نەحوی و ئاوایی.

ب- بێژەر یا نووسەر بە گوتن و نووسینی هەر بەشە پەیڤار یا ڕستەیەک جگە لە کردەی قسەیی مەبەستێکی تایبەتیش دەخوازێ کە زۆر جاران ئەو مەبەستە لە گەڵ کردەی قسەیی هاوجۆر نییە و لە دەرەوەی توێژی زماناسییە. لە ڕاستی دا پەیام لە نێو دەق دا شاراوەیە، کە دەق تەنیا دەستبێن و سەرەتایەکە بۆ گەیشتن بەو واتا مەبەست ناسییە، بە وەها کردەیەک دەڵێن: کردەی مەبەست ناسانە و کاربردناسانە.

ج- جگە لە کردەی مەبەست ناسانەی بێژەر یا نووسەر، کردەی سێهەمیش لە گۆڕێ دایە ئەویش کردەی کارتێکەرییە، لەو شێوەی کردەی پەیڤارییە دا، بەرهەمهێنی دەق جگە لە دوو کردەی باسکراو بە شوێن بەڕێوەبردنی بەلاغی یا دەستووری یا ڕەوانناسانەشە. تا بە شێوەیەک پەیڤی خۆی تیفتیفە بدات کە بتوانێ شوێن لە سەر بەردەنگی خۆی دابنێت. یانی پەیڤ باشترین کارتێکەری ببێت. بەو شێوەیە دەڵێن: شێوە و ژانری چتۆیی قسە.(اقاگل‌زادە، ۱۳۹۰)

ئەو سێ کردەیە لە کاتی نووسین دا نووسراوە نیشان دەکەن، نووسراوە هەمیشە بەستێنێکە بۆ وەبەریەک کەوتنی لە لایەک خواستی نووسەر لە لایەکی دیکە نیشانەگەلێک کە دەق لە تەک ڕەهەندی ڕەها دەکەن و لەو لاشەوە خوێنەریش لە ڕێگەی کارتێکردوویەوە دەبێت بە بەشێک لە پەیڤینی ئەدەبی.

هەڵبەت نووسەر لە ڕێگەی سەبک و شێوە بەیانی خۆی، پەیامی مەبەست دار و نیشانەکراوی خۆی لە چوارچێوەی بەیانێکی ئەدەبی دا دادەڕژێ بۆ ئەوەی لە لایەکەوە سەرێکی دەق گرێدراوی هەمان بەیان و ئیدۆلۆژیگەلی زمانی بێت کە بە شێوەی عەقڵی سەلیم و باوەڕ پێکراوە بابەتەکە پەیکەربەندی دەکەن بۆ ئەوەی زیاترین شوێن لە سەر بەردەنگەکانی دابنێ و پەیڤ تەواو باوەڕپێکراو بێت، ئەگەر چی زۆر جاریش نووسەران ئەو باوەڕپێکراوییە ئاسایی سڕێنەوە دەکەن ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی پەیڤی ئەدەبی بۆمان نائاشنا بێت و جهانی ئەدەبی ببێت بە بەشێک لە خواستمان کە هەرکات حەولی ئەوە بدەین لە جهانی ڕاستەقینە و کردارەکانی ڕۆژانەمان بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت دوورە پەرێز بین ڕووی تێبکەین. بەڵام ئەو ئاسایی سڕینەوەیەش لە نهایەت دا دەکەوێتە ژێر چوارچێوەی لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەگەرچی ئەو ئاسایی سڕینەوەیە لە لایەن نووسەری بەرهەمهێنەوە ئەنجام دەدرێ عەرسە و مەیدان بە لادانی ئیدۆلۆژییەک چۆل دەکات بەڵام لەولایشەوە دەرگا بۆ هاتنە ژووری پەیڤارێکی دیکە دەکاتەوە ئەوەش لە بەستێنێکی نێوان دەقی دا دەکرێ، نێوان دەقێتی پرسی زمان لە کاتێکی تایبەت و دۆخێکی تایبەت دا نیشانە دەکات بە شێوەیەک تێکچندراوی هەڵکەوتەیی ڕێگە بۆ ئیدۆلۆژی گەلێک دەکاتەوە کە لە بەستێنی پەیڤینی کۆمەڵایەتی دا حزووریان هەیە، کە هەمیشە دەقەکان ئەگەرچی جێگە بە ئیدۆلۆژییەک تەنگ دەکەن لە هەمان کاتیش دا ڕێگە بۆ ئیدۆلۆژی دیکە دەکەنەوە، من لێرەدا لە جێی چندراوە لە تێکچندراوی(بە هم تافتە) کەڵک وەردەگرم هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی دەقێکی چەند دەنگییە(پولی فونیک)، لە چەند دەنگیی دا بە هۆی ئەوەی کاراکتێرەکان لەوانەیە هەرکامیان سەر بە پەیڤینێک تایبەت و ئیدۆلۆژییەکی تایبەت بن دەقی ئەدەبی دەقێکی تێکچندراوە، دەقی ئەدەبی دەقێکە کە پەیوەست بە دیتری خۆیەوەیە، ئەو

دیتریبە دەخوازێ بەردەوام دەقی ئەدەبی و کەسایەتی نووسەر لە دیالێکتیک بێت لە گەڵ کۆمەڵگا و بەشەکانی تری جیهان، لەولاشەوە بە شێوەی بازخۆردی ڕەخنەیی بەردەوام خەریکی گۆڕان بێت و خۆی بەرۆژ بکاتەوە. شێوەی عەقڵی سەلیم لە دەقی ئەدەبیش دا پەیڕەو دەکرێ ئەگەرچی لەوێ دا ساز و کاری قسە بە شێوەیەک لە نواندنەوە، محاکات و تەقلید کەڵک وەردەگرێت کە هەمووی ئەوانە بچنەوە ژێرخانی ئێستاتیکا و لایەنی جوانیناسانەی دەق.

بەڵام ئەو لایەنی جوانیناسانە چۆن لە دەقی ئەدەبی دا جێگیر دەبێ؟، "خولقێنەری دەقی ئەدەبی لە خەڵقی زمانی بەرهەمی خۆی لە تکنیک و سەنایەعی ئەدەبی و ئیستعارەکان و یا هەرچییەکی کە لایەنی ئێستاتیکای ئاشکراو نهانی دەق لە خۆ بگرێت کەڵک وەردەگرێ تا هاوکات لە گەڵ واتای واتاناسەنە و واتای مەبەستناسانە لە گەڵ بکەرەکانی دەرەوە زمانیی پەیوەست بە خەڵقی بەرهەم پەیوەندی بگرێت، بەرهەمهێنەران بەردەوام لە گەڵ حاڵەتێکی ڕەوانناسانە بەرورِوون."(اقاگل‌زاده،١٣٩٠)

بەرهەمی ئەدەبی بەستێنێکی زمانناسانەیە کە کاری نووسین لەو بەستێنە بە ئەنجام دەگات هەر بۆیە پێویستە نووسەر ئاگادارییەکی تەواوی بە سەر زمان و بونیانەکانی زمانناسانەی زمانەکەی خۆی هەبێت، چوون هەر زمانێک خاوەنی ئیمکان و بەربەسگەلێکی تایبەتی خۆیەتی. ئەو بونیانە زمانناسیانە بەو شێوەیەن: "ئاوا ناسی، دارشتوشەیی، سەرف و نەحوی واتاناسانە و مەبەستناسی."(اقاگل‌زاده،١٣٩٠)

نووسەران لە سەردەمی ئێستادا بە کەڵک وەرگرتن لە نەزەرییەکانی پێکهاتەخوازەکان، پاش پێکهاتەخوازەکان، مەرگی مولفی بارت، واگریی دریدا، تێکەڵ کردنی حاشیەوە و دەق، نایەکجارەکی و ناوەند سڕی پۆستمۆدێرنەکان، دەستووری زمانی زایشی هەلیدەی، زمانشناسی گەشتاری و ... لە دەقەکانیان دا ئاسۆیەکی دیکەیان بەرەورووی خوێندنەوە کردۆتەوە، هەمووی ئەوانەشیان لە جۆری گێرانەوەیی شێعر و چیرۆک دا جێگیر کردووە. "ئەدەبیات لە ڕێگەی گێڕانەوەی خۆی ڕەوایی دەبەخشێ بە کردە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە گووتەی گێرانەوەیی لە پێوەندی و هاوڕێیەتی قەراردادەکانی فەرهەنگی و چنینی واتاداری ئەوان لە لایەن نووسەرەوە وەردەگیرێ و نووسەر ئەوانە بە شێوەیەکی تایبەت یا سەبکێکی جیاواز لە نێو زمان ڕەمزگوزاری دەکاتەوە. ڕۆڵی خوێنەر ڕزگار کردنی واتایە لە دڵی دەق، هەر بۆیە خوێنەرانی دەقی ئەدەبی پێویستە گەنجینەیەک بن لە زانستی مێژوویی، یا زانستێک لە باوەڕ و بایخە فەرهەنگییەکان کە لە هەر دەورەیەکی مێژوویی لە کەلام و گووتە دا خۆی نمایش دابێتەوە یا ئەو پەیڤارەی کە دەق لەو پەیڤینە تایبەتە دا نووسرابێت. بەو شێوەیە دەکرێ پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر پەیوەندییەکی واتادار و هیواخوازانە بێت بۆ گەیشتن بە توانستی ئەدەبی."(اقاگل‌زادە، ١٣٨٦) توانستی ئەدەبی لە هەر دەورەیەکی مێژوویی کە دەق تێیدا بەرهەم دێت لە گەڵ پێش خۆی و دوای خۆی جیاوازە. توانستی ئەدەبی هەم بە نیسبەت نووسەر لەو سەردەمەی تێیدا دەژی بۆ ئەوەی بتوانێ لە ژێر توێکڵی زمانی دا واتا بخاتە هەناوی دەق و خوێنەر لە ڕێگەی ئەو توێژە زمانییە بتوانێ بگاتە هەناوی دەق و واتای مەبەستداری لێ دەربدات بەو شێوەیەیە کە حەقیقەتی دەقی ئەدەبی خۆی بەرەورووی خوێنەر دا ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەو حەقیقەتە لە گەڵ چێژبردنی لایەنی ئێستاتیکا هاوکاتیشە لە گەڵ باری ئیدۆلۆژیکی ئەو زمانە لە لایەن بە کارهێنەرانی لە سەردەمی خۆی دا، هەر ئەوەشە زمانی لە تەعەیون و یەکجارەکی بوون دوورە پەرێز دەکات و پەیڤینی ئەدەبی بەردەوام لە زاوزێی واتایی دایە.

"پرسی زمان، ئیدۆلۆژی، دنیابینی و هێز کە لە چەمکە بونیادییەکانی پەیڤینی ڕەخنەیین، لە لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکان دا بە کارهێنراون، بۆیە ناکرێ ئەدەبیات جگە لە ئیستلاحی ئیدۆلۆژی پێناسە بکرێ. لە ڕاستی دا موتالای عیلمی و تەوسیفی ناتوانێ خەساو و بێ لاگیری بێت. چوون هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی توێژەر دەخوازێ کە تەوسیف و لێکدانەوەی دەقەکان هاوکات لە گەڵ دەخیل بوونی کردارە سیاسییەکانی دەقی ئەدەبی وەک بەستێنێک بێ بۆ کردە فەرهەنگییەکان کە لێوڕێژن لەبابەتگەلی ئیدۆلۆژیکی.

مێژوو بەستێنێک بۆ ئەدەبیات نییە بەڵکە ئەوە ئەدەبیاتە کە بەستێنی فامی مێژووییە. لە ڕوانگەی پەیڤینی ڕەخنەیی ئەدەبیات لێوڕێژ لە درۆگەلێکە کە حەقیقەت لە پشت ئەوانەوە حەشارە و مێژوو پڕ لە بابەتگەلێکی ڕاستەقینە و مەکتووبن کە لە پشت ئەوانەوە درۆ شاراوەیە. ئەوە بەرهەمی ئەدەبییە کە بە نمایشی نیزامێکی کرداری و کۆمەڵایەتی سەنەدێکی مێژوویی ئەژمار دەکرێ و دەکرێ نێوی مێژووی کارا و زیندووی لێ‌بنێین."(اقاگل‌زاده،١٣٨٦)

تا ئەو بەشەی وتارەکە باسی سێ لایەنی نووسەر و دەق و خوێنەرمان کرد کە لە چ بەستێنێک دا ئەو سێیە دەکەونە چوارچێوەی پەیڤینی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. بەڵام ئایا دەکرێ ڕەخنەگری دەقی ئەدەبی وەک توێژەری پەیڤینی ڕەخنەیی ناوزەد بکرێ یا خێر؟

ئەگەر ئیشی ڕەخنەگری ئەدەبی بگاتە سێ ئاستی تەوسیف، ڕاڤە(تفسیر) و شرۆڤە(تبیین)ی دەقی ئەدەبی دەچێتە خانی لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی.

بەڵام با بزانین ئەو سێ ئاستە بە چ شێوەیەک لە لایەن ڕەخنەگرەوە نیشان دەکرێن. بۆ ئەو باسە پێویستە ڕەخنەگر دەق‌توێژ بێت، دەق‌توێژی ئەدەبی بۆ یەکەم جار لە ڕوویکەردی زمانناسی ڕەخنەیی بە کار هێنرا بۆ لێکۆڵینەوەی باری ئیدۆلۆژیکی دەقەکان، "لە چوارچێوەی زمانناسی ڕەخنەیی پەیڤین‌توێژی شرۆڤە و لێکدانەوەی پێکهاتە و واتاگەلێکە کە باری ئیدۆلۆژیکیان هەیە. هەر کات بمانهەوێ بەو پرسە وڵام بدەینەوە کە پەیڤین چۆن واتا بە جێ دەگەیەنێ؟، هەم بە شێوەی هاوکاتی و هەم بە شێوەی لەکاتی(درزمانی) بەو پرسیارەش وڵامان داوەتەوە کە کۆمەڵگا چۆن واتا بە جێ دەگەیەنێ؟"(مکاریک، ١٣٨٥: ١٦٠)هەمیشە بۆ ڕەخنەگر پێوەندی نێوان دەق و کۆمەڵگا پێوەندییەکی دوو جەمسەرییە، هەر وەک لە پێشتر باسم کرد، دەق ئەوەی لە کۆمەڵگا و بەشەکانی دیکە وەریدەگرێ بە شێوەی دەقێکی ئێستەتیک دەیداتەوە بە کۆمەڵگا. ڕەخنەی ئەدەبی وەک زمانناسی ڕەخنەیی بە واتای دەق‌توێژییە، "دەق‌توێژی ئۆستوورە سترینەوەیە لە بەرهەمهێنان و وەرگرتی دەقە ئەدەبیەکان. دەقەکان هەمیشە پێکهاتەیەکی ئیدۆلۆژیکیان هەیە و پێکهاتەمەندی ئیدۆلۆژیکی زمان و دەقەکان بە ساکاری دەکرێ پێوەند بدرێنەوە بە پێکهاتە و جوڵە کۆمەڵایەتییەکان کە بناغەی پێگەیاندنی ئەودەقانەن."(مکاریک،١٣٨٥: ١٦٠)

**١- لێکدانەوەی تەوسیفی دەق**

(ڕوونکردنەوەی گوزارەکان و پێگەکانی ئیدۆلۆژیکی دەق):

لەو بەشە دا بە سرنج دانی وشەکان، ئاوای قسە، شێوەی دەستووری نووسین و لێکدانەوەی‌زمانناسیانەی‌دەق،بەشوێن 'بایخەتەجرەبەکراوەکان'،'بایخەپێوەندییەکان' ، 'بایخە بەیانییەکان'- ی نێو دەق کە فێرکلاف ئەوان بە بایخە توێژکاڵییەکان نێو دەبات، دەگەڕێین. پێویستە لێرەدا ئەو سێ بایخە لێک جیا بکرێنەوە، هەڵبەت بۆ ئەو بەشە لە بۆچوونەکانی فێر کلاف کەڵک وەردەگرین.

فێرکلاف دەڵێت:" لە نێوان سێ جۆر بایخێک کە لەوانەیە تایبەتمەندییەکانی توێژی ببێت، دەبێ جیاوازی دابنێین."(فرکلاف ١٣٧٩: ١٧١)

فرکلاف، ئەو جیاوازیانە بە سێ شێوە باس دەکات:

**ئەلف:** بایخی تەجرەبەیی:" شوێن پێ و دەستبێن لە شێوەیەک دەداتە دەست کە لەو دا تەجرەبەی بەرهەمهێنەری دەق لە جهانی سرووشتی یا کۆمەڵگا دەنوێنێتەوە، بایخی تەجرەبەیی لە گەل ناوەرۆک، زانست و باوەڕەکان بەرەورووییە."(فرکلاف١٣٧٩: ١٧١)

بەوشێوەیە بە ڕوانین لە پێکهاتەی ڕستەکان و ئاوای وشەکان و هەروەتر شێوەی چنینی ڕستەکان و باس کردن لە شتەکان دەمانهەوێ بەوە بگەیین تا بزانین ئەو دەقە چی دەنوێنێتەوە و نووسەری دەق چۆن لە جهانی خۆی دەڕوانێ؟ جهانبینی و ڕوانگەی ئەو چۆنە؟ بە سرنج بەوەی کە زمانە زەین چێ دەکات بەردەوام پێوەندی خۆی بە ڕابردووی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە و دیتری پەیڤینەکانی خۆی گرێ دەداتەوە. بایخی تەجرەبەیی دەقەکان لە گەڵ باوەڕ و زانست بەرەوروون و ئێمە لە گەڵ جۆری دنیا بینییەکانی وەک سیاسەت و فەلسەفە ئاشنا دەکات.

**ب:** بایخەکانی پێوەندیی: "بایخەکانی پێوەندیی شوێن پێ و دەستبێنێکە لە جۆرێک پێوەندییەکانی کۆمەڵگایی کە لە ڕێگەی دەقەوە دەخزێتە ناخی دەقی پەیڤین، بایخی پێوەندیی باسی پێوەندییەکان و هەموو جۆرە پێوەندی کۆمەڵایەتییەکان دەکات"(فرکلاف١٣٧٩: ١٧٢) بایخەکانی پێوەندی جێگەی و پێگەی کەسەکان

له چوارچێوەی پەیڤین دا دیاری دەکات، بۆ نمونە نێو لێنان، شێوەی قاو کردنی کەسەکان(وەک هۆ، بەرێز، سەرۆک، گەورەم، خاتوون)، نۆبەت گرتنەوە لە قسە کردن، دیالۆگی کارگەر و کارفەرما ، شێوەی دواندنی یەکتر و ڕاسپاردن، شێوەی لێدوانی کەسێکی سیاسی، جۆری تیتر لێدانی ڕۆژنامەیەک، دەست پێکردنی گێرانەوەیەکی چیرۆکی و کۆتاییەکەی، بە کار هێنانی جۆری زمان لە شێعر دا لە شێوەیی غەنایی، حیماسی . ئەوانە هەموویان باس لە جۆر و بایخی پێوەندییەکانی کەسان دەکەن لە چوارچێوەی پەیڤینەکان دا، پەیڤین هەم لە جۆری پێوەندی دوو یا چەند کەسی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ وەک بەردەنگ و خوێنەر لە خۆ دەگرێت.

**ج:** بایخی قسەیی: " شوێن پێ و دەستبێنێکە لە بایخبینیەکانی بەرهەمهێنەر لە بەشێکی ڕاستەقینە کە پێوەندییان بەو تایبەتمەندییەوە بێت. بایخی قسەیی سرنجی لە سەر بکەرەکان و پێناسەی کۆمەڵگایی کۆ دەکاتەوە(فرکلاف، ۱۷۲:۱۳۷۹) بکەرەکانی کۆمەڵگا لەو شێوەیە دا بایخگەلێک بەرجەستە یا ڕەد دەکەنەوە، لەوانەیە بۆ بەشیک لە پەیڤار بایخی ئەرێنی و بۆ بەشێک لە پەیڤارەکانی کۆمەڵگا بایخی نەرێنی قایبل بن، بۆ نمونە چەپەکان بایخێکی نەرێنی بۆ مۆدخوازی و مەسرەفگەرایی قایلن و هەمیشە لە پێوەندییەکانی کۆمەڵگا دا ئەو جۆرە لێدوانە ئاراستەی بەشێک لە کۆمەڵگا دەکەنەوە کە لە دیدی ئەوانەوە سەرمایەدار یا لایەنگرانی ئەوان حیساب دەکرێن. لە دیدی کەسێکی دیمۆکرات شێوەی حوکمڕانی پاشایەتی جۆرێک دیکتاتۆرییە هەر بۆیە لە فەرهەنگی ئەو دا دیکتاتۆری دەبێتە چەمکێکی نەرێنی و زۆرینەی ڕەها دەبێتە بابەتێکی ئەرێنی.

### ۲-لێکدانەوەی ڕاڤە(تفسیر)ی دەق

(نیشان دانی هاوپێوەندی نێوان دەق و کانتێکست)

"ڕاڤەکان خۆیان تێکەڵاوێکن لە ناوەڕۆکی خودی دەق و زەینی توێژەر، باوەڕی من لە سەر دووهەمی زانستێکی بەستێنییە کە توێژەر لە ڕاڤەی دەق کەڵکی لێوەردەگرێ. ئێمە ئاگادارین کە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرەوە ئەو تایبەتمەندییە توێژینەوەی دەق لە ڕاستی دا وەک بەستێنێکن کە توخمەکانی زانستی بەستێنی زەینی ڕەخنەگر کارا دەکەن. ڕاڤە بەرهەمی پێوەندی بەرابەر و دیالێکتیکی ئەو دەستبێنانە و زانستی بەستێنی زەینی مرۆڤی ڕەخنەگرە.

زانستی بەستێنی یا ئەو تەدبیر و تەمهیدانەیە کە دەتوانین پێی بڵێین تەفسیر."(فرکلاف،۲۱۵:۱۳۷۹)هەڵبەتە ئەو زانستە گرێخواردووی بەشێک لەو پێش فەرز و ئەو داوەریانەیە کە لە زەینی ڕەخنەگر دا هەن، قەزاوەتی ئەو لە ڕاستی دا هەمان قەزاوەتی کۆمەڵگایە کە لە ڕێی ئەو پێش فەرز و داوەرییانەوە ڕەخنەگر بە کۆمەڵگای خۆی پێوەندخواردووە، ڕەخنەی دەق ئەگەرچی خواستی ڕەخنەگر لە بەجێ گەیاندنی ویستەکانێتی لە هەمان کات دا بەجێ گەیاندنی ویست و داخوازی کۆمەڵگاشە، هەر بۆیە کۆمەڵگا لە ڕێگەی ڕەخنەگرەوە باشترین جۆری پەیوەندی بە دەقەکانەوە ساز دەکات." لە ئەساس دا باسەکە لە سەر ئەوەیە کە ڕەخنەگران چۆن چندراوی هەڵکەوتەیی ڕاڤە دەکەن بە شێوەیەک کە گرێبدرێتەوە بە زانستی بەستێنی و بە چ شێوەیەک ئیشی ئەوان دەتوانێ ئەو پەیڤینە دەست نیشان بکات."(فرکلاف،۲۱۶:۱۳۷۹) پەیڤارگەران بە پێنج شێوە دەچنە سۆراغی دەقەکان و ڕاڤەیان دەکەن: "لێکدانەوەی توێژی پەیڤ، واتای پەیڤ، هاوپەکگرتوویی لایەنی، پێکهاتەی دەق و گیان مایە."(فرکلاف،۲۱۶:۱۳۷۹) هەڵبەت لێرەدا بە سرنج بەوەی تەنیا مەبەستی ئەو وتارە ناساندنی ئەو سێ شێوەیەی لێکدانەوەیە ئەو کارە جێ دەهێڵین بۆ وتارێکی دیکە.

### ۳ – لێکدانەوەی شرۆڤە(تبیین)ـی دەق

(شوێن دانانی دوو لایەنەی پێکهاتەکان بە سەر پەیڤین دا و پەیڤین بە سەر پێکهاتەکان)

مەبەست لە شرۆڤە، لێکدانەوەی پەیڤین وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵایەتییە، شرۆڤەی پەیڤین وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێ و نیشان دەدرێ کە بە چ شێوەیەک پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی پەیڤین عەینییەت دەبەخشن (فرکلاف،۲۴۵:۱۳۷۹) و بۆ ئەو عەینییەت بەخشییە پێویستە سەرەتا پەیڤاری بەر ڕەخنەنراو وەک ئۆبژەیەک سەیر بکرێ کە لە نهایەت دا کارکردە کۆمەڵایەتییەکانی نیشان بدرێن، بۆیە لەو بەشە دا کاری ڕەخنەگر کارێکی مەبەستناسانەیە. "شرۆڤە نیشان دەدات کە پەیڤەکان چ شوێندانەرییەکی بەرهەمهێنانەوەیان لە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بە جێ دەهێڵن، شوێندانەرییەک کە دەبێتە هۆی ڕاگرتن یا گۆڕان لەو پێکهاتانە دا... پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان کە زانستی بەستێنی چێ دەکەن و هەر ئەوەش پێکهێنەری پەیڤینەکانە، پەیڤینەکانیش یا زانستی بەستێنی ڕادەگرن و یا دەیگۆڕن. لێرەدا مەبەست لە پێکهاتەکۆمەڵایەتییەکان هەمان پێوەندییەکانی دەسەڵاتە، شرۆڤە یانی چاولێ کردنی پەیڤین وەک بەشێک لە بەرخۆدانی کۆمەڵگەیی لە چوارچێوەی پەیوەندی دەسەڵات دا."(فرکلاف، ۲۴۵:۱۳۷۹)هەڵبەت لە بەشی شرۆڤە دا ناکرێ هەموو بەشەکانی پەیڤین شرۆڤە بکرێ بەڵکە بەشێک لە دەق شرۆڤە دەکرێ کە کەوتبێتە ژێر چوارچێوەی ئەو بۆنانە و بە زمانێکی دیکە باری ئیدۆلۆژیکی هەبێ یا ئەوەی کە هێژموونی سیاسی یا ئابووریان بەسەرەوە بێت. بۆیە شرۆڤەی دەقەکان هەموو ئاستەکانی دەق لە خۆ ناگرێت و لە سەتحی بە ئۆبژە کردن دا تەنیا ئەو لایەنانەی پەیڤین شرۆڤەیان بۆ دەکرێت کە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئیدۆلۆژیک و هێژموونیکیان بەسەرەوەیە و ئەوەش ئەرکی توێژەر و ڕەخنەگری دەقەکانە کە ئەو ئاستانە بە سرنج بەو بەستێنەی ئەو پەیڤینەی بەرهەم هێناوە لێک بدەنەوە.

دەرئەنجام:

لەو وتارە دا حەول درا بە دەست نیشان کردنی ئەدەبیات وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاسەتەکانی دیاری بکرین، سێ ئاستی کردە(کردەی قسەیی، کردەی مەبەست ناسانە و کردەی کارتێکەری) کۆمەڵایەتییەکانیش باس کراو، کردەی قسەیی جۆرێک لە کردە کۆمەڵایەتییەکانە کە پەیوەست بە توێژی زمانەوەیە. کردەی مەبەست ناسانە کردیەکی کۆمەڵایەتییە کە مەبەستی نووسەر یا بێژەر دەردەخات و کردەی کارتێکردەیی مەبەست لێی ئاستی شوێن دانان لە سەر بەردەنگ یا خوێنەرە.

ئەدەبیات بە هۆی ئەو تێکچندراوییەی کە هەیەتی پەیوەند دەخواتەوە بە بەستێنی بەرهەمهێنانی خۆی، واتا لەو بەستێنە دا کە دیتری پەیڤەنەکانی دیکە لە ئارا دان و ئەدەبیاتیش لە بەستێنێکی نێوان دەقێتی پێک دێت کە سرنج دەخرێتە سەر سێ لایەنی نووسەر، دەق و خوێنەر. زانستی بەستێنی باشترین شێوەی فام کردنی پەیڤارەکانە.

بەڵام ڕەخنەگری ئەدەبی بە سێ شێوە دەتوانێ پەڤی ئەدەبی بداتە بەر ڕەخنە: تەوسیفی دەق، ڕاڤەی دەق، شرۆڤەی دەق.

لە تەسیفی دەق دا توێژی زمانی دەکەوێتە بەر لێکدانەوە بۆ ئەوەی باری ئیدۆلۆژیکی دەقەکە ڕوون بکرێتەوە. لە ڕاڤەی دەق دا بەستێنی دەق و زەینی ڕەخنەگر تێکەڵ دەبن. لەو شێوەیە لێکدانەوەیە دا ڕەخنەگر لە ڕێگەی بەستێنی کۆمەڵایەتی بەستێنی دەق تەفسیر دەکات. لە شرۆڤەی دەق دا ئاستی کارتێکەری پەیڤاری ئەدەبی لە سەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە سەر ئەدەبیاتەوە هەڵدەسەنگێندرێ و دەردەخرێ کە چۆن پەیڤین دەتوانێ شوێن لە سەر کۆمەڵگا دا بنێت و کۆمەڵگاش چۆن شوێن لە سەر ئەدەبیات دادەنێت.

ڕەخنەگری دەقی ئەدەبی ئەگەر بتوانێ لەو سێ شێوەیە بۆ لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکان کەڵک وەرگرێ ئیشەکەی ئەو دەچێتە خانی لێکدانەوەی پەیڤینی ڕەخنەیی.

**سەرچاوەکان:**


۱ – فرکلاف نورمن،(۱۳۷۹)، تحلیل انتقادی گفتمان، تهران، ترجمه فاطمه شایسته پیران و ....، مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه ها.

۲ – مکاریک ایرنا ریما،(۱۳۸۵)، دانش نامه نظریه های ادبی معاصر، انتشارات آگاه، چاپ دوم.

۳ – آقا گل زاده فردوس، مجله ادب پژوهی شماره اول بهار ۱۳۸۶

۴ – آقا گل زاده فردوس، نامه نقد ۱۳۹۰، مجموعه مقالات نخستین همایش ملی نظریه و نقد ادبی در ایران تهران خانه کتاب چاپ اول

# بۆچی مێش کریچی ناو شەکردان نەبێت؟*

## بەرەو گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی

غەمگین بۆلی

### ١
### هەمیشە مافی ئەوەمان هەیە پرسیار بکەین

ئەگەر لە دیدگەی (ڕۆلان بارت)ەوە لە پرۆسەی دەق بڕوانین، ئەوە لەسەروەختی نووسین و بڵاوبوونەوەی دەقدا نووسەری دەق دەمرێت و تەنیا دەقی نووسەر دەمێنێتەوە. بۆیە ئەوەی دەدوێت دەقی بەردەستە، یان دوورتر بڕوانین زمانی دەقە، وەلێ ئایا نووسەر (شاعیر) ئەو کاتە مافی ئەوەی نییە خوێنەر بێت و وەک خوێنەرێک لە بارەی گوتراوەکان لەبارەی دەقەکەیەوە پرسیار بکات؟ منی خوێنەر مافی خۆمە دەستپێکی گفتۆگۆیەکی کراوە و قووڵ لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە دابمەزرێنم. وەلێ بە پاساوی بێ بنەما و دوور لە پرەنسیپی کاری ئەدەبی و بەبێ ئەوەی گوتارەکە ببین و بیخوێنەوە، گوتارەکە بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری (شێعر) ڕەتکرایەوە. ئایا دەلوێت گوتارێک بەر لەوەی بخوێندرێتەوە، بڵێین: بڵاونابێـتەوە؟! ئایا وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی نەدەبوایە گوتارەکە بخوێنرێتەوە لەلایەن ئەو ستافەوە و دوای تاوتوێی کردن لەبارەیەوە ئەوکات بڕیاری بڵاوبوونەوە و بڵاونەبوونەوەی لەسەر بدرێت؟ لەبەر ئەوەی بەردەوام بڕیاری پێشوەختە دەدەن لەبارەی ئەزموونی شاعیرانەوە، ئەمەیش درێژکراوەی هەمان ئەو ئەزموونە ناشیرینەیە. ئایا دەشێت بپرسین: پاساوی بڵاونەبوونەوەی ئەم گوتارە چییە؟ ئایا کەسێک گوتارێکی نەخوێندبێتەوە، دەتوانێت بڕیاری لەسەر بدات؟ ئایا ئێوە چۆن بڕیاری بڵاونەبوونەوەتاندا؟ ئایا بڕواتان بە ڕەخنە هەیە، یان ئەوەتە تەنیا بڕواتان بە گوتارەکانی خۆتان هەیە؟ ئەگەر کەسێک ڕەخنە بگرێت، دەبێت بڕوای بە بوونی ڕەخنەیش هەبێت، ئەی ئەگەر بڕواتان بە بوونی ڕەخنە نییە و ڕەخنە قبووڵ ناکەن و دەرفەتی بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی ئەوی دیکە نادەن، ئایا هەبوونی ڕەخنەکانتان لە کوێ دایە؟ ئایا مافی شاعیر نییە لەو شوێنە ( گۆڤارە) ی لەسەری دەنووسرێت، وەڵام بداتەوە؟ ئەی ئەگەر نووسەرێک بابەتێکی ڕەخنەیی لە بارەی نووسینەکانتانەوە نووسی، بڵاوی دەکەنەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە (بەڵێ)یە و پرەنسیپی کاری گۆڤارەکەتان هونەری ڕەخنەگرتنە، ئایا بۆچی ئەم گوتارەتان بڵاونەکردەوە. ئایا بۆچی ناتوانن ئەم گوتارە بڵاوبکەنەوە؟ جگە لەوەی ئەوە گوتارێکی ڕەخنەیی نییە، بەڵکوو گوتارێکی پرسیارییە. ئایا دەتوانن لە خۆتان بپرسن: ئایا بۆچی ناتوانن ئەم گوتارە بڵاوبکەنەوە؟ لە ژمارە شەشی گۆڤاری شێعردا بەناونیشانی (بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی") بە پێنووسی بنووس (ئارام سەدیق)ە لەبارەی هەردووک کتێبەکەمەوە نووسراوە.(١) جێگەی ئەوەیە چەندان پرسیار ڕووبەڕووی بنووسی گوتارەکە بکەینەوە. لەبەر ئەوەنا کە ڕەخنە لە ئەزموونی شێعرییم گیراوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە چیتر بەناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە قسەی سواو و دوور لە میتۆدی ڕەخنەیی و بنەمای زانستی ئەدەبی فڕێنەدرێنە ناو بڵاوکراوەی کوردییەوە. لێرەدا دەبێت ددان بەوەدا بنێم کە بۆ ئەم گوتارەم سوودم لە چەند گوتار و نامەیەکی نووسەر و ڕۆماننووس ( کاروان عومەر کاکەسوور) وەرگرتووە. ئەمجۆرە نووسینەیش سەرەتا هەر لە ڕێگەی (کاروان عومەر کاکەسوور)ەوە هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە و لە ڕێگەی چەند گوتار و نامەیەکی تایبەتییەوە. ئەمجۆرە نووسینە هێندەی مەبەستی دامەزراندنی پرەنسیپی پرسیارکردنە، هێندە عەوداڵی وەڵامدانەوە نییە. بۆیە لەم گوتارەدا وەک خوێنەرێک ئەو مافە بەخۆم بەڕەوا دەبینم کە پرسیار بکەم و لەبارەی ئەو چەمک و قسە سواو و گوتەی ناتەواو و نەشیاوانەی بە زۆر ئاخنراونەتە فۆڕمی نووسینەوە، بپرسم. ئێمە لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە دەتوانین بگەین بە بنەمای گفتۆگۆیەکی قووڵ و دوور لە بڕیاری پێشوەختە، نەوەک تەنیا قسە هەڵڕێشتن و گوێنەدانە کەسی بەرانبەر و تەنیا هەر خۆمان قسە بکەین و هەر خۆمان خاوەن دیدگەیەکی دروست بین. ئەمە هەمان پرەنسیپی بەشێک لە مامۆستایانی ئایینییە، کە بەردەوام قسە دەکەن و گوێ بە بەرانبەرەکانیان نادەن و تەنیا خۆیان بەڕاست دەزانن و هیچ دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە ناهێڵنەوە.

### ٢
### میتۆدی باشە و خراپە

ئەمجۆرە گوتارە کە دەق بە پێوەری باشە و خراپە هەڵدەسەنگێنرێت، ئەوە نە هیچ بەهایەک بۆ کاری ڕەخنەسازیی دەهێڵێتەوە، نە حورمەتێکیش بۆ بەهای دەق. ئەمجۆرە زمانەی بنووسیش کە گوتارەکەی پێ نووسیوە لە هەناوی هەمان میتۆدی خراپەوە هاتۆتە بوون. ئەمجۆرە گوتارانە لە خزمەت ئەو سیستەمە دەکات کە دەشێت بە سیستەمی سڕینەوە ناوی بهێنین، کە ئامانج لەو سیستەمە هەتکردنی زمانی ڕەخنە و ئەدەبی کوردییە و هەمیش خزمەتکردنە بە زمانی ڕاگەیاندنەکانی حزب و گوتارەکانی ئاینی لە ڕۆژی هەینیدا. ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی کاری ڕۆژنامەگەریی بنووس کە لە ڕۆژنامەی (هەولێر) بەناوی (ئارام کۆشکی)یەوە کاری هەواڵنووسین و ڕاڤەکردنی کتێب و ڕاپۆرتنووسین دەکات.** ئەمجۆرە نووسینانەیش درێژکراوەی هەمان ئەزموونن، وەلێ بە قەبارەی زیاتر و خەسارکردنی لاپەڕەی زیاتر. هەروەها لە قالبدانی چەندان هەواڵ و بابەت و ڕاڤەکردنی کتێب لە قاوغی هەمان گوتاری سواو و گوتراوی پێشوەختە. ئەگەر سەیری کۆی نووسینەکانی بنووس بکەین دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە لە کۆی نووسینەکانیدا ناگەین بە شتێکی تازە. واتە وەک خوێنەرێک وەبەر بۆچوونێکی تازە و دیوێکی شاراوەی دەقەکانی شاعیرێکمان نیشان نادات. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بپرسم، ئایا لەم نووسینەدا کام میتۆدی تازەی ئەدەبیاتت بەکار هێناوە؟ ئاخر میتۆد بەر لەوەی پرۆژەی نووسین بێت، پرۆژەی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی جددییە. ئایا بەو جۆرە میتۆدە خوێنەر دەتوانێت بیر لەو چەمکانە بکاتەوە؟ ئاخر ئەوە هێزی میتۆدە وامان لێ دەکات زیاتر بیربکەینەوە و بۆ هەر پەرەگرافێک زیاتر قووڵ ببینەوە و بۆ هەر چەمکێکیش زیاتر بگەڕێن. ئایا بنووس لەم گوتارە سواوەیدا ئەوەی کردووە؟ ئایا ئەمجۆرە نووسینە جگە لە دروستکردنی وەهمی شاعیرێکی دیکە و دروستکردنی درۆی ڕووت، چی بە خوێنەران بەخشیوە؟ ئایا نووسین دەبێت لە پێناوی نووسین بێت، یان لە پێناوی زمان و بیرکردنەوە؟ نووسەر دەبێت ئامانجی یەکەمی زمان بێت و لە ڕێگەی هزری زمانەوە قووڵ ببێتەوە و ئازاد بێت، دواتریش وەبەر شتی تازە بکەوێت و ئەزموونیان بکات، نەوەک ئامانجی تەنیا نووسین بێت لە پێناوی نووسین. ئەمجۆرە لە زمانی نووسین، زمانێکی پەرش و بڵاوە و خۆی بە هەموو شتێکدا دەدات و باسی هەموو شتێکیش دەکات، وەلێ لە کۆتاییدا خوێنەری هۆشیار هیچی لەلا بەجێنامینێت. واتە گوتارێکە هەموو گوتراوی ئامادە و پێشوەختەی تێ دەئاخرێت و هیچ ناڵێت شیاوی گوتن بێت، چونکە ئەمجۆرە گوتارە لە ڕوخساردا وادیارە هەمووشتێک دەڵێت، کەچی هیچیش ناڵێت. چۆن ئەمجۆرە نووسینە باسی هەموو شتێک دەکات

تەنیا بابەتی بەرباس نەبێت، یان باسی هەموو شتێک دەکات و حەقی تەواو بە هیچیشیان نادات. چۆن ئەمجۆرە زمانە درێژکراوەی فیکری زمانی کادیرانی حزبە، ئەو زمانەی کە هێندەی ئامانجی ئیهانەکردنی بەرانبەرە، هێندە ئامانجی دامەزراندنی بنەمایەکی ڕەخنەیی نییە. ئەمجۆرە زمانە هێندەی لە گوتارێکی هەڕەشەکردن نزیک دەبێتەوە، هێندە گوتارێکی ئەدەبیی نییە. ئایا لە کوێی گوتاری ئەدەبیاتی دونیادا هەبووە، ڕەخنەگرێکی ئەدەبی جنێو و هەڕەشە لە نووسەری دەق بکات؟ ئایا ئەوە هەمان فیکری گوتاری سیاسیی کوردی و ئایینی نییە؟ ئەگەر نییە دەکرێت بنووس پێمان بڵێت: چییە؟ گوتاری ئێستای سیاسەتی کوردی، هێندەی گوتارێکی تێکدەر و ڕووخێنەر و تۆمەت دروستکردنە، هێندە گوتارێکی بنیاتنەرانە و پاک نییە. بنووس ئێستایش بە فیکرەیەکی سواوەوە بە میتۆدی باش و خراپ دەق هەڵدەسەنگێنێت. لێرەدا دەپرسم، ئایا هەڵسەنگاندنی دەقە بەمجۆرە لە ئەدەبیاتی کوردیدا نیوسەدە زیاترە کاری پێ دەکرێت؟ ئایا دەکرێت ئاماژە بەو میتۆدە بدەیت کە بەو میتۆدە دەقەکانت هەڵسەنگاندبێت؟ ئایا بەجددی بڕوات بە زانستی ڕەخنەسازیی هەیە؟ ئایا میتۆد بەلای تۆوە چییە و چۆن کاری پێدەکەیت؟ ئایا ئەوە کاری چی ڕەخنەگرێکە ڕێنمایی ئەدەبی دەر بکات؟ ئایا لە دونیای ئەدەبیاتدا، شتێک هەیە بەناوی ڕەخنەیی ڕێنمایی؟ بنووسێک کە ساڵانە کتێب دەخاتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە، دەلوێت بە نووسەرێک بڵێت بیرنەکەرەوە و دواتریش ڕاڤە لەبارەی شێعرییەکانیەوە بکات؟ ئەگەر پرۆسەی بیرکردنەوە بوونی نەبێت، ئایا بوونی دەق لە کوێدایە؟ ئایا دروستە لەبارەی (دەقی شاعیری بیرنەکەرەوەوە). (٢) بنووسین؟ ئاخر دەبێت بەر لە نووسین بزانین هەموو دەقێک بە پرۆسەی بیرکردنەوەدا تێدەپەڕێت و هیچ دەقێک بەدەر نییە لە بیرکردنەوە. بنووس نووسیویەتی: ” پێویستمان بە نەریتی ڕەخنەییە بۆ خوێندنەوەی شێعری کوردی و دەستبخەینە سەر ئەو کۆپیکارییە هەڵەیەی...“ (٣) ئایا دەکرێت بزانین نەریتی ڕەخنەیی چییە؟ ئەگەر کەسێک ساڵانێک خۆی بە کاری ڕەخنەییەوە هەڵواسیبێت، ناشێت چەمکێک بەبێ بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە لێی فڕێ بداتە ناو نووسینەوە! ئەگەر مەبەست لە کولتووری ڕەخنەیی بێت، ئەوا جیاوازە لە نەریتی ڕەخنەیی... ئایا لە نێوان پەیڤی نەریت و کولتووردا جیاوازیی دەکەیت، یان هەردووکیان هاوواتان؟ ئایا هەر بەڕاست لەلای تۆ نەریت چییە؟ ئایا هەر بەڕاست نەریت کولتوورە؟ ئایا چۆن لە نەریت تێگەیشتوویت؟ ئایا دەتەوێت بە ”نەریتی ڕەخنەیی“ چی بڵێیت؟ هەر لەسەر ئەو ڕستەیەدا دەوەستم. بنووس هەردووک وشەی ” کاریگەریی“ و ”کۆپیکاریی“ تێکەڵ دەکات. ئایا ئەوانە لە ڕووی چەمک و چییەتییەوە یەک مانایان هەیە؟ دواتر ئەگەر پێوەرێک لەم نێوەندەدا هەبێت و زانستی بێت، تیۆری کاریگەریی و زانستی دەقئاوێزانییە. ئایا لێرەدا زانستی دەقئاوێزانی بوونی نییە؟ ئەرێ زانستی دەقئاوێزانی بەلای بنووسەوە مانای هەیە و چی دەگەیەنێت؟ ئایا بنووس چۆن لە چەمکی کاریگەریی تێگەیشتووە؟ ئایا کاریگەریی بە وشەیەک یان بابەتێک ڕوودەدات؟ ئایا دەتوانین بە شاعیرێک بڵێین ئەو بابەتەت لەم شاعیرە بردووە و تۆ لە ژێر کاریگەری ئەودا دەنووسیت؟ ئایا بابەت دەبێتە موڵکی یەک شاعیر؟ ئایا کاریگەریی لە ڕێگەی بابەت و وشەوەیە، یان لە ڕێگەی زمان و ڕستەچنینەوەیە؟ با سەیری ئەو ڕستەیەش بکەین و دواتر لە بارەیەوە بپرسین: ”ئەوەی دەقەکانی ڕامبۆ و بۆدلێر و مالارمێی بە ئێمە گەیاندووە، قەتیسبوون نەبووە لە مێژوویەکی دیاریکراودا.“(٤) ئایا دەکرێت ئاماژە بە سەرچاوەی شێعرەکانی ئەو شاعیرانە بکەیت، یان مەبەستتە بە خوێنەران بڵێیت: ئەوانەیش دەناسیت؟ ئەگەر مەبەستت تەنیا ناو ڕیزکردنی ئەو شاعیرانە نییە، بفەرموو چەندان کۆپلە لە شێعرەکانی شاعیر (مالارمێ) مان بۆ بنووسە. ئایا بە شێعری مالارمێ ئاشنایت، یان ئەوەتە بە تەنیا بەناوی مالارمێ؟ ئایا کامە کتێبی شێعری مالارمێت خوێندۆتەوە؟ ئایا کامە کتێبی شێعری مالارمێ کراوە بە کوردی؟ بنووسی بەڕێز هەر بەوەش نەوەستاوە، چونکە ئەو دەیەوێت هەموو شتێک بئاخنێتە ناو نووسینەکەیەوە بۆ ئەوەی قەبارەی نووسینەکە گەورە ببێت و لاپەڕەی زیاتر خەسار بکات. هەر بۆیەیش زۆربەی پێشەکیی گوتارەکانی گوتراوی ئامادەن و سواون و بەردەوام لە کۆڕ و سیمینار و بابەتی بڵاوکراوە و نووسینی ئەدەبی کوردیدا دووپات دەبنەوە. ئەگەر سەیری ئەم پەڕەگرافەی بکەیت زیاتر ئەو گوتراوەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە. ”

ئەگەر لە ئەزموونەکانی شێعری کوردی وردبینەوە، لە شاعیرانی کلاسیکەوە تا ڕوانگە و شاعیرانی دوای ڕاپەڕین، هیچ کام لەم شاعیرانە بە شێوەیەکی دروست و بەدیدێکی ڕەخنەیی فراوانەوە دەقەکانیان هەڵنەسەنگێنراوە.“ (٥) ئایا ئەوە قسەی ڕەخنەگرێکە کە ساڵانە چەندان کتێب بە ناوی ڕخنەی ئەدەبییەوە بخاتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە؟ ئایا ئەوە جگە لە گوتراوێکی سواو و چەندانبارەی ناو ئەدەبیاتی کوردی چیترە؟ ئایا ئەوە قسەی هەموو خوێنەرێکی شێعریی نییە؟ ئایا شتێکی تازە لەم پەڕەگرافەدا هەیە و خوێنەر بۆ یەکەمجاریی بێت بیخوێنێتەوە؟ ئایا بنووس دەیەوێت چی بڵێت و تازە بێت؟ ئایا بەجددی ئەوە لۆژیکی زمان و فیکری ئەدەبیاتە کە ئەو شتانە بەردەوام بڵێتەوە کە بە بەردەوامی گوتراون، یان ئەوە لۆژیکی خودی ئایینەکانە؟ هەروەتریش، ئەگەر ئەم گوتراوە سواوەیش وەرگرین بەدەر نییە لە پرسیارکردن. ئایا قسەکردن بەم شێوە ڕەهاییە بۆ کاری ڕەخنەگریی دروستە؟ ئایا ئەگەر شاعیرێک لە گروپی (ڕوانگە) وەرگرین، بۆ نموونە: (شێرکۆ بێکەس)، ئایا بەدیدێکی ڕەخنەیی دەقەکانی تا ئێستایش هەڵنەسەنگێنراون؟ ئایا کام شاعیری کورد هەیە، هێندەی شێرکۆ بێکەس دەقەکانی بەر ڕەخنە ئەدەبی و دیدی جیاواز کەوتبێت؟ ئایا ئەوە جگە لە قسەفڕێدان چیترە؟ بنووس لەبەر ئەوەی مۆدێلی باش و خراپ بەکاردەهێنێت و خاوەن دیدگەیەکی ڕەخنەیی قووڵ نییە و ناتوانێت لەناو چەمکەکاندا بیر بکاتەوە، بۆیە ڕووکەشانە سەیری دەق دەکات و لە گوتارێکدا سەدانجار گوتراوە سواوەکان دووبارە و دووبارە دەکاتەوە. نووسەر و ڕەحنەگری ئێرانی (ڕەزا بەراهەنی) لە کتێبی ( خولیای نووسین) دا دەڵێت: ” ئەو کەسانەی کە نووسەران بە دووبەش دادەنێن و دەڵێن: نووسەرانی ڕەشبین و گەشبین، زەبوونترین و بەدڕەوشترین خەڵکی ڕۆژگارن. دەبێت ئەو جۆرە کەسانە لەسەر ئاخوڕی ئەخلاق ببەستییەوە، تاکوو دەست بکەن بە کاوێژی چاکە و خراپە“ .(٦).

## ٣
## ئایا شێعر خۆی دژەسیستەم نییە؟

ئەم بنووسە هەمیشە هەبوونی شێعر دەگەڕێنێتەوە بۆ دژە سیستەم و بەردەوام لە هەموو گوتارەکانیدا ئەم وشەیە وەک هەوێنی نووسینەکەی پاتە دەکاتەوە و وشەی (سیستەم)ی کردۆتە بنیشتەخۆشەی سەر زمانی، بەبێ ئەوەی تاقە جارێک لە خۆی بپرسێت: سیستەم چییە و منی بنووس باسی کام سیستەم دەکەم؟ ئایا شێعر لە کوێی سیستەم دایە؟ ئایا شێعر دەتوانێت ببێتە بەشێک لە سیستەم؟ ئاخر بنووس بێئاگایە لەوەی کردەی شێعریی، کردەیەکە خۆی دژی سیستەمەکانە و شێعری نەمر هیچ سیستەمێک لەو سیستەمانە لە خۆیدا کۆ ناکاتەوە. ئەگەر زیاتر بەناو ئەو ڕەهەندەدا شۆڕ ببینەوە، ئەوە دەگەینە ئەوەی هونەری شێعر دژی سیستەمی قسەکردنە، واتە ئەم هونەرە شێعر لە قاوغی قسەکردن دەباتە دەرەوە و دژی ئەو سیستەمە دەوەستێتەوە. ئەگەر هێشتانیش وردتر ببینەوە، هەمدیسان شێعر پابەندی بنەماکانی ڕێزمان و زانستی زمانەوانی نابێت و زۆرجاران ئەوانە تێکدەشکێنێت کە وەک سیستەمێکی ڕێزمانی و زمانەوانی بەسەریدا سەپێنراوە. ئەوە قەدەری شێعری ڕاستەقینەیە کە ئەو چوارچێوە بەندییە تێکدەشکێنێت و خۆی تەسلیمی هیچ سیستەمێک ناکات. هەروەها شێعر هەر خۆی دژی سیستەمی مانای ڕووتە و زۆرجاران لە بۆتەی شێعردا مانایەک دروست دەکات لەگەڵ مانای ڕووت نارێک دەکەوێتە و وەک گوتراوێکی سەیر و قۆڕ دێتە بەرچاو. بۆیە هەمیشە ئەو جوانیناسییەی لە بۆتەی شێعردا شاعیر وێنای دەکات و دەیسازێنێ، جوانییەکی نارێکە لە واقیعی ڕووت، وەلێ واقیعی ڕووت جیاوازی نییە لەگەڵ واقیعی فیکر و فەزای نووسین. بەختیار عەلی لە کتێبی (جوانییەکانی نارێکی)دا لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ” نارێکی لێرەدا بریتی نییە لە خواستێکی شەیتانی بۆ کاولکاری، بەڵکو بریتییە لە خواستێکی توند بۆ دۆزینەوەی دەرگایەک لەو قاڵبانە دەرمانبکات کە ئەقڵ و تێڕاوانینمانی تێدا دیلبووە“ (٧). لێرەدا ئاماژە بە گوتراوێکی کاک ئارام سدیق دەکەم و دواتر نموونە شێعرییەکان دەخەمەڕوو. کاک ئارام نووسیویەتی: ”بنووس شەرم لەوە ناکات شێعر وەکو قسەی تڕۆهات ببینێت، چونکە بەشێکی زۆر لەوانەی بەناوی شێعرەوە چاپیکردوون، لە قسەی تڕۆهات زیاتر نین“. ئەوەیش نموونە شێعرییەکانن کە بەلای بنووسەوە قسەی تڕۆهاتن:

- ناو سگم پڕ قسەیە و خەریکی نووسینسشم.
- بۆچی بێدەنگی فەلسەفەی گوتن نەبێت؟
- بۆچی کرم ماڵی لەناو شووتی نەبێت؟
- بۆچی ژیان مردنێکی سەراوبن نەبێت؟"(٨)

ئەم ڕستانەی سەرەوە بەلای کاک ئارام سەدیقەوە قسەی ترۆهاتن، قسەی بێمانان، قسەی هەڵیتوپەڵیتن! ئەگەر بپرسین: پەیڤی (ترۆهات) بەلای بنووسەوە چی واتایەکی هەیە؟ ئایا ئەو جۆرە لە قسەکردن دەشێت ناوی بنێین گوتراوی ڕەخنەی ئەدەبی؟ ئایا ئەوە دەشێت گوتراوی کەسێک بێت، کە سەروکاری لەگەڵ ئەدەبیات و فیکردا هەبێت؟ ئەو ڕستە شێعریانە بەلای بنووسەوە لە خەیاڵ و تێفکرینی ئەوەوە نارێک و ناباو و بێمانا و ناشێعر کەوتوونەتەوە، ئەو هێزە شێعرییەی کە بکەری ناو شێعریش پێی دەدوێت، پرسیاری بێ بنەما و بێمانان بەلای بنووسەوە، دەوروژێنێت. ئەگەر لە بنووس بپرسین: ئایا ئێستایش بڕوات وایە ئەو دێڕە شێعریانە بێمانا و قسەی ترۆهاتن؟ ئەگەر بە هەمان فەزا و کەرستەی نووسینی تۆ لێت بپرسمەوە، ئایا ئەو دێڕە شێعریانە خزمەتی سیستەم دەکەن، یان دژی سیستەمن؟ ئایا هەموو کردەیەکی قۆڕ و تۆڕەهات دژی سیستەم نییە؟ ئایا سیستەم سادەترین پێناسەی ئەوە نییە کە مەبەستی ڕێکخستنی هەموو ئەو کردە و شتانەیە کە لە دەوروبەرماندا هەن؟ ئایا وەک خوێنەرێک دەتوانم داوای ئەوەت لێ بکەم گوتارێک لەبارەی چەمکی (ترۆهات) بنووسیت؟ ئایا ترۆهاتنووس و شاعیری بیرنەکەرەوە و ناشاعیر بەلای تۆوە چی مانایەکیان هەیە؟ دەتوانیت ناوی یەک تاقە ڕەخنەگری دونیام بۆ بنووسیت کە لەبارەی دەقێکی ناشێعرییەوە نووسیبێتی، یان لە بارەی ئەزموونی ناشاعیرێک و شاعیرێکی بیرنەکەرەوەوە هەزاران وشەی نووسبێت و دواتریش گوتبێتی ئەو دەقانەی لەبارەیانەوە دەنووسم، شێعر نین؟ ئایا ئەگەر یەکێک خۆی بە ڕەخنەگرێکی جددی و هۆشیار بزانێت و هەموو ساڵێک کتێب لەم بوارەوە چاپ بکات، گوتراوی ئاوا فڕێ دەداتە ناو نووسینەوە؟ ئایا خوێنەرێکی هۆشیاریش قسەی وا دەکات و بڵێت: ئەو دەقەی قسەی لەبارەوە دەکەم، شێعر نییە؟ ئایا ئەگەر جیاتی بنووس لە خوێنەران بپرسم، ئایا هیچ کردەیەکی شێعری هەیە بکەوێتە دەرەوەی ماناوە، هەتاوەکو مانای نەبێت؟ هەروەتر، ئەگەر شێعرێک مانای نەبێت، ڕەخنەگر چۆن دەتوانێت لەناویدا بیر بکاتەوە و هەزاران وشەی لەبارەوە بنووسێت؟ بۆیە دەمەوێت کاک ئارام وەڵامی ئەوەم بداتەوە، ئایا ئەگەر دەقەکان ناشێعرن، چۆن توانیت ئەو گوتارە درێژدادڕەی لەبارەوە بنووسیت؟ بنووس لەبەر ئەوەی خاوەن ڕێبازێکی ڕەخنەیی نییە و بنەمایەکی جێگیری ڕەخنەیی نییە بیکاتە بنەمای کۆی گوتارەکانی، بۆیە زۆرجاران لە گوتارێک بۆ گوتارێکی دیکەیدا دژی خۆی دەوەستێتەوە. لە گوتارێکی بەناونیشانی (شێعر و دۆخی بە لێبوکبوون) دا تەواو دژی ئەم گوتارەی خۆیەتی، چونکە لەوێدا پێیوایە نارێکیش دەشێت جوان بێت، لەناو کردەی ناشیرینیشدا جوانی بدۆزینەوە. واتە خۆی دژی خۆی دەوەستێتەوە و دووڕوویی و دووفاقییەتی نووسینی خۆی مانیفێست دەکات." دەکرێت تابلۆیەکی جوان چێژی هەبێت، هاوکات دەکرێت تابلۆیەکی ناشیرینیش بەجۆرێک لە جۆرەکان چێژی خۆی هەبێت" (٩). ئەوە ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکانی خۆیەتی و هەموو ئەو گوتراوانەی ناو ئەو گوتارەی خۆی دەخاتە بەردەم پرسیار و گومانەوە. ئەو جۆرە دووڕوویی و دووفاقییەتەی ناو دونیای نووسین دەمانباتە سەر ئەو هەقیقەتەی، کە لە کولتوورە خێڵەکییەکانەدا هەیە و ئەو جۆرە بنووسە خێڵەکییانە بەردەوام لەبەردەم ئەو کولتوورە رووکەشگەراییەدان و خۆیان لەناو بۆچوونەکانی خۆیان تەریق دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی درکی پێ بکەن و بوەستن و بیربکەنەوە. تێهزرینی بنووس لەمجۆرە گوتارانەدا ئەوەمان بۆ کەشف دەکات، کە بێ ئاگاییەکی ئاقڵانە و ئاگامەندانە خۆی بە درۆ دەخاتەوە و وەک نووسەرێکی ساختەکار و خێڵەکیانەیش وەها خۆی نیشان دەدات کە ڕاستی ناشارێتەوە. بنووس بەوەش نەوەستاوە و دواتر ئاماژە بەوەیش دەدات کە ئەوانە لە ژێر کاریگەریی شێعری (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) دا نووسراون. ئەگەر لێرەدا بپرسین: ( لەم گوتارەدا ئامانجمان دامەزراندنی پرەنسیپی گفتوگۆیە، بۆیە دەبێت بۆچوون و گوتراوەکانمان وەک پرسیار ئاراستە بکەین) ئایا دەکرێت ئاماژە بەو شێعر و دێڕانەی عەباس عەبدوڵڵا یوسف بکەیت، کە ئەم دێڕە شێعرییانەی لە ژێر کاریگەریی ئەودا نووسراون؟ ئایا دروستە بەبێ خستنەڕووی دەقی هەردووک شاعیر، باسی کاریگەریی بکەین؟ ئایا بۆچی ئاماژەت بە نموونە شێعرییەکانی عەباس عەبدوڵڵا یوسف نەکردووە؟ ئایا دەکرێت بەبێ ئاماژەدان تۆمەتی وا وەک گوتراو فڕێ بدەین؟ ئایا ئەگەر نووسین چووە ناو ئەو قاوغەوە و بەبێ بنەمایەکی مەعریفی و ڕێبازێکی زانستی ڕەخنەوە، جیاوازیی چییە لەگەڵ گوتاری سیاسی حیزبی؟ ئایا لە نێوان هەردووک گوتاردا ئامانج لەوە دروستکردنی بوختان و قسەی بێ بنەمای مەعریفی نییە؟ ئایا لە نێوان ئەو جۆرە گوتارە و گوتاری کادیرێکی حیزبی، ئامانجی یەکەم شکاندنەوەی ئەوی دیکە نییە؟ ئایا لە کوێی ئەدەبیات و ڕەخنەی دونیادا هەبووە بڵێین: ئەو شاعیرە لە ژێر کاریگەری ئەو شاعیرەدایە و بەبێ ئەوەی ئاماژە بە دەقی لێچووی ئەو شاعیرە بکرێت؟ ئایا دەکرێ لە ئێستاوە تا ساڵێکی دیکەیش نموونە شێعرییەکانمان بۆ بنووسیت؟

## ٤
## گوتاری جۆکەریی

ئەمجۆرە نووسینانە لەبەر ئەوەی گوتراوی ئامادەکراون و بۆچوونەکانیش بەدرێژایی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کورد هەبوونە، گوتارەکان یەک قالب وەردەگرن و خاوەن یەک دیدگە و یەک بۆچوونن. بۆ نموونە: دەکرێت هەموو ئەو گوتراوە سواوانەی لەو گوتارەدا نووسراون لەبارەی ئەزموونی شێعریم، بۆ شێعری شاعیرێکی دیکەیش ببن. واتە تەنیا ناوی شاعیرەکان و نموونەی شێعریەکانیان بگۆڕین، وەبەر هیچ جیاوازییەک ناکەوین. ئەمجۆرە گوتارە ئەگەر بشێت، ناوی بنێن: (گوتاری جۆکەریی)، گوتارێکە بۆ هەموو ئەو شاعیرانە دەبێت کە دەکەونە خانەی میتۆدی خراپەوە. ئەگینا ئەگەر سەیری ئەو شاعیرانە بکەین کە بنووس لە بازنەی (میتۆدی باشە)دا ناوی ڕێزکردوون لە گوتارێکی بەناوی (کۆکردنەوەی دژەکان)دا نووسیویەتی: " ئەگەر لە ئەزموونی شێعری هاوچەرخی نوێ وردبینەوە و نموونەی هەر یەک لە ( دڵشاد عەبدوڵڵا، هاشم سەراج، هیوا قادر، جەمال غەمبار، سەباح ڕەنجدەر، کەریم دەشتی، دلاوەر قەرەداغی، کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، قوبادی جەلی زادە...) وەربگرین دەبینین تارادەیەک بەر ئەزموونی جیاوازی شێعری دەکەوین."(١٠) ئایا ئەگەر لە خوێنەرانی هۆشیار بپرسم: ایا ئەو بۆچوونانە و قسەڕیزکردنانە هی ساڵانی حەفتا و هەستاکان نین؟ ئایا ئەزموونی شێعری ئەو شاعیرانەی کە بنووس لە گۆڤاری (شێعر) لەسەریان دەنووسێت و بە ناشاعیریان دەزانێت، لە بەشێکی ئەزموونی شێعری ئەو شاعیرانە تایبەتتر و جوانتر نین کە بنووس ناوەکانیانی ریزکردوون؟ ( خوێنەر دەتوانێت سەیری ژمارەکانی گۆڤاری "شێعر" بکات). ئایا وەکوو پرسیارێک بۆ خوێنەرانی بەجێبهێڵم و بڵێم، ئایا دەبێت لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤاری (شێعر)دا، هەمان ئەو شاعیرە جیاواز و هاوچەرخانەی ئەدەبیاتی کوردی، بە ناشاعیر و کۆیلە و کوڵەوار نەزانێت؟ ئەگەر زۆر دوور نەکەوینەوە و هەر لەسەر ئەو ناوانە بوەستین کە ئاماژەی پێداون، بنووس ئەمجارە لەبارەی ئەزموونی شێعری شاعیرێکیان (قوبادی جەلی زادە)وە، نووسیویەتی: " ڕەنگە قوبادی جەلی زادە نموونەی دیاری ئەو شاعیرانە بێت، کە بێپەردە و ڕاشکاوانە گوزارشتی لەو چەپاندنە سێکسیانە کردووە، کە ساڵانێک پێوەی ناڵاندوویەتی و ئێستا لە نێو دونیای شێعرییەکەیدا گوزارشتی لێ دەکات. واتە شێعری نەکردووەتە دەلاقەیەک بۆ تێرامان لە بوون و مرۆڤ و ئەو پێشهاتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەڵکو شێعر دەبێتە جێگەیە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە"(١١). ئایا ئەو دووڕووییەی ناو نووسین چی ناوێکی لێ بنین؟ کەسێک سەروکاری لەگەڵ دونیای فیکر و مەعریفەدا هەبێت، چۆن دەلوێت جارێک ئەزموونی شێعری شاعیرێکی ( قوبادی جەلی زادە) پێ جیاواز و تایبەت بێت و جارێکیش ئەزموونی شێعری ئەو شاعیرەی پێ جێگەیەک بێت بۆ خۆبەتاڵکردنەوە؟ ئایا ئەوە لۆژیکی ڕەخنەگرتنە؟ کەسێک خاوەن چەقێکی فیکری بەهێز نەبێت، بەردەوام تووشی ئەم هەڵانە دەبێتەوە و بەخۆی خودی خۆی بە درۆ دەخاتەوە و بەردەوام خۆی تەریق دەکاتەوە. بۆیە زۆرجارانە وەستان لە نووسین گرنگترە لە نووسین، چونکە پێویستمان بەوەیە بە کردەی خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕ ئەو چەقە فیکرییە لە ناوەوەی خۆماندا دروست بکەین. بۆیە بەشێک لەوانەی خەریکی ڕەخنەگرتنن خاوەن ئەو چەقە فیکرییە نین و هەوڵیش نادەن بۆ دامەزراندنی ئەو

دونیابینییە تایبەتییەیان. بۆیە بەردەوام لە گوتەیەک بۆ گوتەیەکی دیکە و لە گوتارێک بۆ گوتارێکی دیکە دژی خۆی دەوەستێتەوە. بە جۆرێک بێ سەروبەر دەبێت، کە دواجار خۆی سەر لە خۆی دەرناکات. ئەو دووفاقیەتە لە گوتاری سیاسیی حیزبی نزیکە، نەوەک لە گوتارێک پەیوەندی بە دونیای ئیستاتیکا و مەعریفەوە هەبێت. ئەگەر هەر لەسەر ئەو کۆنتێکستەدا بوەستین، ئایا شێعر جێگەیەکە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە؟ ئایا بنووس لە خۆی پرسیوە، کام بەتاڵکردنەوە؟ کەسێک ئەگەر خوێنەرێکی هۆشیاریش بێت، جارێک ناڵێت ئەو شاعیرە، یەکێکە لە شاعیرە تایبەت و جیاوازەکانی شێعری کوردی و دواتریش بڵێت، ئەوە ناشاعیرە و شێعر لەلای ئەو جێگەیەکە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە. لە گوتاری (کۆکردنەوەی دژەکان) بنووس ئامانجی ئەوە نییە جیاوازیی دژەکان ڕاڤە بکات، بەڵکو ئامانجی تەنیا ناوڕێزکردن و ڕازیکردنی ئەو شاعیرانە کە دەکەونە ناو بازنەی میتۆدی باشەوە. بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەچەند گوتراوێکی ئامادەن و قسەی سواوی ناو گوتارەکانی بکەم، کە ئەمجۆرە لە قسە هەڵڕێشتنانە بەردەوام لە چایخانە و شەقام و دانیشتنی خوێنەران دووبارە و دووبارە دەبنەوە. ئایا پڕەنسیپی کاری ڕەخنەگر ئەوەیە ئەو گوتراوانە دووبارە بڵێتەوە کە هەموو خوێنەرێکی شێعری دەیانڵێتەوە، یان شتێکی دیکە دەڵێت کە پێشووتر نەمانزانیوە؟ ئەگەر جددیتر بپرسین، ئایا ئەوە لۆژیکی فەلسەفە و فیکر و ئەدەبیاتە کە ئەو شتانە وەک ڕەخنە بگوترێنەوە، کە پێشووتر و بەردەوام گوتراون و گوتراونەوە؟ لێرەدا ئاماژە بە چەندان گوتراوێکی سواوی ناو گوتارەکانی بنووس دەکەم، بۆ ئەوەی گوتراوەکانمان نەکەونە بازنەی گومانەوە و خوێنەر وەها هەست بکات گرێیەکی دەروونیمان هەیە لەو گوتارەدا. بنووس لە گوتارێکی بەناونیشانی (سروشتگەرا، یان دژە سروشتگەرا)دا، نووسیویەتی: " بەشێک لە توێژەروان لایانوایە بەکاربردنی زمانی نووسین بە گشتی و زمانی ئەدەب بەتایبەتی لە شێوە سادەکەیدا بە دروست نازانن، بەڵام بەپێچەوانەشەوە بەشێک لە نووسەران و شاعیران هەر بەردەوامن لەسەر بەکاربردنی زمانی سادە و نزیک لە زمانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە" یان لە پەرەگرافێکی دیکەیدا دەڵێت: " ئەگەر باس لە دەست پێک بکەین دەبینین دەستپێکی شێعرەکە تارادەیەکی زۆر بە دەستپێکێکی لاواز دەستی پێکردووە" (١٢). بنووس لە گوتارێکی دیکەیدا بەناونیشانی (نامۆبوونی خود لە بەردەم بووندا) چەندان گوتراوی سواو و ئامادەکراو فڕێدەداتە ناو گوتارەکەیەوە. وەکوو: " ئەگەرچی تا ئێستا سیمای دەنگە نوێکانی شێعریی نوێی کوردی بەتەواوی دەرنەکەوتووە، بەڵام لەنێو ئەو دەنگە نوێیانەدا هەندێک دەنگ و شاعیری نوێ دەبینین". ئایا ئەوە قسەی ڕەخنەگرێکە کە ساڵانە دوو سێ کتێب بخاتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە، یان قسەی هەموو خوێنەرێکی ئاسایی شێعریی کوردییە؟ هەر بەجددی کاک ئارام سدیق هەستناکەیت ئەو گوتراوەیە زۆر تەقلیدییە؟ ئەم گوتراوەبەجێدەهێڵین و ئەمجارە دەچینە سەر گوتراوێکی دیکەی. ئەمجارەیان نووسیویەتی: "زمان کەرەستەی بنەڕەتی شێعرە و بەبێ زمانێکی تۆکمە و جیاواز ناتوانرێت شێعرێکی نەمر و چێژبەخش بەرهەم بهێنرێت". ئایا گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەوەتەی هەیە ئەمەی دووبارە و دووبارە نەگوتووە؟ باشە ئەگەر ئەو ڕستەیە هی من بێت و تۆ خوێنەری ئەو ڕستەیە بیت، ئایا هیچ خەیاڵ و بیرکردنەوەت وەبەر هیچ شتێکی تازە دەکەوێت کە لە پێشوودا نەتزانی بێت؟ هەر لەسەر هەمان گوتاردا دەوەستین و ئەمجارەیش بنووس نووسیەتی: " شاعیرانی نەوەی نوێ زیاتر لە شاعیرانی نەوەکانی پێشووتر کاریگەرن بە مۆدێرنە و دەرکەوتەکانی ئەم دنیا تازەیە"(١٣). هەمیشە ڕەخنەگری میلی پشت بەو گوتراوە ئامادانە دەبەستێت کە ئەوەی خوێنەر بێت دەیزانێت. واتە هەمان قسەی ڕۆژانە دەگوازێتەوە ناو پرۆسەی نووسینەوە، تەنانەت ناتوانێت قسەی ڕۆژانەیش تێپەڕێنێت. بنووس لە گوتارێکی دیکەیدا بەناونیشانی (شێعر و دۆخی بە لێبوکبوون) دەنووسێت: " یەکێک لەو ڕەخنانەی لەمەڕ شێعری نەوەی نوێ بەردەوام بەر گوێمان دەکەوێت ئەوەیە کە شێعرییەت لە دەقەکانیاندا نییە و شێعر لای ئەم نەوەیە بۆتە قسەهەڵڕشتن". لەم ڕستانەدا تەواو دەرک بەو هەقیقەتە دەکەین کە بنووس، قسەی ڕۆژانەو گوتراوی سوواو بەزۆر دەئاخنێتە ناو نووسینەکانیەوە. گوتەی "بەردەوام بەر گوێمان دەکەوێت" ئاماژە دانە بۆ ئەو هەقیقەتە.

یان لە درێژەی گوتارەکەدا دەڵێت: " یەکێک لە خەسڵەتەکانی شێعر ئەوەیە کە لادانی زمانی و وێنەیی بخولقێنێت".

ئایا لەوەی ئەدەبیاتی کوردی هەیە، ئەو گوتەیە نییە؟ ئاخر بنووس لەوە ڕاهاتووە چەندان گوتەی سواو لێرەو لەوێ بهێنێت و بەبێ ئامانج و مەبەست بیانخاتە ناو باسەکانیەوە. ئەمجارە لە هەمان گوتاردا نووسیویەتی: " بەبێ چێژ شێعر جوانی کەمدەبێتەوە". پێموایە ئەوە گوتەیەکی گەلێک سواوە، ئایا ئەوەی چوار کۆمەڵە شێعر بخوێنێتەوە دەتوانێت گوتەیەکی وەها بڵێت؟

هەر لەسەر هەمان گوتار دەدەوەستین و ئەمجارە بنووس چونکە بڕیاری داوە بە بوون و نەبوون هەر دەبێ و هەر دەبێ بنووسێت، دەنووسێت: " شاعیر نەیتوانیوە تۆکمەیی تەواو لە شێعرەکەدا بەرجەستە بکات". بەر لە هەموو شتێک تۆکمەیی تەواو مانای چییە؟ ئایا تۆکمەیی ناتەواویش هەیە؟ ئەگەر شتێک تۆکمە بێت، دەشێت تەواو یان نا تەواو بێت؟ هەر کردەیەک تۆکمە بوو، ئەوە گومانی تێدا نییە کە تەواوە. دواتر، ئەوە ئیشی ڕەخنەگری ڕاستەقینەیە ڕێنمایی دەربکات و بڵێت، نەیتوانیوە وەها بکات و دەبوایە شاعیر ئەوەهای کردبایە — نووسیبایە — ئەوە جۆرە قسەکردنە لەسەر شێعر دەمانباتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان و حەفتاکان. بنووس هەم بەردەوام دەبێت لە قسەهەڵڕێشتن و هەمیش بەبێ بیرکردنەوەیەکی قووڵ هەمان ئەو گوتانەی لە ژیانی ڕۆژانەی هەر خوێنەرێکدا بەر گوێمان دەکەون و دوویات دەبنەوە، دەنووسێت:" درێژکردنەوەی شێعر بە شتی زیادە"(١٤). پێموابێت ئەوەیش هێندە ڕوونە کە هیچ گوتەیەک لە خۆی هەڵناگرێت، وەلێ ئەگەر هەرکات کاک ئارام سدیق حەزی کرد و ویستی ئەوە ئامادەیی ئەوەم دەبێت گفوگۆی جددیانە و بەبێ بڕیاری پێشوەختە لەسەر ئەم گوتە و لەم بارەیەوە بکەین، جا چی بە نووسین بێت، یان بە شێوەی زارەکی.





بنووس لە گوتارێکی دیکەیدا بەناونیشانی (درۆ و مۆدێرنە لە شێعریی حەقیقەتی شاراوە) دەنووسێت: " لەنێو دونیای مۆدێرندا هەموو شتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەر لە پەیوەندی تاکەکانەوە تا دەگاتە هەموو ئاستەکانی تری پەیوەندی"(١٥). ئایائەو گوتراوانە قسەی هەموو خوێنەرێکی شێعری کوردی نین؟ ڕەخنەگری ڕاستەقینە کەشفی دونیایەکی دیکەمان بۆ دەکات لەناو کۆنتێکستە شێعرییەکاندا، کە خوێنەری ئاسایی درکی پێناکات. ئەگەر هەمان ئەو گوتراوە میلیانەی لە چایخانەکاندا لەبارەی شێعرەوە دەگوترێن، بنووسینەوە! پرۆسەی نووسین وەک نەنووسینە، چونکە شتێک ناگوترێت،شیاوی گوتن بێت؟بۆیە یەکێک لە ناسینەوەی خەسڵەتەکانی ڕەخنەبەزمانی میللی ئەوەیە، کە گوتەی ناو گوتارەکان لە یەک دەچن و کۆی گوتارەکان یەک قالب و چوارچێوەبەندی وەردەگرن و دەشێت ناو لەمجۆرە گوتارانە بنێن، گوتاری جۆکەریی.

## ٥
## دووروویی وەک وەهمی نوێگەریی

لەم چەند ساڵی دواییدا ڕۆژنامە و گۆڤار هێندە زۆربوون، کە بۆ ئەوەی لاپەڕەکان پڕ بینەوە هەموو گوتار و بابەتێک بڵاودەکەنەوە. زۆرجاران نووسەران ناچار دەکەن بنووسن، بەبێ ئەوەی ئامادەیی نووسینیان تێدابێت. ئاخر ئەوەی گۆڤاری (شێعر)یش درێژکراوەی هەمان ئەو دەرکەوتە پەرتەوازەی بواری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کوردییە. ئایا ئەگەر ئەو گوتارانەی بەناوی ڕەخنەوە سەرپەرشتیارانی ئەو گۆڤارە دەینووسن، کەسێکی دیکە بینووسێت بڵاوی دەکەنەوە؟ ئایا ئەگەر ستافی ئەو گۆڤارە بابەتە وەرگێردراوەکان لابەرن و تەنها خۆیان لەناویدا بنووسن، خوێنەران تاکوو چی ئاستێک پێشوازی لێ دەکەن؟ ئایا ئەو جۆرە گوتارانە ڕووی ئەوەیان هەیە وەربگێڕدرێنە سەر زمانێکی دیکە؟ ئایا مەبەست چییە لە دانانی ئەو جۆرە گوتارانە لە پاڵ نووسین و گوتاری بیرمەندانی جیهانی؟ ئایا ئەوە مایەی مەزمەستانێکی گاڵتەجاریی نییە، شاعیرێک بە (ترۆهات ــ ترۆهاتنووس ــ کۆڵەوار - کۆیلە— کۆپیکار- ئەحمەق ..هتد). وەسف بکەیت و بەرهەمەکەت پێ هیچێکی وێرانە بێت، کەچی لەبارەیەوە بنووسیت؟ ئایا کاتێ ڕەخنەگری ڕاستەقینە و دوور لە دەمارگیریی لەبارەی بەرهەمی لاوازەوە بیەوێت بنووسێت، چی وەک نووسینێکی قووڵبین بە دەستەوە دەدات؟ هەمیشە کاری ڕەخنەگری جددی لەسەر ڕەهەندە بەهێزەکانی دەق دادەمەزرێت و ڕەخنەگری جددی بە هۆشیارییەکی فرەڕەهەندەوە بە باڵای فانتازیاکانیدا هەڵدەزنێت و لەناو ئەو دەقەدا زمانی نووسین گەشە دەکات و خەیاڵی زمان درێژ دەبێتەوە، وەلێ ئەگەر دەقێک هیچ و وێران بێت، ئایا خەیاڵی زمانی نووسین چی بەرهەمدێنێت؟ باشە ئەگەر شێعرێک خاڵی بێت لەو ڕەهەندانە، تۆ وەک (ڕەخنەگر) چی تێدا دەدۆزیتەوە کە شیاوی نووسین بێت؟ بۆیە بنووس چونکە بڕیاری داوە بە میتۆدی خراپە بنووسێت، نووسیەتی: " سادەیی ئەم وشانەی غەمگین بۆڵی بە جۆرێکە، ناکرێت ناوی شێعریان لێ بنرێت" (١٦). ئایا شێعرێک بە نووسینێکی شیاو نەزانین، دەکرێت نووسینێکی شیاوی لەسەر بنووسین؟ ئەی ئەگەر شێعر نییە بۆچی گوتارێکی شێعریی لەبارەیەوە دەنووسیت؟ سەیر ئەوەیە تۆ بەدەمی خۆت بڵێیت: ئەو ئەوە شێعر نییە و ئەو بەرهەمە هیچ نییە، کەچی گوتارێکی چەندان لاپەڕەیی لەبارەیەوە بنووسیت؟ ئایا ئەوە دووروویی ناو نووسین نییە؟ دووروویی ناو نووسین لە دەرئەنجامی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک نووسەر خاوەن پێگەیەکی قووڵی مەعریفی نەبێت، یان بەمانایەکی دیکە ئەو نووسەرە خاوەن چەقێکی بیرکردنەوەی ڕەسەن نەبێت. ئەو جۆرە بنووسانە بەردەوام دژی خۆیان دەوەستنەوە و بەدرێژایی مێژووی ئیشکردنیان خەریکی خۆتەریقکردنەوەن. ئەگەرچی نموونەکان زۆرن، وەلێ ئێمە ئەو نموونانەمان هەڵبژاردووە کە دەکەونە ناو فەزای ئەو نووسینەوە. لێرەدا بابزانین "ئارام سەدیق" بێئاگاییانە دژی خۆی قسە دەکاتەوە. بنووس لە گوتارێکدا بەناونیشانی( درۆ و مۆدێرنە لە شێعریی حەقیقەتی شاراوەی گۆران ڕەسوڵ)دا نووسیویەتی: "یەکێک لەو خاڵانەی لە شێعری نەوەی نوێدا سەرنجم ڕادەکێشێت قسەکردنە لەسەر ئەو دونیا تازەیەی ڕۆژانە هەموان بەری دەکەوین. دونیایەک تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت و مرۆڤەکان لەنێو ئەو هەموو ئاسانکارییەی تەکنەلۆژیانی نوێ بۆی دەستەبەرکردوون، بەڵام هێشتا بە ژیان ڕاناگەن. شێعری نەوەی نوێ زۆر بە باشی گوزارشتی لەم (دۆخە کردووە) و دەکرێت لە شاعیرانی ئەم نەوەیە ئاماژە بە (داستان بەرزان، عومەر جەلال، پشتیوان عەلی، غەمگین بۆڵی، بەشدار سامی، ئاریان ئەبوبەکر، ڕێبین ئەحمەد خدر و گۆران ڕەسوڵ□) چەند شاعیرێکیش تریش بکەین، بەڵام ئەم شاعیرانەی ناومان هێنان توانیویانە دونیای نوێ لە تێکستەکانیاندا بتوێننەوە و خوێنەر هەست بە نوێبوونی تێکستەکە بکات. بە جۆرێک شێعر لەبری ئەوەی وێناکردنی دونیایەکی خەیاڵی بێت و پیشاندان و دووبارەکردنەوەی ئەو دونیا خەیاڵییەی نێو شێعری کلاسیک بێت. شێعری نەوەی نوێ وێناکردنی دونیای نوێیە وەکو خۆی. واتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شێعری نەوەی نوێ کار لە خەیاڵدا ناکات و تەنها واقیع دەنوسێتەوە، نەخێر، بەڵکو شێعری نوێ کارکردنە لەنێو خەیاڵدا بۆ نووسینەوەی واقیع، واقیعێک کە مرۆی نوێ بەری دەکەوێت و ئازاری بەدەستەوە دەخوات و شێعری نەوەی نوێ پیشاندانی ژیانی نوێیە بەبێ دەمامک و ئەو لێکەوتانەی تاک لەم سەردەمە نوێیەدا بەری دەکەوێت. هەر بۆیە دەبینین زۆرجار موفرەدەکانی دونیای نوێ لە شێعرەکاندا بەکار دەبرێن. واتە ئەگەر شێعری نەوەی نوێ خاوەنی زمانێکی تایبەت بەخۆی نەبێت بۆ گوزارشت ئەوا ناکرێت بڵێین موفرەدە و دونیابینی تایبەت بە خۆی نییە. بوونی موفرەدەی نوێ و ڕەنگدانەوەی دونیابینین و بەرکەوتنی شتەکان بە جۆرێکی تر، هەنگاوێکە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی نوێی شێعریی"(١٧). ئەمەی خوارەوەیش پەرەگرافێکە لە گوتاری (بەرەو وێرانەیەکی شێعریی) کە ئەمجارە نەک منی پێ شاعیرێکی نوێگەر نییە، بەڵکوو جارێک پێی شاعیرێکی بیرنەکەرەوە و جارێکیش پێی ترۆهاتنووس و ناشاعیر و کۆیلە و ..هتد". ترم. "غەمگین بۆڵی نموونەی ئەو شاعیرانەیە، کە لەبری ئەوەی لە شێعرەکانیدا پرسیاری قووڵ و فیکری بخاتەڕوو، جۆرێک لە کۆمیدیا و قسەی بێمانای بەرهەمهێناوە، کە نە دەچێتە خانەی شێعرەوە، نە دەچێتە خانەی هیچ جۆرە دەقێکەوە، کە بنووسەکەی کەسێکی بیرکەرەوە بێت، بەڵکو دەچێتە ئەو خانەیەوە، کە بنووسەکەی تەنیا هەڵڕشتنی وشە دەزانێت" (١٨). بەراوردکردنی ئەو دوو پەرەگرافە هێندە سادەیە کە هەموو جۆرە خوێنەرێک درکی پێدەکات. ئەو جۆرە دووروویەی بنووس منی خوێنەر دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک ئەگەرەوە، یەکێکیش لەو ئەگەرانە ئەوەیە، دەشێت پێشووتر (منی شاعیر) لە بازنەی میتۆدی باشەی ئەودا بووبم و ئێستایش (منی شاعیر) لە میتۆدی خراپەی ئەودام. هەروەتریش ئەوە ڕێک هەقیقەتی گوتارنووسانی کوردمان نیشان دەدات، کە بەپێی میزاجی کەسێتی کار لەسەر دەق دەکەن. واتە دەقی نووسەر گرنگ نییە، بەڵکوو نووسەری دەق گرنگە. ئەو جۆرە هەقیقەتە پێمان دەڵێت: ( تۆ کە وەک من بیرت دەکردەوە، شاعیرێکی باش بوویت، بەڵام کە وەک من بیرت نەکردەوە، شاعیرێکی خراپی). ئایا ئەو جۆرە نووسینە دووروویانە، پێمان ناڵێت بنووسەکەی خاوەن چەقێکی بیرکردنەوەی ڕەسەن و مەعریفەیەکی قووڵ نییە؟ ئایا هەمدیسان نموونەی ئەو دوو کۆنتێکستە، پێمان ناڵێت ئەوە لە فەزای گوتاری سیاسی لە دایکبووە؟ ئایا فیلکردن لە خوێنەران، فێڵکردن نییە لە خودی خۆی؟ هەر نووسەرێک هەوڵی ئەوە بدات لە ڕێگەی گوتارەکانیەوە دووروویی و فێڵ بنووسێتەوە، باشترین سزای خوێنەر ئەوەیە نەیخوێنێتەوە. چونکە ئەمجۆرە بنووسانە مادامەکینێ دووروونە لەگەڵ خودی خۆیان و چەندان دەمامکی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشن، باشترە ڕووی

ڕاستەقینەیان نیشانی خوێنەر بدرێت. ئایا یەک ڕەخنەگری دونیا هەیە ڕێگە بە خۆی بدات لە گوتارەکانیدا دووروویی وەکوو وەهمی نوێگەریی و هەقیقەت مانیفێست بکات؟ ئەو جۆرە بنووسانەی وەکوو کاک ئارام سەدیق تووشی وەهمی فەیسبووک و سەرشاشە بوونە، هەمیشە هەوڵدەدەن وەک پاڵەوانێک دەرکەون، وەلێ بێئاگا لەوەی کە هەمیشە وەک پاڵەوانێکی دەمامکدار خۆیان نمایش دەکەن، چۆن دونیای تەکنەلۆژی پڕە لە ماسکی درۆزنانە. بۆیە بێئاگاییانە دیسان بە نووسینێکی خۆی دژی خۆی دەوەستێتەوە و دەنووسێت: " زەمینەی درۆکردن لە دونیای تازەدا ئاسان بووە، بە جۆرێک هەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەوە کانەوە تاتۆڕەکانی میدیایی، هۆکارن بۆ پەخشکردنی درۆ و گۆڕینی سیمای مرۆڤەکان و بەرهەمهێنانی درۆ و لە پاڵیشیدا شاردنەوە و کەنارخستنی هەقیقەت" (١٩).

## ٦
## لە زمانی زبرەوە، بۆ زمانی هەڕەشە

ئەوەی ئێستا لە ناوەندی ڕەخنەی ئەدەبیاتی کوردیدا دەگوزەرێت، جێگەی هەڵوەستەیەکی قووڵە، چۆن گوتراوی ناو نووسینی بەناو ڕەخنەوە، هێندە دێتە خوارەوە تا ئاستی گوتەی ناو چایخانەکان و زۆرجارانیش گوتەی میللی. ئەمجۆرە لە بنووسانە چونکە ناچارن بە میتۆدی چاکە و خراپە کار بکەن، بۆیە هەرگیز ناتوانن شتێکی نوێ بە خوێنەر بڵێن. کاتێک بەم میتۆدەیش دەقێک ڕەتدەکەنەوە و بە هیچ حیسابی دەکەن، کەچی حەوت تا نۆ هەزار وشەیش لەبارەی ئەو بەرهەمەوە دەنووسن. کاری ڕەخنەگری ڕاستەقینە ئەوە نییە قسە فڕێبدات و بەجێی بهێڵێت، ئاخر هەموو وشە و ڕستەیەک باجی دەوێت و دەبێت ئامادەییمان تێدا هەبێت بۆ ئەو باجە، ئامادەییمان هەبێت بۆ گفوگۆ لەبارەی ئەوانەی گوتوومانە. ئایا کاتێک قسەفڕێبدەین و ئامادەیی ئەوەمان نەبێت گفتوگۆ بکەین و هەمان ئەو گوتراوانەی خۆمان پێ پرسیاری مندڵانە و بێمانا بێت، نابێت بوەستین و خۆمان لە خۆمان بپرسین: بۆچی پرسیارکردن گرنگ نییە لامان؟ ئایا ئێمە لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە نییە دەگەینە وەڵامی نوێ و لە دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیەدا پرسیاری تازە بەرهەم دێت. نووسەرێک هونەری پرسیارکردنی لەلا گرنگ نەبێت، نابێت لە خۆی بپرسێت: بۆچی دەنووسێت؟ ئەمجۆرە گوتراوانە وەک تەقەکردنە بە ئاسمانی سەر سەرمانەوە و بیر لە هاتنەخوارەوەی گوللەکان بۆ تەپڵەسەرمان ناکەینەوە. بنووس چونکە میتۆدی تەنیا دوولایەنە و کە ئەمە هەمان میتۆدی ئایینە و بنووسیش بەهەمان میتۆدی ئایینی کار دەکات، کە میتۆدی چاکە و خراپەیە، میتۆدی دۆزەخ و بەهەشت، میتۆدی ڕەش و سپی ...هتد. ئەمجۆرە لە کاری ڕەخنەسازیی بە درێژایی مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی هەیە و تا ئێستایش لەلایەن ئەوانەی خۆیان بە کاری ڕەخنەییەوە هەڵواسیوە، بەردەوامی هەیە. ئاخر لە کوێی ئەدەبیات و ڕەخنەی دونیادا هەیە ڕەخنەگر بە دەقنووس بڵێت: " کۆیلە، ئەحمەق، کۆڵەوار، تڕۆهاتنووس، نمایشکار، تڕۆهات، ...هتد". لێرەوە ئەگەر پرسیار بکەم: ئایا ئەو پەیڤە جنێوئامێز و هەڕەشەئامێزانە، وشەی ناو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبین، یان وشەی ناو ڕۆژنامەی (هەولێر)ن؟ ئایا ئەو هەڕەشە و تۆمەت دروستکردنانە کاری کەسێکە کە سەروکاری لەگەڵ فیکردا هەبێت، یان کاری کادیرێکی حزبییە؟ ئایائەو جنێودانانە دەشێت کاری کەسێک بێت کە خوێنەرێکی هۆشیار بێت، یان ئەوە زمانی بەشێک لە پیاوانی توندڕەوی ئایینییە؟ بۆیە لێرەدا بەرئەو حەقیقەتە دەکەوین، کە ئەو وشانە چەندە هیی (ئارام سەدیق)ن، دوو هێندەیش هیی (ئارام کۆشکی)ین. ناچارم هێشتا پرسیار بکەم، ئەرێ خوێنەران ئێستە ئەو جۆرە لە هونەری جنێوان لەناو سیاسییە بیرتەسکەکانیش باوی ماوە؟ باشە ئەگەر کەسێک لەسەر شەقام ئەو وشانە بەرانبەر کەسێکی دیکە بەکار بهێنێت، چی ڕوودەدات؟ لێرەدا دەکەوینە بەردەم دوو ئەگەری کراوەوە: یەکەم: بەزەیی پێداهاتنەوە! چونکە مرۆڤ گۆشت و خوێنە و ئەگەری هەیە تێکچووبێت. ئەگەر وەک نووسەریش وردبینەوە، ئەوە زادەی شکستی دەروونییە. دووەم: گوتراوی میللی بە گوتراوی میللی. واتە کۆی

ئەو قسانەی گوتراون لە پەروەردەی خێزان و کۆڵانی میللییەوە هاتوون، بەو هۆیەشەوە لەبەرانبەردا مشتێک قسەی زبر ڕەوانەی خۆی دەکرێت. (جاک لینهارت) لە گوتووێژێکیدا کە نووسەر و بیرمەند (هاشم سالح) لەگەڵی سازیداوە، دەڵێت: " نووسەر کاتێک کارێکی ئەدەبی دەنووسێت بەتەنیا خۆی دەینووسێت، نەک بە بیرکردنەوەی ئەو گروپە بینووسێت کە نووسەر یەکێکە لەوان".(٢٠) باشە ئەگەر بپرسین: جیاوازی لە نێوان گوتارەکانی سەرپەرشتیارانی گۆڤاری (شێعر) دا چین، ئایا دەتوانین جیاوازییەکان نیشان بکەین؟ ئەی ئەگەر ناوەکانیان ئاڵوگۆڕ پێبکەین، هیچ جیاوازییەک هەیە؟ من وەک خوێنەرێک دەپرسم: ئایا ئەگەر ناوەکان بەسەر گوتارەکانەوە لابدەین، هەست ناکەین یەک کەس نووسیویەتی؟ ئەگەر بۆ گوتەیەکی دیکەی (جاک لینهارت) بگەڕێینەوە کە کاتێک لەبارەی ئەمجۆرە گروپانەوە دەدوێت و دەڵێت: " هەڵەی ئەمانە لەوەدا بوو، نەیاندەزانی کاری ئەدەبی زیاد لە ڕەهەندێکی هەیە و پێویستە لە یەککاتدا ئەو ڕەهەندە جیاجیایانە تاوتوێ بکرێن."(٢١).

## ٧
## ئایا بابەت دەبێتە موڵکی شاعیر؟

هیچ کاتێک ئەوە ئیشی ڕەخنەگری هۆشیار نییە، کە بەزۆری و زۆرداری هەندێک دێڕە شێعر بخاتە ناو گوتارەکەیەوە، لە جیاتی ئەوەی هەڵوەستەیەک لەسەر چەمکی کاریگەربوون بکات و پێناسەکی پوخت و زانستیانە بۆ تیۆری دەقئاوێزانی و چەمکی کاریگەربوون بکات، لە سەرەتای هەر بەشێکی پەرەگرافەکانی پێشەکییەکی بێ بنەما و دوور لە بابەتی بەرباس نووسیوە، کە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە و تەنیا مەبەست درێژدادڕی و خەسارکردنی لاپەڕەیە. بۆیە ئەگەر لە بنووس بپرسین، ئایا میتۆدێک هەیە بە ناوی میتۆدی دەقئاوێزانی؟ ئایا هەر بەڕاست کاریگەریی بریتییە لە کۆپیکاریی؟ ئایا ڕەهەندەکانی کاریگەریی چین؟ ئایا ئەو کاریگەرییە لە نائاگاییەوە سەرچاوەی گرتووە، یان لە ئاگاییەوەیە؟ ئایا لەلای بەڕێزتان شتێک هەیە بەناوی هونەری دەقئاوێزانی؟ ئەی وشەی (کۆپیکاریی) لە فەرهەنگی کامە ڕەخنەگرەوە هاتووە؟ ئایا کۆپیکاری فیکرەیە یان بابەتە؟ ئایا فیکرە دەبردرێت، یان بابەت؟ ئایا فیکرە موڵکی گشتییە یان بابەت؟ ئەی باشە دەشێت شاعیرێک لە ژێر کاریگەریی شاعیرێکی دیکەدا بێت، تەنیا لەبەر ئەوەی هەردووک شاعیرەکە باسیان لە ( خۆشەویستی و پارە) کردووە؟(٢٢) ئەی ئەگەر بنووس ئاگاداری ئەزموونی شێعری کوردی بێت، شاعیرانی دیکەی وەک (ئەحمەد هەردی)یشمان نییە لە دەقی (ست فاتیمە)دا باسی هەمان بابەتی کردووە؟ ئایا ئەگەر شاعیرێک باسی بابەتێک یان چەمکێکی کرد، شاعیرانی دیکە مافیان نییە باسی ئەو بابەت و چەمکانە بکەنەوە؟ ئەگەر سەیری ئەدەبیات و دراما و فیلم و شانۆ ..هتد بکەین، هەزاران بابەت لەبارەی (خۆشەویستی و پارە)وە نووسراون و کراون. بۆیە ئەگەر بپرسین، ئایا منی شاعیر لە ژێر کاریگەریی (عەبدوڵڵا پەشێو)دام؟ کەوایە بۆچی دەیان نموونەی دیکەت ڕیز نە دەکرد بۆ ئەوەی گوتە سواوەکانت نەبنە نوکتەیەکی بێبەمای ئەدەبی؟ ئایا دەکرێت نموونەکەڵێکمان بۆ دەستنیشان بکەیت لە نێوان کتێبە شێعرییەکاندا؟ وەک ئەوەی کە وەک نوکتەچییەکی خراپیش لە گوتارەکەی دەردەکەوێت و نوکتەکەی (بەرناردشۆ) دەگێڕێتەوە، وەلێ ئەوەی سەیرە زۆر بەخراپی دەیگێڕێتەوە و تەنانەت ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو گوتەیەی (بەرناردشۆ) ناکات. ئایا ئێستا دەکرێت بزانین سەرچاوەی ئەم گوتەیە لە کوێ هاتووە؟ لێرەدا (منی نووسەر) وەک خوێنەرێک خۆم پێشکەیش کردووە و تەنیا دەمەوێت پرسیار بکەم،



وەلێ ئەگەر پێویستی کرد لە داهاتوودا ئاماژە بەسەرچاوەی ئەو گوتەیەش دەکەم. ئایا کەسێک خۆی پێ (ڕەخنەگر) بێت بە تاقە نموونەیەک واز لە بابەتێکی وەها کاریگەر دەهێنێت؟ بنووس بەوەش ناوەستێت، چۆن وەک لە بەشی یەکەم ئاماژەم بۆی کرد نووسینەکەی پەرشوبڵاو و بێ بنەمایە. جارێک منی شاعیر بە کۆپیکاری (عەبدوڵلا پەشێو) و جارێک بە کۆپیکاری (عەباس عەبدوڵلا یوسف) و جارێکیش بە کۆپیکاری( ماردین ئیبراهیم) دادەنێت؟ هەروەتریش بە کۆپیکاری ( قوبادی جەلی زادە) و ( ئەنوەر مەسفی ) و ( جەمال غەمبار)یش. بنووس چونکە هیچ بابەتێکی هاوبەشی لە نێوان شێعری (منی شاعیر) و ئەو شاعیرانە نەدۆزیوەتەوە، تەنانەت ئاماژەی بە تاقە دێڕێکیش نەکردووە. گوتارەکەم وەک خوێنەرێکە و بۆیە دەبێت زیاتر پرسیار بکەم، ئەگینا یەک بە یەکی ڕستەکان و پەرەگرافەکانی وەڵام دەدەمەوە، وەلێ ئەگەر لە داهاتوودا پێویستی کرد بۆیان دەگەڕێمەوە و لەبارەیانەوە بە وردی هەڵوەستە دەکەم و دەنووسم. ئایا دەکرێت بنووس بیست دێڕە شێعری کاریگەربوو بەو شاعیرە بنووسێت؟ ئایا ئەوە جگە لە قسەفرێدان هیچ مانایەکی دیکەی هەیە؟ تۆ بەبێ ئەوەی ئاماژە بە دەقەکان بکەیت و قسەیەکی لەمجۆرە بکەیت؟ ئاخر بنووس لەوە بێئاگایە کە هەموو وشەیەک باجی خۆی هەیە، وەک چۆن هەموو کردەوەیەکیش هەیەتی. ئایا ئەوە ناچێتە ناو هەناوی گوتاری سیاسیی کوردییەوە، کە لەسەر بنەمای قسەی فوودراو و درۆی ڕەنگاوڕەنگی کادیرانی حیزب و بوختان و تۆمەت دروستکردنی ڕاگەیاندنەکانیانەوە وەستاوە؟ بنووس لەبەر ئەوەی خاوەن دیدگەیەکی ڕوونی ڕەخنەیی نییە و زۆر خێلەکیانە و بە زمانی گوتاری سیاسی و زمانی گوتاری ئایینی دەنووسێت، بۆیە هێشتا خۆی یەکلانەکردۆتەوە لە نێوان وشەی (بنووس) و (شاعیر). بنووس جارێک منی تەنها پێ بنووسێکە و جارێکیش منی پێ شاعیرە. وەک ئەوەی بنووس نووسیویەتی: " لای ئەم بنووسە- کاتێک بنووسێک خەمی شێعریی نییە - ئەم بنووسە —بنووس شەرم لەوە ناکات — جارێک شێعر لای ئەم بنووسە — ئەم بنووسە بەردەوامە — بەڵام لای ئەم بنووسە —بەڵکو شێعر لای ئەم بنووسە- ئاستی ژیاندۆستی ئەم بنووسە —ئەم بنووسە — ئەم بنووسە نمایشکارە — هی بنووسێکە...هتد" (٢٣) وەلێ لێرەدا بنووس تووشی پارادۆکسی بۆچوونەکانی دەبێت و لە هەمان پەرەگراف و بەشدا (منی بنووس) دەبێتە (منی شاعیر). وەک: " غەمگین نموونەی ئەو شاعیرانەیە — جیاوازبوونی ئەزموونی ئەو شاعیرە نییە —غەمگین بۆڵی لەو شاعیرانەیە —ئەگەر بەوردی سەرنجبدەینە دەقەکانی ئەم شاعیرە — بەڵام لای ئەم شاعیرە — بەڵکو دەربڕی ئەو پابەندییەی شاعیرە — شێعری ئەم شاعیرە هەڵگریەتی — لای ئەم شاعیرە." (٢٤). ئەگەر بە سادەترین پرسیار لە بنووس بپرسین: ئایا ئەگەر شاعیر نییە و بنووسێکی تڕۆهاتنووسە، ئەی ئەم گوتراوە شاعیرانەیە بۆچییە؟ ئایا ڕەخنەگری ڕاستەقینە بەبنووسێکی تڕۆهاتنووس دەڵێت: شاعیر؟ ئایا ئێستا ئەگەر خۆت یەکلابکەیتەوە، کامیان هەڵدەبژێریت؟ بنووس هێندە کۆمێدییە و بەمە ناوەستێت، وەک ئەو سەیاق ترۆمبێلەی کە سووکانەکەی لە دەست وەری گرتبێت و دەنووسێت: "دەیەوێت لاسایی شاعیرانی ڕۆژهەڵات بکاتەوە." (٢٥) ئێستا دەکرێت بنووس بۆمان بنووسێت، منی شاعیر لە ژێر کاریگەری کامیانم؟ ئایا ئەگەر ئەوە قسەفرێدان و جۆرێک لە بوختانی گوتاری سیاسی نەبێت، بۆچی ئاماژە بە بەناوی ئەو شاعیرانەی ڕۆژهەڵات نەکراوە؟ ئەگەر تەنیا مەبەست ناوزڕاندن و نموونەی تێنەگەیشتووش بێت، گرنگە ئاماژە بەناوەکانیان بکەیت. ئایا ئەو شاعیرانە کێن؟ نموونەی شێعرەکان کامانەن؟ ئایا وشەفرێدان بەناوی ڕەخنەوە، باجی ناوێت؟ وەلێ ئەوەی سەیرە بنووس پەیڤی( دەیەوێت)ی نووسیوە. واتە بنووس هێشتا خۆی دڵنیا نییە کە (منی شاعیر) کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتەوە یان نا. ئایا فەرمانی (دەیەوێت) ڕابردووە، یان ڕانەبردووە؟. ئەگەر بە پێوەر و لێدانەوەی ئەو وشەیە (دەیەوێت) بێت، منی شاعیر (دەمەوێت) وابکەم، واتە لە هەوڵدام و هەوڵدەدەم و هێشتا نەمکردووە و کردەی کاریگەربوونەکە نەکراوە، وەلێ بە پێشبینی بنووس لە داهاتوودا ئەو کاریگەرییە ڕوودەدات. واتە بنووس ڕۆڵی سیحربازێک دەبینێت و پێشبینی دەکات، یان وەکوو فاڵگرەوێک فاڵێگرتۆتەوە و لەوانەیە و بەپێی سیحر و نهێنی ناو ئەو فاڵەدا، لە داهاتوودا (دەیەوێت - دەمەوێت ) لاسایی شاعیرانی ڕۆژهەڵات بکەمەوە.

## ٨
## گۆرانییەکی شین

نووسین چەندە بەرپرسیارەتی بێت، هێندەیش ئەخلاقە. ئەخلاق وەک ڕێچکە نا، وەک ئامانەتی زانستی. ئێمە ئەگەر بڕیارە هەر بنووسین و بنووسین، ناشێت دەستکاری گوتراوی کەسانی بەر لەخۆمان بکەین و بەهەڵەیەکی ساختەچییەتی جۆرێکی دیکە نیشانی خوێنەر بدەین. ئەوەیش تەنیا لەبەر ئەوەی گوتارەکەمان لاپەڕەی زیاتر خەسار بکات و شوێنی درێژدادڕیش نەمابێتەوە. باشە ئەگەر بەڕێزت باسی (کۆپیکاریی) دەکەیت، ئەی بۆچی ئاماژەت بەوەشت نەداوە کە گوتاری (شێعر لە بۆتەی فۆرمی گراندا) لە ژێر کاریگەریی گوتارەکەی من ( گۆرانییەکی شین)دا نووسیوە، کە هەردووک گوتارەکە ڕەخنەگرتنە لە ئەزموونی شێعری شاعیر (ئەنوەر مەسیفی). بۆ ئەوەی قسەکانمان بەبێ بەڵگە و ڕووت نەمێننەوە، ئێستا تەنیا ئاماژە بە پەرەگرافێک دەکەم، وەلێ ئەگەر پێویستیکرد لە داهاتوودا بۆی دەگەڕێمەوە و وردتر هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکەم. بنووسی بەڕێز ئارام سەدیق لەبارەی ئەزموونی شاعیر (ئەنوەر مەسیفی)یەوە لە گوتارێکیدا بەناونیشانی ( شێعر لە لە بۆتەی فۆرمی گراندا)، نووسیویەتی: " ئەوەندەی من لە ئەزموونی شێعریی ئەنوەر مەسیفی وردبوومەتەوە بەتایبەت ئەو قۆناغەی ناوی فۆرمی گرانی لێناوە ئەوەندە لە هەوڵی ئەوەدایە کە دونیای باو تێپەڕێنێت، ئەوەندە مەبەستی نییە دونیایەکی نوێی شێعریی بونیاد بنێت، خۆ ئەگەر بونیادیشی بنێت ئەوا دونیایەکە بەسەرخۆیدا داخراوە و وەکو کۆشکێکی بێ دەرگا و پەنجەرە وەهایە و بە تەنها یەک دەلاقەی هەیە ئەویش نووسەر لەوێوە دەچێتە ژوورە و ئیتر نە دەنگی بە (خوێنەر/وەرگر) دەگات و نە هیچ ئاسۆیەکی نوێش لەبەردەمیدا دەکاتەوە." (٢٦). ئەوەیش پەرەگرافێکە لە گوتارەکەی من: "زۆرجار شاعیری ناوبراو بەهۆی جوایەزنووسین و خۆلادان لە فۆرمی باو، شێعرییەتی خۆی لە ناو شێعرەکانیدا کوشتووە. بۆیە پێمواپە ئەنوەر مەسیفی وەک تەکنیک و فۆرم بەرەو ئاسۆی جوان هەنگاوی ناوە، وەلێ وەک کارکردن لە ناوەوەی شێعرییەتدا لە ئاستی خۆلادان لەو فۆرمی سواوەدا نییە، یاخود بینای شێعرەکانی بێ دەروازەن و ئەو دەروازانەی ئەگەریش هەبن، داخراون! دەقی داخراوی بەو چەشنەیش فەزا شاراوەکانیشی دەکوژێت و کۆدەکانی دەبنە وەڵامی مەتەڵێک. ئاخر مەتەڵیش بەرشەقی بیرکردنەوەی تێدا دەمێنێتەوە، کەچی بەشێی زۆر لە دەقە شێعرییەکانی ئەنوەر مەسیفی بەرشەقی بیرکردنەوەشیان تێدا نییە." (٢٧). ئەم گوتارە لە کتێبی (گۆرانییەکی شین)دا هەیە و لە ساڵی (٢٠١٢) چاپ و بڵاوکراوەتەوە و ساڵێک پێشتریش لە سایت و ڕۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە. کەچی بنووس لە ساڵی (٢٠١٦)دا نووسراوە. باشە ئەگەر کەسێک هەمان کتێبی وەک سەرچاوەی گوتارەکەی بەکارهێنابێت و لەو وەهمە ساختەچییەتییەش چووبێتە دەرەوە کە کتێبەکەی نەخوێندبێتەوە، ئایا فێڵ لە خوێنەر دەکات؟ ئایا بنووسێک فێڵ لە خوێنەر بکات، فێڵ لە گوتراوەکان و دەقەکانیش ناکات؟ ئەی چۆن ساختەچییەتی لەگەڵ ناوەوەی خۆشیدا ناکات؟ ئەگەر بەهەمان فەزای نووسین و گوتراوەکانی ئەو بپرسینەوە، ئایا ئەگەر ئەوە کۆپیکاری نەبێت، چیترە؟ کەسێک بە بەردەوامی قسەی سواو لەبارەی ڕەخنەوە بکات، ئایا شیاوە بیرۆکەی گوتارێک لە نووسەرێک بەرێت و دواتریش ئەو نووسەرە بە کۆپیکار و تڕۆهات و بیرنەکەرەوە بزانێت؟ ئایا ئەگەر ئەو نووسەرە کۆپیکار بێت، بەڕێزت بۆچی کۆپیکاریی کۆپیکارێک دەکەیت؟ ئایا بۆچی لە گوتارەکەتدا ( شێعر لە بۆتەی فۆرمی گراندا) ئاماژەت بەوە نەداوە کە سوودت لەو گوتارەم (گۆرانییەکی شین) وەرگرتووە؟ ئایا کەسێک باسی کۆپیکاری بکات، خۆی کۆپیکاری دەکات؟ (گۆرانییەکی شین) ناوی کتێبی ڕەخنە و ڕاڤەگەریی ئەدەبی منە و ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی هەولێر چاپکراوە(١٤). بنووس لە گوتارەکەیدا خۆشبەختانە ئاماژەی بەم کتێبە داو و لە پەراوێزی گوتارەکەدا نووسیویەتی: " غەمگین بۆڵی لە کتێبی گۆرانییەکی شین، لە گوتارێکی بەناوی (شێعر پێشەکی بۆچییە؟) ناوی چەندان شاعیر ڕیز دەکات، کە خۆی پێشەکی بۆ نووسیون و توانیویەتی لەو پێشەکینووسینانەدا ڕێچکەی پێشەکینووسینی تەقلیدی بشکێنێت." (٢٨) بنووس یان لە گوتارەکەم تێنەگەیشتووە، یان ئەوەتە بە دیدگەیەکی ساختەچییەتییەوە ئەوە لە پەراوێزدا بنووسێت. ئەو گوتارەم (شێعر پێشەکی بۆچییە؟) ڕێک

پێچەوانەی بۆچوونەکانی بنووسە و لەم گوتارەدا ڕەخنەم لە خۆم گرتووە، نەوەک بانگەشەی ڕێچکەشکێنی پێشەکینووسین بکەم. ئەو چەند نموونەیە لە گوتاری (شێعر پێشەکی بۆچییە؟) وەک پرسیار دەخەمەڕوو بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران ڕوون بێتەوە. "من دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کەوا شێعر نووسینی پێشەکی پێویست نییە و کتێبی شێعری هیچ پێشەکییەک لە خۆیدا قبووڵ ناکات."(٢٩) هەر لە درێژەی ئەو گوتارەدا نووسیومە: "گەلێک چەپڵەی نێونووسینم لە پێشەکی نووسین بۆ شێعری چرووک لێداوە، بە وشەی بریقەدار سینگی لافی گەورەبوونم دەرپەڕاندووە."(٣٠) ئەگەر بپرسین: ئایا ئەوە ڕەخنەگرتنە لە خۆم، یان لافی ئەوەم لێداوە کە ڕێچکەی پێشەکینووسینی تەقلیدیم تێکشکاندووە؟ ئایا دەکرێت لە بنووس بپرسین کە ئەو گوتەیەی هەوێنی چییە؟ ئایا لە کوێی ئەو گوتارەدا باسی ڕێچکەشکاندنی پێشەکینووسینی تەقلیدی کراوە؟ ئایا دەکرێت نموونەکان بخەیتەڕوو؟ بنووس لەبەر ئەوەی بڕوای بە ئامانەتی زانستی نییە و پەراوێزەکان بە ئارەزووی خۆی دەنووسێت و دەستکارییان دەکات، ئەمجارەیش ئاماژەی بە گوتەیەکی هایدگەر کردووە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناوی هایدگەر هاتووە. واتە گوتەکە دەستی دووە و نووسەرێکی عەرەب ئاماژەی بە گوتەکە کردووە لە کتێبی (چییەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل) کە لە نووسینی (د. سەعید تۆفیق)ە و لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ (عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا) کراوەتە کوردی. بنووس بەبێ ئەوەی بۆ سەرچاوەی ڕەسەنی گوتەکە بگەڕێت و بزانێت هایدگەر چی گوتووە و بۆچی وای گوتووە و لە کوێ وای گوتووە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی ناوی هایدگەر هاتووە و لەناوی هایدگەرەوە تووشی وەهمی ناو بووە. ئەمجۆرە بنووسانە هەمیشە بەدوای ناوی گەورەوەن، نەوەک ناوەڕۆکی گەورە. هەمیشە وەهمی ناویان هەیە و حەز دەکەم زۆرترین گوتراوی نووسەر و بیرمەندان لەناو گوتارەکانیاندا هەبێت، بەبێ ئەوەی بپرسن: بۆچی؟ بۆیە بنووس نووسیویەتی: "کاتێک هایدگەر لە بارەی شارەزایی شێعریی دەدوێت، ئەوە لە پلەی یەکەمدا مەبەستی شارەزاییە لە بیرکردنەوەی شێعری، کە لە هەموو هونەرێکدا وەک یەکە، هەموو بیرکردنەوەیەکی ڕەسەنیش واتە کردەی کێشکردن و دەرخستنی بوون بۆ (کرانەوە). کەواتە هەموو هونەرێک بە مانا بەرفراوانە جەوهەرییەکەی شێعرە، یان دەبێت بە شێعر، وەک چۆن هەموو هونەرێک زمانە، بە مانا جەوهەرییە بەرفراوانەکەی زمان."(٣١) لێرەوە ئەم پرۆەی نووسینە دەوەستێنم و هەرکات پێویستی کرد، بۆی دەگەڕێمەوە و درێژە بەبەشەکانی دیکە دەدەمەوە و ئەو خاڵانەی بە کورتیش باسم کردوون، دووبارە بە وردی و درێژی لەسەریان هەڵوەستە دەکەم. هەر بۆیە نەمنووسیوە بەشی کۆتایی.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١- بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سـەدیق. ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە ١٧٥.
٢- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ١٧٧.
٣- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ١٧٦.
٤- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ١٧٦.
٥- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ١٧٦.
٦- خـولیـای نووسین، ڕەزا بـەراهەنی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی. بڵاوکراوەی موکریان، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپخانەی (خانی) دهۆک- زنجیرە(٢٩٠).
٧- جوانییەکانی نارێکی/بەختیار عەلی/ کۆمەڵەوتار/ بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیریو هونەری ئەندێشە – چاپی یەکەم ٢٠١٥ . لاپەڕە -٨ ٩.
٨- بەرەو وێرانەیەکی شێعـریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سەدیق. ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە ١٨٨-١٨٧-١٨٠.
٩-کۆکردنەوەی دژەکان. ئارام سەدیق- سایتی دەنگەکان: dengekan.info
١٠-شێعر و دۆخی بە لێبوکبوون/خوێندنەوەیەک بۆ شێعری "لێبوکێک لە ژوورێکدا بیر دەکاتەوە/ئارام سدیق؛ هەمان سەرچاوە
١١-بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سەدیق. ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە ١٨٧-١٨٦.
١٢-سروشتگەرا، یان دژە سروشتگەرا / ئارام سدیق/ سایتی دەنگەکان
١٣- نامۆبوونی خود لە بەردەم بووندا- خوێندنەوەیەک بۆ شێعری (سادە بۆ من ئەم دنیا تازەیە)ی داستان بەرزان – ئارام سدیق/ هەمان سەرچاوە
١٤- شێعر و دۆخی بە لێبوکبوون/خوێندنەوەیەک بۆ شێعری "لێبوکێک لە ژوورێکدا بیر دەکاتەوە"ی شاعیر داستان بەرزان- ئارام سدیق/ هەمان سەرچاوە
١٥-درۆ و مۆدێرنە لە شێعریی حەقیقەتی شاراوەی (گۆران ڕەسوڵ)دا/ ئارام سدیق/هەمان سەرچاوە
١٦-بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سەدیق. ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە ١٨٥.
١٧-درۆ و مۆدێرنە لە شێعریی حەقیقەتی شاراوەی (گۆران ڕەسوڵ)دا/ ئارام سدیق/سایتی (دەنگەکان).
١٨-بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سەدیق. ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە ١٧٩.
١٩- درۆ و مۆدێرنە لە شێعریی حەقیقەتی شاراوەی (گۆران ڕەسوڵ)دا/ ئارام سدیق/ سایتی (دەنگەکان).
٢٠- ڕەخنەی ئەدەبی، هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی. کۆمەڵێک نووسەر. وەرگێڕانی: چەند وەرگێڕێک – زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم (٢٦). چاپی یەکەم ٢٠١٧. چاپخانەی سەردەم. - لاپەڕە ٨٦.
٢١- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٧٩.
٢٢- بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سەدیق ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە ١٨٢-١٨١.
٢٣-بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕەکانی ( -١٧٨ -١٨٩-١٨٨-١٨٨-١٨٧-١٨٧-١٨٦ ١٩٢-١٩١).
٢٤- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕەکانی (-١٩٢-١٨٦-١٨٦-١٨٥-١٨٤-١٨٠-١٧٩ ١٩٣).
٢٥- بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سەدیق ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە١٨٣.
٢٦-شێعر لە بۆتەی فۆڕمی گراندا (ئەنوەر مەسیفی وەک نموونە). ئارام سەدیق. ژمارە دووی گۆڤاری شێعر، ساڵی ٢٠١٦.لاپەڕە ٢٤٤.
٢٧- گۆرانییەکی شین. ڕەخنە و ڕاڤەی ئەدەبی، غـەمگین بـۆڵی. لـە بڵاوکـراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر. زنجیرەی چاپ (١٥) چاپی یەکەم ٢٠١٢. لاپەڕە ٨٤.
٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو – وتاری (شێعر پێشەکی بۆچییە؟). لاپەڕەکانی ٥٧ تاکوو ٦٣.
٢٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو – وتاری (شێعر پێشەکی بۆچییە؟). لاپەڕە ٥٨.
٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو – وتاری (شێعر پێشەکی بۆچییە؟). لاپەڕە ٦٠.
٣١- بەرەو وێرانەیەکی شێعریی، سەبارەت بە شێعری "غەمگین بۆڵی". ئارام سەدیق. ژمارە (٦) ی گۆڤاری شێعر ٢٠١٨. لاپەڕە١٩٧.


*(بۆچی مێش کرێچی ناو شەکردان نەبێت؟) ئەوە دێڕە شێعرێکە لە کتێبی (برینەکان گۆرانیمان پێدەڵێن)ە. بنووس لە گوتارەکەیدا بە دێڕە شێعرێکی بێمانا و گوتراوێکی سواوی داناوە، بۆیە منیش کردوومە بە ناونیشانی گوتارەکەم بۆ ئەوە هەم بنووس دووبارە بیخوێنێتەوە و بیر لەماناکانی بکاتەوە، هەمیش ماناکانی بۆ خوێنەری هۆشیار بەجێبهێڵم و بپرسم: ئایا ئەوە دێڕە شێعرێکی بێمانایە؟

** (ئارام کۆشکی) ناوێکی دیکەی (ئارام سەدیق)ە و لە ژێر ئەم ناوەوە کاری پەیامنێری بۆ ڕۆژنامەی (هەولێر) دەکات، کە ڕۆژنامەیەکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان. خوێنەران دەتوانن سەیری ئەرشیفی ڕۆژنامەکە بکەن، بەتایبەت لاپەڕەکانی ئەدەب و فەرهەنگ. زۆرجارانیش لە لاپەڕەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گشتی، کە بەناوی ئارام کۆشکی یەوە کاری ڕاپۆرتنووسین و هەواڵنووسین و ڕانانی کتێب دەکات.



کارتۆن: سۆران کوردپوور




هاهاهاهاها... دەی خاس، ئیتر هیچ مەیژن. بێ سەروسەدا دانیشنە جێی خۆتانا ئاباتان هاتگە فەرمایش ئێژێ. وەقتێ ئاباتان هەس یەعنێ چە؟ یەعنێ ئەدەبیات تواو ئیتر، کەس حەق ئیزهار نەزەری نییە لە مەحدوودەی منا. مەحدوودەی من یەعنێ چە؟ یەعنێ ئەو فورمە لە ئەدەبیات کە نە سوارە دەرەقەتی هاتگە نە نەسلێ مەلەکشا و چتە و نە ئەم منالەوردەگەلە کە ئیسە پەیا بووگن ئیدعاگەلێ عەجیب ئەکەن ناچێتە کەتما. عەجەب وشترگەلێکن ئەمانە لە ئەدبیات و شێعر و ئەم بەرە پانە زەریفەی ئیما پەیا بووگن، خواوەکێل. ئەدەبیاتی ئیما تا ئیسە هەر ناوگەلێزمی بووگە، ئیسە هێنگامێ کوعەیبیزمە ئیتر، ئەویچ لە حەجیمترین شکڵێ خۆیا. ئیجازەش بە کەس نام لە موقابڵ ئەم مەکتەبە زەحمەت لە پایا کێشریاگەی منا، قەد عەلەم کا، لووتی ئەورم. ژنەفتگمە بەرخێ دانیشگن منیان مسلێ تەهدیدێک بۆ ئەدەبیات و زمان کوردی بە حساب هاوردگە. وردەو تا بێژمی بۆتان: تازە ئەدەبیات هیچ مللەتێک و قارەیک، چتێ وەک من بە ڕوخساریەو ناوینێ. دقەتتان نییە، شعوورتان ها لە خوارەو ئەگینا زمانێ مسلێ زمان من کە بە جورئەتەو ئەیژم زمانێ کامڵەن زیست شودەس و ئەتانم بێژم ساڵگەلێ بسیار دانیشتگم لە پای ئیحیای ئەو زمانا، وەختم سەرف کردگە و لە سەر واژە بە واژەی حەساسەو بووگم و جوملە بە جوملەیم بە خوێن دڵ ئینتخاب کردگە کە خوانەخواست بۆی نەک هەر زمان فارسی، کە هیچ زمانێ تری لێ نەیێ؛ تا ئیسە کام شاعیر و ماعیرتان دیگە لەم جۆرە زمانە بەکار بگیرێ؟ گشت دنیای ئەدەبیاتتان کردووەتە بەرەبەنی و دەسەبازی، هەرچێ مۆهر خۆتانی پێوە نەبێ، ئەیژن ئەوە ئیتر هیچێ نییە. دەی خوا وەکێل منیچ لەمە بەدوا دەسەبازیەک ئەخەمە ڕیگەو خۆتان کەیف کەن. مەیژن ئیسە ئەم دووسێ گەوجە چڵمنە هانە تەکما چە ئەزانم واسە لە چەکمەکان هیتلەر و سوێڵە تەقلیدگەرەکەی ئەو هەتیمە ئەردوغانە کە مودەتێکە بووەسە مود، گشتی وەک مسال ئەیتێرنەو، تەک چە ئەزانم سەگە کەرەکەی پینووشەی ماڵ ڕمیاگ، خراوترن کەفتگنە شوێنما خەریکم نوچە جەمەو ئەکەمەو، نا خوا ئەیزانێ. من نیازێکم بەو چتگەلە نییە و تا ئیسە تەسمیمێ وامە نەگرگە کە دانیچم کارێ وا کەم. خۆتان ئەزانن من ئەوەندە سەرم قاڵە گ ڕۆژێ کتێبێ دوان موتالەعە ئەکەم، نۆتبەرداری خۆم ئەکەم، کار جددی فرەیک ها بە دەسمەو، ئیتر ئەو گشتە سەفەرە لە لایک بێسێ ئەمانمیان لێ بریگم گ ڕۆژێ شار و شار پەردە و مەردەم پێ لائان و پەتە و مەتەم تیا با ئان. هەهەهەهە ئەوە مەحزێ شوخی بوو، ئەگینا لە مادەر خۆی نەزادگە کەسێ گەرەکی بێ کار وا تەک ئاباتانا بکا. بەحسێ سەگەکەی پینووشەم کرد لە خەمەتانا و توم سەگێ کەر. جا با تا فەرامۆشم نەکرگە بێژمی هەر لەم ئەوەڵەو ئێعتراف کەمە خمەتانا کە لە توول پانایی‌گەل زندەگیما، گەلێک حەیوانم دیتگە کە حەیوانێ تر بووگن خاس بزانن. مسلێ: جار و بار تعدادێ سەگ کە چەنی کەر بووگن، یا فرەیک کەر کە چەنی گوێرەکە بووگن، یا ئەو گشتە گوێرەکە بۆچە نایژن کە چەنی مەیموون بووگن، یا خەیر، ئەو تعدادە مەیموونگەلە کە ئەم مودەتە پەیا بووگن و گشتی ئەزانن چەنی سەگ بووگن و هەرچێ کار خراوە ها لە ژێر سەر گشتیانا. لەم ئاخرانەشا ئەو هەزار و یەک وشترە ناهوشیارە کە ئیتر خۆتان ئەزانن چەنی خرس قەهوەیی بووگن —کە خۆتان موستەحزەر هەن ئەم ڕەنگ قەهوەییە هی منە، ئەوەڵ جار من لە شێعرا هاورتگمە- کەچی موراقب گشتی

ئەو دەسە کەسیفانە هەم کە شەو و ڕۆژ مەشغووڵ دەسیسەبازین لە پشت سەر ئاباتانا کە نەیڵن قوولـەی بڵندی ئەدەبیات خسووسەن لە شێعرا بە دەس منەو فەتح بکریێ. ئەچن بەو وشترگەلە کە عالەم ئەزانێ خرس قەهوەیی و بەعزێ وەقتگەلیش خرسێ پاندان، ئێژن ئەمانە کوعەیبن. دەی خوا خاستان بۆ نەکا تا ئیسە لە کوێنا منتان دیگە ڕوو کەمە ئەو گشتە دووربین و مایکە کە لە گشت خەبەرگوزاریکەو بۆ پەردەلادان لە سەر کارە تازەکەم کە ٦٦ نوسخەم لێ چاپ کردبوو –چونکە کورد هەر ئەونە خوێنەری هەس– ئیلتماس کەم لیبیان بێژم گیان دایکتان زوو زوو عەکسێ من بگرن و فیلمم لێ مونتەشر کەن با گشتی بوینن چەم بەسەر ئەدەبیات کوردیا دەرهاوردگە. بێژم ئەم تەرەف و ئەو تەرەفم گشتی بگرن، خسووسەن نۆچە تیووبەکانم فەراموش مەکەن تا پەنچەرەو نەبووگن، دەی دڵم زیرەی کرد. خۆتان ئەزانن هەر ئەونە ئەو گشتە خەبەرنگارە مەیموونە، دەست ئەبەن بۆ شاتێری دووربینگەلەکەیان، ئێژی دەست ئا لە گون شاترحەماوای باوکی زرەیدوون هاوسای ماڵ باوام. ئەخم ئەکەم، ئەیچە چون ئەخم ناکەم؟ کە بێژن تەرەف فرەی حاڵییە و ئەونە کاری هەس، واسە هەواپەیما؛ نەفرێ، ئەترێ وەقەور باوک ساحەو ئەو مێلوورانەی هانە ڕیگای دانشگا کورسانا بۆ شرکەت لە سەمکوزیۆمی ئەدەبی کوردی. چە؟ سەم چە؟ سەمبۆزیۆم... چە چە؟ دەی خاس هەر ئەوە وا تو ئەیژی سەمپوزیۆمە هەرچێ... بەعزێ هاتگن ئیدعا ئەکەن ئەیژن ئەم جۆرە چتگەلە ئیتفاقێ جەدیدە لە ئەدەبیات ئیما کەفتگە. ئەوەڵەن با هەر ئیسە بێژمێ: لازمە خاس بیزانن و بینێنە مەغزتانەو کە گشتی ئەو ئیتفاقگەلە لە ژێر قۆڵ منەو تێنە دەر و کەسیک حەق ئەوەیە نییە بێژێ غەیرە من، ناو ئەم ئەدەبیاتا، خەوەرێکە. نگاهیک بە گشت عەکس و ویدیۆگەل ئەو مەراسماتا بکەن، ئەوینن ئەوە کیە ها لەو پشتەو کۆنترۆڵ وەزعەکە ئەکا. ئەیچە ئەسپاو! ئەوە تویی هیچێکت لێ حاڵی نییە و نافامی، بەدجۆرێ خەریکە وەقتمان ئەگیریێ ئەم بەچەگەلە نایڵن کار بکەین و مانعێ جددی ئافەرینشگەل ئیمەن، ئەرێ، بەدجۆرێ موزاحم ئاباتانن. هەرچێ من ئەیژمێ چتێک ئەکەن تێ، کە خراوە، خراو خراوە... بەعزێ شایەد گەرەکیان نەوێ ئیما واکونش نیشان بەین ئەویش چە: دەقیقەن واکونشێ بە وەزنێ ئەو چتە کە ئەوان ئەیکەن تی و فرە فرە خراوە، ئەرێ: "گوو"، ئەڵبەتە مەعزەرەتێ فرەم هەس لە خەمەتانا، مشتێ بێ ئەدەب گەل دێهاتی ترووەقەورباوک ساحەویانا باریاگ، منیچیان بێ ئەدەب کرگە. ئەگینا لەو ساوە کە بەهاران بووگەسە بەرتەرین شارەک خاوەرمیانە و ماڵ ئێمەیچ –خۆتان کە خاس ئەزانن– ها لێنە، بە گوو ئەیژین مەدفووع و بە گیان ئابرام ئەمە یەک ئەو ناوە بوگەنە بێتە سەر زمانما. بچینەو سەر بەحسەکەی خومان وەقتێ مەجلس بەو جۆرە قسەگەلە نەگرین خاسترە. مەردم هاتگن چتێ فێر بن. ئەمئێژا کە ئاباتان چ حەرەکەتگەلێ جددی لە ئەدەبیات کوردیا دروست کرگە کە گشتی ئیتفاق گەلێ بوون کە تازە ڕوخ نایەنەو. بچنە سەر شێعر و تواشا کەن گیان داڵکتان خوتان قەزاوەت کەن بزانن چون ئەو گشتە بەرەبازیەم تواو کرد و بە کتێبێ کە چ ئیتفاقێ موهیم بوو لە ئەدەبیات بەرەی ئیما کە خوتان ئەزانن ناویچی "گێر" بوو، گشتیم هەڵگێراوە بەلای خوما و گشتیانم دەست خاڵی هێڵاوە. ناگوفتە نەمانەد من هەمیشە وتگمە –حەتا لەو کتێبا– و ئیسەش ئێژم: ئەگەر شێعر چە وتن بێ، ئەوە ئا کەیهان هاوسای ماڵ باوام کە چون لەوساوە باوام عومری داگە بە ئیوە، سایەی ها وەبان سەر مامۆ و عەممەکانمەوە و ڕۆژ تا ئێوارە ڕوو لە دەرگای ماڵی باوام ئەوێسیێ تا بزانێ کاریکیان هەس بۆ مەمان باوکمی ئەنجام با و هەر بە شیعر دێت و ئەرێ کارەکان ماڵ باوام ئەنجام ئا؛ ئەتوانێ ئیدعا بکا کە چە؟ ئەرێ، کە شاعیرم و ڕاسیش ئەیژێ بەنەی خوا، شاعیرە. بەڵام لە دەورەی ڕەزاو بۆ ئەمبەر... ئەوە چەس لە خووە گەرەکتە بمکەیتە نۆچەی ئەو هەر کەس و ناکەسێ لە پشت کێفەو هاتگە، مەنزوور من ڕەزا بەراهەنییە! ئاغا ڕشتەی بەحس لە دەسم خارج مەکە خواییشەن. وەڵڵا... ئاخر ئەوەندە موتەهەممتان کرگە بە نوچەگێ ئەم و ئەو، گ ڕایک مەجبوورم ئەکەن بێژم مەنزوورم بەراهەنی بووگە واسە ئەو هەتیمە یەدە ڕۆئیاییە ئێژێ ئەم گوفتارە جددییە زیست شودەی خۆم کە خوێن دڵم لە پایا خوارگە، لەوم دزیگە. دەی ئابرا گیان یەکێ بێ ئەم تاریخچەی شێعر حەجمە موشەخەسەو کاتەو بۆ مەردم بەنەی خوا حەقیانە بزانن حەجم لە ئابرای خۆتانەو دەسێ پێکرد و ئەم مەسەلەیشە حەرف و حەدیسێ فراوانی هەس کە ئەگەر ئیجازە بەن لە سەرێ وەقتێکی خاسا ئێژمی بۆتان. وەلێ ئەوەندە بێژم کە گشتی ڕەبتی هەس بە ئیمەو کە تەک ئابرا گەورەکەما ئەم چتمانە ڕێ خست. ئەوەختە کە تەک خۆما ئابرام ئەمبردە کافەکان و ئەموت لە دەم دەرگا بیسە هەرکە ڕەدی منیەو کرد میسڵێ شاعیرێ حەجم و شاعیرێ فرە ئاوانگاردی بان بەرەی خوار، بێ ژوورەو پۆسیان بقەنە. یا هەر کە وتی ئەو کتێبە قەشەنگە وا لە شەستوشەش نوسخا چاپم کرد، لە کورەکانم دزیگە، بێ، پەدریان دەربێرا کە دەفعەیتر فێرنەون هەر ئەم خوزەعبەلات گەل منە نسبەتەو بەن بە کەسێ ترەو کە هیچێ لە خوزەعبەلات حاڵی نابێ. بەڵێ خوزەعبەلاتیش فەننی هەس و ئاباتان تا ئیسە گشتی ئەو فەنن وفووتەی دەورەو کردگەسەو. بویە ئەیژم کەس حەق ئەوەیە نییە بێ دەست بنێتە سەر چت ئاباتان. مەنزوورم چتە هۆێ... من ئەونە بی ئەدەب نیم حاڵی بە. ئەو چتە وا من ئێژمی چتێکە وەرای گشت چتەکان و هەر لێنەو شێعر حەجم شروح ئەوێ... دەی ئیسە خوا قەزاتان خۆتان بێژن حەجم ئابرا یەدێ دروسی کرد یا ئیما و ئابرای عەزیزمان کە تەمامێ ئەم مودەت گەلە وەک کێفێ ویسیابوو لە پشتمانەو موراقبەتمانی ئەکرد کە ڕیگەکە خاس دروسەو بێ؟ بچینەو سەر مەوزوعە فرە فرە موهیمەکەی خۆمان. ئەرێ. ئەمئێژا. لێنا بووین کە ئەرێ. ئەگە شێعر ئەمما چۆن وتن بێ، ئەوە هەر من و ئابام شاعیرین و ئەو دووسێ مەشەنگە و هەمیشە هانە شوێنمەو بەو کەواپانتوڵە دێهاتیانەو فرتەفرت خەریکن عەکسم تەکا ئەگرن کە بچن خۆیانی پێوە فش کەنەو بێژن ئەرێ ئیمە کەی تەک ئاکوعەیبا عەکسمان گرتگە و بێژن لەوساوە ئیمە هەر نوچەی بوگین و لە ڕکێفیا کەسبی فەیزمان کرگە؛ دەی خاس با ئەوانیچ شاعیر بن. ئەم ئیتفاقە قوربانی گەرەکە و ئەشێ کەسانێک بکەینە قوربانی ئەو چت... دوارە مەغز نەخوش ئیوە چووەو بۆ لای چت. نا ئابا. ئەو خەوەرانە نییە. دیتان ئیمە چەنێ خاستر و جددیتر ئەتانین لەوهەتیمگەلە کە خەریکبوون ئەدەبیاتیان کافەیی ئەکردەو، کافە ئەدەبیاتی کەینەو؟ ها لە یادتانا کەی بوو ئەمئێژا؟ ئیسەش ماگە ئەتانن بچن لە سایتەکانا بیوینن و بیخوێننەو. چتێکە ئەوسا لە ترس ئابام کە بە ڕۆژا لە بەردەستیا کارم ئەکرد تا مەردم پێم نەیژن بەرەڵڵا و لات و چتە؛ بە ناو موستەعارەو مونتەشرم کرد. وەلێ چەن واژەی فرەفرە کلیدیم تیا دانیاگە کە یەکیان تارانە، ئەها چەن دەفعە تکرارەو بوگەسەو. تاران هی منە لە شێعرا. کەس حەقی نییە بە کاری بوات، خوا ئەیزانێ ئابرامی بۆ بانگ ئەکەم شل شل کوتەکی بات و بە چەقو لە بان پیشانییەو بنووسێ "کوعە". ئەرێ ئەمئێژا. هەر بەو تارانگەلا بزانن کە ئەو دەق وتارەی من کە لەوەختا بۆ ئەو مەسخەرەبازی گەلا کە ناوی نابوو خەڵات بوو جایزە بوو چە، مونتەشرم کرد و لێنا بە وزوح ئیشارەم بەم فەرهەنگە موزەخرەفەی کافەدارییە کرد کە خەریکە ئەدەبیات –خسووسەن شێعر کە ئیتر خۆتان شیرفەهمەو بووگنەسەو کە موڵکێ کێنەس و خسووسەن بەرەی بان خوار کە ئیتر ئەشێ تواو تواو حاڵی بووبێتن کە تەنیا من حەقم هەست بێژم ساختە و پەرداختەی دەس خۆم و ئابام و ماڵ باوامە لە ئاغەزەمان و ئیتر باقیەکەی گشتی مشتێ موهمەلاتە و– مونحەرفی ئەکەن و عەمەلەن تەبدیلی ئەکەنە چتێک کافەیی کە وای بە حاڵمان بو دوارۆژمان. دەی من هاتم چەم کرد؟ دەقیقەن لەو تەجاروبە زیست شودەی خۆمە ئیستفادەی بەهینەم کرد و هینەکەم دەورێ پێداوە و کردم بە خۆما. ئحم ئحم ئحم... خراو حاڵی مەبە ئاغایێ موحتەرەمێ کە لەو گۆشەو دانیشتگی و خەریکی ڕێزە ڕێزە ئەکەنی پیم، وا ئەزانی حەواسم پێتەو نییە. مەنزوورم ئەوەسە کە هاتم کافەم بردە ناو ئەدەبیاتەو. هەر ئەم تەغییر و تەحەووڵە بووە باعس ئەوەی کە گشت کورەکانی ڕۆمان و شێعر و داستان و موسیقی و سینما و عەتاوەمەتا و عەرەبی سەتتا و ئەو جۆرە چتگەلە کە تا ئیستا مەردم ئەچوون بۆ کافەی پاڵ ڕەسەدیان ئەکرد، لیرە جەمەو بینەوە و کارێ بکەن مەردم بچن لە سینما و ڕۆمان وشێعر و داستان و نەقاشی و ئەو جۆرە چتگەلا،

کافەکان بووینەوەو بو نموونا لە ڕۆمانێ کافکا کە خەریکە قەسرێ کەشف ئەکا، یارۆ دانیشێ لەولاو چایێ قاوەیک چتێ بخواتەو. یا مەردم هەس ئەزانی چەنێ حەزی لەوەسە بچێتە ناو فیلمێ ئامیر کاستاریکا نەقشێ هەرچەن موختەسەریشی بوێ. دەی ئێمە هاتین لە گۆشەیک لە فیلمەکان کاستاریکا و چتا جێگەی کافەکەمان کردەوە و یارۆمان بردە ئێنە لە حەین ئیتفاقێ زیرزەمینیا، خوێ دانیشێ پەنکەیک و هاتچاکلێت بخواتەو بەعدەنیچ بچێ بێژێ کە ئەرێ ئێمە لەو کافا کە جەدیدەن لە فیلمێ زیرزەمین کاستاریکا، یا لە قەسرێ کافکا، تەئسیسەو بووگە، چتێ وامانە خواردگە. ئەویچ چ کافەیک. کافەکەی ئابرام کە لە دوو تەرەفەو ئات. ئحوئحوئحو... ئەوە چەتانە ئیوە؟ موتەئەسفم بۆ زێهنێ مونحەرف کە هەستان. مەنزوور من دەقێقەن ئەوەسە کە کافەکەی ئابرام لە دوو تەرەفەو تەعمی ئەدەبیات و هونەر و چتە ئات. ئەویچ ئەدەبیاتێ بە تەجاروب زیست شودەو کە ئەگەر بتانن بیهێرنەو یادتان ئەو زەمانە بۆ بایکۆت کردنی جایزەگەل ئەدەبی کوردی، من بووم بۆ ئەوەڵین دەفە ئەو چتمە مەترەح کرد و شار بە شار نامەم بە کەسگەل موهیم ئەدەبیات ئیمزا کرد کە ئەرێ ئیتر، تکرار موکەڕەراتە هەر بێژمی تا سو. ئەشێ زێهنێ تیز زوو ئەو چتگەلە بگرێ و خوێ دەریافتی کا ئێژم چە. ئاخر قەسەمتان ئام بە ئەو گشتە هەباسە هانە ئەم شارا کە بە گشتیانەوە هەباسێ ناهێنن، ئاوە کار بوو ئەو دەستە لەو وەختا بە دەسەبازیێ مەعموولْ خوێانەو ئەنجامیان ئەدا؟ ئاخر جایزەی ئەدەبی هەیئەت علمی بۆچەس؟ یان کافە ئەدەبیاتێ بۆچە گەرەک بێ؟ ڕاستتان ئەکرد بۆ ئەو گشتە هەیئەت عیلمییە کە چەن ڕۆژ پیش ئەز ئین لە دانشگاە کورسان دانەی مریخێ ئەرزش مادی و مەعنەوی زیست شودەی بوو، بۆچە جایزەیک دانانین؟ یا خەیر و بۆ ئەو گشتە ئەدەبیات و چتە کافەیک بکەنەو بزانن مەردم چەنێ خوشحالْ ئەون. ئەها من. ئەوینن. جا بێسن بزانن چۆن پووزی کاورا ئەمالْمە خاکا. ئەوینن دوای سالێ دێتە بەر دەس خۆم شاگردی ئەکا و دەسمالْم بۆ ئەکێشێ. منتان نەشناسیگە. من منالْ ئاغەزەمان بوگم و ئیسەش کە ئەچمەو بۆ مالْ خۆمان لە بەهاران، هەرچی سەگی وێلگەرد ئەو مەنتەقەس گشتیان دێنە ئیستقبالْم ئێژن توخوا ئابا کوعە بوچە نامانوسیسێ؟ گشتی بە باوەڕەو ئێژن: بە خوا هەزار و یەک هیدایەت ئەرزشو هەس. خوم ئەزانم چە ئێژن. مەنزووریان سایەق هیدایەتە. وەلێ خۆ خوم ناکەمە ساحەبیان. قەرار بێ من تەک هەر بەرەڵڵایکا سەروکەللــە بەم ئیتر ناتانم بە ئەدەبیاتەکەما بگەیەم. ئەو چتگەلە زەعیفە بوچکە دائەنیم بۆ ئەو هەتیمگەلە هیدایەت و یەدێ و چتە با خویانی پێیەو سەرگەرم کەن گوناحیان هەس بەنەی خوا گەلْ. ئەوانیچ دڵیان هەس، خوا ئەزانێ چ پلەگەلێکی تەرەقی مونتەزر ئیمەس زوو بگەیین پێیان و لە ناو ئەم مەردمە نەفەهمە بچینە دەرەو بە خوا نەفەس گەلْ ئاخرم ئاکێشم گەرەکمە زوو دەرباز بم. ئەحوئحەحهووهوو... مەنزوورم ئێوەگەلْ نیە لە قسەکانم بەرداشتێ مەنفی مەکەن. وەلێ ئیتر بە تەنگەو هاتگم مەردم، ناتانم ئێرە فرە تەنگەو بوەسەوە بۆم. فەزایێ تا بێژی غەیرە پرۆفێشنالْ کە پڕیە لە حاشیەسازی و داروەدەسە بازی و گوفتمانێ فرە نانەجیبانە بەرزدێ ئەدەبیات دروست بووگە کە بە ڕاسی ئەیژم کار من نییە. من هەرگیز خۆم نایەمە قەو ئەو جۆرە کارانەو. لە حەددێ منا نین. من هامە شۆن کارێ جددی و پرۆفێشنالْەو ئەو جۆرە گوفتمانگەلە پەراوێزسازیشە دائەنم بۆ کەسگەلێ کە سەواد ئەوەیانە نییە بکەونە دنیای دەقەو. کارێ من شناسینێ دەق و ساختەن شێعر حەجمە بو ئەم ئەدەبیاتە بێ نەوامانە کە هەر نەنەقەمەرێ هەڵسیاگە ئیدعای تێ و ئێژێ ئەوەلْ و ئاخر ئەدەبیات منم و دوای من ئەدەبیات تواو ئەوێ. ئەری. من چەم داگە لەو دەسەبازیگەلە. جا خوەشیەکەی ئەوەسە فکر ئەکەنەو من نازانم چە ئەگوزەرێ لە دەوروبەرما. تواشا ئەکەم چەن ڕۆژێک بەلەمە هەتیمێ هاتگە دەزگای ئێمە ئەگرێ نازانێ من کێم پێ ئێژن و ئابرام کییە و منالْ کوێنەین. خۆ ئەزانم گشتی لەو کافە پەسەی پالْ دەسمانەو ئاو ئەخواتەو. قسەکانی ئێتیکێت دار بوون و گشتی حەرەکاتی موهەندسی شودە بوو. ئاخر هەر چاوم کەفت پێ هاتم بێژم هەتیمە فرووجە هاتگی بازی بازی ئەویچ بە هەستە خورماکانی ئاکوعەیب بازی؟ دەسم ڕاهێلا وتم بێسە تا بزانم قسەی دڵی چەس

با مەردمەکە خوێ گشتێکی بوی موشەخەسەو بێتەو. بە گیان ئێوە نا بە گیان ئابرام ئەمە قسەی من بوو. ئەوەنە بە شعوور ئەم مەردمە ئێحترام دائەنم کە ئەزانم چەنێ مەردم ئیسە باسەوادن خسووسەن ئەوانە وا لەم کافەی خۆمان ڕوشد و پەروەرشیان کردگە کە خوتان ئەوینن دەسە دەسە لە باشوور و باکوورەو تێنە مولاقات ئاباتان کە چتێ فێر بن. وتم بیسە با شعوور مەردمێ فەرهیختەی ئێنە کار خوێ بکا. هێلام گشت قسەکانی کرد. نازانم ئیمە دێهاتین و سنەیی بێ کلاسن و هیچێکمان حالْی نییە و ناتانین لە بەین سرە و ناسرا لە بەین بەد و بەدتەرا ئینتخابێ مەعقوولْ و مەنتقیمان بێت و چە وچە... یەک لەحزە قاتیم کرد. هەر دیم تەوهین بە کەلاْن شارێ وەک سنەی خوێناوی خۆمانە ئەکا، خوێن بەرچاومی گرت. بە گیان گشتمان دەسێکم کردە گارد چتم، ئەرێ... دەسەکەی ترم بە عەلامەت تەهدیدەو بەرزەو کردەو وتم گوێچکە بە نفلە... ئەوەختە سنە کەلاْن شار بوو عەزیزخان ڕەحمەتی سینی مسی پارە ئەکرد و ئەیکردە دوو شەققەو لە وەسەت مەیان ئازادی تارانا دای لە شەعبان بی موخ، تۆ و جەد و عابادت لە کوێنە بوون بوزمەچە؟ هیچ ئەزانی جە ئێژی؟ هۆشت ها بە خۆتەو هەرچێ نایجاوی پەرتی ئەکەیتە دەرەو وا ئەزانی ئەم مەردمەش وەک باوک و باوای خۆت لە پشت کێفەو هاتگن و هیچێکیان حالْی نیە؟ ئەم شارە شناسنامەی هەس، خەفەخون ئەگری قسە بکەم —ئەری دیم خەریکبوو لاشی بازی دەر ئەهاورد و شاخ و شوونەی ئەکێشا بۆ منێ کە جەد ئەندەر جەدم خەڵک ئەم شارە بووگین لە باوای باوامانەو خاک و خۆلْ ئەنجومەنە مەردم نەهادگەلێ کە موخالف جەرەیانێ ئاو شنایان کرگە، چوگە قورگمانا و ئەوە کە ئەبینی سەدامان ئاوەسە دوورەگەو بووگەسەو، گشتی هی خاک و خۆلْ ئەم کەلاْن شارەو دوودێ ئێگزۆز ماشینەکانیە کە ئەوەختە لێنە قەرار بوو ئوتووبوس دوو تەبەقە بێرن تا مەردم لە نەهایەت فەرهەنگ و ئێحتراما سەف بگرن و سواری بن، لە دێهاتەکەی ئێوە ئەچوون عەلْەفتان لە بەر ماشینا دائەنیا واتائەزانی پەزە، گەرەکتانبوو بچەرێ. بێچارەگەلْ ئیسە واتانە پێ هاتگە بەدوبیرا بە مەردم ئەم شارە بێژن کە نسفێ لە تاریخ ئەم ملەتە ها لە زوان و فەرهەنگ و نشەست و بەرخاستگەلْ مەردمیا و ئەو گشتە لیباسە جۆراوجۆرەی کە هەریەک بە نەوبەی خوێ خەریک زیندوو هێلانەوەی فەرهەنگێ کوردین. ئەرێ؟ ئیسە وامانە پێ هاتگە تۆیێ شوالْ شەش جیبێ کە من پارسالْ هیچێ، پیرارسالْ ئەمکردە پام و قەسەم ئەخۆم توی عەوەزێ ئیستەیشە نازانی فەلسەفەی ئەو شوالە شەش جیبە چەس کە هاتگی خراومان پێ بکەیت و ئیمە هیچێ نەیزێن، قەدت عەلەمەو کرگە لە موقابلْمانا؟ ئەی مەززەبتوو شوکر خوا گیان. واتە پێکردووین بە ناو ئەدەب و فەرهەنگ و ئێحترامەو هەر بێ پەدرو مادەرێ بێ ئەسلْ و نەسەب هەڵئەستێ خوێ بە چتێک ئەزانێ و تا لە ژێر بوتتە دێتە دەرەو گیر ئا بە ئیمە و دەست ئەخاتە ئەعسابمانەو. ئەزانێ ئەعساب مەعسابمان نییە گەرەکیە ئاوا سککەی یەک پووڵمان بکات و ئابرووومان لای دۆس و دوژمن بوات. بێژم چە گیان ها لە جێگەیک فرە سەختا، بویە دەرناچێ. وەگەرنە ئیما ئەوە نین هەر نەنەقەمەرێ کە هیچ ڕەبتێکی بە فەزای ئەدەبیەو نییە هەڵسیاگەتە سەرپا، چاو ئەوڕێتە ناو چاوگەلم بی حورمەتیمان پی ئەکا. هیچێ، فرە قاتم دا لی، وتم: وردەو موردەنی! گوێت ها لای منەو پسەرەی نابوودەی گۆموگورشودە؟ ئەزانی چە ئێژم مەرتیکەی مەحرووم؟ کاڕێکت کرد بالْای بێرمەو، ئینسانێ هەرجایی! حالْی ئەوی، بەرخوردت خاس ئەکەی، ئاداب و ڕسووم ئەم کەلاْن شارە فێر ئەوی، ئەچی ئامووزش نشەست و بەرخاستێ ڕەسمی و باکلاس ئەوینی، تا دێرەو نەوگە خوت لەم فەزا کەسیفە ئەکێشیتە دەرەو ئەچەسپی بە زندەگی ڕووزمەرڕەتا خاسە، ئەگەر نا سوللانە سوللانە، ڕەددت ئەگری و گۆرت گوم ئەکەی ئیتر نایەیتەو بەم شارا، یاڵلا! با نەیژی فلانی ئیدعای کەلاْن شار نشینی تێ و هیچێکی حالْی نەوگە، فەرموو تەشریف بوە ئیسنەپ لە دەمێ دەر مونتەزرە یەکسەر بتوا تا فەیزاوا... چە؟ چە ئێژی؟ گوێچکەم لێ نەوو؟ حسابەکەی؟ قەهوە تورکەکە، کە کوللــەن میوان خۆمی چونکە منالْ ئەم شارە نیی، مەرتیکەی هالوو. پوولێ ئیسنەپیش ئابرام ها لە بەر دەرگا لە خزمەتتا، هەر

ئەو حساوی ئەکا. بێستە بێستە پێی ئێژم لە موشایەعەتتانا بێ تا فەیزاوا گەرەکی نییە دەست کەیتە جیبتا ئابام هەم دەسی هەس هەم جیبێ فرە گوندە کە پڕیە لە چتگەلێ موهیم، فەقەت بێپپا خەت خەتی نەوی، مەرتیکەی لوخت و پاپەتی ئێ... بەعد هەر ئەوەندە وتم ”هووووشت“ و دەستێکم بە تەکانێ کەمێ شەدید تا نزیک چتەکەی پەڕتاب کرد، بە گیان ئێوە نا بە گیان ئابام، یەکسەر تواشا ئەکەم خەجاڵەتی ناکێشێ مەرتیکەی کەمەرەشلێ ماموسا خالەقی خۆمان —کە ئەحمەقێ وا نازانێ ماموستا خالەقی مناڵ نافێ ئەم شارەس- خۆی تەڕ کردگە و دێ بێددوۆ فەرار تا لا ئەکەمەو گۆڕ خۆی گوم کرگە، بەدجۆر. ئەیچە. ئێمە واینە. فکر نەکەنەو نازانم لە دەوروبەرما چی ئەقەومیێ، ئەونە زیرەک هەم موو لە ماستا بکێشمە دەرەو. عێرقێ میهەن پەرەستی و وەتەن دوستی وایە پێ کردگین لێنە بمێنینەوە و بە عێشقێ خزمەت دانیشین. هەر ئەمیچە بووەتە دەلیلێ قاتع لە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و جدیتر لە فکرێ بونیانێ حەجما لە زندەگی ڕۆژانا بم کە بەر مەبنای تەجروبەیک زیست شودە بەنا بنرییێ. ئەونە بزانن ئەم مەسیر حەجمیچە فرە زەحمەت و مەینەتی هەس بە گش کەسێ ناکرییێ. ئەشێ لێ بووڕڕی. ئەشێ بەم گشتە نامولایمات و ناخۆشیگەلەو کە هەست، دانیشیتە شار و ماڵ خوتا موڕاقبەت لە فەرهەنگێ ئەم دیارە کەیتەو. ڕەحمەت لە باوای شاملوو چەنێ زەریف ئێژێ مەن چێراغەم دەر ئین خانێ میسووزەد. بە خوا ئابرا گیان واسە. بۆ منیچ دەقیق عەینەن جەرەیان ئیدامەی هەس. بویە هاتگم چەسپیاگم بەم کافەو شەو و ڕۆژ خەریکم تەک مەردمێ بێ سەوادا چانە ئام تا چتێکیان لە حەجم حاڵی بوێت و بەکار زندەگی ڕوتینیان بێ کە خویان نازانن و شعووریان نییە، دەور و بەریان پڕیە لەو حەجمگەلە، وەلێ کەسێکی گەرەکە ڕۆشنیان کاتەو شیرفەهمیان کات کە ئاباتان ها لەخەمەتتانا... خواییش ئەکەم، شەرمەندە مەفەرموون، بوزورگوار تەشریفتان هەس، سوڵتان قەلب ئاباتانن، سەری تەعزیم دانەوینم بۆ موحەبەت گشتتان، بوچکتم بوچکتم بو...چک...تا...نم...



# شێعر

## شعر فارسی:

دو شعر تازه از
علی باباچاهی
رضا آمن
عبدالقادر نیازی

## شێعری کوردی:

ڕامان سۆفی‌سوڵتانی
فەوزیە سوڵتانبەیگی
ئەرسەلان چەلەبی
ئەنوەرعەباسی(هەرەس)
هەلاڵە سۆهرابی
دیمەن سۆهرابی
سوهەیلا مەیهەمی
سۆران محەمەد سوورە
عەبدوڵڵا گوڵابی

## دو شعر تازه

### علی باباچاهی

### شروع کرد

کام گرفتن از شب
پک زدن از رگ های دست
زده بود رگ های دستش را
کلاهش را جا به جا کرد:
-نکند جا گذاشته باشم در حمام
سرو گردنم را!
خون های کف حمام را جمع کرد
مالید به صورتش
این فضاسازی ذکر حسین ابن منصور را تداعی کرد و
بوسید تذکره الاولیا را
و صدا زد بیژن الهی را
چرکمرده بود دستکش سفیدم اما
از نخلی بالا می رفتم که به خرما نزدیکتر شوم
ویرجینیا می دانست که در زندگی زخم هایی هست که
کنار شیشه می نشستیم همیشه
دوتا/ گاهی سه چار نفری!
رگ دستش زده بود یکی از ما
و کام می گرفت از شب/ عمیق!
پک پک پک !
در باران می دوید بعداً
دنبال مرغ های سر بریده
به سرعت و/ صبح شده بود
دنبال من کسی افتاده بود که هیز نبود
استعاره جمع می‌کرد
قرار گذاشت با خودش او/ نه این یکی:کار من است این!
و شروع کرد و
-کار من این است!

### که خود ارجاع باشد!

واژه فروش‌ها
نه به طور قطع
قدیس شدنشان شدنی ست
به این شکل!
«شکل»گرفتیم و تداراکات و تقدیسات انجام شد و متشکریم!
عصبی شده بود«من» یا «او»
میکروفون از دستشان ربوده بوده
من یا او!
دو متر قد داشتند کوتوله‌ها
و به تضرع و تقدس مشغول!
گوش مرا کند این یکی از ته
آن یکی از ته خواست ببرد از او
و شما حدس می زنید کدام یکی از اعضایش را!
....
سلام بر همه الا بر واژه فروش!
-شعار نده لطفاً



«کیفیت چش تو» را حل می کنیم در این شعر
سر می‌کشیم با این شعر
مست می‌کنیم از این شعر
......
و دو متر کفن پوسیده به هر یکی‌شان رسید!
از سر و کول هم همه با هم
بالا رفتند از همه کوتوله ها
-سر به زمین ننهاده
میکروفون از دست هم می قاپند/ از همه واژه فروش گفت به همه و همه...
......
قدیس/ همان واژه فروش بود
و خواهد بود
و هست!
-پیدا پرا نمی شود اینجا کسی
که به ما...جسد ما
تیر خلاص بزند؟
-زدند ولی آن ها به قتل نرسیده خفه شدند دوتا/ دوتا!
پنجره را نیمه باز باید گذاشت
در سرمای زمستان های...
چه هایی سرداده
چه های‌هایی!

## ۱۴شعر

### رضا آمن

(۱)

جهان در آرواره‌ی ماهی می‌گوید:
بسم یازده برج دیگر
کژدم می‌پلاشانَد انجمن خرچنگ را
ماهی در دلو ریش سفید است، رازیانه تجویز می‌کند برای شیر که لم داده از
امتلاء به قوس گاو،ـــ
دُم به زمین می‌کوبد و نعره از معرفت‌اش می‌کشد به دیوار ترس.
سنگینی‌ی دوشیزه‌گی‌ی بز در کفه‌ی ترازو، محرک دوپیکر است بر سر دنبلان
قوچ،ـــ
که سطور بالا سیاه‌چاله‌ی آسمانی نیست
نیست آسمان انگار، انکار می‌ماندَم در خیال فرشته‌ای که پَراَش
پَراَش
از پَر گفتن بود و پرنده‌و پَرباز
امّا آسمان، نبود ما لعبتکان‌و فلک لعبت،ـــ باز نبود
هدهد وُ خِرَد
عُقاب‌و عقوبت‌و سی‌مرغ گیج
از نهایت نشانی‌ی گآف با لهجه‌ی قومی مقدَّر در لنجیی که بار فرشته داشت‌و
سوخت نه

بسم برج میلاد که از کوه کوتاه‌تر، از آدم بلندتر
بسم قصص
بسم آرواره‌ی نمل که تجزیه می‌کند زیر خاک
بسم نساء که مرد از حضورش مُعَّرَج می‌شود، و اعتصموبه حبل!..
بسم تواترِ سنّت‌و عقب‌گرد

عقب‌گرد وُ گرد در احوال بُروج فلک‌زده ما را

(۲)

حتّا نمی‌دانستم کجای زمین اتفاق می‌افتم،
که شب از چشمان‌ات شُرّه کرد،
افتادم روی سایه‌ات که آرام‌آرام دور می‌شد

(۳)

در مردمکات یک دیوانه نشسته
به مجنون می‌گوید بید،
سنگ می‌زند پرنده‌هاش ب‌پرّند،
تآ لیلی‌ش را ببرد جایی که با صدای نستعلیق شهادت دهند، آن‌که در مردمکات نشسته دوبار دیوانه است

(٤)

لب‌خندهای پژمرده از عکس‌ها شُرّه می‌کنند به چشم‌هایی منتهی به تقلید در متن چهره‌هایی که آزرده شدن را بوسه می‌دهند پیش از نوشته شدن به تاریخ دیر برخاستن از کفّه‌ی سنگین افسرده‌گی.
لب‌خندهایی بلاتکلیف که لب‌به‌لب شایع می‌شوند.
لب‌خندهایی که روزگاری نه‌دوُر، هم‌سایه‌ی پنجره‌ها بودند، هم‌سایه‌ی روبه‌رو.
حالا امّا شُرّه می‌کنند از پلک‌هایی که باهم وصلت کرده،
سَرِ جنگ دارند.
لب‌خندهایی که در دل‌شان بوسه می‌تپید.

(۵)

حلقه‌اش دار
فیروزه‌اش لحد

در مستطیل گوشواره‌ات می‌خواهم بمیرم
تآ رَست‌آخیزِ انگشتانِ نازکات،
نوازش‌ای باشد روی طرح مزارم که جای خالی قوسِ

آهویی‌ست بودا

گوش کن،ـــ
صدای گَنگ می‌آید

(٦)

**تصویر زبان در قاب پرسش**

ای تو که تهدیدِ نَفَس
شمارشِ معکوسِ بازگشت به هیروگلیف
ای تو توان وساطت امید در مصافِ رنج
از تو فلج شده زمان
ای هآیِ غایب از شُش‌ها

بگو رسم نام‌ات به خط غزال،
چه‌گونه زبان را می‌رمانَد سوی رام‌ییدن‌یی که به برهوت کلمه، حسرت آن را پیاله می‌کند به استعاره‌ی پلنگ

(۷)

هر بالایی ناگزیر پایین است، مثل نوزاده‌ای که از فرط نوشِ‌ش شیر، فوّاره می‌زند بر چهر مادر. معنایی سخت در این گزاره به چشمو چهره می‌پاشد. معنایی خارج از ذهن، کاملاً عینی از فراشدِ پیش‌آب.
حضرت بالا هم ناگزیرِ پایین است (این‌جا کلمه‌ی بالا صاحب شأن‌ای تحمیلی می‌شود)، چه با تملّق، چه بی. تمامتْ مبتلا به نزول است (این‌جا معنای معنوی نزول تنزّل می‌کند تآ ریزش). حالا ظاهر چهره از باطن رضایت مادر پلید است (صفت تفضیلی از پسوند پلید حذف گردیده، چرا که لاجرم است). و یُمن مسأله هم‌این‌جاست. جایی که چشم خیس استو جهان تار. جهانی که ناگزیر نبودن است، به ضرورت چشم‌ها موجود می‌شود، و در بسته‌گی آن‌ها؛ غایب، و این رست‌آخیز استو رست‌آخیزاننده که با قیام مادر به سوی مَطهَر، چرخه‌ی بالاوپایین مکرر می‌شود.
هر بالایی ناگزیر از خود استو، ناگزیر؛ مثل فرزندو مادر است، لاینفک و



دوست‌داشتنی.

(۸)

می‌دیدم عبارت خرابه را بر کول کاروان، و گرگ‌هایی که در پلک‌زدن‌یی جهان را سرخ می‌کردند.
می‌دیدند خرابه‌ها حضور اموات‌مان را در قرنیه‌ی کفتارهای خال‌جبین، و
دُم‌ای که سگ می‌جنباند، و زبان زردُشت که از دهان یهوه بیرون زده بود، و
طناب‌ای که از خورشید آویزان، و چشم‌ای لوچ بسته به افق.
دیدم هوای حرام‌و جنبش هوا با حضور حضرت سنگ‌و زاویه‌ی نرم مُذَّهب‌ای
اُفتاده در چشم آز، و اشاره‌ی حلّاج به لحظه‌ی پدیداری عزراییل،
و داس
و تبر
و گُل‌هایی سرخ که از دهان لاشه‌خورها می‌چکید به قاب عینک‌ای که
پشت‌اش چشم نبود.

(۹)

قلمْ جان ساعداش را می‌گیرد روی کاغذو، جوهراش را متلاشی می‌کند تاَ
انگشتی سُر بخورد روی ماشه‌ی تقدیری که روی پیشانی‌ها نوشته: مردن
برای زیستن،_
و پسْ رعشه‌ی زنده‌گی‌و،
لب‌خندهایی که تیر می‌خورند

(۱۰)

**شطحات فی غالیه**

دیدم که عشق
سرخورده‌گی از امپراتوری‌ی احساس است‌و من عارف خودام‌و،
خودْ عارف من‌و ما معروف‌ییم‌و عرفان از زیر دامن ما بلند می‌شود رگ‌هاش را
می‌رساند به شلاق آسمان
می‌تپانَد به جریان هرآن‌چ هست، (هست تکرار فقدان است، که هست)
هرآن‌چ که عارفانه نکته دارد
(نکته؛ مسلخ نادانی‌ست‌و، سلاخ‌ای
که نام‌اش تردید)
.
دیدم دستی در دستم به رسم
دوستی گسسته بی‌معنی.
معنی از لذّت می‌آمد
اگر از هم می‌رفتیم بی‌چاره‌گی اولْ
معنا می‌شد، سپس نوشته

دیدم خدا هم به اذن ما معروف
است
اتفاق‌ای بود که می‌انداختیم‌اش بالا
تاَ کسی ما را بلد بشود به کسانی
بگوید که چه‌قدر، نام ناخوانده داریم
که‌می‌خواناندمان؛
چیزی که گردیی زمین سخت
محتاج‌اش بود.

ما دست‌به‌دست هم دادیم، دست
دیگران دردست ما بود، همهْ بودیم، از بیخْ عارف
او یک تن تنآنه از من گریخت به خلاف جهت
من‌ای که صرفن حضور بود، عین پرنده‌و پرواز.

دیدم از مرگ نمی‌ترسم، مثل گرگ پیر و شکار
مفهوم شدم که در آستانه نباید ایستاد که محل گذار است، گذر بایست.

حضور ما حکومت اقلیت نبود.
ما حاضر بودیم
من خمس ما، ما اعشار
گفتم: که من را به ما بده که مستوجب‌ایم
گفت: چه‌قدر مسخره است،
مثل شب‌آویز که نام لطیف جغدی‌ست‌و حق با اوست.

سپس دیدم ماهیانی که روی آتش به هوا قسم می‌خوردند، بعد
می‌خوردیم‌شان.

(۱۱)

زنده‌گی یک اختلال روانی‌ست
ما نشانه‌ی اصرار و،
ماشه‌ای خارج از ضامن

(۱۲)

هوای سردِ گرسنه‌گی بود
مردم، سنگ برداشته به سمت بهمن‌ماه پرت کردند.
سرها شکسته بود و،
خون از آری‌ی هر فروردین جاری.
جاری؛ عین مردم گرسنه‌ی سنگ در مشت



(۱۳)

در توحش شهر
من منجنیق آیت است
بنشین به شکل جنین تا پرت شوی
به آنجا که شایدْ، حَتم است
سوی تمدّنِ بَدو
مثل کسی که همه‌ی خانه‌های
جهان را زیسته
بی تعصّب

زیباست آب روان
چرا که ریشه ندارد

(۱۴)

من؛ رضا، متولد برج عقرب در
دهه‌ی پنجاه تهران، دانشگاه نرفته،
زیسته در خیابان دانشگاه، که
از مقطع شوُم تَلمّذ در دوره‌ی
راهنمایی مجبور به کار بود برای
نان‌و نیاز، و محروم از ادامه‌ی



تحصیل در مقطع هنرستانْ رشته‌ی صنایع‌چوبْ به صلاح‌دید نانظام آموزشی، با انگ سرقت از کارگاه رشته‌ی ماشین‌ابزار، و بهانه‌ی ضرب‌و شتم ناظم انگ زننده.

من، برآیند همین اجتماع‌ای که تلاش کرده بود من‌را به شیوه‌ی خود تربیت کند و من به شیوه‌ی خود ترتیب تربیت بنا نهادم، خودساخته شدم، به رسم و شیوه‌ی خود. مترتب شدم با کتاب. کتاب‌ها را چون راز می‌دیدم، و رازها را دوست می‌داشتم، و آدابِ ادب را، و شعر را که به زعم من، رنج زنده‌گی را کم‌تر می‌کرد در یال خیال‌م. و مغزیی چموش‌و پرسش‌گر که ازسرگذشته‌ام را مدام پرسش می‌کرد، تجربه‌ی جغرافیاییِ‌م را، فرهنگ نداشته‌ی‌مان را، چیستی‌م را، چه و چه‌گونه شدن‌م را، و ...

فلسفه خواندم. مستقل شدم.

کنیه‌ی متصّل به گذشته‌م را در شأن‌م نیافته، پیشوند نامم را هم حذف کردم، چرا که ایجاز دوست‌تر می‌داشتم.

کنیه‌ی آمن سلیقه کردم، نزدیک خودِ اندیشنده‌م.

شدم رضا آمن

نه‌نویسنده، شاعر، که مکتب‌اش خیابان بود و معلم‌اش رنج‌و تجربه.

تاآ هنوز.

**ویرگول به روایت بغداد**

**عبدالقادرنیازی**

از ورق که برگشتی
جمهوری/ را سنجاق کردم به رنگها و
زنی که در تمام طبقاتم بازی‌اش گرفته بود،
نه‌اینکه تاریخی، اندامش را
در فصل تازه‌ای تجزیه کند
که
از اسمش کم  شدم، نام دیگری داشته‌باشد این اتاق...
زن نمی‌دانست از عکس که برش دارم
جمهور بر پیراهنم بخش پذیر است و
از تاریخ، قاب عکس جیغ می‌زند و
من عبور می‌کنم از نمی‌دانم کجای مفعول در این شعر که این بازی را باخته‌است‌سراسر

عزیزم:
به تاریخ عکس هیچوقت زل نزن
در آب‌هاـــــی‌ــــناتنی‌نباش
ساعت ها را بگرد مرا در دیوار،
بوی سیاه از موهای زنی بلند می‌شود
که هیچ‌گاه از تاریخ برنگشته و هرگاه گریه کرده، ماه، اثبات تصمیمی بود که پرچم ها گرفته بودند
ببین! ببین
بخارهای تاریخ در لابه‌لای بویت
وقتی که  (زن)
با هزار و یک شب و اسب بخار
از بغداد گذشتندی  و
مردی را قاب گرفتندی

باید از ویرگول‌ها نیز مخرج مشترک گرفت
آنگاه که گلوله از آسمان، گریبان همی‌گشود و خواب طلایی پاشید روی‌حجله زمین، ناگاه زمین ناتنی‌ام، آب‌تنی گرفت و از طهران نارسیستی بیامد و خوابم به‌سان کشتی بر رس گونه‌هایم رها کردی و بارانی آمدستی که همی خوراک تاریخ گشت. آن دمان من بودم و تو، تاریخ همی خوردی و آب شب شدی و عروس بغداد چشم فرو بستی بر ماهی خواب و بین النهرین در دیدگانم سر بر آوردی/...
تا واحدمرگ
که تهران را با آزادی‌اش قاب می‌گیرد درانقلاب و
تاریخ را زبان بسته‌تر از دیوار جیغ می‌کشد...
درتمام طول این روایت من تهران بوده‌ام/پس نیستم/
و اسب بخار در چشمانم که اندیشه می‌کرد
انقلاب شدم در زبان و کف و اندوهی که بر باد، بخش‌پذیر بود
حالا مجبورم
اسبی را لابه‌لای عکس رام کنم... بخار هم نداشته باشد به درک/ بستگی دارد به نظر دکارت از خایه/
از تاریخ که‌تماس گرفتند
از ویرگول‌ها حرف بزن
و روایت ها را کلن از گلوله خالی کن....
برگشته‌ایم دیگر و بومی عکسی شده‌ایم که قابش جیغ دارد، تهران دارد و اسب بخار
به کدام کلمه برگردیم؟ ورق
دکتر:کجای بغداد درد می کند از دکارت؟ :کوفت
لخت شده‌ام دکتر، در اعصابی که تا بود فوکو/ یا/ ما/ را
در تاریخ متمدن می‌کرد...
حالا بزن به تخته‌ای
که جیغش، بیرون قاب مات مانده است و
من که خون می‌چکد از انگشت‌هایم در عکس،
"کیش"م را جا خواهم گذاشت در پایان این شعر....
:باید از خود فاصله بگیرم تا تهران را از گلویم دربیاورم و
خواب ببینم از دست قاب، از توهم دکارت و
چند ساعتی به تمدن فحش بدهم که
بر جنگ بخش پذیر است و
تاریخ را روی زخم زنی مالیده، که‌عکسش برگشته روی دیوار،
که گریه‌اش انگور را می رساند و
نمی دانست
که قاب، همیشه ساعتها را به نفع خود به‌عقب
بر می‌گرداند
عقب‌تر عقب‌تر جلوتر جلو عقب... مواظب‌تر باش احمق: تهران را خط انداختی جلوی چشم دکارت و
در زاویه‌ی بدنی که سهم بخار بود آزاد(ی) شدی از تاریخ
:بین خودمان باشد
بیزینس خوبی است زاویه اندام وقتی ساعتی مانده به زن، از انگور حرف بزنی
در انقلاب گلوله بخوری، در آزادی دفعش کنی
و دین را که بر انسان تقسیم کردی، هر رنگی نام دیگری به خود بگیرد....
/دین آن‌است که رنگ نداشته باشد، زنگ نداشته باشد، تهران نداشته‌باشی....
ساکت بی شعور!!!

***

آه ای زن‌ها:
زن‌های در تاریخ
زن‌های در جیغ قاب
زن‌های در تمدن و صدا
زن‌های اسب و بخار و بخار اسب توحش
زن‌های لابه‌لای عکس
زن‌های خایه‌دار رو/م/ به دیوار
صورت مردی در تاریکی را هرگز نبینید
تاریخ در آزادی همیشه سرخ می‌ریزد و
می پاشد روی اندام جنسی انقلابی که
در زخم لای متن، مخدوش شده است،
و درگورهای دسته جمعی کلمه در خاورمیانه آب‌تنی می‌کند و
برمی‌گردد از تاریکی، از روزنامه‌ها که حکایت از بغداد دارند و هزاره‌های یک شبی را
تجزیه می‌شوند در بوی بدون توتون من
که در تمام کلمات بی اسب بخارم و
نشسته‌ام در عکسی که
خونم را
بدون تاریخ قاب می‌گرفت... تا تهـــ/ران/ پرچم جمهوری باشد که تن/ـها بر خودش نیز بخش پذیر نیست...





## ڕامان سۆفی سوڵتانی

ئەو بەیانییە
هەورێکی دڵپڕم

بادەمهێنێ
دەمکا بە کچێک، سەر ڕوومەتی دڵۆپی بارانی پێوەیە

دەمکا بە پۆلە دارێک
سەر چڵ و لقەکانم بە گڕ خۆمدا دەچێ، خۆر دەرنم.

دەبم بە وێنەیەکی ڕەش و سپی:
مناڵێک دەمەو روو
چەک بە دەستێک لە تەنشتی.
بەیانی قارنێ
هەورێکی دڵپڕم
بایەک لە مندا هەڵدەکا
دەمکا بە نەخشەی وڵاتێک
هەر شارەم بەدەم هوویەکەوە دەڕوا

دەمبا
دەمکا بە
فرۆکەیەک سەری خۆی هەڵگرتووە و
دەڕوا
دەڕوا و بە کوڵ دەگری، بەکوڵ
دەگری،دەگری‌یی‌ییی‌یی‌یییییی...



## سێ شێعر

### فوزیە سوڵتانبەیگی

(١)

خەونەکانم بکە گیرفانت و
لە پیاسەیەکی دەمەو ئێوارانتدا
دەنک...
دەنک...
بیانتروو کێنە بە پیادەڕەوەکاندا
با منیش وەک درەختی گوێ شەقامەکان
بەژنم گەڵای سێروو بگرێ
با داوی قژم پڕ بێت لە جریوە
خەو لە چاوی ئاسمان بزرێ
هەورێک نیشتمانم بێت
بیری هیچ داگیرکەرێک نەی پێکێت.

(٢)

ئا!!! خ
ئەگەر ماڵەباجێنەی حەوت ساڵیم
نە
دە
ڕوو
خا!!!
ئێستەئیمپراتۆرییەکمان هەبوو
ئەو بەگۆچانی پیرییەوە
و من
بە چاویلکەی پڕ بینایی!!!!

(٣)

بمسڕنەوە لەسەر لاپەڕەکانتان تکایە!
دەمێکە بێ سەروشوێنم ئەمن
دەمێکە ناحەجمێ لە پێناسەمدا نیشتمانێک
ناشنێتەوە بە مێژوومدا بەیداخێک
ئەمە نە پیربوونی وەرزێک کە
پڕ بێت لە هەڵوەرینم
یان ئاڵزایمێری تەیرێکی تەریوە
لەفەرامۆشیی بیابانێکدا

ئەمە سەرەتای حیکایەتی ڕەزێکە
لە هەرەتی بێ نوێژیدا
نکاحی خەڵوەتێکی بەدەمەست کرا
حکایتی‌شارێکە
مانتۆکان بە تیزاب دەستنوێژ دەگرن
بۆ ئەوەی پاک ببنەوە
لەهەرچی کورتی و هەرچی ڕەنگ و هەرچی حەزی شاراوەی نێو گیرفانە...

بمسڕوەوە لە لاپەڕەی زەینتدا تکایە
دەمێکە ناحەجمێ لە تونێتیمدا
بەردەبارانی کانییەک کە سڵاوی ئاوەدانیمە
تاراوگەی من ئایەتێکە لە سوورەتی بڤە
دەشنێتەوە بەسەر دەرانەی هەموو بەیانییەکدا
بڤـڤـڤـڤـڤـڤـــ

"خواهرم حجاب تو عفاف تو"
هێێێی تۆ!
قژی خاو!
لە مەتەرێزی رووسەریتدا
کورانەبمپارێزە
لە هەوەسی نیگای بەرد و حەزی چەقۆ و
مەشخەڵانی "ئاورەسوورە لە خۆم بەدوورە"
کە خەڵوەتتان بەدەمەستی دەکات
لەژێر تورمزی ئێوارەدا
سەرەنگرێ دەدات عفاف
چوارڕێکان وێران دەبن لە چراسوور و
ڕەش دادەگیرسێ جادەم
سپیدەش ڕەنگە لە تەمکینێکدا سەر هەڵدات
ڕووناکی نەبینێ بە خۆیەوە هەرگیز
بمسڕنەوە لەسەر لاپەڕەکانتان تکایە!

ئەم ژوورە دەمێکە بێدەنگە!
"مشترک مورد نظر" دەمێکە خامۆشە!

## "شیعرێکی عاشقانە"

ئەرسەلان چەلەبی

لە دوای تۆ ببوومە بەرەڵڵایەکی هەتا هەتایی
بە رۆژ دا هاواڵی سەو و تولەی چۆمی بووم و
بە شەویش دا لە بەر دەمی بانکێکدا بە لادادەهاتم
لە دوای تۆ
بە چەند مانگ جارێ دەچوومە حەمام و
لە تواڵێت دا خۆم نەدەشتەوە
مێشوولەی گەرەکێکم تێ دەهاڵان و
وەک تەرمێکی بۆگەن لەو شارە دا فڕێ درابووم!
لە دوای تۆ هەرشەم لە گوڵ دەکرد و درکەکانم دەلاواندەوە
گۆرانیم بۆ پشیلە دەگوت و شیعرم بۆ سەگ دەخوێندەوە
کەوشی مزگەوتەکانم دەدزی و
لە قەبرستانەکان دەسپەڕم دەکرد.

لە دوای تۆ هەموو چەقەچەقی نیوەڕۆیەک
لە دەرگای ماڵانم دەدا و هەڵدەهاتم
میزم بە دیوارەکانیاندا دەکرد و



پەنجەرەکانیانم دەشکاند
لە ناو بازاڕ قاقا وەک شێت پێدەکەنیم،
هەندێک جاریش وەکوو منداڵ بۆی دەگریام
لە دوای تۆ خواردنم سیگار و چا و
ورکەنان و جار نا جارێ هێلکەیەک بوو
گیرفانم سەگ پێی نەدەوەڕی و
نێوچاوانم خوێن و چڵم و چەور و چڵێکی ئاوەڕۆکانی لێ دەباری.
لە دوای تۆ بۆنی تواڵێتی مزگەوتەکانم گرتبوو
دایکیشمنەیدەدواندم
لە دوورەوە هۆی هۆیان لێ دەکردم و
بەردیان تێ هەڵدەکردم
لە دوای تۆ هێلانەی چۆلەکەکانم دەسووتاند و
داری سەر شەقامەکانم دەبڕیەوە
گووم لە سەر قفڵی دووکانەکان دەکرد و
ڕێکلامی بیلبوردەکانم دەدڕاند
چرای سەر شەقامەکانم دەشکاند.

لە دوای تۆ شەوانە لە کون و کەلاوەی سەگان دەخەوتم و
بەیانیانیش لە گەڵ ماشێنی زبڵدانی شارەوانی وەکووچە و کۆڵان دەکەوتم
وە سواڵ کەوتبووم و لە سەر قەبری خەڵکی
بۆ دوو تمەن قورئانم دەخوێند
لە دوای تۆ ببووم بە جاش و ڕاپۆرتم لە خەڵکی دەدا
شەرم بە خەڵک دەفرۆشت و ڕۆژ نەبوو سەد شەقم لە قوونێ نەکەوێ
لە دوای تۆ بە شەق بەردەبوومە تەلێفوونە گشتییەکان
خڕکە بەردم دەخستە ناو سندووقە پۆستییەکان و
بە پێڵاوی قوڕاوی و چڵپاوەوە دەچوومە پاساژەکان و هەر هەموو نهۆمەکانی دەگەڕام!
لە دوای تۆ بۆنی دەمم بۆنی گۆڕەوی هاوینانی گرتبوو
بەیانیان دوو لیترم ڕەشاو و خڵتە و بەڵغەم دەدایە دەرەوە
لە دوای تۆ جوابی سڵاوی کەسم نەدەداوە!

لە دوای تۆ گول ببووم
بۆنی گووم لێ دەهات
باوێشکی ماندووییم وەک هاڵاوی میز وابوو
لە دوای تۆ ببوومە دەرمانی کوشتنی مار و مێروو و مشک و سیسرک و قالۆنچە!

## سەگوەڕ

ئەنوەر عەباسی (هەرەس)

بڕێک تێگەشتنم بەلاتەوە بوو
بمدەرەوە
من ئەبێ ئەم بازنە قیراوییانە فێری مەچەکی شار...
کە شاردنەوە شاراوە
ئەگەرچی هێشتا تۆزی ڕێی کانی بە برژانگییەوە کانییاو
هەروەها تەمایەرم



تەم تەمایەرە و
تیزاو تەمایەرە و
ئەمجار گوڵەش هەروەها
کە تورتە زەمان لە بەستێنی دەرفەتدا
کە چەقە شوێن لە ئامێزی مەودادا
بمدەرەوە
هەورم کردووە و هەڵم لە کەراکەی من و بازنە کە
قیرە
قیرە و ئەژدادە لەعینەکەی و مەچەکی کەونارا لوسی
ئێستە -ریش با نەبێ- توکن
بمدەرەوە بمدەرەوە بمدەرەوە بمدەرەوە دەرەوە...
دەرەوەی من گردیلەیەکە سامناک
کە رووەدا
بەردەوام و سەردەکا لە سکر و
دەردەچێ لە خۆی
نا
لە خوێن و خوێندنەوەی ئایەتی
خەزاڵ خەزاڵ و
پاشان سەگوەڕ وەڕ وەڕ وەڕین و
هەروەها نوزە نوزی کارەسات و سەرابێکی ئاودامانی
بەسەرهات
کە بەسەردێ بەڵام بەسەر نایەت
وەرە وەڕ دێ وەڕین
وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ وەڕین
بمدەرەوە
تێکەڵ بە توێکڵی سۆز و هارین
بمدەرەوە
دەیانکەمەوە سێدارە و سوارییان ئەبم
سێدارە خۆ هەر سێدار نییە
جاری وایە دوو دەست و دوو قاچە
جاری وایە نەرمە... گەرمە
وەڕ وەڕ بوەڕە وەڕ
بوەڕە وەڕین بوەڕە وەڕین وەڕ وەڕ
وەڕین ڕاڤە ناکرێت بوەڕە
وەڕین لاقە ناکرێت بوەڕە
وەڕین لە سێدارە نادرێت بوەڕە
وەڕ وەڕ وەڕ ڕادوێ
وەڕ وەڕ وەڕ ڕزگاری
وەڕ وەڕ وەڕ ڕای تۆ چییە؟
وەڕ وەڕ وەڕ ڕاستی و ڕاز و ڕەها و ڕاهاتن و ڕابوون و ڕێــــــــــــــ
لە ڕێ گەڕێ
واز بێنە و بوەڕە وەڕ وەڕ

گازندەیەکی کە هەیە دیوار لە بۆشایی بەروپشتە
دەنا شارەزایش دەیزانی
بە هەڵخستنی سێدارە چوار کوڵەکەکەی شا ڕەزا دەبێ
بۆیە بمدەرەوە لەم وەرینە بێ وردەدا
وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ
تا وەڕ ڕاستەوخۆ وەڕ لێی وەڕ وەدەر وەڕ کەوم وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ

قەرزەکەم دەوە ئەی شەوە شەهیدەکەی سیاساڵ
کە تەنیا تاقەتی تۆم هەبوو — یە
ئەودەمانەی جیهان مینیژووپەکەی هەڵدەداوە و
کازیوە دەستی بە چیرۆکی بازنەدەکرد
ئێمە هێند تێر بووین جگەرەمان دادەگیرساند
تێکەڵی توێکڵی سۆز و هارین
کە وەڕین تێکەڵ بە با دەبوو
کە باران تێکەڵ بە بۆنی کاگڵی سەربان
کە هەنگەژاڵە تێکەڵ بە گاوانی
کە مەڕەکان بە شو نەبا بە شوان
و کە گشت تێکرا تێکەڵ بە تێکەڵاویی
تێکەڵاوی تارا
وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ بوەڕە وەڕ وەڕ وەڕ وەڕینت دێ وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ وەڕینتان دێ. وەراندویانن وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ دەمانوەڕێنن. وەڕین دێت وەڕ وەڕ وەڕ. وەڕین دێت و دەڕوا و دەوەڕێ. وەڕین دەبێ بوەڕێ و دەوەڕێ وەڕ وەڕ وەڕ

بمدەرەوە بم
دەرەوەی دانەوە چاوێکە

سەیرمان ناکا
دەوەڕێ
دەرەوەی چاو، مێشکێکە
نامانهزرێنێ
دەوەڕێ
دەرەوەی مێشک، دانەوەیەکە ڕژد
نایداتەوە
دەوەڕێ

وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ
تێکەڵاوی بازنە و توێکڵی سۆز و هاڕین و شار و تۆزی ڕێی کانی
کە تەمایەرە گوڵێ
وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ
کە ڕەزایە شا و شارەزا لە دوا قرۆقەپدا وەڕین ئەقورسکێنێ
وەڕین ئاوی ژیانی نۆش
وەڕین ڕێگەی خەباتی خۆش
وەڕین پشت و بەری دیواری بۆش
وەڕ وەڕ وەڕ وەڕ
وەڕ وەڕ وەڕ
وەڕ وەڕ وەڕ



## بە هیچ شەممەکانی هەرتەوە لەم ئێش‌وارەدا وەیلان

**هەلالە سۆهرابی**

من ئەگەر درەخت بم:
بیرم کردووی   باڵندەیەک
تۆ ئەگەر تەناف
خۆم داوە لە داری تەماشات
لە خەڵوەتی موکەعەبێکدا

هاوینتر لە سانتیگرادی ئەم عوسیانەی لەشت
پێش ئەوەی ڕەنج
پازێلی خە-ن-جە-رێک- بێ لە جەستەدا
دڵێک   ترنجاوەتە ئەم عەسرە تەنگ

چاوەڕێی بای
لە کۆڵانێ کە قەفەس بوو
هەراسی هەڵ چنیوە بە لێوت   ماچ

دو منارە خوارتر لە خودا:
داگەڕە بە بێ تاقەتیم دا
شار درۆیەکی نارنجیترە
تاااااا شووعوری هەر چی منە   نیگەران

منێک بە جێ زەرفەکانەوە لە دار درا

نە سیاسی   نە ئەفسوردە
دەشوا   دەشوا   دەشوا
کەف بکەن ڕەنجەکان
جیهان کۆک بێ   بە کاتی   کریستاڵ و چایی
فینجانەکان ڕیز بن
چەقۆکانیش
زەوی قریشکەی ژنێک بێ لە بەرد
بهێڵە فنجانەکان بەردەمەوە:
پڕڕڕڕڕڕڕ   ژ
بەسەر تەنیاییەکانت دا
چاوم حەزی لە کەشفی ورد بوونە
دەستم کەشفی خوێن
لە سەر قاڵییە مۆدێرنەکە
ژێر موبلە کلاسیکەکان
بگەڕێم بۆ لەتێکت
بۆ لەتێکم

منێکی تر:
خۆت هەڵی بژێرە
بە چی بتکوژێ
چەقۆۆۆۆۆۆ یانماچ

(پێدەکەنی و
قامکت
قامکت قەپ
قامکت لە سنورەکان
قامکت قەپ لە سنورەکان دەگرێ )
پێ ناکەنم و
سنورەکان
سنورەکان شەرم
سنورەکان چرژ
سنورە شەرمنەکان چرژ

لە لێومەوە دەست پێبکە مژین:
وەک لە دۆزەخ هاتبێتمەوە ماچم کە
دەست بسوو لە تەنیاییم   بە ڕیتمێکی نوێتر
ئەم سەفەرە ژانێکی ئێش   خۆشتر
کە هیچ شەممە تابلۆی ڕمانە
بە مەسیری هەرمەوە
وا بە سەر چناری ئەم مەلافانەدا
ڕاکشان   ڕەنج
کە مردن تۆ بووی و ئەو وشانەی
بە شێ وە دەستمان پێ کرد

پاڵ-لە بستێک دووریبا- کەوتوومو
ئەڵێم:خوێن
خوێن
خوێن
دەستت حەریس تر دەلورێنێ

بۆ بەشێکی نەرم لە مندا
ڕێ -بە کۆڵانەکانی لەشم دا-
کەوتوی
سپێدە کۆدەکەیەوە

بێرمۆدام
ڕاست لە تەوافی ئەم موسەلەسە ڕۆدەچی
بێدەنگی حەزێکتە لە دیالۆگ و عەسر
وەک چایەکی کوڵاوی دەمە و ڕژان
دەمەو مژ
دەمەو پرژ
سەرت تا شانم بەردەبێتەوە
لرفە
لرف
بە ئۆرگاسم و گەرما گاڵتەت دێ

:سانسۆڕی کە
سانسۆڕی چی
ئەو وشانەی لە شێعرا شوورەیین
لە منیشدا
کە خوێنی گورگ لە دەمارەکانمدا سپی شێت دەلورێ
بەیانی بە کاتی ژنێک کۆک دەکەن بە پێوە مرد بێ
پڕ لە تابوت و تک
تک تک دەتکێیتە حەوزی بەتاڵی سەرمەوە
قەفەسێک نەرم
لە خەلسەی ڕاخراویی خۆمدا مشت
لە جەنگەی ئەم هەناسە
کە نایە مشت مشت مشت
پاڵ کەوتووی و ئەڵێم: خوێن
ئایەتێکم نەنوسراو
ئەبەدییەتێکی وەییی لان لان لان
بە کۆڵی سنوورەکانەوەم
بە کۆڵی ڕەستەکانەوە مەنگ نەوتراو
دە وەی لێ دە وەی لێ وەیلێ وەیلێ وەیلاووو
پڕ لە تابووت و تک
پڕ لە تابووت و تک
پڕ لە تابووت و تک



تکا چاوت لە لێوت ئاوت لە سەر پێستم
گەرمی
بێ شەرمی
بەخودا عەوەزیت
تۆ ڕاستی و
من ڕێگا کە درۆ نی
دەستم پڕ بووە
لەمەیلەوجیهانێکیموزەخرەف
حەزم لە شینە
تک
بەم عەسرەدا حەشارم دا

لە گۆڕێکدا کە نیمە ئاو بمنێژێ
لە ئاکواریۆمی زەمان دا
تا سنووری خنکان نزیکتم
نزیکتمنزیکتمنزیکتم
بەرانبەری چۆکت
دەستتبێتاقەتە
لێوت "تەنیا" چزاوەتە پێستی
ها قژم تەناف
بە ناحەزی لەشمدا یان وەرە خوار
یان بمسورێوە بە دەوری ئەم قاڵیە دوولەسێیەدا
گێژ بم گێژ بی گێژ بووین
سوور -سوور سوور- سووور بەربینەوە
بەربووینەوە لە دنیا
لێوت گەیشتە سەر ئەژنۆم
چۆک دادە تک
بزانە چۆن لای چەپت دەبێتە ئاگردان

ڕۆیشتنێک تەعارووف دەکەی بۆ گۆڕم
لاقەکانم شۆڕ دەبنەوە بێ دار
جیهان داغتر لە سەردەمانی هیتلێرە
فینجانیفینکاییمدەخۆیەوە
فینجانێ واج
تف

:بهێڵە فنجانەکان بەربنەوە بەتاڵ
لای ئێمە سەعاتەکان بە پێوە دەرەتانن
کە ئاو دەڕووخێ
شار گۆرانی دەڵێ
دادەڕزێن شەقام و
ئەو پیاوە جڵفانەی پێیان وایە ژن یانی ژان

ئەمێستا جیهان دەفرێ
بە هەموو حوفرەکانیەوە
شرۆڵی مۆسیقایەک لە ناخمدا دەگنخێ
دەگنخێ و
دەگنخێ و
دەگنخێ
وە تۆ نازانی لە دەست چوون دەبێ چۆن بێ!
بە ئێستای شارەگمەوە
چەقۆیەک تا هەمیشە
یان پڕ قەوارەی ئەم ئێ ــ ش ــ وارەیە وەیلان

## ئاسمان لە ژێر پێمدا

**دیمەن سۆهرابی**

تامی شوشەی شکاو دەدەم
بێ ڕژانی بەرد و

لە خورپنکی خۆم گەوزاوم،
گایەک بە من پێ دەکەنێ و
شاخ دەدا لە خوێنم،
دەمووچاوم لە ژێر سمتی زەویدا
هەر دەکرێ بۆنیم گرتبێ و
لەو کاتەدا
مان هەر یەک وشەیە
هیچ
....
لە نێوان من و ئاوێنەدا
شتێک هەیە کە دەمترسێنێ
وشەیەکی بەجێماو
لاوێچێک لۆچ
بزر بوون و
ترافیکی مەرگ کە دەمناسێت،
ترس لە جادە سەراوژوور
بەرمدەداتەوە،
درەختێک ڕەگی کوتاوە
لە سەرمدا،



لە نێوان من و جیهان هەندێک وشە بەجێماوە
من، یەکێکە لەوان
یان مان، یەکێکیترە
کە دزەی کردۆتە خاکەوە و چیتر
ترسەکانم‌نامترسێنن،
پێویست بە پێویستی ناکات،
من شاخ لە ئاسمان دەدا
کە هیچ کورسیەک نایگرێتە خۆی
لەچکەیەکی سوور دەیگەوزێنێ لە نەفامی و
دەرشێتەوە بەسەر ڕۆژەکان‌دا،
قرچە قرچی ئەم جەستەیە، تەنیا
کۆتاییە بۆ ئاوێنە
بمانهەوێت یان نا
ڕوویداوە،
پێش ئەوەی کورسی بباریێت
یان چەقۆ لە ئاسمان دا بکات،
چیتر بڕوا بەم درۆ دێرینە ناکەم
کە پێویستە هەمووشتێک لە جێی خۆی بێت
پیرۆزیەکان
ڕێگاکان
باران
یان پێڵاوەکانم
کە دایکردوە بەسەر ئەم ئاوێنە سوتاوەدا

## هێشتا ماچێکم ماوە بە لێوی تاسەوە

**سوهەیلا مەیهەمی**

ڕۆژێک دێت،
درەنگ یا زوو نازانم
بە سەر پێکەنینەکانمدا سارد
دادەنیشی

چاوی شەرم دادەخەی
بە سپیایی سینگ و مەمکمدا
ماچەشینەکانت
دەپرژێنی
ڕۆژێک دێت
زوو یا درەنگ
بە ئامێزمدا خۆت هەڵدەواسی
بۆ مەرگترین باوەشت

هێشتا پێکەنینێکم ماوە
بوەستە
هێشتا سەمایەکی شێتانە و
مەستییەک تا ئاوەنگی کازیوە

بوەستە با

کۆ بکەمەوە ئەم ناوە لە خۆم
ئاخر دەستێکم لە هەتاوە
تا نەسووتێ و
دەستێکم بە پەنجەرەی شەودا
تاریکی بە سەر ئینجانەکاندا
نەڕووخێ

ئامێزم ئاژاوەی جادەکان دەگۆشێ و
چاوم هەوری تاسە
هەڵدەوەرێنێ

هێشتا ماچێکم ماوە
بە لێوی  تاسەوە
تا زریکەی زەردەپەڕ هەڵکوڕماوە
بە بەربوونەوەی بەرزاییەکانی مەرگدا
تۆ کەروێشکە دەکەی و
دواهەمین هەناری ئەم دنیایە
دادەکەوم
لێگەڕێ لە کراسێکی خەت خەتی
و پەراوێزی بێدەرەتانی
نەختێک لە سەر لێوی ئازادی
سروودی باڵندە بم

لێگەڕێ هێشتا
هەڵمی ورووژاندنی هەناسەی سەربەستی
بەر ڕوخسارم نەکەوتووە
خۆم بە دەستەوە نادەم
من بەرەو ئاسۆ
چاوم شەهیدە

لە دواوێستگەکانی شەمەندەفەری مەرگدا
دادەبەزم
گەرووەمت پێ نادەم
دڵپڕییەکانمی پێیە

ڕاوەستە خەونەکانم بە پرچی
هەتاودا هەڵواسم
خاکیش خۆم
ئەوانەی کە دێنەوە بەرزەخەکانی وڵات
هەڵگری هەتاو و
میراتی خەونەکانمن
ئەوانەی دەگەڕێنەوە
فەرشی چاوم بە پێڵاوە شەکەتەکانیان
هەڵکۆڕماوە

ئەوانەی ڕۆیشتن تا کانیاوی تینوێتی
تا هەڵاتنی تاریکایی
هەناسە بوون

بوەستە ئەی دووانەی لە دایکبوونم
بۆنیان هەڵمژم

پۆلێک کۆتر دەورووژێنن
باخەکانی بێ سێبەر

## دمدمیی

**سۆران محەمەد سوورە**

**ئـ**

جێی هێشتین.
ڕێگەکانیش، بەرەو ئەشکەوت هەڵدەلووشران.
لە ڕێگەکان دابڕان و
لە دابڕانیش ڕۆیشتن جێدەمێنێ.
تەوژمیش، کە هەموو گیانێک زگپڕ دەکا
بەتیووتە دەبێ.
شەو درەنگ،
کشانێک بە ڕێگەکانی تاریکیی دادێت.
لە هەرکوێیەک، بەلاوەتر لە مانگ
دڵۆپێک خوێن دەپرژێتە دەموچاوی.
گوست بۆ ئاگرێک درێژ دەکا
ئاگر نێوانی خۆی و
تارمایی دمدمییەکانیش لە پشتەوەڕایان* سەیر دەکا.
نیگا لە چارەنووس هەڵدەنووتێ،
کە بردوونێتییە نێو تاریکایی "دۆڵی شەهیدان*"ـەوە.

**نـ**

ئەوها کایەکان دەسپێدەکەن و
پرسیاری هاوڕێ سەرمابردووەکەش:
ئاخۆ دەبێ بزانین دەبین بە چیی، تا ببین؟

**کـ**

ورد ورد پەنجەکان دەکەونەوە مەلەی تاریکیی.
گمەی گالەپێک، ڕێگە دەبیات.
پێیەکان؛ پشووی ڕووحێکی نەحەجمیو ئەنگاوتە دەکەن و
خەونیش؛ نێوان تاریکیی و هەناوی وێرانبوون دەنجنێ.
سێبەری مەودای نەخۆشییەکی بەرترس
دەکەوێتە ڕاچڵەکین، کەمێک دواتر،
ئاسمان هەناسەی ڕاز*ی ئەم بەر هەڵدەمیسێ.
لەنێو هەرەسهێنان و دوا نووزە،
بە ئەستەم دەبیستریت، هەوا؛ ڕێگەدەسپێکردنەوەیە.

**یـ**

لەو سەر خاڵی ڕێگەیەکی ونبوو،
دەنگی گازێک دەبیستم.
ئەمەش تۆیەکە ئەنکیدۆی بچووک
هەمیشە لە خەونەکانمدا هەر بە بچووکی

به هەمان ئازار،
نەخۆشییەکی هاوماڵ و سەفەر دەژیێت.
دەبینم مۆڕە لە مردن دەکات و
لە دەمی زیندووان دەڕوانێت،
باسی نوێماڵێکی تازە دەگێڕنەوە.

### د

شەوگەڕین و
هەنگاوەکان تێکهەڵەنگێوی قەدەر دەبن
شەیتان بنلێوە و شپرزەیە،
ناحەجمیێ نا.
ئافاتیش لەبەرخۆیەوە:
ڕێگەوشەکان، خەیاڵی لاڕێییەکانت نەبوون؟
مەیلی خۆخزاندنە بوونی با،
دڵەڕاوکێی بینین و نووزەی قوربانییەکانت،
لەسەر چ ڕێگەیەک و بە کام ئاڕاستەدا ڕاهێشت؟

### ۆ

شتانێک مێروو نین و
مێرووڵە ئاسا بە لەشمدا هەڵدەگەڕێن.
دەنگێگ بەنێو سێبەری زنارەکانەوە وەردەبێت و
پێیەکانم ڕێگەیەکی کۆن دەدۆزنەوە.
چیلکوپاڵی کۆن لەژێر پێیەکانم دەبن بە زیندە خشۆک.
داهۆڵی ڕۆخ هەوێزە کۆنەکانی شەوین و
مەنگیی لە مانگراماوی هەرکوو*یەک،
بە خێراییەک لە خەنییان دەبرم.
ئاوەدانیی لە پشتڕا دوورتر و
تارمایی بەربار*بووێک وەک ملی دابێت،
تادێت نێزیکتر دەبێتەوە.

### ن

پیێ ئەنگاو و نەفرەتی ڕێگەکان،
کرم ئاسا کەوتوونەتە نێو سەرم.
تەڕاتێن دەکەن.
قەدەری بێدۆستییش لەپشتمەوەیە.
تەمەن ڕێکۆچی وشە مێرووڵە دەکا و
مانەوە لەگەڵ پێداڕۆیشتنیش،
خستوومیەتیە دڵەخورپەی شەیتانیی.

### خ

ئێستا نازانم چییە ختووکەی ڕاڕاییەکانم دەدات؛
بڵێی دەنگی ڕابردووی ڕێگەکان بێت،
گازم بکات، ئەهۆی غەریب؛ پێکدەگەینەوە؟

### و

شار لەسەرقاڵیی نوێژەمێگەل ئاوادەبێ و
دەنگێک ئاڕاستەی ڕووانینم دەپێکێ.
مووی لەشم ڕیز دەبەستن و
دەکەومە سەرپشتی نهێنییەکی زوو؛

بەرەو کوێیە؟
ڕێگەکان؛ نووسراوەی وێرانبووەکانن.
ڕێگەکان؛ ڕەگی ئاژاوەیەکی نەناسن.

### ش

دەنگ؛ لە خاڵێکی ڕێگەوە و
هەنگاوەکان لەگەڵ ئاوەژووبووی قەدەری شار ڕێ دەکەن.
لە غەریبیی، ڕێ وەساڵکەوتووەکان کەمۆ* دەبن و
بەهەزار زمان، بوونم پەرتەوازەی تووڵەڕێیەکانیان دەکەن.
بوون دەئاڵۆزکێتە ڕووخساریی ژنێکی دمدمیی* بەناوکەوتوو و
سەهەندەییش لەگەڵ تاریکیی هاوئاهەنگ سەما دەکات.
هاوڕێ قەقنەس ئاساکەشم
"نامە ناتەمامەکان"؛ تەواو دەبن و تەواویش نابن،
دەگەنە جێو ناشگەنە جێ؛ ورێنە دەکات.

### س

خەیاڵانی سەرم، لە هیلاکییم ناڕەونەوە و
بە دەم شەڕی ڕێگەوە، یەکدەنگ هاوارم لێدەکەن:
ئەهۆ شەیتان:
لەبەردەم تەنگەژەکان
بەبەرچاوی خودا پەرکەمگرتووەکان
رووح بەچ بێگوناهییەک دادەکێشیت؟
دەبا قەدەری شار، کوفر ئاوەژووی بکاتەوە.

### خ

با قەدەر کۆکردنەوەی لێکترازانەکان بێت.
بۆ ئەم قەدەرەت گوناهـ ئاژۆبە،
ئەی خودا پەرێشانەکەم، گوناهاژۆبە،
بێ لە نەسەکنین؛
چ شتێک ختووکەی پێیەکان دەدات!

### ت

دەنگ لە لاڕێ، نێزیک،
دەمخرۆشێنێ. فێ-دەبمەوە.
شەیتانیش؛ بەرەو پێکرانی پێنەکران فیتوو لێدەدات.
دەنگەکە هاتووە، لێ نێزیک بە لێکناکۆکبوون
بەخۆشەویستییەکی ڕقلێبوون، دەمتاسێنێ.
دەنگەکە، من و شەیتان؛ نەخۆشسەخت ئاسا،
لە وێنای "هەشت"ێکدا، لەتر دەدەین و ڕوو بۆیەک دەڕنین.
دەنگەکە، دەچێتە باوەشی بووکە بەفرینەکە و
لە لاسایی ئەویندارە مەستبووەکانەوە ستران دەچڕێ:
بە بۆنەی تۆوە کە مردین،
چەپکە پێکەنینێکمان لەگەڵ بنێژە.
ئەی تاڵووکەیی ئێرۆسیم لە ناتەبایی،
وەچەی گومڕاخوازێک بڕاسێ.



**پەراوێزەکان:**

پشتەوەڕایان: لە پشتەوەیان ڕا، ئاخاوتنی ناوچەیییە. دۆڵی شەهیدان: دۆڵێکە دەکەوێتە چیای "هەندرێن".

ڕاز:(١) نهێنیی. (٢) ئەو لێوارە بەردینەی لە شاخ، کە چەند مەترێک زیاتر یان کەمتر هاتووەتە دەرەوە و لە دەمی باراندا، پەنای بۆ دەبردرێت، جیاوازە لە بەڕاک (نوانوو)؛ کە بەڕاک وادەکات باران تەڕت نەکات.

*هەرکوو: -١ هەرچۆن -٢ یەکراست، دەستبەجێ. -٣هەرکەو، هەقێو، حەقێو: ئەو ئاوەیە کە دوای باران لە شاخ دەمێنێتەوە و شوان و ڕێبوار تێنوویەتییان پێدەشکێنن. زیاتر ئاوە کە لە بەرددا دەمێنێتەوە.

* بەربار: -١ ئارام. -٢ ئەو کەسەی لەلای "دێوانە"کان جزیە نەدات، پێیدە گوترێت بەربار. فلانەکەس بەرباربووە، لێرە وەک هەڵگەڕاوە لە وشەکە ڕوانراوە.

*کەمۆ: وریا و فێڵزان. گورگێک کە فێڵ لە شوان بکات و لە پشتەوەڕا پەرێز بۆ مێگەل بەرێت، یان ئەو بزنانەی، بەهۆی تەنبەڵییەوە یان نەخۆشییەوە بێت، لەدواوەی مێگەلەوە بڕۆن.

* دمدمیی: پێوەست بە مێژوو، داستانە ئەفسانامێزبووەکەی قەڵای "دمدم" بەکارهێنراوە.

## ژمارە حەوت کامتانن؟

**عەبدوڵلاگولابی(هونەر)**

سڵاو خانم
ئێوە لە ئەمریکا شاعیرن ئەرێ؟
یانی بە قولاپیشەوە دەبن
یا ڕێک نیشانەی پرسیارێکە ئەڕێ لو ٠١٠٠...؟
یانی کۆتریش دەبرژێنن لە فرۆکەی
بێتوو بە یەکەوە لە سەر سەندەڵی ک
دانیشین و ئێوە پرسیارێکم لێبکەن
یانی دەس بخەنە گیرفانمەوە چی
دەی هات و کوتتان پێستت سووری
بتکێمەوە پێستت سووری
برشێمەوە پێستت سووری
وە
گەرەکم بێ هێندێک میزەکە بترازێن
بۆ؟
ئاخر لە پێشتری یانی بۆ تۆپێکی سا
دەگەڵم ناخەوێ بێبڕانەوە خۆشی بە

نازانم
نا
نا
پەیوەندییەکم بە مێلۆدیاکەوە نییە
هەر ویستم شێعرەکەتم لە پێشدا بنێ
یانی بە کامە زمان؟
تۆ چۆن دەڕەقسی؟
من هەر لە هەوەڵەوە خەڵکی ئێرە بو
تۆ پێستت سووری یا

توشا ئەمە بەرزێ
ئەخۆێتەوە؟
ژمارە شەش کامتانن!؟

هەمیشە هەوا دادەبەزێ کاتێ بە ژێر
یانی ناوێسی دەی تکایە
جۆرەیەکی



من دیاریکراوم بۆ فێستیواڵەکە
چەن شتێکت وت هەر تێنەگەیشتم

ئەوەتا گوێ بگرە
تەلانی تەلانی لێکەوە مژ تەلانی
بەر لەوەش بیستبووم
دێی بە یەکەوە ماچ ، سێبەر یا

خانم ئێوە برواتان بە چاپەمەنی هەیە؟
یانی ئەگەر دەزگایەکی ناسراو
بۆ دەسدرێژی و بگرە پێکدانووسان و تەنانەت سەماش
تۆ خۆت حەزت لە چییە
دەی مەمکت ئەو شوێنە چی
دەی باسکت چۆن دەردەخەیتەوە لە پێخەوەکە
یانی هەر هەموو تەمەن بە کتێبخوێندنەوە و دانس

ژمارە حەوت کامتانن؟!
کە ڕۆیشتم خاس بڕوانە لێم
ناوێرم
نا
، من جەوازەکەم جێ هێشتووە لە کوردوستان
چی
هاهاهاهاها

لەمێژە شەوگارێکی پاراستن لە مەزنی و شەڕ
لەمێژە پۆلیسگەلێکی بۆنی ئارەقە و حەشیش
لەمێژە سەروسەکوتیکی با با
بابانوێرانێ منی خاوێ ڕەبەنی
، هەڵداوێم قاچان دەکێشمەوە دەر لە هەڕەگی
وەسەرم باو خەمۆکی دای پەرۆشی
هەڵ.... دا .... ئەو..... چەو
یانی
بەرگەکەم یەکەمین هەناردەی ئاواز
مەلی ڕەگەز و پاشکەوتێک لە باران
کە مناڵ بووم
و ئەو ماشێنانە کە بە هەڵکەوت هی من بوون
ک چایی بوو هەلێک ماسی بۆ ڕەنگ دەکردم
مە سێکس و کوێرەوەریمان بە سەردا سەپابوو
حەمامچییەکان خۆشیان نەدەویستین
شاترەکان لێمان بە ڕقدا دەکەوتن
دەکردین تف لە ماستاوی مامۆستاکان بکەین
ەیانگوت ئەوەی شەونخوونە بەختی دەکرێتەوە
ەر چزووی هەنگ دەرکێشینەوە لە مەمکۆڵان
حەتمەن فێری گریسکاری و نانخواردن بین
راماندەکرد
بە شوێن مشکدا
بە شوێن پەپوولەدا
بە شوێن تراکتۆردا
دارتێلەکانمان قووت دەدا

هەناسەمان سوار بوو هەمیشەی هەناسەمان یا

خانم  ئێوە شاعیرن؟
یانی گەرەکمە بۆ ئەو ژنانە تووشی شێرپەنجەی مەمک هاتوون
مەگەر دەکرێ؟
یانی لەوێندەرێ شێرپەنجەی مەمکیش هەیە تەلانی؟
تۆمەز
ئەوە خەونێکە لە زەریای مێشدا
لە مێشکی گڵۆپ
بەو پێستە سوورەتەوە هەموو وشەناسێکی پۆڕن
ناوکت دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە
تۆ دەرناچی
یانی پشتیوانەکەت دەبێ پەنابەرێکی یاسایی بێ
هەموو جەستەم لیری پەمەیی دایگرتووە
لێکدا لێکدا دەکۆخم و باوێشکم دێ
تۆ جگەرەکەت زۆر بەلەز دەخۆی
ئەوەی راستی پرسیارێکی ترم نییە
بە تێبینێوە تەیاری بەو پەت و سینگەوە شەو
هەر لە رووم هەڵنایە سەیری ژنی رووت بکەم
نەخۆشییەکەم ئەگەری مەرگیش نییە سێبەر
ئەی تۆ چی دەزانی
یانی وەک هونەر و تێکنلۆژیا و پیاوکوژی و ئاڵتێرناتیو
من رۆژنامەوانەکانم خۆش دەوێ
هەر لەخۆوە پێمخۆشە پێیاندانووسێم و جێگۆڕکێی هەناسە و بەلەک و لووتیان
بکەم
ئەوان خوازەیەکی تفەنگۆکین بە لامەوە
ناتوانم پڕ بە شارێکی زبڵ و خوناوە بیاندرکێنم
لەوەتی ویستمە لە واگۆنێکدا سەر لە ڕانیان
یانی بە پەڕوپۆ وەدەرنانی پاسەوان و یانی چووزانم شتەکە
قسەیێ تریشم کە شاعیرەکەیە کە زۆر ببوورە
بە دوو قۆڵی کەپسوولێک تۆز بە ڕوومەوە دەپژێنن
وەبیرم دێتەوە باوکم زستان بوو
هەر بۆنی باڵتەکەی دە لووتمدا دەگەڕا
قاچم دەتەزی
لەرزێکم دەنیشتە شان و باسکان

یەک و برێک
کام بەرەی کابان
کام لەوەڕ و شەقڵی کوڵمت ئەگەر بە ماچێک نەشکاوە
گشتان شاعیر
گشتان زەنگیانە لە هۆزی ون

تازە کامێرا داهاتبوو
دەسگیرانێکم بوو کورتەباڵا
سووری پێ جوان بوو
یانی سادەترین ئایەتی هەرمان و حەز
مەخابن
مەلی ڕنوو بوو خەون

یانی ئێوە دە هاڵاوی فرۆکەخانەییدا
دەشتوانن رەنگەکان لێک جیا کەنەوە؟
گەرەکمە
لە فێستیواڵەکە لە لای یاریزانێکی پاتیناژ دانیشم
یانی کۆڵەوارترین حیکایەت خوانی سەرکەوتن
ئێوە
زستانیان خوێ ئەکەنە مل بەستەڵەکەوە؟

سڵاو خانم
س.....ڵا.......و
کەسێ نییە؟!

ئەو دەستە دەناسمەوە
کە
رادەکەم بەرەو درگاکە
خڵکێک
بە دوامەوەن
کۆڵانەکە لە دەم جۆبارێ وێک هاتووە و دەپەڕمەوە.....





# ئارام: شاعیری بەرەی نائارام

”ئارام فەتحی“ شاعیرێکی نائارامە کە قەت نەیتوانیوە بە نسبەت ئەو زوڵم و ناکۆکیانەی لە کۆمەڵگەی کوردستان لە پێش چاوی هەموومانە، نادەروەست بێ. ئارام هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە ئەندامی کارای ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان بووە و دەستی بە کاری نووسین بەتایبەت لە ژانری شێعردا کردووە. لە هەندێک لە کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووردا بەشدار بووە و بەشێک لە شێعرەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبی و هونەرییەکاندا چاپ بوون. ئەو تا ئێستا دوو کتێبی شێعری بە ناوەکانی ”ئەوەندە بە مردنا تکاوم“ و ”من غوربەتم“ی بەچاپ گەیاندووە. گۆڤاری ”شی“ بە پێی ئەو بابەتە بەنرخانەی لە لایەن شیکارانی بلیمەتەوە، لەسەر شێعرەکانی ئارام نووسراون و بۆمان ناردرابوون، دۆسیەیەکی تایبەتی تەرخان کرد بۆ شێعر و شیکاری لە سەر شێعرەکانی ئارام فەتحی...

خوێنەری بن!

# نموونەی شێعرەکان

## ئارام فەتحی





**(١)**

گورگێکە باوک
به منا ئەلوورێنێ
به منا، حەپاندن و
وەڕاندن و
دن و دن و دن ماندووە
مان بگرە ئەی تابلۆ!
لە تابلۆبوونت گەڕێ
تاوێک چاو بە
تاوێکیش...
_تاوێکیش پیاو
من لە پیاو بوون گەڕاوم
گەڕ بووم
لەڕ بووم
باوک بوونت کەڕ بووم
جاری واش بووە تف بووم بۆ ئاوێنە
من کوڕێک قەرزاری تۆم
تەمەنێکی، بە هەڵە گەیشتیتە من
من گانێک هەڵە هاتم
کۆڵانێک
کوڕێک
ترسێک هەڵە هاتم
ئەم کوڕانە لە منا نابنە باوک
باوکیەتیت بتەقێنە و
خوایە یەکێکمان بمرە

**(٢)**

ئەگەر دنیا نەوەستێ بەر لە هاتنت
من سەفەرێکم ماوە نەڕۆم
بڕۆم لێرە، لە زمانی مەرگا کەومە پرتە پرت
من لە زمانی ئەم ژیانە تێناگەم
لە زمانی کۆڵان
کە هەمیشە بونبەست بمکاتەوە
من داکەوم ئەگەر لە وەرزێکا و
دڵتەنگ بم بۆ ئەوەی نەختێ بەسەر دنیا ببارێم
بنووزێنم ئەگەر بە سەگێکا و
دڵتەنگی سەگ بوونی کەم
کات شەرمن کەم
کە لە ڕابردووما نەیتوانی بوەستێ
من لە ڕابردووما ماتڵم کەسێک نەیەت و
چی گۆرانیی دنیایە لەوێ جوێن بم
لەوێ خۆم لە بەرتا ببینم
خۆم لە بەرتا ماتڵم کەسێک دامکەنێ
کەسێک شووتی کردم و
من لەم مەیانە داکەوتم
وەک باوکم لە مەیانی مین
لە هەر کوێی ئەم زەوییە قەحبەیە دایەرەیەک بوو
من خولامەوە
لە هەر کوێی ئەم کراسە گیرفان بووم
کونتان کردم
من کورسی بووم و
فەرموون ئێوەی ڕۆیشتن، دانیشتنتان تاقی کەنەوە!
وەک تاقی کردنەوەی من لە ڕەنگێکا
من لە تابلۆشا موسافیری نەڕۆیشتنم
لە دڵتەنگیشا
ئاوێنەیەکەم هاشووری
من ئەترسم بەیانییەک هەڵسم
بە دوای خۆما بگەڕێم
بە دوای خۆما بوەڕێم
گورگم ئەترسێ بەیانییەک هەڵسێ
سەگی ئاوێنەکە بشکێنێ
بترسم هەر لەم شیعرەدا مردبێتم و
کەسێکی تر خەریکە بمنووسێ
خەریکە تەعارفم بکا بە جادە
خەریکە ئەنازەم بگرێ بۆ پەنجەرە
یان کەسێک خەریکە بە جێی من بمرێ و
خەریکە...خەریکـ

**(٣)**

وەک دیوار، کە بە زمانی ئاجۆر
پەنجەرە، کە بە زمانی ڕوانین
من بە زمانی تەنیایی قسە دەکەم

وەک تۆ! کە ماندووی لە کچ بوونی خۆت
یان باوکم، کە ماندوو بێ لە باوک بوونی
وەک مردوویەک ماندوو لە مردنی خۆی
منیش ماندووم لەوەی شاعیر بم

کێف لە کێف بوونی خۆی ناترازێ
سەفەر لە ڕۆیشتنی
منیش لە بێدەنگیم

من ترساوم لە کوڕێ کە نیم
وەک ترسی تۆ لە پیری
شەهیدێک لە فەرامۆشی
منداڵێک لە تاریکی

بریا دەمتوانی لە نەبوونی خۆم کوڵ کەمەوە
وەک تۆ کە قژت
باوکم کە پشتوێنەکەی

من ناتوانم لەگەڵ پەنجەرە، بە زمانی دیوار
لەگەڵ دایکم، بە زمانی پیاو
لەگەڵ نەبوونی تۆ، بە زمانی بوون

قسە بکەم

(٤)

وەها کە گەڵا پاییز بەجێ دێڵێ
کە بۆن گوڵ
ئاوەهایە کە بەجێم بێڵی

ئێوارەکان چۆن بێنەوە
پاییزەکان
کە تۆ هێشتا نەهاتبیتەوە

ئەوەتا ساڵە و چاو لە تەمەنمان ئەکات
دەنگە و چاو لە قسەمان
تماشاکە شەرابە و چاو لە مەستیمان ئەکات

تۆ کە خۆرەتاو ئەخەیتە کار
کە کات ئەخەیتە ڕۆیشتن
کە نووستی، جیهان بقوژێنەوە

دەست بە بارانەوە بگرم نەڕژێت
دەست بە زەمانەوە بگرم نەڕوات
دەست بە تۆوە بگرم تەواو نەبێت
دەست بە خۆمەوە بگرم نەمرێت

کە دەستت لە دەستم بەر بێتەوە:
کە پاییز لە دەستم بەر بێتەوە
کە ژیان لە دەستم بەر بێتەوە
کە مردن لە دەستما بمێنێتەوە
کە تۆ لە دەستم بەر بیتەوە:
مردن بڕژێتە دەستمەوە

کە تۆ ڕۆژێک ئەڕۆیت و
چی لەو هەموو بارانە کەم کە باریوە؟
لەو هەموو پاییزە کە وەریوە
بە کامە ژیان وڵامی ئەو لەشکری مردنە بدەمەوە؟
کە تۆ نەبێ:
مردن چ لەززەتێک لە ژیانی من ببات
وێڵ ئەبێ گریان لە چاوما و
دووکەڵ لە قوڕگما و
وێڵ ئەبێ مردن بە لەشما
کە تۆ نەبێ:
جیهان سەگێکە هار، بمخوات
هەوایەکە پیس، هەڵملووشێت
کە تۆ نەبێ:
یانێ من بۆ مردن باشم

(٥)

باران بەدرۆ باریی
دیوار بەدرۆ وەستا
با بەدرۆ ڕۆی





ئەو دەنگانەی پەنایان بۆ گۆرانییەکان هێنا
تا نەفەوتێن
ئەو وشانەی پەنایان بۆ شاعیرەکان هێنا
تا نەرزێن
ئەو بێدەنگییانەی خۆیان لە بەردەکانا شاردەوە
تا نەدۆزرێنەوە
جیهان مردنی کەم بوو
تا بە حەقیقەت بگات

کێ ئەتوانێ چەقۆ لە سێبەری خۆی بدات؟
کێ ئەتوانێ قەپ لە تەنیایی خۆی بگرێت؟
تف بکاتە دەمی خۆی؟
من سەدەها خۆر ئەناسم پەشیمانن لە خۆربوونیان
سەدەها درەخت ئەناسم پەشیمانن لە درەخت بوونیان
سەدەها تەنیایی

زۆرن ئەو ساردییانەی حاشا لە بەفری خۆیان
زۆرن ئەو سەربازانەی حاشا لە وڵاتی خۆیان
ئەو کتێبانەی حاشا لە نووسەری خۆیان ئەکەن

کێ یەکەمجار پەنجەرەی فێری ڕوانین
دیواری فێری وەستان
کێ یەکەمجار مرۆڤی فێری تەنیایی کرد؟

کێ یەکەمجار بە بارانی وت ببارە
بە دیواری وت بوەستە
بە بای وت برۆ
کێ یەکەمجار بە مرۆڤی وت بژی؟

٦)
من لە بنەماڵەی ڕووان و کەسوکاری داکردنی باران و سەوزاییی
جەنابت لە هۆزی برینەوە و
تەورستان و
خزمی هەرە نزیکی داپڵۆسین و
داتەپین و
لێژایی

من لە تایەفەی هەڵبڕینی هاوار و
کەسایەتیی ناسراوتان لە ڕەچەڵەکی نووزە و
سەرکوت و
پەرەپێدەری گریان

نامناسی نا، تۆ هەوای ئەم بارانە ناناسی کە دەبارم
نابیستی نا، تۆ هاواری ئەم ئازادییە نابیستی کە دەوترێم
تۆ سیمای ئەم ڕەنگە نابینی کە دەنەخشێنرێم

فێرنەبوویی ببیتە ڕەنگ و ببینرێی
فێرنەبوویی ببیتە ئاواز و ببیسرێی
تۆ سەرەتا نەبوویی تا دواترەکەی نەبی
تۆ نەژیاوی تاکوو بمری
نە وەڵامێک بووی بۆ ژیان و نە وەڵامێک بۆ مردن

وەڵامی دەستەکان کە بوو بە کەلەپچە
وەڵامی دەنگەکان کە بوو بە سکووت
وەڵامی ژیانمان کە بوو بە مردن
شا ئێوە چ وەڵامدەرەوەیەکی باشن!

کە سیمای خۆر بکێشێ شەوگار
کە سیمای ئاو بیابان
من بازجووەکەم ئاوەها دەمکێشێتەوە

چ شێعرێکە پشتم، کە شاعرەکەم شەللاقێکە درێژ
چ ئاوازێکە دەنگم، کە ئاوازخوێنەکەم چواردیوارییەکە بتوووون
چ بڵندە تێپەڕینم، کە ڕۆیشتنم کوناوەجەی درگایەکە سللوول
سەرت داخە

شەوێ دروشمم و بەدیوارەوە دەژیم
شەوێ ئازادیم بە بەندیخانەوە
شەوێ لە خەونی بازجووەکەمدا ڕۆژ ئەکەمەوە
من هەر شەوێ لە شوێنێک لەدایک ئەبم کە مردن بێ
من هەر مردنێ دەبمە ژیان

من هەر شەوێک لە تاریکیەک ڕۆژ ئەکەمەوە

ئەوانەی دەیانویست دان بەکارەکانما بنێم
ئەوانەی دەیانویست باسی تاوانەکانم بکەم
ئەوانەی دەیانویست دانی پێدا بنێم، ئەوەتا دانی پێدا دەنێم:
که دەمویست شوێنی خۆر پیشان بدەم
جێگای ڕووناکی بۆ هەموان دەربخەم
کارێک بکەم خەڵکی بزانن تاریکی تا کوێی ڕەنگەکان پەلی کێشاوە
من دیوارێکم ئێعتراف ئەکەم ئەمەوێ ڕابوەستم
درەختێکم ئێعتراف ئەکەم ئەمەوێ بڕوێم
من هەناسەیەکم ئێعتراف ئەکەم ئەمەوێ هەناسە بکێشم
شا چ تاوانبارێکم جەنابی بازجوو!
ئەمەوێ خانووەکانی شار دیوارەکانیان لەشانی یەک بدەن
ئەمەوێ سفرەی ماڵەکان، ئاستی پانی و بەرینییان وەکوو یەک بێ
شا چ تاوانبارێکم جەنابی بازجوو!
ئەمەوێ تامی دەممان وەکوو یەک بێ
من دانی پێدا دەنێم کە وتوومە بەندیخانە دیلمان دەکات
بیابانیش تینوو
من دانی پێدا دەنێم کە وتبێتم هەندێ سفرە هێند پان و زلن، جێگای زۆرێک سفرەیان تەنگ کردووە
دانی پێدا دەنێم کە وتبێتم ناوی تۆ بازجووە و
ئەم چوار دیوارێەش بەندیخانە
شا چ تاوانبارێکم کە ناوی شتەکان دەزانم و من هەر بە زوڵم ئەڵێم زوڵم
من هەر بە ستەمکار دەڵێم ستەمکار
بە برینەکانی سەر جەستەشم دەڵێم ئەشکەنجە
شا چ تاوانبارێکم کە دەزانم کەلەپچە دەستمان دەبەستێتەوە و
گوللە، دەمانکوژێ
ئێمە کە سەرمان داناوە ئێوە لە سێدارەی بدەن
کە دەستمان داناوە ئێوە کەلەپچەی بکەن
کە چاومان داناوە چاوبەن
ئێمە کە سکمان داناوە برسیمان بکەن
کە ژیانمان داناوە بمانکوژن
ئێمە کە دامانناوە ئێوە ئەو تەورانە بن کە دەبڕنەوە
ئەو فیشەکانە بن کە دەپێکن
ئەو خوێنانەش ئێمە بین کە دەڕێژرێین

تۆ ئەتوانی ببیتە شنوود و تۆنی دەنگەکان بۆ بێدەنگی و خەفەکردن تۆمار بکەی
ببیتە هەندێ وشە و وەکوو "وسسس" بەلاسەرووی هەر دەنگێکەوە کپی بکەی
تۆ ئەتوانی ببیتە ئەنگوستێک پەنجە بۆ ڕاپۆرت لێدانی دەستەکان بکێشی
تۆ ئەتوانی بەشێک لەو تەورە بی کە درەختەکان پیشانی برانەوە بدەی
جنسێکی باش بی بۆ ئەو تەنافەی ئێمەی پێ بدەن لە سێدارە و نەقرتێی
یان ئەو هەنگاوانە بی کە ڕاپۆرتی جێپێکانی ئێمە بدەیتە دوژمن
ئەو خانووە زەلیلە بی لە پەنا و داڵدەدانا برووخێی بەسەرمانا
ئەو دەنگە کزە کە ئەیەوێ بڵێ لە کام گەروو ئاوازەکان لەدایک بوون و کێ
یەکەمجار وتی با ئەم سرووده بخوێنین، فاشی بکەی
ڕەنگی ئاشکرابوون لە نهێنییەکانمان بدەی
تۆ ئەتوانی هەر هەموو ژیانی ئێمە، لە کاسەیەک بلێسیتەوە و باش بحەپێنی
یان لەو دەموپلانە بی فوو لە چایی ئەم و ئەو کەی
لەو بلووک و سیمانانەی، بپارێتەوە لە دیواری بەندیخانە بەکار ببرێی
لەو تاریکییانەی حەز بکەی زووری ئەشکەنجەی شۆڕشگێڕێک تاریکاوی بکەی
یان ئەو برسێتییانە بی تەنگی بە سفرەی ماڵە بچووکەکان هەڵچنیوە
من دەزانم تۆ پێت خۆشە ئەو ئازارانە بی بەشمەینەتێک پێوەی بناڵێنێ
ئەو بەتاڵیانەی گیرفانی ئێوارانی کاسبکارێک پڕ کاتەوە
تۆ پێت خۆشە تۆنی دەنگی ئەو بازجووە بی بەسەرمانا دەقیرێنێ
ئەو فێعلانەی زمانی کوردی بی، خیانەت بە ڕێنووس و ڕێزمانی ئەکا
هێڵی ئەو سنوورە بی نیشتمانێک داگیر ئەکا

بەڵام
کە کەس نەما بژیی ئیتر ژیانتان بۆ چیە
تۆ و ئەوان پێکەوە بکەرێک بن هەوڵی جێبەجێ کردنی فێعلی مردن لە ژیانا بدەن
ئێمەش وڵامی پرسیارێک کە قدەغە کرا لەم دەقەدا حوزووری بێ

من دەزانم کەی نۆرە ئازادی دێت:
کە هەموو بەندیخانەکان پڕ بوون لە بەندی
من دەزانم کەی دروشمەکان دەردەکەون:
کە هەموو دیوارەکان بەرز بوونەوە
من دەزانم کەی زنجیرەکان دەقرتێن:
کە هەموو دەستەکان زرڕەیان هات
کەی دیتن دەست پێ دەکات:
کە هەموو چاوەکان چاوبەن کران
وەک تەقینەوەی دەنگ لە گەروودا
وەک بەخوڕ داکردنی فرمێسک لە چاواندا
وەک بەرزبوونەوەی بەشێک لە سەمفۆنیایەک
زەق بوونەوەی ڕەنگێک لە تابلۆیەکدا
وەها خیابانەکان پڕ دەبن لە خرۆشان
درەختەکان پڕ دەبن لە ڕووان
وەها بارانەکان دادەکەنە باران و
ئازادی دەست پێ دەکات
لە پەنجەرەکانەوە دەبێتە تەماشا و
لە هەواوە دەبێتە هەناسە و
لە ئەشکەنجەگاکان ئەبێتە حەسانەوە و
لە سفرەکان ئازادی ئەبێتە نان

وەها ڕۆژێک ڕۆژنامەکان دەبنە بەسەرهاتی ڕۆژەکان و
ڕووبارەکان دەبنە ڕێگەی تێپەڕینی ئاوەکان
ڕۆژێک دەتەقێنەوە ئەو ڕووانانەی ماتڵ کرابوون
ئەو ئاوازانەی خەفە کرابوون
ئەو دەستانەی کەلەپچە کرابوون
ئەو ئازادیانەی دیبل
ڕۆژێک دەتەقێنەوە وشەکان
ئەو شاعرانەی کوژرابوون شێعرەکانیان دەژین
ڕۆژێک دەتەقێنەوە دەنگەکان
ئەو گەرووانەی خەفەکرابوون، ئاوازەکانیان دەژین
ڕۆژێک دەست پێ دەکاتەوە ژیان
ئەو مرۆڤانەی لەسێدارە درابوون مرۆڤایەتییان دەژین

ڕۆژێک ناوی ئێوە ئاسایی دەبێتەوە و
دەچێتەوە ڕیزی هەمیشەیی خۆی کە مردنە و
ئێمە سەرەخۆشی لە زوڵم ئەکەین کە تەواو بوو،
لە چەوسانەوە کە مرد
لە ئەشکەنجە کە هەتیو کەوت
لە بەندیخانە کە خاپوور بوو
سەرەخۆشی لە مردن ئەکەین کە مرد

شا من و بازجووەکەم چەن لێک دەچین، کە دەستمان بە دەلاقە دەگا:
ئەو دەیەوێ پێوەی بدا و
من دەمەوێ بیکەمەوە
من و بازجووەکەم شتێکمان هەیە ئەوی ترمان نیەتی:
ئەو تاریکی لەگیرفانیایە و من نیەسم
من ڕووناکی لە گرفانمایە و ئەو نیەتی
ئەو بە دەمێک دەنگ خەفە دەکا
من بە دەمێک دەیڵێمەوە
ئەو بە دەستێک دەیبەستێتەوە
من بە دەستێک دەیکەمەوە
ئەو بە چاوێک کوێری دەکا
من بە چاوێک دەیخەمەوە دیتن
ئەو خۆر لە گیرفانی دەنێ و
من خۆر لە گیرافانان دەردەهێنمەوە
ئەو...ئەو... ئەو...
من...من...من...

(٧)

شۆڕشێک کە قەرزارە لە مێژووا نەمرێ
مردن کە هەمیشە لە مێژووا ڕووی داوە و
ئێمە وتمان "ماوە هەر قەوم"ێ کە چی بکا؟
کە هەمیشە لە مێژووا مردن جۆرێکە حەز ئەکا نەمرێ
ڕووداو جۆرێکە، باوکم بترسێ ڕوو بدا
کە باوکم هەواڵێکە مێژوو باسی بکا و
کە تیڤی پڕ بوو لە دەنگوباس و
مێژوو پڕ بوو لە مردن و
من، ئەوەتا باوکم نیشتمانێکە پیر
ئەوەتا باوکم هەواڵێکە زامار
تیڤییەکان بیخوێننەوە
هەواڵەکان کە بە باوکم ئەڵێن ئاسوودە بمرە و
ئاسوودە پیر بە و بهێڵە قژەکانت سپی بن
هەواڵەکان بە باوکم ئەڵێن کورد هەر ماوە و تۆ ئاسوودە بە، لە سروودێکا
نەتەوەیی بمرە کە ڕێکەوتی مردنتمان لێ تێک نەچێ
مردن کە لێرە بەجێماوە
بەجێماوە گیا بنووسێت
چیا بگێڕێتەوە
مردن کە لێرە بەجێماوە گۆرانی بخوێنێ
نەوازشی ژیان بکا
ڕووداو بخولقێنێ
مردن کە لێرە بەجێماوە مێژوو بنووسێ
باوکم کە ڕێکەوتی هەموو مردنەکانی لەبەرە و
کە شارەزایە خوێن بگێڕێتەوە

پێمان بڵێ قاچ چۆن هەڕا ئەکا و
دەست چۆن بەجێەمێنێ و
چاو چۆن فرمێسک ئەڕێژێ
باوکم کە باش ئەزانێ ئاخ هەڵبکێشێ
یان دایکم ئەوەندە جوان خەم ئەخوات:
کەس نەتوانێ بڵێ کورد نییە و
ئێمە کە بە مێژوو ئەڵێین بمانکەرە بەشی خۆت
کە بە تیڤی ئەڵێین بمانکەرە هەواڵی خۆت
کە بە ڕێکەوت ئەڵێین جێیەکمان بۆ دانێ و
ئێمە کە بە مەرگ ئەڵێین بمانکەرە مردنی خۆت
ئێمە کە نازانین لە سنوورێکا بژین قەدەغە نەبێت
لە ئاوێ بخۆینەوە پیس نەکرابێ
خەوێ بکەین، دانەچڵەکێ
ئێمە کە هەمیشە بە ڕەنگی خوێن کێشراوینەوە
بە دەنگی خوێن نووسراوین
کە ئیسفالتین بۆ شەقامەکان
خواردنەوەین بۆ مێزەکان و
ئێمە کە پەکی مردن ناخەین

مێژوو کە ئێستاکە گۆرانییەکە بەدەم باوکمەوە ئەخوێنرێ
کە ئێستاکە بارانێکە باوکم لە ژێریا بخووسێ
مێژوو کە زۆرجار ترسێکە باوکم تیایا بتۆقێ

وەها کە کۆتر دوای ئەو هەموو دیلییە چاوەڕوانی فڕینی بێ
وەها کە نوور بخەیتە بەر هەیوانی شەوێکی تاریک
کە بە ماسی بڵێی فەرموو ئاوەکەت
من باوکم ئاوەها ماتڵ بوو مێژوو بێت و بڵێ:
ئەم هەموو خوێنە بەناحەق نەڕژاوە و فەرموو وڵاتەکەت
من باوکم پیاوێکە نە برسیەتی برسی ئەکا و
نە تینوێتی تینووی ئەکا و
نە پیری پیری ئەکا
بە مەرجێ نیشتمانێکی ببێ بۆ مردن
شەوێک بۆ خەوتن
مێژوو کە باوکم بەدەستیەوە ئەگرێ، پڕی ئەکا لە خوێن
کە دایکم بەدەستیەوە ئەگرێ، پڕی ئەکا لە ئاخ
کە سەرۆکەکانی ئێرە مێژوو بەدەستەوە ئەگرن، پڕی ئەکەن لە بەڵێن و
لە
شکست و
کە مێژوو پێویستە بە مێژوو پڕ بێتەوە
وەها کە درەخت بە درەخت
کە باران بە باران پڕ ئەبێتەوە
کە مێژوو لە دەستما بوو بروانێ نەیڕوانی
هەناسە بکێشێ نەیکێشا
کە مێژوو لە منا بوو بقۆمێ و نەقۆما

باوکم، کە بە دەنگی مێژوو نەبێ ناتوانێ قسە بکا
بە چاوی خوێن نەبێ ناتوانێ بڕوانێ
کە بە قاچی کارەسات نەبێ ناتوانێ بڕوا
باوکم کە قژی هی مێژووە هەڵی وەرێنێ

چاوی هی مێژووە  کەم حوکمی بکا و
پێستی هی مێژووە چرچی بکات
باوکم کە مێژووی خۆش ئەوێ
تووڕەیە کە درەخت تاکەی فێر نابێ چۆن برویێت
کۆتر تاکەی فێر نابێ چۆن بفڕێ و
تووڕەیە کە ژیان تا کەی فێر نابێ چۆن بژی و
ئاگر بۆ ئەزانێ ئاگری بکا؟!
تۆفان بۆ ئەزانێ تۆفانی بکا
مەرگ بۆ ئەزانێ مردنی بکا و
ئەم خاکە بۆ فێر نابێ سیاسەتی بکا؟!

من باوکم پێی وایە گەنم هەمیشە بیری برسی و
ئاو بیری تینوو و
ئەم نیشتمانە بیری مردووەکانی ئەکاتەوە
باوکم ئەڵێ ناتوانی بە گۆرانی بڵێی مەبیسرێ و
بە تابلۆ بڵێی مەبینرێ و
بە مێژوو بڵێی ڕوو مەدە
با ڕووداوێک بێت و بڵێت من مێژوو چۆن بنووسم
باوکم کەمتر پیر بێت
دایکم کەمتر خەفەت
بخوات
دراوسێکەمان زووتر
بێتەوە لای منداڵەکانی
کارەسات بێت و بڵێت من مێژوو چۆن بنووسم
خوشکەکەم فرمێسکی کەمتر
لە مێژووا داوەرێنێ
نە مردن هێندە سەرشۆڕ بێ
و نە سەرکردەکان
مێژوو کە بە زمانی ئەو کانییە وشکەوەبووانە قسە ئەکا
بە خوێنی ئەو سەربازە قاچ قرتاوانە ئەبینرێ و
بە قژە سپییەکانی باوکم و
لە کراسی ئەو هەموو مردووا ئەژی
من ئێستاکە ڕووت و قووت لەبەردەم مێژووا ڕاوەستاوم (وەک مردوویەک کە نەزانێ لە کامە گۆڕا خۆی بنێژێ؛ درەختێ کە نەزانێ لەبەر کامە بارانا بوەستێ و
برینێ کە نەزانێ خۆی بداتە بەر کامە چەقۆ
من ئێستاکە ڕووداوێکم ڕووت، مێژوو بمقۆمێنێ
بە مەرجێ باوکم ڕازی بێ لە تەنیشت هەمان پیری ڕابوەستێ
ڕاستییەکەی من ڕازیم ببمە سەرباز
بە مەرجێ ئەم سەربازە دەس ڕاگرێ
ببمە گۆرانی
بە مەرجێ ئەم گۆرانییە نەوترێ
من ڕازیم ببمە مێژوو بە مەرجێ ئیتر ئەم مێژووە تەواو بێ

کە مێژوو دێ و بە باوکم ئەڵێ مردن هەر بۆ تۆ باشە و
بە دایکم ئەڵێ ون بە و
بە شۆڕش ئەڵێ بدۆڕێ
کە مێژوو دێ و گوێ ناگرێ لەم هەموو خوێنە

مێژوو ئەڵێ من گۆرانییەکم، کێ وتی ئەم سەرکردانە بمخوێنن؟!
مێژوو ئەڵێ من تابلۆیەکم، کێ وتی ئەم ڕووداوانە بمخولقێنن؟!
مێژوو کە هەمیشە قسە دەکا و هیچ ناڵێت
گوێ دەگرێ و هیچ نابیستێت
مێژوو کە هەمیشە دەڕوانێ و هیچ نابینێت



# "وشە" هەموو ئەو شتەیە کە ئێمە هەمانە

## خوێندنەوەی کتێبی "من غوربەتم" لە نووسینی ئارام فەتحی

شەهلا دەباغی

**پێشەکی**

کەوتنە ناو گێژاوی غوربەت بە هۆی جیاوازی وەک شەڕ، کێشەی ئابووری، کارەساتی سروشتی، دەسەڵاتی سیاسی و تۆتالیتاریسم لە دەورانی باستانەوە تا ئێستا کێشەیەکی وجوودی بووە و باسی کۆچ لە ڕێگای ڕەوایەت و زمانەوە خوێندنەوەی لەسەر کراوە. لە مێژووی هاوچەرخ و مۆدێرندا زۆر نووسەری ناسراو لە وڵاتی خۆیان بۆ شوێنی دیکە کۆچیان کردووە، هێندێک بە خواستی خۆیان و هێندێک بە ناچار. نووسەرانی بەناوبانگ بۆوێنە جۆیس، برێشت، کافکا کۆچ و نامۆیی‌یان ئەزموون کردووە و ئەو ئەزموونە لە نووسین و زمانیان‌دا ڕەنگی داوەتەوە. زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کوردیش دەردی تاراوگەیان چێشتووە و "غوربەت"ی خۆیان هۆندۆتەوە و نووسیوەتەوە. ڕەنگە لەناو کورددا بەناوبانگترین دەقی تاراوگە نالەی جودایی ماموستا هێمن بێ:

ساقیـــا! وا بـادەوە، وا بـادەوە
ڕوو لە لای من کە بە جامی بادەوە
مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ
بۆ منی سەرگەشتەو و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گردە نشین
بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارە و دورە وەتەن
بولبولی بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن
پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بڕاو
بێ بژێوی، بەش خوراوی، دەرکراو
پیری زورهانی، کەنەفتی، دەربە دەر
دیدە سوری، دڵ مەکۆی دەرد و کەسەر
[...] (ل.١٢-١٦، نالەی جودایی)

ڕەنگە بۆ نووسەرێک تاراوگەنشینی گرێدراوی ڕزگاری لە تۆتالیتاریسم و نەجاتی ژیان بێ، بۆ وێنە بۆ برێشت، بەڵام بارکردن بۆ تاراوگە لەلای نووسەرێکی دیکە دەکرێ بۆ ناسینی جیهانی ئەوبەر بێ. بۆ وێنە ئەمین مالوف نووسەری لوبنانی دانیشتووی فەرانسە ساڵی ١٩٧٦ لە وتووێژێکدا سەبارەت بە "تاراوگە" باس لەوە دەکا کە ئەو خۆی بە پەنابەر نابینێ بەڵکو ئەو وەدوای ئەوە کەوتووە کە جیهانێکی دیکە بناسێ و دەڵێ:

"من چەمکی تاراوگەم خۆش ناوێ، چونکە بەردەوامی وڵاتی پێشوویە و بەناچار لە شوێنی دیکە بێ ڕیشە دەتناسێنێ، نا ئینسان ڕیشەکانی لە ئاسماندایە."

**هەڵسەنگاندنی پێشوو**

من غوربەتم بە دوای یەکەم کتێب (ئەوەندە بە مردنا تکاوم) دووهەمین کتێبی شاعیری گەنج ئارام فەتحی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئارام لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٦ بە ئەزموونی کۆچ دا تێپەڕدەبێت، لە زێد بۆ دەرەوەی وڵات و دواتر گەڕانەوە بۆ وڵات. من غوربەتم لەو دەورەیە لە ژیانی شاعیردا دەنووسرێ. بەختیار کەریمی ڕەخنەگری ئەدەبی و کارناسی حەوزەی مێدیا، دانیشتووی ئاڵمان، پێشترلە بابەتێک لە ژێر ناوی غوربەتێک نێوان دۆزەخی ڕابردوو و خاپورستانی ئێستا سەبارەت بە من غوربەتم دەنووسێ:

"شاعیر هەر لەسەرەتای کتێبەکەدا ئەڵێت: من لە شیعردا دەبم بە وەی کە هەم. لە وشەدا دەبمە حەقیقەتی خۆم. شاعیر هەر لە سەرەتادا حوکمی خۆی داوەو پێویست بەلاڕێ چوون ناکا. حەقیقەتی تاکێکی دیاریکراو بەناو ئارام نیە، بەڵکوو ململانێی مرۆڤە لە گەردوون بۆ چەسپاندنی حەقیقەتی بوونی. بوونێکە بەردەوام نەبوونی حەقیقی بووە تاکوو بوونی. ئارام شاعیرێکی کۆمەڵایەتی، بەرپرسیار و هزرمەندە کە بەزمانی شێعرەوە لەگەڵ گەردوندا دێتە دواندن. پێوندی گرتنی وەرگر لەگەڵ بەرهەمی من غوربەتم دژوار نیە، چونکو زمانی ئارام، زمانێکی نامۆ و قورس و بێناوەڕۆک و ناحەز نیە کە زەوقی بخوێنەر تێکبدا و چیتر سەرنجی نەداتێ، زمانی شێعری بە پێی شێوازی داڕشتن لە وشە و کار و سیفەت و سەرجەم ئێلمانەکانی زمانوانیدا گۆڕان و نوێگەرایی تێیدایە و ئەم جوانکاریانە لە بەشی مانای نوێ و خوڵقانی وێنای نوێ بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ. بۆیە وەکو شاعیرێکی نوێگەرا لەململانێی زمان و مانا و تەکنیکی شێعری سەرکەوتو بووە. بەردەوام بەردەنگ خۆی ئامادەی نوێیەتیەک ئەکات، زەمان لە حەساری ڕووداو تێپەریوە، زمان و زەمان لە ململانێی بوونێکی هەتایی، گەردوون دێننە سەما، وشە لە باڵای مانا بەرەو ئافراندنی تابلۆی گەردوون سەرکەش دەبێ."

دواتر کەریمی باس لە تازەگەرییەکانی شاعیر دەکا و چەمکی "نامۆکردن یان ئاشنایی‌سڕینەوە" لە من غوربەتمدا دێنێتە بەرباس. بە ڕای کەریمی "ئاشنایی سڕینەوە" لە لای ئارام فەتحی بە شێوەی "هنجارگریزی معنایی" ڕوودەدا:

"ئەو تەکنیکانە دەپێکێ کە شاعیر بۆ نامۆ کردن و دێردەرکەوتنی مانا بۆ خوێنەر بەکاری دەبات واتا بەکارهێنانی توخمە خوازەیەکانە لەنێو دەقی ئەدەبی و شێعردا، بەکارهێنانی خوازیەوشەییەکان سەرنجی زەین بەرەو واتا نوێیەکان ڕادەکێشێ و واتا ناسیاوەکان بێبایەخ دەبن و بزردەبن تاکوو جیهانی دەق لەبەرچاوی خوێنەران نامۆ بنوێنێ.[...] ئاشنایی سڕینەوە بەزۆری بەشێوەی هنجارگریزی مانایی ڕەنگی داوەتەوە. بەشی مانا لە چاو دیکەی بەشەکانی زمان زۆرترین هنجارگریزی تێیدا ڕوو ئەدات. هاونشینی دووهەستی جیاواز لەتەنیشت یەکدا لەشێعری مۆدێرن زیاتر بۆ ڕەنگینکردنی فۆرمی شێعر ولایەنی جوانناسیە. ئارام بە تێکەڵاوکردنی هەستە جیاوازەکان و هاونشین کردنی وشە جۆربەجۆرەکان کە لە یەک ڕەگەز نین هەست و ڕەنگ و دەنگی جیاوازی خولقاندووە."

**هوشیاری**

ئاندرێش ئولسۆن لە Ordens asyl باس لەوە دەکا کە "گەڕانەوە"ی ئۆدیسە بۆ زێد بریتە لە nótos (لە ڕیشەی nóos) کە بە مانای ئاگاهی و هۆشیاری و شعورە. ئولسۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئۆدیسە

وەک قارەمانێکی هوشیار لە ڕێگای بیرەوەری و زانیاری دەربارەی پێشینەی خۆی بەسەر دنیای تاریکی ژێرزەویی Hades دا زاڵ دەبێ. ئۆدیسە وەک بوونەوەرێکی هوشیار کاتێک لە دوورگەی یورا لەگەڵ هاوڕێ کانی دەچنە جیهانی بن زەوی، دەتوانێ لە دەست Polyfemos /دێوی یەک چاوی ئینسانخۆر کە ئەوانی زیندانی کردبوو، نەجاتیان بێ. کاتێک پۆلیفێمۆس لە ئۆدیسە دەپرسێ ناوی چییە، ئۆدیسە بە زیرەکی دەڵێ "هیچ/هیچ‌شتێک". ئۆدیسە ناهێڵێ مادە هۆشبەرەکانی ژێر زەوی کاریگەری لەسەر هۆش و ئاگاییان دابنێ و بە تیر چاوی دێوکە کوێردەکەن. دێوەکە ڕوو بە دێوەکانی دیکە هاوار دەکا "هیچ کوێری کردم" و دێوەکان حاڵی نابن "هیچ" کێیە و ئۆدیسە و هاوڕێکانی لەژێر زگی مەروماڵات خۆیان دەشارنەوە و نەجاتیان دەبێ.
هۆمێرۆس هوشیاری بەو شوێنەی کە ئینسان لێی ڕا دێ لەبەرامبەر فەرامۆشی و حەماقەت دادەنێ. بیرەوەری واتە ئاگایی بەوە کە لە کوێ ڕا هاتووی.

**ئەزموون**

گادامێر پێیوایە کە "ئەزموون" دیالێکتیکی، نێگاتیف و لە هیچە. بۆ گادامێر ئەزموون لە زمان دا ڕوودەدا و پێویستی بە "ئاوالەیی" لە بەرامبەر بەستراوییە. زمان مێدیۆمێکی گەردوونییە و "تێگەیشتن" لە ڕێگای خوێندنەوە ڕوودەدا. تەنیا دەق زمان نییە بگرە "تێگەیشتن"یش زمانە. لە ئانتۆلۆگی هێرمۆنێتیکی گادامێردا فۆرم و مانا لێک جیا نین. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە زمانە ئێمە دەدوێ نەک ئێمە بە زمان دەدوێن.

مەبەستی گادامێر لەوە کە ئەزموون نێگاتیڤە ئەوەیە: ئێمە شتێک ئەزموون دەکەین کە پێشتر هیچمان دەربارەی نەزانیوە و دواتر لە ڕێگای ئەزموون تێگەیشتنێکی دەربارەی وەدەست دەخەین، واتە پێشتر تێگەیشتنی دروستمان نەبووە و ئێستا شتێکی دەربارەی دەزانین. لە ڕاستیدا ئەزمون لە نەفسی خۆیدا ئەزموونە لە هیچ. ئێمە پێمانوایە شتێک بە جۆرێکە و دواتر لە ڕێگای ئەزموون دەزانین کە وا نییە و بەم جۆرە تێگەیشتن و ئۆبژەی تێگەیشتنمان دەگۆردرێ. ئیدی شتەکان بە جۆرێکی دیکە دەبینین و دەناسین و بە حەقیقەتێک دەگەین کە پێشتر زانیاریمان لەسەر نەبووە. حەقیقەتی ئەزموون بەو مانایە نییە کە ئیتر هەموو شتێک دەزانین بەڵکو ئەزموون هەمیشە کراوەیە و ئینسان دووبارە ئەزموون دەکاتەوە و بەردەوام فێردەبێ. دیالێکتیکی ئەزموون لە تاقە زانینێکدا کۆتایی نایە بەڵکو کراوەیە بۆ ئەزموونەکانی دیکە.

**من غوربەتم**

ئایا هەست بە غەریبی بستراوەتەوە بە کات، شوێن، ڕووداوەکان و پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا یا تایبەتمەندییەکانی خودی تاک؟ لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێستای ڕۆژهەڵات ئایا تەنیا دووری لە زێدە کە هەست بە غەریبیمان تێدا وەخەبەردێنێ؟ چ بڵێین سەبارەت بە ئەوانەی لە زێدی خۆیان دەژین بەڵام دۆخی ژیانیان کەوشێنێک نییە بۆ ئاسوودەیی هەستەکان؟ پارادایمەکانی کۆمەڵگا چن کە تەنانەت لە نیشتمان دا زۆر کەس هەست بە غەریبی دەکەن؟ هەست بە غەریبی نەخۆشییە یا نیشانەی کۆمەڵگایەکی ناساز؟ چ شتێک دەردی غەریبی دەرمان دەکا؟ ڕەنگە وڵامدانەوە بەم پرسیارانە لە تاقەتی ئەم نووسینە بەدەربێ، بەڵام دەکرێ لە دەلاقەی ئەو تیئۆری و چەمکانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا خوێندنەوەیەکمان هەبێ بۆ من غوربەتم.

ئارام فەتحی هەر لەسەرەتای من غوربەتم تا ئاخر لاپەڕەکان خەریکی گواستنەوەی ئەزموونە لە ڕێگای زمان. فەتحی گەنجە بەڵام بە ئەزموونێکدا تێپەڕیوە کە قەدەری زۆربەی ئینسانی کوردە. هێندێک دەینووسنەوە و هێندێک بەڵام کەس نازانێ کە ئەوانیش بەشێک بوون لەو هاوقەدەربوونە؛ سەربازێک کە



قاچێکی لەدەست داوە، شەهیدێک کە تەنیا مردنی پێ بەخشراوە و فەرامۆش کراوە گەرچی بەردەوام دەگوترێ شەهید نامرێ. ژیان چییە جگە لەوەی ڕۆژانە دەیبینین و هێندێک تاک دەینووسنەوە:

"ژیان چییە؟! جگە لە قاچی براوی سەربازێک، کە لە هەموو خەونێکیا پیاسەیە و ناتوانێ بە هیچ نیشتمانێکەوە بڕوات؛ یان چاوی زیندووی شەهیدێک، کە تەنها مردنێکی پێ بەخشراوە." (من غوربەتم. ل. ٦)

ئەزموونکردنی ژیان لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەختە. زۆربەمان تامی برسێتی و هەژاریمان چێشتووە، ڕوویداوە کە بە پەنا بەستنی فرۆشێک دا تێپەڕبووین و دمولۆچمان لێستۆتەوە، ناهومێد بووین، لە هەمووان گرینگتر

مشتێک وشەی قاچاخمان پێ بووە کە نەنووسراون، ئەگەریش نووسرابنەوە ئیزنی چاپیان نەدراوە:

"ژیان چییە؟! جگە لەوەی منداڵێک بەدیار بەستەنییەکی نەسندراوەوە تا درەنگان دەمی خۆی بلێسێتەوە یان وەنەوزی نیوەشەوی بۆ لالاندنەوەی سەندنی کەوشی پێنج هەسارە و ئەوەی کە چۆن بەیانی کوڕە دراوسێکەیان ڕازی بکا دەورێکی پاسکیلەکەی پێ باتەوە. جگە لە ناهومێدییەکانی میوەفرۆشێک لەو سێفانەی کە ئێواران بەسەر دەستیەوە دەمێنێتەوە، جگە لە بێدەرەتانییەکانی نووسەرێک کە ناوێرێ نووسراوەکانی بەرێتە چاپخانە؟!" (ل. ٦)

ئێمە منداڵی زەمەنێکی سەیر و سەمەرەین بە ئەزموونێکی غەریب. زەمەنێک کە ستەمی بە هەر هەموومان ڕەوا دیت. بێگانە ژیان، نیشتمان ئێمەی نەپێکا، لەباوەشی نەگرتین و گۆڕغەریب بووین. کەوتینە تاراوگە بەڵام ئەوە ئێمە بووین وەفادارمانەوە و نیشتمانمان لەبیرنەکرد و بە پێی "ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە" لە تاراوگەش نەحەساینەوە و نیشتمانمان وەک دڵۆپەکانی خوێن لە بست بە بستی جەستەدا هەڵگرت. ئێمە لە ناوەند و لە چاخێکی غەریب دا غەریبانە ژیاین، بەڵام ڕانەوەستاین و بەردەوام ڕێگا بووین. لە هەر کوێ کە بووین و هەین، ئەشقی نیشتمان داگیرمان دەکا و هەڵمان‌دەدێرێتەوە ناو کارەساتەکانی وڵات و هەمیسان جگە لە سڵاو نازانین.
فەتحی لە ئەزموونی خۆی‌ڕا ئەوها باسمان دەکا:

"من خاڵی وەسەتی ئەم غوربەتەم
وەرە بمپێکە ئەی نیشتمان
من ئەتوانم لێرە فووت تێکەم و
تیزانگێک بە حەواوە
هۆشت بێ نەتەقم
هۆشت بێ منی ڕێگا
بۆ بێتاقەتی نابم
منی ئاو
بۆ ئاکواریۆم
چی ماسییە لە بەرمایە
چی کڵاوە لە سەرتایە
چی غوربەتە سڵاو!" (ل. ٤٤)

ئەگەر بگەڕینەوە سەر بۆچوونەکەی ئولسۆن دەبارەی سەفەرەکەی ئۆدیسە، دەتوانین باس لەوە بکەین کە غەریبایەتی و کۆچ بۆ زۆربەی ئینسانەکان ئەو دێوە یەکچاوە ئینسانخۆرەیە کە دەیهەوێ قوتی بدا. بە تێپەڕبوونی ساتەکان وردە وردە زێد فەرامۆش دەکرێ. دەبێ ئۆدیسە بی تا فەرامۆش نەکەی لە کوێڕا هاتووی. دەبێ هوشیاری و زانایبیت هەبێ تا بتوانی خۆت لە دێوی غوربەت ڕەها بکەی. هەر کەسێک لەناچاری تاراوگەی هەڵبژاردبێ دەزانێ کە ساڵانی یەکەمی تاراوگە تێکەڵاوێکە لە ژان و چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمان. کەم نەبوون ئەوانەی کە شەقامەکانی تاراوگەیان بە فرمێسکی خۆیان ئاوپڕژێن کردووە. غوربەت هاسان نییە، جەرگی دەوێ. هاوکات غوربەت لە دوورەوە سرنجڕاکێشە و ئینسان بانگ دەکا چونکە گادامێر گوتەنی تۆ ئەزموونت نییە و شتێک لەسەر غوربەت نازانی. تۆ پێشتر غەریبیت نەدیوە. کە هاتیتە غوربەت ئینجا ئەزموونی دەکەی و دەیناسی.

بەڵام هەست بە غەریبی تەنیا لە دەرەوەی نیشتمان ڕوونادا. گەلێک زۆرن ئەوانەی غەریبانە لە سەر خاکی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن و پیردەبن. جار هەیە وەک ماشینێک لەناو بەفر لە چەقی ژیاندا دەوەستی. زەمەن ڕادەوەستێ، نە دەتوانی بڕۆیتە پێش و نە دەتوانی بگەڕێتەوە و ئەو کاتانە تەنیا ڕێگای نەجاتت نووسینەوەی ئەزموونەکانە:

"من نووسەری هەموو پیربوونێکم؛ پیربوونی وشە، دەنگ، تەنیایی و پیربوونی حەسرەت. من پیربوونی خودی پیریم. تەمەنی خۆزگە و من ماڵاواییم. من ئەو ساتەم کە عەشق ناگاتە سەرەنجام و کات لە بەرپێی خۆی گیر ئەکا و ناچێتە پێش. من ئەو ساتەم کە لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا وەستاوە، وەک وەستانی ماشینێک لەبەفردا و هەردووکیان دەژی و دەستی لە هیچیشیان گیر نابێت." (ل.١٦٤)

فەتحی تاراوگە ئەزموون دەکا. گەرچی خەونی ئاو لە تاراوگە وەدی هاتووە بەڵام دەگاتەوە وشکانی. شاعیر دوای ئەزموونی کۆچ دەزانێ ئەو خەونانەی کە لە دوورەوە بانگیان دەکرد سەرابێک زیاتر نەبوون و دەزانێ کە ئازادی لە هیچ کوێ بوونی نییە. هەربۆیە دواتر دەگەڕێتەوە زێد. زەمەن و ئەزموون حەقیقەتەکان دەگۆڕن. ئینسان تا منداڵە دەزانێ ژیان چییە، واتە منداڵ ئەزموونێکی وەهای نییە و زیاتر خەریکی کایەکردن و چێژبینینە لە ژیان. بەڵام زەمەن ئینسان دابەش دەکا و جوانییەکان دەکوژێ. ئینسان، بە وتەی نیچە، "هاوکات هەم هۆی فەنا و هەم جادەی پێشکەوتنی خۆیەتی. 'خودی والائینسان'، وەک دەنگێکی خوڵقێنەر و بەزێنەری سنوورەکان لە پرۆسەیەکدا دروست دەبێ. 'خود' هەوەڵ دەچێتە دەرەوەی خۆی و دواتر دەگەڕێتەوە لای خۆی. ئینجا لە دەوری خۆی سووڕدەخوا تا خۆی دوبارە وەدەستبێنێتەوە. سەرئەنجام دەگەڕێتەوە نێو و لای خۆی. لەو پرۆسەیەدا 'خود' دەگۆڕێت و 'دگردیسی' دەکا. [...] پرۆسەی ڕەنج دەبێتە هۆی 'دگردیسی خود' واتە گەشەکرنی 'خود' لە 'هیچ'وە بۆ 'هەموو شتێک'. [...] ئینسان لە 'هیچ'وە دێت و ساتێک دەژی و دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ 'هیچ'. ژیان دیاردەیەکی 'شوێنی- ساتی' سنووردارە کە دەگەڕێتەوە بۆ 'هیچ' و ئینسان نابێ لە مەرگ بترسێ.

"لە دوای ئەو هەموو سەرابەی جێم هێشتوون ، ئێستا کە دەستم بە ئاو گەیشتووە، لە ئاو دەترسم. لە ئاو دەترسم و بڕوام بە وشکێنی هێناوە. پەیکەری ئازادی لە هیچ کوێ بوونی نییە؛ ئەوەی هەیە زیندانێکە لە ناخی خۆما دامناوە. کات قاتڵی هەموو شتێکە. قاتڵی خۆشەویستی، ژیان، ئازادی. بکوژێکی بێدەنگ. مرۆڤ هیچ کات بە نەمریی ناگات. لە کۆتاییدا ئەبێ خۆمان بسپێرینە دەستی مردن، هەر بەو شێوەیەی خۆمان سپاردە دەستی ژیان. گەورەبوون لە فامی مرۆڤا بوونی نییە. ئەوەی هەیە دابەشکردنی کاتە. هەموان لە سەرەتاییترین پرسیارەکاندا دەمرین؛ هەموان بە منداڵی دەمرین. ئەی ژیانی من، کە ڕوخساری خۆتم لێ تێک دەدەی، بۆ کوێم دەبەی؟ ئەی ژیانی من کە ناتناسمەوە؛ کە بە مردن شارەزاترم؛ ئەوەندەی مردن گەورەیی پێ بەخشیوم، تۆ هەرگیز! من مرۆڤی بوون و نەبوونم؛ مرۆڤی شەڕ و ماڵوێرانی." (من غوربەتم. ل. ١٦٥)

ڕاگواستنی ئەزموون گرینگییەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵگای ئینسانی هەیە. ئەگەر ئەدیبان، سیاسیکاران و بەرەکانی پێش ئێمە لە کوردستان ئەزموونەکانی خۆیان ڕاستگۆیانە بە جۆرێک بۆ نەوەکانی دوای خۆیان باس کردبا ڕەنگە زۆر هەڵە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دووپات نەکرابانەوە. ئێمە دەبێ ئەزموونەکانمان بۆ نەوەی داهاتوو بنووسینەوە. ئەوە کە شاعیران وەک ڕاستگۆترین تاکی کۆمەڵگا بە ڕاشکاوی باس لە ئەزموونەکانی ژیان دەکەن دەتوانی ڕووناکی بخاتە سەر ڕێگا و هەڵبژاردنەکانمان. گادامێر گوتەنی ئەزموون لە هیچەوەیە و ئێمە ڕەنگە زانیاریمان لەسەر زۆر شت نەبێ بەڵام دەکرێ لە ڕێگای نووسین ئەزموونەکانمان لەگەڵ یەکتر بەشبکەین. ئێمە لە چاخێکدا هاتووینەتە سەر گۆی زەوی کە پڕە لە بێدادی، کۆچ، شەڕ. ئێمە تەنانەت لە زێد و نیشتمانی

خۆمان بوونێکی ئاسوودەمان نییە، ڕاو دەکرێین، دەکوژرێین، دڵتەنگ دەژین و زۆر جار دەپرسین بۆ لەو نوختەیە لە زەوی لە دایک بووین:

ئەتەوێ چ حەیوانێک بم ئەی نیشتمان؟
ڕاوم کە و،
من لە ماسییا ڕاحەت ئەمرم
لە گورگا دژوار ئەژیم و
لە خۆتا نەختێک حەیفم بۆ بوون
نەختێک حەیفم بۆ نەمردن (ل.٤٥)

لە دوای شاعیرانێکی وەک هێدی، هەژار، هێمن، مارف ئاغایی، جەلال مەلکشا، ڕامان سۆفی سوڵتانی و تاد، کە زیاتر بەو ڕێزمانە دەنووسن کە بە ستانداردی موکریانی ناسراوە، شاعیرانێک لە نەسڵی نوێ لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەستیان بە نووسین کردووە کە زیاتر پێوەندی زمانیان بە هاونەسڵی خۆیان و ناوچەی ژیانی خۆیان هەیە. ئەوە دەکرێ جێگای باس بێ کە ئایا زمانی نووسین دەبێ یەکدەست بێ و یەک ستانداری نووسینمان هەبێ یا دەکرێ چەند ستانداردمان هەبێ و نووسەرانی هەر ناوچەیەک زاراوەی خۆیان بەکار بێنن. دیارە ئەزموونەکانی ژیان بۆ وێنە ئەزموونی غوربەت دەکارن کاریگەری جیاواز لە سەر فۆرم و ستایلی نووسین دابنێن بەڵام فۆرم و ستایل نابێ لە سەر پوختی زمان کاریگەری نێگاتیڤی هەبێ. شاعیرانی بەرەی پێش گەرچی لە فۆرم و ستایل دا زۆر گۆڕانکارییان نەکردووە بەڵام بەردەوام پوختی زمان بەلایانەوە گرینگ بووە. ئێمە لە لاپەڕەکانی هەوەڵی من غوربەتم دا زمانێکی یەکدەست نابینین، بەڵام هەرچی بە لاپەڕەکانی ئاخر نزیک دەبینەوە زمان زیاتر بەرەو پوختی دەڕوا.

بۆ ئەو تاکەی بەدوای حەقیقەتی خۆیدا دەگەڕێ و ئەو حەقیقەتە، چ لە تاراوگە و چ لە زێد، نادۆزێتەوە، تەنیا ڕێگای گەیشتن بەو حەقیقەت و خودە وشە و شێعرە. حەقیقەتی تاکی خودی ئارام فەتحی، لە ناو ڕستە و دەقە پچڕاوەکان‌دا دروست دەبێ. کاتێک کەوشەنێک نییە بۆ فرین و وشەکان قاچاخن و تاک لەو ئازادییەی کە دەیهەوێ بێبەشە، دەقەکان یەکدەست نابن و گاه بێتاقەت دەبن. بەڵام هەموو ئەو دەقانە کە لە گۆڕان دان، بەشێکن لە من/خودی شاعیر. "من"ێک دەتوانێ هەڵگری چەندان دژایەتی بێ. ئەو دژایەتی و کەرتانە ئەو "خود"ەیان پێک هێناوە. خود ئەو بەشانە لە خۆی ئەزموون کردووە و بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتووە و ئەو ساتانەی تێپەڕکردووە. خود بەرامبەرە لەگەڵ خود، واتە خود خۆی دابەش کردووە. دژایەتی واتە دەوڵەمەندکردنی خود هاوکات لەگەڵ پرش‌وبڵاوبوونی. خود لە پرۆسەی ئەزمووندا خۆی دەدۆزێتەوە. ئەزموونەکانی خود لەناو زمان دا خۆیان دەردەخەن و ئەو شتەی کە شاعیر لە دنیای دەرەوە وەدەستی ناکەوێ، واتە خودبوون، لە شێعردا پێی‌دەگا. فەتحی خۆی لە پێشەکی من غوربەتم دا قسەی خۆی کردووە و ژیانی شاعیرانەی خۆی ئەوها هێناوەتە بەر باس:

"نیچە دەڵێت: ببە بەوەی کە هەیت. من لە شیعردا دەبم بەوەی کە هەم. لە وشەدا دەبمە حەقیقەتی خۆم. ئەم کتێبە سێ بەشی شیعری و کە خۆی لە چوار بەش پێک هاتووە بەشێکیش چەند دەقێکی بێتاقەت؛ دووهەمین کتێبی شیعرمە یان باشترە بڵێم بەشێکی تر لە حەقیقەتی من یان درێژەی حەقیقەتمە. لەم کتێبەدا زمان و ڕۆحێکی یەکدەست لەوانەیە بوونی نەبێت و شیعرەکان لە چەند جۆر زمانی جیاوازدا دەرکەوتبێتن؛ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من بڕوام بە زمانێکی یەکدەست بۆ کتێبێکی شیعر بەنیسبەت خۆمەوە نییە؛ چونکوو منی دەروونم بەردەوام لە گۆڕان و لە من بوونی تازە یان دیکە دایە و ئەو منە تازەیە بۆ نووسینەوەی خۆی، زمانی نووسینی خۆی هەڵبژاردووە. لەوانەیە لە بڕێک شوێندا منەکانی ئەم شیعرانە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ یەکدیدا ببێت و تەنانەت لە دیدی خوێنەردا دژبەیەکیش بن؛ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئەو منانە ژیاوم؛ ڕەنگە ئێستا ئەوانە نەبم (ڕەنگە بیشبم). گرنگ ئەوەیە کە ئەمانە سەردەمێکن لە ((من))م."

بەمجۆرە وشە دەبێتە هەموو هەست و نیستی شاعیر. وشەکان دەرد و ژان، ڕەنج و نەهامەتی، شادی و گەشە کردنمان نیشان دەدەن. زمان تێگەیشتن لە خۆمان و لە جیهانی دەوور و بەرمان فورموڵە دەکا. زمان باس لە ئەزموونەکانی ژیانمان دەکا. زمانە کە ئێمە دەدوێ. بێکت گوتەنی "وشە هەموو ئەو شتەیە کە ئێمە هەمانە" و بەهۆی وشەکانی شاعیرە کە ئارام فەتحی دەبێتە ئەوەی کە هەیە.






# "دوکتور ئەلی: لەسەرەوەختا بیر لە ژیان نەکەیتەوە"

## تێبینییەکی کورت لەسەر کتێبی "من غوربەتم"

د. عەبدوڵڵا ئەمینی

هەر وەک دەزانین لە بواری نووسین و هۆنینەوەدا دوو خاڵ زۆر گرینگن. یەکەم ئەوەی کە دەمانهەوێت "چی بڵێین" (واتە ناوەرک) و دووهەم ئەوەی کە دمانهەوێت "چۆن بیڵێین" (واتە فورم). دیارە تا ڕادەیەک چۆنیەتی وتن و چی وتن پێوەندی هەیە بەو ئاقارەی کە تێدا دەنووسین و تێدەفکرین. بەڵام بەشێکشی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ شێواز یان سەبکی تایبەتی هەر نووسەرێک. لە بواری زانستیدا بەگشتی (زانستە ئەزموونیەکان) و لە هەندێک لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا زۆر جار چی وتن لە چۆن وتن گرینگترە و ناوەڕۆک بە سەر فۆرمدا زاڵ دەبێت (ئەڵبەت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە لانیکەم لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا هێگل گوتەنی ناوەڕۆک و فورم دوو شتی جیا لە یەک نین، بەڵکوو پێکەوە گرێدراون و تا ڕادەیەک فورم دەرکەوتنی هەمان ناوەڕۆکە). بەڵام لە ئاقاری ئەدەبیات و وێژەدا و بەتایبەت لە بواری شێعردا، زۆرجار چۆن وتن یان فورم زۆر گرینگتر لە چی وتن یان ناوەڕۆکە. بە زمانێکیتر، شاعر دەبێت گرینگی ناوەڕۆکەکە لە ڕێگای فورمەوە نیشان بدات. ئەوە بەو واتا نیە کە لە شێعردا شاعر نابێت چاوپۆشی لە ناوەڕۆک بکات و ئاوڕ لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوییەکانی نەداتەوە.

هەندێک لەو بابەت و تەوەرانەی کە شاعرانی بەناوبانگ لە چوارچێوەی شێعردا ، زۆرێک لە کەسە ئاساییەکانیش دەیزانن و بگرە ڕۆژانە باسی لە سەر کەن، بەڵام بەو شێوەی کە شاعیر باسی لێکردوە و بردوویەتی قەبارەی شێعر و فۆرمێکی تایبەتی پێداوە ئەوان ناتوانن بابەتەکە وا بدرکێنن. کەوابوو، شاعیر دەبێت ئەوەندە لێهاتووبێت کە بە کەڵکوەرگرتن لە هەست و خەیاڵی خۆی لەو شتە ئاساییانە جیهانێکی نائاسایی، نامۆ و جیاواز بخولقێنێت کە بۆ خوێنەر ئەزموونێکی نوێ بێت و هەست و خایاڵی ئەویش بورووژێنێت. دیارە ئەگەر بتوانین شێعرێکی هەر شاعرێک لە نێو ڕستە و دەستەواژەی زمانی ئاساییدا بگونجێنین بێ ئەوەی مەبەستی شاعر نوقم بێت یان ڕستە و چەمکەکانی بسرینەوە، ئەوە نیشانەدەری ئەو واقعیەتەیە کە ئەو شاعرە نەیتوانیوە لە بواری کایە کردن لەگەڵ زمان و وشەدا سەرکەووتووبێت و بە بەهرەگرتن لە خەیاڵی خۆی ئەزموون و جیهانێکی نوێ بخولقێنێت. کۆمەڵە شیعری "من غوربەتم" لەم ڕووەوە لە هەندێ شێعردا سەرکەوتوو بوە و لە هەندێکیشداناسەرکەوتوو.

بەنموونە: "دایکم ئەڵێ فرە مەسخەرەم وەختێ پیاوم" ئەم ڕستەیە زۆرتر لە ڕستەیەکی هەواڵدەریی زمانی ئاسایی دەچێت تا شێعر. شایەت خوێنەر بڵێت ئەمە برگەیەکی کورتە لە نێو دەقێکی درێژدا نابێت حکومی وابکرێت لە سەر پاژ، باشتر وایە کە بەشێوازێکی هێرمنۆتیکیانە پاژەکان لەگەڵ گشتدا هەڵسەنگێندرێت. بەڵام سەبارەت بەم "شێعر"ەی خوارەوە چۆن دەبێت دادوەری بکەین؟

خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بووین: تەماتە و برنج
باوکم تیقیەکەی خستە کەناڵی خوێنەکە و
وتی: تماشا توخوا پێشمەرگەی داماو
لە مەیدانی شەڕا خەریکی خواردنی برنج و تەماتەن. ل٥٢

ئەم کۆپلەیە هەرچەند دەلالەتێکی سەمبولیکی هەیە، بەڵام لە شێعر ناچێت. دروستە نووسەر دەیهەوێت مەبەستێکی تایبەت بگەیەنێت، بەڵام بە پێی ئەوەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، ئەگەر بیکەین بە چەن ڕستەی ئاسایی و وەک پەخشان ئاراستەی کەین چی لە مەبەست و فورمی وتەکانی نووسەر کەم دەبێتەوە؟ ئەگەر

زۆر ئارمانی بیر کەینەوە و وەک هەندێک ڕەخنەگری بواری وێ
ئەوە بێت کە شێعری ڕاستەقینە ئەوەیە کە هیچ کات ناتوانی
هەر وەرگێرانێک لایەنێکی ون دەبێت و بە هەر خوێندنەوە
دەردەکەوێت، ئەوا ئەتوانین بڵێین ئەم چەشنە نووسراوانە ناوی
هەر چەند لەوانەیە هەندێک ئەو پێوەرە پەسەند نەکەن و ل
شێعر بڕوانن.

بەڵام لەکەنار ئەو چەشنە "شێعر"انەدا نموونەی زۆریش هەیە ک
و هەستی من، ڕەنگ و بۆی شێعر و خەیاڵیان لێنیشتوە و شا
ئاوڕدانەوە لە ناوەڕۆکدا، لە بواری فۆرمیشەوە بە چەشنی تا
بئاڵێت و وێنەگەلێکی نوێ بخولقێنێت.

وەک: ئاوێنەیەک پڕە لە کچ و/ من نازانم بۆ کوڕم!/ ئاوێنەیەک
و/ ئاوێنەیەک ژوورەکەمە. ل٢٩

نزیکم ڕووخانم هەڵواسم و/ لە سووچێکا هەناسەکانت بمرم/ خ
من ئەتوانم کۆڵان بم و بونبەستم کەن/ پەنجەرە بم و پێوەم
بریا دەمتوانی لە نەبوونی خۆم کۆڵ کەمەوە/ وەک تۆ
پشتوێنەکەی.ل ٥٤ (وێنەیەکی جوانە)

یان هەموو شێعری "هەڵدێی لە مندا ..." ل ٩٥.

من تفم بە ئاوێنەیەکەوە بیسڕن/ بیرەوەریم، بە شەهیدێکەوە یا
شەڕم، بە سەرکردەیەکی بلێن. ل١٢٠.

من بام/ کە قژت نەبوو بیلاوێنمەوە/ بۆچی هەڵکەم ئەی
ڕوخسارت نەبوو بە خۆمدا هەڵیواسم/ بۆ نەڕووخێم ئەی یار؟
یەکێک لە دەستەواژە گرینگەکانی بەختیار عەلی یە)

نموونەی وا زۆر هەن من تەنها بە چەند دانە ئاماژەم کرد. بەگ
بەشی "دراوسێ" زۆرتر هەست و خەیاڵی شێعری تێدایە و ش
شیاوتر و درێژترە نە بڕگە بڕگە. زۆر جار لە نێو شێعرەکاندا، بە
خوێنەر هەست دەکات کە لە شێعرێکا لەگەڵ چەند "هایکۆ"
تاکوو شێعرێکی درێژ و بە ناوەڕۆکێکی تایبەتەوە. ئەم سەرلێش
نەبوونی ناوی شێعرەکاندا دەردەکەوێت.

هەندێک لەو چەمک و دەستەواژانەی کە شاعر زۆر جار
بریتین لە پاییز، کۆڵان، دراوسێ، سەفەر، تەنیایی و غەریبی
دێڕی شێعرەکاندا زۆریش ناقۆڵایە)، جادە، گان، باوک، دو
هتد. شاعر لە هەندێ شێعردا دەیهەوێت بە ئەدەبیاتێکی "پۆ
تێکبشکێنێت و ئەو سنوورە تاریکانە ببەزێنێت کە زۆر ج
دادەپۆشرێن و باسی لێناکەن. لە بەشی یەکەمی شێعەرکاندا
کاتێک کە شاعر خۆی وەک هەڵەی گانێکی باوکی دەنو
بەچەشنێک جێگە و پێگەی سەمبولیکی باوک لە کۆمەڵگ
پرسیارەوە: "گورگێکە باوک/ بەمندا ئەلوورێنێ .../ من گانێک
یان ڕۆحی نەسرەوتوو و ڕەخنەگرانەی خۆی لە هەندێ شو
ئەمە دێڕانە: "من پێویستم بە کەسێکە، دەنگی خۆش بێ بۆ
شانۆیەک، تف لە کارەکتەرەکەی خۆی بکا." ل٣١



له نێو هەندێ لە شێعرەکاندا، بە کورتی و بە وردی بڕێک دێر هەن کە لە قسەی نەستەق دەچن و وردبینی و قووڵبوونەوەی شاعر لە ژیان دەردەخەن. بەشی کورتی "ژیان چییە؟" ل ٦ هەرچەند شێعر نیە بەڵام تێبینیەکی ورد و جوانە لە سەر "واتای ژیان" لە ڕوانگەی نووسەرەوە. نموونەکانیتر: "ئێرە گۆڕستانە بۆ کەسێ بیەوێ نەمرێ" ل٢٠. "من ئەترسم بەیانییەک هەڵسم بە دوای خۆما بگەڕێم" ل٣٨. "نەترسی، ئەگەر تەمەن تەرجومەیەکی سەقەت بێ لە ژیان" ل٥٠. "بنەمای مرۆڤ تەنیایی"یە ل ١٢٢.

بەڵام لە پەنای ئەمانەیشدا هەندێک "قسەی قۆڕی" (بە زمانی خودی شاعر) تێدایە کە ئەگەر بیانسڕینەوە جێگایان دیار نیە و هیچ کەم و کۆڕییەک نایەتە ئاراوە. لە ئاکامدا پێویستە ئاماژەکەم بە ڕەنگ و بۆنی سیاسی هەندێک لە شێعرەکان کە لەوانەیە ئەزموونی خودی شاعر بێت لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتدا، ئەو کاتەی کە لە مەیدانێکی نابەرانبەردا بە شێوازێکی مۆنۆلۆگیانە ئەو دەخەنە ژێر لێپرسینەوە و دەیخەسێنن و نایەڵن بە زمان لە خۆی دفاع بکات (وەک نموونە بڕوانە لاپەڕەی ٨٠). ئەو ڕستەگەلە قۆڕەی کە بە زمانی فارسی هاتون زمانی دەسەڵاتن لەگەڵ هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایا، وەک کەرەستەیەک بۆ ترساندنی ئەوان لەوەی کە نابێت بقەکانی دەسەڵات تێکبشکێنن و باس لە مافی ڕەوای خۆیان بکەن.

بەگشتی، ناوەڕۆکی بەرهەمی "من غوربەتم" ئەزموونێکی تایبەتی لاوێکە کە لە داهاتوودا ئەتوانێت قووڵتریان کات و باشتر بە شێوازێکی نوێ بیانهۆنێتەوە.



# غوربەتێک نێوان دۆزەخی ڕابردوو و خلپوورستانی ئێستا

بەختیار کەریمی

غوربەتێکم پێیە
لە سووچێکی ئەم شارەدا کوژراوە
ئەتەوێ چیم ببینی؟
غوربەتێ کە من بم
بۆشاییەکە، بە هیچ نیشتمانێک پڕ نابێتەوە
******
غوربەت ئەمخوا
بۆ کوێ دەچی ئەی سەفەری هەمیشەیی؟!
بەرگەی مەرحەبایی ئەم تەنیاییە ناگرم
بەرگە ناگرم جارێکی تر لە دەستی پاییز بەر ببمەوە

**پێشەنگ:**

هاتنی ئارام بۆ ناوەندی دونیای پۆستمۆدێرن و ژیان لە پێکهاتەی کۆمەڵگایەکی جیاواز لەوەی کە پێشتر تەجروبەی کردبوو، ڕێکەوت و ڕووداوێکی مەزن بوو. ئەتوانم بڵێم ئەو لە نێوان مشتومڕەکانی جیهانی پێش مۆدێرن و جیهانی پۆستمۆدێرن لە حاڵی نوێژەن بوونەوەیەکی گەشاوەدا بوو.هاتن، هاتنێکی خۆویست نەبوو, بەڵام گەڕانەوە بە ئیرادەی ناسینەوە بوو. ئەم چەشنە هاتن و کۆچبەریە تەنیا بەهۆکاری هیوای گەییشتن بە کەنارەکانی ئازادی و بەختەوەری نیە، بەڵکوو تۆران لە نیشتمان و بیزاری لە خاک و تاریکبوونی ژیانە و بەچەشنێ لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤی لە چەشنی ئارام بەهۆکاری ڕەنگاورەنگەوە ڕوو ئەدات.
بەتێگەییشتن لەمانا و چەمکەشاراوەکانی نێو دەق،ڕەهەندی غوربەت لەپێناسەو شیکاریە باوەکانی لە شێعری ئارامدا رواڵەتێکی دیکە پەیدا دەکا.بۆیە هەموو ئەو چەمکانەی کە لە زمانی هونەرمەندەوە لە فۆرمی شێعر دێتە ئاستی خولقانێکی هونەریەوە تابلۆی سەردەمیانەی بەشێ لە دۆخی کومەڵگایە و لەم ڕێگەوە دەلاقەکانی ناسینی ڕەوتی فیکری و فەلسەفی هونەر و بەرهەمی هونەری دێتە ناساندن.

ناونیشانی "من غوربەتم"، ڕەخنەکار ئەباتە ئاستی کۆلینەوە لە ڕەهەندە ماناییەکانی دەرون دەق و ناسین و شیکاری لە چەمکی غوربەت و شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسانەی زەمینەکانی گەشانی ئەو چەمکە لە داڕشتێکی شێعریدا.ئەمە ئەبێتە هۆی سەرنجدان و بینینی تەنیا یەک کورتشاتێکی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی. ئەم حاڵەتە لە کتێبی ئارام بە هۆی مانشێتی سەرەکی کتێبەکەوە بوونی هەیە کە ئەتوانرێ هەم پۆزێتیڤ بێت هەم نیگاتیڤ.سەرجەم ئەبێ مانا دەلالەتیەکانی دەرون دەق شیبکرێتەوە و هەروا زمانی شێعری و فۆرم و ناوەرۆک و تازەگەریەکانی لەم کۆ بەرهەمە نوێیەدا بخوێنرێتەوە.
ئارام یەکەمین و دواهەمین شاعێری کورد نیە کە حاڵەتی کۆچ و غۆربەت لەبەرهەمەکانیا ڕەنگ ئەداتەوە. پێش ئارام،"ئەیاز خونسیاوەشان"لە کۆتاییەکانی دەیەی هەفتاد و هەشتادی کۆچی هەتاوی کە لە شاری "وانی"تۆرکیا بۆ خاتوونی ئەنووسی، بەرهەمێکی شێعری نوێی کە پڕلەنیشانە و ئیماژ و داڕشتی ئەدەبی و زمانێکی تایبەت بە خۆی بوو خولقاند.بەڵام تاکوو ئێستا بە چەشنی جیدی نەتەنیا لە شێعری ئەیاز بەڵکوو شێعری ئازاد ڕۆستەمی،بێزاد کوردستانی،ئیبراهیم ئەحمەدی نیا وەکوو بنیاتنەرانی پرۆژەی شێعری داکار، ئاوڕ نەدراوەتەوە بەڵکو فەرامۆشیش کراون. ئەمە خەسارە بۆ ئەدەبیات و چاوەڕوان دەکرێت ئەوانەی کاری جیدی ئەکەن مەداری ڕەخنەیان بۆ بینینی بەرهەمی دیکەی ئەدیبان بەربڵاوتر بکەن.
شاعێر هەر لەسەرەتای کتێبەکەدا ئەڵێت: من لە شێعردا دەبم بەوەی کە هەم.لە وشەدا دەبمە حەقیقەتی خۆم. شاعێر هەرلەسەرەتادا حوکمی خۆی داوەو پێویست بەلاڕێ چوون ناکا. لێرا حەقێقەتی تاکێکی دیاریکراو بەناو ئارام نیە، بەڵکوو ململانێی مرۆڤە لە گەردوون بۆ چەسپاندنی حەقێقەتی بوونی. بوونێکە بەردەوام نەبوونی حەقێقی بووە تاکوو بوونی. ئارام شاعێرێکی کۆمەڵایەتی،بەرپرسیار و هزرمەندە کە بەزمانی شێعرەوە لەگەڵ گەردوندا دێتە دواندن. پێوندی گرتنی وەرگر لەگەڵ بەرهەمی "من غوربەتم" دژوار نیە، چونکو زمانی ئارام، زمانێکی نامۆ و قورس و بێناوەرۆک و ناحەز نیە کە زەوقی بخوێنەر تێکبدا و چیتر سەرنجی نەداتێ، زمانی شێعری بە پێی شێوازی داڕشتن لە وشە و کار و سێفەت و سەرجەم ئێلمانەکانی زمانوانیدا گۆڕان و نوێگەرایی تێیدایە و ئەم جوانکاریانە لە بەشی مانای نوێ و خۆلقانی وێنای نوێ بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ. بۆیە وەکو شاعێرێکی نوێگەرا لەململانێی زمان و مانا و تەکنیکی شێعری سەرکەوتو بووە.بەردەوام بەردەنگ خۆی ئامادەی نوێیەتیەک ئەکات، زەمان لە حەساری ڕووداو تێپەریوە، زمان و زەمان لە ململانێی بوونێکی هەتایی، گەردوون دێننە سەما، وشە لە باڵای مانا بەرەو ئافراندنی تابلۆی گەردوون سەرکەش دەبێ.
شێعری ئارام شێعرێکی ئازادە، ڕەهایە لە هەرچی بەند و زنجیرە. وشە لێرەدا لە قەبارەی دەنگ، لە ڕوومەتی زایەڵەیەکی ئەبەدییە و چەمک بەردەوام مانای نوێ ئەخولقێنێ. لێرا شاعیر نییە کە شێعر ئەڵێت، بەڵکوو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و بگرە خان بە خانی جەستەی مرۆڤە هاتوونەتە دەنگ، بۆیە شێعرەکانی شاعێر تابلۆیەک نین کە چەندین ڕەنگ و سووژەیان تێدا حەشار درابێ؛ شێعری ئارام خودی گەردوونە؛ کە تابلۆ تەنها لێرا نەخشێنەری سیماکانە.
شاعیری ئەم دەقانە ئەبێ لە دوو زەمەن و مێژووی جیاواز و ئەزموونی دوو جیهانی بەرزونزمدا لێکبدرێتەوە واتا پێش غوربەت و پاش غوربەت ؛ هەرچەندە زۆر لەگەڵ وشەی غوربەتدا نیم و بە بڕوای من، تەنانەت لە دونیای پۆست□مۆدێڕنیشدا، بوونی نیشتمان شوناسی تۆیە، بۆ هەست بە بوون کردن لە گێژاوی دۆخی پڕڕووداوی ئێستادا؛ بەم بۆنەوە ئەڵێم مرۆڤێ کە نیشتمانی نەبێ، تەنانەت لەسەر خاکی زێدی خۆیشیدا هەست بە غوربەت ئەکات. نیشتمان لێرا مانای پەساپۆرتێکی هەیە کە ئیزنی بینینی جیهانت پێ ئەبەخشێ و ناونیشانت بۆ جەماوەری جیهانی، چیتر نامۆ نابێ و ئەتکاتە خاوەن کەسایەتییەکی پێناسەدار و کاتێ ئەڵێی "کوردی"ناچار نابیت خاکی نیشتمانێکی دیکە بەسەردا بکەی تاکوو بتناسنەوە.باوەڕم وایە بەرهەمی هونەری کۆمەڵگایەکی لەجۆری ئێمە، خۆنەویست ڕۆح و ڕەوان و زەینی هونەرمەند ئەکات بە زایەڵەی دەربڕینی پێکهاتە بێدەنگیەکانی کۆمەڵگایەکی شڵەژاو،ئارام لێرەوە دەستی پێکرد:
"من مەریوانم دەیەشا کاتێ ژنێکی چاوکەوە پێی وتم:
?Whoher kommen sie
من لە وڵاتی تەنیاییەوە هاتووم خاتوونی باڵابەرز
من لە وڵاتی شێرکۆ و حاجی قادر و نالییەوە هاتووم"

ئارامی فەتحی  وکوو شاعێرێکی نوێگەرا هەمیشە شێعرەکانی جێی سەرنجم بوون و زمانی شێعریی و مانا و چەمکەکانی، زمانی گێڕانەوەی جیاواز کردووە لە دیکەی شاعیران. بەردەوام مانای نوێ لە فۆرمی پرسیاری فەلسەفی لە شێعرەکانیدا لەحاڵی رووانداوە. ئارام پرسیارێکی ڕەهایە کە هیچ وڵامێک ناتوانێت ڕێی پێبگرێ؛ بۆیە ئەزەلیەت و ئەبەدیەت لە شێعری ئارامدا ئارام نییە.
گەرچی شاعێر بەتەمەن لاوە، بەڵام تێگەییشتنی لە ژیان و مرۆڤ، زۆر قووڵ و فەلسەفی و ئینسانیە؛ سات‌بەسات مرۆڤ بەئاگا دێنێتەوە کە داڕووخانی کەرامەتی ئینسان، غوربەت ئەکاتە هاودەمی ژیانی؛ بۆیە "من غوربەتم" تەنیا مەبەست دوورکەوتنەوەی فیزیکی شاعێر لە جوغرافیای نیشتمان و دڵتەنگی بۆ شاخ و چیاکانی کوردستان نییە؛ بەڵکوو نامۆیی و لەگۆڕنانی کەرامەتی ئینسانە بەهۆی داڕووخانی بنەما ئەخلاقییەکان.
لێرەوە غوربەت بوو بە پێگەیەک بۆ نەڕووخان، بۆ ڕاگرتن و ڕۆح بەخشین بەو هەموو واتا و چەمکانەی کە سەردەمانێک ژیانمان پێکرد؛ وەکوو:مرۆڤایەتی،ئەخلاق، عەشق، خەبات، مەزنایەتی، ئازادی و...
 هەرچەن، شاعێر لە دنیای واقعدا و لە جەرگەی کۆمەڵگایەکی پۆست‌مۆدێرندا، لە نزیکەوە کارتێکردنەکانی ئەخلاقی پرۆتستانی لە ژیانی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بینی، ئەوەی شاعێر تووشی شڵەژان دەکات، نیشتمانی خۆیەتی کە بێ ئەزموونکردنی ژیانێکی مۆدێڕن و بێ هیچ دەسکەوتێ، تەنانەت عەشقیش لەگۆڕ دەنێن. غوربەتی شاعێر، دوورکەوتنەوەی فیزیکی  لە نیشتمان نییە،بێبەش بوون لە بینینی دووبارەی ڕوخساری یار و زرێبار و کۆڵان و شەقامەکانی شار نییە؛ غوربەتی شاعێر، غوربەتی بوون و نەبوونە؛ڕاسترین ئاوێنە و تابلۆی سەرگەردانی و کڵۆڵی و هیچ بوونی مرۆڤی کوردە لە گەردووندا. غوربەتی شاعیری ئەم شێعرانە کاتێ لەدایک ئەبێ کە ونبوون و نەبوونی خۆی لە گەردووندا هەست پێ ئەکات:
"هەنووکەم هاتووە گاڵتەی پێ بکەن
من هەنووکەم شۆڕشی لێ ونە
نشتمانی لێ ونە
خیابانی لێ ونە
تۆی لێ ونە
من هەنووکەم نازانێ کێم"
لە چەن دێڕی نزیک بە کۆتایی ئەم شێعرەدا دەڵێ:
"دۆخی من ئەمەتام:
من لاشەی داهاتووم
قەیرانی شەڕ
نەبوونی ئازادیم"
 بە بینینی جیهانێکی نوێ  و ڕۆڵی چەمکەکان لە پێناسەی مرۆڤدا و روون بوونی پێگەی ئینسان لە هەستیدا ئارام چیتر ئارامیی نامێنێ، چونکوو ئەمجارە هەمووی ئەو چەمکانەی کە سەردەمانێک پێی وابوو ڕاستن، ناڕاست بوونی دەرئەکەوێ. ئارام ناتوانێ وەکوو هەڤاڵانی لە جیهانێکی وەهمی و خەیاڵاوی و درۆیینەی پێشوودا بژیت. ئەو ئەمجارە خودی ڕاستەقینەی بوونەکان ئەبینێ، خودی عەشق، خودی مرۆڤ. خودی بەردەوامیی ڕەوتی ڕووناکی ژیان، بێ وەهم و خەیاڵ. ڕۆیشتنی ئەو، ڕۆیشتنێکی فەلسەفی و شەیدایەکی پرپرسیار بوو و گەڕانەوەشی، خۆشەلماندنێکی ئەبەدی و بەرپرسیارانە بوو. لە واقعدا ئەزموونکردنی ژیانێکی نوێ نەبوو، بەڵکوو دەرکەوتنی چەوتی و نارێکیی کرداری مرۆڤی کۆمەڵگایەک بوو کە تەمەنت لەوێدا لەگۆڕنرابوو. لە ڕاستیدا دەرکەوتنی ڕەزاڵەت و خەسیوی و ناپاکی و ناڕاستیی ئاکاری ئەو مرۆڤانە بوو سەردەمانێک پێت وابوو مرۆڤن و ئەوینداری ئازادی و خۆشەویستی مرۆڤ و ژیان هەوێنی ژیانیانە. گەڕانەوەی شاعێر بۆ نیشتمان دیسانەوە پڕئازار بوو، بینینەوەی ئەودیوی دەمامکی ئینسانەکان و بەتاڵ بوون و درۆیینە بوونی بانگەشەکانیان، شاعێر ئەباتە فۆرمێکی ڕەخنەگەرانەوە ، بۆیە لە خۆیەوە دەست پێدەکات. ڕۆیشتن و گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، ئەوی کردە خاوەن جیهانبینییەکی ڕاستەقینە کە بتوانێ خۆی وەکوو مرۆڤ بناسێتەوە و جەسوورانە بڕیار بدات و ئەویندارانە مرۆڤ ببینێ.

وەک لەم تیکە شێعرەدا دەڵێ:
"ئەوانەی پێیان وایە لە شەهیدا نامرن
ئەوانەی بە ئومێدی تۆوە چوونە غوربەت
ئەوانەی خوێندنی باڵایان داناوە بیکوتنەوە بە چاوی مردنا
زۆرن ئەی نیشتمان
ئەوانەی ماتڵن کەسێک لە تۆوە بینبینێت
ئەوانەی لە ئاوێنەی تۆوە چاو لە فیگۆری خۆیان ئەکەن
تابلۆکانی ئەم جادەیە لە خۆما بوو
دەستم لە نەبوونی خۆم دا
لە تۆی بیرەوەری
من تەنها لە دوورەوە ژیانی خۆمم بینی"
لایەنی ئۆمانیستیی شێعری "من غوربەتم"لەچاو کتێبی یەکەمی نووسەر،زۆر بەرچاوە. گەورەترین دەغدەغەی ئارام، مرۆڤ و پێگەی مرۆڤ لە هەستیدایە.شاعێر خۆی بەرپرسیار دەبینێ بەرانبەر بە مرۆڤ. ئارام مرۆڤ ئەبینێ. وەک خۆی، مرۆڤ بێ ویتیرینی شتەمادیەکان. لێرا شاعێر ڕێگای خۆی زۆر سانا جوێ کردوەتەوە.شاعێر جەستەی نیشتمانێکی لەکۆڵ ناوە کە سەرتاپای ڕۆحی دەستدرێژی پێکراوە.بەرێ کەوتووە، ئەیەوێت خودی ژیان ببینێ، ڕوخساری ڕەنگینی عەشق  بێ دەمامک و ڕاست و ڕوون ببینێ. بەڵام ئایا دەتوانێ؟
هەوڵی شاعێر لە هەموو شێعرەکانیدا چەمکی "Verfremdung" ئەمە گەورەترین دەغدەغەی هێگل و هایدگر و سارتر و ئەوانی تر بووە...هەرچەن ئەوان بە هۆی سەقامگیریەتی ئازادی و دیموکراسیەت، سەرچاوەکانی Verfremdung باس دەکەن؛ بەڵام شاعیری ئەم دەقانە، لەو دۆخەدا بە لێهاتوویەکی فەلسەفی، ئەو بابەتە ئەخاتە ڕوو.گەر سەرمەیەداری و پێکهاتەکەی، مرۆڤی ڕۆژئاوایی  لەخۆبێگانە کردووە، خۆ نیشتمانی شاعێر بێبەشە لە کەرامەتەکانی دنیایەکی لیبراڵ و سەرمایەداری؛ ئەی ئەم هەموو نامۆیی و لەخۆنامۆبوونە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟!
من نازانم ئەم هەموو کۆتاییە
بۆ لە سەرەتای ئەم کۆڵانەدا ڕاوەستاون
دراوسێ، چۆن پێوت دەم
ئەو کاتەی پەنجەرە بم و نەشکێم؟
بەم هەموو چەترەوە
هێشتا "تۆ"م تەڕە و
منی ماسی
بۆ زەریاییت نابینم؟
لە کوێتەوە تەواو بم، بۆ دەست پێ کردنەوەی مردن و
دراوسێ، من کە مەرگێک قەرزار بم
ئەم هەموو گۆڕەت لە چییە؟
من سەفەرم دیوارێکە داڕووخاو
بەجێهێشتنی نیشتمان لەواقعدا بەجێهێشتنی شوناس و بوونە. بوونێ کە نەبوونی هەیە. بوونێ کە هێشتا نەیتوانیە چرۆ بکات و چاو بە گەردونا بگرێ.شاعێر کۆتایی ئازارە نەوێستراوەکان لە حەرەکەت و ڕۆیشتندا ئەبینێ. ڕۆیشتن بەرەو ئەو جیهانە پڕلە ئازادی و دادپەروەری و یەکسانیە. کاتێ لەسەر سفرەوخوانی ئەو نیشتمانە پڕلەهەوای ئازادیەدا دەگرسێتۆ ڕووبەڕووی ململانەیەکی زەینی و دەرونی ئەبێتەوە.لێرەشا زیندان ئەبینێ، زیندانێکی پڕلەئازادی. لێرا ونبوون و نەبوونی خۆی ئەپێکێ.لەهیچ تابلۆیەکی نیگارکێشی،لەهیچ لاپەڕەیەکی فەلسەفی وئەدەبیو هونەری جێگایەک بۆ داکوتانی حووزوری نادۆزێتەوە. دیسانەوە مێژووی نیشتمانی بە سوپایەکی بێ چەک و ڕەخت پیاسەکانی لە وڵاتی غەریبیدا گەمارۆ ئەدات.
"ئەوەتا خەریکم بە مردنی خۆما دێمەوە ئەی نیشتمان
بڵێ لێم گەڕێن با ئاسوودە بمرم
با ئاسوودە خۆم تف کەمە دەستەکانی تۆ

دەستەکانت لە مردووییم نابنەوە"

ناوەرۆکی ئەم شێعرانەی ناو ئەم کتێبە، بێگانە بوونە لە نیشتمانی خۆی، شاعێر بەدوای ژیان و عەشق و ئازادی و مرۆڤایەتیا ئەگەڕێت، ڕەنگەکان بێ ڕەنگ ئەبینێ، دەنگەکان نامۆ ئەبینێ، عەشق هەرزە ئەبیسێ، ئازادی و دیلی بۆی لێک نادرێتەوە. هەناسەکان، پێکەنینەکان، هاوارەکان نامۆن. دەمامکەکان ئیزنی پێ نادەن. دژوارە بێ دەمامک لە نیشتمانی پڕ دەمامکدا بژیت.

شرۆڤەی تازەگەریەکانی "من غوربەتم"

نرخ دانان بۆ رۆڵی مرۆڤ لەگەردوون وەکوو سوژەیەکی دانەر بۆ پێکاندنی ئامانجەکانی، بەرجستەبوونەوەی رۆڵی هزروئەندێشە،مرۆڤی هزرڤانی کۆمەڵگای مۆدێرنی کردە تاقەدەورگێری خاوەن دەسەڵات لە هەستیدا کە خۆی دەتوانێ چارەنووسی بە پشتیوانی هزرو ئەندێشەی نوێ بنووسێتەوە.ئەم پرۆسە نوێیەی تەواو بوارەکانی ژیانی گرتەوەو لە ئەدەبیات و هونەر و دیکەی بەشەکان رەنگدانەوەی هەبووە. مۆدێرنیتە بە هەموو واتا و پێناسە و کارتێکردنەکانی وەکو پرۆسەی نوێژەن بوونەوەی رۆژئاوا، ژێرخانەکانی ژیانی رۆژئاوایان دایەبەر شەپۆلی نوێ بوونەوە.

ئەدەبیات،فەلسەفە،کۆمەڵناسی،ئابووری،سیاسەتو...هەموی کەوتنە ژێر کاریگەری بنیاتگۆڕینی پرۆسەی مۆدێرنیتە. شاعێرانی کوردستان لەژێر کاریگەری ئەم رەهەندە نوێیە بە تایبەت لە بەشی ئەدەبیات و بگرە شێعر بە رێرەوی نەکردن لە فۆرمە کۆنەکانی شێعر، مودلێکی نوێی شێعریان دامەزراند.ڕەوتی نوێی شێعر لە کوردستان بە خوێندنەوەو بینین و تێگەیشتن لەو پرۆسە نوێیە دەستی پێکرد. شێعری نوێ یان شێعری مۆدێرن لە کوردستان لە چەندین ڕووەوە دەکرێ باسبکرێت. واتا پێش سوارە کە گۆڕان و رەرچەرخانێکی بەرچاو لە بەرهەمی شێعری لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکو سەریهەڵدا و بەگشتی سنوری لەگەڵ شێعری کلاسیکا دیاری کرد و بوو بە خاوەن پێناسەی تایبەت.بەرهەمی ئەم قۆناغە بە پێی گۆڕانی نوێی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان لە قەبارەی ناوەرۆکی تایبەتی خۆیا خولقاوەوبەچەشنێ بینەری رەنگدانەوەی واتا و چەمکە مۆدێرنەکان لە پێکهاتەی بەرهەمی شاعێرانین.لە کۆتاییەکان دەیەی هەفتاد و سەرەتاکانی دەیەی هەشتادی کۆچی هەتاوی ڕەوتی نوێی شێعری کوردی بەدوری گرتن لە ناوەرۆکی ناسیۆنالیسمی تۆخ و گرینگیدان بە فۆرم و چەمکە مۆدێڕنەکان وەکوو:dafamilirisationنامۆکردن یان ئاشنایی سڕینەوە، تاکخوازی individualism، دارشتی نوێ لە چەمکی مرۆڤ،هەستی،عەشق،ژیان،پێکهاتەشکێنی لە شێعر و دەربرینی رەخنەی فەلسەفی لە جیهانی پڕشڵەژانی مۆدێرندا و ... رەوتی نوێی ئەدەبی لە کوردستان لە قۆناغەکانی تر جوێ کردەوە.هەروەها ئاماژەمپێکرد تایبەتمەنی و لایەنەکانی مۆدێرنیتە بەرفراوانن لێرا ناکرێ هەمووی دەسنیشان بکەین بۆیە بە پێی نیاز ئەو خاڵانەی کە لە شێعری من "من غوربەتم" بەرجەستەیە باس دەکەین.

(Dafamilirisation) نامۆکردن یان ئاشنایی سڕێنەوە:

نامۆکردن یان ئاشنایی سڕێنەوە ئەو تەکنیکانە دەپێکێ کە شاعێر بۆ نامۆ کردن و دێردەرکەوتنی مانا بۆ خوێنەر بەکاری دەبات واتا بەکارهێنانی توخمە خوازەیەکانە لەنێو دەقی ئەدەبی و شێعردا،بەکارهێنانی خوازیەوشەییەکان سەرنجی زەین بەرەو واتا نوێیەکان ڕادەکێشێ و واتا ناسیاوەکان بێبایەخ دەبن و بزر دەبن تاکوو جیهانی دەق لەبەرچاوی خوێنەران نامۆ بنوێنێ.

"یەکێک لە گرنگترین خاڵەکان کەفۆرمالیستەکان لەبارەی فۆرمی دەربڕینەوە هێنایانەکایەوە چەمکی ناسیاوی سڕینەوە defhmilarrization بوو. شکلۆفسکی یەکەمجار ئەم چەمکەی هێنایە گۆڕێ و وشەی روسی ostrannenja بەکارهێنا. پاش ئەو یاکوبسێن و تینیانۆف چەند جارێک ئەم چەمکەیان بە نامۆسازی ناودێر کرد. یەکەمین هێمای شکلۆفسکی بۆ ناسیوی سڕینەوە لەتوێژینەوەکەیدا بەناوی "هونەر چەشنی شێوازە" دەدۆزرێتەوە. بەڕای شکلۆفسکی هونەر، تێگەیشتنی هەستیارانەی ئێمە دوبارە رێکدەخاتەوەو لەم پێناوەدا ڕێسا ناسراوو پێکهاتە بەڕواڵەت جێگیرەکانی واقیع دەگۆڕێ. هونەر خوو خدەکانمان دەگۆڕێت و هەر شتێکی ئاشنا لەبەرچاومان نامۆ دەکا. نێوان ئێمەو هەموو ئەو شتانەی کەلەگەڵیان ڕاهاتووین. (بۆنمونە کار،جل و بەرگ لەبەرکردن،رازاندنەوەی ماڵ،هاوسەر،ترس لەشەر) مەودایەک دروست دەکا، کەرەستەکان ئەگەرکو (خۆیان لەئارادابن) بەئێم دەنوێنێو هەموو شتێک لەژێر دەسەڵاتی لایەنی خۆ کرد کە زادەی تێگەیشتنە هەستیارەکانی ئێمەیە، رزگار دەکات."(ئەحمەدی،٤٧:١٣٧٠)

بەبڕوای شکلۆڤسکی هونەر تێگەیینە هەستاوییەکی ئێمە سەرلەنوێ ڕێک ئەخاتەوە و لەم ڕەوتەشدا یاسا و ڕێسا ئاشناکان و بنەما بەڕواڵەت هەمیشەییەکانی واقیع تووشی گۆڕانکاری ئەکات. خووەکانی ئێمە ئەگۆڕێ و ئەو شتانەی خوومان پێگرتوون و چشتەکان بەو چەشنەی بۆخۆیان هەن ئەنوێنێتەوە.

لە شێعری ئارامدا ئاشنایی سڕینەوە بەزۆری بەشێوەی هنجارگریزی مانایی ڕەنگی داوەتەوە. بەشی مانا لە چاو دیکەی بەشەکانی زمان زۆرترین هنجارگریزی تێیدا ڕوو ئەدات.هاونشینی دووهەستی جیاواز لەتەنیشت یەکدا لەشێعری مۆدێرن زیاتر بۆ رەنگینکردنی فۆرمی شێعر و لایەنی جوانناسیە.ئارام بە تێکەڵاوکردنی هەستە جیاوازەکان و هاونشین کردنی وشەجۆربەجۆرەکان کە لە یەک رەگەز نین هەست و رەنگ و دەنگی جیاوازی خولقاندووە وەک ئەم چەند نمونەیە:

(هاتنت، تازە چ دەردێ لە هەرەسی ئەم جاددانە دەوا ئەکا؟) □.(هاتنت، تازە چ دەردێ لە ترافیکی نەبوونم چارە ئەکا؟!)..(دڵم تەنگە وەکوو مەیانی ناوپات)....( سەرم گێژە لە گێژیی ئەم پەنجەرەیە و....)...(قاچی ئینسانم ئەوەڕێ).... (ببوورن ئەگەر زرێبارم ئەڕژێ!/یان کوردیم ئەشەلێ/ببوورن ئەگەر ئالوودەین بە هەوای ویترینی بەرتان)...( من دیوارێکم تا سبەینێی ئەم تەمەنە ئاجۆرییە.)...( خۆت مەخەرە ئەبەدییەتی کۆچەوە/ خۆت مەخەرە هەرەسی کات/پەراوێزی شار لە تۆدا گیرە و....)



# تابلۆیەک لە غوربەت

## خوێندنەوەی شیعری ئارام فەتحی

ئارام پزشکییان

تابلۆیەک لە غۆربەت (ئارام پزشکیان)

"من غوربەتم" دیوارێکە. دیوارێک کە خشتەکانی لە بێتاقتی، دڵتەنگی، بێزاری، وەڕەزبوون، غوربەت و لە هەمووی گرینگتر بابەتی بوون وەک "دازاین"ێکی مارتین هایدگری دروست بووە. کاتێک دەڵێین دازاین، شێوازی بوونی خۆمانمان مەبەستە. ئێمە هەموو دەڕۆینە نێو وجوودێکەوە کە تایبەتە بە هەستیی خۆمانەوە. وا دەکەوێتە بەر چاو کە باسکردن لە 'دازاین' واتا لە بارەی خۆمانەوە زۆر ئاسانە، بەڵام ئەم خەیاڵە جگە لە وەهم زیاتر نییە و بە پێچەوانەیشەوە ئەبێت بڵێین کە ئێمە بەردەوام ئەسیری دڵەخورپێی تێگەیشتنی خۆمان لە هەڵسوکەوت لەگەل بوونەوەرانیتردایین کە پێکەوە پێوەندیمان هەیە و لە ڕاستیدا ئەوانن کە دونیای ئێمە دروست دەکەن، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین لەگەڵیاندا زۆر جیاوازین. کەواتە ئینسان لەگەل ئەو شتانەی پێوەندی هەیە زۆرتر و زیاتر لە خۆی ئاگایە.

هەموو ئەو شتانەی ناو چیرۆکەشێعری "من غوربەتم" بەرچاو دەکەون جۆرێکە لە 'دازاین' کە لە ڕوانینێکی هایدگریدا دازاین جۆرێکە لە بوون کە بابەتگەلێک وەکوو کەس، مردن و هەموو ئەو پارادوکسانەی کە لە پێوەندی لەگەل کەسان و شتانیتردا دەردەکەون و لە ئاکامدا هەست بە تەنیابوونێک ئەکەین چونکوو تێدەگەین کە ئێمە بوونەوەرێکین کە فڕێ دراوینەتە نێو هەبوون. گێڕەوە لە سەرەتای دەسپێکردنی بۆمانی باس دەکات کە چۆن تووشی ئەم هاتنە هاتووە "پێکەوە خەوتنی بە هەڵەی دووکەس". دواتر دەستدەکات بە پرسیار و گەڕان بە دوای وڵامیاندا. ئەو باس لە دیوارێک دەکات بۆمان، دیوارێک کە خشتەکانی لە شتانێک وەک باوک، دایک، دەسەڵات، نان، سفرەی بچووکی ماڵ کە لە ئاکامدا هەمووی ئەمانە و شتانێکی زۆری تریش دیوارێک درووست دەکەن بە نێوی غوربەت. گێڕەوە گێڕانەوەکەی ئەکاتە دوو بەشی جیاواز؛ یەکەم گێڕانەوەی ئەو کاتەی تووشی غوربەتی جوغڕافیایی بووە و لە نیشتمانی دوورە و دووهەمیش نۆستالۆژیایەکی جیاواز کە لە کاتی گەڕانەوەی و لە نیشتمانی خۆیدا تووشی ئەبێت، جۆرێک لە غوربەتەکانی 'مالۆی سامۆیل بکێت' کە سەرگەردان و وێڵ بە دوای شتێکدا ئەگەڕێت کە وڵامی پرسیارەکانی بێت.

نموونەگەلێکی زۆرمان لە مەنفا لە ئەدەبی جیهاندا بووە کە دەسپێکی بە 'ئۆڤید' لە سەدەی هەشتەم و لە کتێبی 'نامەکانی غوربەت' بووە. ئەگەر ئۆڤید لە نێو نامەکانیدا بەخێڵی بە وشەکانی دەبات کە دەڕۆنەوە بۆ نیشتمان و دیداری دەکەن، لێرەدا گێڕەوەی "من غوربەتم" هەڵسوکەوتی سووژە ئینسانییە خەساوەکانی نیشتمانی خۆی باس دەکات "پێکێکی تر بە یادی ئێستایان، ئەم بەرە و ئەو بەرە، کتێب ڕشاندنەوە و فەلسەفە پژمینی مرۆڤەکان، ماندووبوونی کچ لە کچبوونی و ..." و وەهای بەسەر دێت کە دەبێتە کەسێکی تر "من خەریکم کەسێکی تر دەژیم" و لەپاڵ ئەو گشتە هەستی غوربەتەیدا ژیانە بێ کەڵکەکانی نیشتمان ئەکات بە تابلۆیەک و نیشانمانی ئەدات، تابلۆیەک کە لە نێویدا هەزارەها شت دەرئەکەوێت و هەڵیشی ئەواسێت بە دیواری غوربەتدا و دواتر تێدەکۆشێت لە ڕێگەی وشەکانییەوە سەرەڕای سەختییەکان قسەی دڵی بگەیەنێتە "یار". ئەم قسەی دڵە هیچ نییە زیاتر لە غوربەتێک کە لە "شوێن"ێکی غەریبدا تووشی بووە. بۆ نموونەگەلێکی لەم چەشنە بابەتە لە ئەدەبی کلاسیک و هاوچەرخی کوردیدا دەتوانین ئاماژە بدەینە ئەزموونگەلی مەنفای حاجی قادری کۆیی، نالی و هەروەها شێرکۆ بێکەس کە هەرکامەیان بە جۆرێک ڕووبەڕوو و کاردانەوەیان هەمبەر ئەم ئەزموونە بووە. ئەگەر حاجی قادری کۆیی لە مەنفا ئەبێت و هەر لەو دوورەوە وشەکانی ئەدوێن و بانگەشە بۆ ڕۆشنبوونەوەی بیری مرۆڤەکان ئەکەن کە لە نیشتمانی خۆیاندا سەربەخۆیی ساز بکەن، لەملاوە شاعیر "ئەگەر وشە بێت هیچ ناڵێت" و داوا دەکات "با مۆسیقای ئێمە دەس پێبکات" و "با تەنیایی ئەو بڕوا بە عەزەمەتی خۆی". ئەگەر نالی ئەبێتە قوربان با و خۆڵی شارەزوور و لە لایەکی تریشەوە تووشی نۆستالۆژیایەکی مەزهەبی بووە و ئامۆژگاریی ئەوانی تر دەکات، لێرە و لەم دەقەدا ئەم تووشی مەنفایەکی دەروونییە لە خۆیدا و ئاگایە و "نائومێدە لە نیشتمانێک کە نالییان تەنها لە غەریبیدا خۆش ئەوێ" و "ئیتر دڵتەنگی خۆی ئەبێت". ئەگەر شێرکۆ ئەترسا کە دارستانەکانی مەنفا یەک پەلک خەفەتی نەناسن و ئەترسا کە کورسییەکان حەز نەکەن کە لە سەریاندا دانیشێت و ئیتر ئەهاتەوە لای پاییزە ئازیزانی خۆی لە نیشتمان، بەڵام لێرەدا شاعیر تەنها بێتاقەتە کە "سەرگەردانە پاییز لە بوونمان و ڕەنجیش لە ورە" و حەسرەت بۆ شتانێکیتر ئەخوات.

سەرەڕای هەموو ئەمانە یەک شت ئەم لە گشت ئەوانیتر جیا ئەکاتەوە و ئەویش هیچ نییە جگە لە تەمەن. ئەم دەیهەوێت خۆی دەرباز بکات بە گۆڕینی خۆی و بوون بە کردەوەگەرێک. شاعیر لە سەرەتای دەسپێکی پرسیارگەلی گشت سووژە ئینسانییەکاندا دەڕواتە سەفەر و لە مەنفا دا لە سەرەتاوە لێکدانەوەگەلێکی ڕووکەشییانە ئەکات، بێ ئۆقرە ئەبێت، هەوڵ بۆ فێربوون ئەدات و لە ئاکامیشدا لەم سەفەرە بۆ یەکەمجار خۆی ئەناسێت و دواتر لێکدانەوەکانیشی قووڵ دەبن. لێرەدایە کە ئیتر "خوایە یەکێکمان بمرە" ئەبێتە "من دابڕانی بەردم لە بێدەنگی" و بۆ نموونە "کوێراییم بەرگەی شەقێکی تر ناگرێت" جێی خۆی ئەدات بە "ڕاپەڕین لە مەرگی منەوە دەس پێدەکات".

بەڵام ئەم مەنفا چییە کە سووژەی "من غوربەتم" تووشی هاتووە؟ مەنفایە لە دووربوونی لە نیشتمان؟ غوربەتە لە غەریببوونی لە دونیادا؟ غوربەتە لە ناعەداڵەتییەکان؟ یان غوربەتی بێدەنگی شارە؟ وڵامی ئەمانە و هەندێک پرسیاری تریش دەرئەکەون کاتێک کە شاعیر بە 'زمان' نوواندنی بابەتی بزربوونی خۆی تا ڕادەیەک دەکات. ئەو بەردەوام ئەبێتە سووژەیەکی ناسین و بەدواگەڕان و ئۆبژەکانی خۆی ئەناسێت. ئەو ئێستە گەڕاوەتەوە و لە شاری خۆیەتی و بەڵام تووشی غوربەتێکی تر. ئەم جۆرە غوربەتەی دووەم ئیتر هۆکاری 'شوێن' و لەوانەیشە ' زەمەن' نەبێت و سووژە بۆ یەکەم جار خۆی دەناسێت. لێرەدا سووژە دەنگ پێچەوانە دەکات و وەک چۆن ژاک دریدا جێگەی بوون و نەبوون دەکاتە نەبوون و بوون، ئەمیش ئەو دەنگی مەنفا کە شاعیرانی پێش لە خۆی وەکوو پێغەمبەرانێک لە ئاسمانەوە ئەیانهاوردە ناو سووژە ئینسانییەکان هەڵدەگێڕێتەوە و لە سەر زەوی حەقیقەتەکانی زەوی بۆ هەموو عالەم و جیهان دەنێرێت. سووژە خۆی ئەناسێت. لێرەدا ئیتر "ئارام" ئارام ناگرێت و نایەوێت لە ڕاستییەکان دەربچێت و خۆی لە ئارام بوونی وەهمدا ئۆقرە بدات. ئەو ئیتر بۆی دەرئەکەوێت کە غوربەت غوربەتی نیشتمان نییە و بابەتێکی ترە. لێرەدا ئیتر سیستەم دەناسێت، قازی دەناسێت، خودا و دەسەڵات و کەسەکان دەناسێت و بیری ئادۆرنۆمان ئەخات کە ڕوونیکردەوە کە لە دوای سەدەی بیستەم و بە هۆی ئەزموونی تۆتالیتاریانیزم گەڕان بە دوای ماڵ و شوێن کارێکی بێهوودەیە، بۆیە "ئارام" سڕینەوەی غوربەت لە باش کردنی دۆخی خۆی و دۆخی هەبوودا ئەبینێت. ئەو تێدەگات کە لە لایەکەوە مانەوە لە نیشتماندا یانێ خۆ یەکڕەنگ کردن لەگەل "تابلۆ"ی بێ

عەداڵەتی‌دا و لە لایەکی تریشەوە هیچ شێوازێک تەنانەت بە بوونی "ئومید"یشەوە ئەم غوربەتە چارەسەر ناکات، واتا بەردەوام خۆیشی خشتێکە لەم دیواری غوربەتە و وەکوو دیواری مۆسیقای 'پینک فلۆید' ئەبێتە "دەنگی مانوویەتی"، ئەبێتە "نارەزایەتی" و داوا لە شار دەکات بێدەنگ بێت چونکوو هەموو سووژە خەساوەکان ئەیانەوێت بدوێن و شار ئەوەندەی‌تر بخەسێنن و سەرئەنجام ئەبێتە "کۆماری هەستانەوە" و ئەبێتە 'کردەوەگەر' و خۆی ناداتە دەستی خەسان. بۆیە سووژەی شاعیر خۆی ئاوێتەی مەتەڵەکانی کۆمەڵگا ئەکاتەوە و ئەیەوێت خۆیشی بەشدار بێت لە چارەسەر کردنیاندا. "من غوربەتم" حیکایەتی هەموو ئەو ئینسانانەی وەکوو 'وات ساموئێل بکێت' کە سەرگەردانن و بە دوای تیکێتی یەکسەرەی شەمەندەفەردا ئەگەڕێن کە بۆ هەمیشە ئەم هەبوونە خەساو و بێ‌کردەوانە بە جێ بێڵن بەڵام "ئارام" وا ناکات.

بە نان بڵێن بێتە ئێرە
نەبوونی خۆی ببینێ
بە پارە بڵێن

لە هەر شوێنێک ویژدان کوژرا
مەرگی لێیە
لە هەر شوێنێک خوێن ڕژا
زوڵم

من نەبوونی عەداڵەتم
ئەی چەک

کێ دەپێکی؟

من یاساشکێنم
جەنابی قازی
کە بکوژی نان لە یاساوە تەقە دەکا

من دەنگی مانوویەتیم
جەنابی وچان
کە لەم شارە دەس ناکەویت

من نارەزایەتیم
جەنابی بێدەنگی
کە نوێنەریی دەنگیش دەکەی

بێدەنگ بە شاری مردوو
بەڕێز شەرافەت ئەیەوێ بدوێ

بێدەنگ بە دەوڵەتی بێ کڵاو
چەکی هەڵخڵەتاو
یاسای دزراو
من کۆماری هەستانەوەم



# چیرۆک


چاڵ/ مەنسوور یاقووتی |١٠٨
چەمێگ وەل‌خوەیێیا بەیێدەمان/ کەیوومەرس بەڵەدە |١٠٩
دیاریی مێژگ، جەنگەیل هەرای هەرێن/ ژیار جەهانفەر |١١٠
هەورێک بە نێوقەدی زەوییەوە/ هێمن عەبدوڵڵا پوور |١١٢
من، ئەو|ئەو، من/ شالاو عەبدوڵڵا |١١٧
ونبوونی ناوەخت/ شەرمین ساڵحی |١١٩
دووانەی فرۆشراو/ باران حسەین |١٢١

# چاڵ

## مەنسوور یاقووتی

وای تێژ پاییز وە ناو ئەو دەرەی بێ بن و تاریک ، خوەڵ وە گەلالوول کردیا و تاشەیل چای ئەکوتیادنوور چرای لودرەیل و گرەیدرەیل و بڵدزرەیل و کامیونەیل وە ناو یەک چەرخ ئەخوارد، رانەندەیل دەمچاو خوەیان وە گەرد «ئاغابانو» یا چەفیە داگردوون و هەوڵیان بوو هەرچێ زووتر چاڵ گەورائێگ بکەن و دوورەو بون و بچن و نەپرسن ئرای چە چاڵ ئەکەن و ئرای چە وەناو شەو تاریک و پڕ ترسە تا ڕوژ ناتیە مەعموریەت خوەیان تواو بکەن.
ناسر رانەندەی بڵدوزر، پیای سی ساڵەیک بوو وە گەرد بازوەیل کڵفت ، سینە پان و قوڵدر، مل وە کسێ نیەخەفان، وەناو جەنگ تا هەفت پێشت خوەی بەستیو. ساحو چەن مەغازە و ساختمان و ماشین بوو، رەشە بازار شار ئەو ئەچەرخان، ریش و سوێڵ مەلاپەسەن هیشتوو و چەن کلکوانەی عەقیق وە کلکێ بوو، هەرچێ وەلای خوەی فکر ئەکرد ک وەناو ئەو شەو تەنگ تاریک دوورە وە شارەو ئابادی ، ک وەناوی رووی و چەغەڵ و گورگ هات و چو کردیان ، ئەی چاڵ گەورا ئرای چە ئەکەن، عەقڵێ وە هیچ کورەی نیەرەسیاد.
وە یەی نەفر ک وە پێشت تاشێ گل خواردیا، پرسیاد:
وەی ڕێە گەنج کەفتیەسە دەیشت؟
کەسێ جواوی نەدا، ناسر وەگەرد خوەی وەت:
وە تفەنگ کووڵێ ئەنازێد، شوانە زا تا کامیون ترەک بارگیری بکاد، وە یەی نەفەر ک تفەنگ وە کووڵێ بی پرسی:
مانێ نەوید براگیان، سیار کیشید؟؟
یارو وە گەرد بڕووی جواو "نە" دا. ناسر پرسی: مناڵ کوورەید؟
یارو تفەنگ وە کووڵێ جیا کرد، زانو دا، گەڵەنگەدن کیشاد و کلک نیادە بان ماشە، ناسر ترسیاد، هەڵگەردیا و چویە ناو ئوتاق بووچک بوڵدزر و، وەت:
گمە کردم باوە....
وە ناوزگێ دشمینێ داد و لای خوەی وەت"من نناسی، زرانی بێە زوو، لابد توای یەی رگبار وە بان من خالی بکەید؟ باوگد بایە درارم. تیغەی بوڵدزرێک سپەر کیشادە بان و چوی بەرەو پیای تفەنگ وە کووڵ ، دەنگێ هێز گرد: چە توای بکەی ئەحمەق؟
دەنگ فەرماندە بوی ک دەمچاوی داگردوو و چەوەیلێ دیار بوی، ناسر وەت:
-توام کار بکەم چە بوی یە؟
-بچو بەرەو ئەولا، حەواست بو
-خەتا بکەی یەی گولە ئەنەمە ناو موخت
-تو؟
-بەڵێ ، من
ناسر ، بوڵدزر خاموش کرد، پیادە بوی، وەت: بچو روشنێ بکە. خەفە، بێدەنگ بو، بچو روشنێ بکە سات سرا!
ناسر دا مل فەرماندە وەت:
خوی ڕبە، مەعزرەت بتوا
فەرماندە دەسێ برد بەرەو کوڵتێ، ناسر مچ دەسێ وا فشار دا ک وە زرانوی درات
وەی مەوقعەع حس کرد لوولە تفەنگێ نیانەسە پێشتێ، تواس هەڵوی گەردێ، وە قونداق تفەنگەگە وا دانە پێشت ملێ ک کەفتە ناو خاک خوەڵ، فەرماندە وە لەقە دادە بان دەنەی، وە پوتین دادە ناو دەمێ. دیانێ شکیا و شورەی خوون رژیا ناو دەمێ. فەرماندە دەستور دا: بوەسینەی ک بخەیمەی ناو چاڵ...
فەرماندە وە رانەندە گرەیدر دەستور دا: پڕ بانێ خوەڵ بکە. ناسر ترسیاد، هێز گرد و ناڵێ: غەڵەت کردم! چە بوی یە؟! ئرای چە دەینە لیم؟؟؟
-دەنگت بور! ئەوڵە ئێ منافقە بخەینە ناو چاڵ...
ناسر ناڵێ: وە سوئاڵ کردن مەنزورێگم نەوی، ئشتبا کردم، من ژن و مناڵ دێرم، غەڵەت کردم
فەرماندە وە قینەو وەت: جانوەر ! مەگەر نازانی یەی ئمشەو نەباس چون و چرا بکەی و کەڕ و کور و لاڵ بوود؟؟؟
-زانستم وە بان چەو...
چەفت بوی ک دەس فەرماندە ماچ بکاد، فەرماندە وەت: یەی کەم کار کردی گوڕت گوم بکە...
ناسر لە پێشت فەرمان نیشت. فەرماندە وە ناو گوش پیای تفەنگ وە کووڵ چێشتێ وەت و بەعد وە ناو تاریکی گوم بوی، پچە پچ فەرماندە وە چەو ناسر دوور نەمەن، ترسیاد، وە لای خوەی ناڵێ: یا خودا خوەد برەسە دادم، وە گەرد زندگی خوەم بازی کردم...
وە چاڵ گەورا و تاریک و درێژ تماشا کرد و گیانی لەرزیاد و هناسەی سەردێ کیشا سە ساعەت وە نیمە شەو چوی و بێشتر وە یەی ساعەت حەق نیاشتن کار بکردان، وەگەرد چەوەیل بەسریا وە ئەورە دوور بویان، بەعد سوار تیارەیا کردیان و سەد فەرسەخ دوورتر وە وڵات خوەیان بردیانەیان.
ناسر وە لای خوەی وەت: ئەگەر نەهێوام وە ناو ئێ چاڵە، چاڵم ئەکەن، ئەو پچ پچە بێخود نەوی.
یەی کەم ئیلا و ئەولا تماشا کرد و وەت: یە سەرازێری بوڵدزر وڵ ئەکەم و ئەهێوام
من مناڵ شاخ و کیوم، وە شەو تاریک زاتم ناچێد...
بوڵدزر بردە نوا. یەی ئان دەندە خەلاس، وەناو تاریکی پییە خوار و هیشتە فەرار فەرە دوورەو نەوی ک پێشت سەر یەک رەگباری خالی بوی و نوور ئەفکەنیان وە شونێ چەرخ خواردن...



# چەمێگ وەل خوەییا بێدەمان

## کەیومەرس بەڵدە

سەختەسەخت، نوورِسن وەئایەمێگ ها لەهاڵ گیان کەنسن. وە یەێ هناس هەردو پایێ سرِ بوود و هناس تر تا ناوشان، هناس گەورایێگ لە قورِن دڵا بکیشێد و من و ئایەمەگان وە دەورێیەو وشکمان بوەێدەو!

هە بیلا لە ئەوەڵا بووشم سێ نەفەر هانە ناو ئێ رەوایەتە داڵگ و باوگ و کورِ، یەیشە بزانن ئێ داڵگ و باوگە هە یەێ کورِ نەێرن دا دوانزە دوویەت و کورِ دێرن، ئمجا یە کورِ بووچگە و ئوویشم کورِ بووچگە، لە یەوو بووچگتریش دوو سێ دوویەت هەس و گشتێیان هانە سەر زنەی خوەێیان ئێ کورِیشە ژن دێرێد و داڵگ و باوگێ هانەو سەرەێ یەوو.

شرووع باسمان لە ئاوایێگا دەس وە پێ کەێد، ئاوایێگ چەمێگ وە دەورێیا خڵێف خواردێیە لە شەوەکیان وەهار هەڵپەرِین ماسی وە سەرێیەو و جلیق فلیق دان خوەێیان هەنایێ سفیدی ژێر زگێیان کەفێد لە خوەرەگە و بریق باق کەێد شێت ئایەم کەێد. ئووشن هەر ماسیێ لەو پاپەرِنگە بپەرِێدەو، تیەێدە زیق ولنگ، چەمەگە نیمەرِووان تاوسان بوودە گوڵەم مەلیەێ مناڵەیل ووەرجێ لە یە ک کەسێ بپەرِێدەو ناوێ یە کێ مشتێ خەرِێ برنگ دەێدە ناو چەمەگە و وەهاوار ئووشێ (مەل موورت وە شەوم وە رووژ) ئێ ئاوایە مردێیەیلێیانیش هە لەێ چەمە لە بان چیتە کوڵێ قوسڵ دەن و ئاوەگەێ ئرِایان تەوەرِ کە. چەمەگە ناوێ راوەنە شوون پایێ لە ناو کولی مەتەڵەیل نەنگم هەس خوەێ ئووشێ ئاو چەمەگە چوو گیان لە ناو لەش مەردم ئاوایا پەخشەو بوویە، هویچ کاممان تاوشت دووریلەێ چەمە نەیریمن.

م لەێ گەپە خاس نەرەسیمەسەو برِێ لە مەردم وەتن راوەن یەێراس رشێدە بەهەیشت. چەن نەفەرێگ لە ناوێ مردارەو بوون و وەتن راوەن ئایەمەگان پاڵوێد و ئاوای لە پیسی رزگارِ کەێ، نیەزانم ئمجا ئێ گەپە کەمێ زوونەس. م لەێرە کەفتمەو هوورم لەپسا دوورەو بووم چەم ها لە تاف خوەێ بیلا لە ئەوڵا بووشم لەێ رەوایەتە کەسایەتی داڵگ و باوگ پیر بوونە و کورِە ها لە جووش جوانی، ئەوان خوەشێیان تیەێد لە ناو ئێ رەوایەتە گەپە لێیان بێریەێد. زانی ئەوان فکر کەن ئاردەیل خوەێیان هەرِینە. کورِە جارێ ها لە جووش جوانی، هەلا هەلا و هاوماڵی کردن وەل هەر گیانەوەر دوپایگا، تەنیاس و ئرس میرات فرەێگ ها ژێر دەسێ؛ لە هووچ جایێگ ماوایێ نیەگرێد. هەر وە ساتێ فلنگە کەێد و لەێ رەوایەتیشە دەێدەو دەیشت. م وە زوور بەجەرێ کەم یەیشە بزان لە هرس دان، ئێ وڵاتە وە کولی تێرێ نیەکەێ. جن و ملایکەت لە پاپەرِنگ ئاوایی جی گردوون و ئرِایێ خوەێیان هسار و ماوایێ داشتن. لە سالیار دوور وەتن کلای مامە ناوێگ یەێ شەو لە ناو سوورێیان بوویە و کەسێگی دەسێگە لێ نەوەشانێە و جەماعەت کارەو پێ نەیاشتنە، ئرِایێ بان سەر عرووسەگە هاتنە سەروەن لە ماڵ خان بردنە.

ئەوسا هەنایێ کلای گەپە لێ داس، کەسە پێ باوەرِ نەکردێیە ئەووش وەتێیە هە لەو سوورە چەقەێ مووشکە کەفتەسە پەرِ سەروەنەگەێیا بچن بارنەێ، مەردم جەم بەساوون و وە چەو خوەێیان کونایێ دوقورووشی لە جز سەروەنەگە دوون. لەوساوە کەسێ وە گووش خوەرئاوا لەێ پاپەرِنگە نەپەرِیەسە، نە ک باڵ پەرِییێگ بتلنێد!

گەپم لە سەر کورِە بوو لە هرس دان ئێ شارە وە کولی تێرێ نیەکەێ، شار ئووشم ئێرنگە هانە شار، ئاشنایێ من وەل یانەیا رەسێدە سەردەمێگ قرِدێگ مناڵ بووم و وە ماڵ یانە هامشوو کردم. ئووشن هوور مناڵی تێژە، زانین وە زوور وە هوورم تێد هە ئێ ئایەمە ک لە ئەوەڵ وەتم ها هاڵ گیان کەنسن وە جوانی، جوانی ئووشم گەها چل پەنجیا ساڵان دیمەێ، ئاگرێگ بوو لە ئاسمان کەفتوودەو خوار بوورەو بوون چەوەیلێ زیەڵێ زیەڵێدار درِی، لە مەردم شنەفتم سەرتەریە بوویە کورِ وە دڵاوەری یەوو لەێ وڵاتە لە داڵگ پێیا نەوویە و نیەود، وەتن لە کونایێ کەێانا گوورِ داسەو بان وچەن جار خاوەن ماڵ لە ناو تەوولە و کەێان بەساسەو. کڵاو دەسماڵەگەێ وە سەرێیەو بوو و دایم سەرەخرِی کرد. رێ کردنی لەوایێ دەو مینس م ئێ باسە کردم ئەر کەسێ لەو سەردەمە رەوایەتێ بنووسیاد هەتمەنایێ هەتمەن یەوو لە ناو ئەو رەوایەتە جیەو نەکرد و کەسێ نەوێرس ناوێ بوەێد.

لەێ رەوایەتە ژنیش بووژنێگ ئەر بچیمەو سەرِ هوورمان ئەو سەردەمە یەوووە تەنیا دوای تیمار کەر ئاوای بوویە هەمیش عرووسەیل ئاوای یەوورەژیەسان و فەرە کارەیل تروو.

توام یە بووشم ئێ پیا و ژنە لە سەردەم خوەێیان ناودار و کارا بوونە یە نەوەتم پیا بەنایش بوو لە رووژێگ هەوسڵە بیاشتاد و وەردەسەێ فرەێ ژێرخان و باڵاخانێ درس کرد.

شەوانە هەنایێ چراخ توورِی لە ناو وەرەێوان رووشن کردن باوەرِ کەن ئاوایەگە وە کولی کردە رووژ رووشن تازە ئەوەڵ رادوونیش یەوو هاوردوودە ئاوای.

لە یەکێ شنەفتم وەت: ئیمە ئێواران لە وەرەێوان جەمەو بوومن رادوونەگە چەکانیم تا عەلی نەزەر خودا بیامرز ئرِامان دپرِووقەێ بچریا، رووڵە زانی ئێ هوورە چرِیشە لە جوانی مرد و بوویە خەوێگ ئەو رووژ نایێ.

بوەخشین جارمەوق خوەمیش لە رەوایەت ئەسڵی دوورەو کەفم زانین هە ئێ هوورمانە لە هوورمەو نیەچوود و گەها خوەمیش بەشێ لەێ رەوایەتە بووم و پیا و ژنە ک هە پیاگە ئێرنگە گیان کەنێد. باپیرم و ژنە نەنگم و یاروو هە لەێ رەوایەتە دەرچوود، چوودەسەر هەلا هەلایێ خوەێ، خاڵووم.

باس سەرەکی زانین لە کووەو دەس وە پێ کرد؟، لەو ساتە ک کورِ فراری و ژنەێ سەنگ یەزیدی دان لە قەو هاوردنەیانە شار.

فەرە شیەو نیەکەم و تەنیا یەیشە ئووشم ساڵێگ مەلوویە واروود ها هوورێیان و ئووشن هە چمایێ دوویەکە بوو و ئووشن فەرە ساڵەیل تریش کیسەڵ ئاوایمان نا خەرِێ و چەن جار قتی روو نا لیمان و هەمیش لە تێوڵ راوەن گیان دەر کردیم هێمایێ هەسەمان تا دوا وەهاڵێ بکەیم و چەمیش ها لە تاف دەو.

م خوەمیش لە کفتە وارین مەتەڵەیلێگ شنەفتم و یان گەپێگ لە سەرێ نێیان فەرە شیەو نیەکەم و کەسایەتیەگانم شەکەت نیەکەم، توام باس ئمرِوو بکەم ئەو گەوراماڵە هاتنەسە شار لە ناو ماڵ بووچگێ ئەوەیش لە پەرِ شار و لە ناورێ قەورسان.

نەنگم وەت ئێرنگەدی ئێ خودا رامەتێ بکەێد وەت: رووڵە ئێ قەورسانە خەوفنەکدارە فەرە شلخ پلخە هە دارەگانیش چوو دار نین و لە جی وەڵنگ درِگ و دەرزی گردنە، رووڵە لەێ شارە هناسم قت بوود و ئێ خێاوانەیل قیلنیە قرِووژێدەم، ماڵەگە زندانێگە م کەێ ئادەت وەێ کولانە دێرم.

وە هەرکەێیا رەسی یەقەێ گرد لاڵکیاد: رووژێگ مردم، لە قەورسان ئاوای چاڵم بکەن یە تەنیا وەسیەت منە.

باپیرم دایەم دیم لە بان پلەێ دەر هسارەگە دەسەونجێ نیشتوود و قووخ داوودە مل قەم گوچانەگەێیا و چەو برِوودە دارەیل ناو قورسانەگەێیا.

زانین وە خودا قەسەم نە تەنیا م، هیچ کەس تریش لە دەمێ گەپێ لە بارەێ خوەێ نەشنەفت و هێمایێ کەسیش نیەزانێ چوە ها ناو دڵێ. ئێ یاروو خوەێ ئەو دەس نیەێد و لەێ رەوایەتە هووچ نیەشووێد ها لە چرپ چاپ خوەێ و مەنەیرێ فرار کەێد.

یە بوو دکترەیل فرەێگ لە دەرمانێیان ئاجز مەنن و سەرێیان سرِ مەن. لەێرە ئێ کەسایەتیە ک لە دەسم فرار کرد و منی گومێ کردم یەێ ئێواران گشتێمان لە ماڵێیان کوو بوومن و نەنگم دەمەو بان ئڵاژیاوود و تەنیا م زانسم وە وەهار ئاوای فکر کرد، لەپسایێ لە دڵەو عەرووسێگ لە ناو وێارگە رەژێ و مەردم فرەێگ لە دەورێ خوەشی کەن و چەپ کوتن. یە باس دو سێ رووژ لەیەوەرە و ئمرِوو ئێوارەس باپیرم دەمەو بان خەفتێیە و چەوەیلێ زرِناقە دانەسە قەێ سەقف وتاقەگەێیا چراخ توورِی شەوق دارێگ لە خێاڵێ لە ئاوای رووشنە و لەپسایێ ژێرخان باڵاخان نەنوومەتێگ درس کەێد تا خوەێ و ژنەێ لە ناوێ جیەو بگرن و بچنە ئەو رووژەیلە و کەسێ جرئەت نەکەێد یان بنەێدە ناو رەوایەتێگ و مردارێیانەو بکەێد.

زانم هەنایێ بچمەو دیارێیان هانە ژێر خەرِوارێ خەرِێ و بانێیان دو سەنگ گران قەیمەت داپووشاس لە ناو قەورسان گەورایێگ ک دارەگانێ دار نیین لەپسا تک تک بوونە ئاو و چن برِیشەنە ناو راوەن.

ساڵ وارین مەڵوویە لە هوورەو بوەن و ساڵەیل قەت قرِان کیسەڵ فەراموش، ئا ئا چن برِشیەنە ناو راوەنا.

# دیاری مێژگ، جەنگیل
# هەرای هەرین

ژیار جەهانفەرد

دووای چەن ساڵ شەڕ، ژنەفتن وشەی ئاگربەس، ئڕا هەر کەسێگ فرەگران بوو. ئەوەیشە ئڕا ئیمە ک لە ناو قوڵتیسەی ئاگر و لە بەرەی نوا بوومن. ئمێدمان یە بوو ک تلیمارەیگ فرەتر لە زەوی دژمن داوڕیمن. دووای ئێ گشت ساڵە، خەبات ئڕا سەربەرزکردن وڵاتێگا، وە زوانهاوردن وشەی ئاگربەس و ئاشتی، هووڵەرە خسەوگیانمان، تەکان گەنێگ دا وە فەرماندە. ئارام و قەرار لێ بڕبوود. لە بەرەی شەڕ ژاو هڵاوردیم و خڕ خواردیمن. سەر بردیمنە یەکا و ئاشاسە لیمان بڕیابوود. پامان ئەو بان زەوی نەهات، مینسیمنە مامر سەربڕیای. من و سەرباز ترەک ک ساڵان فرەیگ بوو لە تەرکەش فەرماندە بوومن. جار تر وە دقەت گووش لە فەرماندە تەکانیمن. راسێ بخوازین، شەڕ بوودە بەشێگ لە ژیانمان. ئێوارانێگ ک دەسمان لە خوون نەڕەژیاد، نان ئەو بان زوانمان نەچێ، دی فەرخ نەکرد چ خوون دژمن بوواتا یان خوون هاوقەتارەیل خوەمان. تا فەرماندەر وەت تن و سەفەر وەگەردما بان، نە لە زوانمان نەبوو. ئیمە لە ناو ئێ چەن ساڵە، وە چشتێگ تر بێجگە لە شەڕ فکر نەکردیمن. ئەسڵەن باوەڕ نەکردیمن، رووژێگ بێتەقەی تفەنگ بوەیمنەو سەر یاگەر بژیەیمن. موویگ لە گیان فەرماندەر رازی نەبوو ک دژمن وە بەرزەک بانان دەربچوو. لە سەرین تا وە پا لە قەیقەتار و شەنگ وشک بوومن. هەر جوورە تفەنگ و تەقەمەنی وەگەردا بردیمن. تا لە ناو ئەو دووای سەرباز و مەردمەگە بوومن، تەقەلا کردیمن ک رووخوەشێگ نسبەت وە ئاگربەس و ئاشتی نیشان بدەیمن. هەنای رەسیمنە لێو چەم. چەومان کەفتە ئێ لەپ ئاوە ک ئی هەمگە ماسییە وەل خوەیا بەی، بێیەگ کەسێگ رێ نیشانێیان بدەی، تەنانەت وە دڵەقرچی خوەیان چنەوژێر، نە تەنیا فەرماندە بەڵکوو ئیمەیش تا ئەندازەیگ لە جامەی خوەمان دەرکردن. فەرماندە دەس و پا هەڵماڵی و وەر نا لە تەنکی وێیار. وە زوان خوەش لە ماسییەگان لاڵکیاوە: "ئیمە خوەشمان نیەتێ ئیوە بوونە خوەرداش کەسانێگ ک ساڵان فرەیگ لە هەمبەر ئیمە پادانەسە گەز، نەتەنیا پاوەگەزدان، یە ساڵان فرەیگە لە ئیمە کوشن. ئیسە خوەشمان نیەتێ وە زوان ترەک وەگەردانا بووشیمن. ئیمە توایمن ئێ گیچەڵ گەورا چارەسەر بوو. هاتێ ئیوە نەڕەسوونەو، گاهەسیش وە روو ئاگاهی بوود، ک ئیوە لەیوا خوەدان خەینە باوەش...." ماسییەیل گووش نەتەکانن، بەشێگ لە وجوود چەم بوون. هەر کام لێیان دیرووکێگ لە ئنسانەیل دەور وەر خوەیان زانستن، ئەوانەیشە ک زاڕوو بوون و ئمرێیان، شەڕ ئنسانەیل نەوود، داپیر و باپیرێیان، ئێواران هوورد باریک تاریخ ئێ گیانەوەرەیل دوقولە ئڕایان وازگفت و شیەوکردبوون. رەنگ سەفەر لە فەرماندەر زەردتر بوو، منیش تا تەنانەتێگ زەردەترەو بووم. ئیمە هەر سێ، خوەمان هڵاژانیمنە ناو وێیار چەما، وە چنگ وە لەپ، وە پا، وە زگ، وە قەپ نوای ماسییەیل گرتیمن. هیچ ماسیێگ گووش نەتەکان، گاهەسیش هەر هەواڵ نەپرسوون. وە ژێر هەنگڵمانا، وە ناوگەڵ فەرماندەیا سوولە کردن و چێنەو ژێر. ماسیەیل تر ک لە توانێیان بوو، باز دانە سەرمانەو. هەرچێ لەپ کوتایمن، سڕ بوون و فرتە کردن و چێن. خەنێ گەنێگ کەفتەو سەر لێو سەفەر. فەرماندەریش پیرکێ دا لە خەنێ، وەلێ خەنێ شادی نەبوو، خەنێ ساڵەیل شەڕ بوو. هەنای لەیوا خەنێێگ نیشتە سەر لێوێ، دی زانستیمن دووای گرێگ زەوی و زەمان نەیئەویەک. دەس و پا و تمام ئازای لەشێ نیشتە لەرزە. تەرکەشەیلێ ک لە شەش ساڵ پێش هەر لەی لێو چەمە، لەی لێوار خەتە، دابوون لە ناو سەرێ، گاجار ژان و ئێشێیان هاتەو سوو، خەنین و گیریێ لەوای سەحنەیل فیلمەیل شادی و شیوەن بەین بەینێیەو کرد و لەی دیم خسەی وە ئەو دیما. چمانێ زەردەژوە پشانوودە دەمچەوێیا. چەو بڕیە ناو چەو چەم و قیڕان و هاوار کرد. وەلێ هیچ تەوفیرێگ نیاشت. پەنا بردیمنە پشت تاشەبەردێگ لە لێوار چەم. جەلەسەی گورجانەیگ؛ لە دار خسیمن. هڵایە چارەکێ وە سەر گاوە دەمەتەقە و راوێژ کریا. فەرماندە بڕیار خوەی دا. من و سەفەر کەفتیمنە لێو چەما. سەفەرێگ ک دو ساڵ پێش خزمەتێ تمام بوود، ئەما وە ئشق شەهادەت و خەبات لە رێ وڵات - وڵاتێگ ک زوانێیانیش نەڕەسیەو — نەڵگەردیاوودەو ئڕا شار خوەی. ئیسە دو ساڵ ئزافەتر بوو ک وە شانازییەو شەڕ کرد و وە بوو باروت گولە و بوو لەش کەفتێ یار و نەیار، گەز گەز باڵا رواکان. هەر جار گولەی لە لەش رێوارێگ لە ژێر خەت گیر کرد، چمانێ دنیا هێن سەفەر بوو و وە گورجانەیگ خوەی تەقانە لای فەرماندەرا، ئەویش دەسێگ کیشا مل سەرێیا و وە راحەت ئاو لە قوڕگێ چێیەوخوار. راسێ تەنیا هاوڕێ و هەڤاڵ فەرماندەر بوو، تەنانەت ئڕا خواردن ناشتای دووای نماز شەوەکییش وەل یەکا بوون. ئیمە وە لێو چەما کەفتیمنە رێیا. وەرەو ناو دڵ وڵات. وە بێترس و لەرزە گام هەڵگرتیمن و لە ناو دڵ کشوەر خوەمان نزیکەو بوومن. دەم دەم ئیمە بوو. کەس نەوێرس بووشێ پشت چەودان ئەبرووە، چون فەرماندەر ناوودە ژێر زوانمان ک هیچ کەس نیەتوانێ لە بەرابەر هەدەف پاک و راسگانی ئیمە چشتێ بووشێ، ئیمە راسگانیترین ئایەمەیل دنیایمن. دووای دە — دوانزە دەقە رەسیمنە گوڵەم قوولێ. وسایمنە دیاریانا، وەل یەکا دەس کردیمنە راو کردن. لە بانا کش ماسییەیل کردیمن. لە قوولایی گوڵەمەگە، لە وار و لێزگەی خوەیان نەیشتیمنان. وەرێیان نایمن لە وێیار و تەنکی ئاوەیل. تەنانەت گاجار لە وەیشت لەپ دان ماسی و تەنکی وێیار، ئاو ئەودەم بڕێگ ماسی نەکەفت. بڕێگیان لە بێجیەری لە وەیشت لەپ دان ئێ گشت ماسییە، کەفتنەو دەیشت و سەر کوتان؛ دەنک دەنکێگیان گیان کڕانن و وە نکەجڕی دەمسا لەش ژەنینە تەنکی ئاوا. نزیک لێو مەرز کردن، فەرماندە لە پشت کوچگ لە مکوڵ بوو. لەپ دان ئێ گشت ماسییە، بوودە خوونێگ و وەرچەوێ گرتبوود. سەرێگ هێز دا، ماسیەیل هاتبوونە بیست سی مترێ. یەکمین نارنجەک ئڕایان وەشان. ئیمەیش خوەمان هڵاژانیمنە پشت کوومەیگ خەڕێ لە باڵ ژووەرێ ماسییەگانا. ئەمانێ هەچانەو نەخوارد تا دەسکەفت تەقین یەکمین نارنجەکێ بوونێ. چون لە ناو ئێ چەن ساڵ شەڕە، دی هووکارە بوود ک دەمێگ دژمن لید نزیکەو بوو مەپرس و ترمز وێڵ کە. نارنجەک دوێیم، سێیم، چوار و...وەشانە ناوێیانا. رەنگ چەم گووەڕییا. ماسیەیل لەت بوون. ئاو و خوون بووە یەکا. هەر ماسی لەتکریای بوو ک ئاو پلێ دا! هەر ماسی زینێ بوو ک وەل لەش مردێیەگانا هەلای ژێر خەت کرد. ماسیەیل زامداریش گورجتر لە جاران رێ خوەیان ترکانن. ئەمانێ ماسییەیلێ ک لە بانا راو کردبوومن، زوورمێیان کوشیان. فەرماندەر و من و سەفەر پەلام سەر خەت بردیمن، نەیشتیمن لەش ماسییەیل بچنەو ژێر. نوای لەش مردێ ماسییەیل گرتیمن و دی نەتوانسن واوەسە بکەن. ئەگەر جارجارێگ لەش ماسی لەت بوویگ لە دەسمان دەرچێ، هاوسەربازەگەم هەڵاماتێ برد و لە شوونێ تا ژێر مەرز چێ. چارمان ناچار بوو، یە هەیا و ناموس فەرماندەر بوو. فەرماندەر هەر جار وەت: "ماڵ ئڕا مەرەزە یا ئڕا قەرەز" ئیمەیش باوەڕ کردبوومن. لەی دەمە ماسیخولگەیل تر لە خەت هاتنەو بان و خوەشێیان لە رەنگ سوور و لە خوونڕەژیای چەم هات و خوازین تا وە سەرکانی ئێ ئاو رەنگینە بچن. هەرچەن وەختێ گەورا بوو لەش مردێیان لە لای چەمەگە بووە ناو ئەو دووای لەش ماسییەگانا. رووژەیل و مانگ و ساڵ فرەیگ ویەرد. یە بوودە کارمان. شەوەکیان وە سات کارمەندی هاتیمنە سەر کارمان و تا وە گووش خوەراوا کار کردیمن. هەر رووژ ماسییەیل مردێ و نیمەگیان لە چەم خسیمنە دەیشت. □

پشیەیل پەلام ماسییەیل هاوردن. ماسییەیل فرەیگ خواردن. ئەوانیش دی کەفتبوونە لمر. هەر رووژ و هەر سات وە دیار ئیمەوە بوون تا ماسی تازە لە ئاو ئڕایان بکوشیمن. پشیەیلێ ک لە دریژایی ژیانیان هەر بنقاو خواردبوون و تا ئیسە

گووشت ماسی تازە وە چەو نەوون، تەنانەت پشیەیلێ ک نازێیان فرە رەواج بوو لە دەر ماڵ بەگ و میر گەورا بوون، هزارکوتی ئێ ماسییەیلە لە ناو خەیاڵ خوەیانیش نەوون. هەر پشیێگ خوەشێ لە جووریٚ ماسی هات. لێیان بوو تەنیا سەر ماسی خوارد، لێیان بوو گووشت بێ کەوڵ، برێگێیانیش کەوڵ ماسیەگان کەنین و کەمێگ لە پووسەگەی نانەودەم، ئەڵبەت زوورمیان نەپرسین و وە ئازای سلێیانا دان. کاشی وە جیێگ رەسی، بڕ لەی هەمگە ماسییە نەکردن. فرە کەسەیل سەردان لێو چەم کردن. جەلەسەیل فرەیگ نریا. راوێژ فرەیگ کریا. سەرەنجام بووە یە گ گووشت ماسیەگان سادر بکرێ. ئەڵبەت وە وڵاتەیلێ ک هاوڕێ و هاوپشت و نزیک بوون.ساڵەیل ئەوەڵ لەیوا بوو، وڵاتێ ک نزیکمان بوو گووشت ئڕای چێ. دووای چەن ساڵ هەر وڵات دوورترێگیش تەقەلا کرد ک گووشت ماسی تەبیعی هەم یەخزەدە و هەمیش وە زینێ، لە ئیمە بسێنن، ئەوەیشە وە ئێ نرخ فرە کەمە نریاوودە بان هەر کیلو گووشت ماسی. هەنای دەس کردن فرەتن ماسی، حاجی — ک ئیمانێ کامڵ بوو - هەڵوژیا ئڕا بەرپرس سادرکردن گووشت وە وڵاتەیل دەرەوە. ساڵان فرەیگ گوزەری، فەرماندەر پیر بوو. وەلێ دڵ لە کار خوەی نەنا. منیش کار تر جیا لە یە نەزانسم. ئڕا یەگ بژیەم ناچار بووم ک دریژە وە کار خوەم بەم. کار ئیمە بوودە ماسی خواردن. هەر جوور برشانن ماسی دپیەکەو کردیمن و وە جوورەیل مەخسووسێگەو لەش ماسی برشانیمن. چەم هەر جار وە رەنگ سوورێگەو خڕ خواردە ناو شار ژێر خەتا. دی لەی ئاخرەیلەو تاقەت نەهاورد، وەل گەرمای تاوسانا گیانێ نیشتە کوڵیان. وەر – وەر گەرمەو بوو. کەس لە قەرە نەیشت. هەر بن بسات ماسییەیل بوون ک لە پەسوو و بن زەل و زوولەیل لە قوولایی گوڵەماگانا خوەیان ئەوشارتن. کاشی وە جیێگ رەسی چەم لە وەیشت گەرما سیتگ دا و کوڵیا. لە پشت بەنداوەیل و گوڵەمەیل قوول، بووە هڵم و چێیە ئاسمان، گیژ خورادن و خڕ خواردن. لە وەرز سەرما و وشکەزقم دنیا بووە میل یەخ. ئەورەیل تاقەت نەهاوردن و بوونە گرمهڕ و رێژان و وە مل زەویا دایان. □

رووژ هەڵاتبوود. وەل وارانیشا ئیمە کار خوەمان ترکانین. هەنای من و سەفەر گەرد یەکا لە ماسی داکردنەو هاتیمن، شوونێگ لێ نەبوو! هاتبوودە گوما، وەختێگ لە شوونێ گەردیایمن، دیمن جارجار لافاو بەیدە ئەو ژێر و گاجاریش دەیدەی ئەو بان. لەش سەردێ سەردتر لە ئاو چەم لە مەرز چێیەو ژیر. وەلێ هەر دەس بوو و وەگەرد پلدان ئاوا پەلام ماسی برد.



# هەورێک بە نێوقەدی زەوییەوە

هێمن عەبدوڵاپوور

**فەرخەی١**

"ئەوە چەندەمین جارە پێت دەڵێمەوە، ئەو قسانە نەهێنییەکی زۆر مەزنن. دڵنیام کە هەموو ئەو قسانە وەک نەهێنییەکی زۆر مەزنتر لە نێوان من و تۆدا دەمێنێتەوە. دیارە لەو چەند مانگەدا تەنانەت باشتر لە "خاتوون ئەستی"ش بۆت روون بۆتەوە کە شێخ فەرخی خاوەن کەرامات هیچ سنوورێک لە ئەرز و ئاسمان لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی شک نابا. زۆر باشتریش بۆت روون بۆتەوە ئەگەر بێتو بتەوێ تەنانەت یەک لە سەدانی نهێنییەکانی من بدرکێنی، زۆر بە ئاسایی بەدەردی ئەو چەندین کەسە دەچی وا لەو ماوەیەدا بەسەرهاتیانم بۆ گێڕاویەتەوە. کەوایە بۆ هەمیشە لەبیرت بێ پاراستنی نەهێنییەکانی شێخ فەرخی خاوەن کەرامات وەک پاراستنی نەهێنییەکانی مەزنی ئەرز و ئاسمانە. ئەو نەهێنیانەی وا جوبرائیلی مەزن و هەموو مەلائیکەکان خۆیان بە بەرپرسی پاراستنی دەزانن. ئەو نەهێنیانەی وا تەنانەت پوریشم هێندێکیانی بۆ ئاشکرا ببوو بەڵام ...

تا کوێم بۆ باس کردبووی؟ ئەری! ... پوورم دەیزانی من چیهام لەدەست دێ، بەڵام مامم هەر قسەی خۆی دەکرد. هەڵبەت لە قسان چەند جارێک پوورم باسی چۆنیەتی کەرامات نواندنی منی لە منداڵییەوە تا دوایین ژوانی من و "خاتوون ئەستی" بۆ کردبوو. بۆی باس کردبوو کە من زگماک دڵم بە "خاتوون ئەستییەوە" بووە. پێی کوتبوو کە خۆشەویستی "خاتوون ئەستی" بۆ من هێندە گرینگە کە لە پێناو گەیشتن بە ژوانی ئەو، پاش ئەوەیکە زەویم بە ڕۆخساری خۆم ڕازاندەوە، دەستبەجێ دایک و باوکمم ڕەوانەی بەهەشتی بەرینی خودای هەژدە عالەمیان کرد. ئاگاداری کردبۆوە کە منداڵێک وا لە مەلۆتکەدا قسە دەکات، ئامان و سەد ئامان، بۆ ئەوە نابێ دوژمنایەتی لەگەڵ ساز بکرێ. وەبیری هێنابۆوە کە شێخ فەرخی خاوەن کەرامات، هەر ئەو کەسەیە وا سێ ڕۆژان جێژنی ڕەمەزانی وەپێش خست و گوێشی بە قسە و تانە و تەشەری مەلا و شێخان، نەبزوا. بەڵام مامم بەرانبەر بە تەواوی ئەو قسانە بە دەم شیرەبزەیەکەوە تەنیا یەک وشەی بە زاردا گەڕا: "سوبحانەڵڵا"!

جا مانای ئەو شیرەبزەیە پاش پێ زانینی پوورم و کوڕەکانی بە دوایین ژوانی ئێمە لە ناو خێوەتەکەدا، زیاتر وەدەر دەکەوێ، ئەو دەمەی وا مامم بە خەیاڵی خۆی لە پێناو پاراستنی حەیا و شەرەفی بنەماڵەکەی دەچێتە سەر دارێکی بڵیند و حوکم لە براکانی "خاتوون ئەستی" دەکا کە هەر ئەو شەو لەگەڵ "خاتوون ئەستی" بەرەو وڵاتی براکەی، واتە "عەبدولعەزیزی داسنی"، وەڕێ کەون.

بە کێ دەکرێ؟ کام پێغەمبەر، کام پیاوچاک، کام شێخ و غەڵیفە توانیویەتی لەگەڵ ژوانی پڕ لە خۆشەویستی و ڕاموسینی دڵدارەکەی، هاوکات، ئاگاشی لەوردترین جموجۆڵی چاک و خراپی پیاوێکی خودانەناس و قیامەت بەخەساری وەک عەبدولعەزیزی داسنی لە وڵاتێکی دیکەدا بێ؟ تۆ بڵێی مامە عەبدولعەزیزم ئەو سێ خەونەی وا بەمنەوەی دی، بۆ مام غەڵیفەی نەگێڕابێتەوە؟ ئەو سێ خەونەی وا ڕاست لە سێ شەودا پێش لە زەماوەندە بەدشومەکەی کوڕەکانیەوە دیتی. ڕەنگە بۆی نەگێڕابێتەوە، دەنا هیچ پیاوێک هێندە گەوجانە کچە نازدارەکەی ڕەوانەی هەندەرانی بێ گەڕانەوە ناکا.

ئەری! ئێستاش جوان لەبیرمە. لەو سەردەمەی وا عەبدولعەزیز خەیاڵی ناردنە حیجلەی دڵدارە نازدارەکەی شێخ فەرخی خاوەن کەراماتی بە مێشکدا گەڕا، شەوی یەکەم، بە ئیزنی جوبرائیلی مەزن، مانگم تێکەڵ بە بڵێسەی ئاگر ناردە خەونییەوە. بەڵام کاتێک کە لە خەو ڕاچەنی یەکەم شت کە بیری لێکردەوە مەڕەکانی بوون. "نەکا هەورە تریشقە لێی دابێن ... نەکا ...". شەوی دواتر ڕەشەمارێکی زەبەلاحم وەزمان هێنا و ناردە خەونییەوە: "ئامان! دۆست و دوژمنی خۆت جوان بناسە، بزانە لەگەڵ کێ تێکەوتووی ...". دیسانیش هەر تێنەگەیشت، کاتێک لەخەو هەستا فەرمانی دا شیری یەک حەوتووی مەڕەکانی بەرنە بەردرگای هەژاران و داماوان! شەوی سێهەم وەرزی بەهار و سەرهەڵدانی سروشتم لێ شێواند و بۆم کردە دیمەنێکی ترسێنەرتر لە دۆزەخی دۆزەخیان، ئەوجاریش هەر بە هەڵە تێگەیشت. دەستی کرد بە تفاق کۆکردنەوە بۆ چەند سەرە مەڕەکەی، نەکا سەوزایی بەسەر سینگی زەوییەوە نەمێنێ! لەو سێ شەوەدا تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش بیری لەوە نەکردەوە کە ڕەنگە ئەو خەونانە بێ دەرەوەست بە بووک هێنانی بۆ کوڕەکانی نەبن. بیری لەوە نەکردەوە کە قەبارەی ئەوینی پڕ لە هەستی "خاتوون ئەستی" تەنیا بە باڵای شێخ فەرخی خاوەن کەرامات دووردراوە و هیچکەس تەنانەت کوڕەکانی عەبدولعەزیزی داسنیش ناتوانن خۆ لە تۆزی ڕێگای عەشقی ئەو و دڵدارەکەی بدەن. دەبوو بە چ زمان و هێما و هەڕەشەیەک تێم گەیاندبا؟ "

"من" وەک هەمیشە و تەنیا لە ڕۆڵی بیسەرێکی باش گوێی داوەتە قسەکانی شێخ فەرخی خاوەن کەرامات و وەک هەمیشە بێدەنگ و بە ڕامانێکی قووڵ لە مێشکیدا خەریکی لێک دانەوەی قسەکانیەتی. بەڵام بە باشی تێنەگەیشت کە ئەم دوایین پرسیارەی شێخ فەرخ ئاراستەی ئەو کراوە یان وەک پاڵپشتی ڕاست کردنەوەیەکی چەند جارەی قسەکانی شێخ فەرخ هاتۆتە ئاراوە. هەر بۆیەش بێ هیچ قسەیەک خۆی سەرقاڵی سەر و ژوور کردنی کەل و پەلەکانی ناو هەنبانەکەی بەردەستی دەکا.

**فەرخەی٢**

"کاکی "من"! ئێستاش نەمزانی تۆ کێی و بە ڕەچەڵەک و ڕەسەن



دەچیتەوە سەر کام خانەدان و بنەماڵە. چۆن و بە پێی چی ملی ئەو ڕێگا هەورازەت گرتۆتەبەر و بوویەتە هاوسەفەری شێخ فەرخی خاوەن کەرامات. لەو ماوەیەشدا هەرچی سەرنجی ئاکار و ڕەفتارتم داوە جگە لە گوێ دان و بەهەڵکەوت لێو جولاندنێکی بێدەنگ چی دیکەم لێ نەدیوی. نازانم چۆن نەدیو و نەناسیو و بە پێی چی نەک هەر بەسەرهاتی دەیان کەسم بۆ باس کردووی، بەڵکوو بەشێکی زۆر لە نەهێنیەکانی ژیانی خۆشمم بۆ ئاشکرا کردووی. عەقڵی شێخ فەرخی خاوەن کەراماتم داوەتە دەست مەتمانە بە بێدەنگیی بەردەوامی شەو و ڕۆژانەت. ئێستا ئەوانە هەموو بە جێی خۆی، ناکرێ تەنیا جارێک زمانت لە جێی ئەو دوو دەستە ناقۆڵایەت وەقسە بێنی و پێم بڵێی کەنگێ دەگەینێ؟"

"من" ڕەنگە جگە لەو پرسیارەی ئاخر وەڵامی هیچ پرسیارێکی دیکە نەزانێ. بە هیوای هاتنەگۆ دم دەکاتەوە، بەڵام تەنانەت خۆشی گوێی لە هیچ دەنگێک نابێ. بۆ ساتێک بیر لەوە دەکاتەوە کە شێخ فەرخی خاوەن کەرامات ڕەنگە تەنیا بە ڕوانینی جولانەوەی لێوەکانی لە قسەکانی تێ بگا. لە بن دیوارێک پاڵ دەکەوێ و دەست دەکا بە لێو سەر و خوار کردن: "دەگەینێ مام شێخ ... هێندەمان نەماوە، دەگەینێ ... پاش ئەو چنارستانە دەگەینە دەشتاییەک و پاش ئەویش ڕێی کوێرەدێیەکمان لەبەرە. جوان لێم ڕوون نییە لە کام شوێنی ئەو کوێرەدێیە، لەناو کام ماڵ و مەزرادا بەڵام ڕاست لە ناو ئەو دێیەدا پیاوێکی بێکەس و تەنیا دەژی بە ناوی "لەشگەری". شێخ فەرخ بێدەنگ چاوی بڕیوەتە لێوەکانی "من". بەردەوامی بێدەنگی شێخ فەرخ ئەو هۆمیدە دەخاتە دڵی "من" ەوە کە ڕەنگە لە قسەکانی تێگەیشتبێ. ئەوجار "من" بەهێز تر لە جاری پێشوو، بێدەنگ و بەردەوام لێو دەجووڵێنێ: "ئەوجۆرەی من بیستوومە تەنیا لەشگەری ئاگاداری ئەو نەهێنییەیە کە خاتوون ئەستی بەرەو کام وڵات سەری پێوە ناوە. من خۆشم پێمەوابوو چیرۆکی دڵداری شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی بە گریانە بەکوڵەکەی شێخ فەرخ لەسەر گۆڕی ئەو خاتوونە کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام کاتێک لەگەڵ چەند ڕدێن سپی و پیاوماقووڵ و بەساڵاچوو سەبارەت بە ئەنجامی چیرۆکی دڵداری شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی قسەم کرد، تێکرا لە سەر ئەوە ساغ بوونەوە کە شێخ فەرخ پاش ئاوارەبوونی بەرەو وڵاتی شام و سەردەمێکی زۆر دابڕان لە خاتوون ئەستی، چەندین جار لە جوبرائیل پاڕاوەتەوە کە تا پێگەیشتنی یەکجاری خۆی و خاتوون ئەستی، تەمەنی هەتا هەتایی بە خۆی و دڵدارەکەی ببەخشێ. ئەوەش بۆ هەمووان ڕوونە کە شێخ فەرخ پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جوبرائیلی ئەمین بووە و بە پێی خاوەن کەرامات بوونی، جوبرائیلی ئەمین قەت دڵی نەهاتووە دڵی بشکێنێ و تەنانەت یەک دۆعاشی بێ وەڵام نەهێشتۆتەوە. هەر بە پێی ئەوەش ئەو دۆعایەی شێخ فەرخیش وەک دۆعاکانی دیکەی بێ وەڵام نەماوەتەوە. ئەوەیکە ئەو دۆعایە چۆن وەدی هاتووە و ئەگەریش وەدی هاتووە خاتوون ئەستی چی بەسەر هاتووە و ئێستا لە کوێیە، تەنیا کەسێک ئاگای لەو هەموو نەهێنیانەیە. ئەویش "لەشگەرییە".

پاش ئەوەی خەڵک لەشی شەڵاڵی خوێنی سەیدەوانیان لە شاخ هێنایە خوارێ، لە ناکاودا دەستگیرانەکەی سەیدەوان لەبەرچاو ون دەبێ. هەر لەو سەردەمەشدا "نازدار"ی خوشکی خاتوون ئەستی تووشی دڵداری لەگەڵ ئەو لەشگەرییە دەبێ وا ئێمە لە پێناو دیتنەوەی ملی ئەم ڕێگایەمان گرتۆتە بەر. لەشگەری خۆشخوانی سولەیمان بەگی قولی بەگیان دەبێ. گۆیا لە یەکێک لە سەفەرەکانی سولەیمان بەگی قولی بەگیان کە بە مەبەستی ڕاو و ڕابواردن ڕوو لە کوێستانی داسنی دەکا، زۆر بە هەڵکەوت چاوی بە نازداری خوشکی خاتوون ئەستی دەکەوێ کە بۆ سەردانی ماڵە مامی هاتۆتە وڵاتی داسنی. هەر ئەو کوێستانە چەندین جاری دیکەش دەبێتە جێژوانی لەشگەری و خاتوو نازدار. لەیەکێک لەو ژوانانەدا نازدار باسی نەهێنییەکی زۆر گەورە بۆ لەشگەری دەکا و سوێندی دەدا کە لە لای کەس نەیدرکێنێ. پێی کوتبوو پاش وەبەر گوللە کەوتنی سەیدەوان، دەستگیرانەکەی بەرەو وڵاتێکی نەناسراو سەری خۆی هەڵدەگرێ. نازدار لە سەفەرێکدا کە لەگەڵ مام غەڵیفە و دایکیەتی، چاوی بە ئافرەتێک دەکەوێ وا لە پەنای دیواری کەلاوەیەک، بە سیمایەکی زۆر ئالۆزەوە دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە چاوەکانی نازدارەوە. گۆیا نە مام غەڵیفە و نە دایکی خاتوون ئەستی ئاگایان لەو ڕووداوە نابێ. پاش گەڕانەوە، نازدار ناوێرێ لەلای کەس جگە لە لەشگەری باسی ئەو شتە بکا.

"من" بۆساتێک لێوەکانی لەسەر یەک دەنێت و وەک هەمیشە بێدەنگ، چاو دەبڕێتە چاوەکانی شێخ فەرخەوە.

"بە کەرەم و گەورەیی خاوەن کەراماتی ئەرز و ئاسمان، ئەگەر ناوبانگی شێخ فەرخ سەد هێندەی دیکەش لە دونیادا بڵاوبایەوە، دیسانیش لەو ورینەی تۆ نەدەگەیشتم. لەوانە گەرێ، حاشا لە خۆت و گێڕانەوەی بەسەرهاتت. دەکرێ بفەرمووی ئەوجار بەرەو کوێ بڕۆین؟"

"من"ناهۆمێدوشەکەت هەڵدەستێتە سەر پێ.دیسانیش هەر دوودەستی بەرەوە پێشەوە درێژ دەکاتەوە. وەپێش شێخ فەرخ دەکەوێ و بێدەنگ ملی ڕێگا دەگرێ.

## فەرخەی ٣

"خۆزگە و سەد خۆزگە تەنیا جارێکی دیکە بمدیبایەتەوە. ئەگەر لە ناو سەد کەسیشدا خۆی حەشار دابێ هەر دەیناسمەوە. باڵا نالەبارەکەی، سمێڵە تاڵ کەوتووەکەی، چاوە دەرپەڕیوەکانی، لە هەمووی ئەوانەش گرینگتر بزە ژەهراویەکەی وا سەرتاسەری ئەو ڕۆژە لەسەر لێوە داچۆڕاوەکەی بوو. هاوار و سەد هاوار ... ڕەنجی کارەساتی ئەو ڕۆژە لە لایەک، دەردی ئەو بزە ناحەزە ژەهراویەشی لە لایەک. ئێستاش نەمزانی چاوی بۆ لە خانزاد هەڵنەدەگرت، ئەی خانزاد بۆ بزەی ئەو زەلامەی بە شابزە دەستاندەوە؟ تۆبڵێی خانزاد، هۆشی لە لای قسە کانی ئەو ڕۆژەی من بووبێ؟ تۆبڵێی ئەو ڕۆژە بەهەڵە خانزادم وەک هەمیشە لێو بە بزە نەهاتبێتە بەرچاو، دەنا خانزادی تاقانە، خانزادە نازدارەکەی سولەیمان بەگی قولی بەگیان چۆن دەتوانێ لە ڕۆژی سزا دانی بکوژە خەیاڵیەکەی بابی، ئاوا لێو بە بزە و دڵ پڕ لە شادی بێ؟ تۆ بڵێی ...".

"لەشگەری بەستەزمان! دڵقایم بە بە کەرەمی خودای هەژدە عالەمیان! هێندێک لەسەرەخۆتر بە. ئیمانت بە خاوەن چارەنووس بوونی



خودای گەورە زیاتر بێ. دڵنیا بە شێخ فەرخ وەک کەمترین عەبدی خودا، ئاگای لە بەسەرهاتی تۆ و سەدانی وەک تۆ هەیە. هەر ئەو عەبدە چکۆلەیەشی دەتوانێ ژانی ئەو ئەشکەنجە دۆزەخینەیەت سارێژ بکا. بەڵام با بزانی کەراماتی شێخ فەرخ تا بەر دەرگای دەروازەی ئەو شارەی وا دەڵێن خاتوون ئەستی ئێستا لەوێ وەک هەمیشە چاوەڕێی فەرخۆڵەکەیەتی، بڕ دەکا. ئەو شارەی وا وەک سزاگای خەیانەت کاران و پیلان چییەکان نێوی لێ دەبەن. ئەو شارەی وا بە هۆی زرم و کوتی تەقینەوەی بەردەوامی فیشەک و بۆمب، دوعا و نزا و پاڕانەوەی شێخ فەرخ تا بستێک، تەنیا بستێک ئەولاتری دەروازەکەشی بڕ ناکا. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە تەنانەت زۆر جار لە مێشکمدا ڕێگای شارەکەشم لێ ون بێ. تارماییەکی بە تەواو مانا پێش چاوی شێخ فەرخی خاوەن کەرامات بگرێ و نەهێڵێ ...".

لەشکەری هەست بە پێشنیارکردنی مامەڵەیەکی دوو لایەنە، لە لایەن شێخ فەرخەوە دەکا:

"نازانم بیستووتە یان نا، ئەگەریش بیستووتە تا چ ڕادەیەک بڕوات پێیەتی، بەڵام با ئەوە بزانی تەنیا کەسێک کە بەو نەهێنییە دەزانێ لەشکەری جەرگ سووتاوە. دڵنیام زۆر شتی دیکەش هەن کە من نایزانم و شێخ فەرخی خاوەن کەرامات لێیان دەزانێ.

"من" پاڵی داوە بە دیوارێکەوە و وەک هەمیشە بێدەنگ و لەسەرەخۆ گوێی ڕاگرتووە.

## فەرخەی ۴

"ئەشا ئەو نەهامەتییە! ئەوە دوازدە شەو و ڕۆژی تەواوە سریوە لە ئەرز و ئاسمانەوە نایە، کەچی ڕاست لەوڕۆدا دەبێ دەست بکەنەوە بە بەشکردنی مڵکی باب وباپیرانیان".

بەنیشتنەوەی تەپوتۆز و ئاگری تەقینەوەی دوایین خۆمپارە و نارەنجۆک و چرکە بۆمبەکان، "لەشکەری"، "ڕەحمان بەکری بەیت بێژ" و "سەیدەوان" لە قەراغ دیواری کەلاوەیەک، یەک لە دوای یەک، دێنە دەرێ. هێندێک ئەولاتری کەلاوەکە کزەدەنگی ناڵە ناڵێک زۆر بە زەحمەت دەگاتە گوێ. لەشکەری جامانە و ئاغابانووەکەی بە چۆکی تۆزتەکێن دەکا و ڕوو دەکاتەوە کەلاوەکە و دەنەڕێنێ:

-"مامە شێخ! دەست هەڵخە برام! ڕۆژ لەوەیە بگاتە تاریکان.

دیسان ڕەنج بە خەسار دەمێنینەوە، قەتمان وەک ئەوڕۆ بۆ هەڵناکەوێ، تەنانەت "ڕەحمان بەکری بەیت بێژیش" لە "حاجی حەسەنەوە" خۆی گەیاندۆتێ ... پێموانییە کەسی دیکە مابێ تا لەوە زیاتر کارەکەی لەسەر پەک بخەین. بەشکەم ئەو برادەرەی پەناشت یارمەتییەکمان بدا ...".

کەلاوەکە تەنیا سێ سووچی هەیە و "من" بە هەر سێ سووچیدا چاو دەگێڕێ، جگە لە خۆی و شێخ فەرخ کەسی دیکەی تێدا نابینێ. کەوایە مەبەستی لەشکەری لە "ئەو برادەرە" دەبێ هەر ئەو بووبێ. ئەوەش بە ڕاشکاوییەوە تەنیا ئەوە دەسەلمێنێ کە "من" لەو شوێنەدا دەبیندرێ و بەدڵنیاییەوە دەتوانێ بڕوای بە بوونی خۆی هەبێ!

"ئەوەی لە سەبرانە لە خێرانە، سبحەینێ و ئەدووش هەر ڕۆژ دەبێتەوە، تووشی گێچەڵمان مەکە"!

ئەمجارە لەشکەری لە وەڵامی شێخ فەرخدا بە هێزتر دەنگ هەڵدەبڕێ:

"نا ... نا ... مام شێخ! گەر بەتەمای ڕۆژێکی، وا دەنگی هیچ زرم و کوتێک لە سینگی ئەو خاکەوە نەگاتە گوێ، ئەوە دەبێ بەو هیوایەوە هەموومان هەر لە ئێستاوە بنووین و خەوە قیامەتی بۆ ببینین. گەر بڕیاری پێشووومان بەردەوامە فەرمووون با دەست پێبکەین، دەنا ...".

شێخ فەرخ، پووکەی فیشەکی دوازدەهەم بە پەتەوە دەکا و ناهێڵێ لەشکەری قسەکەی تەواو کا:

"سوبحانەڵڵا ... سوبحانەڵڵا ... هاوار لەدەست بێ مەجاڵی تۆ و پەنابەخودای هەژدە عالەمیان لە دەست شەیتانی ڕاونراو".

قەتارەی پووکە فیشەکەکان وەلا دەنێ و ڕوو دەکاتە "من":

-"کاکی "من"! پێموابێ ئەوڕۆ ئیدی دەبێ لایەکی ئەو بەیت و بالۆرەیە بەلایەک داخەین".

پووکەیێکی چکۆلە لەسەر ئەرزی هەڵدەگرێتەوە و فڕێی دەداتە لای ئەو پۆلە پووکە فیشەکەی وا لە بن یەکێک لە دیوارەکانی کەلاوەکە کۆی کردۆتەوە.

ئەوجار "من" تەواو دڵنیا دەبێ کە لە لایەن هەموو کەسێکەوە دەبیندرێ و ڕەنگە گوێبیستی قسەکانیشی بن.

پاش هێندێک شێخ فەرخ ڕوو دەکاتە "من" و بە سەر، فەرمانی وەڕێ کەوتن دەدا و خۆی زۆر بە شێنەیی بەرەو دەرەوەی کەلاوەکە وەڕێ دەکەوێ.

"دەی خاتوون خانزاد! بۆم بڵێ، ئەوە نەمردم و ئەوڕۆشم دی. ئەوڕۆ دوایین دەرفەتە، بە وردی بۆم بگێڕەوە با بۆ هەمووان دەرکەوێ کێ خەیانەتی بە سولەیمان بەگی قولی بەگیان کردووە؟"

خانزاد لەشی بەندکراوی لە نێوان دوو دیوارەکەی تەنیشتی، بەحاڵ دەجووڵێنێ، زۆر بە سەختی سەر هەڵدێنێ و چاو دەبڕێتە چاوی لەشکەرییەوە:

"ئەوە دوایین جارە بۆتان دەیگێڕمەوە ... دوایین جارێک کە تەنانەت بە بردەباران کردنیش، دواجارێکی دیکەی بەدوادا نایە".

دەنگی ڕەهێڵەی تەقینەوەی فیشەک و نارەنجۆک لە دوورەوە دەگاتە گوێ... دوورتر لەوەی وەسەر دەنگی خانزاد کەوێ.

"ئەوشەوە نەگبەتەی تۆ قاوەت بۆ بابم برد، کوێخا ڕەشید کە ساڵانێکی زۆر چاو و گوێچکەی بابم بوو، بۆخۆی بە چاوی خۆی دیبووی گەردێکی سپیت لە قاوەکەی بابم کردبوو تەنانەت، ...".

سەیدەوان و "من" بە هاسکە هاسک، بەردێکی دیکە دەخەنە سەر ئەو ڕیزە بەردەی وا تا نزیک سینگی خانزاد هاتوون. بەردەکە بە هەڵکەوت یان ئەنقەست لە ئاست خۆیەوە دەترازێ و بە سەر سینگی خانزاد دا دەکەوێ، هێز و دەنگی گێڕانەوەی هێندەی دیکەش دادەنەوێ:

"تەنانەت لێی پرسیبووی ئەو گەردە سپییە چییە کردتە ناو ئەو قاوەیەوە؟ کوتبووت: "شەکرە، شەکر" ... بەڵام کێ هەیە لە دەرکە ماڵە بابانی من نەزانێ، سولەیمان بەگ، قاوە بە تاڵی دەخوا و قەت شەکری تێنەکردووە؟ قسەی کوێخا لە قەدیمەوە هەر بەڵگە بووە ... ئێستا نازانم تۆ من بە چی تاوانبار دەکەی؟ ڕەقی چیت لێ هەڵگرتووم؟ کێتان دیوە لە پێناو خۆشەویستیدا، خۆشەویستی خۆشەویستەکەی دەرمانداو بکا؟ مەگەر تۆ خۆت ددانت بە تاوانەکەی خۆت دا نەهێنابوو؟ خۆ ڕەحمان بەکریش لێرەیە و ئاگای لە هەموو شتێکە ...".

ڕەحمان بەکری بەیتبێژ سەر دەلەقێنێ و چەندجار لەسەر یەک دەڵێ:

"وابوو ... بەڵێ وابوو ...".

سەیدەوان و "من" هاوکات لەگەڵ بەردکۆکردنەوە، گوێیان داوەتە قسەی خانزاد و جارنەجارێک سەر ڕادەوەشێنن. لەشکەری بێ وچان بەردان دەچنێ و بە هەناسەبڕکێ دێتە قسە:

- "پێموایە قسەی کوێخا چەندە جێی مەتمانەیە قسەی سەرۆک چەکدارانیش هەر بەو ڕادەیە دەبێ جێی باوەڕ بێ، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە "شەماڵ بەگ" بێ".

"من" تا ئێستا نێوی شەماڵ بەگی لە هیچ یەک لە بەیتەکان و تەنانەت حەیرانەکان و ئەو بەسەرهاتانەی وا شێخ فەرخ بۆی گێڕابۆوە نەبیستووە و سەرسامی ئەوەیە کە لەشکەری ئەو نێوەی لە کوێوە هێناوە، هەر بۆیە گوێی داوەتە درێژەی قسەکانی لەشکەری، بەڵکوو شتێکی وەدەست کەوێ.

"ئەو شەماڵبەگەی لە ڕۆژی لەچینەی دیوارنانی من لەولای تۆوە ڕاوەستابوو و فیکەی بزەی نێوانتان کزەی لە جەرگم دێنا. نا ... عاجز مەبە ... جوان گوێ بگرە، قەتارەی قسە و زووخاوهەڵڕشتنم هەر بەردەوامە".

لەشکەری ڕوو دەکاتە شێخ فەرخ و دەنگ هەڵدەبڕێ:

-"مامە شێخی خاوەن کەرامات! بەسەرهاتی شەماڵ بەگمان بۆ بگێڕەوە".

"من" چاوەڕوانی ئەو دیمەنەی دەکرد. بەپێی کەراماتی شێخ فەرخ، دەیزانی کە کەس وەک ئەو سەبارەت بە بەسەرهاتی شەماڵ بەگ ناتوانێ زانیارییەکی باشی هەبێ. کەوایە بەپێی ئەو قسانە، "من" گوێ لە قسەکانی شێخ فەرخ دەگرێ و خۆی دەداتە دەست لاپەڕە نەگێڕاوەکانی ناو بەیت و باڵۆرەکان.

شێخ فەرخ دیسان قەتارەی پووکە فیشەکەکانی بەدەستەوەیە و هەوڵ دەدا دوازدەهەمین پووکەش بە پەتەوە کا. پاش هێندێک خۆخلافاندن، قەتارەکە وەلا دەنێ و بە وەڕەزییەوە دێتە قسە:

"خودای هەژدە عالەمیان ئاگاداری هەموو پاکی و ناپاکییەکە و هەر وەک دەزانن لە منداڵییەوە ئەو عەبدە چکۆلەیەی خۆی بە قابیلی هێندێک کەرامات زانیوە و تا ئەورۆ زمانی تێکەڵ بە درۆ و بوختان نەکردووە. ئێوارەی ئەو شەوەی لەشکەری ژەهری کردە قاوەکەی سولەیمان بەگەوە، جاسووسانی دەوڵەتی ئەستەنبوڵ دیدارێکی نهێنیان دەبێ لەگەڵ شەماڵ بەگ. لەو دیدارەدا شەماڵ بەگ، لەشکەری وەک پیاوێکی گەمژە دەناسێنێ و بەڵێنیان دەداتێ گەربەدەست لەشکەرییەوە، سولەیمان بەگی قولی بەگیان لە ناو بەرن، خۆی و خانزاد پاش ئەوەی پێکەوە زەماوەندیان کرد، وەک نوێنەری ڕاستەقینەی سوڵتانی ئەستەنبوڵ لەو وڵاتەدا سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرن. خودای گەورە ئاگاداری هەموو شتێکی نهێنی و ئاشکرایە و دڵنیابن من وەک شێخ فەرخی خاوەن کەرامات، قەت زمانی پاکی خۆم تێکەڵ بە درۆ نەکردووە و نایکەم ...".

خانزاد بێدەنگە و مات و عەبەسراو سەیری ئەو بەردانەی دەکا وا تا نزیک چەناکەی هەڵچنراون.

"دێی خاتوو خانزادی وڵاتی ئەوینی من! هاوسەریی نوێنەرێکی خائین و بێدەسەڵاتی دەوڵەتی ئەستەنبوڵ باشتر بوو یان ژیان بردنە سەر لەگەڵ منی جەرگ سووتاو لە ڕێی عەشقی تۆدا؟ تاوانی من چی بوو جگە لە خۆشەویستی، ئەی بۆ وەک میر و سەردارە زاڵمەکانی وڵاتی چین کەڵێنی دیوارت بە جەستەی من پڕ کردەوە؟ جەستەی منی کڵۆڵ لە پێناو سازدانی کام دیوار، دیواری کام وڵات، پێشگری لە هێرشی کام دوژمن، تێکەڵ بە قوڕ و بەردان کرا؟"

سەیدەوان، "من" و ڕەحمان بەکری بێ وچان خەریکی بەرد کۆکردنەوەن.

"دەست ڕاگرن! دڵنیابن باڵای خانزادی خائین بە تەنانەت بستێکیش لە باڵای خەیانەتە نەنگینەکەی خۆی و شەماڵ بەگ نابێ".

سەیدەوان، "من" و ڕەحمان بەکری بەیت بێژ، دەست ڕادەگرن، لەشکەری دەچێتەوە ناو کەلاوەکە و زۆر بە زەحمەت جەستەی مەردارەوەبووی کەوێک لە ژێر چەندین بەرد دەکێشێتە دەرێ و دێتەوە بەرامبەری خانزاد ڕاوەدەستێ و بە هەموو هێز و توانای هەوڵ دەدا سەری جەستەکە بخاتە دەمی خانزادەوە ... دەنگی سامناکی تەقینەوەی بۆمبێک، دیسان بۆشایی شوێنەکە تێکەڵی تەپوتۆزێکی لەڕادە بەدەر دەکا.

## فەرخەی ٥

پاش هێور بوونەوەی دووبارەی شوێنەکە، بۆ چەندەمین جار، جموجۆڵ و قرمەقاو دەکەوێتە ناو خێڵی ئامادەبووانەوە.

"کاکی لەشکەری! ئەوە لە سایەی کەرەمی حەزرەتی کێرامۆلکاتبین و بیرەوەرییەکانی ئەو عەبدە چکۆلەیەی، سووکنایی بەدڵتدا هات ... دێی ئەوجار ئەوە دڵی من و ئەوەش دەستی تۆ، ئەوە کۆنە برین و ئەوەش چاوەڕوانییە سارێژێکی مەسیحانە لە بەجێهێنانی وادە و بەڵێنیت".

شێخ فەرخ پووکەی سێزدەهەمیش بە پەتەوە دەکا و ئەمسەر و ئەوسەری پەتەکە پێکەوە گرێ دەدا. تۆقە پووکینەکە وەلا دەنێ و لەبن دیواری کەلاوەکە لە پەنای سەیدەوان ڕادەکشێ.

"گەورەم ئەوە ڕۆژی سێزدەهەمیشمان تەسلیم بە تاریکان کرد. بڕیار وابوو پاش حەوت ڕۆژان بەڵێن بەجێ بێنێ. دڵنیام لە من باشتر دەزانی چیتر لێرە مانەوە لە تاقەتی بەشەر بەدەرە. تکایە گەر دەکرێ ...".

لەشگەری ناهێڵێ سەیدەوان کۆتایی بە قسەکانی بێنێ، لە پڕێکدا ڕوو دەکاتە "من" و ڕەحمان بەکری بەیت بێژ:

"دڵنیام کەس لە ئێوە باشتر ناتوانێ یاریدەدەری من بێ لە پێناو بەجێ هێنانی ئەو بەڵێنەی وا لێم بۆتە تۆقی ئاسنین بە ملمەوە".

"من" بیر لەوە دەکاتەوە کە تا چەند ڕۆژ لەوە پێش، پێی وابوو لە کۆڕی ئەو چەند کەسەدا، کەسیان جگە لە شێخ فەرخ هەست بە بوونی ئەو ناکا. بەڵام ئێستا نەک هەر هەیە، بەڵکوو لەشگەری وادەنوێنێ کە ئاگاداری هێندێک لە زانیارییەکانیشیەتی.

لێرەدا نووسەر دەبێ وەک ڕوونکردنەوەیەک ئەوە بڵێ کە هەتا نەخشاندنی دوایین وشەکانی ئەو چیرۆکە بەسەر سینگی ئەو لاپەڕەیەوە، تەنانەت یەک وشەش، زانیاری سەبارەت بە کەسایەتی "من" و ئەوەیکە لە کوێوە هاتووە و پەیوەندی بەو کۆڕەوە چیە و بەرەو کوێ دەچێ، بە دەستەوە نییە و وێڕای تۆی خوێنەر خۆی داوەتە دەست وشە و ڕستە و دێڕەکانی دوایی ئەو چیرۆکە بۆ ئەوەیکە لانیکەم شتێکی لێ ڕوون بێتەوە.

"کاکی "من"! تــۆ دەست پێبکە و منیش تا ئەو جێیەی مێشکم یاریدەی زمانم بدا لەگەڵت دێمە پێشێ".

ڕەحمان بەکری بەیت بێژ لەولای چینەی دیوارەکەوە، ڕاست ڕووبەڕووی تەرمی خانزاد، ڕاوەستاوە و چاوەڕێی دەست پێ کردنی قسەکانی "منە".

"من" بە یەکە یەکی کەسەکاندا چاو دەگێڕێ، دوو دڵ و دەنگ پڕ لە خۆریە و ترس دەست پێ دەکا:

"من... من... من دەبێ لە پێشدا، ئەرێ ... لە پێشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم شوێنەی تێیداین ڕەنگە تاقە شوێنێک بێ کە هیچ چەشنە جادوو و دوعا و نزایەک کاری لێ ناکا، نازانم هوکاری چیە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە من لێرەم، یان ... یان ... ئێوە تێکڕا لێرەن. دیسان دووپاتی دەکەمەوە هۆکاری ئەو کارە نازانم چیە، کەوایە کەس لە من و قسەکانم دڵمەند نەبێ".

شێخ فەرخ چاوەڕوانی ئەو دیمەنەی نەدەکرد، یان ڕەنگە لە مێشکی‌دا بە جۆرێکی دیکە لێکی دابوو. تۆقە پووکینەکەی هەر بەدەستەوەیە. هێدی و لەسەرەخۆ، بەڵام بەردەوام، دەنک دەخا. سەیدەوان چاوی بڕیوەتە تۆقە پووکینەکەی دەستی شێخ فەرخ و هاوکات گوێی داوەتە قسەکانی "من":- "هەروەک هەمووومان ئاگادارین، شێخ فەرخ لە سەردەمی خۆیدا پیاوێکی خاوەن کەرامات بووە و چەندین کاری چاوەڕوان نەکراو و تەنانەت کردەوەی جادووئاساشی لێ بیندراوە. بۆ یەکەم جار ڕەحمان بەکری بەیت بێژ لە ئاستی خۆیە دەنگ هەڵدەبڕێ:

"حەزرەتی جوبرەئیل دەهاتە کنی بە یەکجارییە
کوتی فەرخۆڵە جارێکی دی دوعای مەکە لە کەسی دییە
فەرخۆڵە تەمەنای دەکرد لە جوبرەئیلیە
دەیکوت تەخسیری من نەبوو، دەستی لێ هەڵنەگرتم خاتوون ئەستێە ...".

"ئەوجۆرەی کە من لە چەندین پیاوی ڕدێن سپی و ژیر و شارەزا بیستوومە، ئەو سەردەمەی فەرخۆڵە ...".

شێخ فەرخ تۆقە پووکینەکە فڕێ دەداتە سەرئەرز و بەسەر "من"دا دەنەڕێنێ:

"لە حەوت تەبەقەی ئاسمان تەنیا جوبرەئیلی مەزن و لەسەر سینگی ئەرزی فانیش تەنیا خاتوون ئەستێ دەتوانن نێوی شێخ فەرخی خاوەن کەرامات بە فەرخۆڵە بێنن".

"ئەو سەردەمەی شێخ فەرخ لە ترسی برایانی خاتوون ئەستێ ڕوو لە وڵاتی شام دەنێ و هەر لەو وڵاتەش دا بازی دەوڵەت لەسەر شانی دەنیشێ و سەری بە ئەمیرایەتی دەگا، حەوت قورینگ بە

نامەوە بۆ لای خاتوون ئەستێ دەنێرێ کە وادیارە خاتوون ئەستێ دوای ماوەیەکی زۆر تەنیا وەڵامی نامەی حەوتەمی شێخ فەرخی بە حەوتەمین قورینگدا بۆ ناردۆتەوە. بەڵام وەڵامی ئەو نامەیەی لە وڵاتی داسنیەوە دەگاتە دەست. بۆ لە وڵاتی داسنیەوە؟ دەڵێن راست لەو سەردەمەدا وا خاتوون ئەستێ بە هاوسەری مەلکەوان ڕازی دەبێ شێخ فەرخ ...".

"لەشگەری! ئەی خائینی بەناوبانگی وڵاتی بەیتەکان!
بەڵێن بەجێ هێنان ئاوا دەبێ؟ پەنام بە خودای هەژدە عالەمیان، پەنام بە جوبرەئیلی مەزن، پەنام بە خەتمی پێغەمبەران، ئەرز و ئاسمان دەزانن کە ئەو قسانە هەموو فشەجاتن. ئەوە ئێستا لەسەر ئیزنی خودا و خێڵی پێغەمبەران و پیاو چاکانی، دەتکەم بە کەوێکی باڵ هەمیشە خووساو و بۆ هەمیشە رووی ڕەشت لەزەلکاوی بۆگەنیوی زەلالەت و نەزانین دەنێم. یا جوبرەئیلی مەزن فریام کەوە ...".

بێدەنگییەکی بەسام بەسەر شوێنەکەدا زاڵ دەبێ. بێدەنگییەکی قورس وەک خەوی چەندین و چەند ساڵەی عەبدولعەزیز و سولەیمان بەگی قولی بەگیان. تەنانەت دەنگی تەقینەوەی تەنیا فیشەکێکیش نایە. هەر بێدەنگییە و سەر لە بێدەنگی دەسوێ.

"حەوت جاران، حەوت قورینگان بە نامەوە دەنێرێتە لای دەستگیرانی سێ کوڕەکەی عەبدولعەزیز، بەڵام جگە لە ئاخرینیان هیچ وەڵامێک لە لایەن دەستگیرانی سێ کوڕەکەی عەبدولعەزیزەوە نایەتەوە. سێ ئازار یەک لە یەک بەهێزتر ڕەوانەی وڵاتی داسنی دەکا. هەر سێ کوڕەکەی عەبدولعەزیز بەرواڵەت تێدا دەچن ... بەڵام ئەو جۆرەی دەگێڕنەوە کەس لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەدا بەشوێنی ناشتنی سەیدەوانی نەزانیوە ... دەڵێن سەیدەوان ...".

دەنگی ڕەهێڵەی تەقینەوەی یەک لە دوای یەکی چەندین فیشەک ئەوجار زۆر لە نزیکتر دەبیسرێ. سەیدەوان بەردەوام چاوی بڕیوەتە تۆقە پووکینەکەی دەستی شێخ فەرخ و بە بێدەنگی گوێی ڕاگرتووە.

"یا پیاوچاکانی دینی محەمەد، ئەوە ئەورۆ جەستە و ناوچاوانی شێخ فەرخەکەتانە واقەتارەی عارەقێکی سارد دایگرتووە، فریای کەون و لەشی تێکەڵ بە درۆی ئەو حەرامیە بە دەردەکەی جەستەی خانزادی خائین بەرن".

دەنگی تەقینەوەی بۆمبێک لایەکی دیکەی سێ دیوارەکەی کەلاوەکە دێنێتە خوارێ. تەپوتۆز دیسان سەرانسەری شوێنەکە دادەگرێ.

"خەبەر بۆ شێخ فەرخ دەچێ کە ئەوە ئەو شەو زەماوەندی مەلکەوانە. هەروەک کوتم بەهێزترین ئازاری دونیا بانگ دەکا و دەیکاتە کەرەسەی دەستی عیزرائیل بۆ گیان کێشانی مەلکەوان. ئەوجار خەبەری زەماوەندی نێچیرەوانی بۆ دێنن، ڕەشە کرمی جەرگە خۆر بانگ دەکا و لە جەستەی نێچیرەوانی بەر دەدا. بە بیستنی خەبەری زەماوەندی سەیدەوان، بەرامبەر بە لوولەی تفەنگەکەی عەبدولعەزیز، سەیدەوان وەک کەڵە کێوییەک دەنوێنێ و فیشەکی تفەنگی عەبدولعەزیز ڕەوانەی ناوچاوانی سەیدەوان دەکا".

دەنگی زرم و کوتی پێک دادانی فیشەک و تانگ و تۆپ، نزیکتر لە جاران دەبیسترێ:

"ئەوجار شێخ فەرخ بۆخۆی ڕێگای وڵاتی عەبدولعەزیز دەگرێتە بەر و بە چەندین دەستە سەربازەوە هەوڵ دەدا دەستگیرانی کوڕەکانی عەبدولعەزیز ببینێتەوە. بست بە بستی خاکی ئەو وڵاتە دەگەڕێن، بەڵام وا دیارە دوایین قورینگی شێخ فەرخی خاوەن کەرامات زۆر درەنگ وەڵامی خاتوون ئەستێ گەیاندۆتەوە لای شێخ فەرخ. خاتوون ئەستێ دابڕاو لە کەس و کار و بێ خەبەر لە شێخ فەرخ سەری خۆی هەڵدەگرێ و بەرەو ...".

شێخ فەرخ ئەوجار بەدەنگێکی بەرزتر لە جاران دەپاڕێتەوە:

"هاوار یا خودای ئەرز و ئاسمان، تۆ خۆت باشتر لە هەموو کەس ئاگات لە دڵە بریندارەکەی شێخ فەرخەکەتە، زۆر باشتر لەو روو ڕەشانەی ڕۆژبازاڕی قیامەت ئاگات لە نهێنییەکانی دوێنێ و ئەورۆی ئەو عەبدە بەستەزمانەتە ... ئەوەی ئابرووی پیاو چاکانی تۆ دەخاتە مەترسییەوە، ئەوەی ڕێزی ڕێزدارانی لای تۆ ناگرێ، ئەوەی ...".

"کاکی لەشگەری! تەنیا وەک پرسیارێک، دەکرێ پێمان بڵێی کاک سەیدەوان و شێخ فەرخ لێرە چی دەکەن؟ یان بە شوێن چییەوەن؟ دەکرێ بۆ دوایین جار ...".

دەنگی لەناکاوی تەقینەوەی بۆمبێک زۆر نزیکتر لە جاران، لایەکی دیکەی دیوارەکانی کەلاوەکە تێک دەرووخێنێ. دەنگی دەنگدار لە هیچ شوێنێکەوە نایە، بڵێسەی ئاگر و تەپوتۆز سەرانسەری شوێنەکەی داگرتووە.

## فەرخەی ٦

پۆلە سەربازێکی ژن بە لای کەلاوەیەکدا کە تەنیا دیوارێکی ماوە و تەرمی شپرزەی چەند کەسی لەخۆی گرتووە، تێدەپەڕن. یەکێک لە سەربازە ژنەکان ڕادەوەستێ و تۆقە پووکینەیەک وا لەسەر ئەرزی کەوتووە هەڵدەگرێتەوە. هێندێکی چاو لێدەکا، بە جاسووسی لوولەی تفەنگەکەیەوە هەڵیدەواسێ و بە هەڵات خۆ دەگەیەنێتەوە ڕیزی پۆلی هاوڕێکانی.



# من، ئەو/ ئەو، من

شالاو عەبدوڵڵا

## من/ئەو

خەونەکان لە بادەی نەبوون دەنۆشن. لە خەو ڕادەبم، بەبێ ئەوەی بزانم لە سۆنگەی چیەوە خەوم بزرکاوە؟ بەتلێکی شەو تێپەڕیووە، شەوە پایزێکی سارد و ساماڵە، مانگی یەکشەوە، وەک چرایەک بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە، ئەستێرە تاک تاکە دەچریسکێنەوە، نازانم بۆ پەردەکان دانەدراونەتەوە. لە ناو نوێن دەمێنمەوە؛ ڕادەمێنم، جیهان بە ڕۆنایی مانگ خەملاوە، دەمێک بەو وەتۆیە ڕادەمێنم. لە نیشکەوە دونگەی ئەو بەتالاییە دەکەم کە لە نێو ژووردا کرۆشکەی داوە، پەنگی خواردووە. ئازارێکی بەسوێ لەنێومدا گڕێ دەخوا، گەوگەو، هەناسە لە سینگم دەتەرێنێ، پەتووەکەم فڕێدەدەمە لاوە، بەرزەبلێس دەراسێمەوە. لە ماڵ دێمەدەر، شنەبایەکی سارد و تەزی بەسۆزەوە روومەت و گۆنام ڕادەمووسن. لە کۆڵانەکە، لە ماڵەکەی خۆمان دەڕوانم؛ نامۆیە پێم. گەرەکمە دونگەی ئەو دنەدەرە بکەم کە پاڵی پێوەناوم بەم نیوەشەوە بێمە کۆڵان. هەوڵدەدەم کنەکاریی بکەم؛ پەتەکە لە ناکاوێک دەپچڕێت. پێشان پەتەکەی ئاردیانا هەمیشە لەوێ بوو، هەمیشە یاریدەی دەدایت لە ڕێگومکە و توناوتونەکان دەرباز بیت، کێ لەم وێڵگەیە دەرم دەهێنێت، دێ بە فریام؟ ماڵەکەمان لە کۆڵانی سێیەمی کۆمەڵگای گەلاڵیانە- دەشێ، لەم دەراوەوە ڕەنگە بڵێن گەلاڵییە، نا، من زۆر سەرم لەو جۆرە ڕەگەزناسییە دەرناکەم، یان دەرینابەم، گەرچی لە هەنووکەدا بەهەرمێنە، بازاری گەرم و بەبرەوە، لەلای ماڵە باوانمەوە؛ هەندێکیان دەڵێن لە بندەستانی شێخانی شەمزینانین، لە ئەودیو پەڕیوەی ئێرە بوونە. هەندێکی تریان دەڵێن لە سک و زای کوڕێکی وێڵبووی شێخانی چوێسەیین. لەلای ماڵی دایکمەوە؛ دەڵێن لە تۆرەمەی پادشایی گەورەی میرنشینی سۆرانن، داری خێزانیان لە کتێبێکدا دەرهێناوە، وەک بەڵگەی ئەو خزمایەتییە، وەلێ پادشای کۆرە؛ کۆسە، ئایس، وەچاخ کوێر بووە، زار و زراسکی نەبووە، ئاگردانی ماڵەکەی دانەگیرساوە. لەملاشەوە برادۆستی و ناودەشتی قووت بوونەتەوە، لە چاوپێکەوتنێکی کاردا، یەکەم پرسیار کە لێیان پرسیم ئەوە بوو؛ سەر بە چ هۆزێکیت؟ لە پەشۆکاویدا گووتم: برادۆستی- شۆڕدەبمەوە، لموزم بە لموزی شەقامی سیدیی فرۆشان هەڵدەنووتێ. دادەوەرێمەوە ڕوو لە بازار و شەقامی گشتی. ناچمە نێو یاریگەکە؛ چۆڵاییەکی بەرفرە وەک تیرێک ترس لە دڵم دەئەنگێوێ. ئەڕای چی من لە دەرەوەم؟ هەنگاو هەڵدێنم، لەگەل هەناسەدان هەڵم وەک دووکەڵی جگارە هەڵدەکشێ، لە گۆشەی شەقامەکە؛ لە پێهەلا و ژێهەلا دەڕوانم، نازانم ڕوو لە کوێ بکەم؟ خۆزاییانە و ڕەمەکییانە وەردەچەرخێمە خوارەوە، لە تەک (باخچەی بولبول) تێدەپەڕم، ترس لەوێش وەک گورگێگ خۆی مەلاسداوە. لەوبەرەوە سەمموونخانەییەک کراوەیە، ڕووناکیەک داگیرساوە، کرێکارەکان لە کاردان؛ یەکێکیان لەبەردەم سەمموونخانەکە هەڵتوتاوە، جگارە هەڵدەمیسێ. دەست بۆ گیرفانەکانم دەبەم، مخابن پاکەت و چەرخەکەم جێهێشتووە، هەنیسک هەڵدەکێشم، تاکو دڵنیایی خۆم بدەمەوە، بەچرپەوە بەخۆم دەڵێم؛ بەم بەیانییە و جگارەکێشان، کووجا مەرحەبا. ئاوڕنادەمەوە، بەفرتاو ڕێدەکەم. سەرماییەکی تووش و تژە، خۆم لە نێو ساقۆییەکەم گرمۆڵە کردووە، دانەچۆقەمە، پەنجەکانم لە گیرفان ئاخنیوە، مەوداییەکی زۆر دەبرم، ئاگام لەخۆم براوە.

پڕ بە قەفەزی سینگم هەوا هەڵدەمژمەوە. چما هەموو شتێک لێم ڕەمییاگە؟ ژیان، جوانی، ئەڤین و خرۆش؛ ڕەمییاگە، بێکۆتا ڕەمییاگە؟ بڵێی سووچی ئەم شوێنە نەبێت؟ سووچی ئەم شار و کۆڵانە نەفرەتییانە؟ لەوسەری شارەوە تاکو ئەمسەری شار؛ هەموو کونج، کەلێن، کووچە، کۆڵان، دوکان، شەقامێکی بە دڵ ئاشنام؛ هەموو سووچێکی دووبارەیە، کەچی نامۆیە پێم. گشت شەقامەکانی بە شەقاوەکانم ئاشنا، کەچی بە من سەرانگرێ. دەتوانییت پەرۆییەک لە چاوانم ببەستیت؛ بێپەروا سەرپاکییان یەک بەیەک دەتەنمەوە. تەنانەت ئەو کاتانەش کە سەرخۆشیی و مەدهۆشیی لەسەرمدا پێلدەدا و کەفدەکا، ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەماوە؛ هێشتا بەبێ ئەوەی لەیەک کۆڵانیش ڕێگومبکەم و لادەم ڕێک و ڕاست دەچمەوە ماڵ. باشە، ئەگەر من بەدمەستبم، پەردەیەک لە تاریکیی؛ وشیاریی و وریاییمی لەقاو دابێت، ئەوە پای کێیە دەمباتەوە ماڵ؟ خوێدانێکی ڕەش دەردەدەم، دەتۆقێم. ئەوە کێیە دەمباتەوە ماڵ؟ ئەو ڕێناس و ڕێبەدە کێیە؟ دەترسم من تەنیا لە خەیاڵدانی ئەودا کرۆکاشبکەم؛ تەمێک لە ئەندێشە، تۆپەڵێک لە وێژینگدان، ساوێرێکی ماتبم لە خەون و ناوریاییەکانی ئەودا. دەلوێ ئەو ڕووی باڵادەستی من بێت، کۆتی دابم، جارجارەش لەبۆ وچانێکی کورت، پەتەکەم بپسێنێت، تاکو لە من ڕەهابێت. پەتەکە شل دەکا، تاکو توندتر بمبەستێتەوە. دەشێ من و ئەو دوو ئەسپی پەیتوونکێش بین، پەیتوونی کەسێکی تر ڕابکێشین؛ تایین بە ڕەشمە بمانئاژوێت، ڕکێڤمان بکا، من و ئەو لە پێشبڕکێداییین، جارێک ئەو پێشکەوێتەوە، بەین بەینێکیش من. وەلێ پێناچێت من ئەوەندەی ئەو چووستبم؛ وەلێ ئەو ڕکێڤچییە کێیە؟ کێیە دەسکی ئامووری بەدەستە، موژانم لێدەژەنێ؟ دیسانەوە کورت دێنم، دەترسم لەوە زیاتر پێی لێڕاکێشم. لە پڕێکدا، ئۆتۆمبێلێکی باجیرۆی سەربازیی لە تەکمدا دەوەستێ؛ ڕەنگی خاکییە، چەند چەکدارێکی سەروچاو پێچراو، لە پشتەوە بە تفەنگ و ڕەختەوە، ئامادەبۆهەر بەسەرداکوتانێک دانیشتوون. ئۆتۆمبێلەکە لەزگەیەکی پێوەچەسپێنراوە، زناکی دەزگای ئاسایشە. چەکدارەکان جلی خاکیی، پن پن کەسکیان پۆشیووە. یەکێکیان لە پێشەوە خورت دادەبەزێ؛ بە پێچەوانەی ئەوانیتر بەرەوازپۆشە؛ بەژندرێژ، کەچەڵ، ئەسمەر یاخود ڕەشکاڵ، سەر و ڕیش تاشراو. کراسێکی خۆڵەمێشیی، پانتۆڵێکی کووتاڵیی ڕەش، ساقۆییەکی ڕەشی ورشەدار کە چروسکەی دەهات. لێم نزبووەوە، گوتی: پێناسەکەت؟ بە ورماوییەوە پێناسەکەم لە گیرفانی ساقۆکەم دەرکێشا، دامە دەستی. ئەی! باشە، من هەمووشتێکم لە ماڵ بەجێهێشتووە، باشە چما پێناسەکەم هەر پێیە؟ تەزوویەک گیانم دەرزیئاژن دەکا، ئەوم بیردەکەوێتەوە، دیسان کاری ئەونەفرەتیەیە.

- بەم سێی شەوە لێرە چی دەکەی؟
- پیاسە (لەوەوە زانیم کاتژمێر سێی شەوە)
- پیاسە!

سەرما قاچەکانمی لەرزۆکاندووە، لێوەکانم دەلەرزن، بە تەتەڵە باگۆی دەدەمەوە

- ب..بب.. بەڵێ

بە خانەگوومانی و دڵەچرکێوە لێم دەڕۆنێ، پێناسەکەم دەداتەوە دەست. بەهەڵەداوان سواری باجیرۆکە دەبێتەوە. ئۆتۆمبێلەکە بە تەرناشەوە دەردەپەڕێ. چەکدارەیل بە نیگاییەکی دزێوەوە لێم دەڕوانن، قۆنداغی کلاشینکۆفەکانیان دەگووشن. نسرمێک هێورم دەکاتەوە، بە کونجوکۆڵیی و پرسنییەوە کنەی ئەسپێک دەکەم، سەراسۆییی گۆشە تاریک و نگوونەکان دەکەم؛ بەشکم ئەسپێک هەڵتروشکابێ، سەری بخەمەسەری، ڕاز و نیازەکانمی بۆ بدرکێنم، بگرییم

باوکم بە هەنیەی قەف قەف، ڕوومەتی لۆچاوییەوە، مێزەم دەکا؛

- "کوڕم بۆ نوێژ ناکەیت؟ ناچیتە خوتبە؟"

دێڕە شیعرێکی (ئەحمەدی مەلا) لە نێو سەرمدا دەخوولێتەوە
- " باوکە، من هەڵپە ناکەم بۆ پەرستگاکان و ڕۆحم لە کۆڵانەکاندا بەجێ بمێنێ"
سوور هەڵدەگەڕێ، تنۆکە ئارەق لەسەر تەوێڵانی ڕێژگە دەبەستن، بە کەفچڕیەوە؛
- "ئێوە وان، دەم لە هەموو شتێک دەژەنن، شتاقتان بایی فلسێک لە بارتاندا نییە"
- "باوکە، ئێمە کێیین؟ خۆ تەنیا من لێرەم؟"
بەرسڤ ناداتەوە، بە نیگاییەکی تورە و تۆسنەوە، خۆییم لێ نەبان دەکا؛ منیش ناوێرم پتر چیرەدرێژی و هەڵەوەریی بکەم، دەترسم مانۆیی چیرۆکی (بڕیاری دادگە)ی کافکا؛ فەرمانی خۆکوشتنم دەربکات؛ منیش یەکجێ فەرمانەکەی بەجێی بهێنم، لەسەر قەراغی خەرەندیی ڕواندزێ خۆم هەڵدێرم، خۆم بکوژم.

****

## ئەو/من

هەڵبەتە، خوێنەری هێژا، ئێوە لە پاژی یەکەمدا وڕێنەکانی ئەو منەتان خوێندەوە، ئەوجا نازانم چەندی لێحاڵیین. من - هەڵبەتە، لێرەدا بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەری هێژا نەئاڵۆزکێنم، هاوکێشەکە پەلەواژ دەکەینەوە، چیتر ئەو منە بە بە جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من) باسناکەین، بەڵکو بە جێناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) باسی دەکەین- لە شتاقی وڕێنە بێدەربەست، ساوێرە سیا و خوتخوتە ڕەمەکییەکانی ئەو تێناگەم. پێ لەوە دەنێم خوازەیەکی چاکی بەکارهێناوە، منیش ئەرای ڕوونکردنەوەی مەبەست؛ هەر لەو خوازەیە کەڵک وەردەگرم؛ ئەو ئەسپێکی تورەهات، سەربزێو، لە ڕکێف دەرچووە، خۆ هەر شانسەکی هەمان پەیتوون ڕادەکێشین. منیش بە کۆکی و ڕێکی خۆمەوە ملم بە ئەو پێچراوە بەرگەی ئەو بگرم، جارجارەش سەرشکێنیی بکەم، با ئەوەش بڵێم ئەو بەوجۆرەش بەهرەمەند نییە لە ئەندێشەی داهێنەرانە؛ کوا ڕامانی لیخن و تێهزرینی تەمبەڵانە شتێکی بە کەڵکی لێ زەدە دەکا، بەڵکو ئەو خوازەیەی لە هەردوو دیالۆگی خوان و کۆماری ئەفلاتوون هەڵگۆزاوە، خوێنەرێکی بەرژدە، وەلێ بێ نەخشە و ئامانجە. بێ ئەوەی دانی پێدابنێ چرا لەیەکێک لە پیران وەربگرێت، سورە لەسەر ئەوەی چاوە نادیتەکانی بخاتەگەڕ، تاریک و نووتەکی ژیانی لە تاریکییدا خەوتوو و سڕبووی؛ پێ ڕوون بکاتەوە. قسەی قۆڕ، فیسقوولی بنەکورتە؛ تۆ کەی دەتوانیت ملبنێیتە سەر ڕێگای پەندیارانی مەزن.

هەڵبەتە، خوێنەری هێژا، ئەرای پتر ڕوونبوونەوەی مەبەستمان؛ دەڵێم کەسێکی خوێنەرەوە نیم، جرجی کاغەزخۆرنیم، وەلێ جارجارەش بەبێ ئەوەی بینەکێشیان بیت، چونکە مرۆ نابێت خۆی نغرۆی نێو پەڕان بکا، تێیاندا پەندی دەمان، ژیریی چاخان شتێکیان پێیە شایەنی گووتن بێت؛ من پتر بەلای پەندیاریی و هەڤۆتنەکانی (سۆکرات) دەشکێمەوە، پەسندی دەدەم. گەرچی ئەو سەرەخۆرە لە ژێر باندۆری (نیتشە) دەڵێت؛ ڕقم لە (سۆکرات) پەندیارییەکەیەتی، سڵ لە ڕاستخوازییەکەی دەکەمەوە. وەک خەدیەتی دیسانەوە گوتەزای ئەم شێتەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەزبەرکردووە. جا تایین کوفرێکیشی هەیە، من بەخۆم شەرمە، لە منیش ناوەشێتەوە، دەمشرپش ناکەم تاکو لەبەردەم ئێوە خوێنەردا بیخەمە سەرزار. تکادەکەم لێم ببورن، مرۆڤ بۆ گەیاندنی ویست و مەبەست ناچارە تێوەرێخی بکا، با بگەڕێینەوە سەرباسی خوازەکەمان؛ هەڵبەتە نادەربایسی، بێباکی و بێپەروایی ئەو چاک بێتینی کردبووم، مزیریی ئەو پرزەی لێبڕیبووم؛ وەلێ من بە بەهەند وەرگرتنی پەندیاریی و دارەڕێی(سۆکرات) لێمگەراوە، دەستم لێبەرداوە، تاکو تا بنبەستی نادەربایسیی و بێپەروایی خۆی بچێت. خۆی لە ژووری بپەستێوێ، کتێبان هەڵگێر و وەرگێر بکا، مایەپووچ لەوسەرەوە بگەڕێتەوە، ڕەشمەکەشی بخاتە بەردەستی من؛ منیش بە مەیل و ویستی خۆم بەکێشی بکەم. هەڵبەتە، ئەو زۆر لەوە دەبەنگترە وەک من بتوانێت لە ژێری ژێریاران بفامێ، من پتر کابرایەکی کردەییم؛ بڕوام وایە ئەو شتانەی ئەو دەیانکات بە کەڵکی ژیانی ڕۆژانە و ژینواری کۆمەڵگاکەی نایەن؛ خەیاڵپلاویی بێ مفا، قسەی قۆڕن. وەلێ با بە ئارەزووی خۆی لاساریی بکا، بێ سۆ چەتوونی ئەو هیچ لە سەلاری من کەمناکاتەوە، بەڵکو ئاوەزمەندی من چاکتر دەسەلمێنێت، هەر خۆی دەبێتە بەڵگە و ئەنجەت بۆ ژیروەریی من.

هەڵبەتە، وەک ئێوەی خوێنەر لە پاژی یەکەمدا خوێندتانەوە؛ خۆی دانی بەوە دانا کە بەدمەستە، دەبەنگانە لە خۆی دەپرسی ئەوە کێیە لەو کاتانە ڕێبەریی دەکا بۆ ماڵەوە؛ بێشک ئەوە منم، ئەگەرچی ڕێم داوە بخواتەوە، بەشکم فل ببێت، وەلێ ڕێ بەوە نادەم تا ئەو ڕادەییە تخوبەکان تێپەڕێنێت، کاری لێوەنەشاوە بکا. هەندێکجار دەمنی بەردەست و خزمەتکار لەبەرامبەر ئەودا خۆم دێتە بەرچاو. لەگوینە، ئێوەی هێژا دەیزانن ئەگەر خزمەت و برەبرە ڕێگریی کردنەکانی من نەبێت ئەو بەلای ناگەهان وەسەر خۆیدا دەهێنێ.

هێشتا نەخشەکانم کۆک و ڕێکن؛ باری ئاوارتەش هەر دەبێت، ئەگەر دەم دەمەش ئەژدیهاکە کلکی لە دەم دەربهێنێت، بەرەڵای بکا، بۆ ئەوەیە وچانێک بدا، باشتر و چوستتر قامکی لە کلکەکەی بگرێت و ونجڕی بکا. هەمدیس بەهەڵگرتنی شوێنپێی (کارلۆس لیسکانۆ)؛ لەو بڕوایە دایە من تەنیا خزمەتکاری ئەوم. قەینا، بەس دەیسەلمێنم کێ سەردارە و کێ بندار؛ با ئەمە بۆ کات و باری خۆی بێت. لێم گەڕاوە کیسەبیمار، بێکار و شۆل، بێدەربەستانە لە خەیاڵە بێپەر و باڵەکانی هەوزینگبدا، لە کەوێڵەکەشی جێبەخۆنەگری، لە نیوە شەوان لە ماڵ دەرچێ، داغی کەسەر و کۆڤان و پەشیمانی هەڵکێشێ، بیری دەمانی ڕابردوو بکا، ماخولیاییەکی ڕەش بیکرۆژێ، ڕقی لە ماڵ و شارەکەی هەڵسێ، بە شرۆشیتاڵی تۆزگرتوو و لەکەدار بخوولێتەوە، کتێبان نائومێدی بکەن، پەرگەل بۆی ببن بە بیری بێبن و هەڵیلووشن، جگارە و نێرگەلە ڕکەلی بە قیر سواغبدەن، کافتیریاکانیش شکەستە و دڵماو بیگرنەخۆ..هتد. تاکو ئەو کاتەی دونگەی ئەوە دەکا؛ چەندە سەرەڕۆ، بێهزر و ئاوەزە؛ ئاخر مرۆ سنورێکی هەیە، خۆ لە کەشکەڵان سوێین لە کردن بەدەرە. چیتر فریشتە و پەری لە هەوێڵدا نین؛ دەست بە باڵەکانتەوە بگرن، ناز و گۆزی بکێشن و ئەو بارە قورسەی مرۆڤبوونی لە کۆڵبکەنەوە؛ دە بفامێ. لەو ژوورە، لەو تەنیاییە بە ماخولیا قانگدراوە وەرەدەر. لێمگەڕێ بە ئاوەزمەندی ڕێناسانەم ڕێی ڕاستت پێشان بدەم؛ پێی لێبنێ ژوورەکەت هەڵپەرداوتنی گەرەکە. تۆ ئەگەر بە تەمای شتێکی، خاڵێکت لەبەرچاوگرتووە، لەگوینە، بە تەمانیت، خاڵێکی دەستنیشان کراوت نیە، بەرەو پیلیەوە بچیت، وەکو شیعرەکەی (سید کامیلی ئیمامی) هەر درێژەبێتەوە، کەسیش نازانێ ئەو شەرەی عەقل و دڵ بە ژێرکەوتنی کامەیان کۆتایی دێ. ئاخر دەکرێ مرۆڤ هەر بە خەیاڵپلاوی و ئاواتەخوازیی تا چەند بژێ؟ یان گەرەکتە مانۆی وەگێڕی شەوە سپییەکانی (دۆستۆیڤسکی) لە نێو ئەو ماخولیایانەت پیر و بۆگەن بی، ئاخ و ئۆف بۆ (ناستینکا)ی لە دەستچوو هەڵڕێژی؟ ئاخر ئەگەر ڕەنجکێشی باوکت نەبوایە تۆ پیاوی نان پەیداکردنی؟ هێشتا قسەی دەشکێنی، گووتە و دێڕە شیعری ئەزبەرکراوی دەخەیتە کۆش، خۆی لێدەشاریتەوە؟ شا بە سەپان ناگری، ڕێز لە وەچە و تۆرەمەی باوانیشت ناگری، شکۆیان زیندوو ناکەیتەوە، ڕەوانیان ناهێنیتەوە بەر؟ دە هەڵتروپێ هەڵتروپێ. هەرنا دەمنی لێبوکەکەی(هاینریش بوێل) هەروو سواڵکەری بکە. یان دەتەوێت وەک بارتێلبیی(هێرمان ملێڤل) دەزیندانێ هەڵتپروێنن، لە برسان بتۆپیت؟

خوێنەری هێژا، پێم لە بەرەکەی خۆم ڕاکێشاوە، دەمشرپی دەکەم، هیوادارم لە نیەتپاکی و خەمخۆری من بفامێ، لەو بڕیارە دروست و ڕێنیشاندەرانەم؛ هاوڕام بیت.

# ونبوونی ناوەخت

شەرمین سالحی

ئاسمان بەجۆرێک تاڵە، لە دەمەو ئێوارەیەکی ناوەخت دەچێت کە ترسی ئاوابوونی ڕۆژ لە کافەیەکەدا بترڕفێنیێ و چی تابلۆ و چی مێز و چی سێبەر و چی فنجانی قاوە و چی ژمارە و چی شەقام و چی کۆڵانە و چی و چی و...هەموو چییەکانی شار لە خێرایی تاکسییەکدا، ون کەیت. چاو لە کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، تا پێنجی ئێوارە کاتی ماوە. لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری حەوشەکە دەکەم، هەنارەکان هێشتا پێنەگەیون، دڵم بۆیان لێدەدا؛ دەڕۆمە حەوشە و چەن دانەیەکیان لێ دەکەنمەوە. باوکم نێو چاوی تاڵ دەکات و هەنارەکانیش لەت دەکات، هەموویان کاڵن بە هەزار حاڵ لێیان سوور بووە. دەی ئەمە کەی دەخورێ بە تاڵ و ترشی؟ بۆ وا لەو هەنارانە دەکەن؟ بهێڵن با بگەیەن، کاتی خۆی دەیانکەننەوە. بەڵام تەواوی چێژی هەنارەکان لە کاڵبوونەکەیدایە! من حەزم لەو شتانەیە کە هێشتا کاتی نییە و نەگەیون. چەندە ئاشقی ئەم ناوەختییانەم. هەموو کاتێ بۆ هەر کارێک بەپەلەم، تاقەت ناگرم تا کاتی دێت. دەترسم هیچ کاتێ، کاتی نەیەت. دەترسم کاتێ، کاتی بێت کە هەوای ویستنی لە سەرم تێپەڕیبێت. بۆیە دەبێ پەلە بکەم پێش ئەوەی کاتی بێت، لێم خواردبێتن یان هیچ نەبێ تامم کردبێتن، نەکا ڕۆژێک نەردەکان ببن بە بەربەست و دەستم پێیت ڕانەگات؛  ڕقم لە هەرچی نەردە و بەربەستە؛ کە ڕێ لە لار بوونەوە دەگرن. باران هەموو شوێنێکی تەڕ کردووە و چەن دانە هەنارێکی لە بن دارەکە داخستووە؛ تا کۆی دەکەمەوە هەموو گیانم دەخووسێ، تەنانەت جلە شینە تازەکانم. بە پەلە هەڕا دەکەمە ژوورەکەم، خەمی برژانگەکانمە تا جلە شینە تازەکەم. ”ڕیمڵە“کەم دژە ئاو نییە، دەزانم ئێستا هەمووی بە سەر گۆنامدا پژاوە. جلە شینەکانم دەگۆڕم و سەیری ئاوێنەکە دەکەم بە خێرایی ڕەشبوونەوەکان دەسڕمەوە؛ کەمێکیتر لە هەنارەکە دەنێمە دەمم؛



تاڵ! لە دەمەوبەیانییەکی ناو شێعرێکم دەچێت؛ خەریکە کاتی دەگات، دەبێ پێش ئەوەی کاتی بگات بگەیەم، ڕێک وەکوو ناوەختی هەنارەکان و خواردنی دنکە تاڵ و ترشەکانی کە هیچ نیشانێک لە شیرینی تێدا نییە. چەترەکەم دەکەمەوە، دڵم خێراتر لێدەدات، بیر لە "ڕادیکاڵە"کان دەکەمەوە و لە ئەندامە شکاوەکانی چەترەکەم، کە ئیمکانی ڕاست بوونەوەیان نییە. هەموو شتێک لە بێوەختیدا ڕوو دەدات، چەترەکەیش لە بێوەختیدا شکاوە. دەزانی منیش لە بێوەختیدا بووم بە شاعیر...؟ ئەو کاتەی، کاتی نەبوو خەریکی کۆکردنەوەی تاقمێک وشەی تەڕ بووم و تۆیش لە قوڵایی "مەسەلە"یەکتدا ون ببووی. تا دەگەم دەخووسێم، ئەو بارانە دیسان ڕیمڵەکەم دەشواتەوە و گۆنام ڕەش دەکات، ئێستا چی لە بارانێکی ناوادە کەم...؟

بزەیەک دەمگرێ و "کۆ" دەکەمەوە، کۆ کردنەوەی ساڵەکان. ساڵی هەژدەهەم، نۆزدەهەم، بیستەم... "نموداره"کان یەک لە دوای یەک کۆ دەکەمەوە تا بیست و یەکێک کە تازە پێی گەیشتووم. بەڵام کێشاوە بە"خەتکێش"ێک کە تەنیا کاری کێشاندنە. ڕاستە و ڕاست بە بێ"منحنی". خەتکێشەکان هێڵەکانیان لار ناکەنەوە، بەڵام من شاعیرم؛ بە هێڵەڕاستەکان قایل نییم. یەک تۆز لاریم لە سەر زیادە؛ ئەوەندە، کە هەست بکەیت لە هێڵەکە چوویتە دەرێ، هەستێکی خۆشە، خۆش وەکوو تامی تاڵی هەنارە نەگەیووەکان؛ خۆش وەکوو گرژ بوونی نێوچاوی باوکم. دەزانی باوکیشم شاعیرە؟ بەڵام ئەو ئاشقی هەنارە پێگەییوەکانە و وشەکانی بە باڵای دایکمدا دەڵێت. باوکم خوێندەواری نییە و وشەکانی بە دەم دەنووسێ بە ڕێنووسی خۆی. من تەنیا ئەوەندەم لاری دەوێ. ئەوەندە نە، کە ببیتە"بازنە"یەک و دایم بە دوری خۆت و دەور و بەرتدا بسووڕێیتەوە؛ ئەوەندە کە بتوانی قاوەیەک تا قومی دوایی بخۆیتەوە و سەیری دەور و بەرت نەکەیت و دوای ئاوا بوونیش پێ لە سەر پێ لە تابلۆیەکدا بڕوانی... دەور دانەوە بەڕاستی شتێکی قیزەونە و من هەرگیز نابم بە "دایەرە"! چەترە سوورئاوییە گوڵگوڵییە شکاوەکەم کۆدەکەمەوە و لە سەر جێگە هەمیشەییەکەیدا لە پەنای ڕۆژەبارانییەکانمدا، دایئەنێم. ئەو کاتەی کاتی نەهاتبوو ڕیمڵەکەم گۆنام ڕەش بکات، باران چێژێکیتری هەبوو، بۆنی تەڕی شەقامەکان مەستی دەکردم بەڵام ئێستا...هیچ لە نەردەکان گەرێ. پەردەکەم لائەدەم، دڵۆپەکان ڕوومەتی پەنجەرەکەیان شۆردووەتەوە و من لە شۆردنی چاوەکانم گوزەراوم. تاس هەڵدەخەم! قژم لە ئارەقدا خووساوە، "ئێحتماڵ"ی خستەنەسەر چاوی لە مندا "یەک"ە. چاوانی تەسکتر لەوەن کە دوو جار بمبینێت، چاوی لە سەر قاقەزەکانیەتی، من ماتڵم تاکوو ببێت بە دوو. لە شەقامەکاندا ون بووم. وشکەسییەکانی پیادەڕەوەکە، ڕێک وەکوو بازنەیەکی داخراو گەمارۆیان داووم و من لە "شۆعاع"ێکی بێدواییدا وێڵم. دەستێک گەرووم دەگوشێت، دەستێک کە ونە و لە منەوە دیار نییە... برینی لا لێوم دەسووتێت، برینێک کە بێڕەنگە و بۆ خۆیشم ناتوانم بیبینم. لە سەر کورسییەکی "چوارسووچ"دا وەستاوم، سەرت هەر بە قاقەزەکانتەوە گەرمە و بە "مەسەلە" حەل نەکراوەکانت. ئارەقم لێدەچۆڕێ ئارەقێکی سارد؛ تۆ بیر لە وڵامی "مەسەلە"کان دەکەیتەوە و منیش چاو لە دەنگی چۆڵەکەکان دەکەم؛ دەڵێی: شێت بووی؟ دەنگ کوا دەبینرێت...؟؟دەڵێم با دەنگەکانیش ڕەنگ و شێوەیان هەیە. تۆ پێبکەنە با ڕوومەتی پێکەنین ببینین...تۆزێ دواتر پێکەنینم لە نێوان "چوارچێوەیە"کدا جێدەهێڵێت. من دەبم بە قوڵمی گریانێک لە سووچی ژوورەکەمدا.

کات لە گەییینی هەنارەکانیش تێپەڕیووە و مەیلم بە کەندنەوەیان نەماوە. کات، کاتی لە دار دانی گەڵاکانە و من دووگیانم بە چاوەڕوانی و بێزوو بە تامی ترش و تاڵ دەکەم. تەواوی"

معادڵە"کانمان تێکداوە، لە پشت دارە ڕووتەڵە بێگەڵاکانەوە دەنگەکان دەبینین. چاوەدکەمەوە لە بەردەمما ڕاوەستاوە، خێرا ماندووییەکانی لە باوەش دەگرم و ئێشەکانی ماچ دەکەم. ئاخر ئێستا دەزانێ ئێشیش ماچ دەکرێت. دەزانێ مانعاکان دەبینرێن. برینەکانی نابینم لە برینی لالێوم دەچێت، بێڕەنگە. پێکەنینم لە باوەش دەگریت و دەڵێی: با فرمێسکەکانمان لە بەین"چوارخاڵێکدا" بتاسێنین! دەڵێم: نا نا... با لە"هێڵێکی مەوازی"دا خەو ببینین. کاتژمێر لە شەش لایداوە و ئازادم لە گەمارۆی "دایەرە"و وشکەسی پیادەڕەوەکان و ئەسفاڵتی جادەکان. سەیری بلیتەکەم دەکەم، بلیتی بێگەڕانەوە...مرۆڤەکان یەک لە دوای یەک لە پەنامەوە تێدەپەڕن؛ دارهەنارەکان چاوم لێدادەگرن. دایکم بزە دەیگرێت...من کاتەکان، شەقام بە شەقام تۆختر بە دوای خۆمدا دەکێشم، تا کورسییەکی بەتاڵ و لە جێگە بەتاڵەکەتدا دادەنیشم، چەمەدانی موسافیرەکان لە پاڵ یەکەوە تێدەپەڕن. حاڵم تێک دەچێ و هێڵنج دەدەم، دەرمانی دژە ڕشانەوەم نەخواردووە و سەرم سووڕ دەخوات. کورسییەکان پڕن لە ماتڵ بوون پڕن لە ماڵئاوایی بێگەڕانەوە و پڕن لە سەفەری دوو بە دووی ناوەخت. بیر لە پەنجەرەکە دەکەمەوە، باران ڕوومەتی بریسکە داوە؛ بیر لە تۆ دەکەمەوە لە نەردە مەوازییەکان و لە وێستگەیەک کە هێشتا نەگەیوم! تەواوی نەگەیشتنەکان بەدواتدا دەگەڕێم تا ون دەبم.

بلیتەکان شوێنی ون بوونیان دۆزیوەتەوە و شەقامەکانی شار بەجێدەهێڵن. هەموو شوێنێک بێدەنگە، هێشتا باران کومسار نەبووە، هەموو جێگەیەک بۆنی بارانی گرتووە، بۆنێک کە حاڵم تێک دەدات، هێڵنج دەدەم! بارانەکانی ئێستا هیچ چێژێکیان نییە؛ دڵۆپەکان خۆیان بە شیشەکەمدا دەکوتن و بەردەوام بانگم دەکەن، من ئێستا هیچ دەنگێک نابینم، مەگەر دەکرێ دەنگەکان ببینرێن...؟ لەو کاتەوە نەردەکان لە بێوەختیدا نیگاتیان شاربەدەر کردووە، باران جۆرێکیتر دەبارێت، جۆرێک کە وشەکانم تەڕ نابن. شەوەیەک ڕۆژانێکە جێی خۆش کردووە لە پشت وشەکانمدا و وێستگە بە وێستگە دەمبات و هەر ناگەیەم.

وشە نوێیەکان "کۆدەکەمەوە و کەم دەکەمەوە" بەڵکوو وشە تەڕەکان بدۆزمەوە و پاشان خۆم لە شێعرێکدا کۆکەمەوە. من "دابەش" کراوم بە سەر بیست و یەک پاییزدا و حەوت هەنارە "پاشماوەم" بووە بە سفر!



# دووانەی فرۆشراو

## باران

دەبینم لە دەرگاکەوە دێیتە ژوورەوە، هەندێک جار کچەکەمی، هەندێک جار کوڕەکەمی، هەندێک جار هەردووکتانن، پێکەوە. لەو کاتەدا، من لەسەر کورسییەکی دارین دانیشتووم، بە دەستی لەرزۆکەوە خوری دەچنم، لەگەڵ تێڕووانینتدا، فرمێسکە قەتیسەکانی چەند ساڵەم، بە قورسایی ئاسن لە چاوەکانمەوە، دەکەونە خوارەوە، قاچەکانم بە بارستایی شاخێکەوە بە زەوییەکەوە دەلکێن، ناتوانم بەرزیان بکەمەوە و ناتوانم لە جێی خۆم هەستم... دەبینم لە دەرگاکەوە دێیتە ژوورەوە، هەندێک جار کچەکەمی، هەندێک جار کوڕەکەمی، هەندێک جار هەردووکتانن پێکەوە. لەو کاتەدا من بە پێوەم، قاپ دەشۆم یان پەڕۆیەکم پێیە و چوارچێوەی تابلۆ هەڵواسراوەکان، لە تۆز، خاوێن دەکەمەوە. کە گوێبیستی دەنگی پێت دەبم، ئەژنۆکانم شل دەبن، وەک ئەوەی لە ساتێکدا، هەرچی ئێسکەکانی جەستەمە، ببنە خۆڵ و بە ژوورەکەدا پەرش ببنەوە، بە پێوە خۆم بۆ ناگیرێت و دەکەوم ...

سەختە، هاتنە بەر چاوی وردەکاری ئەو شتانەی کە لە کۆندا ڕوویانداوە و ئەو شتانەش کە دەکرێت ڕووبدەن، ئازارکێش و تاقەتبەرە. من دەزانم، هەر ڕابردوویەک کە بە ئێشەوە یان بە چێژەوە لە زەینمدا ماوە، هێشتا تێمنەپەڕاندووە، بۆیە سڵ لە بەرکەوتنی دەکەمەوە، یاخود بە پێچەوانەوە، توند دەستم پێوە گرتووە و نامەوێت لێی دوور بکەومەوە. دیارە هەموو داهاتووش لە پێشبینییەکانمدا، هەڵگری هەمان خەسڵەتە، بەس ئێوە... ببەخشن، هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە کە بە بوونتان لە بیرکردنەوەکانمدا بێزاربم، درۆش دەکەم ئەگەر بڵێم ئاسوودەم، ببەخشن، بەڵام پێویستە ڕاشکاو بم لەگەڵتان، پێویستە هەموو شتێکتان وەکوو خۆی پێبڵێم.

پێم بڵێ، تۆ ئەو هەستەت ئەزموون کردووە، ئایا سەرنجی ئەو بارودۆخانەتداوە کە جوڵە و ڕووداوی زۆر زۆر بچکۆلە، کاردانەوە و دەرئەنجامی زۆر گەورە و چاوەڕواننەکراویان لێکەوتبێتەوە؟ یان بە پێچەوانەوە، کاتێک بابەتگەلی گەورە، زۆر هیچ و بێبایەخ دەکەونەوە؟ ئەمە لەگەڵ مندا، زۆر ڕوویداوە. هەر ڕێک وەک ئەوەی بە هەموو پێوابوونی خۆمەوە، دەستم بردبێت بۆ بەرزکردنەوەی کۆڵەپشتێک کا، بەڵام کۆڵەپشتەکە، چەو و چیمەنتۆی ناواخن بووبێت، یان وەک ئەوەی هەموو هێزم کۆکردبێتەوە بۆ پاڵنانی تەنێک کە قورسایی گاشەبەردی هەبێت، بەڵام تەنەکە، بە کێشی تەبەدۆرەوە جوڵابێت و ملیشمی پێوە شکابێت. بەڵێ، زۆرجار خۆت تەواو بێخەبەریت لەوەی قەدەر بۆتی ڕێکخستووە، کەچی قەرارە بەرپرسیارییەتی هەموو شت لە ئەستۆی خۆت بێت!

دەزانیت، کۆنترین دیمەنی منداڵییم کە لە یادەوەریمدا هەمیشە وەک سەعاتی سفر بە خورپەیە، ڕۆژی تاسانە گەورەکەمە. ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکم و باوکمدا بۆ سەیران چووبووینە قەراغ شار و لەسەر گردێک، دوور لە قەرەباڵغی، لەژێر سێبەری درەختێکی گەورەدا لاماندابوو. ئەو دەم دایکم بە منداڵی دووهەمی دووگیان بوو، باوکم زوو زوو پێیدەگووت، دەست مەدرە شتی قورس، خۆت هیلاک مەکە، خۆم کارەکان جێبەجێ دەکەم. من هەموو وەختەکە سەرقاڵی بازنگە تازەکەی دەستم بووم، بازنگەکەم ڕستێک موورووی دوو ڕەنگ بوو، موورووی شین و پەمەیی، بە داوێکی لاستیکی باریکەوە، دەوری مەچەکمی دابوو، بە دەستەکەی‌ترم بەردەوام لاستیکەکەیم ڕادەکێشا و مووروەکانیم دەژمارد و لەبەرخۆمەوە دەمگووت ئەم پەمەییە منم، ئەم شینە براکەمە، ئەم پەمەییە منم، ئەم شینە براکەمە. لەناکاو بازنگەکەم پچڕا، مووروە بچکۆلەکانم بەسەر لێژاییەکەدا گلۆربوونەوە، پڕ بە خۆم زریکاندم و بە عەزرەتی کۆکردنەوە و گرتنەوەیانەوە ڕامکرد، خێراتر لەوان بەسەر گردەکەدا خلبوومەوە. هەموو ڕووداوەکە لە چەند خولەکێک تێنەپەڕی، وەختێک لە خوار یاڵەکەوە بە دەستی بەتاڵ و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، ئاوڕم بۆ لای دایکم و باوکم دایەوە، ماقم وڕما، کە بینیم هاوکات لەگەڵ خلۆربوونەوەی من و دەستبەنە پچڕاوەکەمدا، لەوسەری شەقامەکەوە، لۆرییەک بە هۆکاری بوونی تاسە و چاڵوچۆڵی زۆر لە جادەکەدا، هاوسەنگی لەدەستداوە و لە ڕێ لایداوە و بە خێرایی بەرق باوکم و دایکم و کۆرپەکەی ناو سکی و درەختە گەورەکەشی شێلاوە! ئای ئازیز، ئەگەر جیهان تەقینەوەیەکی گەورە دروستی کردبێت، دونیای من، لەدوای ئەو تاسانە گەورەیەوە، قەت سەر خۆی نەهاتەوە.

لەبەرئەوەی دایکم و باوکم، خوشک و برایان نەمابوو، من تا تەمەنی هەرزەکاری هەر ماوەی لە ماڵی ناسیاوێک دەژیام. هەڵبەت ئەم ماڵ و ئەو ماڵکردن تا بڵێیت دژوار و ناخۆش بوو بۆم، بەڵام لەناو منداڵیمدا، گەورەییەک، بەردەوام دانی خۆڕاگری دەدا پێم. بەردەوام لە چاوەڕوانی ڕۆژانێکی باشتردا، سەرکەش و بێ‌دەربەست، ناهەمواریيەکانم بەڕێدەکرد و بێباک بووم لە هەر کۆسپ و کەندەڵانێک بێتە ڕێم. هێشتا لە قۆناغی دواناوەندی بووم، کاتێک شووم بە یەکەم کوڕ کرد کە هاتە خوازبێنیم. خەونی گەورەم هەبوونی ماڵ و خێزان بوو، هاوسەرەکەمم خۆشویست و بووە هەموو کەسم. لەگەڵیدا ڕۆژانێکی ڕووناک ژیام. سکم بە جمکێکی نێر و مێ پڕ بوو. لە خۆشیاندا دیوارەکانی ماڵەکەم پڕ کرد لە تابلۆی منداڵی دووانە. بە ئەندازەیەک دڵخۆش بووم، دەمگووت ئیدی هیچ شتێک توانای دڵتەنگکردنی منی نابێت. تا پاشنیوەڕۆیەک لە بەرهەیوانەکە دانیشتبووین، ئەو کەلوپەلانەم پیشانی هاوسەرەکەم دەدا کە بۆ ساواکانمانم کڕیبوو. دەمگووت سەیرکە، ئەم کراسە پەمەییە قشتە بۆ کچەکەمان، ئەم کڵاوە شینە جوانە بۆ کوڕەکەمان ... لەو ساتەوەختەدا، ئەوەی کە لە خەیاڵی ڕوودانیدا نەبوو، ڕوویدا. لەناکاو گوللەیەکی وێڵ، ناوچەوانی هاوژینەکەمی پێکا! ئای جەرگم، وشە نییە وەسفی ئەو دیمەنە بکات. ناشمەوێت ئاوەزی ئێوە ئەو تراژیدیایە وێنا بکات، بەڵام لێرەوە، لێرەوە من بۆ جارێکی تر و تاهەتا تەنیابوومەوە. ئەگەر پێشتر وەک منداڵێک، چاوی بەزەیی و سۆزی ئەوانیترم لەسەربوو، لە دوای ئەو ڕووداوەوە، چاوی تەماح و غەدری خەڵکی، وەک گەلەگورگ هەمیشە بەدوامەوە بوو.

ببوورە پەرتم و زۆر دەڵێم. ببوورە نامەوێت هەڵبێم. دەزانم تۆ شەکەتی پرسیارێکی گەورەیت. دەزانم وەڵامێکی ڕوونت دەوێت لێم. بەڵێن بێت، هەموو شتێکت پێ دەڵێم، تەنها هەندێک پشوودرێژبە لەگەڵم. هەندێکی تر دواپارچەی وێنە ناتەواوەکانت دەدەمێ و خۆت سەرپشکبە لە تەواوی حیکایەتەکە، چی لە سەرزەنشت و تێگەیشتن دەدەیت پێم.

پاش چەند مانگێک لە لەدایکبوونی دووانەکەم، قەرزی دونیام لەسەر کەڵەکە بوو. بەجارێک قەرزاری خاوەنخانوو، دوکانی بەقاڵ، فرۆشگای وشکە و شیر و دایبی و سووتەمەنی بووم. هەمووان لە یارمەتیدانم بێزاربوون. کەس خولقی هاوکاریمی نەمابوو. سەختتر لە هەمووی، وەک ئەوەی شتێکم پێ شکبەرن، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە بەرامبەر و بە لەبری دانان، سەوای مەیل

و سەوای لەشولاریان دەکردم! تەحا، لەو بازاڕی ڕیسواییەدا، کاڵا چ گران و مرۆڤایەتی چ بێنرخ بوو. پەکوو لەو بازاڕە پڕ ڕسوایەدا، ئاوەز چەندە فەرامۆش و جەستە چەند داوای لەسەر بوو. بەڵام نا، تایبەت لەم مەیدانەدا نیگەرانی تەنهاییم مەبە، چوون هەمیشە توانیومە بە شێوازی خۆم، وەک تەوارێکی بریندار، چڕنووک لە مۆخی گەنیویان گیر بکەم. هەمیشە توانیومە بە شێوازی خۆم، لەگەڵ ژێرپێنانی مەرامە گڵاوەکانیاندا، ڕووی زەردیان پڕ لە تف بکەم.

هێشتا لە ناو دەرگاکەدان و من توانام نییە بێم باوەشتان پێدا بکەم، بێم بڵێم لەمێژە چاوەڕێتانم یان بڵێم لەم هاتنەتان دەترسام. ڕاستتان دەوێت، من شەرمەندەم. ڕاستتان دەوێت، من شاگەشکەم. هەنووکە بە قوڵپی گریان و بە قاقای خەندەوە، لە شێت نەبێت، لە هیچی تر ناچم. بەڵام من دەزانم، دەزانم بە پرسیارێکی گەورەوە هاتوونەتە دەرگاکەم، دەزانم وەڵامێکی ڕوونتان دەوێت لێم.

دەمەو ئێوارەیەکی زستان، هەور پڕ بە ئاسمان دەیگرمان. ساواکانم پلەی گەرمیان ئەوەندە بەرز بووبووەوە، هەناسەی ساردمیان دەسووتاند. ترسام لە گریانی خۆیاندا بخنکێن. ترسام ئەو تا نەفرەتییە گیانیان دەربکات. بەپەلە پڕمپێداکردن و گەیاندمنە بەردەم نزیکترین دەرمانخانە کە لەوەدابوون



قفڵ لە دەرگاکەی بدەن و دایبخەن. لەبەردەمیاندا، کەوتمە سەر چۆک و گووتم تکایە، تکایە کۆرپەکانم وا دەمرن، دەرمانێکم فریاخەن. کارمەندی دەرمانخانەکە، دوای ئەوەی زانی هیچم لە پارە و لە ڕەچەتەی دکتۆر پێ نییە، داوای لێبووردنی کرد و جێیهێشتین. ئای ئازیز، من دەردەسەری زۆرم چەشتبوو، بەڵام هەرگیز دڵمم تاریکتر لەو ئێوارەیە نەبینیبوو. لەو کاتەدا کە سەری دونیام لێهاتبووەوەیەک، لەو کاتەدا کە سیمای ساواکانم شین و مۆر دەچووەوە و منی ڕەنگ پەڕیو و سەرگەردان، هاوئاواز لەگەڵیاندا دەکڕوزامەوە و دەمنوزاند... سۆپەرێکی سپی لەسەر شەقامەکە، لەبەردەمماندا وەستا. لەناو سۆپەرەکەدا، ژن و مێردێک هەبوون، خانمەکە بە سەرشانێکی شیکی فەرووەوە، بە دەستە ناسکەکانی، هەڵاوی سەر جامی ئۆتۆمبێلەکەی دەسڕی و وەک ئەوەی لە جامخانەی کۆگایەکدا، لە کاڵایەکی دڵخوازی گرانبەها ڕابمێنێت، لە ئێمەی دەڕوانی. پاش کەمێک پیاوەکەی هاتە لامان. گووتم کاکە تکایە، لە دارای دونیا هەر ئەم منداڵانەم هەیە. نەخۆشن، برسییانە، پێویستیان بە پزیشکە، پێویستیان بە هانایە... پیاوەکە نوشتایەوە، منداڵەکانی لێگرتم و گووتی خوشکی من، ئێمە لە دارای دونیا، تەنها منداڵمان نییە... یادم نییە چیترمان لە ڕاز و نیاز گۆڕییەوە، بەڵام بیرمە، لە عەلاگەیەکی ڕەشدا، دوو سەفتە پارەی بۆ بەجێهێشتم و لەگەڵ چوونیدا پێیگووتم هەر ئێستا دەیانبەمە لای دکتۆر، بێخەمبە باش دەبن! بیرمە شێتگیربووم، زەرفەکەم هەڵگرت و ڕاپەڕیم تا پارەکەی بۆ بگەڕێنمەوە و پێی بێژم جەرگی من بۆ فرۆشتن نییە، بەڵام هەر ئەوەندە فریاکەوتم بە دوای ڕۆشتنی سەیارەکەدا ڕابکەم و هاوار بکەم: با چارەسەری باش وەربگرن، با پۆشتەوپەرداخ و تێروپڕبن، با بخوێنن، با هەمیشە پێکەوەبن، تکایە با لەیەک نەبن ...

ئەو ئێوارەیە تا خوا ڕۆژی کردەوە، منی سیابەرگ و سیاچارە، بە گریان و سوێ و عەلاگە ڕەشەکەی دەستمەوە، بە جادە پڕ لە گۆلاوەکانی شاردا سوڕامەوە. بەیانییەکەی چووم هەرچی قەرزم هەبوو لە پارەکە دامەوە و لە پاشماوەی سەفتە دینارەکانم ڕووانی. بۆ ساتێک لە خۆم پرسی: داخۆ دەبێت دەستیان پێوەبگرم؟ هەڵیانبگرم؟ خەرجیان بکەم؟ داخۆ ئەمە نرخی ئێوە بوو؟ بەمە ئاڵوگۆڕم پێکردن؟ پرسیار لەسەر پرسیار لە خۆمم دەکرد و وەڵامی ڕاستەوخۆم بە (نا) و (نەخێر) و (هەرگیز) بۆ هەر یەکێکیان ئامادە و حازر بوو. لەو ساتەدا کە لە ناو پرسیار و وەڵامەکاندا گێژم دەخوارد، لەو ساتەدا کە قێزم لە دراو دەهاتەوە و بێمنەتی دەست دەردەسەری بووم، هەرچیم پێمابووەوە، لە کۆڵان تا دەستم گەیشت توورمدا و بەدەم گریانەوە، پێدەکەنیم کە دەمبینی پارەکان بەناو جۆگەلەی قوڕوچڵپاودا دەخزێنە ژێرابەکانەوە ...

ئای ئازیزم، ئازیزەکانم، من کە ڕێکەوتی بێئەرزش و جوڵەی بچکۆلە بچکۆلە، کەلێنی گەورە گەورەیان کردووەتە ژیانمەوە، هەمیشەش باوەڕداربووم کە دەشێت ڕۆژێک حەرەکەیەکی لەپڕ و لابەلاش، تەواوی زیندەگیم بەرەو باشی ببات. بۆچی نا، من کە بێستانی پڕ بەرهەمم، لە ساتێکدا بووبێتە خاکەسار، من کە خەونی بەدیهاتووی تەمەنم، لە ساتێکدا بووبێتە تراویلکە، بۆ نابێت ڕۆژێک گەر بە پەرجووش بێت، درەختی بە ساباتی حەوانەوە و ئاسوودەگیم، لە چڵوچێوی بەسوتووبووی ئاتەشگەی چارەنووسمەوە سەوز بێت و سەرهەڵدات... من لە کاتی لەدەستدانتانەوە، ئومێدەوار و چاوەڕێم. ڕۆژێک بەهەر هۆکارێک بێت، قەدەر ڕێتان بگەیەنێتە ماڵەکەم... بەردەوام لەگەڵ ڕۆیشتنی داڵغەمدا، دەبینم لە دەرگاکەوە دێنە ژوورەوە. هەرجارەو یەکێکتانن، هەندێک جار هەردووکتانن پێکەوە. لەو کاتەدا، من دانیشتووم، لە شلیلە خوری پەمەیی و شین، ملپێچ و دەستەوانەتان بۆ دەچنم... لەو کاتەدا، من بە پێوەم، بە تاسەی چەندین ساڵەوە، لە تابلۆی منداڵە دووانەکان ڕادەمێنم...


Дино Буццати
بوتزاتی

# دینۆ بوتزاتی

## بەرهەم و ژیان

یەکێک لەو کەسایەتییە ئەدەبییانەی کە لەمێژ بوو دەمانویست بیناسێنین و هەندێک لە بەرهەمەکانی بخەینە بەر دەست و دیدەی خوێنەران، نووسەری ئیتالیایی "دینۆ بوتزاتی"یە. دینۆ بوتزاتی لە ساڵی ١٩٠٦ز لە شاری بلۆنۆی سەر بە پارێزگای وێنیز لە دایک بوو. لە سەردەمی لاوێتیدا، بەرهەمی نووسەرانێکی وەک ئێدگار ئالین پۆ، لووئیس ئێستیوێنسن و ڕادیار کیپلینگی خوێندووەتەوە. یەکەم ڕۆمانی بوتزاتی، "بارنابۆی کوێستانەکان" بوو کە لە دنیادا ناوبانگێکی زۆری پێ داخست. لە ساڵی ١٩٢٨ەوە بەناوی ڕەخنەگر و ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەی بەناوبانگی "کۆریە دێلاسیرا"دا چالاکی خۆی دەست پێکرد و ئەم چالاکییە ڕۆژنامەوانییەی هەتا دواچرکەی ژیانی درێژە پێ دا. جێی ئاماژەیە بوتزاتی زۆر هۆگری کاری ڕۆژنامەگەری بوو، جودا لە پلەی پرپایەخی نووسەری، بە ڕەخنەگرێکی بەرزیش دەهاتە ژمار. دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی "سارای تەتەرەکان" لە ساڵی ١٩٤٠ی زایینیدا، شوێنپێی بوتزاتی لە ئەدەبی ئیتالیادا پتەوتر بوو. ئەو، گەڵاڵەی ڕۆمانەکەی لە ڕووی ژیانی دووپاتەی خۆی و هاوکارەکانییەوە دارشتبوو. "سارای تەتەرەکان" ڕۆمانێکە کە پێک هاتووە لە بیروڕا فەلسەفی و بووننناسانەکانی نووسەر کە وەک خاڵێکی گرینگ بۆ وەرچەرخانی ئەو لە ڕەوتی شکۆمەند و شاعیرانەی دەقدا دێتە هەژمار و هەندێک بابەتی وەک چاوەڕوانی و نیگەرانی بێ کۆتایی و بەتایبەت ڕۆژمەرگی، بە باشترین شێوە تێدا بەرباس داوەتەوە.

پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکرێ کە بوتزاتی لە دەورەیەکی هەستیار و تایبەتی ئەدەبی ئیتالیادا هەڵکەوتووە. دەورەیەک کە زیاتر پاڵی بە ڕیالیزمی نوێوە داوە و دەروەستبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی نووسەری تێدا گرینگە و تەنیا ماوەیەکی کورت بەسەر فاشیزم و کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تێدەپەڕێت. لەم دەورەیەدا نووسەرانێکی گەورەی وەکوو ئالبێرتۆ مۆراویا، چێزارێ پاوێزێ، ئالیۆ ویتۆرینی و کارلۆ لوێ زۆر بەهێزەوە لە گۆڕەپانی ئەدەبی ئیتالیادا بەشدار بوون کە هەمووشیان چەپ و دژە دیکتاتۆر بوون. هەر لەبەر ئەوەش پەیدابوونی کەسێکی وەک بوتزاتی، بەناوی نووسەرێکی دژەباو لە ئەدەبی ئیتالیادا جێگەی تێرامانە. ئەو، لەم دەورەدا ڕوو دەکاتە، چیرۆکی خەیاڵی و هێمایی. بوتزاتی، نووسەرێکی سیاسی نەبوو و زیاتر دڵەڕاوکێی بوونناسانەی لەسەردا بوو. لەخۆڕا نییە ڕەخنەگران و نووسەرانی ئەم دەورەیە کەمتر باسیان لێ کردووە، چون لەبەر کەسایەتی گۆشەنشین و دووربونی لە ئەدەبی سیاسی باوی ئەم دەورەیە، ڕووناکبیران هەرگیز ڕووی خۆشیان نیشان نەدەدا. تەنیا دوای دەورەی ڕیالیزمی نوێیە کە گرینگی ئەم نووسەرە لە ئەدەبی ئیتالیادا وەدەر دەکەوێت و نووسەرانی بەرەی دوو و سێی دوای شەڕ، وەک ئانتۆنیۆ تابووکی(١٩٤٣)، ئێستێفانۆ بێنی(١٩٤١)، ویتۆریۆ توندێللی(١٩٩١-١٨٩٥) سەرنج دەدەنە گرینگی ڕوانگەی هێمایی و تەواو تایبەتی بوتزاتی.

لەم ناوەدا ڕەنگە بکرێ ئێستێفانۆ بێنی بە باشترین و داهێنەرترین نووسەری ئیتالیایی بزانین کە لەژێر کاریگەری شێوەی تێفکرین و جیهانبینی بوتزاتیدا بووە. نموونەی بەرچاوی ئەم کارتێکەرییەش، چیرۆکی "کافەکانی ژێر دەریا"یە کە فەزایەکی زۆر فانتێزی و خەیاڵی هەیە و چیرۆکی "کۆلۆمبرە" وەبیر خوێنەر دێنێتەوە کە لە شاکارەکانی چیرۆکی کورتی ئەدەبی ئیتالیایە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کەم لوتفییانەی لە ژیانیدا لەگەڵی کرا، نووسەرانێکی گەورەی وەکوو کامۆ هەبوون کە گرینگی بدەنە نیگای هێمایی بوتزاتی. کامۆ چیرۆکی "کەیسێکی ڕەوانی" وەردەگێڕێتە سەر زمانی فەڕانسی. لە ساڵی ١٩٥٨دا کتێبی "شەست چیرۆک"، خەڵاتی هێژای ئێسترکا وەردەگرێ و لە ساڵی ١٩٦٠دا ڕۆمانی "وێنەی گەورە" چاپ دەکرێت کە یەکەم ڕۆمانی زانستی-خەیاڵییە لە مێژووی ئەدەبی ئیتالیادا.

بۆ دەرک و ناسینی باشتری ئەم نووسەرە دەبێ بزانین کە بوتزاتی لەڕاستیدا نووسەرێکی خەیاڵنووسە و تەنانەت، کارە ڕیالیستییەکانیشی بۆن و بەرامەی خەیاڵ و فانتێزیایان تێدا هەیە. لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا هیچ قارەمانێک بوونی نییە و هەرکەس کە دەبێتە قارەمان، خێرا هەرەس دەهێنێت. لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا هەرچەند فەزا ڕیالیستییە بەڵام ناوەرۆکی داستان بەرەو سوورریالیزم و خەیاڵی ڕووت هەڵدەکشێت. هێز و چارەنووسێکی سامناک و شووم هەمیشە لەناو چیرۆکەکانیدا هەیە. تومەز مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە مەحکوومە بە قەبووڵکردنی ئەم چارەنووسە ئەفسووناوییە دەبێ. چارەنووسێکی نەگۆڕ کە خودی مرۆڤیش لە زانینەکەی ڕادەمێنێت. بۆ ئەوەی نموونەیەکمان هێنابێتەوە، دەکرێ باسی چیرۆکی کۆلۆمبرە بکەین. لەم چیرۆکەدا ئێستێفانۆ کە بۆتە دوازدەساڵ لەبری دیاری لەدایکبوونی داوا لە بابی دەکات لەگەڵ خۆی بیبا بۆ سەر سەکۆی کەشتی. باوکیشی داواکەی قەبووڵ دەکات و لە ڕۆژێکی تاووساودا لەگەڵ خۆی دەیباتە کەشتییەوە. لەو دەمەدا ئێستێفانۆ سەرنج دەدا کە لەناو ئاوەکەوە جارنەجار گیانلەبەرێکی سەیر سەر هەڵدەهێنێت و چاو لە چاوی دەکات. ئێستیفانۆ ئەم ڕووداوە سەمەرەیە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە. ئەم گیانلەبەرە کە ئێستێفانۆ دیتوویەتی کۆلۆمبرەیە. جۆرێک ماسی کە مەلەوانانی تەواوی دنیا لێی دەترسن. گیانلەبەرێک کە قوربانییەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت و ساڵەهای ساڵ وەدوای دەکەوێت تا ئاخری قووتی بدات. باوکی کە بەمە دەزانێت ئیتر بۆ هەمیشە بەر بەوە دەگرێت ئێستێفانۆ بێتە ناو دەریاوە و ئەمیش خەریکی پیشەیەکی دیکە دەبێت، بەڵام بە درێژایی تەواوی ئەو ساڵانە کۆلۆمبرە هەر لە چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە. لەم ناوەدا هێزی لە بەراییدا نووسراوی چارەنووس، دیسانەکە پەلی ئێستێفانۆ بۆ کاری ناو دەریا دەکێشێتەوە. ئێستێفانۆ بەوپەڕی سەرسوورمانەوە دەبینێ کە کۆلۆمبرە هەر چاوەڕێیەتی و وەدوای دەکەوێت. ئەم ڕووداوی وەدواکەوتنە ساڵەها درێژەی دەبێت تا ئەوەی کە ئێستێفانۆ لە پیریدا هەوڵ دەدا لەگەڵ ئەم گیانلەبەرە بەرەوڕوو بێتەوە. خاڵی وەرچەرخانی چیرۆکەش کە لە مێشکی داهێنەرانەی نووسەرەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت هەر لێرەوە دەست پێ دەکات. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، کۆلۆمبرە شتێک بە ئێستێفانۆ دەڵێت کە خوێنەری ئاسایی هەرگیز بیریشی بەلایدا ناچێت. کۆلۆمبرە پێی دەڵێت: من لەلایەن پادشای دەریاکانەوە ساڵەها ئەم ئەرکەم پێ سپێررابوو کە مروارییەکی گرانبایت پێ بدەم. مرواریيەک کە ئەگەر وەدەست کەوتبا دەبوویە خاوەنی هەموو داراییەکانی دنیا بەڵام تۆ بەداخەوە هەر لە دەستی من هەڵدەهاتی و ئێستاش من پیر و کەلەلا کەتووم.

ڕەخنەگران زۆر بیر و ڕای سەیریان لەسەر ئەم چیرۆکە نووسیوە کە لێرەدا نالوێ باسی بکەین بەڵام گەمەی چارەنووس لەگەڵ مرۆڤ و بێخەبەری قووڵی مرۆڤ لێی بە تەنزێکی زۆر جوانەوە لەم چیرۆکەدا، نیشان دراوە. چیرۆکی کۆلۆمبرە لە باشترین چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەیە کە بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەران لەگەڵ فەزای زێهنی بوتزاتی باسی لێوە کرا و دەکرێ ئەم نیگایەش بۆ سەر گشت کارەکانی بوتزاتی بگوازرێتەوە. گەمەی چارەنووس لەگەڵ مرۆڤ، مەرگ و تەنیایی و دڵەڕاوکێی بوونناسانە هەیبەری زۆربەی چیرۆکەکانی ئەون. لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی چیرۆکەکانی بوتزاتی لایەنی هێمایی و سینەمایی کارەکانێتی. بە چەشنێک کە زۆربەی کارەکانی لەلایەن فیلمسازانی هاوچەرخی ئیتالیاوە کراون بە فیلم. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە فیلمەکانی "بارنابۆی کوێستان" لە دەرهێنانی ماریۆ برێنتا و "کەیسێکی بالینی"ی ئۆگۆ تونیاتزی و "سارای تەتەرەکان" لە دەرهێنانی والێریۆ زوورلینی بکەین کە زۆرێک لە دیمەنەکانی لە "ئەرگی بەم" وێنەیان لێ هەڵگیراوە. ڕەخنەگرانی ئیتالیایی بوتزاتی بەوە تاوانبار دەکەن کە لاسایی کافکا و نیگای تاڵ و پڕ توانجی کردۆتەوە. بوتزاتی بۆخۆشی لەم بارەوە دەڵێت: لەوەتا دەستم داوەتە نووسین، کافکا سێدارەی من بووە. دینۆ بوتزاتی لە ساڵی ١٩٧٢ زایینی لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا، بەهۆی شێرپەنجەوە ماڵاوایی لە دنیای نووسین کرد./م. ئاران

# ئەو سەگەی کە خودای بینی

## وەرگێڕان: زانکۆ یاری

۱

ئیسپریتۆ، نان‌پێژێکی دەوڵەمەند لە ئاواییی تێس، بەهۆی بەدفەڕییەوە، بەم مەرجە ماڵ و سامانی خۆی بۆ برازاکەی دفندێنتە ساپۆری بەجێی هێشتبوو کە لە ماوەی پێنج ساڵدا، لە جێگەیەکی گشتی، هەموو بەربەیانان ۵۰ کیلۆ نانی تازە لە نێوان هەژاراندا دابەش بکات. وێدەچێ مامەی پێش لە مەرگ ئەبوایە لەم تێڕوانینە زۆر پێکەنینی هاتبێ برازاکەی کەوا قەڵەو و بێ‌ئایین و کوفربێژترین پیاوی وڵاتێکە کە هەموو خەڵکی کافرن، لە بەرچاوی جەماوەردا ئەبێ خۆی بە کارێکی خێرخوازانەوە وەقف بکات.

دفندێنتە، تاقانە میراتگر، لە منداڵییەوە لە نانەواخانە کاری کردبوو و هیچکات باوەڕی نەدەکرد کە لە دارایی ئیسپریتۆ بەشدار نەبێ. بەڵام مەرجی مامە، زۆری پەرێشان کردبوو. دەی چارە چ بوو؟ ئەبوایە هەموو نیعمەتەکانی خودا لەگەڵ نانەواخانەکە لە دەس بداتێ؟ بە جنێوگوتنەوە خۆی ڕاگرت و پێشخانەی چوونەژوورەوەی حەوشی چۆڵی پشتی نانەواخانەکەی وەک جێگەیەکی گشتی کە کەمتر لە بەرچاو بوو، هەڵبژارد. لەو جێگەیەدا هەموو سبەینێ زوو (بە هەمان شێوە کە لە وەسیەتنامەکەدا نووسرابوو) بە ڕوانەکردنی جنێو و پلارتێگرتن بۆ ڕۆحی خوالێخۆشبوو مامەی، نانەکانی لە نێو سەوەتەیەک گەورە دادەنا و ئینجا خەریک دەبوو بە دابەشکردنی لە نێوان خەڵکی چاوبرسی و زۆرخۆر. بە ڕای ئەو ۵۰ کیلۆ لە ڕۆژێکدا دوور لە عەقڵ و ئاکار بوو. بەڕێوەبەری وەسیەتنامەی، ئیستیفۆلۆ نووسینگەداربوو، کە بۆ چاودێریکردنی ئەم شانۆیە لە بەربەیاناندا بە دەگمەن پەیدای دەبوو. بەڵام بەگشتی هەبوونی ئەو ناپێویست بوو. لەبەر ئەوەیکە هیچکەس باشتر لە خوودی هەژاران و نەداران نەیاندەتوانی چاودێریی ئەم کارە بکەن. سەرەڕای ئەوەش دفندێنتە چارەیەکی تری دۆزییەوە. شوێنی سەوەتە گەورەکە کە نیوخەروار لەتە نان جێگەی هەبوو، لە تەنیشتی دیوارەکە بوو. ساپۆری بە نهێنی ڕۆچنەیەکی لە بنی سەوەتەکەدا باز کرد. خۆی کاری دابەشکردنی نانەکانی دەسپێکرد و وەک جاران ژنەکەی و بەردەستێکی منداڵی بۆ تەواوکردنی کارەکانی دادەناو و دەیگوت: ئەبێ خۆی سەردانی نانەواخانە و دوکانەکە بداتێ. بەڵام لە ڕاستیدا دەڕۆیشت بۆ ژێرخانەکە و لەسەر سەندەڵییەکە دادەنیشت و بە ئارامی ڕۆچنەیەکی چکۆلە لە سەری حەوشەکەدا، کە سەوەتەکە لە ڕووی دانرابوو، باز دەکرد و لەدوای بازکردنی تا ئەو جێگەیە کە دەیتوانی لە نانەکانی هەڵدەگرت. بەم شێوەیە ڕێژەی نانەکان خێرا کەم دەبووەوە. بەڵام هەژاران و فەقیران چۆن دەیانتوانی تێبگەن؟ بەو خێراییە کە نانەکان تەواو دەبوو، گونجاو بوو کە سەوەتەکە بەپەلە خاڵی ببێ.

ڕۆژانی ئەوەڵ هەڤاڵانی دفندێنتە بۆ ئەوەیکە بڕۆن و بۆ کارە نوێکەی هانی بدەن، میهەنگی کاتژمێرەکەیان بە ئەنقەست بەرەو پێشەوە دەکێشا، لە دەسەگەڵێکی چکۆلە لەبەر دەرگای حەوشەکەدا ڕادەوەستان و بە تیتاڵییەوە چاویان لێی دەکرد. ڕایان ئەوە بوو: "خودا خێرت بداتێ" لە بەهەشتدا جێگەیەک بۆ خۆت بەدەس دەهێنی، نا؟ ئافەرەم بۆ ئەم مرۆڤە بەشەردۆستەی ئێمە!" ئەو لەو کاتەدا کە لەتە نانەکانی لە نێوان زۆربەی سواڵکەرەکان کە هەر لە ئاسمانەوە دەیانڕفاند، دەهاویشت، وڵامی دەداوە: "بۆ ڕۆحی ئەو تەوەزەلە!" بۆ ئەو فریوە سەرەنج ڕاکێشەی کە بەو هەژارانە و ڕۆحی مامەی دابوو، بزەی کەنینی دەهات.



۲

هاوینی ئەو ساڵ سیلوسترۆ خۆپارێزێکی بەساڵاچوو (کە لەم چیرۆکەدا پیاوێکی خواناس و تەرکەدونیایە) کاتێک کە تێگەیشت لەو وڵاتەدا کەسێک باوەڕی بە خودا نییە، بۆ نیشتەجێ بوون هاتبووە ئەو نزیکیانەوە. دەوروبەری ۱۰کیلۆمیتری تێس، لەسەر تەپەیەکی دوور، گڵکۆیەکی کۆنە و ڕووخاو کە زۆربەی لە بەرد درووست کرابوو، دانرابوو.

سیلوسترۆ لەدوای دۆزینەوەی کانییەک هەر لەو دەوروبەرانە و خەوتن لە سووچی پەناگایەکی بەجێماوە لە تاقێک و خواردنی گیا و مێوەی درەختەکان، لەو شوێنەدا نیشتەجێ بوو. زۆربەی ڕۆژان دەڕۆیشتە سەر تاتەبەردێکی گەورە تاکوو عیبادەتی خودا بکات. لەو بەرزاییەوە ماڵەکانی تێس و سەربانی هەندێ لەو ئاواییەکانی دەوروبەر، هەروەها بەش‌گەلێک لە فۆسا، ئاندرۆن و لیمەنای دەبینی. بەڵام چاوەڕوانیی دیتنی کەسێک، لەخوڕا بوو. پاڕانەوە بۆ ڕۆحی ئەو تاوانبارانە بە بێ‌سەمەر بەرەو ئاسمان دەڕۆیشت. بەڵام سیلوسترۆ لە پێدا هەڵدانی خودا بەردەوام بوو. ڕۆژیی دەگرت و ئەوکاتەی کە خەمین دەبوو لەگەڵ باڵندەکان سکاڵای دەکرد. هیچکەس نەدەهات، شەوێک ئاگاداری دوو کوڕی منداڵ بوو کە لە مەودایەکی دوورەوە سیخوڕیی ئەویان دەکرد. بە تامەزرۆییەوە بانگهێشتیانی کرد، بەڵام ئەو دوو کوڕە منداڵە هەڵاتن.

۳

جووتیارانی ئەو ناوچەیە لە کاتی شەودا لە لای گڵکۆ کۆنەکە، وردەوردە لە هەبوونی تێشک‌گەلێکی سەیر و سەمەر ئاگاداربوون. وادیاربوو کە بێشەڵانێک ئاگری گرتبوو. بەڵام گڕی ئاگرەکە سپی بوو و بە ئارامی

دەدرەوشایەوە. فرێجی‌ملیکای نان‌پێژ، شەوێک هەر بو مڵ‌ومۆ چوو بۆ سەیرکردن. بەڵام موتۆرسیکلێتەکەی لە نیوەی ڕێگاکەدا خراپ بوو. روون نەبوو بۆچی خۆی زاتی نەبوو پاشماوەی ڕێگاکە بچێت. کە گەڕایەوە، گوتی خەرمانەی تیشکەکە لە تەپەی خۆپارێزەکە بلاو دەبێتەوە. بەڵام تیشکی ئاگر یان گڵۆپ نییە. جووتیاران زۆر بە ئاسانی گەیشتنە ئەو ئاکامە کە تیشکی خودا بووە. ئەم تیشکە هەندێ لە شەوەکانیش لە تێس بینراوە. بەڵام هاتنی خۆپارێز، خەڵوەنشینییەکەی و دوایی، تیشکی شەوانەی، لە هەمان ئاورنهدانەوە باوی لادێییەکان کە بریتیە لە هەر شتێکی کەمی پەیوەندیدار لەگەڵ ڕێبازە لەناوچووەکان، ون بوو. ئەگەر باسێک دەهاتە پێشەوە، وەکوو ڕاستییەکی لەمێژەوە ناسراو باسی لێدەکرا و پێداگری نەبوو بۆ دۆزینەوەی شرۆڤە و وتەی "خۆپارێز ئاگر هەڵدەکات" وەکوو وتەی "ئەمشەو باران دەباریت یان با هەڵدەکات" ببووە قسەیەکی باو. گۆشەگرییەک کە سیلوسترۆ لە نێویدا بوو نیشانەی ئەوە بوو کە ئەم هەموو بێ‌جیاوازییە چەندە لەسەر ڕاستییە. وێنای ڕۆیشتنی لە لای ئەو بۆ زیارەتان، ڕادەبەدەر وەکوو گاڵتەجاڕ دەینواند.

## ٤

بەیانییەک دفندێنتە ساپۆری خەریک دابەشکردنی لەتە نانەکان لە نێوان هەژاراندا بوو کە سەگێکی وێڵ هاتە نێو حەوشەکەوە. بە ڕواڵەت ئاژەڵێک وێڵ و بێ‌خاوەن بوو بە ڕوویێکی ئارام و تاکوو ڕادەیەک قەڵەو و تووکن. لە ڕیزی هەژارانی چاوەڕوان ڕەدبوو، گەیشتە سەوەتەکە. نانێکی گرتە ددانەوە و هێدی هێدی دوور کەوتەوە. بەڵام نەک وەکوو دزێک، بەڵکوو ڕێک وەک کەسێک کە هاتبوو بەشی خۆی وەرگرێت. دفندێنتە سەگەکەی بانگ کرد و هاواری کرد: "هۆی سەگ، وەرە ئێرە گیانەوەری ناحەز." ئیدی بە دوایدا ڕۆیشت، "ئەم سواڵکەرە برسییانە کەم بوو کە ئێستا سەگەکانیش دێن!" بەڵام ئاژەڵەکە دوورەو کەوتبوو.

ڕۆژی دوایی، هەر ئەو دیمەنە، ئەو سەگە و هەمان کار. ئەمجار نان‌پێژ هەتاکوو ڕێگاکە بەدوای ئاژەڵەکەدا کەوت. بەردێکی بۆ هاویشت بێ ئەوەیەکە لێی بدات. ئەوەش سەیرە کە ئەم دزییە هەموو ڕۆژێ بەیانیان لەو کاتەدا دەکرا. چالاکیی سەگ لە هەڵبژاردنی کاتی گونجاو سەرسووڕهێنەر بوو. ئەوەندە بەجێ کە تەنانەت پێویستی بە پەلە نەبوو. بەردە فڕێ دراوەکانیش قەت لێی نەدەکەوت. هەموو جار دەنگی پێکەنینی ئازاردەری گشت هەژاران بەرز دەبووەو تووڕەیی نان‌پێژەکەش زۆرتر. ڕۆژی دواتریش دفندێنتە گۆپاڵ بەدەس و تووڕە لە بەر درگای حەوشەکەدا هەڵوێستی گرت و خۆی لە پشتی کۆڵەکەیەک شاردبوو، بێ‌کەڵک بوو. ڕەنگە سەگ بە خۆشاردنەوە لە نێوان کۆمەڵی داماوان کە لەم گاڵتەجاڕەیە چێژیان وەردەگرت و بەڵگەیەک بۆ بەدەسەوەدانی ئەویان نەبوو، بێ ئەوەیکە سزابدرێت دەهات و دەڕۆیشت. سواڵکەرێک کە لەسەر شەقامەکە ڕاوەستابوو، ئاگاداری کردەوە: "ئەهـا، ئەمرۆیش کاری خۆی کرد!"

دفندێنتە لە پەناگاکە هاتەدەر و پرسیاری کرد: "کوێ؟ کوێ؟" پیا و ی هەژار، دڵخۆش لە تووڕەیی نان‌پێژەکە، لە کاتێکدا پێدەکەنی ئاماژەی بە سەگەکە کرد: "بڕوانن، بڕوانن چۆن هەڵدێت!"

لە ڕاستیدا سەگەکە بە هیچ شێوەیەک هەڵ نەدەهات. نانێکی لە نێوان ددانەکانی گرتبوو و بە هەنگاوێکی نەرم و ئارام وەکوو کەسێک کە ویژدانی ئاسوودەیە، دوور دەبووەو. ئەبێ چاوپۆشی لێ بکرێت؟ نا، دفندێنتە ئەم گاڵتانە ڕاناگرێت. لەبەر ئەوەیکە لە حەوشەکە بە بەستنی ڕێگاکەی سەرکەوتوو نەدەبوو، لە یەکەمین دەرفەتی شیاودا لە شەقامەکە ڕاوی دەکات. ڕەنگە سەگەکەش بە تەواوی بێ‌خاوەن نەبێ. ڕەنگە پەناگایەکی پاوەجێی بێ. ڕەنگە خاوەنێکی ببێ کە دەتوانێت تاوانی بداتەوە. دیارە کە بەم شێوەیە ناچێتە پێشەوە. ساپۆری ڕۆژانی دوایی لەبەر چاودێری کردنی ئاژەڵەکە، دەرنگ دەچوا بۆ ژێرخانەکە و نانی کەمتری دەدزی: ئەو پارانە کە لە دەس دەچوون. هەوڵێک کە بۆ لەناوبردنی سەگ بە نانێکی خووسراو بە ژەهر کە لەبەر درگای چوونەژوورەوەکەدا دانرابوو، سەرکەوتوو نەبوو. دوایی شایەتەکان ئاوا ڕای گەیاندن کە سەگ ساتێک بۆنی کردووەو دەسبەجێ ڕێگای بەرو سەوەتەکە لارەو کردووە.

## ٥

دفندێنتە ساپۆری بۆ ئەوەیکە کۆتایی بەم کارە بێنێ، لە لایەکی تری شەقامەکەوە لەبەر درگایەکی گەورەوە، بە دووچەرخە و چەکێکی ڕاو (تاپڕ)، خۆی شاردەوە. دووچەرخە بۆ بە دواداکەوتنی و چەکیش بو کوشتنی. لە ڕاستیدا دەیزانی کە خاوەنێکی نییە تاکوو تاوانی لێ وەرگرێت. تەنیا ئەمەی پێ ناخۆش بوو کە ئەو بەیانییە، سەوەتەکە بە تەواوی بە قازانجی هەژارەکان بەتاڵ کرا. سەگ لە کام لا و چۆن هاتبوو؟ ئەمە نەهێنییەکە. نان‌پێژ کە بە وردی چاوەڕوان بوو نەیتوانی ببینێت. ئەوی دوایی بینی کە نان بە ددان هاتە دەرەوە. لە حەوشەکەدا دەنگی کێشەوهەرا و پێکەنینێکی بەرز دەهاتە گوێ. دفندێنتە چاوەڕوان بوو تاکوو ئاژەڵەکە بۆ ئەوەیکە نەترسێت، دوور ببێتەوە. دوایی پەڕییە سەر زینەکەو بە دوایدا کەوت. نان‌پێژ وەکوو یەکەمین پێویست، چاوەڕوانی ئەوە بوو کە سەگ کەمێکی تر بۆ قووتدانی نان ڕاوەستێت. بەڵام سەگەکە ڕانەوەستا. گومانی کردبوو کە دوای ماوەیەکی کورت بچێتە نێو ماڵێکەوە. بەڵام ئەم کارەشی نەکردبوو. ئاژەڵ، نان بە ددان، لە قەراخی دیوارەکانەوە بە هەنگاوی ڕێکوپێک بێ ئەوەیکە بۆ بۆن کردن یا میزکردن ڕاوەستێت یا گوێی وەکوو خووی سەگەکان تیژ بکات، بێ‌وچان دەڕۆیشت. کەواتە لە کوێ ڕادەوەستێ؟ ساپۆری چاوی لە ئاسمانی خۆڵەمێشی کرد. جێگەی سەرسوورمان نەبوو کە دەس بە بارین بکات.

لەمەیدانی چکۆلەی سێنت ئانێزمش تێپەڕین. قوتابخانەکانی سەرەتایی، وێستگەی شەمەندەفەر و جلشۆرخانەی گشتیشیان تێپەڕ کرد و ئیدی لە پەراوێزی گوندەکەدا بوون. لە ئەنجامدا مەیدانی وەرزشیشیان تێپەڕاند و هاتنە نێو دەشتێکی بەرینەوە. سەگەکە لەو کاتەی لە حەوشەکە هاتبووە دەرەوە، قەت ئاوڕی لەدوای خۆی نەدابووەوە. ڕەنگە بە رووی خۆیدا نەدەهێنا کە کەسێک بە شوێنی کەوتووە.

ئیدی ئەبێ ئەو ئومێدەی کە ئاژەڵەکە خاوەنی هەیە تاکوو وڵامدەری بێ، لە سەر دەرکرێ. سەگێک بەتەواوەتی بێ‌خاوەن بوو. یەکێک لەو گیانەوەرانەی کە هێرش دەبەنە سەر زەویی گێرەی جووتیارەکان و مریشک و کەڵەبابان دەرفێنن، قەپ لە گوێرەکەکان دەگرن، پیرەژنەکان دەتۆقێنن و پاشان دەڕۆن بۆ شار و نەخۆشینی مەترسیدار بلاو دەکەنەو. ڕەنگە تەنیا ڕێگا تەقەکردن لە سەگەکە بوو. بەڵام بۆ ئەم کارە ئەبوا لە دووچەرخەکە دابەزیبا و تاپڕەکەی لە سەرشانی کردبایەتەوە. بەڵام ئەم کارە کاتی زۆری دەویست و چونکوو سەگەکە بێ ئەوەیکە خێرایی زۆر کات، لە بەرچاو دوور دەبووەوە. ساپۆری درێژەی بە شوێن کەوتنی دا.

## ٦

بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕۆن، تاکوو ئەو جێگەیە کە بێشەڵانەکە دەسپێدەکات. سەگ سەرەتا خۆ لە ڕێگای نادیار و پاشان ڕێگایەکی خز و تەختدا دەدات. چ مەودایەکیان تێپەڕ کرد؟ ڕەنگە ٨ ـ ٩ کیلۆمیتر، ئەی لەبەر چی سەگەکە بۆ خواردن ڕاناوەستێت؟ چاوەڕوانی چییە؟ نەوەک نانەکەی بۆ کەسێک دەبردا جێگەیەک کە خزیی زەوی زۆر و زۆرتر دەبووەو، سەگەکە لەپڕ بەرەو بێری دەوری دایەوە و بە دووچەرخەکە نەیدەتوانی بە دوایدا بچێت. بەخۆشحاڵییەوە ئاژەڵەکە بەهۆی توندبوونی هاورازەوە، تۆزێک هەنگاوەکانی خاو کردەوە.

دفندێنتە لە دووچەرخەکە دابەزی و بە پێ بە دوایدا دەڕۆیشت. بەڵام سەگەکە هێدی هێدی لێی دوور کەوتبووەوە. بە نائومێدییەوە هەوڵیدا گوللەیەک بهاوێژێ، بەڵام لە سەر هاورازیی بێ‌ئاو و ئالفدا تاتەبەردێکی گەورەی بینی. لەسەر تاتەبەردەکەدا پیاوێک چۆکی دادابوو لەم کاتەدا کەوتەوە بیری خۆپارێز، ڕووناکییەکانی شەوانە و ئەو قسەقۆڕە کەنیناوبیانەوە. سەگ بە ئارامی بەرەو پەڵەزەویی بێ‌ئالف ڕۆیشت. دفندێنتە، چەک بەدەس لە مەودای تەقریبیی ٥٠ میتردا ڕادەوەستێت. خۆپارێزەکە دەبینێت کە کۆتایی بە نزاو دوعاکردنەکەی دێنێت و بە گورجییەکی سەرنجڕاکێشەوە بەرەوە لای سەگەکە کە کلکی بۆ دەگلێنێتەوە و نانەکەی دەخاتە بەر پێی، دێتە خوارەوە. خۆپارێز نانەکە لەسەر زەوی هەڵدەگرێ و لەتێکی لێ دەقرتێنێ و دەیخاتە

نێو توورەکەوە کە لە ئەستۆیدایە و ئەوی تری بەوردەبزەیەکەوە دەداتەوە بە سەگەکە.

پیاوی خەڵوەنشین، چکۆلە و باریکەڵەیە و جۆرێک جلی دەروێشیی لەبەردایە. ڕوخساری لەبەردڵ و زیرەکییەکی منداڵانەی لێ دەردەکەوێ. لەم کاتەدا، نانپێژ بۆ ئاراستەکردنی پڕنۆکانی دێتە پێشەوە. سیلوسترۆ بە دیتنی ئەو کە نزیک دەبێتەوە خۆی بەپێش دەخات: "خۆش هاتی براکەم، ئەمە چۆن بوو لێرە دەرکەوتی؟ ڕەنگە، بەدوای نێچیردای؟" ساپۆری بەتووندی گوتی: "ڕاستییەکەی بڵێم، دەڕۆیشتم بۆ ڕاو... ڕاوی گیانەوەرێک کە هەموو ڕۆژێک..."

پیرەپیاوەکە قسەکانی قەت دەکات: "کەواتە تۆی؟ تۆی کە هەموو ڕۆژێک ئەم نانە خۆشانە درووست دەکەی؟... نانێک شیاوی خان و دەرەبەگ... شتێکی بەنرخ کە خۆم بە شیاوی نەدەزانی!..."

"خۆش؟... بەڵێ خۆشە! تازە لە تەنوور هاتووەتەدەر... من لە کاری خۆم شارەزام کاکی بەڕێز...بەڵام نانی من بۆ دزین درووست نەکراوە!" سیلوسترۆ سەری دەخاتە خوارەو و چاو لە گیاکان دەکات، بە بارێکی خەمین دەڵێت: "دەزانم، تۆ مافی ئەوەت هەیە گلەیی بکەیت، بەڵام من نەمدەزانی... واتا گالئۆنە ئیدی بۆ ئاوایی ناچێت. لێرەدا لەگەڵ خۆم ڕایدەگرم. تەنانەت سەگێکیش نابێ ئازاری دەروونیی ببێ... ئیدی نایە، بەڵێنت پێ ئەدەم." نانپێژ کە تۆزێک هێور ببووەوە دەڵێت: "باش، ئێستا کەوایە، سەگەکە دەتوانێت بێ. فەرماننامەی نەحلەتیی وەسیەتنامەکەیە ئیدی، من ناچارم هەر ڕۆژ ٥٠ کیلۆ نان برژێنم... بیدەم بە هەژاران، ئەو زۆڵە دەبەنەگانە، ئێستا گەر نانێکیش بگاتە ئەمە خۆ کەسێک ناکوژێت..."
"خوداخێرت بداتێ برادەر... وەسیەتنامە یان هەر شتێکی تر، تۆ کارێکی خێر دەکەی."
"بەڵام خۆزگە وام نەدەکرد"
"دەزانم بۆچی ئەم قسە دەڵێی... لە ئێوەی مرۆڤ جۆرێکی شەرم هەیە... دەتانەوێ خۆتان خراپ نیشان بدەن. دۆخەکە بەم شێوەیە!"

بەڵام ئەو جنێوانەی کە دفندێنتە لە دڵی ئامادەی کردبوو نەیدەتوانی بیڵێت. چ لە پەشۆکاوی بێ یان لە دڵ ئێشان، توانایی تووڕەبوونی نییە. بیری ئەوەیکە تەنیا کەسێکە کە نزیکی خۆپارێز بووتەوە، فریوی دەدا. بەڵێ، بیری دەکرد یەک خۆپارێز هەمانە کە هەیە و شتێکی بەکەڵکی نییە. سەرەڕای ئەوەش کێ دەتوانێ داهاتوو دوابینی بکات؟ گەر ئەو بە نهێنی لەگەڵ سیلوسترۆ دۆسی دامەزرێنێت کێ دەزانێ ڕۆژێک بەکەڵکی نەیە. بۆ نموونە ڕەنگە پیرەپیاوەکە پەرجوویەک بکات. ئەو کاتە خەڵک دەبن بە لایەنگری ئەو. لە شارە گەورەکان بەرپرسانی پلەبەرز و ئوسقوفە گەورەکان دێن، جێژن و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمێک بەڕێوەدەچێت. ئەویش، دفندێنتە ساپۆری؛ دڵخوازی ئەم قەشە نوێیە وەکوو شارەوان هەڵدەبژێرن و دەکەوێتە بەر بەخێڵیی گشت ئاواییەکە. لە ئاکامدا، بۆچی نا؟ ئینجا سیلوسترۆ دەڵێت: "چ چەکێکی جوانت هەیە!" و بە تووندی لە دەسی وەریدەگرێت. لەم کاتەدا دفندێنتە نازانێت کە بۆچی گوللەیەک دەتەقێت و دۆڵەکە دەلەرێنێت، بەڵام چەک لە دەسی خۆپارێزەکە جیا نابێتەوە.

خۆپارێزەکە دەڵێت: "ئاترسی کە بە چەکی پڕ دەگەڕێیتەوە؟"
نانپێژ بە گومانەوە بۆی دەڕوانێت: "من کە چیتر منداڵ نیم!"
سیلوسترۆ دەسبەجێ درێژەی دەداتەوە: "درووستە"، چەکەکەی پێ دەداتەوە: "درووستە کە ڕۆژی یەکشەممە لە کڵێسەی تێس جێگە قەت نادۆزرێتەوە؟ بیستوومە کە زۆر شلۆق نییە"
نانپێژ بە خۆشحاڵیی تەواوە دەڵێت: "ڕێک وەکوو لەپی دەس خاڵییە" دواییش بە قسەکەیدا دەچێتەوە: "باشە ئیدی ئێمەی ئیماندار لە کەمایەتی داین"
"بۆ خەوتنان (عشاء)؟ پتر بۆ خەوتنان چەن کەسن؟ تۆ لەگەڵ چەن کەسی تر؟"
"لە ڕۆژانی یەکشەممە دەوروبەری ٣٠ کەسین. بەڵام بۆ جێژنی لەدایکبوونی مەسیح ٥٠ کەسین."
"بڵێ بزانم، لە تێس کوفریش دەگوترێ؟"
"بەڵێ، کوفریش دەڵێن، ئاخر گوتنی کوفر کە مەزاخی نییە."
خۆپارێزەکە چاوی لێدەکات و سەری دەجووڵێنێ: "دەتوانین بڵێین باوەڕێکی زۆریان بە خودادا نییە."
دفندێنتە لە حاڵێکدا لە دڵییەوە پێدەکەنێت، جەخت دەکاتەوە: "باوەڕ؟ ئەمانە هەندێک بێباوەڕن..."
"منداڵەکانی تۆ چی؟ منداڵەکانت بەردەوام دەنێریتە کڵێسە؟"
"بە مەسیح سوێند دەخۆم کە دەیاننێرم! بۆ غوسڵی تەعمید (شۆردنی لەش بە ئاوی پیرۆز)، پیرۆزبایی، ئایینی (عیشای ڕەبانی) یەکەم و دووهەم!"
"بە ڕاستە؟، تەنانەت دووهەمیش؟"
"بەڵێ تەنانەت دووهەمیش. منداڵە چکۆلەکەی من..." بەڵام لێرەدا بەو گومانە کە نەکوو قسەگەلێکی زلزلی گوتبێت، کۆتایی پێ دێنێت.

خۆپارێزەکە بەجیددی ڕای دەردەبڕێت (بەڵام بۆچی ئاوا پێیدەکەنێت؟): "کەواتە تو باشترین باوکی، دیسانەوە وەرە بۆ لام برادەر. ئێستاکە خودات لەگەڵ" وادیارە کە وەکوو پیرۆزبایی کارێکی چکۆلە ئەنجام دەدات. دفندێنتە تووشی سەرسوڕمان بووە و نازانێت چ وڵامێ بداتەوە. پێش لەوەی کە ئاگادار بێ، بە ئەسپایی سەری دێنێتە خوارەوەو و نیشانەی خاچ دەکێشێت. بەختەوەرانە جگە لە سەگەکە، کەسێکی تر شایەتی نییە.

## ٧

یەکیەتیی نهێنی لەگەڵ خۆپارێزەکە کارێکی باش بوو، بەڵام تاکوو ئەو کاتەی کە نانپێژ لە خەونەکانیدا کە ئەو دەباتە پلەی شارەوانی، نوقم بوو. لە ڕاستیدا ئەبێ چاوی بازتر کاتەوە. هەتا ئێرەش ئەگەر دابەشکردنی نان نێوان هەژاراندا تەنانەت کۆتاییی ئەو نەبوایە، خۆی لە چاو هاووڵاتیانی بێنرخ کردبوو. چ بگات بە ئەوەیکە تێبگەن کە نیشانەی خاچی کێشاوە! بە دڵۆڤانیی خوداوە وادیاربوو کە هیچکەس تەنانەت بەردەستەکانی نانپێژەکەش لە چۆنییەتی ئەو سەیرانە ئاگادار نەبوونە. بەڵا ئەو لەم باسە دڵنیابوو؟ ئیدی باسی سەگەکە چۆن ڕێکوپێک بکات؟ کەواتە درووست نەبوو نانی ڕۆژانە لە سەگەکە دریغ بکات. بەڵام نە لە بەرچاوی هەژارەکان، چونکوو ڕووداوێکی دیرۆکی لێی درووست دەکەن.



دفندێنته هەر بۆ ئەم باسە ڕۆژێکی تر پێش لەوەی کە خۆر هەڵبێت لە تەنیشتی ماڵێک و ئەو ڕێگایە کە دەگاتە تەپەیەک، خۆی شاردەوە، گالێۆنە کە هات، بە فیکەیەک بانگی لێکرد. سەگ ئەوی ناسییەوەو و هاتە تەنیشتی. نانپێژ بە گرتنی نانەکە، سەگەکەی بۆ کەپرە دارینەکە، کە بۆ کۆگەدانی دارەکان بەکار دەهات کێشاند. لەوێدا نانەکەی لەژێر قەنەپەکە دانابوو. بۆ ئەوەیکە بە ئاژەڵەکە نیشان بدات لەم کاتە بەدواوە ئەبێ نانەکە لێرە هەڵگرێت. لە ڕاستیدا ڕۆژانی دواییش گالێۆنە بۆ بردنی نان لەژێر قەنەپەکە هەر دەهات. جۆرێک کە نە دفندێنتە و نە خەڵکی هەژار دەیانبینی. نانپێژ هەموو ڕۆژێک پێش لە هەڵاتنی خۆر نانەکەی لەژێر کەپرە دارینەکە دادەنا. سەگی پیاوە خۆپارێزەکەش ئێستا کە پاییز بوو و ڕۆژان کۆتاتر، لە سێبەری ڕۆشنی کازیوەی بەربەیانان دهات. بەم شێوەیە دفندێنتە ساپۆری تاکوو ڕادەیەک ژیانێکی هێمنی هەبوو و دەیتوانی لە ڕێگای ڕۆچنەی نهێنیی سەوەتەکە، خۆی وەقفی بە دەسهێنانی نانێک کە نیازی هەژاران دەبوو، بکات.

## ۸

حەوتە و مانگەکان تێپەڕی تاکوو زستان بە ساردییەوە گەیشتە پشتی پەنجەرەکان. کورە دارینەکان لە درێژایی ڕۆژانەدا هەڵدەکران، خەڵکیش خۆیان پۆشتە کردبوو. دەمەو بەیان چەن چۆلەکە لە تەنیشتی پەرژینەوە ڕەق هەڵاتبوون و چینێکی ناسکی بەفر لەسەر تەپەکاندا بوو. شەوێکی سارد ئەستێرەیەک لە باکوورەوە بەرەو گلکۆ کۆنەکە، تیشکە سپییەکان کە قەت پێشتر نەدیترابوو، دەهاتە بەرچاو. دڵەڕاوکێ و ترس بەسەر تێسدا زاڵبوو. خەڵک لەسەر تەختەکانیان ڕاپەڕین، پەنجەرە دەرابەییە دارینەکانیان ئاوەڵا کرا، هاوار لە ماڵێک بۆ ماڵێکی تر و دەنگەدەنگێک لە شەقامەکان دەهاتە بەر گوێ. ئینجا کە تێدەگەیشتن تیشکی هەمیشەیی سیلوسترۆیە، واتا ئەو تیشکە خوادییە کە هاتبووە سڵاوی پیاوە خۆپارێزەکەوە، پیاووژن پەنجەرەکانیان دادەخست و دیسان دەرۆیشتنە ژێر پێخەفە گەرمەکانیان و بە نائومێدییەوە ئەم بەندوباوەیان نەحلەت و نەفرین دەکرد. ڕۆژی دوایی ڕوون نەبوو ئەم هەواڵە لە لایەن چ کەسێک وردەوردە لە هەموو شوێنێکدا بڵاو بووەتەوە کە سیلوسترۆ لە شەودا ڕچاوەو و گیانی لەدەسداوە.

## ۹

بە پێی یاسا ئەسپەردە کردن ناچاری بوو، قەورکەنێک و بەنایێک و دوو کرێکار لەگەڵ تابیا ـ سەرۆکی کڵێسەکە کە وەک هەمیشە دەیویست، هەبوونی پیاوی خۆپارێز لە ناوچەکەیدا وەبەرچاو نەگرێت. بۆ ناشتنی خۆپارێزەکە بەرێکەوتن. دارەتەرمەکە (تابووت) لەسەر کالیسکەیەک بوو کە بە جاشێک دەکێشرا. ئەم ۵ کەسە سیلوسترۆیان ڕاکشاو لەسەر بەفر، بە دەسی وەک خاچ دانراوە لەسەر سنگی و بە پێڵووگەلێکی بەسراو ڕێک وەکوو قەشەیەک بوو. دۆزییەوە. لە تەنیشتیدا گالێۆنە دانیشتبوو و دەیلووڵاندەوە.

تەرمیان خستە نێو دارەتەرمەکەو و لەدوای دوعا و نزا، هەر لەوێدا لەژێر تاقی بەجێماوەی گلکۆکە سپێردرا. خاچێکی دارینەیان لەسەر گلکۆکەی چەقاند. دوونتابیا و خەڵکەکە گەڕانەوەو و سەگەکەش کە لەسەر گلکۆکەی دەیلووڵاندەوە،بەجێیان هێشتن.

لە ئاوایی هیچکەس پرسیاری لێیان نەکرد.

سەگەکە ئیتر نەهاتەوە. سبەینی ڕۆژی دوایی کاتێک دفندێنتە ڕۆیشت بۆ دانانی نان لەژێر قەنەپەکە، نانی ڕۆژی پێشووتریشی لەوێ بینی. دیسان ڕۆژێکی تر نانێک وشکتر هەر لەوێ مابوو و مێروولەکانیش پێشتر کەندنی چاڵ و ڕۆچنەیان دەسپێکردبوو. لەدوای تێپەڕبوونی لەخۆڕای ڕۆژان، تەنانەت ساپۆریش چیتر بیری لێی نەکردەوە.

## ۱۰

بەڵام دوو حەوتەی دواتر، کاتێک کە ساپۆری لە کافەی چینێۆ لەگەڵ لووچۆنی وەستای بەنا و شواڵیە بێرناردیس خەریک کایەی وەرەق بوون. لاویک بە نیگایەکی تیژ بە شەقامەکەدا هاواری دەکات: "ئەهای، ئەو سەگە!"

دفندێنتە ڕادەپەڕێت و بە سەرسوڕمانەوە دەڕوانێت. سەگێکی پیس و کز کە دەڵێی گێژ بووە، تلاوەتل لە شەقامەکە دەهاتە پێشەوە. سەگێک لە برسییەتی خەریک بوو بمرێت. سەگی کابرای خۆپارێز، سەگێک کە ساپۆری لە بیری ماوە،لەوانەیە بەتواناتر و قەڵەوتر بێ. بەڵام کێ نازانێت دوایی دوو لە حەوتە، برسییەتی چ بەسەر ئاژەڵێک ئاژەڵێک دێنێت. نانپێژ هەست دەکات سەگەکە دەناسێت. ڕەنگە لەدوای لووڵاندنی زۆر لەسەر گۆڕەکە، برسییەتی زاڵبووە بەسەری و بۆ دۆزینەوەی خۆراک هاتبوو بۆ ئاوایی و خاوەنەکی بەجێ هێشتووە. دفندێنتە بۆ ئەوەی کە خۆی کەم تەرخەم نیشان بدات دەڵێت: "تاکوو چەن خولەکێکی تر گیانی دەردەچێت." لووچۆنی بە پێکەنینی ژێرانەوە لە کاتێکدا کە وەرەقەکان دەسە دەکات. دەڵێت: "قەت نامەوێت ئەو بێ."

"ئەو کێیە؟"

لووچۆنی دەڵێت: "بەهیوام سەگی پیاوی خۆپارێز نەبێ."

شواڵیە بێرناردیس کە مرۆڤێکی گەمژەیە، بە دڵخوازییەکی بێوێنەوە دەڵێت: "بەڵام پێشتر ئەم ئاژەڵەم بینیوە. درووست لەم دەوروبەرە. نەک هی تۆ بێ دفندنتە؟"

"هی من؟ چۆن ئەبێ هی من بێ؟"

بێرناردیس جەخت دەکاتەوە: "پێم وا نییە هەڵەم کردبێ. بە گومانم لە دەوروبەری نانوابیەکەی تۆ بینیوومە."

ساپۆری هەست بە نائارامی دەکات و دەڵێت: "چی بڵێم؟ زۆر سەگی تریش لەو دەروبەرانەیە. ڕەنگە ئاوا بێ بەڵام من لەبیرم نایە."

لووچۆنی وەک بڵێی لەگەڵ خۆی قسە دەکا، سەری بە نیشانەی پێداگری تەکان دەدات و پاشان دەڵێت:

"بەڵێ بەڵێ، ئەبێ سەگی پیاوی خۆپارێز بێ."

نانپێژ لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدات پێبکەنێت دەپرسێت: "ئاخر بۆچی؟ بۆچی، ئەبێ سەگی پیاوی خۆپارێز بێ؟"

"وەکوو ئەوەیە، دەزانی؟ هەر ئاوا لەڕ. تۆزێک بیر کەرەوە. ڕۆژانی زۆر لەسەر گلکۆکەی بووە، سەگەکان هەمیشە ئەم کارە دەکەن...پاشان برسیی بووە... ئێستاش هاتبوو بۆ ئاوایی"

نانپێژ بێدەنگ ئەبێ. ئاژەڵەکە دەڕوانێتە دەوروبەری و بۆ ماوەیەک لە پشتی شووشەی کافەکەوە چاو لەو سێ پیاوە دەکات کە لەوێدا دانیشتوونە. نانپێژ کەپۆی دەسڕێت.

شواڵیە بێرناردیس دەڵێت: "بەڵێ سوێند دەخۆم پێشتر ئەوەم بینیوە. زۆرجار لە دەوروبەری نانەوایەکەت بینیومە." چاو لە ساپۆری دەکات. نانپێژ دەڵێت: "لوانەیە، لوانەیە. بەڵام من قەت لەبیرم نایە..."

لووچۆنی بە زیرەکییەوە پێدەکەنێت: "گەر هەموو زێرەکانی دونیام پێ بدەنێ، ئاوەها سەگێک بەخێو ناکەم."

بێرناردیس بە پەشۆکاوییەوە دەڵێت: "هارە؟ تۆ ئاوا بیر دەکەیتەوە کە هار بێ؟"

"هاری چی؟ بەڵام سەگێک ئاوەها دڵخۆشم ناکات.. سەگێک کە خودای بینیوە!"

"چۆن خودای بینیوە؟"

"مەگەر سەگی کابرای خۆپارێز نییە؟ لەو کاتەی کە تیشکەکان دەبیندرا لەگەڵی نەبوو؟ هەموو دەزانن ئەو تیشکانە چی بوو! مەگەر سەگەکە لەگەڵی نەبووە؟ دەتەوێ کە ئەو تیشکانەی نەدیتبێ؟ دەتەوێ لەدوای ئاوەها شانۆیەک خەوتوو بێ؟" لە ناخی دڵەوە پێدەکەنێت.

شواڵیە دیسان دەڵێت:

"ئەو فشە و درۆیە! ئاشکرایە چی بوو. هەر شتێک بووە تیشکی خودا نەبوو! دوێنێ شەویش هەر بووە.."

دفندێنتە بە نائومێدییەوە دەڵێت: "گوتت دوێنێ شەو؟"

"ئەو تیشکەم بە چاوانی خۆم بینیی، هەڵبەت وەک جاران بەهێز نەبوون. بەڵام دەرەوشاوییەکی جوانی هەبوو."

"دڵنیای کە دوێنێ شەویش هەبووە؟"

"بەڵێ بوو، وەکوو تیشکە پێشووەکان... دەتەوێ چ خودایەکەت بێ؟"
بەڵام لووچۆنی باریکی ژیرانەی بە خۆی گرت:
"جا لە کوێ دیارە کە ئەو تیشکانەوی دوێنێ شەو هی ئەو نەبێ؟"
"بۆ کێ؟"
"بۆ سەگەکە. ڕەنگە ئەمجار کابرای خۆپاریز بە جێگەی خودا لە بەهەشتەو هاتووە بۆ ئێرە. چونکووئەوی لەسەر گڵکۆکەی بینیوە کە لە جێگەکەی ناجووڵێتەوە. ڕەنگە پێی گوتبێت: سەگی چارەڕەشی من... و دوایی هاتبێتە خوارەوە تاکوو پێی بڵێت کە چیتر بیری لێ نەکاتەوە. زۆری لووراندووەو ئێستا پێویستە بچێت و توزێک گۆشت بدۆزێتەوە!"
شواڵیە بێرناردیس لە سەر قسەکەی خۆی ڕادەوەستێت: "بەڵام ئەم سەگە هەر هی ئێرەیە. سوێند دەخوم کە ئەوەم لە دەوروبەری نانوایەکە بینیوە کە هاتووچووی دەکرد."

## ١١

دفندێنتە، ژاکاو بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. چە ڕووداوێکی دڵتەزێنە. هەر چەندە هەوڵی دەدا تاکوو خۆی دڵنیا بکات کە شتێک ئاوا نابێت. زۆرتر بەو قناعەتە دەگەیشت کە ئەم ئاژەڵە هەمان سەگی خۆپاریزەکەیە. ڕاستە کە شتێکی مەترسیدار نییە. بەڵام ئایا ئەبێ هەموو ڕۆژێک بە سەگەکە نان بداتێ؟ بیری لێ دەکاتەوە: ئەگەر من ئەو لە خواردن قەدەغە بکەم، سەگ بۆ دزینی نان دێتە حەوشی ماڵەکە. ئەبێ من چۆن هەڵسوکەوت بکەم؟ بە شەق بیکەمە دەرەوە؟ سەگەیک کە بتەوێ یان نا خودای بینیوە. من لەم نهێنیە چی دەزانم؟ کێشەیەکی ئاسان نییە. پێش لە هەموو شتێک ئایا شەوی ڕابردوو، بەڕاستی ڕۆحی خۆپاریزەکە هاتبوو بە پێش چاوی گالئۆنە؟ کەواتە چ شتێکی پێ گوتووە؟ ئایا ئەوی بە شێوەیەک جادوو کردووە؟ ڕەنگە کە ئێستایش سەگەکە زمانی مرۆڤەکان دەزانێت. کێ دەزانێت. ڕەنگە ڕۆژێک قسە کردن دەسپێبکات. دەڵێن کاتێک کە باسی خودا هەیە ئەبێ چاوەڕوانی هەموو شتێک بین. لەم جۆرە شتانە زۆر بیستراوە و ئەو، دفندنتە، تاکوو ڕادەیک گاڵتەی پێکراوە. چە بگات بەوە کە ئێستاکە بزانن لەم شتانەش دەترسێت! ساپۆری پێش لە هاتنەوە بۆ ماڵ، سەردانی کەپرە دارینەکەی دەدات. لەژێر قفنەپەکە نانی ١٥ ڕۆژی پێش نادۆزێتەوە. کەوایە سەگەکە هاتبوو و نانێک کە مێروولەکان خواردوویانە، لەگەڵ خۆی بردووە.

## ١٢

سەگ، ڕۆژی دوایی و سبەی ڕۆژی سێهەمیش بۆ بردنی نانەکە نەهات. ئەمە هەر ئەو شتە بوو کە دفندێنتە چاوەڕوانی بوو. بە مەرگی سیلوسیرۆ چاوەڕوانی بۆ سوود وەگرتن لە هاوڕێیەتی لەگەڵی کۆتایی پێ هاتبوو. سەبارەت بە سەگەکەش باشتر ئەوە بوو کە لێی دوور بێتەوە. سەرە ڕای ئەوە، ئەوە کاتەی کە نانپێژەکە بێکەس و تەنیا لە کەپرە دارینە خاڵییەکەی، لەتە نانەکانی دەس لێ نەدراو دەبینی، دڵی دەگیردرا. خراپتر لەوە ئەو کاتە بوو کە لەدوای ٣ ڕۆژ دیسان گالئۆنەی بینی. سەگ بەڕوویەکی ماندوو و لە کەشوهەوایەکی ساردا لە مەیدانەکەوە تێپەڕیی و دیارنەبوو کە هەر ئەوە بێ کە لە بان شووشەکانی کافەکە بینراوە. چونکوو ئێستا بەگوڕو ساغ و بەهێز لە سەر پێی ڕاوەستابوو. ئیدی نەدەشەلی. درووستە کە لەڕ بوو بەڵام مووەکانی کەمتر شێواو و گوێکانی و کلکی بەرەو بان بوو. کێ نانی پێی داوە؟ ساپۆری چاو لە دەوروبەری خۆی کرد. خەڵک بە کەمتەرخەمییەکەو هاتووچوویان دەکرد. دەڵێی ئاژاڵێک هەر لەوێدا نییە. نانپێژ بەر لە نیوەڕۆ نانێکی تازەی لەگەڵ توزێک پەنێر لەژێر هەمان قفنەپە دانابوو. بەڵام سەگەکە دیاری نەبوو.

گالئۆنە ڕۆژ لەدوای ڕۆژدا چاکتر دەبووەو. کولکی نەرم و یەکدەس وەکوو سەگی دەوڵەمەندەکان بوو. کەسێک بەخێوی دەکات و ڕەنگە زۆر کەسیش بە ئامانجێکی نهێنی، بێ ئەوەیکە لە یەک ئاگادار بن ئەم کارەیان دەکرد. ڕەنگە لەم ئاژاڵە کە زۆر شتی بینیوە دەترسان. یان بەهیوا بوون کە ڕەحمەتی خودا بە نرخێکی کەم بیکڕن، بە بێ ئەوەیکە ببن بە گاڵتەی هاووڵاتیانیان. ئایا گشت خەڵکی تێس هەر ئەو بیروکەیەیان بوو؟ هەموو ماڵێک لە کاتی تاریکیی شەودا هەوڵیان دەدا ئاژاڵەکە بۆ لای خۆیان سەرنجی ڕابکێشن و بە خواردەمەنیی خۆش تام خۆیان بۆ خۆشەویست دەکەرد؟

ڕەنگە هەر بەم بۆنەوە، گالئۆنە بۆ خواردنی نان نەهاتبوو. لەوانەیە ئەمڕۆ بەخت رووی لێ کردبێ. بەڵام هیچکەس، هیچکات قەت قسەیان لێ نەدەکەرد. تەنانەت ئەگەر باسی کابرای خۆپاریز دەکرا، زوو کۆتایی پێ دەهات. ئەو کاتەی کە سەروگوێلاکی سەگ لە شەقامەکان پەیدا دەبوو، نیگاکان بەرەو شوێنێکی تر هەڵ دەگەڕانەوە. دەڵێی سەگێکە وەک زۆر سەگانی بێخاوەنە کە لە هەموو ئاواییەکانی جیهاندا بڵاو کراون. ساپۆری وەکوو کەسێک کە پێش هەمووان بە بیر و باوەڕێکی چاک گەیشتووە، بەڵام ئەوان دلێرتر لەو و بە شێوەیەکی نهێنی بەو شتە گەیشتبوون و خۆیان بە ناحەق ئامادەی کەڵک وەرگرتن لەوە دەکەن، لە بێدەنگیدا خۆی دەخواردەوە.

## ١٣

گالئۆنە چ خودای دیتبێ یان نا، سەگێکی سەرسوورهێنەر بوو. بە خۆڕاگرییەکی مرۆڤانەوە ماڵ بە ماڵ دەگەڕا. بۆ حەوشەکان، دووکانەکان و چێشتخانەکان دەڕۆیشت. زۆر جار ڕادەوەستا و مرۆڤەکانی سەیر دەکەرد و دواییش ئارام بە ڕێگاکەی خۆیدا دەڕۆیشت.

چ شتێک لە پشتی ئەو دوو چاوە پاک و خەمینەدا هەیە؟ وێنەی خولقێنەر لە هەر حاڵدا چووە نێوی. بەڵام بە چ مەبەستێک؟ دەسگەلێکی لەرزۆک تیکەی شرینی و ڕانی مامر بە ئاژاڵەکە پێشکەش دەکەرد. گالئۆنە کە تێر ببوو چاوی لە چاوئەو کەسە دەکەرد، وادیاربوو کە بیر و هزری دەزانێت. ئیدی ئەو کەسە بێ توانا لە خۆڕاگری لە ژوورەکەی دەڕۆیشتە دەر. سەگەکە قەڵس و وێڵەکان لە تێس شتێک جگە لە لێدان بە دار و شەق بەریان نەدەکەوت، بەڵام بۆ ئەم ئاژەڵە زاتی ئەوەیان نەبوو.

هێدی هێدی هەستی پیلانگێڕانێک لە دەروونی خەڵکدا پێکدەهات، بە بێ ئەوەیکە زاتی گوتنیان ببێ. هاوڕێیانی پێشوو، هەر کەس بە ئومێدی دۆزینەوی هاودەس، دەیانڕوانییە چاوانی یەکتر و بێ کەڵک بە شوێنی ڕاگەیاندنێک دەگەڕان. کێ پێش لە هەمووان قسە دەکات؟ تەنیا لووچۆنی بە بێ مەترسی باسەکەی دەسپێکرد کرد و ئەو کاتەی کە سەروگوێلاکی گالئۆنە پەیدابوو و بێشەرمانە گوتی: "ئۆهۆی، ئۆهۆی! ئەمەیە سەگە زیرەکەکەی ئێمە کە خودای بینیوە!"

ئەو کاتەی کە بە نیگایەکی بە تانە و تەشەرەوە، بە خەڵکی دەوروبەری دەیڕوانی، پێدەکەنی. خەڵک زۆرجار بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان دەکرد کە وادیاربوو لە مەبەستەکەی تێ نەگەیشتوونە. شرۆڤەیەکی پەرت وبڵاویان دەویست و بە جووڵاندنی سەر بە دڵسۆزییەوە دەیانگوت: "چ چیرۆکگەلێک! پێکەنینی هەیە، وەکوو بڕوای پروپووچی ژنەڕەنگەنکانە" بێدەنگی یان خراپتر لەوە، پێکەنین لەگەڵ وەستای بەنا دەیتوانی وەک ڕێکەوتنێ بێتە ئەژمار. بابەتەکەشیان وەکوو گاڵتەجاڕێک باس لێدەکرد. بەڵام ئەگەر شواڵیە بێرناردیس لەوێ دەبوو، وڵامی ئەو هەر ئەمە بوو: "ئاخر کام سەگی پیاوی خۆپاریز. من پێتان دەڵێم کە ئەم سەگە هی ئێرەیە. ساڵەهایە کە لە تێسدا دەگەڕێت. هەموو کات دەمبینی کە لە دەوروبەری نانەوایەکە وێڵ دەگەڕا"

## ١٤

ڕۆژێک دفندێنتە وەک جاران بۆ دزی کردن ڕۆیشتە ژێرخانەکە. پەنجەرەکەی ئاوەڵا کرد و خەریک بازکردنی ڕۆچنەی بنی سەوتەی نانەکە بوو. لە دەرەوە دەنگی هەژارە چاوەڕوانەکان، دەنگی هاوسەری و ئەو کرێکارانە دەهات کە دەیانویست خەڵکەکە بێننە یەک ڕیز. دەسی لێزانی ماهێر ساپۆری شەوژەنی درگاکەی بازکرد. ڕۆچنەکە باز بوو و بە زووترین کات نانەکان ڕژانە نێو کیسەکان. لە هەمان کاتدا لە گۆشەی چاوی شتێکی ڕەش کە لە سێبەری ڕۆشنی ژێرخانەکە دەجووڵیاوە، بینی. زوو هەڵگەڕایەوە. سەگەکە بوو. گالئۆنە لە بەر درگای ژێرخانەکە وەستابوو و ئەو دیمەنەی بە ئاسوودەیی سەیر دەکەرد. چاوانی سەگە لە نوورێکی کەم دەدرەوشایەوە. ساپۆری وەکوو بەردێک لە جێگەکەی خۆی ڕاوەستا. کەوتە پرتەپرت و بە زایەڵەیەکی

درۆیی و دڵنەوایانە گوتی: "گالئۆنە، گالئۆنە، سەگی چاک... وەرە ئێرە، بیخۆ!" لەتێک نانی بۆ فڕدا. بەڵام سەگەکە تەنانەت سەیری ئەوشی نەکرد. وەکوو ئەوەیکە پڕ بەدڵ هەمموو شتێکی بینیوە، بە ئارامی ڕووی کردە ئەو لاوەو ڕۆیشت بەرەو پلەکان. نانپێژ کە تەنیا کەوت دەسیکرد بە جنێودان.

## ١٥

سەگێک کە خودای بینیوە، بۆنی بیستووە. کێ دەزانێت کە فێری چ نهێنییەک بووە. پیاوان وەکوو ئەوەیکە بە شوێنی پشتیوانێک دەگەڕان چاویان لە یەکتر دەکرد، بەڵام هیچکەس قسەیەک ناکات. یەکێک لە کۆتاییدا دەیەوێ قسە بکات، بەڵام لە خۆی پرسیار دەکات: "گەر تەنیا خەیاڵ و گومانی هەمیشەیی من بێ؟ ئەگەر خەڵک تەنانەت بیریشی لێ نەکەن؟" ئەو کات لە گوتنی پەشیمان ئەبێ. گالئۆنە بە هاودڵییەکی زۆرەوە لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر دەچێت. بەرەو مەیخانە و گەورەکان دەچێت. کاتێک کە چاوەڕێی نیت، لەناکاودا لە سووچێک بێجووڵە دەردەکەوێت کە مۆرەمۆڕ سەیر دەکات و بۆن دەکات. تەنانەت شەوانەش، کاتێک کە تەواوی سەگەکان نووستوونە، لەناکاو سێبەرەکەی دەکەوێتە سەر دیوارە سپییەکە، سەر لەخوار و جار و باریش وەکوو دێهاتییەکان کە تایبەتیی خۆیەتی. ئایا ئەو ماڵی نییە؟ خاوەنی لانەیەک نییە؟

خەڵک چیتر هەست بە تەنیایی ناکەن، تەنانەت کاتێک کە لە ماڵن و درگاکەیان قوفڵ کردووە، بەردەوام گوێیان تیژ دەکەن. لە دەرەوە دەنگی خشەخشی سەر ئالف، دەنگی ئارامی پێی و لەڕووی پارێزەوە لەسەر بەردچنی شەقامەکان، دەنگی وڕەوڕ لە دوورەوە. گالئۆنە بە دەنگێکی جیاواز وڕەوڕ دەکات. نە هارە و نە توورە. بەڵام دەنگی لە تەواو ئاواییەکە بڵاو دەبێتەوە. دەڵاڵی کەرستەی کشتوکاڵ و ئاژەڵان، لەدوای شەڕێکی قورس لەگەڵ هاوسەرەکەی بە بۆنەی پارەیەکی کەم، دەڵێت: "باشە گرنگ نییە، ڕەنگە من لە حیسابەکە هەڵەم کردبێ." فرێچی‌ملیکای نانپێژ بە چاو پۆشانێکی ناکاو لە دەرکردنی کرێکاری نانەواییەکە، دەڵێت: "ئەمجار تۆ دەبەخشم، بەڵام جارێکی تر ئەبێ بڕۆی، بەڵام...".

خاتوو بێرانزە لە وتووێژی لەگەڵ خاتووی مامۆستا، سەبارەت بە هاوسەری شارەوەنەکە، بە تەواوی جیاواز لەگەڵ وتە پێشووەکانی دەڵێت: "بە گشتی خاتوونێکی تەواو بەڕێزە..." سەگی وێڵ دەس بە وڕەوڕ دەکات. ڕەنگە بۆ سەگێکی تر وڕەوڕ دەکات. بۆ سێبەرێک، بۆ پەپوولەیەک، یان بۆ مانگ... بەڵام وادیارە کە وڕەوڕ سەگ بە بۆنەی ئەوە بێ کە خراپیی مرۆڤەکانی لە سووچی دیوارەکان، شەقامەکان و لە دەشت هەست پێ کردووە. ئەو مەستانە کە لە مەیخانە دەرکراوان بە بیستنی ئەو دەنگە ناخۆش و گیردراوە، ڕێگاکەیان لار دەکەنە. لە کەناری دوکانەکە، فدرێچیی خەزێنەدار خەریک نووسینی نامەیەک بێواژۆ بوو بۆ ماڵکی خۆی، خاوەنی شرینیپێژی، بەم چەمکە کە: "ئاغای ڕووسی خەزێنەدار لەگەڵ کەسانێکی خراپکارە پەیوەندیی هەیە، لە ناکاودا گالئۆنە دەردەکەوێت. وەکوو ئەوەیکە چاوانی پاکی سەگ پرسیار دەکات: "ئاغای خەزێنەدار چی دەنووسیت؟" فدرێچی بە ڕووگەشییەوە درگاکە نیشان دەدات و دەڵێت: "زووکە سەگی جوان، بڕۆ دەرەوە!" و زاتی ئەوی نییە ئەو جنێوانەی وا لە دڵیدا هەیەتی، ئاراستەی بکات.

دوایی گوێی بۆ دەنگی درگاکە تیژ دەکات تاکوو دڵنیا بێ کە سەگەکە ڕۆیشتووە و ئەمجا بە دردۆنگییەکی زۆرترەوە، نامەکە دەنێتە نێو ئاگرەکە. بەهەڵکەوت ڕێگای سەگەکە دەکەوێتە بهر پلەکانە دارینەکەی وارخانی فلۆرا، کە کچێکی جوان و بێشەرمە. نیوەی شەو تێپەڕیوە. دەنگی پێی گۆئیدۆی باخەوان، باوکی پێنج منداڵ، لەسەر پلەکان دێتە گوێ. دوو چاو لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە. پیاوەکە بە دەنگێکی بەرزەوە بۆ ئەوە کە نیشان بدات بەڕاستی لەم هەڵەیە توورەیە و جورێک کە سەگەکە ببیسێت دەڵێت: "هەی! نەحلەت لەم بەختە! بەم تاریکییە مرۆڤ هەمموو جارێ هەڵە دەکات!... ئێرە کە ماڵی ئەغای نووسینگەدار نییە!" خێرا دەچێتە خوارەوە.

کاتێک کە پینین و جیۆنفا لە تاریکیدا دەرون بۆ کۆگەی دامەزراوە و نییەتی دزینی دووچەرخەکەیان هەیە، دەنگی وەڕەوڕ و بۆڵەیەکی ئارام بە نیشانەی لۆمە دێتە گوێ. پینین بە بێشەرمیی تەواوە وڕەوڕ دەکات: "تۆنی، کەسێک خەریکە دێت" جۆنفا دەڵێت: "منیش بیستم، باشترە دەرچین" بە بێ ئەوەیکە کارێکیان کردبێ دەردەچن. ئەو کاتەی کە دفندێنتە درگاکانی لەدوای خۆی داخست و بۆ دزینی نانی هەژاران لە سەوتەکە ڕۆیشت بۆ ژێرخانەکە، سەگ ڕێک لەسەر دیوارەکانی نانەوایی لوورەیەکی درێژ دەکات: شتێک وەکوو ناڵە. ددانەکانی بە یەک دەنێت: ئەم سەگە نەحلەتییە لە کوێ دەزانێت؟ هەوڵ دەدات کە سەرنج نەدات. بەڵام دوایی تووشی گومان ئەبێ: ئەگەر گالئۆنە بە شێوەیەک ئەو سووک بکات، هەمموو میراتەکەی بە فیڕۆ دەچێت. دفندێنتە بە کیسەیەکی خاڵی لەژێر بەخەڵی دەگەڕێتەوە دوکانەکەی. ئەم ئازار و سزایە هەتا کەی درێژەی هەیە؟ سەگ هیچکات ون نابێ؟ و گەر لە ئاواییدا بمێنێتەوە، چەن ساڵ ژیان بەسەر دەبات؟ ئاخۆ ڕێگایەک بۆ لە ناوبردنی هەیە؟

## ١٦

بابەتەکە ئەمەیە کە لەدوای چەن سەدە بێئاگایی، دیسان کڵێسە



شلووق ئەبێ. ڕۆژی یەکشەممە. هاوڕێیانی پێشوو، لە ڕێورەسمی دوعا و نزا خوێندندا یەکتر دەبینن. بەڵام هەمموو کەسێک بیانوویەکی ئامادەی هەیە: "دەزانن ئەمەوێ پێتان بڵێم بەم سەرمایە تەنیا جێگەیەک کە بە تەواوی داپۆشراو و هێمنە، کڵێسەیە. دیوارێکی ئەستووری هەیە. بەڵێ باسەکە ئەمەیە... ئەو گەرمایە کە لە هاویندا گرتبووی ئێستاکە دەری دەکات" یەکێکی تر دەڵێت: "دوون‌تابیای قەشە، کە پیاوی سەر بەخودای ئێرەیە... دەزانن بەڵێنی تووی ژاپۆنیی پێم داوە. لە ڕەنگە زەردەکان... کەواتە چارەیەک نییە... بەڵام ئەگەر جارێک بۆ کڵێسە نەیەم، ئەو پیاوە لاسارە خۆی دەکاتە گێل و نەزان، کە لە بیری نەماوە.." کەسێکی تر دەڵێت: "خاتوو ئەرمێنیا دەزانن چییە؟ ئەمەوێ یەکێک لە تۆڕێکییەکانی مێراوی خاچی پیرۆز بدورێنم. لە ماڵەوە ناتوانم ڕێک وەکوو ئەوە بیدورێنم، بۆ ئەوەیکە فێر بم ئەبێ بێم بۆ ئێرە... پێتان وایە کارێکی ئاسایییە!" بە پێکەنینەوە گوێ دەگرن بۆ ڕوونکردنەوەکانی یەکتر و تەنیا دڵپەرۆشیان ئەوەیە کە ڕوونکردنەوەکانیان

بەئەندازە و بەجێ بێ و دواییش دەڵێن: "دوونتابیا سەیرمان دەکات!" و وەکوو قوتابیی قوتابخانەکان پسەپس دەکەن و سەرنجیان یەک لا دەکەن بۆ کتێبی دوعا.

هیچکەس بێ بیانوو نەبوو. وەکوو خاتوو ئەرملیندا بەهۆی ئەوەیکە کەسێکی تر جگە لە ژەنیاری کڵێسەی سەرەکی بۆ فێرکردنی سروود بە کچە چکۆلەکەی کە عاشقی مۆسیقا بوو پەیدا نەکردبوو، بۆ کڵێسە دەهات تاکوو سروودی دوعای مریەم گوێ بداتێ. خاتوونی تووزکێش بۆ ئەوەیکە مێردەکەی نەزانێت لەگەڵ دایکی لە کڵێسە بەڵێنی چاوپێکەوتنیان دادەنا. تەنانەت هاوسەری ئاغای دوکتۆر ماوەیەکی پێش لە مەیدانەکە پێی خراپ لە سەر زەوی دانابوو و پێچی خواردبوو. ئیدی بۆ ئەوەیکە تۆزێک پاڵ بداتەوە ڕۆیشتبوو بۆ کڵێسە. لە کۆتاییی دالانەکانی تەنیشتی، لە پەنای جێگەی تایبەت بە دانپیانان بە گوناح، کە تۆزی گرتبوو و سێبەرێکی خەستی بوو، چەن پیاویش ڕاست و قیت دانیشتبوون. دوونتابیا لەسەر مینبەری وتاربێژی، بە سەرسوورمانەوە چاوی لە دەوروبەری دەکرد و بە ئەستەم، بەدوای وشەدا دەگەڕا.



لەم کاتەدا، گالیئۆنە لەبەر هەتاودا، لە حەوشی کڵێسەکە ڕاکشابوو. وادیاربوو کە بەو جۆرە کە شایانییەتی، پاڵی داوەتەوە. لە کاتی چوونەدەرەوەی خەڵک لە ڕێوڕەسمی نزا و دوعادا، بێ ئەوەیکە چکۆلەترین تەکانێک بداتێ، بە وردی چاوی لێیان دەکرد. ژنەکان بە خێرایی لە درگاکە ڕۆیشتن بۆ دەرەوە و هەر کەسێک بۆ لایەک دەڕۆیشتن. تەنانەت هیچکەسیش چاوێکی لێی نەدەکرد. بەڵام هەتا بەرەو پەستۆیەکدا نەدەپێچان، نیگای سەگەکە وەکوو تیخەی ئاسنێک لە پشت، هەستیان پێ دەکرد.

**١٧**

تانەنەت سێبەری هەر سەگێک بەس بوو کە هاوشێوەی گالیئۆنە بێ تاکوو خەڵک لەوێدا دوور کاتەوە. ژیان پڕبووە لە دڵەڕاوەکێ. هەر جێگەیەک کە چەد کەس هەیە؛ لە بازاڕ، لە پیاسەی شەوانە، ئەم ئاژەڵە لەوێدایە و وادیارە کە لە کەمتەرخەمی ئەوانەی کە تەنیاییدا بە شێوەیەکی نهێنی، بە مێهرەبانترین وشەکان بانگی لێدەکەن و شرینی جۆرواجۆری پێ دەدەن، چێژ دەبات.

ئێستاش گشت مرۆڤەکان بێ ئەوەیکە بۆچییەتیی ڕوون بکەنەوە، دەڵێن: "ئاخ، چ ڕۆژگارێکی خۆشمان بووا" هیچکەسیش نییە کە لە واتای ئەم ڕستە تێنەگات. ڕۆژانی خۆش بە بێ ئەوەیکە بارێکی تایبەتییان بۆی ببێ، دەیڵێنەوە. واتا ئەو کاتەی کە هەر کسێک هەر کارێکی بەدڵ بوو ئەنجام دەدا. وەکوو کەوتن بەدوای ژنان لە ئاوایی و دزی کردن و خەوتن لە ڕۆژانی یەکشەممە هەتا نیوەڕۆ. ئێستا دوکانداران پاکەتی ناسک بەکار دێنن و هەموو شتێک درووست دەکیشن. ژنی خاوەن ماڵەکە ئیدی نادات لە خزمەتکارەکە. کارمینە ئسپۆرزیتۆ، خاوەنی نووسینگەی گەڕەوی، باروبنەی بۆ ڕۆیشتن بۆ شار بەستووە. خاتوو وناریەلۆ کە زۆر بێتاقەتە، لەژێر هەتاو لە بەرانبەری نووسینگەی ژاندارمیری لەسەر قەنەپەکە ڕاکشاوە و لە خۆی پرسیار دەکات کە ئایا هەموو چەتەکان ڕۆیشتوونە و هیچکەس ئەو کوفرە تووندووتیژیانەی کە دڵی مرۆڤ فێنک دەکردەوە ناڵێن. ڕەنگە بە بۆنەی ئەوەیکە سەگێک لە دەشتێکی بەریندا، لەدوای هەڵسەنگاندنێکی ڕێکوپێک، لە پشتی پەرچینەکاندا خۆی شاردەوە. بەڵام چ کەسێک زاتی ڕاپەڕین بە خۆی دەدات؟ کێ زاتی ئەوەی هەیە کە شەق لە گالیئۆنە بداتێ یان خۆراکێکی ژەهراوی کە ئاواتی هەمووانە پێی بدات؟ تەنانەت بە چارەنووسی خوداییش ناتوانن ئومێدیان ببێ. چونکوو چارەنووسی خوداییش بە بڕیاری هزر و مەنتق ئەبێ پاڵپشتیی بەرەی گالیئۆنە بکات. هەر ئەبێ پشت بە بەخت و چارەی خۆت بی.

شەوێک، بۆرانێک لەگەڵ تریشکە کەوا گومان دەکرا جیهان گەیشتووەتە کۆتایی خۆی، دەسپێکرد. بەڵام دفندێنتە ساپۆریی نانپێژ وەها گوێیەکی تیژی هەیە کە تەنانەت دەنگی تریشکەش نابێتە هۆکاری ئەو کە دەنگی نائاساییی پێی کەسێک لە حەوشەکە نەبیسێت، ئەبێ دز هاتبێ. لە تختەکەی هاتە خوارێ، لە تاریکیدا چەکەکە هەڵدەگرێت و لە قەڵشتی پەنجەرە دارینەکە بەرەو خوار دەڕوانێت. دوو کەس لەوێدایە. وادیارە کە دەیانەوێ درگای کۆگەکە بکەنەوە. ژێر بروسکەی چەخماخەیەک، سەگێکی گەورە و ڕەش سەرەڕای دەنگوهەرای ترسانک لە نێو حەوشەکەدا دەبینێت. خۆیەتی؛ ئەو سەگە نەحلەتییە کە ئێستا هاتووە تاکوو بەرگری لەو دوو بەدفەڕە بکات. لەژێر لێوەوە جنێوێکی پیس دەدات. چەکەکە ئامادە دەکات، بە ئارامی پەنجەرە دارینەکەی تاکوو ئەو جێگەیە کە بتوانێت لوولەی چەکەکەی لە لای دابنێت، ئاوەڵا دەکات. چاوەڕوانی چەخماخەیەکی تر ئەبێ و نیشانە لە سەگەکە دەگرێت.

دەنگی تەقەی ئەوەڵ، بە تەواوی لە گەڵ دەنگی تریشکە تێکەڵ ئەبێ. نانپێژ هاوار دەکات: "هۆی دزا هۆی دزا" دیسان چەکەکەی پڕ دەکاتەوە. جارێکی تر لە تاریکیدا تەقە دەکات. دەنگی پێی ئەو کەسانەی کە هانکەهانک دوور دەبنەوە، دەبیسێت. دوایی لە گشت ماڵەکەدا، دەنگی لێکەوتنی درگاکان دێتە گوێ: هاوسەر، منداڵان و بەردەستەکان بە ترسەوە بۆ یارمەتیی ڕادەکەن. کەسێک لە حەوشەکە هاوار دەکات: "ئاغای دفندێنتە، چاولێکە سەگێکت کوشتووە!"

مرۆڤ هەر هەڵە دەکات، بەتایبەت لە شەوێک وەک ئەمشەو. بەڵام وادیارە کە هەر خۆی ببێ. گالیئۆنە، بێگیان کەوتووتە چاڵێکی ئاو، گوللەیەک توێڵی کونا کردووە و بێجووڵە ماوەتەوە. دفندێنتە تەنانەت بۆ دیتنی ناچێت. هەر بۆ ئەوەیکە درگای کۆگەکە باز نەبووە دەچێتە خوار و کاتێک کە ئاگادار دبێتەوە درگاکەیان باز نەکردووە، بە هەمووان شەوخۆش دەڵێت: "سەری لەژێر ئاودا کرا." بەڵام ناتوانێت چاوانی ببەسێت.

**١٨**

بەربەیان کە هێشتا هەوا تاریک بوو، دوو بەردەستی دوکانەکە تەرمی سەگەکەیان بۆ کردنەوەی ژێر خۆڵ دەبرد. دفندێنتە زاتی نەبوو کە پێیان بڵێت بە کەس شتێک نەڵێن، چونکوو لەوانە بوو گومان بکەن. بەڵام هەوڵیدا کە باسەکە بە جۆرێک کە زۆر گفتوگۆی لەسەر نەبێ، کۆتایی پێ بێنێ. چ کەسێک ئەم باسەی ئاشکراکردووە؟ شەو لە کافەکەدا نانپێژ تێگەیشت کە هەمووان بە سەرسوورمانەوە بۆی دەڕوانن. بەڵام بۆ ئەوەیکە نەترسێت نیگاکانیان هەڵدەگەڕێننەوە. شواڵیە

بێرناردیس لەدوای سڵاو و هەواڵپرسیی ئاسایی بە شێوەیەکی لە پڕ و ناکاو گوتی: "وادیارە دوێنێ شەو تەقە کراوە؟ دوێنێ شەو لە نانەوایی بکوژبکوژ بووە؟" دفندێنتە بێ ئەوەیکە گرنگییەک بەم باسە بداتێ، وڵامی داوە: "نازانین کێ بوون. بێ ویژدانانە دەیانویست درگای کۆگەکە باز کەن. منیش دوو گوللەم بێئامانج هاویشت و ئەوانیش دەرچوون." لەدوای ئەوە لووچۆنی بە خۆشحاڵییەوە پرسیاری کرد: "بە بێئامانج؟ تۆ کە لەوێ بووی بۆ چی تەقەت لەوان نەکرد؟""بەو تاریکییە! دەتویست چی ببینم!لەخوارەوەدەنگی سەر نیانەسەر لەگەڵ درگاکەم بیست وهەرواتەقەم کرد." "کەوایە!... بەم شێوەیە ئاژەڵێکی داماو کە هێچ کارێکی نەکردبوو، کوشتووتە" نانپێژ بە بیربڵاوییەوە گوتی: "ئەرێ، درووستە. سەگێکم کوشتووە. دیار نەبوو چۆن هاتبووە نێوەو. من کە سەگم نییە."

بێدەنگییەک دابین کرا. هەمووان ئەویان چاو لێدەکرد. ترواليا فرۆشیاری کەرستەی نووسین، بۆچوونەدەرەوە ڕۆیشت بەرەو درگاکە و گوتی: "باشە، شەوتان خۆش." ئیدی بە جەخت کردنەوە لەسەر وشەکان گوتی: "شەوی ئێوەش خۆش جەنابی ساپۆری!" نانپێژ وڵامی داوە: "زۆرم سەربەرز کردی." ئیتر پشتی لێی کرد. ئەو کابرا لاژە دەیویست چی بڵێت؟ ئەویان بە کوشتنی سەگی خۆپارێزەکە تاوانبار دەکرد؟ بە جێگەی ئەوە کە مەمنوونی بن کە هەمووی لە مۆتەکە ڕزگار کردووە، ئێستا نارازین. چییان لێدێت؟ خۆزگە بۆ یەکجاریش ڕاستبێژ دەبوون. برناردێس، نابەجێ هەوڵیدا کە ڕوونی کاتەوە: "دەبینی دفندێنتە؟... زۆر کەس دەڵێن تۆ گەر ئەو ئاژەڵەت نەکوشتایە باشتر بوو..."

"ئاخر بۆچی؟ مەگەر ئەنقەست کوشتوومە؟"

"ئەنقەست یا نا، دەبینی؟ سەگ لەگەڵ خۆپارێزەکە بوو. دەیانگوت باشتر ئەوە بوو کە کەس کارێکی پێی نەبوایە. بەدبەختی تووشمان ئەبێ دەزانی کە بەندوباوەکان چییە!"

"من لە سەگی پیاوانی خۆپارێز چی دەزانم؟ ئەی خودای مەزن، ئەم بێمێشکانە دەیانەوێ من دادگایی بکەن." و هەوڵیدا پێبکەنێت. لووچۆنی گوتی: "بێدەنگ بن، بێدەنگ بن، هاوڕێیان... کێ گوتوویە سەگی خۆپارێزەکە بووە؟ کێ ئەم درۆیە بڵاو کردووە؟"

دفندێنتە گوتی: "نازنم، ئەمانە دەزانن!" ئینجا شانی هەڵدایەوە.

شواڵیە خۆی تێکەڵ دەکات و دەڵێت: "ئەم قسانە، ئەوانە دەیڵێن کە ئەمرۆ سبەینێ کاتێک کە کردوویانە ژێر خۆڵەوە، بینوویانە... دەڵێن هەمان سەگ بووە. بە خاڵێکی سپی لەسەر گوێی چەپی."

"ئەو دوای ڕەش بوو؟"

یەکێک لە ئامادەبووان وڵامی دایەوە: "بەڵێ ڕەش بوو." "ببێونەبی قەڵەو بوو و کلکیشی وەک گسک؟

"ڕێک وایە"

"دەتانەوێ بڵێن سەگی پیاوی خۆپارێز بووە؟"

"درووستە، سەگی پیاوی خۆپارێز."

لووچۆنی شەقامەکە نیشان دەدات و بە دەنگیکی بەرز دەڵێت: "سەیری ئەوی بکەن. هەمان سەگە کە دەیڵێن بەهێز و ساغتر لە پێش! ڕەنگی دفندێنتە وەکوو پەیکەری گەچی سپی بوو. گالئۆنە بە هەنگاوە بێهێزەکانی لە شەقامەکە بەرەوە پێشەوە دەچێت. چەن ساتێک ڕادەوستا و لە پشت شووشەکەوە خەڵکی بینی و دیسان لەسەرخۆ بە ڕێگاکەیدا چووەو.

## ١٩

بۆچی خەڵکی هەژار چاوەڕوانی نانی زۆرتر لە جارانن؟ بۆچی سندووقی یارمەتییەکان کەساڵەهابێ سکەبووەئێستاخڕەی پۆلیان دێت؟بۆچی ئەومنداڵانەی کە سەرکێش بوون، ئێستا بە دڵخوازییەوە بەرەو قوتابخانە دەڕۆن؟ بۆ چی ترێ بە جێگەی ئەوەی کە بدزرێت، تاکوو کاتی هەڵگرتن، لەسەر دارەکەی دەمێنێتەوە؟ بۆچی ئیدی بەرد و کوولەکە بە کۆمی مارتینۆ ناهاوێژن؟ و زۆر پرسیاری تریش؟ لە خەڵکی تێس کە لادێنشین و سەرفرازن، هیچکەس قەت دان بەوە پیانانێت و کەسێکیش ناڵێت کە لە سەگێک دەترسن. نەک بۆ ئەوەیکە قەپیان لێ بگرێت، بەڵکوو هەر بۆ ئەوە دەترسن کە سەگەکە خراپ لە سەریان حیساب بکات. دفندێنتە ئیگجار تووڕە بوو. دەس وپێی بەسرا بوو. تەنانەت شەوانەش نەیدەتوانی هەناسەیەکی ڕاحەت دەرکا. چەندە نارەوایە هەبوونی خودا بۆ کەسێک کە حەزی لێی نییە. خودا لێرەدا خەیاڵێکی درۆیی نەبوو. شتێک نەبوو کە لە نێوان شەم و کوندوری کلێسە ببێ. بەڵکوو لە گشت ماڵەکان بوو. ئەوش بەو شێوازەی کە باوە بە بۆنەی سەگێک. بەشێکی کورت لە خۆڵقێنەر. هەناسەیەکی زۆر کەم کە چووبووە نێو گالئۆنەو بە چاوانی گالئۆنە دەیبینی، دادوەری دەکرد، بەسەر حیساباندا دەچوو.

دەی کەی سگەکە پیر ئەبێ؟ خۆزگە زووتر هێزی خۆی لە دەس دەدا و لە گۆشەیەک هێور دەبوو و لەدوای ساڵەها لە جووڵە ڕادەوەستا و ئەمجار نەیدەتوانی کەسێک ئازار بداتێ.

بەڕاستی ساڵەها تێپەڕی. کلێسەکە تەنانەت لە ڕۆژانی پشوودانیش شلۆق بوو. ئیدی کچانیش لەدوای نێوەشەوان بە پێکەنینی ئاڵۆشاوی لەگەڵ سەربازەکان نەدەڕۆیشتن بۆ خانووە چکۆلەکان. دفندێنتە بە جێگەی سەوەتە کۆنەکە، کە بە بۆنەی بەکارهێنانی دارزاو و خراپ ببوو، سەوەتەیەکی نوێی کڕی و لە دانانی ڕۆچنەی نهێنی تێدا دەسی ڕاگرت، چونکوو هەتا ئەو کاتەی کە گالئۆنە لەو دەوروبەرەدا هاتووچووی دەکرد، ئازایەتیی خاڵی کردنی نانی هەژارانی نەبوو. ئێستاش خاتوو ونارئێلۆ لە بنکەی ژاندارمیریدا دەچووە خەوێکی درێژ لەسەر سەندەڵییەکی ڕاحەتی حەسیری. ساڵەها تێپەڕی و گالئۆنە پیربوو. ئارام و ئاشکراتر بە چەماوییەوە هەنگاوی هەڵدەگرت هەتاکوو ڕۆژێک کە تووشی جۆرێکی ئیفلیج لە بەشی ژێری جەستەی بوو و ئیدی نەیدەتوانی هاتووچوو بکات.

ئەم ڕووداوە لە بەدبەختی کاتێک تووشی بوو کە لەسەر دیوارێکی کۆتا، لە تەنیشتی کلێسەی سەرەکی خەونووچکەی دەدا. لە خوارەوەی کلێسەی سەرەکی، زەوی بەلێژاییەکی تیژ بە تەواوبوونی شەقامە گەورە و چکۆلەکان، دەگەیشتە چۆمەکە. لە ڕوانگەی تەندرووستییەوە، سەگەکە دۆخێکی جیاوازی بوو، چونکوو بۆ میز کردن دەیتوانی بێ ئەوەیکە دیوار یان مەیدانەکە پیس بکات ـ بەرەو زەویی بێشەڵان و لێژ ئەنجام بدات. بەڵام لە بارودۆخێکی خراپ بوو، لەبەر با و باران و بێ پەناگا.

دیارە ئەم جارەش کەس بە سەگێک کە گشت جەستەی دەلەرزا و دەیلووراندەوە سەرنجی نەدا. نەخۆشیی سەگی وێڵ، شانۆیەکی سەرسووڕهێنەر نەبوو. خەڵک و سەیرکەران لە ڕووی تێکۆشان و پەلوپۆی پرژانی، بۆی دەچوون کە چیی لێ هاتووە.

بەڵام دڵیان هێز و گیانێکی نۆیی گرتبوو. پێش لە هەموو شتێک سەگەکە ئیدی نەیدەتوانی ئەو لەو دەوروبەرەدا هەڵسووڕێت و تەنانەت نەیدەتوانی پتر لە یەک میتر بچێت. چ باشتر: کێ لە بەرچاو کەسانی تر خۆراکی پێی دەدات؟ چ کەسێک زاتی بوو ئاشکرای کاتەوە کە لەگەڵ ئاژەڵەکە پەیوەندیی نهێنی هەیە؟ کێ وەکوو یەکەم کەس خۆی دەکرد بە تیتاڵیی خەڵک دەکرد؟ بەم هۆکارەوە هیوای مردنی گالئۆنە لە برسییەتی زۆرتر ببووەو. پیاوان پێش لە نانی نیوەڕۆ، وەک هەمیشە لە درێژاییی پێڕەوی مەیدانەکە، پیاسەیان دەکرد و دەربارەی شتگەلێکی بێبایەخ وەکوو یاریدەری نوێی ددان پزیشک، نێچیرکردن، نرخی گوللە و دوایین فیلیمێک کە هاتووە بۆ ئاوایی باسیان دەکرد و بە کۆتەکەیان کەپۆی سەگەکە کە بە هەسکەهەسکە لە لێواری دیوارەکە شۆڕەو بوو، دەیانلاواندەوە. نیگاکان سەرەتا بۆ سەگە نەخۆشەکە بوو و دواییش بە شێوەیەکی نائاگایانە سەرنجدەری بەرجەوەندی جوانی چۆم و ڕۆژئاوا دەبووەو. دەوروبەری کاتژمێری ٨، لە لەلایەن باکوورەوە هەورەکان پەیدابوو و دەسیکرد بە بارین و مەیدانەکە چۆڵ بوو.

بەڵام لە تاریکیی شەودا، لەژێر بارانێکی لافاوی، سێبەرگەلێک کە وادیارەبۆپیلانێکی خراپکارانەلەتەنیشتی ماڵەکان جووڵەیان دەهات. سێبەرگەلێکی لار و نادیار بەخێرایی بەرەو مەیدان دەچن و لێرەدا لە ڕەشایی پەناگا و پێشخانەی چوونەژوورەوەی ماڵەکان تێکەڵ دەبوون و چاوەڕوانی کاتێکی شیاو دەمێنن. چراکانی کارەبا لەم کاتەدا نوورێکی کەم بڵاوە دەکات و گەرەکێکی زۆر لە تاریکیدا

دەمێنێت. سێبەرەکان چەندن؟ ڕەنگە نزیکەی ١٠ سێبەر کە خۆراک دەبەن بۆ سەگەکە. بەڵام هەر کەسێک هەوڵ دەدات کە نەناسرێت. سەگەکە هۆشیارە. لە سەر دیوارە کۆتاکە لە ژێرنەخشی ڕەشی دۆڵەکە، دوو خاڵی سەوز و بریقەدار دیارە و جارجارێک لوورەیەکی کۆتا لە مەیدانەکە دێتە بەر گوێ. ئۆپراسیۆنێکی درێژە. یەکێک بە ڕوخسارێکی پۆشراو بە شاڵ، گۆشەی کڵاوی دووچەرخەسوارێک تاکوو بان توێڵی لە ئاکامدا خۆی دەخاتە مەترسییەوە و دێتە تەنیشی سەگەکە. هیچکەس لە تاریکیدا بۆ ناسینی نایێتە دەر و هەمموو دەترسن. کەسانێکی نادیار یەک لەدوای یەک لە ماوەیەکی درێژدا بۆ خۆڕاگرتن لە لێکەوتن، شتێک لەسەر دیواری کۆتای کڵێسەی سەرەکی دادەنێن. دەنگی لوورە کۆتایی پێ دێت. سبەینێ، گالئۆنە لەژێر داپۆشەرێکی دژەئاو نووستووە. لەسەر دیوار پڕە لە شتگەلێک وەکوو: نان، پەنیر، لەتی گۆشت، تەنانەت قاولەمەیەک پڕ لە شیر.

**٤٠**

بە ئیفلیج بوونی سەگەکە، خەڵکی ئاواییەکە بیریان دەکردەوە کە دەتوانن هەناسەیەک دەرکەن. بەڵام گومانێک زۆرتر نەبوو. نیگای ئاژەڵەکە لە لێواری دیوار بە بەشێکی بەرین لەو ناوچە ئاوەدانە زاڵبوو. لانیکەم نیوەی تێس لەژێر چاودێریی ئەو بوو. کێ دەیزانی کە نیگاکانی تاکوو ئەم ڕادەیە تیژە؟ تەنانەت دەنگی بەو ماڵە دوورکەوتووانەی کە لەژێر چاودێریی گالئۆنە نەبوو دەگەیشت. ئیدی، ئێستا چۆن ئەبێ خووی ڕۆژگاری پێشوو بەردەوام بپارێزین؟ ئەوەش بەرانبەر بوو لەگەڵ قەبووڵکردنی ئەوە کە ژیان بە بەبۆنەی سەگ گۆڕاوەو بە شێوەیەکی شەرمەزارانە دان پیانان بە ئەوەیکە کۆنەپەرستی، ساڵەهایە بە وردی پارێزراوە. هەمان دفندێنتە کە نانەواکەی دوور لە چاوی ئاژەڵەکە بوو، ئیدی نە دەسپێکرد بە کوفربێژی کە قسەی سەرزاری بوو و نە بۆ بەدەسهێنانی نان لە ڕۆچنەی ژێرخانەکە کارێکی دەکرد.

ئێستاکە گالئۆنە تەنانەت زۆرتر لە جارانیش نان دەخوات و بەهۆی ئەوەیکە هاتووچوو ناکات، وەکوو بەراز قەڵەو بووە. دیار نییە کە هەتا کەی زیندوو دەمێنێت. بەڵام لە یەکەمین سەرما، ئومێدی مردنی دیسانەوە گیانی گرتبوو. کە چی سەگەکە بە مشەما پۆشراوبوو بەڵام لە بەر با بوو و جارێکیش لەوانە بوو سەرما بخوات. بەڵام ئەم جارەش لووچۆنیی بەدفەڕ هەمموو جۆر گومانێکی هەڵوەشاندەوە. شەوێک لە چێشتخانە باسی چیرۆکی ڕاوی دەکرد و دەیگوت ساڵەها پێش بە بۆنەی بەسەربردنی شەوێک لەژێر بەفر، سەگە ڕاوکەرەکەی نەخۆشیی هاری گرت و ناچاربوو کە بە تەقەی گوللەیەک بیکوژێت. ئێستاش ئەم بیرەوەرییە دڵی دێنێتە ئێش. شواڵیە بێرناردیس کە وەکوو هەمموو جارێک بەدوای باسی ناحەزەوە بوو، گوتی: "ئەو سەگە ناشرین و ئیفلیجە، لەسەر دیواری کڵێسەی سەرەکی کە هەندێ لە بێمێشکەکان ئێستایش بەردەوام خۆراکی پێ دەدەنێ چی؟ دەڵێم نەکوو ئەم مەترسییەشمان لەگەڵ ئەم سەگە ببێ؟"

دفندێنتە گوتی: "ئێستا بڵێین کە هاریش ببێ! خۆ ناتوانێت بجووڵێتەوە!"

لووچۆنی دیسان گوتی: "لە کوێ دەزانی؟ نەخۆشی هاری هێز زۆرتر دەکاتەوە. هیچ سەیر نییە ئەگەر وەکوو گاکێفی دەسپێبکات بە جووڵە جووڵ!"

بێرناردیس کە سەر لێشێواو بوو: "باش، دوایی؟"

لووچۆنی گوتی: "من کە لەم بابەتەوە مووشم نەلەریەوە. هەمموو جار هاورێیەکی جێیمتمانەم لەگەڵدا هەیە." و لە گیرفانی حەوتتیرێکی زلوزەبلاحی دەرهێنا. بێرناردیس گوتی: "تۆ! تۆ! تۆ کە منداڵت نییە! ئەگەر وەکوو من سێ منداڵت بوایە دڵنیا بە کە مووت دەلەرێتەوە."

"من گوتم پێتان. ئێستا خۆتان بیری لێ کەنەوە!" وەستای بەنا بە قوڵی، لوولەی حەوتتیرەکەی دەدرەوشاندەوە.

**٤١**

چەن ساڵ لە مەرگی خۆپارێزەکە تێپەڕیوە؟ سێ، چوار یان پێنج ساڵ؟ لە نزیکەی ئەوەڵین ڕۆژانی مانگی سەرماوەز لانەیەک بۆ پەنادانی سەگەکە ئامادە ئەبێ. لەسەر ئەم باسە کە بێگومان گرنگێکی زۆر کەمی هەیە، کوڵوکورت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شار وتووێژ کرابوو و هیچکەس پێشنیاری کوشتنی ئاژەڵ یان جێبەجێ کردنی بۆ جێگەیەکی تری نەکرد. ئێستفانۆی دارتاش ڕاسپاردەیی دروستکردنی لانەیەک کە لەسەر دیوارەکە دابنرێت، گرتە ئەستۆ. لانەیەک بە ڕەنگی سوور بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ڕەنگنەمای کڵێسەی سەرەکی کە هەمووی لە ئاجۆر بوو ناکۆک نەبێ. "چ کارێکی ئابڕووبەرە. چ دەبەنگییەک!" هەمموو ئەمە دەڵێن، بۆ ئەوەیکە نیشان بدەن کە ئەم بیرۆکەیە هی کەسانێکی ترە. کەواتە، ترس لە سەگێک کە خودای بینیوە، ئیدی نهێنییەک نییە؟ بەڵام قەت درووست ناکرێت. ڕۆژانی ئەوەڵی مانگی سەرماوەز، بەردەستی نانەوایی کە لە کاتژمێری چواری بەربەیان بۆ سەر کارەکەی دەچێت، وەک هەمموو جارێک لە مەیدانەکەوە دەچێت. لە پێی کوڵەدیوارەکە، شتێکی ڕەش و بێجووڵە دەبینێت. دەسی لێ دەدات و تاکوو نانەوایی بە خێرایی دەچێت. دفندێنتە کە دەبینێت ئەو هەسکەهەسک دێتە نێوەوو پرسیار دەکات: "چ ڕوویداوە؟"

کوڕەکە کە هەناسەی دەرنایە دەڵێت: "مردا مردا!"

"کێ مردووە؟"

"ئەو سەگە شوومە... لەسەر زەوی دۆزیمەوە، وەکوو بەرد وشک ببوو."

**٤٢**

ئایا هەناسەیەکی ڕاحەت دەر دەکەن؟ ئایا هەڵپەڕکێ و سەما دەکەن؟ لە کۆتاییدا ئەو بەشەی ئائارامی خودا ڕۆیشتبوو. بەڵام ماوەیەکی زۆری خایاند. ئێستا چۆن ئەبێ بەرەودوا بگەڕێنەوە؟ چۆن ئەبێ سەر لە نوێ دەستپێبکەینەوە؟ گشت لاوان لەو ساڵانەدا بە خوویەکی نوێ ڕاهاتبوون. دوعا و نزای ڕۆژی یەکشەممە، بەهەر شێوەیەک شایی بەخش بوو. کوفربێژییەکانیش ئێستاکە ڕوون نەبوو کە بۆچی زایەڵەیەکی فشە و درۆی هەبوو. بە کورتی دەرفەتێکی باش هاتبووە پێشەوە، بەڵام بێ‌کەڵک بوو. دواییش: ئەگەر ئەو هەمموو گەندەڵییەی پێشوو دەسپێبکاتەوە، ئایا وەکوو دان پیانان بە هەمموو شتێک نەبوو؟ چ تێکۆشانێک کە بۆ شاردنەوەی نەکرا و ئێستا ئەبێ بە شەرمەزارییەوە هەمموو شتێکی دەرکەوێت؟ ئاواییەک کە لەبەر ڕێز بۆ سەگێک، ژیانی گۆڕابوو، تاکوو ئەو پەڕی سنوورەکانیش ببووە گاڵتەجاڕ. وێڕای ئەوە: ئاژەڵەکە ئەبێ لە کوێ بکرێتە ژێر خۆڵەوە؟ لە باخی نەتەوەیی. نا! نا! لە دڵی ئاوایی؟ قەت! خەڵک ئێگجار لە دەسی وەڕز ببوون. لە گەناوەکە؟ پیاوان چاویان لە یەک دەکرد. هیچکەس وەرەی قسەیەکی نەبوو. دوایی ڕاسپاردەی شاروانی، هەمووی لە شێواوی دەرهێنا و گوتی: "دەستووری حکوومەتی ئێزنی ئەم کارە نادات." لە تەنوور بیسووتێنین؟ ئەمە باشترین کارە. بەڵام لە کوێ؟ چ کەسێک ئیزنی ئەوە دەدات؟ ئیدی خەریکبوو کارەکە بگاتە کێشەوهەرا. هیچکەس سەگی مردووی لە مڵکی خۆی قەبووڵ نەدەکرد. ئەی ئەگەر لە تەنیشتی پیاوی خۆپارێز بکرێتە ژێر خۆڵەوە؟

بەم شێوەیە، ئەو سەگەی کە خودای بینیوە بە دارەتەرمێکی چکۆلە، لەسەر کالیسکەکە بەرەو تەپەکان گواسترایەوە. ڕۆژی یەکشەممەیە و زۆر کەس بۆ سەیرانێکی کورت بیانوویان هەیە. شەش.. حەوت کالیسکە پڕ لە پیاو و ژن بەدوای دارەتەرمە چکۆلەکە بەرێ دەکەون و هەمموو تێدەکۆشن خۆشحاڵ بن. دیارە کە بە پێچەوانەی پرشنگی هەتاو، کێڵگە سەرمابردووەکان و دارە ڕووتەکان ڕوانگەیەکی جوان نادەنە نیشان. گەیشتنە تەپەکان. لە کالیسکەکە هاتنە خوار و بە پێ بەرەو ڕووخاوەکانی گڵکۆ کۆنەکە بەرێ دەکەون. منداڵەکانیش لە پێشەوە ڕادەکەن. دەنگی هاوارێک لە سەرەوە دێتە گوێ: "دایکە! دایکە! وەرن و ببینن!"

بەخێراییی هەنگاوەکانیان زێدەدەکەن. گەیشتنە گڵکۆی سیلوسترۆ. لە ڕۆژانی دوای بەرێ کردنی تەرمەکە قەت کەس نەهاتبوو بۆ ئێرە. لە پێی خاچە دارینەکە، ڕێک لە ڕووی بڵندیی گڵکۆی پیاوی خۆپارێز، ئێسقانێکی چکۆلە هەیە. بەفر و باران وەکوو چڵی گەنم بە تەواوی ڕزاو و ناسک و سپیی کردووە. ئێسقانی سەگێک..

# بەهەڵ مردوو

## و: ماشەڵڵا مەیهەمی - چیا

بەیانییەک، نەقاشی بەناوبانگ "لۆچۆپێردونتزانی" لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا، کە سەردەمێک بوو لە ماڵە فەقیرانەکەی لە ئاوایی ویمرکاتەدا دەژیا و سووچی تەنیایی هەڵبژاردبوو، کاتێ ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژەی کردەوە، سەرخەتێکی بینی کە لە لای خوارووی ستوونی چەپی لاپەڕەی سێهەم، لە ڕیزیی چوارەمدا، لە چاپ درابوو. بە سەرسوورمانەوە خوێندییەوە: "هونەری ئیتالیا عازیەتبار بوو. "پێردونتزانی" نەقاش بەرەحمەتی خوا چوو". بە ڕێنووسێکی شکەستە، درێژەی هەواڵەکە لە لای خوارووییەوە نووسرابوو: "ویمرکاتە، شەوی هەینی ٢١ی فێبریە، "لۆچۆپێردونتزانی" دوابەدوای نەخۆشینێکی کەمخایەن، کە لە لایەن دوکتۆرەکانەوە هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرایەوە، بەرەحمەتی خوا چوو.

لەدوای ئەوە، وتارێکی ئەمەگناسانە و پڕاوپڕ لە ڕێز و حورمەت بە ئیمزای "جیۆڤانی ئێستێفانی"، ڕەخنەگری هونەری و هەروەها وێنەیەک کە هی بیست ساڵ لەوەپێش بوو، لە چاپ درابوو. پێردونتزانی، بە سەرسوورمانەوە و بە بێ متمانە بە چاوەکانی، نیگاهی پڕ لە قین و نەفرەتی بە بڕگەبڕگەی ڕووپەڕی پەیامی سەرەخۆشییەکاندا خشاندەوە. هەرچەن نیگاهێکی پەلە بوو، بەڵام ڕستەیەکی پڕ لە ڕقوقین کە لە زۆر جێگا بە ئەنقەست خۆیان حەشاردابوو، هەروەها پەسن کردنێکی یەکجار کە تەژی بوون لە شکۆ و ئەمەگ، لە پێش چاوانی ڕابردن. پێردونتزانی هەمان دەم کە حاڵی هاتەوە سەر خۆ، بانگی کرد: ماتیلدە، ماتیلدە!! هاوسەری لە ژوورە تەنیشتەکەیدا هاتە دەنگ: ها چیە؟

بە تکایەکەوە گوتی: ماتیلدە! وەرە! وەرە!

- تاوێ سەبرت بێ، خەریکم جلەکان ئوتوو ئەکەم.
- دە پێت دەڵێم وەرە!!!

دەنگی وەها تێکەڵی ترس بوو کە ماتیلدە هەروا ئوتووەکەی داناو و ڕایکرد. نەقاش هەروا کە ڕۆژنامەکەی پیشان دەدا، بە نووزەڵەوە گوتی: بنوارە، بنوارە. ژنەکەی سەیری کرد: ڕەنگی هەڵبزرکابوو و بەوپەڕی بێ عەقڵییەکی سەیرەوە دایە پرمەی گریانێکی دڵتەزێن و هیقە هیق گوتی: وەی بمرم بۆ لۆچۆی بەستزمانی خۆم. ئازیزەکەم!! پیاوەکە کە ئەمەی بینی زوویرییەک دایگرت و نەڕاندی: بۆ؟ ئەوە شێت بووی ماتیلدە؟ مەگەر نامبینی؟ نافامی؟ ئەمە تێنەگەیشتنە. هەڵەیەکی ترسێنەرە؟

ماتیلدە زوو دەستی لە گریان کێشا و چاوێکی لە مێردەکەی کرد و ڕواڵەتی ئارام بووەوە. لە پڕدا هەر بەو پەلەی تاوێ لەمەوبەرەوە کە هەستی بە بێوەژنی کردبوو، بواری گەپ و گاڵتەی ڕەوتەکەی پێش گرت و لە خۆشیاندا هات بە خۆیدا و لە تاو پێکەنین وەختە بوو بپچڕێ. گوتی: وەی خوایە گیان! چ گاڵتە جارێکە! چەند بەپێکەنینە. داوای لێبووردن دەکەم. ئەزانی لۆچۆ؟... هونەری ئیتالیا بۆت عازیەتبارە، بەڵام تۆ سپ و ساغ و و زیندووی و لێرەی.

پیاوەکە کە عەقڵی لە سەر خۆ نەمابوو، بە دەم جنێوەوە گوتی: بەسە! دە بەسسە ئیتر! مەگەر تێناگەی؟ زۆر سامناکە. ئێستە گەرێکی باش بە بەرپرسی ئەم ڕۆژنامە دەگێرم! بەڵێ! ئەم گاڵتەیە زۆر گرانییان لەسەر دەکەوێت.

پێردونتزانی بەپەلە ڕێگەی شاری گرتە بەر و خۆی کرد بە دەفتەری ڕۆژنامەدا. بەرپرس بە شاگەشکەیی و ڕووخۆشیەوە بەرەوپیری هات: تکایە ماموستا گیان. فەرموون دانیشن... نا. نا. ئەو مۆبلە ڕەحەتترە... جگەرە؟ بەداخەوە ئەم فەندەکانە هیچکات ناگرێن... فەرموون. ئەمەش پاکەتی جگەرە... ئێستە بفەرموون بزانین ئەم بەختەوەریە وا بە بینینی ئێوە ڕووی تێکردووین، ئەمەگداری چ شتێکین؟

بەڕاستی وای پیشان ئەدا یاخود لە ڕاستیدا ئاگای لە هەواڵێک نەبوو کە لە ڕۆژنامەکەیدا چاپ ببوو؟ پێردونتزانی لەم باسە سەری سووڕما.

- ئاخر... ئاخر... لە ڕۆژنامەی ئەمڕۆ، لە لاپەڕەی سێهەمدا، هەواڵی مردنی من چاپ کراوە...
- هەواڵی مەرگی ئێوە؟!

مودیر، ڕۆژنامە دەق کراوەکەی لە سەر مێزەکە هەڵگرت و لاپەڕەکانی کردەوە. چاوی پێی کەوت. تێگەیشت یان وای پیشان دا کە تێگەیشتووە. چەند چرکەیەک دەستپاچە بوو، دوایی بە جۆرێکی سەرسوورهێنەر بە خۆیدا هاتەوە و کەوتە کۆکە: ئحم ئحم ئحم. ڕووداوێک ڕوویداوە. وایە؟ لێرەدا دووبەرەکییەکی سەیرلە ئارادایە وەک باوکێک وا لە پێش چاوی جنێوی پێدراوەوە و بە گژ منداڵەکەیدا بێتەوە- پێردونتزانی سەبری لێ بڕاو هاواری کرد: دووبەرەکی؟ ئێوە منتان کوشتووە. سامناکە.

مودیر بە ئەهوەنی و لەسەرخۆ گوتی: بەڵێ بەڵێ. گوایە... حەقتانە... مانای خەوەرەکە لەوەی وا ڕای ئێمە بوو تۆزێ ئەولاتر چووە... لەولاشەوە بە هیوام ئێوە لەو ڕێز و حورمەتەی لەلایەن ڕۆژنامەکەی منەوە لە ئێوە و هونەرەکەتان گیراوە بە جوانی ئاگادار بن.

- کامە حورمەت؟! ئێوە یەکسەر ماڵ وێرانتان کردووم. بەدبەختتان کردووم.
- بەڵێ نکووڵی لێناکەم کە کەمتەرخەمییەک لێرەدا ڕوویداوە.
- ئێوە منتان کوشتووە، بەڵام ئەوەتا من لێرەم، زیندووم و ئێوە ناوی لێ ئەنێن کەمتەرخەمی؟! پیاو شێت ئەبێ...
- داواکاری ساغ کردنەوەیەکی فەرمی و ڕێک و پێک و جوان و بە ڕێز و حورمەتم هەر لەو لاپەڕەیدا. هەڵبەت وێڕای هەرکارێکی تریش بۆ قەرەبووی زەرەر و زیانی من.
- زەرەر؟! کاکی من! (مامۆستا بوو بە کاکە و ئەمە نیشانەیەکی باش نەبوو) ئێوە هەلێکی زۆر بەرزتان بۆ ڕەخساوە بەڵام تێناگەن. هەر نەقاشێکی دیکە بایە لە خۆشیاندا پێی وەعەرزی نەدەکەوت.
- هەل؟ شانس؟
- بەڵێ هەل. هەرکات هونەرمەندێک ئەمرێ نرخی بەرهەمەکانی بەرز دەبێتەوە. بەڵێ! بێ ئەوەی بتانهەوێ خزمەتێکی زۆر بەرزمان پێ کردووی.
- بەس من... یانێ من ئەبێ ڕەوڵی مردوو بگێرم؟ لە چاوان ون بم؟
- ئەگەر ئێوە بتانهەوێ لەم دەرفەتە تایبەت و بەنرخە وا ڕووی داوە، کەڵک وەربگرن، بەڵێ... خۆ ناتانهەوێ -خوا نەخواست- ئەم دەرفەتەتان لە دەس دەرچێ؟ بیری لێ بکەنەوە: پیشانگایەکی باش و ڕێکوپێک لە دوای مردنتان. ئاگادارییەکی درووست و دەرمان... مامۆستا گیان! ئێمە تەواو تەقالای خۆمان دەدەین بۆ چاک بەڕێوەبردنی. بە ملیۆنان دەگەین و تەنانەت زێدەتریش...
-بەڵام ئەبێ من لە ڕەوتەکە بچمە دەرێ؟!
- بفەرموون بزانم، ئێوە براتان هەیە؟
- بەڵێ لە ئەفریقای باشووردا دەژیت. بۆ؟!
- چاکە، کە وایە لە ڕواڵەتا وێک دەچن؟!
- تا ڕادەیەک. بەڵام ئەو ڕیشی هەیە.
- ئەگەر ئێوەیش ڕیشتان بهێڵنەوە زۆر باش دەبێ. هەروەها خۆتان لە باتی براکەتان ئەناسێنن. هیچ کێشەیەکیش ساز نابێ. بەقسەم بکە. بهێڵە ڕەوتەکە ڕێگای ئاسایی خۆی ببڕێ، دوایی تێدەگەن. هەواڵێکی ڕاست کاری ئاوەها...
- نازانم... لەئەنجامدا بە هیچ کارێ نایات...
- ببوورە ئاوەها بێ پەردە و ڕووڕاست قسان دەکەم. ئێوە خۆتان کەمێ بوونەتە



هۆی پێکەنین...
- بێهۆیە. هەرگیز زیندووەکان دیسان ئەو ناوبانگ و ڕێز و مەزنایەتییەی پێشوویان دەس نەکەوتۆتەوە... لە دنیای هونەریشدا هەر ئەم باسە هەیە و بڕیار هەر وابێ. زیندوو کردنەوەتان لە دوای ساڵەها پەسن کردن و گەورەیی و شکۆ، خراپترین ئاسەواری هەیە.

نەیتوانی دژایەتی لەگەڵ بکات. گەڕایەوە بۆ ماڵەکەیان لە دێهاتا و لە ژوورێکدا خۆی شاردەوە. ڕیشی هاتبوو، هاوژینەکەی عازیەتبار بوو. دۆستە ناسراوەکانی دەهاتنە سەردانی. بەتایبەت ئوسکار پرادێللی، کە ئەویش هەر نەقاش و هەمیشەیش لەگەڵی بوو. دوایە دەستەی کڕیاران دەرکەوتن، تاجێرەکان، کولکسیۆنێرەکان و ئەو سەوداگەرانەی کە بۆنیان بە پارەوە ئەکرد. ئەو تابلۆوانەی کە پێشتر بە هەزار چەرمەسەری بە چل و پەنجا هەزار ئەگەیشتن. ئێستە گەیشتوونەتە دووسەت هەزار. کارێکی زۆرئاسایی. لەو لاشەوە پێردونتزانی لە حەشارەکەیدا تابلۆ لە دوای تابلۆ نەقاشی ئەکێشا. هەڵبەت بە واژۆی ڕێکەوتی ساڵانی پێشوو.

دوای مانگێک ڕیشی تا ڕادەیەکی باش درێژ ببوو، پێردونتزانی لەبری براکەی کە لە ئەفریقای باشووروە هاتبێتەوە، وێرای لە نێوخەڵکدا دەرکەوێ. چاویلکەیەکی خستبووە سەرچاوی و بەزاراوەی بیانیش دەدوا. بەڵام لە چاوی خەڵکەوە زۆر شێوەی براکەی دەدا. لە پیاسەیەکی دوای سووچنشینییەکەی، بۆ گوێ هەڵخستنێک بەرەو قەبران ڕۆشت. بەردە تاشێک خەریک بوو ناوەکەی لەگەڵ ڕێکەوتی لە دایک بوون و مردنەکەی لە سەر بەردێکی مەرمەڕی گەورە لە نێو دەستەقەبرە بنەماڵەییەکەیاندا هەڵدەقەند. گوتی کە برایەتی و دەرکە بڕۆنزیەکەی کردەوە و بە پلیکانی سەرداوەکەدا دابەزی. لەوێدا تابووتی خزمەکانیان یەک لە سەر یەک دانرابوون. چەندە زۆرن! تابووتێکی زۆر جوان و نوێی لێ بوو. لەسەر تەڵەیەکی برنجی نووسرابوو (لۆچۆ پێردونتزانی). دەرگای تابووتەکە بە پێچ و مۆرە قایم کرابوو. بەسامێکی شاش و وێشەوە بە ئەنگوست زەبرێکی لە سندووقەکە دا. خوایە شوکور! مەحفەرەکە خاڵی بوو. لە کاتێکدا کە ئاوەن و ڕەوەنی ئوسکار ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زیاتر ئەبوو، وا ئەهاتە پێش چاو کە ماتیلدە سەر لە نوێ خەریکە ئەپشکوێ. بەهەرحاڵ عازیەتباری پێ کەوتبوو. پێردونتزانی بەتێکەڵێک لە کەیف و خۆشی و دڵ بەدواییەوەشوێنی ئەم تێکچوونە کەوتبوو. شەوێکیان ئاگاداربوو کەدڵی گرتووە. ساڵەهایە ئەم دڵگرتنەی هەست پێ نەکردبوو، بەڵام ئێستە دڵی بە بێوەژنەکەی خۆیەوە بوو. لەولاشەوە ئایا ئاوەن و ڕەوەنی هەمیشەگی پرادێللی بێهۆ نەبوو؟ کاتێ پێردونتزانی ئەم بیرۆکەی بە گوێی هاوسەریا چرپاند، هەندێ توند و تیژ و بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:
- چیت لە سەردایە؟ ئوسکاری بێچارە! تەنیا دۆستی ڕاستەقینەی تۆ، هەر ئەوە. تەنیا کەسێکە کە بەڕاستی خەفەتت لێ ئەخوات! خۆی ئەخاتە دەردیسەرەوە تا تەنیاییەکانم قارا بدات و نەهێڵێ هەست بەتەنیائی بکەم. کەچی تۆ گومانت لێیەتی؟! تەریق بەرەوە، شەرم بتگرێ.

ئەوەشمان لە بیر نەچێ پیشانگایەک لە دوای مردنی لە شاردا بەڕێوەچوو. کە زۆر سەرکەوتوو و بەرز و بە بەهرەبوو. جگە لە خەرج و بەرجێ کە دەرچوو، بە تەواوەتی پێنج و نیو ملیۆن دەخڵی بوو. بەدوای ئەوەدا لەبیرچوونەوەیەکی قورس، زۆر بەلەز پێردونتزانی و کارەکانی داگرت. ناوبردنی لە ڕاپۆرتەکان و گۆڤارەکاندا هاتە کەمایەسی و لەئاکامدا زۆر زوو بڕایەوە و ئیتر نەما. بە سەر سووڕمانێکی پڕ بە دەردەوە ئەبینێ کە دنیا بێ پێردونتزانیش هەر لە سووڕانەوەدایە و بەرەو پێش ئەڕوات. هەروەکوو جاران خۆر لە خۆرهەڵاتەوە ئەهات و لە خۆرنشینەوە ئەنیشت. قەرەواشەکان هەر وەکوو جاران بەیانیان تۆزی فەرشەکانیان ئەتەکاند. شەمەندەفەرەکان غاریان دەدا. خەڵکەکەش ئەیانخوارد و خۆشیان ڕائەبوارد. شەوانەش جحێڵان و کچۆڵان هەروەک ڕابردوو لە درێژایی مەحجەرە ڕەشەکەی باخەگەورەدا ڕادەوەستان و یەکتریان ڕادەمووسی. تا ئەوەیکە ڕۆژێکیان دوای پیاسە کردن لە نێو ئاواییدا گەڕایەوە بۆماڵ. قەمسەڵەی دۆستە خۆشەویستەکەی (ئوسکار پرادێللی) لە هۆڵەکەدا بەدارەوەبوو، ناسییەوە. ماڵەکە بێدەنگ، زۆر کۆک و لەبەردڵان بوو. لەو لاوە دەنگێکی ئارامی چرپە و هەناسەبڕکەی هاتە بەرگوێ. پاچڕکێ پاچڕکێ، تا نێو دەرگاکە ڕۆشتە دواوە. هێواشێک چووە دەرەوە بە پیاسە و قەدەم لێدان بەرەو گۆڕستان ڕۆشت. عەسرێکی بارانی و زۆر لەبەردڵان بوو. هەروا کە لە هەمبەری گۆڕە ماڵباتیەکەیاندا ڕاوەستابوو. ڕوانییە دەوروبەری، پەلەوەریش نەدەفڕی. ئەڵقەڕێزە بورۆنزیەکەی کردەوە. کاتی بوو لیلْ خەریک بوو هێور هێور هەوا تاریک بێ، هێدی هێدی بە چەقۆیێکی بچووکەوە پێچی مەحفەرەی تازەی تابووتەکەی خۆی (لۆچۆ پێردونتزانی) کردەوە. بە ئەو پەڕی هێمنایەتیەوە دەرکەکەی ئاوەڵا کرد، بەپشتەوە، جۆرێک کە شیاوی مردووان و نیشانەی خەونێکی ئەبەدی و هەتاهەتایی بێ ڕاکشاوبێ ئەوەیکە دەسپاچە بێت، زۆر لەسەرخۆ دەرکەی تاپووتی کێشایە ژوور. کاتێ کە هێشتا کولانچکەیەکی بچووکی مابوو، بۆ تاوێ گوێی ڕادێرا گوایە کەسێک بانگی لێ بکات. بەڵام کەس بانگی لێ نەکرد. ئەو سا بە ئاسوودەییەوە دەرکەی تابووتی لە سەر خۆی داخست.

# دیواری شاری ئەناگوور

و: محەمەد ئیسماعیل نژاد م. ئاران

چاوساغە خۆجێییەکەی شاری تیبێستی، پێی گوتم هەردەمایەکی ئەگەر گەرەکم بێت دیواری شاری ئەناگوور ببینم دەگەڵم دێت. چاوم لە نەقشە کرد، شاری ئەناگووری تێدا نەبوو. تەنانەت لە نەقشەکانی جیهانگەڕییشدا کە گەلێک وردەکاری لە خۆ دەگرن، ئاماژەیەکی پێ نەکرابوو. گوتم: "ئەوە چ شارێکە لە نەقشەی جوغرافیادا، هیچ ناونیشانێکی نییە؟" لە وەڵامدا گوتی: "شارێکی گەورەیە، زۆر دەوڵەمەند و بەهێز، بەڵام ناوی لە نەقشەی جوغرافیادا تۆمار نەکراوە. چون دەوڵەتەکەی ئێمە، ئەوی، بە فەرمی ناناسێت. یان نا هەروا نیشان دەدات کە نایناسێت. ئەم شارە، خودموختارە و لەبەر دەستی هیچ دەوڵەتێکدا نییە. شارێکی سەربەخۆیە و تەنانەت وەزیرانی پادشاش ناتوانن بچنە نێوی. هیچ دانوستانێکی لەگەڵ وڵاتانی دوور و نزیکدا نییە. دەرگاکانی گاڵە دراون و سەدان سەدەیە لەناو چواردیواری بێ کەلەبەری خۆیدا ڕۆژگاری بەسەردا تێدەپەڕێت. بەوپێیەش کە هەرگیز ئەو شارە کەسی لێ دەرنەچووە، زۆر جوان دیارە کە خەڵکەکەی چ بە خۆشی تێیدا دەژین!"

من دیسانەوە پرسیمەوە: "چون نەقشەکان، هیچ شارێکیان بە ناوی ئاناگوور تۆمار نەکردووە، ڕەنگە ئەم شارە یەکێک لە وڵاتە ئەفسانەییەکان بێت. پێم وا بێ هەمووشی بەهۆی ڕەنگدانەوەی تیشکە لە چۆڵەوانیدا نە شتێکی تر."

ڕێنوێنەکە کە ناوی مالاگۆن بوو، وەک بڵێی گوێی لێ نەبووبێ، گوتی: "وا باشە ئێمە دوو سەعات بەر لە بەیانی وەڕێ کەوین، بە ماشێنەکەی تۆ.دەمەو نیمەڕۆ دەگەینە نزیک شاری ئەناگوور، ئاغا. سەعات سێی نزیک پارشێو بەدواتدا دێم گەورەم."

-"شارێک وەک ئەوەی باسی دەکەی، بە جەغزی گەورە گەورە و بە پیتی درشتی چاپ، لە نەقشەکاندا تۆمار دەکرێت. لە کاتێکدا من هیچ ئاماژە و هێمایەکم بە ناوی ئەناگوور- کە ڕەنگە هەر نەبێت- نەدۆزیوەتەوە. دەگەڵ ئەوەشدا، سەعات سێی بەیانی حازر دەبم و دێم، ماگالۆن!"

لە سەعات سێی بەرەبەیان، بە چرایەکی ڕووناکەوە بەرەو باشوور لەناو چۆڵەوانییەکدا بەڕێ کەوتین. بەو هیوایەی کە خۆم گەرم دابێنم، سیگارم لە دوای سیگار دادەگیرساند. لەلای چەپم، شەبەقی ئاسۆم دیت و دوایە تاو هەڵات و تیشکی بەسەر چۆڵەوانییەکەدا پژاند تا هەموو جێیەک گەرم گەرم داهات. بەجۆرێک کە لە نزیکمانەوە، ئەو زرێچە و زەلکاوانە دەبینران کە زنار و کەڤرەکان بەڕوونی لەناویاندا ڕەنگیان دەدایەوە. لە ڕاستیشدا، ئاو هەر نەبوو، تەنانەت بەقەرا سەتڵێکیش. هەرچی بوو لم و خیزەڵانی تاوەسووت بوو.



ماشێنەکە زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت و ماگالۆن کە لەلام دانیشتبوو ڕێک لە سەعاتی یازدە و سی و حەوت خولەکدا گوتی: "ئەوەتا ئاغام" و بەڕاستی من دیواری شاری ئاناگوورم بە بەرزایی بیست تا سی میتر، بە ڕەنگی زەرد و نەبڕاوە و لە جێ جێشدا، بە بورجگەلێکی بچووکەوە کەوتە بەرچاو کە هەزاران هەزار کیلۆمیتر درێژاییەکەی بوو. کاتێک نزیک بوومەوە، چاوم بەو خێوەتە هەڵدراوانەی لای دیوارەکە کەوت. خێوەتگەلێکی هەژارانە. خێوەتگەلێکی ئاسایی. خێوەتگەلی کەسانێکی دەوڵەمەند بە شکڵی هۆدە و ئاڵایەکی شەکاوە لەسەری. پرسیم: "ئەوانە کێن؟" ماگالۆن بۆی باس کردم: "ئەمانە کە ڕووبەرووی دەروازەکان دانیشتوون بە هیوان بچنە ناو شارەوە."

-"کەواتە دەروازەگەلێکیش لە گۆڕێدایە؟"

-"گەلێک دەروازەی هەیە. گەورە، چووکە، ڕەنگە لە سەد زیاتریش. بەڵام شارەکە هێندە بەرینە کە مەودای نێوانیان زۆر بەرچاو و دیارە."

-"دەی کەنگێ ئەم دەروازانە دەکەنەوە؟"

-"دەروازەکان -دەکرێ بڵێین- قەت ناکرێنەوە. دەڵێن هەندێکیان دەکرێتەوە بەڵام دیار نییە ئەمشەو، سبەی یا دوای سێ مانگ یا پاشی پەنجا ساڵ. لە ڕاستیدا نهێنی هەرەگەورەی شاری ئەناگوور هەر ئەمەیە."

گەیشتینێ. لە هەمبەر دەروازەیەکدا ڕاوەستاین کە دەتگوت لە پۆڵا ساز کراوە. گەلێک کەس لەوێ چاوەڕێ بوون. چۆڵەوانانی چەماوە، سواڵکەران، ژنانی ڕووداپۆشراو، ڕاهیبان، شەرکەرانی بە

چەک تەیارکراو، تەنانەت شازادەیەکیش بە بارەگای بچووکی خۆیەوە. جارجارە کەسێک بەدار دەستەکەی لەدەروازەکەی دەکوتا و گرمەیەک دەهاتە بەر گوێ. ڕێنوێنەکە گوتی: "لێی دەدەن تا ئەناگـووریـیەکـان بە بیستنـی دەنگی دەرگاکە، بێن و بیکەنەوە. لە هەموانیش ڕا وەهایە هەتا دەرگاکە نەکوترێ هەرگیز کەسێک نابێ کە بیکاتەوە."

من تووشی شک بووم: "جا دڵنیاییەک هەیە کە لـەوبەری دیـوار کەسێکی لێ بێ؟ شار خۆ ناکرێ بێ جەماوەر بێت."

ماگالۆن بزەیەکی هات: "کەسانێک کە یەکەم جار دێنە ئێرە هەروا بیر دەکەنەوە. بۆخۆشم زەمانێکی شکم دەکرد لەوەی پشت ئەو دیوارە کەسێکی لێ بژی. بەڵام شتەکە تەواو پێچەوانەیە. هەندێک شەوان کە وڵات ڕووناک بێت، دووکەڵی شارەکە، وەک دووکەڵی ژمارەیەکی زۆر بخووردان کە بەرەو ئاسمان هەڵدەستێ، دەبینرێ. ئەوەش نیشانەیەکە کە لە شاردا، خەڵکانێک دەژین و ئاگر دەکەنەوە و چێشت لێ دەنێن. تازە، بەڵگەیەکی بەهێزتریش هەیە: زۆر لەوە پێش یەکێک لە دەروازەکان کراوەتەوە."

-"کەنگێ؟"

-"ڕاستیت دەوێت، ڕێکەوتەکەی ڕوون نییە. هەندێک دەڵێن مانگێک، مانگ و نیوێک لەمەوبەر، بەڵام کەسانێکی تر ئەو بابەتە دەگەڕێننەوە بۆ کات و ساتێکی زۆر دوورتر. دوو، سێ، یان چوار ساڵ لەوە پێش. هەندێکیش تەنانەت ئەم ڕووداوە دەگەڕێننەوە بۆ دەورەی پادشایەتی سوڵتان ئەحمێر ئێهرگان".

-"ئەحمێر ئێهرگان کەنگێ پادشا بوو؟"

-"تەقریبەن سێ سەدە لەوە پێش، بەڵام تۆ زۆر بەختەوەری ئاغام، بڕوانە! هەرچەند نیمەڕۆیە و هەوا زۆر گەرمە بەڵام لەوێوە دووکەڵ هەڵدەستێ."

سەرەڕای گەرمی کەش و هەوا، دەنگ و هەرا و هوریایەکی لەناکاو، خێوەتگاکەی تەنییەوە. هەموو لە خێوەتەکانیان هاتبوونە دەرێ و بە ئاماژەی ئەنگوست، دوو ئەستوونی لەرزۆکی دووکەڵی خۆڵەمێشیان بە یەکتر نیشان دەدا کە لەودیو لێواری دیوارەکەوە هەڵدەستا. لەم دەنگەدەنگە تاسەبارانە کە ساتبەساتیش بەرزتر دەبۆوە هیچ تێنەدەگەیشتم. بەڵام تاسە و تامەزرۆییەکی زۆری پێوە دیار بوو. وەک بڵێی ئەم دوو ئەستوونە کاڵە، سەمەرەترین دیاردەی دنیایە و مزگێنییەکی تازەی زۆر خۆشی پێیە. شتێک کە لەبەر ئەم هۆیانە من پێم وا بوو لەخۆوە زۆر گەورە کراوەتەوە. بەر لە هەر شتێک، دیتنی دووکەڵ، بە هـیچ چەشنێک بە مـانـای ئـەوە نەبـوو کە دەروازەکان خەریکن ئاوەڵا دەکرێن. کەواتە بەڵگەیەکـی باشیش بۆ جێژن و هەڵپەڕکێ نەبوو.

دووهەم: ئەم دەنگە دەنگە زۆرەی کـە بڵێیـن لـەولای دیـوارەکـەوە گوێیان تێوە بووبـێ، لـەبـری ئـەوەی هانیان بدات بـۆ کـردنەوەی دەروازەکـان، بەپێچەوانەوە پەژیوانی دەکردنەوە.

سێهەم ئەم دووکەڵانە، نەیدەتوانی بیسەلمێنێ لە ئەناگووردا خەڵکانێک نیشتەجێن. تۆ بڵێی لەبەر ئاگرکەتنەوەیەکی سوتفە بە هۆی تینی گەرمی هەتاوەوە نەبێت؟ یا نا هەر زۆر دوور بۆی بچین تۆ بڵێی ئەم ئاگرە دائیسلوانە کاری ئەو تاڵانکەرانە نەبێت کە لە ڕێی نهێنییەوە بۆ تاڵانی ئەم شارە مردوو و بێ جووقەوارە چوونەتە ناوی؟ لەبەر خۆمەوە گوتم: "زۆر سەیرە کە جیا لە دووکەڵ، ئەناگوور، هیچ نیشانەیەکی دیکەی ژیانی لێ بەدی ناکرێ. نە دەنگێ، نە ئاهەنگێ، نە وەڕینی سەگێ، نە تەنانەت یاساوڵێک و ئاژانێ یا کەسێکی کەندەوەکۆش لەسەر دیوارێ. زۆر سەیرە."

بۆیە پرسیم: "مـاگـالـۆن، پێم بڵـێ بـزانم کەنگێ دەرگـاکە کراوە؟ چەند کەس توانیان بچنە ژوورەوە؟"

ماگالۆن گوتی: "تەنیا پیاوێک."

-"ئەوانی تر چی؟ بۆ دواوە پاڵ نران؟"

- ئەوانیتر کێ؟ کەسێک لە گـۆڕێ نەبـوو. ئـەم ڕووداوە دەگـەڕێتەوە بۆ یەکێک لە بچووکترین دەروازەکانـی شـار کـە زیارەتکەران لێی غافڵ ببوون. لەو ڕۆژەدا کەسێ لەوێوە چاوەڕێ نەبوو. بەرەبـەری شـەوێ، ڕێبوارێ کە لـە ڕێـوە هـاتبوو، دەرگەکەی کوتا، نەیدەزانی کە ئەم شارە ئەناگوورە. کاتێک هات بەهیوای شتێکی وا نەبوو. تەنیا سەرپەنایەکی بۆ خەوی شەوی دەویست. هەر لە هیچ شتێکـیش ئاگادار نەبوو. زۆر بە هەڵکەوت ڕێی کەوتبووە ئەوێ. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش دەرگایان بۆ واڵا کردبێت.

تا ئەو جێیەی پێوەندی بە منەوە هەیە، بیست و پێنج ساڵ چاوەڕوان مامەوە و لە دەرەوەی دیوارەکە خێوەتم هەڵدا. بەڵام دەرگاکە نەکراوە. ئێستاش دەگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم. زیارەتکەرە چاوەڕوانەکان، کە باروبنەی سەفەرم دەبینن، سەر ڕادەوەشێنن و دەڵێن: کورە هاورێ! زۆر تووڕەی! هەیهوو، کەمێ سەبرت هەبێ! تۆ داخوازیت لە ژیان زۆرە.



# کۆتایی دنیا

و: محەمەد ئیسماعیل نژاد -م.ئاران-

ڕۆژێک کاتژمێر نزیک یازدەی بەیانی، مشتەکۆڵەیەک لە تەشقی ئاسمانی شاردا وەدەرکەوت. ئەوسا، بەئەسپایی بەشکڵی پەنجەیەک دەرهات و وەکوو چنگی مەزنی مەرگ، لەجێی خۆیدا، داوەستا. وێدەچوو بەردینە بێت، بەڵام نا، بەردینە نەبوو. وا دەهاتە بەرچاو لە گۆشت بێ، بەڵام نا، لە گۆشتیش نەبوو. دەتگوت لە هەور ساز کرابوو، بەڵام نا، هەورینیش نەبوو. خودا بوو و ئاخری دنیا بوو. ورتەورتێ کە دواتر بوو بە ناڵە و پاشانیش بوو بە هاوارێک، بە هەموو وڵاتدا بڵاو بۆوە و بوو بە دەنگێکی بەرز و یەکپارچەی مەترسیدار کە وەک گوڕڕەی شەیپوورێک بەرەو ئاسمان هەڵکشا.

لوویزا و پیێترۆ ، لەبەر هەتاوی نیانی ئەو دەمەدا، لە گۆڕەپانێکی بچووک بوون کە بە ماڵێکی خەیاڵی و پاژێک لە باخچەیەک، پەرژین کرابوو. لە ئاسماندا، لە بەرزاییەکی نادیارەوە، دەستەکە هەروا داوەستابوو. دەلاقەکان لەناو هاواری پاڕانەوە و سامناکیدا دەکرانەوە و قەد و باڵای ژنانێکی جوان لە کراسی تەسک و تەنکدا، بۆ دیتنی ئەم ڕووداوە وەدەر دەکەوت. لە کاتێکدا هاوارە سەرەتاییەکانی شار، هێور دەبۆوە، خەڵکی، تاقولۆق و بە هەڵاتهەڵات لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرێ و هەستیان دەکرد پێداویستیان بە جووڵانەوە یان هەر کارێکی دیکە هەیە. نەیاندەزانی خۆ بە چییەوە هەڵواسن.

لوویزا، بەگوڕ دەگریا و هیقەهیق دەیگوت: "دەمزانی دەبێ لێرەدا تەواو بێ... کڵێسەی چی و دوعای چی... من هیچم لەبیر نەبوو، گوێم نەدەدا بە هیچ، ئێستاش... وا هەست دەکەم هەر دەبوو وای لێ هاتبایە." پیێترۆ بۆ هێور کردنەوەی دەبوو چی پێ بڵێ؟ خۆشی وەک منداڵێ وە گریان کەوتبوو. هەموو خەڵکی بەتایبەت ژنان دەگریان. لەم ناوەدا تەنیا دوو قەشەی پیر و دڵتەڕ لە کاتێکدا کە پێکەوە هەنگاوەکانیان هەڵدەهێناوە، بە خۆشحاڵییەوە دەڕۆیشتن و زۆر بە دڵخۆشییەوە، بە ناسراوترین ڕێبوارەکانیان ڕادەگەیاند: "درۆزنەکان! ئیتر کارتان کەوتووەتە قۆپی، ئێستا ئیتر دەست لە درۆ و دەلەسە هەڵدەگرن؟ ها؟ ئێستا ئێمە براوەین." -پێشدەکەنین- "هەمیشە گاڵتەتان بە ئێمە دەکرد، پێتان دەگوتین ئیماندارانی نەزان، ئێستا ڕوون دەبێتەوە کێ درۆزن و فێڵبازە!" وەک منداڵانی قوتابخانە شاد بوون و بەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکەدا کە سەیر لەوانیان دەڕوانی -بێ ئەوەی بوێرن دژکردەوەیەک بنوێنن - تێدەپەڕین. هێشتا یەک دوو خولەکێک لە پێچی کۆڵانەکەدا لەبەر چاوان ون نەبووبوون کە پیاوێ - تۆمەز دەرفەتێکی گرانبایی لە کیس چووبێت! - هەر لە خۆوە وەدوایان کەوت و لە کاتێکدا چەپۆکی بە نێوچاوانی خۆیدا دەکێشا، دەینەڕاند: "هاواربەماڵم! چەنێ گەمژەین ئێمە! بەخت هەتا بەردەرکەت بێت و بهێڵی بڕوات." بەڵام تازە کەس نەیدەتوانی بە تۆزی ڕێی ئەو دوو قەشە خۆشحاڵە بگاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ژنان و هەروەها ئەو پیاوە لەخۆباییانەی جارانیش، بە دوم جنێودانەوە، نائومێد و دڵسارد، بە وەڕەزییەوە لە کڵێساکان دەگەڕانەوە. باشترین قەشەکانیش بزر ببوون. دەیانگوت: ڕەنگە لەلایەن بەرپرسانی پلەبەرز و خاوەن کۆمپانیاکانەوە کڕدرابێتن. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە پارە -ئەگەرچی ئاخرزەمان بوو- بەڵام هێشتا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر جێگە و پێگەی خۆی ڕاگرتبوو. ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێ کە دەیانگوت هێشتا چەند خولەک، چەن کاتژمێر و ڕەنگە چەن ڕۆژی دیکەی ماوە. سەبارەت بە قەشە حازر بە خزمەتەکانی کڵێساشەوە، هێندە حەشاماتێکی سەرسووڕهێنەر کۆ ببوونەوە کە هیچکەس بڕوای نەدەکرد و تەنانەت باس لەو ڕووداوانەش دەکرا کە بە هۆی ئاپۆرەی خەڵکەوە پێشهاتبوون. یان ئەو کەسانەی کە بۆ قۆلبڕینی خەڵکی، بە جلوبەرگی قەشەکانەوەوە، پەیدا ببوون و بۆ وەرگرتنی دانپیانانی گوناهباران، تەنانەت دەچوونە بەر دەرکەی ماڵانیش و داوای پارەیەکی زۆریشیان لە خەڵکی دەکرد. بە پێچەوانەی ئەوەوە، لاوەکان، بە جووتە و بەخێرایی لە جەماوەر دوور دەکەوتنەوە و بێ هیچ شەرمێک، لەسەر چیمەنەکان دەکەوتنە تێکئاڵان و ڕامووسان. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر تینی خۆرەتاودا، دەستەکە زیاتر هاوڕەنگی خاکی لێدەرهاتبوو، هەر بۆیە زیاتر هەراسی دەخستە دڵانەوە. دەنگۆیەک داکەوت کە گوایە کارەساتەکە بەم زووانە ڕوو دەدا. هەندێکیش بە دڵنیاییەوە دەیانگوت ئەم چاوەڕوانییە لە نیوەڕۆ زیاتر ناخایەنێ.

لەو دەمەدا، لەبەر هەیوانی داپۆشراو و خۆشی خانووبەرەیەک کە دوو پلە لە ئاستی زەوییەوە بەرزتر بوو، قەشەیەکی لاو، کە سەری دانەواندبوو، ڕاوێچکەی دەکرد. وەک بڵێی ناوێرێ خۆ بە ژوورێدا بکا. لەم کاتژمێرە و لەم ماڵە بەبریقوباق و پڕ لە ژنی بێ شەرمەدا، بوونی قەشەیەک ئاسایی نەبوو. لە گۆشە و کەنارەوە هاوار بەرز بۆوە: "قەشە! قەشە!" خەڵک، بەر لەوەی قەشەکە بتوانێ دەرچێت توانیان دەسبەجێ پێشی پێ بگرن و بە سەریدا بگوڕڕێنن: "ئێمە دان بە تاوانەکانماندا دەهێنین، تۆش گوێمان لێ بگرە!، تۆش قسەکانی ئێمە ببیسە!" ڕەنگی هەڵبزڕکا و بەرەو شەوستانێکی چکۆلە و جوان کە وەک مینبەرێ لەناو هەیوانەکەدا وێدەچوو بۆ ئەو کارە دابین کراوە، پاڵیان پێوە نا. هەر دەسبەجێ جەماوەرێکی زۆر ژن و پیاو، بە ژاوەژاو وەسەر شان و ملی یەکتریندا، پەڕین و بەسەر ئەستوون و دیوارە نزمەکانی دەوروبەردا هەڵڕۆچکان.

قەشەکە، دەستی بە وەرگرتنی دانپیانان کرد و خێرا خێرا گوێی هەڵدەخست بۆ نهێنییەکانی ئەو کەسانەی نەیدەناسین و بە هەناسەبڕکێوە دانیان بە گوناحەکانیاندا دەهێنا و لەوە نەدەترسان کەس گوێ بداتە قسەکانیان. بەر لەوەی قسەکانیان کۆتایی پێ بێ، بە دەستی ڕاست، خاچێکی بچووکی دەکێشایەوە، دەیبەخشی و خێرا ڕووی دەکردە تاوانبارێکی دیکە. بەڵام هەژماریان لە ڕادە بەدەر بوو. قەشەکە، بە پەرۆشەوە بۆ دەوروبەری دەڕوانی و لە دەریای هەڵچووی ئەو گوناحانە خورد دەبۆوە کە بۆ لێبوردن لەبەر دەمیدا شین ببوو. لوویزا و پیێترۆش زۆر بە زەحمەت خۆیان پێ گەیاند و بە نۆرە توانیان قسەکانیان بە گوێیدا بدەن. ژنێکی جوان لە ترسی ئەوەی نەکا کات دوایی بێت و وەفریا نەکەوێ، زۆر سەرشێتانە و بە شێوەیەکی نەفسنزمانە، پەیتاپەیتا دەیقیژاند: "هەرگیز ناچمە کۆڕی عیبادەت، درۆیان دەکەم و زۆر گوناحی تریش... خۆت پێی زیاد بکە... لەبەر ترسیش نییە لێرەم، بڕوام پێ بکەن، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئاواتمە لە بچمە لای خودا. سوێند دەخۆم کە ..." وەها ئەم قسانەی دەکرد کە خۆشی بڕوای پێکردبوون. قەشەکە، ورتەورتێکی لێوە هات: "من لە تۆ خۆش دەبم..." ئینجا گوێی بۆ قسەکانی پیێترۆ هەڵخست.

بەڵام دڵەڕاوکێیەکی لەڕادەبەدەر کەوتە ناو خەڵکەکەوە. یەکێک پرسی: چەندی ماوە بۆ ئاخری دنیا؟ یەکێکی دیکە -وەک بڵێی زۆر ئاگای لێبێ- چاوێکی لە کاتژمێرەکەی کرد و وەک بیەوێ ئەمر بکا، گوتی: دە خولەک. قەشەکە گوێی لەم قسەیە بوو و کتوپڕ هەوڵیدا پاشەکشە بکا، بەڵام جەماوەری ناڕازی و تینوو، نەیانهێشت. وێدەچوو یاوی هەبێت و دیار بوو هیچ کام لەو دانپیانانە، بە قەد ورتەورتێک نایەنە گوێی. پەیتاپەیتا خاچی دەکێشا و ئۆتوماتیک دووپاتی دەکردەوە: "من تۆ دەبەخشم..."

دەنگی پیاوێک لەناو حەشامەتەکەوە ڕایگەیاند: "هەشت خولەک" هەر بە ڕاست قەشەکەش دەلەرزا. پێیەکانی وەک ئەو دەمەی منداڵێک مانی شتێک دەگرێ، دەکوتا بەسەر بەردە مەڕمەڕەکاندا. بەوپەڕی نائومێدییەوە دەپاڕایەوە: "ئەی من چی؟ ئەی من چی؟" ئەو بە لەعنەتبووانە، خەریکبوون ئەویان لە ڕزگاری بێبەش دەکرد. سەریان لەقوڕ نێن. ئەرێ دەبوو چلۆن خۆی چۆن ڕزگار بکات؟ دەبوو چلۆن بە خەمی خۆیەوە بێت؟ خەریکبوو گریان دایدەگرت. لەو عالەمە کە گشتی تینووی بەهەشت بوون دەپاڕایەوە: "ئەی من چی؟ ئەی من چی؟"

بەڵام کەس، گووی بە کڵاوی نەدەپێوا...

# کوڕە بەدبەختەکە

## و: سارا سوڵتانی

خاتوو کلارا هەر لەسەر عادەتی جاران دەستی کوڕە پێنج ساڵەکەی گرت و لەگەڵ خۆی بردی بۆ پارکی میللی کە لە پەنا چەمی شار بوو. کاتژمێر نزیک سێی نیوەڕۆ بوو، هەوا ئەوەندەش خۆش نەبوو. جارجار تاو هەڵدەهات و جارجار ئاوا دەبووەوە و سۆزە بایەکیش لە لای چەمەکەوە دەهات. منداڵەکەش کە منداڵێکی جوان نەبوو، بەڵکوو دەتوانم بڵێم کز و لاواز، شل و شەوێق و ڕوحی بە بەرەوە نەبوو؛ ڕەنگ‌وڕووی زەردهەڵگەڕاوی مەیلەوسەوزی هەڵگەڕابوو، بەمجۆرە کە هەواڵەکانی، کاتێ سەریان داویشتە سەری و گاڵتەیان پێ‌دەکرد بە "کاهوو" بانگیان دەکرد.
منداڵە ڕەنگ زەردەکان بە پێچەوانەی ڕەنگوو ڕوویان دوو چاوی ڕەشی گەورەیان هەیە کە لە دەمووچاوی ڕەنگ هەڵگەڕاویاندا بە زەقی دیتەبەرچاو و دەموچاویان وەبەر دڵ دەکەوێ، بەڵام "دۆلفی" بچکۆلانە بە پێچەوانەوە، دوو چاوی چکۆلە و بێ شکڵ‌وشەمایلی هەبوو کە بێ هیچ هۆکارێکی تایبەت، بۆ ئەملاوئەولا دەسووڕان و دەیانڕوانی. ئەورۆ ئەو منداڵەی نێویان نابوو کاهوو، تفەنگێکی نوێی بچووکی پێبوو کە گوللەی وردیلەی پێ دەهاویشت.
هەر چییەک بووبێ، گرینگ ئەوە بوو کە یەک تفەنگ بوو.
بەڵام ئەو وێڕای منداڵەکانی دیکە کایەی نەدەکرد و قەرەی لە قەرەیان نەدەدا، چونکە منداڵەکانی دیکە وا ڕاهاتبوون کە گاڵتەی پێبکەن و سەرکۆنەی بکەن و بیشکێننەوە، هەر بۆیە خۆی دەبوارد لە کایە کردن لەگەڵ ئەوان، تەنانەت ئەگەر بە تاقی تەنیاش مابایەوە.
دەڵێن ئاژەڵەکان تێناگەن خەمی تەنیایی چییە، هەر بۆیە دەتوانن بە تەنیاش کایەی خۆیان بکەن، بەڵام ئینسان ئەو توانایییەی نییە و کاتێک هەوڵیش دەدا بە تەنیا درێژە بە کایەکانی بدات، زۆر زوو دڵەڕاوکەیێکی زیاتر لە جاران دایدەگرێ. لەو دۆخە دا کاتێک منداڵەکان لە پێش دۆلفی دەهاتن و دەچوون ، دۆلفی تفەنگەکەی بە دەستەوە دەگرت و تەقەی لێ دەکردن، هەڵبەت نە لە ڕووی ڕق و دووژمنایەتییەوە، بەڵکوو کەم‌تاکورتێک لەبەر ئەوەی کە ناڕاستەوخۆ تفەنگەکەیان نیشان بدات و پێیان بڵێ : ئەها دیوتانە منیش ئەورۆ شەڕوانم و تفەنگم هەیە، بۆچی بانگم ناکەن لەگەڵتان کایە بکەم؟
منداڵەکانی شەقامە پڕ درەختەکە، سرنجیان دەدایە تفەنگە نوێیەکەی دۆلفی. تفەنگ شتێکی هەرزانبایی بوو، بەڵام هەرچی بێ لە ئی ئەوان تازەتر و جیاوازتر بوو، هەر بۆیە ببووە هۆی کونجکۆڵی و ئێرەیی پێ بردنی ئەوان.
یەکیان گوتی: "بینیتان کاهوو تفەنگێکی تازەی پێیە؟"
یەکی دیکە لە منداڵەکان گوتی: "کاهوو ئەو تفەنگەی بۆیە هێناوە کە فەقەت نیشانمان بدات و خۆ ڕانێ و ئێمەی پێ قەڵس بکا، دەنا کایەمان لەگەڵ ناکات و تەنانەت بە تەنیاش هەر کایەی پێ ناکات و تفەنگەکەشی خۆ قۆڕازەیە"
سێهەمینیان گوتی: "چونکە لێمان دەترسێ، بۆیە کایەمان لەگەڵ ناکات" و ئەوەڵی گوتی: "دەی باشە. ئەو هەر ماڵۆسێکی پیسە..."
خاتوو کلارا لەبەر تاوێ لەسەر کورسێکە دانیشتبوو و سەرقاڵی چنینی کاموا بوو، دۆلفیش وەک گێژێک لە پەنای دانیشتبوو. لە خۆی ڕانەدەدیت بچێتە شەقامە پڕدرەختەکە و دەورێک لێبدات، هەروا بێواز و بێ‌ئامانج، تفەنگەکەی دەستدابوو، ئەمدەستاودەستی پێ دەکرد. کاتژمێر نزیک سێی نیوەڕۆ بوو و تاقمێک باڵندەی جۆراوجۆری نەناسراو، ڕەنگە لەبەر دەست پێکردنی یەکەم ساتەکانی ئێوارە، لەسەر چڵووکی دارەکان دەستیان کردبوو بە قیڕەوقیڕ و جریوەجریوێکی شێتانە. خاتوو کلارا بە بێ ئەوەی لەسەر کامواچنینەکەی سەر هەڵبێنێ، هانەهانەی دۆلفی دەدا : " هەستە دەی هەستە، هەستە بڕۆ کایە بکە"
- "کایە لەگەڵ کێ؟"
- "هەیهوو! لەگەڵ ئەو منداڵانە. خۆ هەموو پێکەوە هاوڕێن، وانییە؟"
دۆلفی گوتی : "نا، هاوڕێ نین، کاتێ دەچمە لایان، گاڵتەم پێدەکەن."
- "چونکە پێت دەڵێن کاهوو، بۆیە وادەڵێی؟"
- "پێمخۆش نییە، نامهەوێ پێم بڵێن کاهوو."
- "بە ڕای من ناوێکی خوێن‌شیرنانەیە و ئەمن هیچ پێی قەڵس نیم."
بەڵام دۆلفی بە قەڵسی گوتی: "پێم خۆش نییە پێم بڵێن کاهوو."
منداڵەکانی دیکە زۆربەی کاتەکان کایەی شەڕیان دەکرد. ئەمڕۆش هەروا. دۆلفی یەکجار هەوڵی دابوو لەگەڵیان تێکەڵ بێت و کایەیان لەگەڵدا بکا، بەڵام ئەوان پێیان گوتبوو کاهوو و دابوویانە قاقای پێکەنین. ئەوان هەموویان کەم تا کورتێک سوورکارە و کرچوکاڵ بوون، بەڵام دۆلفی ڕەشتاڵە بوو. قژەسەرێکی کورت و پێشەسەری بە لایەکی نێوچاوانیدا لادابوو. ئەوان قاچوقولیان قەڵەو و ڕەختە و هی دۆلفی بەڵام، کز و لاواز وەک قامیش وابوو. ئەوان وەکوو کەروێشک هەڵدەبەزین و دادەبەزین و دۆلفیش هەرچەندی دەنووسایەخۆی، تاقەتی نەبوو تۆزیشیان بشکێنێ. ئەوان تفەنگ، شمشێر، قەپانچەلە، تیرووکەوان، سەرنێزە و کڵاوی شەڕیان هەبوو. تەنانەت کوڕی "ئەندازیار ڤەیس"یشیان لەگەڵدا بوو کە وەکوو شەڕوانە سوارچاکەکەی نێو چەکدارانی ڕێژیم، زرێیەکی بریقەداریشی هەبوو. ئەوان ئەگەرچی هاوتەمەن و هاوڕێ بوون، بەڵام بارتەقای یەکدنیا دژوێنی سووکوچرووکیان دەزانی و دۆلفی تەنانەت نەشیدەوێرا ئەو دژوێنانە لای کەس بدرکێنێ. ئەوان بە هێز بوون و ئەو لاواز و مردەڵۆخە. بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو، دۆلفی بە تفەنگەوە هاتبوو. هەر بۆیە منداڵەکان لە نێو خۆیاندا کردیانە سرتووخوورت و وردەوردە لێی نزیک بوونەوە.



ماکس، کوڕی ئەندازیار ڤەیس گوتی: "تفەنگێکی جوانت هەیە، نیشانمان دە". دۆلفی بەبێ ئەوەی کە بیانداتێ ، هێشتی لێی ورد ببنەوە و ببینن. ماکس تفەنگێکی ساچمەیی بە ملیەوە هەڵواسیبوو کە نرخەکەی بیست بەرانبەری نرخی تفەنگەکەی دۆلفی بوو. بە فیزێکەوە چاوێکی لە تفەنگەکەی دۆلفی کرد و گوتی: "خراپ نییە". دۆلفی لەو قسەیە یەکجار خۆشحاڵ بوو. والتێر بە چاولێکردنێکی خێرپێکەرانەوە گوتی: "ئەتۆش دەتوانی بیی، بەو تفەنگەتەوە بەشەڕ بێی". منداڵی سێهەم گوتی: "ئەرێ، دەتوانی بەو تفەنگەوە ببیتە فەرماندە." دۆلفی بە سەرسوورمانەوە چاوی لێدەکردن. هێشتا ناوی کاهوو بەسەر زاریاندا نەهاتبوو، هەر بۆیە ئەرخەیان بوو و لەگەڵیان یەک کەوت. پاشان ڕەوتی شەڕکردنی ئەوڕۆژەیان بۆ باس کرد. هێزی ژێنێراڵ ماکس لە کێوەکاندا نیشتەجێ بوون و هێزی ژێنێراڵ والتێر هەوڵیان دەدا ڕێگاکانی تێهەڵچوون بەرەو نێوقەدی کێوەکان بدۆزنەوە و بیانکەنەوە. دوو کێوەکە لە ڕاستەقینەدا ئەو دوو تەپکە بچووکە شیناوەردە بوون کە بەربڵاو گوێنی و دەوەنی لێ ڕوابوون و ڕێگەکانی تێپەڕینیش، ڕێیەکی باریکی ئەستەم و سەرەولێژ بوو کە خۆیان سازیان کردبوو. دۆلفی پلەی فەرماندەیی هێزی والتێری بۆ تەرخان کرا.

دوایی هێزەکانی شەڕ بە چەن تاقمی بچووکتر دابەش کران و هەر تاقمەی بۆ دارشتنی گەڵاڵە و پلانی نهێنی شەڕ خۆیان لە قووژبنێک خزاند. یەکەمین جار بوو دۆلفی هەستی دەکرد کە منداڵەکان ئەویش بەهەند دیننە ئەژمار. والتێر ئەرکێکی یەکجار بەرپرسیارانەی پێ سپارد: دەبوایە فەرماندێتی دەستەی پێشڕەوی شەڕی کردبا و لە ڕاستیدا دوو منداڵ کە وێدەچوو شتێکی لێ بزانن، بە قەپانچەلە پرچەک کرابوون بۆ چاوەدێری و بوونە بادیگاردی خۆبەخشی فەرماندەکەیان (دۆلفی) و بۆ ئەو ئەرکە گەورەیەی دۆزینەوەی ڕێگەی تێپەڕینەکان، تا سەرووی لەشکر بەڕێیان کرد. هەم والتێر، هەم شەڕوانەکانی دیکەش، زۆر زیاتر لە ڕادەی پێویست، ڕووخۆش و بە بزەوە دەیانڕوانییە دۆلفی. بەو شێوە لە لێواری کوێرەڕێیەکی باریکی سەرەولێژی ئەستەم نزیک بۆوە.لەملا و لەولای تێپەڕگەکە، مێرگ و دەوەنێکی سەرەولێژی لێبوو کە جێی مەترسی بوو و گومانی ئەوەیان لێدەکرد دوژمنان بە سەرکردەیی ماکس، لە پشت دەوەنەکان خۆیان حەشار دابێ و کەمینیان لێ گرتبێتن. بەڵام هیچ شتێک دیار نەبوو. والتێر بە گوفت و لفتێکی خۆمانە دەستووری بە دۆلفی دا و گوتی: یاڵڵا فەرماندە دۆلفی، زووکە تا ئەوان نەگەییون، وەرێ بکەون و هێرش بەرن. گەڵکوو ئێوە گەیشتنە خوارێ ئێمەش دەگەینێ و خۆمان بۆ بەرگری تەیار دەکەین. بەڵام بە هەڵاتن بەرەوپێش بڕۆ تائەوجێیەی دەتوانی تیژترهەڵێ،لەوانەیەوەربنەسەرمان. دۆلفی ئاوڕێکی لێدانەوە و دیتی نەک هەر والتێر بەڵکوو شەڕوانەکانی دیکەش بزەیەکی سەیریان لەسەر لێوە. بۆ ساتێک دوودڵ بوو و پرسیاری کرد : "چیە؟" ژێنێراڵ دەستووری دا: " یاڵڵا فەرماندە هێرش بەرە..."

لەو کاتەدا، لەوبەر چەمەکە کوڕێکی موزیکژەنی نیزامی کە لێیان دیار نەبوون تێدەپەڕین. کوتەکوتی سەرسوڕهێنەری تەپڵەکە وەکوو شەپۆلەکانی ژیان دای لە دڵی دۆلفی و لەو کاتەدا کە بە ورەبەرزی و لەخۆباییەوە، تفەنگەکەی هەڵدەگوشی، کاریگەرییەکی سەیری تیا دروست کرد و هەستی کرد بۆ سەرکەوتن بانگهێشت کراوە. وەها دەنگی هەڵێنا کە هیچکات لە دۆخێکی ئاساییدا نەیدەتوانی بەوجۆرە دەنگ هەڵبڕێ: "منداڵەکان هێرش!" خێرا و بە پرتاو خۆی لە سەرەولێژەکە هاویشتە خوارێ. لەو ئانەدا وەک لە پشتسەرییەوە بۆمبێک تەقیبێتەوە، منداڵەکان دایان لە قاقای پێکەنین. بەڵام تازە خۆی فڕێ دابوو دەرفەتی گەڕانەوەشی نەبوو. هەستی کرد قاچێکی بە شتێکەوە بووە و گیری کردووە، لە دە سانتیمیتری عەرزەکەدا پەتکێکیان دابەستبوو. بە سەرەوە درا بە عەرزدا و لووتی زەبرێکی توندی بەرکەوت و تفەنگەکەی لە دەستی دەرپەڕی. شەبەنگی موسیقای دڵگری لێژنەی موزیکژەنەکان تێکەڵی زەنازەنا و تەق و تۆقی شەڕوانەکان ببوو. هەوڵی دا هەستێتە سەرپێ. بەڵام دوژمنان لە پشت دەوەنەکانەوە کەوتنە سەری و وەبەر سندەگڵ و قوڕ و لمیان دا. هەمووو سێرەیان لێگرتبوو و دەیان ئەنگاوت، هەتا تیرێک براوبر بەرگوێچکەی کەوت و دیسان لە تەختی عەرزیان ڕاکێشا و ڕژانە سەری. بە نووکە شەق و پێلاقە کفت کفتیان کرد. هەم والتێر هەم ژێنێراڵ و شەڕوانەکان: "بگرە ئەو شەقەش، بگرە دەی فەرمانده کاهوو!" لە کۆتاییدا هەستی کرد هەموویان ڕایان کرد. لەوبەری چەمەکە ئاوازی موسیقایەکی حیماسی بڵاو دەبۆوە. وێڕای گریانێکی خەمناک، ئازای گیانی وەک مێژووکە دەلەرزی. لە دەورووبەری خۆیدا بۆ تفەنگەکەی دەگەڕا، دۆزییەوە بەڵام تفەنگ ببوو بە ئاسنەواڵەیەکی قۆرازە و یەکێ لە منالەکان لوولەی تفەنگەکەی هەڵقەندبوو و ئیتر بە کەڵک نەدەهات. بەو ئاسنەواڵە لەتوکوت کراوەوە و بە لووتێکە کە خوێنی لێ دەچۆڕا و چۆکی بریندار و سەروگوێلاکی خۆڵاوی خۆی گەیاندە کن دایکی لە شەقامە پڕدرەختەکە.

- "ئەی خودایە، ئەوە چت کردووە دۆلفی!؟" هەر پرسیاری لێ نەکرد ئەوە چییان بەسەر هێناوی؛ بەڵکوو دەیگووت ئەوە چت کردووە، ڕقی خۆرسکی ژنی ماڵان ئاوا بوو: دەستێک جلکی بە تەواوی لە بەین چووبوو. بەڵام هەر ئەو دەستە جلکە نەبوو، بەڵکوو لەو ڕووداوەدا، دۆڕان و شکانەوە لە ناخی دایکیدا خۆی حەشار دابوو و بیری دەکردەوە: ئەو کوڕە بەدبەختە چ پیاوێکی خوێڕی و دەستەوەستانی لێ دەردەچێ؟ لە داهاتوو دا چ چارەنووسێکی سەرشۆڕانە چاوەڕێیەتی؟ ئەو ژنە بۆچ بۆی نەلوابوو منالێکی کرچوکاڵ و سوورکارەی وەک ئەو منالانەی نێو باخەکە بێنێتە سەر دونیا؟ بۆچی دۆلفی ئاوا بە خاوی و درەنگ هەڵدەدات؟ بۆچی قەت ڕەنگی بە ڕووەوە نییە؟ بۆ هیچکەس خۆشی ناوێ؟ بۆ ئەوەندە ترسنۆکە هەرچی دەگاتێ زووڵمێکی لێدەکا؟ لە خەیاڵی خۆیدا تێدەکۆشا بزانێ ئەو کوڕە پاش پازدە بیست ساڵی دیکە چۆن دەبێ و چی بەسەر دێ. حەزی دەکرد بە جلوبەرگی نیزامییەوە و لە پێشی لەشکری سوارچاکە نیزامییەکاندا ببینێ، یا دەست لە ناو دەستی کچێکی جوان، یا وەک خاوەنداری فرۆشگایەکی گەورە یا پاپۆڕەوانی هێزە دەریاییەکان هاتبایەتە بەر چاوی، بەڵام لە خەیاڵیشدا سەرکەوتوو نەبوو . هەمیشە وەک کوڕێکی داهێزاو لە پشت کورسی قوتابخانە، داهێزاو و پشت چەماو لەسەر کورسی نووسینگە و چاپخانەکان، یا لە پشت مێزی فەرمانگە خۆڵاوییەکان دانیشتووە و پێنووسێک و یەک بەستە کاغەزی لە پێش خۆی کۆ کردووەتەوە. پیاوێکی بەدبەخت و چارەڕەش. دۆلفی دەبوو بە پیاوێکی بەدبەخت و قووڕبەسەر.

خاتوونێکی جحێڵ و پاکووخاوێن کە لەگەڵ خاتوو کلارا قسەی دەکرد بە دڵسۆزییەوە گوتی: " ئۆیش کوڕی بەستەزمان!" و لە حاڵێکدا سەری ڕادەوەشاند، دەستی بە سەروسیمای دۆلفی دا دەهێنا و نوازشی دەکرد. کوڕە بە ئەمەگ ناسییەوە، سەری هەڵێنا و هەوڵی دا بە بزەوە بڕوانێتە ژنە جحێڵەکە. بارتەقای چرکەساتێک ڕووناکاییەک لە دەمووچاوە ڕەنگ بزرکاوەکەی نیشت. دەمووچاوێک کە هەموو تەنیاییە تاڵەکانی بوونەوەرێکی ناسک و شکێنەر، پاک، سووکایەتی پێکراو و بێ تاوانی تێدا حەشار درابوو و بە بەوپەڕی حەزەوە، تامەزرۆی دڵنەوایی و هەستێکی بێ خەوش و بێ وێنەی مێهرەبانی بوو. هەرچەند ئازارێکی یەکجار قورسی لە جەستەدا بوو، بەڵام ئەو ساتە هێند جوان بوو کە بە زمان بەرباس نەدەدرا. ئەو هەستە بۆ ساتێک و بۆ دواسات بوو کە بۆی ڕێکەوت. ئەو کوڕێکی نەجیب و میهرەبان و دلێر و دڵشکاو بوو کە نەیدەزانی هۆی ئەو زەبرووزۆنگانەی دونیای دەورووبەری چییە و لەو جیهانە ساردەی دەورووبەری، خوازیاری کەمێک خۆشەویستی و دۆستایەتی بوو. بەڵام تەنها چەند ساتێک بوو. دایکی بە تووڕەیی گوتی: "یاڵڵا دەی وەرە جلەکانت بگۆڕە" و بە توندی پریدایە و بەرەو ماڵ ڕایکێشا. منالەکە وا دەگریا سەری بە هەنیسکەوە دەچوو: لەو کاتە دا کتوپڕ دەموچاوی گۆڕا و شکڵی ڕق و قینی بەخۆ گرت و عەزمی جەزم کرد و لە حاڵێکدا بێ ئەوەی هۆشی بەخۆوە بێ لێوی خۆی دەکرۆشت، بڕیاری یەکجارەکی خۆی دەرکرد.

خاتوونەکەیتروێڕایماڵاواییلەدایکی،بەدەنگێکیبەرزگوتی:"هاوار لە دەست ئەم منالانە. بە هیوای دیدارێکی دیکە خاتوو هیتلێر.

# دڵۆپێک

و: فریا یوونس

دڵۆپە ئاوێک لە پیلکانەکانەوە سەردەکەوێ. گوێت لە دەنگەکەیەتی؟ لە تاریکاییدا لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشاوم و گوێ لە دەنگی هەنگاوە نادیارەکانی دەگرم. ئەوە چۆنە دەڕوا بە ڕێدا؟ دەپەڕێ؟ دەنگی تک تکێک لەدوای یەک دەبیسترێ. دوایی دڵۆپەکە دەوێستێ و ڕەنگە لە درێژای شەودا دیار نەمێنێ. دیسان دێتەسەر و بەپێچەوانەی دڵۆپەکانی دیکە کە بە پێی پێملبوونیان بە یاسای کێشی زەوی، دەکەونە خوار و لە کۆتاییدا هەروا کە لە هەموو دنیادا باوە، تک تک دەنگ دەدەنەوە، ئەم دڵۆپە لە درێژای پیلکانەی "ئی"*دا لە موجتەمەعێکی ئاپارتمانی گەورە، هێواش هێواش خۆی دەکێشێتە سەرێ. ئێمە کەسە گەورە و زیرەک و هەرە هەستیارەکانی موجتەمەع، ئاگامان لێی نەبوو. بەڵکوو کارەکەرەکەی نهۆمی یەکەم، کە کچێکی ڕەنگ پەڕیو و گەمژەیە، لە دواهەمین کاتژمێرەکانی شەودا کە هەموان خەویان لێکەوتبوو، ئاگای لێبوو. ماوەیەک دوای ئەوە نەیتوانی بەری خۆی بگرێ. لە قەرەوێڵەکەی هاتەخوار و هەڵات تا کەیبانووی ماڵەکە لە خەو هەڵسێنێ. هێواش برماندی: "خاتوون، خاتوون!"

خاتوونەکە تلێکی داو وتی: "چیە، چیبووە؟"

"دڵۆپێکە خاتوون، دڵۆپێک کە لە پیلکانەکان دێتە سەرێ!"

خاتوون بە سەرسووڕمانەوە لێی پرسی: "چی، چی؟"

کچە کارەکەرەکە دووپاتی کردەوە: "دڵۆپێکە کە لە پیلکانەکان دێتە سەرێ!" و خەریکبوو گریانێک دەیگرت.

خاتوون گووڕی لێگرت: "دالاچۆ، لاچۆ، شێت بووی؟ دەی برۆ بنوو! ئەوە هی ئەوەیە کە شەرابت خواردووەتەوە، جێی شەرمە بەڕاستی. ماوەیەکە هەرچی بەیانییە لەو شەرابەی نێو قوتووەکە کەم دەبێتەوە! دێڵەبەبای پیسە، ئەگەر پێت وایە..."

بەڵام کچە خێرا ڕووی نایە هەڵاتن و لەژێر پەتانییەکەدا خۆی شاردەوە. دوایی خاتوون کە ئیتر خەونی لێ زڕابوو، لە بێدەنگیدا بیری دەکردەوە: "کەس نازانێ چی بە زەینی ئەو گەوجە گەیشتووە." ئەوسا بێ ئەوەی بیهەوێ گوێی بۆ ئەو شەوە ڕادێرا کە بە سەر هەموو جیهاندا زاڵ ببوو. ئەویش ئەو دەنگە سەیروسەمەرەی هاتە گوێ. بەڕاستی دڵۆپێک دەهاتە سەر. خاتوون کە ژنێکی مەیلەو ڕێکوپێکی و نەزم بوو، بۆ ساتێک بیری کردەوە کە بچێتە دەر و خۆی هەموو شتێک ببینێت. بەڵام لەو ڕووناکییە کزەی لە چرای هەڵواسراو بە نەردەکانەوە، دەپژا بەسەر ئەو ناوەدا، چی دەهاتە بەر چاوی؟ چلۆن دەیتوانی بەو سەرمایە شۆپێی دڵۆپێک لەو نیوەشەوەدا و لە درێژای پیلکانەکاندا، بگرێتە بەر ڕانان؟ هەواڵەکە لە ڕۆژانی دوای ئەوە شەوەدا، هێور هێور لە بنەماڵەیەکەوە بۆ بنەماڵەیەکیتر بڵاو دەبۆوە و ئیستا ئیتر هەموو دانیشتووانی موجتەمەعەکە، ئاگایان لەو باسە هەیە؛ تەنانەت ئەگەر وایان پێ باش بێ کە وەک دەنگۆیەکی ناچیزەی بێ بایەخ کە باس کردنی جێگەی شەرمە، قسەی لەسەر نەکەن. ئیستا گەلێک گوێ لە نێو دڵی تاریکیدا —کاتێک کە شەو بۆ زاڵبوون بەسەر تیرەی مرۆڤدا، دادێت– قوڵاغ دەبنەوە و هەرکەسەو بیر لە شتێک دەکاتەوە. هەنێک شەو دڵۆپەکە بێدەنگ دەبێت. بەڵام هەنێک لە شەوەکانی دیکە، چەندەها کاتژمێری یەک لە دوای یەک، هیچ ئیشێکی دیکەی نییە جگە لە جێگۆڕکێ و گەڕان. سەرەوە، سەرەوە؛ واتە چیتر نابێ بوێستێ. کاتێ دەنگی پێی نەرمی دەگاتە ئاستانەی دەرگاکان، دڵەکان تەپەتەپ دەکەونە لێدان. شکور بۆ خوا؛ ڕانەوەستا. ئێستا خەریکە تک تک دوور ئەکەوێتەوە و بەرەو نهۆمی سەرووتر دەچێ. من بە دڵنیاییەوە دەزانم کە کرێنشینەکانی نهۆمەکانی خوارەوە، وائەزانن ئیتر پارێزراون. ئەوان پێیان وایە دڵۆپەکە، هەر کە لە دەرگاکەی شوققەکەی ئەوان تێپەڕی، ئیتر بابەتێک نامێنێ کە ببێتە هۆی ترس و ئازاردانیان. کەچی کەسانێکی وەک من کە لە نهۆمی شەشەمی موجتەمەعەکەم، ئیستا دەبێ هۆیەکیان بۆ دڵەڕاوکە هەبێت. بەڵام کێ دەڵێ دڵۆپەکە لە شەوانی داهاتوودا، دیسان لەو جێگەوە کە دواهەم جار دەنگی بیستراوە، ڕێگاکەی دەست پێدەکاتەوە؟ کێ چووزانێ دیسان لە سەرەتاوە، لە هەمان یەکەم پلیکانەی هەمیشە شێدار و تەڑی لە زبڵی بەجێماوەوە، دەست پێناکاتەوە؟ نا، ئەوانیش ناشی پارێزراو بن. کاتێک لە ماڵ دێینە دەر، بە وردی سەرنجی پیلکانەکان دەدەین کە نەوەکا شوێنەوارێکی لێ بەجێمابێ. هەروا کە پێشبینی دەکرا، هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەیانی، چ کەسێک ئەم بابەتەی لا گرینگ دەبێت؟ مرۆڤ لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا، بەهێز دەبێتەوە. خۆی شێرێکە، ئەگەرچی چەن کاتژمێر پێش ئەوە ترسنۆک و بێ هێز بووبێت. نەوەکا حەق بەوان بێ کەوا لە نیونهۆمی یەکەمن. لەگەڵ ئەوەشدا خۆ ئێمەش لەوە پێش هیچ دەنگێکمان نەدەبیست و لێی مەعاف بووین، هەمووی چەن شەوێکە ئەو دەنگە دێتە گوێمان. دڵۆپەکە هێشتا دوورە. وایە. ئێمە تەنیا تک تکێکی کز دێتە گوێمان. زایەڵەیەکی لاواز لەوپەڕی دیوارەکانەوە. بەو حاڵەشەوە، ئەوە دەریدەخات کە خەریکە سەر دەکەوێت و بەردەوام نزیک دەبێتەوە لێمان. تەنانەت خەوتن لە ژوورەکانی ناو شوقەکە و دوور لە پیلکانەکان، بێ فایدەیە. باشتر وایە گوێمان لە دەنگی بێ، هەتا ئەوەی کە شەوانە لە شک و گومانی بوون و نەبوونیدا، سەر بنێینەوە. ئەو کەسەی کە لە ژووری نهێنییەکاندا دەخەوێ، جار و بار ناتوانێ خۆی بگرێ و بە هێواشی سەرەتاتکەی نێو ڕاڕەوەکە دەکات و بێتو لە ژوورە ساردەکەی پشت دەرگای شوقەکەش بێت، هەناسەی لە سینەیدا حەپس دەکات و گوێ دەگرێ. کاتێک دەنگی دەبیستێ، تووشی هەراسێکی بێ بڕانەوە دەبێت و چیتر ناوێرێ دوور بکەوێتەوە. بەڵام لە هەمووی خراپتر ئەو کاتەیە کە هەموو شوێنێک ئارامە: ئەگەر وابێ کێ چووزانێ هەتا ئەو دەگەڕێتەوە بخەوێ، ڕێک لە هەمان کاتدا دەنگەکە دەست پێناکاتەوە؟ کەواتە چ ژیانێکی سەیرە. نە دەکرێ سکاڵایەک تۆمار بکەین، نە دەتوانین بە شوێن ڕێگەچارەیەکەوە بین و نەش دەتوانین هۆکارێک ڕەچاو بکەین کە پیاو دڵی ئۆقرە بگرێت. تەنانەت ناشکرێ ئەوانیتر، دانیشتووانی دیکەی شوقەکانی موجتەمەعەکە کە هیچ نازانن، تێیانگەیەنین. هەموویان بەوپەڕی نییەت باشییەکی ئازاردەرەوە دەپرسن: "ئاخر ئەم دڵۆپە چییە؟ نەوەکا مشکێک بێ؟ یان بۆقێکی بچووک کە لە ژێر زەمینەوە دەرپەڕیوە؟" نا بەڕاستی. پێداگری دەکەن لەسەر ئەوە کە: "دەی کەواتە پێدەچێ نیشانەیەک بێت؟ وەک بیهەوێ سەمبولی مەرگمان پیشان بدات، یان هێمای مەترسییەکی گەورە بێ؟ یان ئاماژەیەک بێ بەو ساڵانەی کە تێدەپەڕن؟" نا کاکینە! زۆر حاسانە، ئەوە دڵۆپێکە و بەس. ئەوەندە نەبێ دڵۆپێکە کە لە پیلکانەکانەوە سەردەکەوێ. "یان بەشێوەیەکی زۆر ناسک خەریکە دەیهەوێ خەون و خەیاڵەکانی ژیانمان نیشان بدات؟ ئەو مەڵبەندە خەیاڵاوییە دوورانەی کە تەنیا لەوێ دەتوانین خۆشبەختی ڕاستەقینە بێنینە پێش چاوی خۆمان؟ بەوردی: شتێکی شاعیرانەیە؟" نا، بێگومان. "یا خود بۆ جێگە دوورەدەستەکان، سەر سنووری جیهان، بەرەو ئەو شوێنانەی کە هەرگیز پێیان ناگەین؟" بەڵام نا، لە گەڵ ئێوەمە، هیچ گاڵتە و جەفەنگێک لە ئارادا نییە. هیچ مانایەکی دوولایەن لەمە بەدی ناکرێ. تا ئەو جێیەی کە ڕوون و ئاشکرایە، ڕێک پێوەندی بە دڵۆپێکەوە هەیە کە لە کاتی داهاتنی شەودا، لە پیلکانەکان سەر دەکەوێ. تک تک؛ بە شێوازێکی پڕ نهێنی؛ پیلکانە بە پیلکانە. ئەوسا هەموان دەترسێنێ.

# هەڵاتنی بێ سوود

و: سارا سادقی

ئیتر تەمەنی پەنجا ساڵە بوو کە تێگەییشت کەسێک کون‌بەکون لە دوویەتی. بە دڵەڕاوکێیەکەوە هەنگاوەکانی گورجتر کرد. ڕۆیی و ڕۆیی هەتا سەر زەوین و زەریا و چوارقوڕنەکان و بەرزونەویی کوێستانە ئەستەمەکانی، هەموو تێپەڕ کرد و

جار جار ئاوڕێکی لە پشتەسەری دەدایەوە و هەستی دەکرد ئەو کەسە نەناسراوە دەبینێ کە بەردەوام وەدووی کەوتووە. ئیتر پیر و کەنەفت ببوو، بەڵام نەدەوێستا و هەر دەڕۆیی.خەڵکی بە سەرسامییەوە چاویان لێدەکرد. هەر هەڵدەهات و چونکە هێزوبڕشتی جحێڵێکی بیست‌ساڵەی نەمابوو، ئاکارەکانی وەک شێت دەهاتە بەرچاو. دڕۆیی و دەگەڕایەوە و دیسان دەڕۆییەوە. ئێستاش هەر بە ڕێگاوەیە.

جارجار ئاوڕێک دەداتەوە و چاوێک لە دواوە دەکات و دیسان خێرا، ملی ڕێگە دەگرێتەوەبەر.

بێتوو بۆ ئانێک بوێستێ، بێتوو پشوو بدات، بێتوو بە شتێکەوە بخافڵێ، ئیتر کاری تەواوە.



# هەڤپەیڤین


شاعیران خوڵقێنەرانی جیهانێکی دیکەن
وتوێژی تایبەتیی گۆڤاری شی لەگەڵ شاعیر: جەلال مەلەکشا ١٤٤

پرسی ناسنامە لە ئیلام و کرماشان
وتووێژی شەریف فەلاح لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەوان عادڵ قادری ١٥٢

شێعر کوردی تەمسق‌تەرین ئشق ژیان منە
وتوویژ وەگەرد شاعر ناسیاێ کورد: دۆکتۆر عەلی ئوڵفەتی ١٥٧

کودەتای وشە
وتوێژی ئالان پەری لەگەڵ ئەرسەلان چەلەبی ١٦٠

# شاعیران خولقێنەرانی جیهانێکی دیکەن

## وتوویژی تایبەتی گۆڤاری "شی" لەگەڵ شاعیر جەلال مەلەکشا

فریا یوونسی



کە گەیشتم، لە ماڵ چووبووە دەر و هێشتا نەگەڕابۆوە. بڕیارمان کاتژمێر ٤ی ئێوارە بوو. چەن دەقەیەک لە بەر دەرگاکەیان وێستام و کتوپڕ هات بە مێشکمدا کە تا دێتەوە، کەمێک فیلم و وێنە بگرم. ماڵێکی کۆن و کەڤنارا کە گەڵکوو یەکەم دیتنی، خێرا تێدەگەیشتی کە ئەو ماڵە، تەمەنێکی مرۆڤانەی بەسەر بردووە و بە ڕۆح، بە بۆنەی ڕۆحێکەوە لە تەنیشتیدا، لە نێو داروديواری کەونینەی، ژیاوە و زەمانی تێپەڕاندووە. درەختێک وەها بەردەرگا و حەوشەکەی داپۆشیبوو کە یەکەورێ خولیای خەوتنێکی درێژخایەن لەژێر ئەو درەختە کۆنەدا دایدەگرتی. لە پیلکانەکانی کۆڵانەکە چوومە سەر و دووربینەکەم هەروا بە دەستەوە بوو. لەبەر دەرگاکە وەرگەڕامەوە و زاوبەی دووربینەکەم گرتە شاری سنە. باران هێور هێور دەباری و ڕەنگی هەموو شاری گۆڕیبوو و ختووتی ساختمانەکان، هێزی خۆیان لەدەست دابوو و کشابوونەوە لە جێگە و پێگەی خۆیان. شار ورد ببۆوە، بەڵام لە هەمیشە بە هەیبەتتر دەینواند. تاکسییەکی زەرد لە دەستی چەپەوە لە کۆڵانەکە نزیک بۆوە و لەبەر پیلکانەکاندا رایگرت. شاعیرێکی تێکشکاوی ئارام، دەرگای کردەوە و لە تاکسییەکە دابەزی. لە دوورەوە سلاوم کرد، بەڵام دڵم نەهات دووربینەکەم لابەم. بە پێکەنینێکی ئارامەوە وەڵامی دامەوە و هێواش هێواش لە پیلکانەکان لایدا و ڕوی بەرەو پەنای دیواری حەوشەی ماڵەکەیان کە لقوچڵی درەختە وەحشییەکە، نزیک عەرزی کۆڵانەکە ببۆوە. شەش حەوت بەچکەپشیلە لە ژێر لقوچڵەکان هاتنە دەر و هۆمەنیان بۆ برد و دەستیان کرد بە لەستنەوەی دەست و باڵای. شتێکی بۆ هێنابوونەوە و لە دەڵقەکە دەریهێنا و بە دەم دواندنی بەچکەپشیلەکانەوە، کردی بە دەمیانەوە. زانی خەریکم فیلمی لێدەگرم، وتی ئەوە چی ئەکەی؟ کوڕە بڵاوی نەکەیتەوە، دوایی ئەڵێن ئەوە بۆ خۆنواندن ئەو کارانە ئەکات و پێکەنی... ماوەی دوو مانگێک دەبوو کە دەهاتم و دەچووم تا هەلێکی گونجاو پەیدا ببێ بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو شاعیرەی کە شێعر و هەڵبەستەکانی دەست بە دەست لە نێوان گەورە و بچووکی ئەم وەڵاتەدا دەگەڕێن و لە حەینی ڕوودانی هەر کارەساتێک و پێشهاتێکی هەر تەنگانەیەکدا، پێشکەش دەکرێن و دەخوێندرێنەوە. بەڵام خۆی دیار نییە و کەم کەس تا ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی فەرمی —بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات— لە بۆنە و ڕێوڕەسمێک، لە دانیشتنێکی چەن قۆڵی شاعیرانە و تەنانەت لە بەر دەم کامێرایەکی ناوخۆ و دەرەکی بینیوێتی. "جەلال مەلەکشا"، شاعیری هەموو چینەکانی کۆمەڵگایە و دەکرێ بە حاسانی لە سەر هەر شێعر و هەڵبەستێکی بنووسی، بەڵام زۆر ئەستەمە بتەوێ دێڕێک لە سەر کەسایەتی خۆی و ژیانی تاکەکەسی ئەو شاعیرە ئاشنا بە ڕەنجە، بێنیتە سەر کاغەز. لە ڕاستیدا بە هۆی هۆگری مامۆستاوە بە گوندی منداڵی و مێردمنداڵی خۆی و چوونی ڕۆژانەی و سەردانی لە باخ و باخاتی ئەو گوندە، زۆر کەم لە شار دەست دەکەوێت و ئەوەندەش کە بتوانی دوای ماوەیەک گەڕان و پرسیار لە دۆستانی، لە شوێنێک بە دیداری شاد ببیتەوە، بێ گومان ئەو شوێنە هەر هەمان بەرزاییەکانی حەسەن ئاوای شاری سنە و لە ماڵی دایکییەتی. ئەو دایکەی کە خۆی وتەنی مامۆستا هاتووە ئاگای لەو بێ کە تەنیا نەبێ، بەڵام ئەوە دایکییەتی کە ئاگای لە مامۆستایە و هێشتاش وەک منداڵێک وشک و تەڕی دەکاتەوە و هەموو هەست و هۆشی لە لای ئەوە کە خوا نەخواست ئێشێک، ئازارێک و ناخۆشییەکی نەبێ.

**ژیانی جەلال مەلەکشا، ئەوەندەی ڕژد و نشێو بە خۆوە بینیوە کە تەنانەت ئەوانەشی کە ئاشنای دۆخی ئەدەب و سیاسەت لەم ناوچە پڕ لە مەترسییە نین، دەتوانن بە حاسانی نیشانەی ئەو ئێش و ڕەنجانەی کە بە سەر ئەو ڕوحە جوانەی ئەدەبی کوردیدا هاتووە، بە نێو چاوانییەوە و لە قەلافەتی تێکڕماویدا، ببینن و لە ڕاستیدا شێوەی ژیان و قسەکردن و شێعرخوێندنەوەی مامۆستا، بێ ئەوەی لە لایەن خۆیەوە هیچ هەوڵێکی بۆ درابێ، دەتوانێ ئەو بەسەرهاتە تاڵوسوێرانەی وا بە درێژای تەمەن بە سەریدا هاتووە، بۆمان بگێڕێتەوە و بە دڵنیاییەوە کەسێک نییە بۆ چەن خولەک لە نزیکی دانیشێ و گوێی لە قسەکانی بێت و نەزانێ چیها چەرمەسەری و ناکۆکی بە سەر ژیانیدا هاتووە و نەبینێ ڕوحی ئەو بەڕێزە ئەوەندە لە گەڵ دەسەلات و سیاسەتی ڕۆژی وەڵاتەکەی نەگونجاو بووە و نەیتوانیوە سازش بکا کە وردەوردە ڕێگەی تەریکی گرتووەتە بەر و پەراوێزێکی هەڵبژاردووە کە هەم خواستی دەسەلات بووە و هەمیش خواستی ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەنگی ڕاستگۆیانەی مەلەکشا لە شێعردا هەراسان بوون و هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان نگەرانی حوزووری ئەو لە بۆنە و ڕێورەسمەکاندا بوون. بەڵام ئەم پەراوێزە هەرگیز نەیتوانی مەلەکشا لە هەست و نەستی کۆمەڵگادا بسڕێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر شێعرەکانی و شێوەی هزر و ژیانی ئەم ئەدیبە جوانە مەزنە، چوونە نێو لایەنەکانی کۆمەڵگاوە و لە هەمیشە خۆشەویستتر و مەقبوولتر بوو لە لای خەڵکەکەی خۆی. وەها کە ئێستاش هەر ڕێوڕەسمێکی فەرمی و نافەرمی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان –بە تایبەت لە شاری سنە- بەڕێوە دەچێت، ماڵە بچکۆلە هەژارانەکەی دایکی لە بەرزاییەکانی حەسەنئاوای سنە، دەبێتە مەکۆی کۆبوونەوەی عاشقان و دڵسۆزانی ئەدەبی کوردی و ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە ڕۆژانی ئەو ڕیورەسمانەدا، ماڵی مەلەکشای شاعیر لە ساڵۆنە فەرهەنگییەکانی شار، قەرەباڵغترە و هەر ئەمە خۆی نیشانەیەکە بۆ خۆشەویستی ئەم شاعیرە ڕاستگۆیە. هەرچەن ئەم ڕووداوە بووەتە هۆی دڵنگەرانی کاربەدەستان و بەرپرسانی فەرهەنگی، بەلام بە دڵنیاییەوە ئاماژەیەکیشە بەوەی کە شێعری مەلەکشا وەها ڕەگی کوتاوەتە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە کە بە کەس نکوولی و بەرگریی لێ ناکرێت و باشتر وایە ئەو بەرپرسانەی کە بەو پەڕی بێ یاساییەوە لەو کۆبوونەوانە نارەحەت دەبن، خۆیان قۆلی لێ هەڵماڵن و بواری ئەوە بدەن بە هۆگرانی شێعری مەلەکشا، کە جاروبار دیدارێک نوێ بکەنەوە و بە ڕوخساری شێعری ئەو کەسایەتییە جوانەی ئەدەب، شاد ببنەوە. ئەو شاعیرەی کە هێشتاش باوەڕی تەواوی بە کار و کار و کار هەیە و دەڵێ دەبێ هەموو ڕۆژێک بە جددییەتەوە کار بکەین هەتا دەتوانین ئەو پرۆسە مەزنە –ئەدەب- بە ڕێکوپێکی بدەینە دەست بەرەکانی دوای خۆمان. بە قەد هەموو شاعیران و نووسەران قسەی پێیە و هەر ئەوە ئەو حەقیقەتە تاڵە دەردەخات کە تا ئێستا ئەو جۆرەی کە شیاوی کەسایەتیی ئەو و ڕۆحی شێعرەکانییەتی، ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و ڕوانگە نایابەکای لە سەر ئەدەبیات و کۆمەڵگە، بە باشی تۆمار نەکراوە. بەو بۆنەوە دەچینە ماڵە بچکۆلانەکەی و دەیدوێنین تا لاپەڕەیەکی زیاتر لە زانست و ئەدەب و هزری ئەو کەسایەتییە خۆشەویستەی ئەدەبی کوردی بخەینە بەر دەست ئێوەی ئازیز.**

**فریا: پێش هەرشتێک پرسیارم لەسەر بارودۆخی جەستەیی و ڕوحی خۆتە و دەمەوێ بزانم لە ئێستادا باری سلامەتیت چۆنە؟**

مەلەکشا: باری سلامەتیم باشە و هەروا کە دەمبینن هێشتاش بە خۆشی و ئازایەتی ژیان دەکەم، نێو سروشت دەچم، کاروباری خۆم بەڕێوە دەبەم و لە هەمووی گرینگتر دەخوێنمەوە و دەنووسم.

**فریا: واتە ئێستاش شێعر دەنووسی؟ دواهەمین شێعرێک کە نووسیت کەی بووە و پێم خۆشە بزانم ڕوانگەی ڕاستەقینەی تۆ لەسەر شێعر چییە؟**

مەلەکشا: بەڵێ، ئەی مەگین دەکرێ نەنووسم؟ ئەی شاعیر بە چی شاعیرە، هەر بە نووسینی شێعرە کە دەتوانێ بڵێ من شاعیرم. منیش هەر دەنووسم و دواهەمین شێعرم یەک دوو شەو لەمەوبەر تەواو کرد. من پێم وایە ئەگەر شێعر نەکەینە کەرەستەیەک بۆ خۆ نواندن و ئامرازێک بۆ دەربڕینی بیروبڕوا سیاسی و دینی و...ــەکان و نەهێڵین شێعر و شوعار جێگەیان بگۆڕدرێت و لە جیاتی وشەی شاعیرانە و ڕوانگەی ئینسانی، نووسراوەکانمان پڕ ببن لە دروشمی سیاسی؛ ئەوە ئیتر هەرگیز شێعر لێمان ناتۆرێت و دەتوانین بەردەوام شێعر بنووسین. باسی ڕوانگەی منت کرد لەسەر شێعر، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بێتو ئێمە بتوانین شێعرییەتی شێعر، وەک خۆی بپارێزین و نەهێڵین ببێتە دەستەچیلەی هیچ مەرام و بیر و بڕوایە، ئیتر شێعر هەر درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و لە هەر شوێنێکدا کە پێویستی کۆمەڵگە بێ، دەتوانێ هەم مێژوو، هەم ئایین، هەم سیاسەت و... بێت. هەروا کە هەموومان باش دەزانین شێعرمان هەیە لە زمانی کوردیدا کە ڕەنگە هی ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر بێت و لە سەردەمی هاتنی ئیسلامدا بۆ ئەم ناوچە، نووسرابێ. دەبینین وەها بە زمانی شێعر، مێژووی لە خۆیدا تۆمار کردووە کە ڕەنگە دەقە مێژووییەکان بەو جوانییە و بە شێوەیەک کە لە هەموو دەورەیەکدا هەستی مرۆڤدۆستانە ببزوێنێ، باسی ئەو کوشتوبڕانەیان نەکردبێ. وەها بە شێعر و لە ڕێگەی وشە و کێش و دووپاتکردنەوەی هەستە جەرگبڕەکان، باس لە وێرانی و بەدبەختی خەڵک لەو سەردەمەدا دەکا، کە بێگومان مێژوو هەرگیز بەو وردەکارییانەوە و لەو ڕوانگەوە باسی ئەو کارەساتانەی نەکردووە. من پێم وابێ هەمیشە هەم و غەمم هەر ئەوە بووە و لە شێعرەکانیشما هەر وام کردووە. لە کاتی ڕوودانی هەر کارەساتێکدا بەسەر ئەم گەلە لێقەوماوەی خۆماندا، من بە زمانی شێعر باسی دەرد و ئازارەکانمانم کردووە و هەرگیز بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نەبووم لە ئاست ئەو گشتە مەینەتی و ناخۆشییانەی کە لە مێژووی ئەم چەنسالەدا، بەسەرماندا هاتووە. دەبینی لە زۆر کاتدا، شێعرەکانیشم کاریگەرێتی سەدان مانیفێستی سیاسی بووە. من هەرگیز وەکوو شاعیرێک لە ئاست هیچ یەک لەو زوڵمانەدا بێدەنگ نەبووم. لەبیرتانە کاتێ کارەساتەکەی "ئایلان" لە دەریای تورکیا ڕووی دا، هەموو دنیا بە شێوەیەکی سیاسیانە هەڵوێستیان گرت و دەشتوانم بڵێم زۆربەی ئەو هەڵوێستانە، لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان هۆکاری ئەو کارەساتە بوون، پروپاگەندایەکی سیاسی بوو بۆ خۆیان. کاتێ هاواریان دەکرد ئەوە ڕەساڵەتی سەدەی ئێمەیە و بە مەکرەوە دەگریان. من بە شێعر بە گوێی نوستووی ئەواندا هاوارم دەکرد کە ئەوە ڕەساڵەتی ئێوەیە. ئێوەن کە هۆی دروست بوونی ئەم سەدەیە بوون و ئێستاش نکوولی لە هەموو دزێوییەکانی خۆتان دەکەن. بەڵام نازانن هێشتا کەسانێک هەر ماون کە بە دەنگی خۆشیان نەبێ، بە دەنگی شێعر و چیرۆک و هزریان بە گوێیاندا هاوار دەکەن و ڕۆژێک دەبێ هەر بە وشە و بە شێعر، کۆتایی بە ناحەزی و بەدڕەوشتیی هەموو ئەو ملهووڕانە بهێنن...

**فریا: بە تێر و تەسەلی باسی خۆتمان بۆ بکە. باسی ئەو مێژووەی بووە هۆی دروست بوونی کەسایەتی جەلالی مەلەکشا. دەمانەوێ خوێنەرانمان بزانن لە کوێوە و چۆن دەستت پێکردووە و بە ئێرە گەیشتوون؟ سەرەتا لە گەڵ شێعری کوردی چۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و چۆنتان مامەڵە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆتان کردووە بۆ نووسینی شێعر؟ بە تایبەت لە سەردەمێکدا کە ڕەنگە نووسین بە زمانی زگماکی –ئەویش نووسینی شێعر- زۆر سەخت و ئەستەم بووبێت. ئەوەی دیارە و تا ئێستا لە زۆر جێگەدا باسی لێکراوە، ئەوەیە کە ئێوە لە سەردەمی خۆتاندا، یەکێک بوون لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی شێعری کوردی و تەنانەت جار و باریش زۆرێک لە قۆناغە جیاوازە ئەدەبییەکان و سەبکە تایبەتییەکانی ئەو سەردەمە، ئێوە دەخەنە پاڵ خۆیان و وەک یەکێک لە داهێنەرانی ئەو ڕەوتە دیارانە، لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، ناوتان دەبەن. لە لایەکی دیکەشەوە زۆرێک لە شاعیرانی بەناوبانگی سەردەم –وەک شێرکۆ بێکەس- بە باشی باسی ئێوە دەکەن و وەک یەکێک لە باڵەکانی شێعری**

**کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا ناوتان دەبات. لەو سەردەمەشدا هەندێک شاعیری دیکە کە ئێستا خۆیان دەنگێکی دیارن لە ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، لە گەڵ ئێوە هاوڕێ و هاوهزر بوون —وەکوو بەڕێزان فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا- کە گەشەیەکی تایبەتیتان بە شێعری ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات دابوو. دەمەوێ بە وردی باسی ئەو مژارە تایبەتەم بۆ بکەن.**

مەلەکشا: سەرەتا پێم خۆشە خاڵێکی گرینگتر لەوانە بێنمە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە کە دەبێ دیان بەوەدا بنێم کە من پیاوێکی گوندیم. واتە کەسێکم کە هێشتاش و هەمیشە هەر عاشقی گوند و سروشت و کشتوکاڵ و هەموو ئەو لایەنە گوندییانەم کە مرۆڤی مودێرن لێی وەڕەزن و لەگەڵی بێگانەن. هێشتاش هەموو وجوودی من بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە، هەر گوندییە و تاکوو بشمێنم لە گوند نابڕێم. هێشتاش لە گوندی خۆمان زەوینم هەر هەیە و ماڵیشم هەر لەوێ ماوە و دەخوازم تا کۆتایی تەمەنم هەروا بمێنمەوە. هەربۆیە ڕاشەکاوانە دەڵێم ئەم خاڵی گوندنشینی و خۆشویستنی سروشتە لە لایەن منەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕوح و هزری من داناوە و هەمیشەش ئەو کاریگەرێتییە بە ڕوخساری شێعرەکانمەوە دەمێنێتەوە. هەر ئەم حەزە کارێکی کردووە کە هەمیشە هەموو



هەوڵ و تێکۆشانی من لە پرۆسەی ئەدەبیی شێعردا ئەوە بێ کە ئاوڕی جددی لە بارودۆخی مرۆڤی گوندنشین —یان باشتر وایە بڵێم مرۆڤی سروشتی- بدەمەوە و هەوڵ بدەم شێعرەکانم هاواری گوندییەکان و سروشتپەروەرەکان بن. بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ژیانم بە بۆنەی پیشەی باوکمەوە کە کارمەندێکی دەوڵەتی بوو، ناچاری کردین کە بێینە شار و بۆ هەمیشەش لە شار بمێنینەوە. لە شاریشدا لە جێگایەک دەژیاین کە جێی ژیانی مودیری گشتی ئەو سازمانە بوو کە باوکم کارمەندی ئەوێ بوو. ژیانی ئەوێش بە بۆنەی هاوسێیەتی لە گەڵ مودیری گشتی ئەو سازمانە و دیکەی کارمەندەکانی، بووە هۆی ئەوەی کە ئاگەداری شێوازێکی دیکەی ژیان لە دەروبەری خۆمان بین کە ئەویش ژیانێکی بۆرژوازییانە و لوکسی شاری بوو. لێرەدا دژوازییەکی گەورە لە ژیانی مندا دروست بوو: ژیانی کاریگەری و هەژارانەی ئێمە لە هاوسێیەتی ئەو ژیانە لوکسە بۆرژوازییانەی مودیر و کارمەندە باڵادەستەکان. بەراوردی ژیانی دوو کەسایەتی ئەم دوو بوارە —کاریگەرێک و مودیرێک- دەبێتە هۆی تێڕامانی زیاتری منداڵێک کە هەموو خولیای ئەوەیە ببێتە شاعیر و هاوارەکانی خەڵکی گوندەکەی خۆی بە گوێی دنیا بگەیەنێت. ئەم دژوازی و پارادۆکسە کە لە هەموو شتێکدا بە حاسانی دەبیندرا، لە جلوبەرگەکاندا، لە شێوەی قسەکردنەکاندا، لە شێوەی هەڵسوکەوتی کەسەکاندا، لە شتومەکی نێو ماڵەکاندا، بە حاسانی دەهاتنە بەرچاو، ببوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر بیر لە ژیان و ئازارەکانی و کەموکووڕی و مەحرووم بوونەکانی بکەمەوە. ئەم پارادۆکسە، ڕەنگە لە وجوودی مندا زۆر نەبووبێتە هۆی نەفرەت و ڕق، بەڵام جۆرێک بێزاری لە مندا بە نسبەت ئەو کەسانەوە کە بێ هیچ هۆیەک ژیانێکی خۆشتر و شاهانەتر لە ئێمەیان هەبوو، دروست کردبوو. جۆرێک جیاوازی و لە یەکنەچوون کە هەر ئەم جیاوازی و لەیەکنەچوونە بوو خەریکبوو وردەوردە ڕێگەی بۆ دەردەخستم و دەیبردم بەرەو شێعرەوە و لە شێعریشدا کە ئاساییە ئەو دژوازییە، ڕەنگدانەوەی خۆی هەبێت. لە ڕاستیدا ئەو دژوازیی چینایەتییەی کۆمەڵگەی ئێرانی —کە بە ئاشکرا لە نێو کورد و فارسدا هەبوو، ئێستاش هەر هەیە- ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە من و شێعردا باڵای کردووە و لە گەڵمان گەورە بووە. ئەو سەردەمە بە تایبەت لە نێو سیاسییەکاندا، زۆرتر باس لەو دژوازیی چینایەتییە دەکرا و منیش هەر بەو دژوازییەوە سیاسەت و دوجار شێعرم دەست پێکرد. خەبات لە دژی ئەمپریالیزم و چینە بۆرژواکانی کۆمەڵگە، دەبوونە هەوێنی شێعرەکانم و بەم ڕوانگەوە هاتمە دنیای ئەدەبییەوە. تەنانەت یەکەمین زیندانیش کە چووم، هەر لە پێناو ئەو خەباتە بوو کە لەو سەردەمدا بە بۆنەی ڕوانگە تایبەتییەکانی مارکسەوە لە مندا شکڵی گرتبوو. چەند ساڵێک بەم بۆنەوە لە زینداندا مامەوە و دوای ئەوەش چەن جارێک بە بۆنەی بابەتی دیکەی وەکوو بابەتە نەتەوایەتییەکان کەوتمەوە نێو زیندان و ئەم زیندان چوونانەم بووە هۆی ئەوەی لە گەڵ کەسایەتییە گەورەکانی ئەو سەردەمە و بەرهەمە ناوازەکانییان ئاشنا ببم. لە سەردەمی شۆڕشی سپیی ئێراندا کە ڕیفۆرمخوازییەکی جددی شکڵی گرتبوو، لە قوتابخانە و بەندیخانە، یەکێک لەو کەسانە بووم کە هەمیشە بانگەشەی ئەو خەباتە تازە لەدایکبووەم دەکرد و جاروباریش شێعرم لەو بارەیەوە دەنووسی و دەمخوێندەوە. ئێمە ئاوا گەورە بووین: بە زیندان و شاربەدەرکران و گرتن و ئەشکەنجە، منداڵی و مێرمنداڵیمان تێپەڕاند. منیش وەک زۆرێک لە شاعیرانی کوردی ئێرانی، لە خوێندنەوە و نووسینی شێعر بە زمانی فارسییەوە دەستم پێکرد. کەم کەم لە گەڵ شاعیرانی ناسراو و نەناسراوی ئەو سەردەمەی ئێران، پێوەندیم دروست کرد و لە زۆریەک لە کۆبوونەوەکاندا شێعرم دەخوێندەوە. تەنانەت جارێک چەن شێعرێکم بۆ ئەحمەدی شاملوو خوێندەوە —بە پێکەنینەوە- کە زۆر بە دڵی نەبوو و وتی لەو شێوازە شێعرییە وەرە دەر، کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە لەوەزیاتر. لە گەڵ کەسانی دیکەش وەک خوسرەوی گوڵسورخی پێوەندی باشم هەبوو. چونکە شەو و ڕۆژ بە شوێن جەرەیانی سیاسیی ڕۆژی ئێرانەوە بووم و دەمویست سەری لێ دەر بهێنم. نەک بە مەبەستی ئەوەی کە داخڵ بەو جەرەیانانە ببم، نا. زیاتر بە مەبەستی ئەدەبیات و شێعر وام دەکرد و دەمویست کار بکەم. نزیکیش بوومەوە لێیان. بەڵام کە لە گەڵ زمانی زگماکی خۆم ئاشنا بوومەوە و زانیم بەو زمانە جوانتر و باشتر دەتوانم شێعر بنووسم، لەو جەرەیانانە دوور کەوتمەوە و زیاتر هاتمەوە بەرەو هەستە نەتەوایەتییەکانی خۆمان کە بە هەموو شێوەیەک پامال کرابوون و لەبەرچاونەدەگیران.

**فریا: سەرەتا کە دەستتان کرد بە نووسین بە زمانی زگماکی، شێعرەکانتان لە چ ڕێگایەکەوە بڵاو دەکردەوە؟**

مەلەکشا: ئەو سەردەمە نە گۆڤارێکی وەها هەبوو کە تایبەت بێ بە شێعر و بابەتی کوردی، نە کەسیش بە جۆرێکی جددی بیری لە چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب دەکردەوە. زۆرتر لە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە سیاسییەکان بوو کە جار و بار هەلێک دەرەخسا بۆ کەسانێکی وەک من کە شێعرێک بخوێنینەوە. ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە کە کەم کەم گۆڤاری کوردی هاتنە ئاراوە، منیش لە گۆڤار و هەفتەنامەکان نزیک بوومەوە. ئەگەرچی زیاتر لە ڕووی باندبازی و کەس و ئاشنا و ڕۆشناوە کارەکان چاپ دەکران. بەڵام من زۆر پێشتر لەوە و لە سەردەمی فارسی نووسینمدا، چەن کەسێکم پەیدا کرد کە بتوانم لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆم

دەرخەم. یەکیان حەسەنی موزەییەن بوو و یەکیشیان عەلیرەزا تەبایی. ئیسماعیل خوویی و نووری عەلاش کەسانێک بوون کە زۆر هەوڵییان دەدا یارمەتیم بدەن لەو بوارەدا. گۆڤارێکی بەرشکەستەمان گرتە خۆ بە نێوی "ئومیدی ئیران" کە بە شێوازێکی جددی توانیمان گەشەی پێ بدەینەوە و ناوی بخەینەوە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی ئێران و تەنانەت ڕێژەی چاپی گۆڤارەکەش تا ئاستێکی باش چووە سەر. هەر ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە تا ڕادەیەکی باش بناسرێم و لەو ماوەدا کەسانێکی جددی داوای بابەتیان لێ کردم بۆ چاپ. ئەوە بۆ من زۆر سەرسووڕهێنەر بوو. لەو کاتەدا خوسرەو گوڵسورخیش لە گەڵ خێزانی گۆڤارێکی چاپ دەکرد بە نێوی "ڕازی گوڵی سوور" کە گۆڤارێکی زۆر پرۆفێشناڵ بوو. هەموو ژمارەیەک بابەتی منی چاپ دەکرد و بە تایبەت ژمارەی شەش یا حەوت بوو کە دۆسییەیەکی تایبەتی لە سەر من کردبۆوە و تێیدا کەسانێکی زۆر لە سەر شێعرەکانم نووسیبوویان و ڕێژەیەکی باشی شێعرەکانیشمی پاشکۆی دۆسییەکە کردبوو کە بە گشتی نزیک ٤٠ لاپەڕەیەکی دەگرتەوە. گوڵسورخی خۆمی خۆش دەویست و تەنانەت چەن جاریش هاتە ماڵمان و زۆر نزیک بووین پێکەوە.

لە بواری ناسرانی شێعرەکانیشم بە زمانی زگماکی کە دەتوانم بڵێم زیاتر لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە و بە تایبەت لە گۆڤاری سروەی ئەو سەردەمەدا کە سەرەتای بوو و ئاوڕێکی باش و جددیی لە ئەدەب و هونەری کوردی دەدایەوە، دەستی پێکرد. زۆربەی ژمارەکانی سروە بابەتی منی تێدا بوو و ماوەیەکیش تەنانەت هاوکارییەکی جددیی ئەو گۆڤارەم کرد و وەکوو پیشەیەک تێیدا کارم دەکرد. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوە کە شێعرەکانی من بە زمانی کوردی زیاتر ئاوڕییان لێ بدرێتەوە و تەنانەت کەسایەتییە گەورەکانی ئەدەبی کوردیش لوتفی خۆیان نواند و لە سەر کارەکانی من قسەیان کرد. سەردەمێک لە گەڵ خوالێخۆشبوو مارف ئاغایی بە شوێن کۆبوونەوە و ساغ کردنەوەی کارەکانی سوارەی ئیلخانیزادە کەوتین و توانیمان لەو بوارەشدا زۆر کار بکەین. بە گشتی هەموو ئەو هەوڵانە بوونە هۆی ئەوەی کە کەم کەم لە نێو کۆمەڵگەی ئەدەبدۆستی کوردیدا جێگە و پێگەیەکی دیار بە دەست بهێنم و شێعرەکانم ئاوڕی جددیی لێ بدرێتەوە.

**فریا: چۆن بوو بڕیارت دا بە کوردی بنووسیت و واز لە فارسی نووین بهێنیت؟ ئایا لەو ئاڵوگۆڕەی زمانی نووسینت خۆشحاڵ هەی؟ پێت وانییە بەو کارە غەدرت لە خۆت کردبێ؟**

مەلەکشا: من نەک تەنیا پەشیمان نیم لەو کارە، بەڵکوو زۆریش شادمان و ڕازیم. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە تەنانەت ئەو کاتەش کە خەریکین بە زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی خۆمان دەنووسین، لە ڕاستیدا خەریکین خۆمان تەرجەمە دەکەینەوە و ئەو جۆرەی کە زمانی دایکییمان شارەزای هەموو کەلوکوونەکانی بیروهزری مرۆڤانەی ئێمەیە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزمان، زمانێکی دیکە ناتوانێ ئەو کارەمان بۆ بکات. هەموو هەستێکی ئێمە بە زمانی دایکیمانە و هەر بەو زمانەیە کە وەرگری ئێش و ئازارەکانمان و خۆشحاڵی و شانازی و سەربەرزی و دیکەی هەستەکانمان دەبین. کەواتە تەنیا بەو زمانەشە دەتوانین بە باشی بەیانی بکەینەوە. زمانی ئێمە زیاتر پێویستی بە کار و خزمەت هەیە و دەبێ هەر کام لە ئێمە لە جێگەی خۆمانەوە هەوڵی بۆ بدەین کە زیاتر گەشەی پی بدەین و ڕازاوەتری بکەین. بۆیە هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە ڕێگەی خزمەت و گەشەدان بە زمانی دایکیم هەڵبژارد و لەم ڕێگەشدا ڕەنگە چەرمەسەری و لەمپەرگەلێکی زۆرم لە سەر ڕێ بووبێ، بەڵام ئێستا کە ئاوڕی لێ دەدەمەوە، پڕ بە دڵ ڕازیم لە هەموو ئەو ئازارانەشی کە لە پێناو ئەو زمانەدا کێشاومە.

**فریا: لە پێشانگای کتێبی ئیمساڵی سنە کە لەم ماوەدا بەڕێوەچوو، کتێبی کۆی بەرهەمەکانی بەڕێزتان وەکوو کتێبێک کە لە نێو کتێبەکانی دەزگای چاپی پانیزدا زیاترین فرۆشی کردبوو ناوی برابوو، هەروەها کتێبی کارەساتیش لە ڕیزی سێهەمی دەزگای کالێجدا ناوی هاتبوو. بە گشتی ئیمساڵیش و زۆرێک لەو ساڵانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان لە پێشانگای کتێب پێشکەش کراوە، فرۆشێکی باشی بووە و پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ کراوە. ئایا ئەم پێشوازی و فرۆشە باشە، هیچ داهاتێکی بۆ ئێوە وەکوو نووسەری کتێبەکان هەیە؟ یاخود باشتر وایە بڵێم ئەو دەزگایانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان چاپ و بلاو دەکەنەوە، لە داهاتی فرۆشی ئەو کتێبە کە جاری وایە بە چەندین چاپ دەگات، بەشی ئێوە چۆن حسێب دەکەن؟**

مەلەکشا: بەڵێ. ئەوە زۆربەی ئەو کتێبانە کە ئیمساڵ ئەو فرۆشە باشەیان هەبووە، چاپی دووهەم و سێهەم و تەنانەت پێنجەمیشی بووە. بەڵام بە داخەوە بەشی ئێمە لەو پێشوازییە باشانەی کە لێیان دەکرێ و یا بڵێین نامێنێنەوە بە سەر دەستی دەزگای چاپەکانەوە، لە سەدا دە و دوازدەیە و ئەمە زۆر بەشێکی کەمە بۆ کەسێک کە بە ڕاستی ماندوو دەبێ بە بەرهەمهێنانی ئەو کتێبەوە و دەکرێ بڵێم بۆ کەسێک کە تەمەنی خۆی لە سەر نووسینی شێعر داناوە و هەموو ئەو شێعرانەش دەبن بە کتێبێک کە داهاتی ڕەنج و ئێش و چەرمەسەریی ژیانێتی، بەڵام خۆی بەشێکی زۆر کەم لە لایەنە پۆزیتیڤەکەی —کە چاپ و بڵاوبوونەوە و فرۆشی کتێبەکانە- دەستی دەگرێت. بە گشتی بارودۆخی هەمووومان وایە و هیچمان لەوە باشتر نین،



تازە دەکرێ بڵێم کە ئەو بەشە دە دوازدە لە سەدییە، بۆ من ئاوا حسێب دەکرێ، ئەگینا بۆ شاعیران و نووسەرانی دیکە زۆر لەوە کەمترە و ڕەنگە هەر نەشبێت. بەڵام چاری ناچارە و هیچی لەگەڵ ناکرێ. وایان لێکردووین کە تەنیا بەوە ڕازی بین کە شکور کتێبەکانمان چاپ دەبن و دەچنە بەردەستی خوێنەر، ئیتر هیچیشمان لێی دەست نەکەوت، کێشە نییە. ئەمە فەزای ناپرۆفێشناڵ بوونی ئەدەب و کلتوورە لەم وڵاتەی ئێمەدا و هیچیشی لەگەڵ ناکرێ. هەڵبەت هەندێک لەو وەشانخانانە باشترن و بەشێکی زیاتر بۆ من حسێب دەکەن، بەڵام بە گشتی کێشەکە هەر هەیە و چارەسەری ئەستەمە.

**فریا: لە چۆنییەتی چاپی کتێبەکان لە بواری کوالیتی و دیزاین و جۆری کاغەز و رووبەرگ و... ڕازی بوون؟**

مەلەکشا: نا. بەداخەوە جاری وایە کتێبێکم لە بازاڕدا نایابیش بووە من هێشتا نەمدیوە، چبگا بەوەی پێش چاپ و بلاو بوونەوەی، چەن بەرگێکی کتێبەکەم نیشان بدرێ بۆ ئەوەی کە ڕای من بزانن. کتێبی کۆبەرهەمەکان، لە چاپی

یەکەمی کە بە داخەوە بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبووم. بەڵام لە چاپی دووهەمیدا، هاوڕێیەکم بە ناوی "ڕەزا نەقشبەندی" هاوکاری کردم و توانیمان کواڵیتی کتێبەکە لە بواری دیزاین و چنینی شێعرەکانەوە، تا ئاستێکی زۆر بەرز بکەینەوە و باشتر بێ لە جاری یەکەم. خاتوونێکی هاوڕێشم هەیە لە کانادا کە ئەویش بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی کواڵیتی کتێبەکانم، زۆر یارمەتیم دەدات. خاڵێکی جێی سەرنج کە پێم خۆش بۆتی بگێڕمەوە ئەوەیە: کە لە چاپی دووهەمی ئەو کتێبەدا، کتێبی "زەرە زەنجیری شەهیدان" کە کۆمەڵە شێعرێکی زووی خۆم بوو، هەر بە مجەوزی ئەو کۆبەرهەمانە چاپمان کرد و بە چاپی دووهەمەکەمان زیاد کرد و لە ٤٠٠ لاپەڕەوە کردمانە ٦٠٠ لاپەڕە. کە ئەوە زۆر بووە هۆی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی خۆم. هەڵبەت من دەربایستی ئەوە نیم کتێبێکم بە چاپی شەشەم و حەوتەم بگات، بەڵام هەوڵ دەدەم لە جاپەکانی دیکەدا، بواری کواڵیتی کتێبەکە لەوەی کە هەیە باشتری بکەم و بەرزتری بکەمەوە.

**فریا: لە باشوور-لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی- و لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشەکانی ئەوێوە، تا ئێستا هیچ پێشنیارێکتان بۆ چاپی کتێبەکانتان لەوێ هەبووە؟ ئایا بە تەمای ئەوە نین ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆی کتێبەکانتان لەوێش –بۆ خوێنەرانی ئەوێ- چاپ بکەن؟**

مەلەکشا: بێ گومان تا ئێستا لە لایەن دۆستی ئازیزمەوە کاک ئازاد بەرزنجی لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چەن جار پێشنیاری ئەوەم پێدراوە کە ئەو کارە بکەم. بەڵام بە داخەوە هەر جارەی بە بۆنەیەکەوە، دواکەوتووە و نەکراوە. بە دڵنیاییەوە لە باشوور ڕێژەیەکی باشی خوێنەری ئەدەبیمان هەیە کە زۆربەی ئەو خوێنەرانە بە جۆرێک لە گەڵ شێعرەکانی من ئاشنان و خوازیاری کتێبەکانم هەن. بەڵام بە داخەوە بە هۆی نەخۆشی و نەتوانینی منەوە، تا ئێستا نەکراوە بچمە ئەوێ و گرێبەستییان لەگەڵ بکەم بۆ چاپی کتێبەکانم. هەڵبەت چەن ساڵ لەمەوبەر چووم و تەنانەت لە لایەن بەرێز مەسعوود بارزانیشەوە پێشنیاری مانەوەم پێدرا و تەنانەت ماڵ و ژیانێکی باشیشیان خستە ئیختیاری خۆم و دایکمەوە، بەڵام نەمتوانی و بە هۆی ئەوەی کە دڵم تەنیا لەم شارە ئۆقرە دەگرێت و دەحەسێتەوە، گەڕامەوە. بەڵام بە تەمام بەمزووانە دیسان بچمەوە و لەوێ چەندەها کۆڕ و کۆبوونەوەی باش بۆ خوێندنەوەی شێعرم بە دەستەوە دەبێ کە لە لایەن ستافە ئەدەبی هونەرییەکان و کەناڵە ناسراوەکانی ئەوێوە بەڕێوە دەچێت. ئومێدم وایە کە بتوانم لەگەڵ دەزگا ناسراوەکانی چاپ و پەخشی کتێبیشدا، گرێبەستێکی باش بنووسم بۆ چاپی کتێبەکانم لەوێ. ئەوەی ڕاستی بێ باشووری کوردستان لە ئێستادا هەلێکی باشە بۆ نووسەران و هونەرمەندانی ئێمە کە بتوانن لەوێ کارەکانیان بڵاو بکەنەوە. بەڵام بە مەرجێک لەوێش باسی باندبازی و ئاشنا و ڕۆشنا نەیاتە گۆڕێ و زیاتر مەبەستییان لە خزمەت و ناساندنی ئەدەبیاتێکی جدیی و پرۆفێشناڵ بێ تا ناساندنی کەسە نزیکەکانی خۆیان لە باری خزمایەتی و سیاسییەوە. ئێستا لە هەموو کاتێک باشتر دەتوانین لە فرسەتەکانی ئەوێ کەڵک وەربگرین بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەبیاتەکەمان و بە جیهانی کردنی ئەم پرۆسە مەزنە کلتوورییە.

**فریا: شێعرەکانی ئێوە ئەوەندەی کە لە فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەست بە دەست دەگەڕێت، لە فەزای چاپی و وەشاندا وەکوو کتێب یاخود گۆڤار، بەو جۆرە کە شیاوە، بەداخەوە کاری لە سەر نەکراوە و هەر ئەمە ڕەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرهەمەکانی ئێوەی وا لێکردبێت کە ئاستی ڕێنووسی و چنینییان، بە پێی نووسینی ناشارەزایانەی کەسەکان لەو جۆرە فەزایانەدا، دابەزێت. هەڵبەت ئەم کێشەیە بە گشتی لەگەڵ زۆرێک لە نووسەرانی کورد هەیە. بەڵام لە بەرهەمەکانی ئێوەدا ڕەنگدانەوەی ئەم خاڵە بەجۆرێکی دیکە بووە. ئێوە بۆ زۆر بۆنەی تایبەت وەکوو شەهیدبوونی کەسایەتییە گەورەکانی کورد، ئێعدامی ڕۆڵەکانمان، کۆڕەوەکانی کورد لە چوار پارچەی کوردستان، هەرس هێنانی سیاسەت و ئابووری لە پارچە غەدرلێکراوەکانی دیکەی کوردستان و... هتد، زۆر بابەتی گەورە و تایبەتیتان نووسیوە کە بە حاسانی هەر لە ڕێگەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەوە، زووتر لە کتێبەکانتان چوونەتە نێو خەڵکی. ئایا ئەم خاڵە چەنێک دڵخوازی خۆتانە و ڕای بەڕێزتان لەسەر ئەم بابەتە چییە؟**

مەلەکشا: ئەوەی بە پێویستی دەزانم باسی لێبکەم، ئەوەیە کە پێم خۆشە خوێنەرانم بزانن کە من بە ڕاستی شاعیری "بۆنە" نیم و کەم شێعرم هەیە کە بە تایبەت بۆ بۆنەیەکی دیار و تایبەتیی مێژوویم نووسیبێ. نا. ئەگەر دانیشی بە وردی شێعرەکانی من بخوێنیتەوە و ڕێکەوتی نووسینەکەیان بەراورد بکەی، دەبینی کە زۆرێک لەو شێعرانە بە هیچ بۆنەیەکەوە نەنووسراون و تەنانەت لە گەڵ ڕێکەوتی ئەو بۆنانەی کە خەڵکی پێیان وایە بۆنەی فلانە شێعری منن، مەودایەکی زۆریان هەیە. بەڵام ئەوە ڕەنگە لایەنێکی مێژووی ئێمە، یا خود شێوازێکی ئەو جۆرە شێعرانە بێ کە وەها بە حاسانی لە گەڵ بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، دەگونجێت و ڕێک دەخرێن. بۆ نموونە من بێ ئەوەی لە بیری شتێکدا بوبێتم یا مەبەستێکم بووبێ، هاتووم لە شێعرێکدا لە سەر مەرگی کەسێک، شەهیدێک وەکوو ناوێکی گشتی نەک ناوێک بە نموونە، چەند کۆپلەیەکم نووسیوە، دوایی لێیان پرسیوم –بە پێکەنینەوە: یەخەیان گرتووم- کە ئەو شێعرەت بۆ کێ نووسیوە؟ بۆ کێم وتووە؟ ئەبێ ئەم هەموو ساڵە بۆتان دەرکەوتبێ کە من لایەنگری هیچ حیزبێک و ڕێبازێکی تایبەت نیم، ئەوەشی کە دەبینن هەر ئەو شیوەنەی کە وا من کردوومە بە شێعر بۆ شەهیدێک و کەسایەتییەکی نادیار، بە بۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەرانی کوردەوە داندراوە، من ئاگاداری نەبووم و ناکرێ بۆ ئەوەش هیچ وەڵامێکی لایەنێکی تایبەت بدەمەوە کە بۆ وابووە؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئێمە و ئەو بەسەرهاتانەی کە وا لە درێژای ئەم مێژووەدا بە سەرماندا هاتوون. ئێتر بە مەحزی ئەوە شاعیرێک لە شوێنێک شیوەنێک دەهۆنێتەوە، خێرا ئەو بەسەرهاتانە دەگرێتەوە، نابێ کەسی پێ تاوانبار بکرێت و بخرێتە ژێر پرسیارەوە. زۆر نموونەی دیکەی ئاوا هەن. بۆ نموونە شێعرێکم هەیە کە ئاوا دەست پێدەکات:کە خۆم ناسی، وتم دایە/ من کێم و چیم؟

لە هەزاران جێگە ئەو شێعرە بەکار هاتووە و ڕەنگە هەرکەس بەمەرامی خۆی بە بارێکا خستبێتی. لە حاڵێکدا مەبەستی من هیچ یەک لەوانە نەبووە کە باسی لێدەکرێت. هەر کەسێکیش موختارە لە بۆنە و ڕێوڕەسمی خۆیدا شێعری من یا هەر شاعیرێکی دیکە بەکار بهێنێت و لە مابەینی وتار و پرۆگرامەکانیدا، بیخوێنێتەوە. بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە جەخت بخەینە سەر شاعیرەکەی و بڵێین تۆ سەر بەو ڕێکخراوە و حیزبەی کە شێعرەکەی تۆیان خوێندووەتەوە و یا نەخێر و تۆ ئەو شێعرەت بۆ ئەو بۆنەیە نووسیوە. من پێکەنینم بەم ڕوانگە و هەڵوێستەی هەندێک کەس و لایەن دێت. من وەکوو خۆم ئێستا بەو قەناعەتە



گەیشتووم کە شێعر دەبی بچێتە نێو خەڵک. شاعیر دەبێ هەموو هەوڵی ئەوە بێ کە شێعرەکانی ڕێگە بکەنە نێو دڵی کۆمەڵگا و ببنە وێردی سەر زمانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە. هەڵبەت دیارە مەبەستی من لەمە، شێعری کلاسیک و سوننەتی نییە، بەڵکوو من باسی شێعری نوێ ئەکەم. شێعری نوێ زیاتر باسی ژانەکانی کۆمەڵگایە و ئیتر لەو ڕوانگەیەی شێعری سوننەتی و کلاسیک کە هەر باسی گوڵ و بولبول بوو، دوور دەکەوێتەوە و زیاتر لەسەر ئەوە پێداگری دەکات کە ئازارە مێژووییەکانی گەلەکەی بەرباس بداتەوە. ئەم خاڵەش کە باسمان لێکرد، خۆی نیشانەیەکە بۆ ئەو مەبەستەی کە وتم. واتە ئەوەی وا شێعرێک بۆ هەر بۆنە و ڕێوڕەسمێکی دیاریکراو، بەکار دەهێندرێت و دەخرێتە پاڵ ئەو جۆرە بۆنانە، خۆی نیشان دەدات کە ئەو شێعرە باسی ئازارە گشتییەکانی کۆمەڵگای کردووە و چووەتە نێو دڵی کۆمەڵگا و —بە پێکەنینەوە- چیش لەمە باشتر؟

**فریا: دوایین بابەتێک کە لە ئێوە بڵاو بووبێتەوە چی بووە و لە کام بڵاڤۆکدا و کەی بڵاو بووەتەوە؟**

مەلەکشا: ئەوەی ڕاستی بێ زۆر حسێبی ئەوانەم لە دەستدا نییە. دوایین بابەتێک کە بڵاو بووبێتەوە و خۆم ئاگەداری بم بە شێوەی وتار بووە کە لە گۆڤارە کوردییەکاندا و لەسەر کارەکانی من نووسراوە. بابەتی خۆشم لەم چەند مانگەی دواییدا لە چەند گۆڤارێکی کوردیی ناوخۆ و دەرەوەدا بڵاو بووەتەوە کە بە داخەوە ئیستا لە زەینمدا نییە کام گۆڤارانە بوون. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ من زۆر ئیهتیمام نادەم بە کۆ کردنەوەی ئەو لاپەڕە گۆڤارانەی کە کارەکانی منی تێدا بڵاو بووەتەوە و هەمیشە بە پەرشوبڵاوی لەملاوئەولا بینیومن، یا لە ڕێگەی دۆستانەوە ئاگەدار بوومەتەوە. مرۆڤ کاتێ تەمەنی تێپەڕ دەبێ و دەڕوا بەرەو ژوور، زۆر تاقەتی هەنێک کاری نامێنێ. منیش وەک خۆم —هەمیشە- بە خەمی نووسینەوە بووم زیاتر. بۆ بڵاو کردنەوەی بابەت هەمیشە کات هەیە و نەشبێ —بە پێکەنینەوە- دوای مردن کەسانێکی دڵسۆز هەر پەیدا دەبن کە شانی ژێر بدەن و بابەتەکان بڵاو بکەنەوە. ئەوەختە ئەوەی باشە هەرچی بکەوێتە دەستیان چاپی دەکەن. —کەمێک پێدەکەنێ و دوای چەن چرکە بێدەنگی دیسان درێژە بە قسەکانی دەداتەوە و دەڵێ- زەمانێک لە گەڵ مارفدا —مارف ئاغایی- دەگەڕاین بە شوێن شێعرەکانی سوارە ئیلخانی زادەدا و هەموو هەموغەممان ئەوە بوو شێعرەکانی بە کاملی پەیدا بکەین. هەمیشە قسەم ئەوە بوو بۆ مارف، ئەمگوت: "مارف ئەوەت لە بیر بێ سوارە لە چاو شێعری فارسیدا، شاعیرێ زۆر گەورە نییە، ها! ئەوەت لەبیر بێت. ئەگەر بێ تەعەسوب حسێبی بکەین، ئەو شاعیری دەرەجە سێی شێعری فارسییە." کەچی ئیستا ئەبیسم کەسانێک هەڵساون و ئەڵێن سوارە هیچ کەمییەکی لە شاعیرە گەورەکانی فارس نییە و تەنانەت لە گەڵ شاعیرانێکی وەک نیما و شاملوو بەراوردی دەکەن. من ئەم تەعەسوبەم پێ باش نییە. کابرا چووە لەسەر سوارە نووسیوێتی: شاعیرێکی تاقانە کە شێعرەکانی گشتی دانسقەن و تازە وەکوو ئەو وجوودی نابێتەوە! کاکە بۆ وا دەکەن؟ دەتانەوێ بەو کارانە چی بسەلمێنن. بەخوا ئەو تەعەسوبە جگە لە سووکی و بێ بایەخ کردنی ئەو شتانەی کە هەمانە و پێویستە بە بێ تەعەسوب خوێندنەوەیان لەسەر بکەین تا مێژووی ئەدەبیی خۆمانی پێ دروست بکەین؛ هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نییە بۆمان. داوەرییەکانی ئێمە هیچی زانستییانە نین و کاتێکیش قسە دەکەی هەمووی تاوانبارت دەکەن بەوەی کە ڕێزی کەسە باشەکانی خۆمان ناگرم. وا نییە برا. کەسێک بهێنن بە چاوێکی زانستییانە و شێعرناسانە، بەراوردی بکات. زمانی زگماکی جیاوازی زۆرە لەگەڵ زمانێکی بێگانە کە تۆ دەتەوێ شێعری پێ بنووسی. من سەرەتا بە زمانی فارسی دەستم بە نووسینی شێعر کرد. دڵنیا بن ئەگەر سەد ساڵی دیکە خۆم ماندوو بکردایە بە نووسینی شێعری فارسییەوە، هەرگیز نەدەگەیشتمە شێعری ئەخەوانی سالس. من لە نیوەی ڕێگەدا بووم کە شێعری فارسیم لابرد و هاتمەوە نێو زمانی زگماکی خۆم و بە کوردی دەستم بە نووسینی شێعر کرد. بەو حاڵەوە هەر یەکەم شێعری کوردیم بووە وێردی زمانی خەڵکی ئەو سەردەمە. ئەزانی بۆ؟ چونکە ئەوە زمانێکە کە من بیری پێ دەکەمەوە،



قسەی پێدەکەم، پێی دەژیم، پێی دەگریم و هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانم بەو زمانە ئەزموون دەکەم و لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەدا ئاشنام. کاتێک ئێژم: ئـــــــــــاخ، کزەی جەرگم! دە وەرە بە فارسی ئەم هەستەم بۆ دەربڕە، بەشێوەیەک کە کوردێک هەستی پێی بجووڵێت.

**فریا: پرسیارێکی گرینگ کە هەیە، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانە لە گەڵ بەڕێزتان. چەندە ئاگەداری ئەو بابەتانە هەی کە لەسەر ئێوە دەنووسرێت و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبێتەوە. ئایا ئەوانەی گفتگۆیان لە گەڵ کردووی، چەندە دەروەست و ڕاست بوون بە نسبەت پرسیارەکانیان و ئەو وەڵامانەی ئێوە کە بە لاڕێدا بردبێتیان یان نا؟**

مەلەکشا: ئەوەی ڕاستی بێ، هەروا کە پێشتریش باسم کرد، تەنیا لە ڕێگەی دۆستانەوە ئاگەدار دەکرێمەوە و زۆرجار لینک یا خود وێنەی ئەو بابەتانەی لە سەر شێعرەکانی من نووسراون، بە دەستم دەگات. هەڵبەت لە بواری وتار و شیکاریی شێعرەکانەوە کە ئەوە من نابێ هیچ بڵێم. چونکە مافی ئەو توێژەرەیە کە خۆی چۆنی پێ زانستی و پسپۆڕانە بێ، لەسەر بابەتێک بدوێت و بە پێی ئەو خوێندنەوەی کە لەو بابەتە هەیەتی، شیکاری و توێژینەوەی خۆی پێشکەش بکات. بۆ نموونە هەر لەو ژمارەی گۆڤاری "شی"ـدا کە ئێوە خوێندنەوەیەکتان لەسەر شێعرەکانی من و دنیای نووسینم، دانابوو و بە قەڵەمی هاوڕێی لاو "ئەنوەری عەرەب" نووسرابوو. بە گشتی شیکارییەکی خراپ نییە، بەڵام لە زۆر جێگەدا بێ ئەوەی ئەو جۆرە کە شیاوە بچێتە نێو ناخی ڕاستەقینەی شێعرەکانەوە، باسی ئەوە بۆ خوێنەر دەکا کە دنیا شێعری من، دنیایەکی تاریک و نائومێدانەیە. لە حاڵێکدا ئەوە بە ڕای من خوێندنەوەیەکی دروست نییە. ئەمە من خۆم نابێ باسی بکەم، بەڵام پێویستە خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئەو بیرۆکەیە دروست نییە. چونکە لە شێعرەکانی مندا، تەنانەت لەوانەدا کە بۆنی خەم و کەسەرییەکی قووڵی لێدێ، ئومید بەرق دەداتەوە و بە ئاشکرا دەدرەوشێتەوە. هەرچەن پێم وابێ خوێنەر خۆی ئەمە بزانێ و پێویست بەوە نەکا ڕوون کردنەوەی بۆ بدرێت. چونکە هەروا کە وتم بۆ ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر شێعرەکانی من نووسراون و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەوە، پێویست ناکا من دەخالەت لە هیچ خاڵێکیدا بکەم. بەڵام کاتێک باسەکە دێتە سەر گفتگۆ و وتوویژ، ئیتر جیاواز دەبێتەوە. دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەوەندە دەروەست بێ بە کارێک کە دەیکا کە هیچ قسەیەکی ناڕاست نەنێ بە زاری ئەو کەسەوە کە خەریکە وت و وێژی لەگەڵ دەکات. زۆر جار ئەو شتە بۆ من پێش هاتووە کە بە داخەوە بووەتە هۆی ناڕاحەتی و دڵئێشانم. بۆ نموونە لەم دواییانەدا

لە لایەن دۆستێکمەوە ئاگەدار کرامەوە کە لە ڕۆژنامەی هەولێردا بابەتێک وەکوو ناساندنی من بڵاو بووەتەوە کە گوایە لەوێدا باس لەوە کراوە کە شاملوو لە سەر شێعری من قسەی کردووە و وتوویەتی شێعری من و شەفیعی کەدکەنی وەکوو یەک وان و... هەندێک قسەی زۆر نابەجێی دیکە کە بەڕاستی بۆ من زۆر جێی داخە ئەو قسانە بە بێ ئەوەی هیچ تەعەهود و ڕاستییەک لە خۆ بگرن و پڕن لە درۆ و ناڕاستی، لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بڵاو دەبنەوە. یان لە زۆر وتووێژی دیکەدا کە لە خۆڕا هەندێک قسەی ناڕاست و درۆ نراوە بە دەمی منەوە. لە حاڵێکدا من هەمیشە وتوومە کە ئەوانە گشتی درۆن و شاملوو هەرگیز لە هیچ شوێنێک باسی منی نەکردووە. تەنیا ئەو باسە نەبێ کە خۆم جاری تر ئاماژەم پێکردووە و وتوومە کاتێک شێعرم لە حوزووری شاملوودا خوێندەوە، زۆر بە ناخۆشی و تووڕەییەوە باسی شێعرەکەمی کرد و وتی دەورەی ئەو شێعرانە ئیتر بەسەر چووە. ئیتر من نازانم ئەمە لە کوێ شاملوو شتی وای دەربارەی من وتووە، خۆم نەمزانیوە؟ بە دڵنیاییەوە من باوەڕم وایە شاعیر کەسایەتییەک نییە کە بە تەئید و تاریفی شاعیرێکی دیکە ببێتە شاعیر و بەرز ببێتەوە. شاعیر لە ڕێگەی شێعرەکانییەوە پەیوەندەی دەکا بە دڵی کۆمەڵگەی خۆیەوە و تەنیا شێعرە دەبێتە هۆی سەنگینی و سووکی شاعیرێک. هیوادارم ڕۆژێک ڕۆژنامەوانیش لە لای ئێمە بەو ئاستە پرۆفێشناڵە بگات کە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان هەراسی ئەوەیان نەبێ لە گەڵ گۆڤار و ڕۆژنامە، دانیشتن بکەن و نەترسن لەوەی قسەکانیان تەحریف دەکرێت و بەلارێدا دەبردرێ. کە ئەوە بە دڵنیاییەوە لە سەر کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو شاعیر و هونەرمەندانە کاریگەریی خراپی دەبێت و نابێ ڕۆژنامەکان ئیجازە بدەن بۆ بازاڕگەرمیی خۆیان، هەموو چەشنە درۆ و ناڕاستییەک لەسەر ژیانی کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکان، بگاتە دەست کۆمەڵگە و ببێتە هۆی ڕووخانییان.

فریا: شتێک کە ئیمڕۆ بە ڕاستی لە نێو کۆمەڵگەی شاعیران و نووسەرانی ئێمەدا، بە شێوەیەکی زۆر ئازاربەخشانە هەست بە نەبوونی دەکەین، دەروەست بوونی نووسەرانمانە. ئەو جۆرەی کە من ئاگەداری ئەو بابەتە هەم، هەر ئیستا لە ڕۆژهەڵات زیاتر لە پێنجهەزار نووسەر و شاعیرمان هەیە کە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، دەبیندرێن و تەنانەت زۆرینەی ئەمانە چەندەها کتێبی بڵاوکراویان هەیە. بەڵام دەبینین هێشتا ڕێژەی چاپی کتێبی نووسەرێکی کورد لە ٥٠٠ دانە و هەزاردانەدایە، کە ئەمە ئاماژەیەکی تاڵە بەوەی کە تەنانەت شاعیران و نووسەرانی ئێمە، ئامادە نین کتێبی یەکترین بکڕن و بەو جۆرە پشتیوانی لە خۆیان و لەو کۆمەڵگەی کە هەمیشە لە لایەن چاوچنۆکانەوە، حەز بە نەمانی دەکرێ، بکەن.

لەوە گرینگتریش ئەوەیە لە تەنگانەکاندا کە دەبینین کێشەیەکی جددی بۆ کۆمەڵگە دێتە پێش، وەکوو کوشتنی کۆڵبەران، یا خود زۆرێک لەو پرۆسە جەرگبڕانەی کە ساڵانە بەسەرماندا دێن، یەک نووسەر و هونەرمەندی کورد –تەنانەت لە کاناڵە تاکەکەسییەکانی خۆشیاندا لە فەیسبووک و ئینستاگرام و تێلێگرام و...- متەقیان لێ نایەت. پێنج هەزار بێدەنگی... ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە وەڵاتانی دیکە –زۆر دوور نەچین، تەنانەت- لە نێو هەر ئەم کۆمەڵگەیەی فارسی پەنادەستی خۆماندا، لە هەر کێشەیەکی ورد و درشتی کۆمەڵگەدا، هەست بە سێبەری قورسی نووسەران و هونەرمەندان دەکەین و زۆر جار دەبینین دەسەڵات لە ترسی لایەنگرییەکانی ئەوان لە مژارە کۆمەڵایەتییەکاندا و لەو زوڵمانەی لە کۆمەڵگەیان دەکرێ، دەکشێتەوە و ناوێرێ چیدی درێژە بەو باس و خواسە بدات. پێم خۆشە بیر و ڕای بەڕێزتان لەسەر ئەم نەبوونی تەعەهوود و دەروەست بوونەی نووسەران و هونەرمەندانی کورد بزانم.

مەلەکشا: بە داخەوە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورە و ڕیشەدارە و پێم وانەبێ چیتر بە قسە کردن و بەرباس دانەوەی، چارەسەری بکرێ. من پێم خۆشە لەسەر ئەم بابەتە بە وردی قسە بکەم و هەموو هۆکارەکان و خەسارەکانی ئەم خاڵە گرینگە بخەمە بەرباس. بەڵام هەروا کە دەزانن ناکرێ. هەر ئەو نەبوونی تەعەهووده کارێکی کردووە کە ئەو چەند کەسەش لە نێو شاعیران و نووسەراندا کە دەتوانن و دەیانەوێ قسە بکەن، ناوێرن بە عامی ئاشکرا پشتگیری لە کۆمەڵگاکەیان بکەن. ئەگەرچی من هەر لە بە شێعرەکانم، هەمیشە دەروەست بوونی خۆمم نیشان داوە و بە زمانی وشە بە کۆمەڵگاکەمم وتووە کە لەگەڵتاندام، بەڵام... — هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و بێدەنگ دەبێت. وەها کە ئیتر مافی ئەوە بە خۆم نادەم لەوە زیاتر درێژە بەو باسە بدەم-.



**فریا: پرسیارێک کە ڕەنگە زۆر بە کەمی لە نووسەرێک کرابێت لە بواری ماددیی ئەدەبیاتەوەیە و ئەویش ئەوەیە ئایا ئەدەبیات چەندە توانیویەتی بژیوی ڕۆژانەت تەئمین بکات و بتژیەنێت؟**

مەلەکشا: هیچ. بە داخەوە ئەدەبیات نەک تەنیا نەیتوانیوە من بژیەنێت و بژیوی ڕۆژانەی ژیانم تەئمین بکات، بەڵکوو زیاتر منیشی بە قوڕدا بردووە و هەمیشە ئەوە من بووم بۆ ئەوم خەرج کردووە و لە هەموو حەز و تاسەکانم گوزەراوم، ئەو هیچی بۆ من نەکردووە تا ئیستا...

**فریا: ئایا پێت وایە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەدەبیات چیتر بەم شێوە لەگەڵ ڕۆڵەکانی خۆی مامەڵەیەکی وا دڵڕەقانە نەکات و ڕۆژگارێک بێت کە نووسەران و شاعیرانی ئێمەش لە ڕێگەی کتێبەکانیانەوە بژین و کاری چاپ و پەخشی کتێب لە نێو ئێمەشدا وەها پرۆفێشناڵ ببێتەوە کە چیتر پێویست بەوە نەکا نووسەرانمان لە لایەکەوە بە شوێن بژیوی ڕۆژانەی ژیانیاندا عەڤداڵ بن و لە لایەکی دیکەشەوە لە خەمی نووسین و تەواو کردنی بەرهەمەکانیان و چاپ و بڵاوکردنەوەیاندا بن؟**

مەلەکشا: نا. پێم وا نەبێ ئەو شتە هەرگیز ڕووبدات. یان لانیکەم بەم زووانە ڕووبدات. هەڵبەت ئەوە نیشانەی بەدبینی من نییە، بەڵکوو من ئەوەی وەکوو ڕووی ڕاستیی باسەکە دیومە و ئەزموونم کردووە، دەیخەمە بەردەست. ڕەنگە لە ئەورووپا، لە ئەمریکا، ئەو شتە بۆ نووسەرێکی ئێمە تا ئاستێک ڕووبدات –کە دەبینین بۆ نووسەرانی خۆیان لە ئاستێکی زۆر باڵادا، ئەو بابەتە بایەخی خۆی پەیدا کردووە و چیتر نووسەرانیان ناچار نین بۆ پەیدا کردنی بژیوی ڕۆژانەی ژیانیان،

له سەر نووسینەکانیان بوێستن و ماوە ماوە لێی دابڕێن- چونکە ئەوان ئیتر بە پێی ئەو گشتە تەمرینی ڕۆشنبیرییە کە کردوویانە و خۆیان لە بواری کلتووری و هونەرییەوە بەهێز و پتەو کردووەتەوە، بوونی نووسەر و ئەدەبیات بۆ کۆمەڵگا بە زەروورەتێکی زۆر جددی دەزانن و هەر خەڵکەکە خۆی —تەنانەت بە کڕین و خوێندنەوەی کتێبیش بووبێ- ناهێڵن نووسەرانیان پەکیان بکەوێت. هەر بەو هۆیەشە کە ڕێژەی چاپ و فرۆشی کتێب لەوێ هەزار ئەوەندەی لای ئێمەیە. بەڵام لە وەڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا —بە تایبەت ئەو وەڵاتانەی کە تێیدا هیچ دەنگێکی دیموکراسی نییە- هەموو نووسەران و هونەرمەندانی بە خراپترین شێوە دەژین و دەمرن و هیچ ڕێزێک لە بەرهەمەکانیان ناگیرێت و تەنانەت ڕێژەی چاپ و فرۆشی کتێبەکانیشیان —بە زۆرەملێ- خۆی دەگەیەنێتە ٥٠٠ دانە و هەزار دانە کە بە داخەوە خەرجی چاپەکەشی دەرناهێنێتەوە. لێرە هیچ شاعیر و نووسەرێک نابینی بارودۆخێکی باشی هەبێ.

**فریا: وەکوو دواهەمین پرسیار: ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک ببیتەوە، ئامادەی دیسان ببیتە شاعیر؟ پێت خۆشە ئەگەر وابوو، بە چ زمانێک لە دایک ببیتەوە و ببیتە شاعیری چ زمانێک؟**

مەلەکشا: (بە پێکەنینێکی تاڵەوە) ئەرێ و نا. بێگومان، ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک ببمەوە پێم خۆشە ببمە شاعیر بەڵام نەک شاعیرێک کە شێعر دەنووسێ. من لە شاعیر بوون پەشیمان نیم. هەر نووسەر و شاعیرێک بە بڕوای من خوداخالەقە، واتە نووسەران خالەق و ئەفرێنەری دنیایەکن کە خۆیان بە جوانی دەزانن و حەز دەکەن هەموو خەڵک لەو جوانییە بەشدار بێت. نووسەران چیها جیهانی جیاوز دروست دەکەن و مرۆڤانێکی جیاواز لەم مرۆڤانەی لە دەوروبەرمان هەن دەخولقێنن، ڕێک وەک خودا حاکمن بە سەر ژیانی ئەو مرۆڤانە و ئەو جیهانەدا کە دەیخولقێنن. وەک خودا بە مەیلی خۆی، دەیانژیەنێ، دەیانکووژێ، چیی پێ خۆش بێ لەگەڵیان دەیکا. ئەمە چێژێکی کەم نییە و پێم وانەبێ هەرگیز بتوانم دەستبەرداری ئەم چێژە بم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەموو خواست و حەزی من ئەوەیە کە ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک بوومەوە، لە ڕێگەی شێعر نووسینەوە ژیان نەکەم. بەڵکوو حەزم لە کشتوکاڵە و خۆزگەم دەخواست لە گوندێک لە دایک ببمەوە کە هەر لە منداڵییەوە خەریکی کشتوکاڵ بم، بەڵام بە ڕۆحێکی شاعیرانەوە. هەر بەم ڕۆحەوە کە ئیستا خەریکی نووسین و خولقاندنم. چونکە هەروا کە پێشتر باسم کرد شاعیر بوون ژیانی منی بە قوڕدا بردەخوار و هەرگیز هیچ خزمەتێکی ئابووریی بە من نەکرد. بەڵکوو ئەوەشی کە بووم لێ سەندم و لە ڕێگەی ئەدەب و شێعر و کتێبدا، پێی خەرج کردم. بۆیە پێم خۆش نییە ببمەوە بە شاعیر، بەڵام ئاواتم ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ، کشاوەرزێکی شاعیر بم و شاعیرانە ژیان بکەم.



# پرسی ناسنامە لە ئیلام و کرماشان

## وتووێژێک لەگەڵ نووسەر و ڕەخنەگر: عادڵ قادری

شەریف فەلاح

**"عادل قادری" نووسەر و ڕۆژنامەوانی چالاکی ئەم سەردەمەی ڕۆژهەڵاتە کە بەردەوام لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وەڵاتدا، لەسەر بابەتگەلی جیاوازی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆژەڤ، شیکاری و خوێندنەوەی جددیی و وردبینانەی هەبووە و توانیوێتی لە ماوەی چەن ساڵی ڕابردوودا، وەکوو یەک لەو سیما دڵسۆزانە دەربکەوێ کە بەوپەڕی دەروەستی و ئەمەگدارییەوە بە نسبەت کۆمەڵگەی خۆی، هەڵوێست و هزری جددی و زانستییانەی نیشان داوە. عادڵ لە ئیستادا، یەک لەو دەگمەن نووسەرانەیە کە بە وردی ئاگەداری دۆخی ڕۆژهەڵات -بە تایبەت لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان- هەیە و خوێندنەوەیەکی قووڵی لەسەر کێشە و پرسەکانی ئەم تافەی ئەو دوو کۆمەڵگەیە هەیە. ئەم دیمانەیە بۆ بەرپرسدانەوەی کێشەکانی ئیلام و کرماشان لەسەر پرسە شوناسخوازەکانی ئیمرۆ، ساز کراوە کە لە ڕووی واقیعەوە ئاماژە بە زۆربەی کێشە جددییەکانی ئەو بەشەی ڕۆژهەڵات دەکات.**

**شەریف فەلاح: پێناسە و تێڕوانینی ئێوە بۆ ناسنامە (شوناس)ی نەتەوەیی چییە و پێت وایە ڕەگ و بنەچە و توخمەکانی چین و چۆن گەشە دەکات؟**

**عادڵ قادری:** لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لێرەدا بە شێوەیەکی خێرا و سەرپێیی دەکرێت، چونکە بۆ گەڕان بەدوای شوێنپێکانی شوناس و نەتەوە و دەرکەوتن و تێکەڵبوونیان لە یەک قەبارەدا، دەبێ ئێمە بەنێو مێژوویەکی دوور و درێژ و لە هەمانکاتدا دوور و نێزیک سەفەر بکەین و بەدوای وێنەکانی شوناسی خۆماندا بگەڕێین لە ئاوێنەی مێژوودا، ئاوێنەیەک کە هەم لەڕووی سیاسییەوە و هەم لەڕووی مێژوونووسییەوە سەدان و بگرە هەزارن لەتی تێکەوتووە و هەر لەتێکیشی کەوتۆتە شوێنێک، بۆیە دەتوانم بڵێم بەشێکی هەرە زۆری ئەو قەیرانە گەورەیەی لە ڕەهەندگەلی جۆراوجۆرەوە کۆمەڵگەی کوردی و بوونی مرۆڤ کوردی تەنیوەتەوە لەم ئاریشە و قەیرانە زەبەلاحەی کە ناوی پێواری، یان غیابی ئامادەیی ئێمەیە لە مێژوووودا زەق بۆتەوە. مێژوو ڕووبەرێکی گەورەیە بۆ دەرککردن و فامکردنی شوناس بە هەموو ڕەهەندە زۆر و زەبەندەکانییەوە، ڕاستە کە شوناس لە هەندێ واتادا فۆرم و دەرکەوتەیەکی ئایدۆلۆژیکی هەیە، بەڵام لایەنی گشتی و وجوودی شوناس بابەتێکی یونیڤێرساڵ و جیهانگیرە و هیچ کولتوور و شارستانییەتێکیش بوونی نەبووە لە دنیادا کە بەناو قەیرانێکی گەورەی شوناسدا تێنەپەڕیبێت. پەیوەست بە مێژووی خۆمانەوە، دەشێت چەند شتی گشتی بڵێم ئەوکات دەچمە سەر وەڵامێکی وردتر بە پرسیارەکەتان. ئێمە تا هەنووکەش و بەپێی هەندێ پێوەری ئەوروپیی ناتوانین بڵێین خاوەن مێژوویەکی دیار و بێ گرێ و گۆڵین، بۆ؟ چونکە سەرەڕای هەموو ئەو باسانەی کە لەبارەی کەونینە و دێرینەبوونی جوگرافیا و شارستانییەت و کولتووری مرۆیی ئێمەوە دەکرێت هێشتا ئێمە خاوەنی میتۆدێکی مێژوونووسی هاوچەرخ نین واتە ئەو مێژووەی کە بۆ ئێمە نووسراوە ئەگەر بەپێی پێوەری زەمانمەندی لێکی دەینەوە، ئەوا یەکەمین دەقی مێژوونووسیی کوردی هی شەرەفخانی بەدلیسییە و بە فارسی نووسراوە و خودی شەرەفخانیش کە لە١٥٤٢ی زایینی/٩٤٩ی قەمەری لە نێزیکی شاری قوم لەدایک بووە و چونکە وەکوو فەرمانبەرێک لە سیستەم و پێکهاتە سیاسییەکانی ئێرانی سەفەوی و عوسمانی تورکان دا ئیشی کردووە، بێگومان کتێبەکەی لەژێر کاریگەری تێڕوانین و فۆرمی گێڕانەوە و تۆمارکردنی واقیع و ڕووداوەکانە و بەپێی دیسکورسی سیاسی-ئایینی سەفەوی و عوسمانی. لێرە دایە تێدەگەین کە واتای "زەمەن" چەندە لە هەناوی مێژوودا گرینگە، "زەمان"ێک کە تۆ غەیبەتت بووە لە مێژوودا، یان هەر هۆکارێکی‌تری بووە سیستەم و پێکهاتگەلی ئایینی جیاجیا و ئایدۆلۆژیک و دڕندە دەسەڵاتیان گرتووە و تۆیان خستۆتە ناو مێژووی خۆیان و کراوی بە بەشێک لە پەراوێزی مێژووی ئەوان. تەنانەت تا سەدەی هەشتەمی کۆچی هیچ ناوێک لە کوردستان لە ئارادا نەبوو و ئەمە "حەمدوڵڵا مستەوفی" لە کتێبی "نزهةالقلوب و فضل الله العمری لە مسالک الابصار" بوون کە یەکەمجار ناوی کوردستانیان بە کار هێنا کە ئەوەش لەژێر سێبەر و چیگالی زاڵی مێژوونووسی و سیستەمی سیاسی-کولتووری خۆیان، تا پێش لەمانە لە هەموو ئەو دەقانەی کە ئاماژەیەک بە کورد کراوە لە چوارچێوەی زاراوەگەلی "زموم الآکراد" (ڕەشماڵەکانی کورد) یان معاقل الاکراد (قەڵاکانی کورد) بووە، وەکوو دیارە زۆرتر وەکوو کۆچەر و قەرەج لە سۆنگەی خۆیانەوە چاویان لە ئێمە کردووە و دواتریش کە مستەوفی و العمری دەڵین کوردستان مەبەستیان شوێنێکی جوگرافییە بۆ ئامانجەکانی خۆیان، شوێنێک کە بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و هەرێمێک کە بۆ تەراتێنە وەخت و ناوەختەکانیان لەبار بێت، بەڵام ئەم حاڵەتەدا بەشێکی کێشەی ئەوانە بەشیتری پرسیارە لە نەبوون و غیابی ئێمە، و ئێمە دەبێت لەم سۆنگەیەوە چاو لە مێژوو و دواجار شوناس بکەین، تاکوو مێژوو بە گشتی و مێژووی خۆمان بەتایبەتی نەخەینە بەردەم پرسیار و کۆڵشت و بۆ ڕەهەندە جیاجیاکانی نەگەڕێین و بەشێوەی جۆراوجۆر نەینووسینەوە ناتوانین باسی شوناس بکەین و بەتایبەتی شوناسی نەتەوەیی. ئێمە دەزانین شوناسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە مانا مۆدێڕنەکەی لە قەوارەی دەوڵەت-نەتەوەکاندا و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست هاتە ئاراوە و ئەوەندەش دەستی بازرگان و کۆمپانیا ئەورووپی و ئینگلیزییەکانی تێدا بوو ئەوەندە دەستی سیاسەتوان و بیرمەندەکانیانی تێدا نەبوو، هەر بۆیە مێژووی ئێمە هەمیشە لە لایەن فاتحانەوە نووسراوەتەوە و کراوە بە هی خۆیان کە تۆ غەیبەتێکی سوغرات بە هەر هۆیەکە کرد... یان بەسەرتدا سەپا، یان هەرشتێکی دیکە ئیتر غەیبەتە کوبراکەت قەتعی دەبێتەوە و چەقی کارەساتەکەش ئەمەیە کە مێژوو بە دەست دەسەڵاتدارانەوەیە و بەم پێیە فۆکۆ گوتەنی زانست و مەعریفەش دەکەوێتە دەستیان و زانست تەنها باسی ئەو شتە دەکات کە ئەوان دەیانەوێت و... بەم هەموو هاوکێشە لێڵ و سەیرانە ئێمە چۆن دەتوانین شوێن پێی شوناس و لەوێشەوە شوناسی نەتەوەیی بدۆزینەوە؟ ئەگەرچی لەڕووی زانستی مێژووییەوە جیاوازی و هێڵی ئاکادیمیک و ورد دانراوە لە نێوان مێژوووێناندن (historiography) و مێژوونووسی(Writing history)دا و یەکەمیان دەپەرژێتە سەر فۆرم و شێوازەکانی گێڕانەوە و گۆشەنیگا جۆراوجۆرەکان بۆ مێژوو و بەپێی ئەوەش شوناس و دووهەمیان فۆکۆسی لەسەر تۆمارکردن و نووسینەوەی بەروار و کات و ساتی ڕووداوەکانە، بەڵام ئێمە ناتوانین لە هیچکام لەم ڕەهەنانەدا ئیدیعایەکی ئەوتۆ بکەین، ئەگەرچی لە مێژوو وێناندندا ئێمە دەتوانین نموونەی کۆمەڵێک دەق بهێنینەوە کە لەخۆگری دەقە ئەدەبییەکانیش بن، هەر لە ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران و وەفایی و قانع و مەلای گەورە و برایانی موکریانی و نالی و مەحوی و...دەست پێدەکەن تا دەگەنە گۆران و شێرکۆ بێکەس و جەمیل سایب و حەسەنی قزڵجی و... لەوێشەوە تا دەگاتە "جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد"ی بەختیار عەلی و گیلاسی خوێنی عەتا موحەمەد و...کە ڕەهەندی وێناندنی مێژوو لە شکڵە گشتییەکەیدا گێڕدراوەتەوە. لە هەموو ئەمانەدا هەوڵ و درەوشانەی تایبەت و جوان هەیە بۆ وێناندنی مێژوو و نیگارکردنی ئەو بوونەی ناوی مێژوو کە دەشێت

هەمانبایت و نەمانبووەو واتە ئەم رووبەرە ئەوەندە باسی ئەگەر و شیمانەی دەرکەوتن و بوونە لەناو مێژوودا، ئەوەندە باس بە مانای ئامادەییەکی کۆنکرێت و سیستماتیک نییە لە چوارچێوەی مێژوونووسیدا کە بەشی دووەمی ئاماژەی باسەکەمان بوو. من پێموایە شوناسی نەتەوەیی ئێمە لەم رووەی یەکەمەوە بەهێز و بەبڕشت بووە و ئەگەریش کارێکی کردبێت بەهۆی ئەو دەقانەی رووبەری یەکەمەوە بوو، هەنووکە با بپرسین لە خۆمان ئایا نالی و ئەحمەدی خانی و قانع و...لە یادەوەریی مێژوویی ئێمەدا رەگیان داکوتا و بوون بە شوناس، یان شەرەفخانی بەدلیسی و دەقە هاوشێوەکانی؟ من لەم سۆنگەیەوە لەسەر دوو دەقی جەمشیدخان و گێلاسی خوێن کارم کردووە و لە قەوارەی وتاری درێژدا چاپ دەبن و خۆشم رۆمانێکم بەدەستەوەیە کە بەشێک لەو فۆرمە گشتییە گێڕانەوەییە لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگێڕێتەوە. بەهەرحال ئەدەب ئەو فۆرمە بزۆزە لە وێناکردنی مێژوو بووە کە ئێمە شوناسی خۆمان تێدا گێڕاوەتەوە، ئەگەر جەمشید خان بە دەست بێ شوناسی و نەبوونی قورسایی وجوودی و سووک بوونییەوە شوناسی بابردەڵە و بابردوو دەبێت و بەردەوام چارەنووسی لە گێژەنی هێزە نادیارەکان دایە، ئەوا لە "گێلاسی خوێنیش"دا هەر ئەم تێمە دەبینرێت، بەڵام جەمشید ئەو کارەکتەرەیە کە ناگەڕێت، یان ناتوانێت بگەڕێت بە دوای شوناسی خۆیدا، بەڵکوو "با" وەکوو هێمای هێزی جۆراوجۆری نادیار دەیگەڕێنێت، بەڵام کارەکتەری سەرەکی و پاڵەوانی گێلاسی خوێن واتە کوڕە گەنجەکە (سەرنج بدەن کە ئەم کارەکتەرە ناوی نییە لە هەموو رۆمانەکەدا و هەر بەو ئاوەڵناوە "کوڕە گەنجەکە" خیتاب دەکرێت) دەزانێ دەبێ بگەڕێت، دەزانێ کتێبخانەکان و دەستنووسە خەتییە کۆنەکان و کتێبخانەکانی بابان هەڵکۆڵێت، دیارە هەر وەکوو دەقیش چاوی لێ بکەین لە بەختیارەوە بۆ عەتا پێگەی وشیاری و کۆڵشت بۆ شوناس گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم فۆرمە گێڕانەوەییەی مێژوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵۆزتر و قەیراناویتر دەرکەوتووە، بۆ نموونە ئەگەر چاو لە رۆمانەکانی نووسەر و وەرگێڕێکی کوردی وەکوو ئیبراهیم یوونسی بکەین سەرەڕای ئامادەیی ئەو قەیرانە مێژووییە و ئەو غیابە گەورەیە ئەمەش کە رۆمانەکانی هەموو بە زمانی فارسی نووسراون خاڵی سەرەکیی ئەو قەیرانە دەردەخات، راستە هەموو رۆمانەکان باسی جوغرافیا و تەنگ و چەڵەمەکانی کۆمەڵگەی کوردی و رەخنەی سیستەمی فیۆداڵی و خانخانێتییە لە کورستان، بەڵام "زمان" کە تۆخمی زێڕینی شوناس بێت، لێرەدا بوونی نییە یان با بڵێین بوونێکی نامۆ و ناباوی هەیە، واتە ئەمەش لێرەدا هەر دووپاتبوونەوەی ئەو رەهەندەی مێژوونووسییە کە ئێمە بەردەوام شوێن پێی شوناسمان کەوتین لە دەقەکانی رۆژهەڵاتناسان و رۆژئاواییەکان و گەشتیارە بیانییەکان، واتە کاتێک لەم رۆمانانە بۆ نموونە رۆمانی خوش آمدی...؟! باسی دۆخی قەیراناوی دوو بنەماڵەی فیۆداڵیی کورد دەکرێت کە یەکیان لە پاش شکستی شۆڕشی ئیحسان نووری پاشا لە باکووری کوردستانەوە دێن بەرەو بانە و لەلایەن بنەماڵەیەکی فیۆداڵی بانەییەوە پێشوازییان لێدەکرێت، دواتر رووداوێکی عاشقانە لە نێوان کوڕە رەعیەتێک (رەعیەتی خانی بانە) و نێرگسی کچی خان دێتە ئاراوە و لەم هەموو بگرە و بەردەدا چارەنووسی ئەو بنەماڵەیە بە تراژیکترین شێوە رووبەڕووی دوورخستنەوە و راگوێزان و سووکایەتی پێکردن لە شاری کرمان دەبێتەوە، خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە هەموو ئەم مێژوونواندنە سەرنجراکێشە بە زمانی فارسی نووسراوە، باس لێرەدا ئەوە نییە کە ئیبراهیمی یوونسی نەدەبوو ئەمەی بکردایە، یان بۆ وای کردووە و... باس لەمەیە کە ئەم فۆرمە لە گێڕانەوەی مێژوو بە زمانی ئەویدی بووەتە واقیعێکی پارچە جیاجیاکانی کوردستان تۆ لە باکووری کوردستان هاوتەریبی ئیبراهیم یوونسی یاشار کەماڵت هەیە، هەرچەند وەکوو دەشزانین لایەن و هاوکێشە و زەختە سیاسییەکان لە باکوور ئەمەی رەقەم داوە، بەڵام لە ئێران بەو فۆرمە نەبووە و ئەوەش لە باکوور کراوە هەر نابێتە پاساوی هەڵهاتن لەو یەکەمین و سەرەکیترین تۆخمەی شوناس کە زمان بێت. پێویستە بیری بخەمەوە کە لەم رووبەرە گەورەیەدا کاتێک ئێمە باسی زمان دەکەین تەنها مەبەستمان ئەوە نییە کە ئاخێوەران و حەشیمەتێکی زۆر قسەی پێ بکەن، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە لەم سەردەمەدا "زمان" ئاستیتری لە شوناس هەیە کە لە رووبەر و پانتای ئەدەب و نووسین و زانست و مەعریفەدا دەردەکەوێت، واتە پێگەی شوناسێکی جیهانگیری نەتەوەیی لە رووبەری ئەدەبێکی نەتەوەیی دەردەکەوێت کە پێوەر و پێکهاتە مرۆییە و بان نەتەوەییەکان بگێڕێتەوە، ئەگینا باسەکە تەنها لەسەر ئەوە نییە کە زمانمان کەوتۆتە ژێر هەڕەشە و مەترسی و توانەوە، بەڵکوو زمان سەرەڕای ئەمە لایەنیتری هەیە کە دەبێ بخوێنرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت و من دڵنیاشم هیچ نەتەوەیەک بە ئاسانی زمانی ناسڕدرێتەوە و لێی ناسێنرێتەوە، ماوەیەک پێش بوو هەواڵێک بڵاو کرایەوە کە کوردێکی باکوور پاش دە ساڵ کە لە کۆما هاتۆتە دەر، بە زمانی کوردی قسەی کردووە ئەمە لە کاتێکدا بووە پێش لەوە هەمموو ژیانی یەک دوو ساڵێک بە کوردی قسەی کردووە، واتە زمان لە هەست و نەستی هیچ نەتەوەیەکدا ناسڕدرێتەوە، بەڵام وەکوو وتم زمان دەبێت بچێتە ئاستە باڵاکان و نێزیک لە رۆحی مرۆڤی هاوچەرخ و بە تایبەتمەندیی خۆیەوە دەربکەوێت. بەهەرحال ئەمە باسێکی زۆر پسپۆڕانە و دوورودرێژە و لەمە زیاتر ناشێت تیشکی بخەمە سەر.

**شەریف فەلاح: بەرای جەنابت کورد لە رۆژهەلات و بەتایبەت لە دوو پارێزگای کرماشان و ئیلام چۆن توانیویە لەگەڵ پرسی ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگی بجووڵێتەوە؟**

**عادل قادری:** بێگومان ئەمە باسێکی هەستیارە و زۆر کەمیش لەسەری قسە کراوە، من بۆ ئەوەی بە قووڵی بڕۆینە ناو پرسیارەکەوە هەر لە خودی پرسیارەکە پرسیارێک دەردەهێنم. مەبەستمان لە رێکەوەند و لێکدانی "کوردی رۆژهەڵات" لە دەربڕینی "کورد لە رۆژهەڵات" چییە؟ یان مەبەستی ئەم رێکەوەند و لێکدان (ترکیب)ە چییە"؟ دیارە کاتێک باسی شوناس و ناسنامە بێت، پێگە و رۆڵی وشیاری لانیکەم لە ئاستێکی کەمیشدا بێت زەق دەبێتەوە. شوناسی کورد لە رۆژهەڵات لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکان بەم لاوە تا ئێستا بە زەقی لە لایەن دوو کەڵە هێز و دیسکۆرسی ئایین و سیاسەت زەختی خراوەتە سەر و لە هەندێ قۆناغدا و لە هەندێ لایەنەوە بەرەو توانەوە رۆیشتووە و لە هەندێ رەهەند و لایەنیشەوە بە گیانی راسان و خۆڕاگرییەوە هەستاوەتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی هاوچەرخمان و زۆر دوور نەڕۆین دەبێ بڵێم دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەنها دەرکەوتەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو دەرهاوێشتە و ئەنجامی وشیارییەک بوو کە لە ئاستێکی شوناسمەندیدا هاتبووە ئاراوە وەکوو دەشزانین پێش کۆمار (کۆمەڵەی ژ- کاف) و دەستە و تاقمانێکیتریش هەبوون کە بەشێوەی نهێنی چالاک بوون و ئەمەش نیشانەی چەشنێک لە وشیاری لە ئاستی شوناسدا بوو، و چوون فەزای بوون و هەبوونی ئێمە وەکوو نەتەوە لەژێر تەم و هەور و دووکەڵی سیاسەتدا بووە ئەو وشیارییەشمان بەر لە هەر شت لە پەناوپەسێو و و پەراوێز و ژێرزەمین و کووچە و کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا رابۆتەوە... بەهۆی ئەو فەزا سیاسییەوە ئێمە ناچار دەبووین وشیاریمان تا ئاستێک بشارینەوە، کێ نەزانێ کە کەسانێکی وەکوو هێمن کە هەر لەو سەروبەندەدا شێعریان بڵاو دەکردەوە هەر بە ناوی موستەعار و خوازەییەوە بڵاویان دەکردەوە، هێمن ئەم کارەی هەم لەبەر داگیرکەر دەکرد و هەمیش لەبەر باوکی! مەشهوورە کە دەڵێن هێمن دەیگێڕێتەوە کە جارێکیان باوکم شێعری کەسێکی بیستبوو و هاتەوە و وتی نازانم ئەو شاعیرە گەورەیە کێیە، هێمنیش دەڵێ تا دواجار نەمگوت پێی کە من شاعیری ئەو شێعرانەم! چ سەیرە مێژووی ئێمە، ئەکتەرە مێژووییەکانمان بە یەک ئەندازە خۆیان لە داگیرکەر و باوک دەشاردەوە، شوناس چی لێدێت لەم زیندەخەونەدا؟

بەهەرحال لەهەر بەستێن و لەژێر هەر لۆسە و میکانیزمێکدا بێت دەرکەوتەی وشیارانەی شوناس لە رۆژهەڵات لە موکریان و ناوچەگەلی باکووری رۆژهەڵات زەقتر بوو و ناوچەکانی خوارووتر بە چەندین هۆکاری گەورە و بچووکی مێژوویی و ئایینی رێگەیتریان پێوا و بەر خەسارێ دیکە کەوتن کە جیا و جیاواز بوو لەو خەسارانەی کە لە جەستە و رۆحی شوناس لە ناوچەکانی سەرەوە کەوت. کرماشان و ئیلام بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و پێگەی ئابووری لەرووی دەوڵەمەنیی نەوت و گاز و کانزا ژێرزەوینییەکان و بەم پێیەش گرینگبوونی ستراتیژیک، هەروەها شیعە مەزهەب بوونییەوە بەرلەوەی پەیوەست بێت بە جەستە و رۆحی شوناسی کۆی کوردەوە راکێشراو بوون بەرەو سیستەمێکی ئایینی- سیاسی شوناس کە حکوومەتێک بەناوی کۆماری ئیسلامی پیادەی کردووە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەش چەندین هۆکار

وەکوو جیاوازیی زاراوە و شێوەزارەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەروو، جیاوازیی ئایینی و کولتووریی و...دابڕانێکی لە نێوان ناوچەکانی کرماشان و ئیلام لەگەڵ ناوچەکانی ئەردەڵان و موکریان دروست کرد، ئەگەرچی ئەردەڵان و موکریانیش ئێستەش خۆیان وەکوو دوو فۆرمی کولتووری جیا لە پێکهاتی کولتوورێکی هاوبەش و گەورەتر (کولتووری گشتیی کوردی) ئەو دابڕانەیان لەگەڵ یەکدی هەیە و دەکرێ زۆر باسی بکەین، بەڵام بەڕای من گرینگی و قورسایی باسەکە دەبێت لەسەر کرماشان و ئیلام بێت، دوو پارێزگا و ڕووبەری پڕحەشیمەت لە کورد بە ئایینی جۆراوجۆر و شێوەزاری دەوڵەمەند و ڕەنگاڵەیی لەژێر سیستەمێکی سیاسی- ئایینیدا کەوتنە ژێر مەترسیی توانەوە و لەناوچوون، کە هەڵبەت من لە ڕووە سیاسیی و سیستەمییەکەیدا دەڵێم دروووستبوونی ئەم مەترسییە بەشێکی پلانی حکوومەت و فۆرمێک لە ئەندازیاریی کولتوورییە، و بەشیتری ئەو فیگۆر و ژێستە قەبە و باپیر ڕوخسارە بوو کە موکریان و ئەردەڵانییەکان لە ئاست هەمووو ئەو فەزا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی دەیانگرتە بەر و ئەوەندە هۆکاری دابڕان بوون، ئەوەندە هۆکارێک نەبوو بۆ ڕاکێشانی ڕۆحی شوناسی کوردی ئیلام و کرماشان، ئەو دژنواندنی و باڵاگرتنەی "خود"ی کوردی لە موکریان و تا ڕادەیەکیش سنە دافعە و پاڵنەرێکی نەرێنی بوو بۆ ئەوەی ئەو هەستەی کە من پێی دەڵێم "غوربەت" لەناو نیشتمان و لەخۆنامۆبوونی ڕۆحیی شوناس بێتە ئاراوە و ئەم هەستەش وای کرد خەڵکی ئەو ناوچانە بە دوای شوێنێکی "ئاشنا" و دوور لە غوربەتدا بگەڕێن و کێ باشتر لە سیستەمێکی ئایینی-سیاسیی کە ئەو چاوساغیی و شوێندۆزییەیان بۆ دەکات؟! ئەوەیە کە لای من وایە بەشێک لەو قەیران و غوربەت و نامۆییەی شوناسی کوردی لە ئیلام و کرماشان لە ڕۆحی لەخۆنامۆبووگ و ناتەواوی گشتیی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەرچی سیستەمیش لێرەدا ڕۆڵ دەگێڕێت، بەڵام ئەو هەر ئیشی ئەوەیە، گرینگ ئەمەیە کە ئێمە دەبێ چۆن لە ئاستی پلان و ستراتیژەکانی سیستەمدا دەجووڵێینەوە، واتە پرسیارە بنەماییەکە ئەمەیە بۆچی کوردانی سەروو لە ئاستە کولتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسییەکەشدا پشتی کوردانی خوارووویان چۆڵ کرد و زەوینیان بۆ سیستەمی حکوومەتی کۆماری خاڵی کرد؟ ئایا ئەگەر ڕۆحییەتێکی شوناسمەندی گشتی لە ناو کوردی ڕۆژهەڵات ئامادە بایە، ئەمە ڕووی دەدا؟ بۆ ئەوەیە کە خەسارناسییەکە دەبێت لە ئاوێنەی "خود"ی گشتی کورد دا روو بدات، چوون لەم هەمووو ساڵانەدا لە زۆر ئاوێندا ڕوخسار و دەمامکە جیاجیاکانی حکوومەتی دەسەڵاتداری ئێرانیمان بینیوە، ئەوەی کە ماوە و دەبێ تێبیگەین ئەمەیە، کە چۆن لە ئاستی کارت و دامەکانی کایە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی سیستەدا کارت و دامە و سەربازی خۆمان بەکار بهێنین؟ ئەمەش کاری ئەو ڕۆحە گشتی و یەکانگیرەی کوردە کە بوونی وەکوو خەونێکە و نەبوونیشی گەورەترین مۆتەکە. بۆیە دەڵێم ئەو وشیارییەی کە دەبێت لەبارەی شوناسەوە هەبێت لە ئاستێکدا نییە کە بە ئاسانی شوناسی کورد وەکوو واقیعێکی بێ قەیران قبووڵ بکەین و باسی لێوە بکەین، هێشتا ڕوانینی خێڵەکی و گوندەکی و دەرەبەگایەتی (تا ڕادەیەکی بەرچاو) دەسەڵاتیان هەیە و لە شکلی شار و شارچێتیدا خۆیان بەرهەم دێننەوە، ئەگەر ورد ببینەوە لە نۆرمی ڕەفتار و ئەو قسە و مەتەڵ و قسەڵۆکانەی کە شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات بۆ یەکتری بەکاری دێنن بە سادەیی تێدەگەین کە لەگەڵ شوناسێکی لەت لەت و هەڵاهەلا کراودا بەرەورووین، یان باشترە بڵێین لەگەڵ کۆمایەک وردە شوناس ڕووبەڕووین کە ئاستێک لە وشیاری و تێگەیشتنێکی بەکۆمەڵ پێویستە تاکوو ناوی شوناسی لێ بنێین و ئەم وشیارییەش بە پلەی یەکەم لە ڕووە کولتووری و لایەنی وشیارییە مێژووییەکە دێتە کایەوە کە ئەمانەش وابەستەی کۆمەڵێک میکانیزمی ڕێکخراوەیی و سیستەمی و سیاسی و ئابوورین. بەگشتی ئەو دابڕانە گەورە لە نێوان شارەکانی موکریان و شارەکانی ئەردەڵاننشین و تەبعەن لە نێوان کرماشان و ئیلامیش هەیە تا بچووکتر و بچووکتریش دەبێتەوە و کێشە و دابڕانەکە دەگاتە ئاستی دوو شاری وەکوو ئیلام و ئەیوان کە هەر دووک سەر بە یەک پارێزگاشن و زۆر نیزیکن لە یەک بەڵام شوناسیان ئەوەندەی لە دژبەرایەتیی یەکدیدا بەرجەستە دەبێتەوە، نیو ئەوەندە لە خواستی پێکەوەژیان و تەعامول و دانوستاندا دەرناکەوێت. ئەگەرچی ناکرێ بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەوەش نەکەم کە دۆخی زمانی کوردی و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لەم دوو شارە و لەم ساڵانەی دواییدا گەشەیەکی پێشبینی نەکراویان بەخۆوە بینیوە، بە دەیان کتێبی ئەدەبی و مێژوویی هەم بە زمانی کوردی و هەم بە فارسی چاپ بوونە و لە ئیلام بە چەندین هۆکار ئەم هەوڵانە باشتر و سەرکەوتووتر ئەنجامی خواردووە. تەنانەت لەڕووی کەناڵە پارێزگاییەکانیشەوە کەناڵی ئیلام لە کەناڵی زاگرۆسی کرماشان ڕەنگ و بۆیەکی ڕەسەنتر و کوردانەتری هەیە و شوناس تێیدا زەقترە، شتێکیتر کە دەبێ باسی بکەم لێرەدا ئەمەیە کە مەرج نییە وا بیر بکەینەوە کە ئەو کەناڵانە بەتەواوەتی لە ژێر ڕکێفی سیستەمی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی دان (هەرچەند ئەمەش نکووڵی ناکرێت)، بەڵکوو کۆمەڵێک کەسی مەدەنی و ویژدانی کوردانە بە میکانیزمی جۆراوجۆرەوە جێگەی خۆیان کردۆتەوە لەوێ و بەڕاستی ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لە بووژاندنەوەی دابونەریت و بەتایبەتی زمانی کوردی، کەناڵی کرماشان زۆر کەمتر لە چاوی کەناڵی ئیلام ئەم خاڵانەی پێکاوە. من پێم وایە کەناڵی ئیلام لە کەناڵی سنەش زیاتر ڕەنگ و بۆی کوردانەی تێدا زەق کراوەتەوە، هەمووو ئەم باسانە تەنها نەخشاندنی وێنەیەکە لە دەرکەوتەکان و چالاکییەکانی خەڵکی کورد لەو شوێنانە،نەک دانپێنان بە شوناسێکی بێ قەیران و کێشەکێش.



**شەریف فەلاح: هەروەک دەزانن زمان بە یەکێک لە هەوێنەکانی گەوهەری پێناسەی نەتەوە(لانیکەم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین) دێتە ئەژمار، ئایا نەخوێندن بە زمانی دایکی لە ئیلام و کرماشان و پیوار**

**(غایب) بوونیان لە چەقی بزووتنەوە سیاسی و فەرهەنگییەکان چەندە کاریگەریی لە لاوازیی هەست و وشیاریی نەتەوەیی هەبووە؟**

**عادڵ قادری:** بێگومان هەر وەکوو باسیشم کرد لەم سەردەمەی ئێمەدا تەنها توخمێکی والاّ و هەر ماو کە گەوهەری نەتەوەی پێ دەناسرێت و تەعبیر لە شوناسی ئێمە دەکات زمانە، زمان بە واتا فراوانەکەی لێرەدا مەبەستمە واتە سیستەمێک لە نیشانەکان کە تێیدا جلوبەرگیش هەر نیشانەی ئەو زمانەن و زمانن. زمان بە واتای نووسین و سیستەمێک بۆ پەروەردە و راهێنان و فێرکردنی بەرەی داهاتووش دیارە رۆڵی چارەنووسسازی هەیە. لەراستیدا بەرلەوەی بێمە سەر کرۆکی پرسیارەکەت دەشێت ئەوە بڵێم کە قسەکردن بە زاراوە و شێوەزاری گەرەک و کۆڵانەکەمان بە واتای زانینی زمان نییە (دیارە مەبەست لێرەدا لە زانین ئەو رۆڵەیە کە زمان لە یەکخستنی شوناسی نەتەوە و درووستکردنی سیستەمێک لە نیشانەکان دەیگێڕێت کە لە رێگەیەوە بیر بکرێتەوە و گێڕانەوە بکرێت، ئەگینا ئەمەش شێوە و فۆرمێکە لە زانینی زماندا، بەڵام لە سرووشتیترین و خۆماڵیترین ئاستیدا) واتە لەم شوێنەوە گرینگی پرسیارەکەت دەردەکەوێت، وەکوو تیشکم خستە سەری، راستە زانینی زمان لە ئاستە گشتییەکەیدا، یان وەکوو زمانناسی دەڵێت لە ئاستە سرووشتییەکەیدا چەشنێکە لە زانین، بەڵام لە فەزایەکی گڵۆبال و جیهانگیری ئێستەماندا نابێت زانینی زمان بەوە و لەوێدا کورت بکرێتەوە، بەڵکوو دەبێت لە رێگەی پەروەردە و فێرکاری و دواتر رێکخراوەیی و دەم و دەزاگیی کردن و...ئەو زمانە بکەوێتە ناو پرۆسەی جیهانی نوێ و بڕوات بەرەوە چەقی رووداوە فیکری و زانستی و مەعریفییەکانی ئەم جیهانە نوێیە. درووستکردنی لەمپەر لەبەردەم برگەی ژمارە ١٥ ی یاسای کۆماری ئیسلامی (یاسایەک کە داکۆکی لە مافی خوێندن بە زمانی دایکی هەموو نەتەوەکانی ئێران دەکات) بە نیسبەت کوردەوە دوو هۆکاری سەرەکی و گشتی هەیە، وەکوو یاسا دیارە چەندین و چەندان ساڵە ئەم برگە و چەند برگەی‌تر بە کورتی و خاوی دان بەم مافەدا دەنێن، بەڵام پرسیار ئەمەیە بۆچی ئەم برگانە رەچاو ناکرێن؟ بۆچی ناچنە خانەی جێبەجێکردنەوە؟ هەموو ئەکتەرە سیاسییەکانی حکوومەت و تەنانەت ریفۆرمخوازان و رۆشنبیرانی دوور لە حکوومەتیش دەڵێن دەبێ ئەم برگانە جێبەجێ بێت! ئەگەر ئەم دانپێدانانە لە خواست و والاییەکی کولتووری و سیاسییەوە دێت کەواتە بۆ جێبەجێ نابێ؟ باشم لەبیرە لە سەردەمی زانکۆدا و لە گەرمەی هەڵبژاردنەکاندا سەرۆکی دوکترینالی بنکەی خوێندنەوە ستراتیژییەکانی ئێران کە باڵی راستی رێبەری کۆماری ئیسلامییە هات بۆ کۆڕێک و لەسەر زۆر بابەت قسە کرا، ئێمە وەکوو خوێندکارانی کورد باسمان لەوە کرد کە بۆیە بەشداریی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا کەمە چوون شتێک کە خۆتان نووسیوتانە باوەڕتان پێی نییە، یاسایەک کە خۆتان پەسەندتان کردووە جێبەجێی ناکەن، وتی کامە برگەی دەڵێن: وتمان برگەی ١٥ و٢٤و... وتی نازانم باسی چ دەکات باسی بکەن بۆم! ئێمەش یاسایەک کە خۆیان نووسیبوویان بیرمان خستنەوە! دواتر زۆر بە ئارامی و پشتگوێخستنەوە وتی: دەبێ ئەم برگانە جێبەجێ بێت! بۆیە دەڵێم جێبەجێ نەکردنی ئەم برگە، یان برگانە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار یەکەم هۆکاری سیاسی-ئەمنی و دووهەم هۆکاری کولتووری- کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێران. هەرکام لەم هۆکارە دووفاقانە ئەویتریان پشت قایمتر دەکات و لە پێوەندییەکی چەند لایەنە لەگەڵ یەکدان بە مەبەستی دوستبوونی یەک زمان، یەک کولتوور، یەک بیرکردنەوە و یەک سیستەم کە ئەمەش جەوهەری سیستەمێکی سیاسی —ئایینیە کە هەڵخێزراوی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی- کولتووریی ئێرانە. سیستەمی سیاسی وەکوو دیارە هیچ کات بە چاوی ئەرێنییەوە نەیڕوانیوەتە ئەم بابەتەوە و هێشتا وەکوو خواستێکی سیاسیی دژبەر چاوی لێدەکات، نەک وەکوو مافێکی یاسایی و مرۆیی، کە سیستەمێکی باڵادەستی سیاسیش بە هەموو هێزی راگەیاندن و دەسەڵاتی مانیفێستکردنی خۆیەوە ئەمەی پەرە پێدا، بێگومان لەڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتیشەوە هۆگر و لایەنگر بۆ ئەم "ئینکارکردن" و "جێبەجێ نەکردن" و رەتکردنەوەیەی خۆی پەیدا دەکات و خۆی بە نوێنەری ئەو هاوبیرە کۆمەڵایەتی و کولتووریانە دەزانێت کە هێناویە سەر گۆشەنیگای خۆی. بۆیە ئێستاش تاقمێکی زۆر کەم لە نووسەران و رۆشنبیرانی ئێرانی و بە تایبەت سیاسییەکان ئەم مافەی نەتەوەکانیان بۆ گرینگە کە ئەمەش تەنها لە کاتی هەڵبژاردن و کایە سیاسی و رێکخراوەییەکاندا دەکەوێتە رۆژەڤ و بیریان دێتەوە. بەگشتی بوونی ئەم حاڵەتە قەیرانێک بۆ زمان درووست دەکات کە بوونی دەخاتە بەردەم چەندین مەترسییەوە و رەنگە ئێستا ئاسۆی خەسارەکانمان لێ دیار نەبێت. ئەگەرچی چەندین فێرگەی فێرکاری زمانی کوردی لە هەندێ لە شارە کوردنیشینەکاندا هەیە و لە زانکۆی سنەش بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بە سەرپەرشتی د.سەجادی لە کارناسیی باڵادا هەندێ خوێندکار وەردەگرێت، بەڵام ئایا ئەم هەل و دەرفەتە پەرتەوازە و کەموکورتانە بەسن بۆ زمانی نەتەوەیەکی گەورە؟ ئایا دەبێت تەنها جلوبەرگی کوردی بە هێمای کەونینە بوونی ئێران لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا بزانرێت و بخرێتە ڕوو؟! ئەویش بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی کورد. بۆیە من پێم وایە هەرچەندە رێوڕەسم و رێز لە جلوبەرگ و هەندێ فۆرم و شکڵیتری کولتوور بگیرێت، بەڵام رێز لە زمانەکە نەگیرێت لە پلانێکی سیاسی و فریوکارانە زیاتر هیچیتر نییە. هەڵبەت وەکوو پێشتریش تیشکێکم خستە سەری دەکرێ باسی هەبوونی کەناڵگەلی پارێزگاییش بکرێت کە لە هەندی پارێزگای وەکوو ئیلام و سنە کەناڵەکان لەرێگەی کەسانی دڵسۆز و کوردەوە خزمەت بە چەند توخمێکی کولتووری و لەوانەش زمان دەکەن و زمانی کوردیان لە نامۆبوون و غەوارەبوون دەرهێناوە، لە هەندێ پارێزگای دیکەش وەکوو کرماشان تەنها ئیهانە و گاڵتە و رووشاندنی روخساری زمانی کوردییە، بۆیە زمانی کوردی لە کرماشان لە مەترسییەکی گەورەتر دایە لە چاوەی شوێنەکانیتر، هەرچەند لەم ڕووەوە لە هەندێ ناوچەی سەرووی رۆژهەڵات و لە شوێنێکی وەکوو شاهین قەڵاش کە لەگەڵ تورکانی خاوەن دەسەڵاتدا هاوسێ و تێکەڵن دۆخەکە لەمەش خراپترە. کە دۆخە گشتییەکە ئاوا بوو ئەو وشیارییە نەتەوەییەی کە پێویستییەکانی جیهانی نوێ و سەردەم وەڵام بداتەوە بوونێکی زۆر دەڵەمە و خۆنەگرتووی هەیە، ئەگینا بەدەر لەمە کورد لەڕووی وشیاریی نەتەوەییەوە لە هەموو نەتەوەکانیتری ئێران باشترە. ئەگەرچی ئەمە بەو واتایە نییە لە قەیرانی شوناسی نەتەوەییدا ناژی.

**شەریف فەلاح: هەروەک دەزانین لە پرۆسەی رۆشبیریی کوردی و فەرهەنگی لە ئیلام و کرماشاندا لە چوار دەیەی رابردوودا بەینابەین، هەندێ چالاکی و بزاوتی فەرهەنگی هەبووە و کۆمەڵێک نوخبە و ئیلیت سەریان هەڵداوە، ئەمانە چ کاریگەرییەکیان لە بەرەوپێشچوونی ئەو بزاڤەدا هەبووە؟**

**عادڵ قادری:** بێگومان کاریگەرییەکان بەرادەی پێویست نەبوون گەر بەو هۆکارانەی کە پێشتر باسم کرد، بەڵام سەرەڕای ئەمەش کاری مەدەنی و کولتووری پێویستی بە چەند شت هەیە کە ئێمەی کورد بەداخەوە تێیدا زۆر لاوازین. قبووڵکردنی جیاوازییەکانی یەکتر و لێبووردەیی و پێکەوە هەڵکردن و بینینی لایەنی ئەرێنی یەکدی و...لەناو چالاکیە مەدەنی و کولتووریی و ئەدەبییەکانی کوردی (بە ئیلام و کرماشانیشەوە) ئەم رۆحییەتە لە ئاستێکی زۆر نزم دایە و ئیرادەیەک بۆ سڕینەوە و تیرۆری یەکدی و قبووڵنەکردنی رای جیاواز هەیە کە بەرای من دەرەنجامی پەروەردەیە لە ژێر سیستەمێکی سیاسی-ئایینی رەهاخوازدا کە مۆدێلی تاکێکی تاک رەهەند و دیکتاتۆری لەناو کۆمەڵگەی کوردی بەرهەم هێناوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش قەت نکووڵی لە بوونی توانست و وزەی دەیان نووسەر و شاعیر و چالاک لە کرماشان و ئیلام ناکرێت کە لە رۆژانی تاریک و نووتەکە چاوی زمان و کولتووری ئێمەدا بوون بە سووتەمەنی هەڵکردنی مۆمی ژیاندن و بووژانەوەی زمان و ئەدەب و کولتوورمان. پێم وایە لە ئیلام بەتایبەتی ئەم حاڵەتە سەرکەتووتر بووە، چونکە ئیلام هەم وەکوو شوێن شوێنێکی بنبەستە و هەمیش کولتوورێکی شەقڵنەشکاتر و بیکرتری هەیە، بۆیە سەرەڕای هاوبەشیی ئایینی لەگەڵ سیستەم قەت لانی زمان و کولتوور و دابونەریتەکەی بەر نەداوە، واتە بەهۆی بارە جوگرافییەکەی و بنبەستبوونی هێرشی کولتووری راستەوخۆ کەمتر توانیویە کاریگەریی لەسەر دابنێت، بەڵام لە ڕوویەکیترەوە مەرج نییە هەر لەم ئاستەدا بە باشی بمێنێتەوە، چونکە "کرانەوە" بە هەموو واتایەکییەوە دواجار خۆی دەکات بە سەرزەمینە بنبەستەکانیشدا. دۆخی کرماشان خراپترە، چونکە شوێنێکی ژێوپۆلەتیکە و لە هەموو ڕوویەکەوە پلانی ورد و درشتی بۆ دارێژراوە، کرماشان ئیتر لەمێژە نە شاری شیرینە و نەش دەتوانی کچە

جیرانت تێدا خۆش بوێت! بۆیە من پرسیار لە خۆم دەکەم دەبێ چ بکەین لە کرماشان کاتێک هەموو ئەم قەیرانانە هەیە و خۆشمان بەو هۆکارانەی باسم کردن، ناتوانی بەرادەی پێویست کاریگەر بین؟

**شەریف فەلاح: بەڕای ئێوە گەشەکردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی یارمەتیی شوناس و وشیاریی نەتەوەیی دەدات؟ هەروەک دەزانین لە نیوەی دووەمی دەیەی هەفتای هەتاوییەوە ڕەوتی بووژانەوەی زمان و ئەدەبی کوردی (بەتایبەت شێعر) لە کرماشان دەستی پێکردووە؟**

**عادڵ قادری:** بێگومان ڕەوتی ڕۆشنبیری و کولتووری ئەگەر بە پلان و بەرنامەوە بێت دێر یان زوو کاریگەری خۆی دەردەخات و تا ئێستاش کەم و زۆر ئەم کاریگەرییانە دیارن و نەیانهێشتووە زمانی کوردی لەوە زیاتر ڕەنگی ڕوخساری هەڵبزرکێت. دروستبوونی بنکەی فێرکاریی زمان و دەرکەوتنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و بەڕێوەچوونی کۆڕە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان هەموویان کاریگەرن لە راسانەوەی شوناس و وشیاریی نەتەوەیی. لە نیوەی دووەمی دەیەی حەفتا بەم لاوە بە هاتنە سەر کاری دەوڵەتی خاتەمی هەناسەیەک بە بەر زمان و کولتووری هەموو نەتەوەکان هاتەوە و هەندێک دەسکەوت هاتنە ئاراوە کە بوون بە بنەمایەک بۆ داهاتوو تاکوو کاری زۆرتر و وشیارانەتر بکرێت، بەڵام هەر وەکوو پێشتریش وتم دۆخی کرماشان بە تایبەت و ئیلام جیاوازن لە ناوچە کوردنشینەکانی‌تری ئێران. ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەش ئەم چالاکییە ڕۆشنبیری و کولتوورییانە کەمتر بوونە هۆی دروستبوونی پردێکی پێوەندی بۆ یەکخستن و یەکدەنگییەکی سەرتاسەری و بەگشتی ئێمە بەردەوام وەکوو "دوورگە" هەر شارێک لە لایەک ژیانی کولتووری و ڕۆشنبیریی خۆی بەسەر بردووە و لە کاتی پێویستدا هەندێ شتی بۆ ئەم دوورگەیەوە هێناوە و هەندێ شتیشی هەناردەی دەرەوەی دوورگەکە کردووە. وەکوو لە پرسیارەکەشتدا ئاماژەت پێ داوە شێعر ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی گێڕاوە لەم پرۆسەیەدا و ئەمەش تایبەتمەندییەکی کولتووریی کوردە کە بەردەوام شێعری لەپەسەند بووە و بۆ ماوەیەکە لە مێژوویەکی لێڵ و پێڵەوە! بێگومان شێعر (لانیکەم بەر لەوەی تووشی چەشنێک لە قەیرانی خوێنەر بێت و لە گەرموگوڕیی جارانی بکەوێت) کاریگەریی ئەرێنی و بەهێزی هەبووە لە بە جەماوەریکردن و گەشاندنەوەی ڕەوتە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکاندا، مرۆڤی کورد هیچ کات بێ شێعر هەڵی نەکردووە و ئێمە ئێستاش سەدان شانامە خوێنی کوردمان هەیە لە کرماشان و ئیلام کە لە ڕێوڕەسمەکانی شانامەخوێنیی کورددا چ لە هەموو وڵاتی ئێران و چ لە کرماشان و ئیلام ئامادە دەبن و حەشیمەتێکی زۆریان لێ کۆ دەبێتەوە و بە تاسۆق و حەزەوە گوێڕادێریان دەبن کە ئەمەش سەلمێنەری ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەریی شێعرە لەم ڕووەوە. کەلەپووری زارەکی و فولکلۆر و شانامەکان لەم ناوچانەدا ئێجگار دەوڵەمەندن و لە چاوی ئەو دەوڵەمەندی و فراوانییەدا هیچ نەکراوە و ئەگەرچی ئێستاش بە هۆی تۆمار نەبوونیان مەترسیی فەوتانیان لەسەرە، بەڵام هەر نیشانەی ئامادەیی شێعرە وەکوو چالاکییەکی فەرهەنگی لەناو خەڵک و زاخاودانی یادەوەرییان بە هەست و خەون و خەیاڵی شێعری. خۆشبەختانە لەم دواییانە بە هەوڵی چەند ئاکادیمیستێکی کورد لە کرماشان و ئیلام لەوانەش هەوڵە تازە و جیاوازەکانی د. بێهرووز چەمەن ئارا ڕەگ و ریشە و ڕەچەڵەکی شانامەی کوردی و پێگە و جێگەی و زۆر لایەنیتر لە قەوارەی تێزی دوکتۆرادا لە زانکۆیەکی ئاڵمان پێشکەش کراوە کە بێگومان جێگەی دڵخۆشی و دەسخۆشییە.

**شەریف فەلاح: فرە کولتووری و فرە ئایینی و ئایینزایی لە ئیلام و کرماشان، چەندە لە کزبوونی شوناسی نەتەوەییدا دەوری هەبووە؟**

**عادڵ قادری:** لە ڕاستیدا فرە ئایینی و فرەزاراوەیی خۆی لە خۆیدا دەتوانێت ئامیانێک بێت بۆ بزۆزیی و مایەی دەوڵەمەندیی شوناس و کولتووری کۆمەڵگە بێت. فرەکەلتووریش بەهەمان شێوە، بەڵام لەم ڕووەوە دۆخی شارگەلێکی وەکوو ئیلام و کرماشان زۆرتر خەساری لێکەوتۆتەوە تاکوو قازانج. بۆ نموونە فرە ئایینی لە کرماشان بووەتە هۆی ئەوەی کە دابڕانێکی قووڵ و بەپێی ئەوەش ڕق و برینێکی گەورە لە نێوان شیعە و سوننە و قەڵخانیدا دروست بکرێت. چونکە زۆرینەی کاربەدەستانی باڵای ئیداری و تەنانەت مام ناوەندیش لەلایەن دەسەڵاتەوە دیاری دەکرێن و مەرجی دامەزراندیان شیعە بوونیانە ئەم دابڕان و ڕق و برینە چەند قات دەبێتەوە. باسی ئەوەش کە دەسەڵات خۆی کۆمەڵێک میکانیزمی سیاسی- ئایینی ڕێک دەخات تاکوو ڕەوایی بە لایەنێکی ئایینی بدات و باقییەکەیان بخاتە پەراوێزەوە و بەم شێوەیەش بە شکڵێکی سیستماتیک دابڕان و قەڵشت و قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە با بمێنێت، بەڵام ئەگەر ئایین کەمرەنگ بێتەوە ڕەنگە بەشێک لەم قەیرانە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا خەون و خولیایە و لە کورستاندا خەیاڵە و لە کرماشانیشدا وڕێنەیە! چونکە دین بە شێوەیەک ڕەگئاژۆ بووەتە هەناوی یادەوریمانەوە لە هەر لایەکەوە کەمرەنگ بێتەوە لە لایەکی دیکەوە بە ڕوخسار و دەمامکیترەوە دێتەوە. لەبەر ئەمانە و زۆر هۆکاری دیکە ئەو فرە ئایینی و فرە زاراوەیە تەنها کاتێک دەتوانێت مایەی پێشکەوتن و گەشانەوە بێت کە لە ڕێگەی دەسەڵات (لانیکەم لەڕێگەی ڕێکخراوەی مەدەنی و ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان-کە نیمانە-و...) پلانێکی تۆکمە لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و یەکترناسین و یەکتر قەبووڵکردن گەڵاڵە بکرێت.

**شەریف فەلاح: وەک نووسەرێک کە نزیکی لە ڕووداو و جموجۆڵە فەرهەنگییەکانی ئیلام و کرماشان، هەست دەکری لەم دوو دەیەدا هەندێ جموجۆڵ و کاری خۆڕسک و تاکەکەسی کراوە، جەنابت چۆنی لێک دەدەیەوە و داهاتووی شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگی لە دوو پارێزگایە چۆن دەبینی؟**

**عادڵ قادری:** بەڵێ بێگومان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەهۆی هەناسەیەکی کاتیی سیاسی بوار ڕەخسا هەندێ نووسەر و شاعیر و توێژەر لە بوارگەلی جیاجیادا و بە شێوەی تاکەکەسی و فەردی کارەکانیان بڵاو بکەنەوە، هەم لە قەوارەی کتێب و هەمیش لە دووتوێی حەوتەنامە و گۆڤارەکاندا کە پچڕپچڕ و ناوەناوە دەردەچوون. لەڕاستیدا لەو ڕووەوە مرۆڤی کورد زۆرتر کاری پێدەکرێ و بەدەسکەوت تریشە، بەڵام هەمیشە نەبوونی هەلی چاپ و بڵاوکردنەوە ناهومێدییەک درووست دەکات. هەموو ئەو کەسانە چاویان لە دۆستان و ڕۆشنبیران و نووسەران و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی باشوور بڕیوە بۆ یارمەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیان. دیارە بەداخەوە ئەم پردەش زۆر تەندروست و درێژخایەنیش نەبوو، بۆیە وەها حاڵەتێک مەترسیی گەورە لەسەر وزە و توانست و خواستی چالاکانی کولتووری و ئەدەبیی ئەم ناوچانە و بەپێی ئەمەش لەسەر کولتوور و زمان و ئەدەبی ئەم ناوچانە دروست دەکات، لەم دوو پارێزگایە بە شار و شارۆچکە و دێهات و شارەدێ و گوندە دووردەستەکانیشەوە کەلەپوورێکی دەست بۆنەبراو و شەقڵ نەشکاو و فۆلکلۆر هەیە کە تۆمار نەکراوە، ئەو هەموو دەوڵەمەندی و زەنگینی و ڕەنگینییەی شێعر و حیکایەت و چیرۆک و ئەفسانە و ڕاز و کایە و هەڵپەرکێ و شانامە و...هەر ئەمانە دەبنە داهاتووی شوناسی ئێمە لەم دوو پارێزگایانەدا. ئەگەر یارمەتیی توێژەران و نووسەران و ئەدیبان نەدرێت ئەمانە دەفەوتێن. من لێرەوە داوا لە ئەنیستیتۆی کەلەپووری کوردیی دەکەم بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆ و تەندروست و ئاگادارانە بۆ ئەم هەل و دەرفەتە گەورانە دابڕێژێت. چەندین دۆستی دوور و نێزیک لە گۆشە و قوژبنی هەر دوو پارێزگاکەوە ئیشی گەورەیان کردووە، یەک حیکایەتە کۆنەکانی لە گوندەکان کۆ کردۆتەوە لە ڕێگەی ڕیکۆردێرەوە کە لەگەڵ دەیان کەسی بەساڵاچوو و لە گیانەڵڵادا خۆی ماندوو کردووە تا ئەمەی کردووە، یەکی دی وشە کۆنەکان و مەتەڵی کۆ کردۆتەوە و یەکی دی پێوەندی جلە کۆنەکانی کرماشانی لەگەڵ هەندێک دەستەواژە و وشە و ڕێکەوەند (تعبیر)ی زمانیی کۆن لێک داوەتەوە، هەرکام لەمانە چەندین کتێبیان لەم بابەتە ئامادەیە، بەڵام کوا بەپیرەوەهاتنی باشوور؟ کوا خەمیان بۆ پاراستنی شوناس لەم پارێزگا بەرزەخیانەدا کە لە تەنیشت دۆزەخەوە ئاگرەکەیان بەر دەکەوێت؟!

بەڕای من داهاتووی شوناسی نەتەوەیی و کولتووریمان لەم دوو پارێزگایە پەیوەندیی لەگەڵ پلانی ئێمە بۆ کۆکردنەوەی ئەو کەلەپوورە و چاپ و بڵاوکردنەوە و لە دواجاردا بە ڕۆژئاڤ کردنیان هەیە.

# شێعر کوردی تەمسق ترین ئشق ژیان منە

## وت وویژ وەگەرد شاعر ناسیای کورد: دۆکتۆر علی ئولفتی

موحەمەد جەواد جەلیلیان

**ئەدەبیات کوردی لە سەردەم هاوچەرخ و لە زاراوەیٚ کوردی خوارین، سالەیل فرەیٚگە کە وە دەسمیٚیەت خاون بیرەیل دەسلاٚت داریٚگ، رەوت دیاری خوەیٚ پـیٚا کردیٚە و ئرٚا بانان خاسیٚگ وەرەو نووا چوود. بیٚ گومان ئەگەر بتـوایم لە شاعر ناسیا و جیاوازیٚگ پیٚشروو بیٚـەیمن کە گامەیل بەنرخ و گەورایٚگ لە ئیٚ باوەتە هیٚـز دایٚـە؛ بایٚەس وە دۆکتـۆر عەلی ئـولٚفەتی ئاماژە بکەیم. وە راس ئولٚفەتی، ناو دیاریـیٚگ ئرٚا تەمام بەردەنگەیل ئەدەبیات کوردی لە ناوچەیل کرماشان و ئیلامە.**

**عەلی ئولٚفەتی جیا لە یە ک وە گەرد پرتووکەیل پرٚهاز و جیاواز، شوون پایٚ خوەیٚ لە شیٚعر هاوچەرخ فارسی دیاری کردیٚە؛ تا ئیٚرنگە بەرهەمەیل کوردی فرەیٚگ لە هەر دۆ باوەت شیٚعر کلاٚسیک و شیٚعر ئازاد بلاٚو کردیٚە ک تـوویەنم وە کتاوەیل: گەرمەشین، گیان، گەرمیٚیان وە شیوەیٚ کلاٚسیک و کتاوەیل: سانەناو، سزیان وەفر و سرووت باشوور لە مژار ئازاد ئاماژە بکەیم. هەرکام لە ئیٚ کتاوەیلە کارگەری تایبەت بە خوەیٚیان داشتنە. دۆکتـۆر ئولٚفەتی جیا لە ریٚـگایٚ شیٚعرەو، کارگەری فرەیٚگ لە بان مۆسیقایٚ کوردی لە زاراوەیٚ کەلٚهورٟی داشتـیٚـە. وەت و ویـٚژ ئیمە وەگەرد ئیٚ شاعر و نووسەر خاون ناوە؛ پیٚشکەش وە بەردەنگەیل هەنین بوود:**



**پ: یەکم جار کەمیٚگ لەبارەیٚ خوەدان و پەیوەندی وەل کار زوان و ئەدەبیات کوردی بە تایبەت خەریک بـوون وە مژار شیٚعر، ئەو جوور ک زانین؛ ئرٚا بەردەنگەیل گەپ بیٚیەن؟**

ج: شیٚعر کوردی تەمسق تەرین چشت ژیان منە؛ هەر لە سەردەم منالٚییەو من وە باوەت شیعر یەیٚ هەست و شەوق جیاوازیٚگ داشتم. یەیٚ ئەزرەتەمەنی و نـۆستالـۆژیایٚگ هەمیشە وەل منا بـوو ک ئرٚا ئیٚ زوانە وە پیٚ نیەنـووسیەیٚـد و نیەخوەنیەیٚـد؟ چە وە سەریٚ هاتـیٚـە؟ ک تـوویەنم بـووشم ئەو بەشە، بەش ژیان فـۆلکلـۆر من لە ئاوای وە حساو تیەیٚـدن و ئیٚ ژیانە فرەیش ئرٚام گرنگ بـوو. بەلاٚم لە مژار شیعر، من جیا لە زاراوەیٚ کەلٚهـورٟی و گەپەیلیٚگ لەوایٚ بەیت هەلٚوەسی و شیٚعرەیل کلاٚسیک و فـۆلکلـۆر؛ یەکم جار لە منالٚی وەل یەکیٚگەو لە سەرپـیٚلٚ کارگەری کردم ک لە شیٚعرەیل «عەبدۆلا پەشیٚو» و «شیٚرکۆبیٚکەس» ئرٚام وەت و هەست کەدم یانە ئرٚایٚ من فرە رەنگین بـوون. تـوویەنم بـووشم لە ئەو سەردەمە کە من هلاٚیە لە تەمن دە-یانزە سالاٚن بـووم؛ لان کەم لە کرماشان و لە بەیٚن هاوبەرەیل خوەم، هیچ کەس عەبدۆلا پەشیٚو نەناسی و هەر لە ئەو تەمەن دە ـ یانزە سالاٚنە تـوویەنستم زاراوەیٚ سوورانی هالی بووم و هەر ئیٚ باوتیشە بـوویە مدوو یە ک بتووام بنـووسم

**پ: بیٚ گومان شوون پایٚ شیٚعرەیل جنابد لە ژیان گەل کورد وە خاسی دیاریە؛ یەیٚ شاعـر وە چ شیوەیٚگ تـوویەنیٚـدهەم لە باوەت شیٚعر ئاوانگارد قسەیل فرەیٚگ ئرٚا وەتن داشتوود و هەم لە ناوبەیٚن زوورم مەردم بەردەنگەیل فرەیٚگ بیٚاشتوود و شوون کاریٚ بگـرن؟**

ج: وە راس لەیٚرە وە یەیٚ چشت بایٚەس ئاماژە بکەم؛ ئیمە یەیٚ برٟ هاوچەرخ بـوومن ک هاتیمە ناو گەپ شیٚعر و لە تفاق جیاوازیٚگ کەفـتـوومن. تووام کە بیٚشتر ئیٚ گەپە شییەو بکەم؛ کار گەورایٚگ کە هاونەسلەیل و هاوچەرخەیل ئیمە وە یەکەو ئەنجام دایم یە

بوو ک هاتیمن هەر ئەو نوورگە ک «بوودریار» لەبارەیۍ مژار میدیا داشتێە؛ لە ناو باوەت شێعر لە کرماشان وە رێ بردیم. ئیمە بێ گومان هاتیم ئڕای شێعر بەردەنگ کووەو کردیم. ئیمە لە دریژای مێژووا وە شیوەیۍ پییەن و بەیازێگ بەردەنگ وەرەو شێعر هاوردیم. شێعریش لە ئی سەردەمە لە ناوبەێن مەردم هەر ئەو جوورە ک یەکم جار وەتم یەیۍ چشت تەمسقێگ بوو؛ یانێ ئیمە باش تەرین دەرفەت لە دەسمان بوو ئڕای یە ک مەردم بانە ناو گەپ شێعر. ئیمە لە لایەن گەل خوەمانەو پشتیوانی کریایمن و مەردم هاز دانە پیمان؛ هەر ئەو شیوە ک ئیمە هاز دایمنە ئەوان. یە بوو ک هاتیمن «شێعر» نووسایم و بەردەنگ داشتیم؛ باوەڕم یەسە کە گاهەس بەردەنگ ئیمە بێشتر لە زاراوەیل ترەک بوو ک لە ناو کرماشان وە پێ نووسان یا قسە کردن تەنانەت زوان فارسیش. ئیمە ئەو سەردەمە دایمنە سەر و ئێرنگە هایمنە سەردەم ترەک کە بتوویەنیمن دوجارە وە گەرد رەوت جیاوازێگ هەر ئەو بەردەنگەیلە وەرەو شێعر ئاوانگارد (شێعر نوو یا شێعر تازە) باریم. ئی نوورگە و ئی ئامانجە ئێرنگە ئڕا ئیمە یەیۍ خاڵ دیاریە کە هەر لێوا مەنیە و لە بانێ کار کەیمن. ئی رەوت گەورا هەوەجەس ک وە یەیۍ ئاراوەیۍ دیاریێگ برەسێد؛ یانێ هەرسەیۍ ئیمە دێریم لە باوەت شێعر ئاوانگارد کار کەیمن؛ بەڵام هێمان لەوای پرتووکەیلێگ ک هاوچەرخەیل خوەمان لە ئدامەیۍ شێعر کیش داربڵاو کردنە؛ شێعر ئازاد ئەو جی بەردەوامە لە ناو مەردم وانەکردێە.

**پ: ئەگەر ئمکانێ هەس؛ کەمێگ لەبارەیۍ دەسلاتەیل شێعر ئازاد ئڕامان گەپ بێەین و بووشین کە دەسمێیەت دان شێعر ئازاد ئڕای سقان گرتن و بتاو بوون بنەمای زوان کوردی (زوورم کوردی کرماشانی)؛ تا چ ئەندازەێگ بوویە؟**

ج: شێعر ئازاد لە وڵاتەیل ترەک وە یەیۍ ئاراوەیۍ دیاریێگ رەسییە؛ بەڵام لە کرماشان لێوا نییە و تەنیا لە ناوبەێن یەیۍ بر تایبەتیێگ شوون پای دیاریە. شێعر ئازاد کوردی ئێرنگە بایەس یەکێگ لە مەبەستەیل سەرەکی ئیمە بوود. شێعر ئازاد لە زاراوەیۍ کوردی خوارین، هێمان لە ناو مەردم ئەو جوورە کە هەوەجەس؛ پێشوازی لەلێ نەوویە و چووەنە یەیۍ هەنازێگ کە بایەس لە بانێ کار بکریەێد و بێ گومان هەوەجەیۍ دیاری ئیمە یەسە ک فرە لە شاعرەیل و دەسلات دارەیل، بتوویەنن بەردەوامی وە ئی رەوت گەورا بێەن. وە دەروەچ ترەکەو ئەگەر بتوام بووشم؛ رەوت شێعر کوردی لە کرماشان دۆ بەشە. یەیۍ باوەتێ ک بەردەنگ هاتێەسە پای کار و یارمەت ئیمە داس، بەڵام بەش ترەک هێمان نەتوویەنستێە جی دیاری خوەیۍ پێا بکەێد.

بەڵام لەبارەیۍ شێعر ئازاد بایەس بووشم ک ئدامەیۍ بنچینە دار و نەتەوەئی سرۆشت شێعرە! لە تەمام وڵاتەیل هەس، لە وڵات ئیمەیش بایەس شوون خوەیۍ وە دی بکەێد. ئێرنگە ئی زوان ئیمە چ دەسلاتەیل و دەرەتانەیلێگ لەیۍ باوەتەو دێرێد؛ خوەیۍ توویەنێد گەپ جیاوازێگ بوود بەڵام من هەردەجار وەتمە ک ئیمە هایمنە ناو یەیۍ راوهات قەل و ناکامێگ. وە ئی مدووە ک زوان ئیمە ئاموزش نیەێریەێد یا وەپێ نیەنووسیەێد؛ فرە لە کەسەیل وەڵ ئی گەپەو تووش گیچەڵ تیەن تەنانەت خوەمانیش ک وەخت بێشترێگ ئڕا ئی کارە نایمنە؛ هەمیش کیشەیل تایبەتی خوەمان دێریم. هەنای زوان دەرفەتێگ ئڕا ئاموزش نیاشتوود؛ بێ گومان ئەو زوانە لە کات نووسانیش تووش کیشەیل فرەێگ تیەێد. بەڵام چشتێگ ک من وە مدوو ئەزموون خوەم توویەنم گەپ بێەم یەسە ک من هیچ کیشەێگ لەیۍ باوەتە نیەوونم ک ئیمە شێعر ئاوانگار کارنەکەیمن.

**پ: وە نوورگەیۍ جنابد، هەوەجەیۍ ئەدەبیات ناوچەیۍ خوەمان لە سەردەم ئمروو هووردەو بوون لە بان کام لە ئی دۆ باوەتەسە؟ شێعر یا تێکست؟ (مەبەستمان لە تێکست؛ وەرگێران، چیرۆک، وتار و رخنەس)**

ج: بایەس بزانیم لە هەر شوونێگ کە زوان، بێ دەسلاتە؛ یەکم دەسمێەت ئڕا زوان، شێعر وەتنە و ئیمە ئێرنگە لەناو ئەدەبیات وڵات خوەمان ئی نوورگە وە چەو دوونیمن ک شێعر هێمان یەکم قسە کەێد. هاتێ کەم تا کوتێ بەرهەم تێکست هاتوودنە دەیشت؛ بەڵام ئایا ئی تێکستە چەنێ وە کارمان هاتێە؟ چەنێ توویەنستێە کارگەری بنەێدن؟ تەنیا لە باوەت مێژووئی دەس پێ کردنە. هەرسەیۍ تا ئی سەردەمە تێکستەیل پڕهازێگ بڵاو بوویە؛ ئەگەر بتوام ناو بارم؛ بایەس وە بەرهەم نووسەرەیلێگ لەوای ئاکۆ جەلیلیان، مەسعوود قەنبەری، ئازاد ئقباڵی، نەسرین باباخانی، سادق سامەرەئی و... ئاماژە بکەم. بەرهەم تێکست هەس بەڵام وە راس هێمان فرە لەرە و جارێ سقان نەگردێە. یە تیەێدنە بان یەکم پرسیارمان ک وەختێگ زوان ئاموزش نێریەێد؛ تەنیا هۆنەر دەم دەس، شێعرە. لە جەهان سێمیش هۆنەر شێعر، مێژوو تایبەتی خوەیۍ دێرێد. یانێ هەنای تیەیمن و تماشا کەیم؛ دوونیمن ک لە وڵاتەیل جەهان سێمی؛ شێعر هەمیشە وە بوونەیۍ یەیۍ دەسلات یا نوورگەێگ لە ژیان کارگەری داشتێە. منیش وەڵ ئیوە هاوڕێم ک شێعر ئیمە پا وە پای تێکستمان وەرەو نووا ناتێە.

ئەزموون نیشان داس ک ئەدەبیات کرماشان ئەگەر لە سەردەمێگ لە باوەتەیل جیاواز دووپا کەفتێیە؛ لەنوو خوەیۍ وە ئەو دوویای زاراوەگان کوردی رەسانێیە.

**پ: وە نوورگەیۍ خوەدان؛ کەڵک وەر گرتن لە بنەمای ئۆستوورەئی زوان، باوەڕەیل مەردم کورد و دەسلاتەیل فۆلکلۆر تا چ ئەندازەێگ توویەنێد لە بان قوول کردن زەێن و فام خوەێندەوار و دەسمێیەت دان وە نووسەر، کارگەری داشتوود؟**

ج: بنوورن! هۆنەر conceptual یا مەفهوومی، مێژوو دریژێگ لە پشت خوەیۍ دێرێد؛ هەنای ئیمە لە بانێ هووردەو بووم؛ دوونیمن ک لەناو هەر وڵاتێگ هەم تایبەتمەندیەیل زوانی هەس و هەم تایبەتمەندیەیل کانسپتی یا مەعنایی (توویەنێ ئۆستووورە بوود یا باوەڕ، مەتەڵ و رێورەسمەیل دیاری) یانە گشتێیان توویەنن وە هەر کەسێگ ک لە بوارەیل جیاواز کار هۆنەری کەێد، دەسمێەت بێەن. وە راس چشتێگ ک پشتگری لە ئیمە کەێدن و یارمەتمان دەێد؛ هەر ئی هوور و فام و باوەڕەیلەسە. نوورگەێگ ک مەردم ناوچەیۍ ئیمە وە ژیان دێرن یا دەروەچێگ کە وە پێیەو تماشای مەرگ و خوەشی و سرۆشت کەن؛ توویەنێد جیا لە ئافراندن کەنسپت، جیاوازی و تایبەتمەندی بخەێدنە رێ. وە ڕاس ئیمە لەیۍ باوەتەو پشتمان فرە پڕە و ناسنامەیۍ دەوڵەمەن و رەسەنێگ دێریم. زانیمن فرە لە نووسەرەیل دەهەیۍ پەنجای کرماشان هاتن هەر لەیۍ باوەتەیلە کەڵک وەرگرتن و لەناو کارێانیش سەرکەوتوو بوون. ئڕا نموونەیۍ دیاری توونم وە نووسەرەیلێگ وەکوو نەمر دەرویشیان، عەلی محەمەد ئەفقانی و مەنسوور یاقووتی ئاماژە بکەم. لە ناو شێعریش ئیمە ئی مژارە وە کار گردیمنە؛ لان کەم لە یەکم رەوتێگ ک ئڕا شێعر کوردی بەردەنگ کووەو کردیم، کارگەری و دەسکەفت ئیمە هەر وە مدوو ئی دەوڵەمەنی زوانە بوویە ک فرە لەیۍ باوەتەو دەسمێیەتمان داس. یانە چشتەیلێگن ک ئیمە نیەتوویەنیم بشاریمنەوەیۍ و چەومان وە رووێ بوەسیم.

**پ: ئەگەر هاورێ بوون؛ بایمنە سەر ئەدەبیات کرماشان و بێشتر لە بانێ هووردەو بووم؛ ئایا شێعر کوردی لە کرماشان توویەنستێە هاولف ئەودوویای ناوچەیل کورد؛ وەرەو نووا بچوودن و خوەیۍ وە بەردەنگەیل جیاواز ئەدەبیات کوردی بناسنێد؟**

ج: باوەڕم یەسە ک شێعر کرماشان؛ چەن توک داسەو توویەنیمن شێعر نوو لە کرماشان شێعر کوردییش وە حساو باریم ک جیا لە گەپ هەبوونێ ک وەرجەیۍ لە یە لان کەم لە بیست ساڵ لەیەوەر دیاری کریایە؛ بەڵام ئمروو توویەنیمن بووشیم ک شێعر کوردی کرماشان و ئیلام جیا لە ڕەوت چەندیەتێ، لە باوەت چۆنیەتێ؛ وە شیوەیۍ ئاگادارانە و خاسێگ وەرەو نووا هاتنە. بایەس بزانیم و دیاری بکەیم ک ئاوات و چاوەڕوانی ئیمە لە ئی زاراوە چەس؟ ئایا هیوای خوەمان لە زاراوەێگ کە هەڵایە دوێس پەنجا گلە رۆژنامە لە پشت خوەیۍ دێرێد؛ بایەس بخەیم وەڵ زاراوەێگ کە تەنانەت لە ئیلام و کرماشان هێمان رۆژنامەیۍ سەربەخۆێگ ئڕا خوەیۍ نەێرێد؟

بەڵام ئەگەر بتوایم تەمام ئی شێوازەیلە بنەیمنە شان یەک و تماشای گشتێیان

بکەیم؛ شێعر کوردی کرماشان یەی شێعر چۆنیەتیە ک کارگەری خوەی داشتێیە. تەنانەت وە جیگای کەسێگ کە خوەم شێعر فارسی نـووسم؛ من باوەڕم یەسە ک شێعر فارسی کرماشان لە نوورگەی چـۆنیەتی لە شێعر کوردی کەفتـێەسە دوویا. ئیمە خەریکە ک بچیمنە ناو بەرەی سێـیم نـووسان و سەرکەوتن گەوراێگ ئڕا ئی شێعرە وە دەس هاتـێیە. ئی پێـشوازی خاسە لە ناو نەسڵ جوان تریش هەس. یانە گشتی دوجارە هەڵگەردنە سەر نوورگەی «بوودریار» ک لە پرسیار پێـشروو ئاماژە وە پێ کردیم.

**پ: بانان ئەدەبیات کرماشان لە سەردەم هاوچەرخ ئڕا چ ئاسوویگ وەرەو نووا چـوود؟**

ج: گەپ دان لەبارەی بانان شێعر فرە سەختە و کارێگ نیە ک ئایم بتـوویەنی وە ئاسانی نوورگەی خوەی بـووشێـد؛ بەڵام ئەگەر ئمڕوو لەناو جەهان تماشا بکەیم و بزانیم ئایا باوەت شێعر لە دنیا گرنگ هەس یا نە؟ ئایا ئاوات خوازی ئیمە لە شیعر لە روو ئاگادارییە؟ ئایا شێعر تـوویەنستـێە ئڕا هەوەجەیل جیاواز مەردم وڵامێگ بیاشتوود؟ من باوەڕم یەسە ک شێعر لە سەردەم هاوچەرخ وەرەو ئاسوویگ چوود ک بنەمای تایبەتی خوەی دیاری بکەیـد و جیاوازی خوەی بخەیـدنە دەیشت؛ و هەر لـیوا شێعرێگ مەبەست سەرەکی منە؛ یانی جوورێگ شێعر هەس ک لە جەرخەیل گەورای زانستی لەبارەی گەپ دەن و لە زانکـۆەگانیش وە چەو یەی مەبەست دیاری بایەخ دانەسە پێ و لەبانی هـووردەو بـوونە. بەڵام برێگ ترەک هەن کە شێعر ئڕایان لـمر سەرەکی کۆمەڵگا نییە. ئەگەر بایمن و هەر ئی رِوداوە لە ناو شێعر فارسی شیبەو بکەیم؛ ئایا تەمام مەردم شێعر ئازاد فارسی خوەنن؟ زەمان فرەێگ نییە ک ئی رەوت نووخوازیە بنەمای بتاوێگ پیا کردێە و بێ گومان ئڕا یە ک بتـوایـد یەی هەست و نوورگەی هەزار ساڵەی گەل بگـوومرنـێد؛ هەوەجە وە دەرفەت بێشترێگ دیـرێـد. هەرسەی لە ناوچەیل کرماشان و ئیلام پرتووک فرەێگ بڵاو نەکردیمنە ک بتووایم ئاوت و چاوەڕوانی فرەێگیش داشتـووم.

**پ: ئەگەر بتـواین وە کیشەی دیاریـێگ لە ئەدەبیات کوردی ئمڕوو لە ناوچەیل کرماشان و ئیلام ئاماژە بکەین؛ زوورم لە چ باوتێگەو ئڕامان گەپ دەین؟**

ج: یەکێگ لە گیچەڵەیل و مەتەرسیەیلێگ کە ئڕا شێعر کوردی لە کرماشان و ئیلام هەس؛ بایەخ دان بێ وەلیفەت وە «عام گرایی» و بەرز کردن ئی باوەڕسە ک شێعر تەنیا ئەمرازێگ ئڕا خوەشی و هەزبردنە. ئی گیچەڵە تـوویەنێـدن دەسڵاتەیل تایبەتی لە شێعر بگرێـد و شێعر لە رەوت سەرەکی خوەی گلەو بێـەیـدن و لە جەرخەی کارامە بـوون بارێـدنە دەیشت. برێگ هەن ک گاهەس دەرەقەت نیاشتوون یا خوەشیان ناتـێـە؛ تـووان و تەقەلا کەن کە وەگەرد تەحریک هەست مەردم و دەسمیەت گرتن لە میدیاگان؛ ناونیشانێگ ئڕا خوەیان وە دەس بارن؛ بەڵام بایەس بێ زانن ک یانە بەردەوام نیەمینن و تەنیا لە سەردەم کوڵێگ وە ئامانج خوەیان نزیکەو بوون. ئەڵبەت خوەم لە زانکـۆ «رسانە» خوەنیمەو وە دەسڵاتەیل میدیا باوەڕ دیـرم بەڵام بایەس ئاگادار بـوومن ک وە بوونەی دەرەتانەیل میدیا نەخڵەتیەیم و تـووش گیچەڵ «عوام گرایی» نایمن. وە دەروەچ ترەکەو؛ ئافراندن بەرهەمەیل «عوام گرایانە»ی ئیمەیش تـوویەنێـدن کیشە و خسارێگ ئڕا نوورگەی مەردم بوود و باوەڕ مەردم بارێدنە سەر یە ک شێعر هەر یەسە و چێشت ترەک نییە. ئیمە بایەس بزانیم و ئاگادار بـووم ک وە چ شیوەێگ کار بکەیم تا هەم شێعر سەربەرز بمینێ و دەسڵاتی لە کیس نەچوود و هەم بیر و باوەڕ بەردەنگ وەرەو ئاسوویل بەرزتر بارریمن. بەردەنگ خوەی بایەس بەش گەوراێگ لە بەرهەم بوود.



**پ: لە پەرتخ ئی وەت و ویـژە؛ لەبارەی بەرهەمەیلێگ کە ئیـرەنگە لە سەرێان کار کەین یا کتاوەیل ئامادەی چاپ خوەدان لە هەر دۆ زوان فارسی و کوردی ئڕامان بیوشن؟**

ج: بـڕیارم یەسە کە لە ساڵ ۹۷، دۆ یا سێ کوومە شێعر بڵاو بکەم. یەکێگ لە لێیان کوومە شێعرێگ وە زوان فارسییە کە لە بڵاوگەێگ لە تەڕان تیەیـدنە دەیشت. لەبارەی پرتووک ترەک؛ چەن ساڵێگ هەس ک خوەم وە روانگەی دیاریـێگ لەناو شێعر ئازاد دەس پیـا کردمە و ئامانجم یەسە ک ئی کوومە شێعرە ئمساڵ وە دەس بەردەنگەیل شێعر بـڕەسێـد. و هاتی ئەگەر دەرفەتـێگ بیاشتووم کتاوێگ لە شێعرەیل کلاسیک خوەمیش وە چاپ بێیەم. هـێوادارم چەرخەی بەربڵاوبوون بایەخ بێشترێگ پـیا بکەیـد وشاعرەیل و نووسەرەیلمان بێشتر شوون ئی کارە بگرن، چۆنکە وە راس کۆمەڵگای ئیمە هەوەجە دیـرێـد؛ هەر ئەو جوورە ک «بورخس» ئـووشێـد بهشت یەی جایگە وەکوو کتاوخانە. ئامانج گشتـیمان بایەس یە بوود ک پرتووکەیل پڕهاز و بەنرخ بڵاو بکەیم تا کارگەری بێشترێگ لە بەێن مەردم داشتوود و لە دریژای مێژوو بەردەوام بوون. باوەڕم یەسە ک لە باوەت چاپ کتاو نەبایەس نوورگەی سەردەمی بیاشتـووم. کار نەشر هاتی شیوەی ئاڵشت بوود؛ بەڵام هەمیشە یارمەت گەوراێگ و نووا چین کۆمەڵگا دەیـدن و بایەس بوودن ک دەروەچێگ وەرەو رخنە و خسار ناسی واز بکەیم. و لە ئاکامیش هەرچی بەرهەمەیل بێشترێگ بڵاو بکەیم؛ دەسمیەت فرەێگ وە زوان خوەمان دایمنە.

**ئڕا یە ک وەخت ناین و وە پرسیارەیل ئی وەت و ویـژە جواو داین؛ لە لیدان سپاس و قەیرزانی کەیم.**

# کودەتای وشە

## وتوویژێک لەسەر کتێبی “ترین تەنیا” نووسینی ئەرسەلان چەلەبی

ئالان پەری

**ماویەکە (ئەرسەلان چەلەبی) دەناسم، لە ڕێی سکرتێری DanskPen ـەوە ڕاسپێردرام کە هەواڵ پرسی ئەو شاعیرە ڕۆژهەڵاتییە پەناهەندەیەی دانیمارک بکەم . ئەرسەلان چەلەبی خۆی پەیوەندی بەو ڕێکخراوە کردبوو، ئەوکاتەی هێشتا کەیسی پەنابەرییەکەی لە ژێر تاوو توێداکردندا بوو. دوای پێشکەشکردنی خۆم و قسەکردن سەبارەت بە سیستمی پەناهەندەیی و دواتر گفتوگۆکانمان بەدەر نەبوون لەسەر ئەدەب و زمان و شێعر. بوینە هاوڕێی یەکتری و ناو بەناو بۆ یەکتریمان دەنووسی. ئەرسەلان کتێبێکی خۆی بە مایل بۆ ناردم، (ترین تەنیا) هەر لە سەرەتاوە ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێش بوو. دوا بەدوای خوێندنەوەی کۆ شێعرەکە ئەم گفتوگۆیەمان لە ماسنجەر ئەنجام دا.**

**ئالان: چۆن (ترین تەنیا) ت نووسی؟**

ئەرسەلان: سەرەتا دەمویست بە جۆرێک مانای تەنیایی لە ڕادەبەدەر نیشان بدەم، بە جۆرێک کە ئەو تەنیاییە سەرسوورهێنەرە زۆرتر زەق بکەمەوە کە مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن تووشی هاتووە،ئیتر بەو جۆرە کاری زمانیم لە سەر کرد; ترین هێنا پێشەوە، بۆ ئەوەی جەخت بکەم لە سەری،کاتی خۆی کە چاپ بوو هەڵایەکی لە سەر ساز بوو،هەندێک پییان جوان بوو هەندێکیش نا.

**ئالان: بەڵام لەم نامیلکە شێعریە تەکنیکی زۆر نوێم بەدیکرد، ئەگەر هەر لە ناونیشانی نامیلکەکەوە دەستپێبکەین، خوێنەر دەوەستێت، ڕادەچڵەکێت. ئایا هەڵەیەک هەیە لێرە؟ ئایا ئەرسەلان چی دەیەوێت بڵێ؟**

ئەرسەلان: وایە، دوروستە لە چەند جیگای تریش کەڵکم لێ وەرگرتووە وەک:ترین خامۆشی، ترین بەرد. فەرهاد پیربال کەڵکی لێ وەرگرتبوو، هەڵبەت لە کۆ شێعرێکی فارسیدا،ئاماژەی بە کتێبەکەی منیش کردبوو کەلەوێی وەرگرتووە. کتێبەشێعرییەک بوو بە زمانی فارسی کە لە تاران بڵاو بۆوە.

**پ: ئەمە داتاشینی زمانە؟ یان یاخی بوونە لە وشە؟ یان مەبەستی تۆیە جیاواز دەربکەویت؟**

ئەرسەلان: زۆرتر مەبەستم کودەتا بە دژی ئەو وشەیە بوو، یان هەمان یاخی بوون کە جوانت ئاماژە پێدا، دیارە هەوڵی زمانیشی لە پشت بووە.

**ئالان: باش بوو وشەی کودەتات بەکار هێنا، چونکە شێعر کودەتایە بەسەر هەموو مانا و شوێن و تەنانەت شوناسیش.**

ئەرسەلان: بە ڕاستیش هەر وایە، پێم وایە شێعر کودەتایە بە سەر زماندا، لە بابەتەکەی لە سەر کتێبە وەرگێڕانەکەی جەنابت نووسیبووم، ئاماژەیەکی کورتم پێداوە، هەڵبەت لە زمان ریچاردێزەوە کە دەڵێ زمان لە شێعر دا زۆر دەوڵەمەندترە لە زمان لە فەلسەفە و زانست دا، زمان لە شێعر دا ئێجگار بەربڵاوە، شێعر هەموو کاریک بە زمان دەکات.

**ئالان: ئەو یاریکردنە بە وشە و بە هەمەئاهەنگی خەیال شێعر جیاوازی خۆی دەردەخات.**

ئەرسەلان: ڕێک وایە، بە قەولی شاعیری دانیمارکی نیلس هاو کە دەڵێ: دەبێ شێعرەکە زیرەک بێ!

**ئالان: ئەگەر بڕوانینە شێعری “ترین تەنیا” من چەندین جار خوێندمەوە، لەسەری وەستام، هەستم بە ئاوازێکی ستەم لێکراو، نەفەسێکی پەنگخواردوو کرد. ئەگەر شێعرەکە شی بکەینەوە (هەرچەند لەگەڵ ئەوە نیم شێعر نەشتەر بکرێ) بەڵام لێرە ئەگەر بینای بکەم دەبینم لە سرودێکی سڵەمینەوە دەچێت، بوێر بۆ هەر کارەساتێک، ئامادە بۆ هەر شۆڕشێک کە هەنوکە دروست دەبێت، لەهەمان کاتیشدا گەڕانەوەیەکە بۆ نووشوستی و کەوتن.**

ئەرسەلان: ئەو خوێندنەوەیە زۆر ڕاستە، بۆ منێک کە ئەو شێعرەم نووسیوە. ڕێک هەڵگری وەها دۆخێکە و چەند شتی تریش.

**ئالان: ببینە لێرە لە شێعری “ترین تەنیا ” وا دەنووسیت:**

**کە هەناسەی سووری شاخ**
**بڕوانێتەدڵتەوە**
**ئەگەر شاخ ئەستێرەیەک شک با،**
**بەرۆکی بێ ڕەزای ڕۆحتەوە**

ئەرسەلان:بەڵێ

**ئالان:کەسێک شاخ بناسێت دەبێت لە ناوکی شاخ بزانێت،تۆ بەستراوی بە پتەویی شاخ بەڵام وشەکانت فریات دەکەون تا نیانانە بنوسیت; ئەگینا تۆ بەرد باش دەناسیت بەڵام دڵت نایەڵێت بەردانە بنووسیت,بۆیە یاخی دەبیت.**

ئەرسەلان: بۆم سەرنجڕاکێش بوو. زۆر جار بووە خۆم وەها هەستێکم بووە. یەک شت سەیرە بە لامەوە، تا دێت من حەز ناکەم شتی جوان لە شێعر دا بە کار بێنم، حەز دەکەم شتی جوان لە ناو پیسترین شتەکان دا ببینمەوە و بیدەم بە خوێنەر.ئەگەر ڕووراستر بدوێم بۆ ئەوە نانووسم کە خوێنەر چێژ لە شێعرەکان بەرێ. بەڵکوو بۆ ئەوە دەنووسم کە بێزاری کەم و پێی بڵێم ئاگادار بە بەردەوام هەواڵی کارەساتبار بەڕێوەیە!

**ئالان: ئەمەش وا دەکات جیاواز بنووسیت، جوانیی بۆ کلاسیکیەکان بووە.**

ئەرسەلان: بەڵێ، تۆ سەیر کە زۆرینەی ئەو شێعرە نوییانە کە دەنووسرێ ئیستا کێش و سەروایان نەماوە، زمان هەر ئەو زمانە کلاسیکەیە، وشە هەر هەمان کارکردی کۆنی هەیە، کەم وا هەیە شێعرێک ببینین کە بە ناوەڕۆک نوێ بێت، هەر دوور نەڕۆین ئەو شێعرەی تۆ بە ناوی شاری لەرینەوە کە لە سایتێک بڵاوم کردەوە ئەوە بە ناوەڕۆک و بە پەیام نوێیە باسی شار و کەڵکەڵێکانی شار دەکات. بەڵام لەو هەموو بە ناو شێعرەی کە ئیستا دەنووسرێ کەم وا هەیە شێعر بە ڕاستی نوێ ببینین.

**ئالان: شێعر دەبێت خۆی جاڕ بۆ خۆی بدات نەک شاعیر.**

ئەرسەلان: بژیت. شێعری چاک خوێنەری خۆی دەبینێتەوە.

**ئالان: ئێمە کلاسیک دەخوێنینەوە، دەچینە قولایی ڕۆحیانەتەوە، بەڵام ئەوە تێرمان ناکات، شێعر لەوە دەرچووە تەنها ڕۆحانی بێت، ئێستا شێعر هەڵگری مانای تێفکرین و یاخیبوونیشە.**

ئەرسەلان: بەڵێ، ئەرکی شێعر زۆر گرانتر و قورسترە، لەو سەردەمە دا کە شێعر کەس بایەخێکی ئەوتۆی نادات، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا شێعری باش خوێنەری خۆی هەر هەیە، جا من نێوی ئەو جۆرە شێعرانەی کە ئەورۆکە بە لیشاو بڵاو دەبنەوە ناوە: شێعری قوون لێکەوتوو!

**ئالان: لە شێعرەکانی ئەم دوایانەتدا جۆرە تورەبونێک لە سیستمی مرۆیی و بەتایبەتی سیستمی رۆژئاوایی دیمانە دەکرێت، ئایا هۆکاری ئەوە ئەو رووداوانەی ئەم دواییەی ناوچەکەیە کە شێعرت کردۆتە بەشێک لەو بەرەنگارییەبۆنارەوایەتی سیستیمە پێشکەوتووەکان؟**

ئەرسەلان: بەڵێ لە راستیدا ئەو شێعرانە هەموو ئەو کاولکارییانە نیشان دەدا کە زۆرینەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە سەرچاوە دەگرن، هونەرمەند و نووسەر بە پلەی یەکەم لە ئاست ئەوانە دا بەرپرسە و دەبێ لەقاویان بدا، هونەرمەند لە ئاست هەر هەموو رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا بەرپرسە و دەبێ لە رێگەی بەرهەمەکەیەوە بەرهەڵستی بێتەوە ئەویش بە پێی پێویست بە شێوەیەکی زۆر رادیکاڵ.

**ئالان: ئایا تاراوگە ئەدەبێکی جیاوازی پێ نیشان دایت؟ ئایا بەرکەوتەی چەندین دژبەیەک بوویتەوە؟ کایەی رەهەندی نووسین و بڵاوکردنەوە لە تاراوگە وەک پێویست چاوەڕوانکراو بوو؟**

ئەرسەلان: لە راستیدا ئەو شێوازە نووسینەی من کە بە شێوەیەکی رووت و رادیکاڵ لە گەڵ دەق مامەڵە دەکەم ریشەی لە جۆری روانینی مندایە، من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە شێعر لە چیاکان و مێرگ و چیمەن بێنینە دەرێ و رزگاری کەین و بیبەینە شار و شەقام و ئاوەرۆکان و هەر هەموو نەهامەتی و قەیرانەکانی ژیانی مۆدێرنی شار نیشان بدەین. واتە بەر لە هاتنی من بۆ رۆژئاوا من هەر بەو شێوازە رادیکاڵە دەمنووسی، ئەوەندەی دەستم راگەیشتبێ دەقە شێعرییەکانی جیهانم خوێندبۆوە و ئاشناییم هەبوو لە گەڵ ئەدەبی رۆژئاوا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا تاراوگە دەوری ئەرێنی خۆی هەبووە لە نووسین و بەرهەمەکانم ئەویش رەنگە بە بارێکی تردا، رەنگە لە ناوخۆ لە بەر سیستمێکی داپڵۆسێنەر و توتالیتە و فاشیست و سانسۆرچی وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر مەودای ئەوە نەبا بە ئیشتیای دڵ کەف و کوڵی خۆم لە ناو شێعر دا هەڵرێژم، بەڵام لێرە ئەو بەربەستانە نییە و بە دڵنیاییەوە کاریگەری خۆی هەیە و داشیناوە.

**ئالان: هەر بەدەم قسەکانمان نیوەی شێعری "ترین تەنیا"م کردە دانیمارکی. ئەگەر رازی بیت پێم خۆشە یەکەم شێعری تۆ بە دانیمارکی ئەم شێعرە بێت و من بیکەمە دانیمارکی...**

ئەرسەلان: هەواڵێکی خۆش بوو، دەست خۆش بۆ تۆ، مایەی شانازیمە.

**هاورێ بووی**
**لەگەڵ شاخدا.**
**لەسینەتدا**
**دەنگێک لە داوێنی.**
**کە ترپەی هات**
**سەرما و**
**هەڵوەری گەرما**
**لە دڵی بەردیندا.**
**تۆ لە ترین تەنیا کلوە بەفری زستان ترینی تەنیا**
**بە مەرجی کرێوە لە غوربەتدا**
**ساردترین وشەی بە لێوی دوورییەوە.**

**روانینت پەنجەرەیەکە بە رووی پێستی گوناهباری شەقام**

**کە پێخواسە رێبوار لە تەنیشتی**
**لە تەنیشت پەنجەرەشدا،**
**پێخواسە سڵاوت.**
**کە هەناسەی سووری شاخ**
**بروانێتە دڵتەوە**
**ئەگەر شاخ ئەستێرەیەک شک با،**
**بە بەرۆکی بێرەزای رۆحتەوە.**
**بەڵام تۆ**
**مەکە سڵ و**
**ترس مەخۆ**
**سەرمای ئەم هێڵە تەمناکەی تەمەنت**
**سەر لە ئاواتت ناهێنێ_دەر**
**تۆ بە رێکەوتنامەی شاخ و شۆرشی دڵت**
**دەبیە ئاگر و**
**دەرنییەوەئاگر.**

دەفتەرە شێعری ترین تەنیا (ئەرسەلان چەلەبی)
ژمارەی لاپەرە: ٧٨





کارتۆن: سۆران کوردپوور

بەیادی قوربانییان و زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزەی کرماشان



# فرات جەوەری

## دۆسییەی تایبەتی گۆڤاری «شی» بۆ ڕۆماننووسی باکووری

به قەڵەمی نووسەران:

مەحەمد ئۆز تونج. کاکشار ئۆرمار. سید اسلام دعاگو. جمال مشمایی.
تۆسنە ڕەشید. تیمور خلیل. جلیل جلیل. ئارژن ئاری. عەبدوڵڵا پەشێو.
فەرهاد پیربال. فەرهاد شاکەلی. موراد جوان. نیزامەددین ئاکگورت

# از ماردین تا سوئد

## نگاهی گذرا به زندگی

## فرات جوری



**فرات جوری** در سال ۱۹۵۹ در یکی از روستاهای استان ماردین (کردستان ترکیه) چشم به جهان گشود. در اوایل دهه هفتاد به همراه خانواده به نصیبین مهاجرت می‌کند و در همان شهر وارد فعالیت‌های سیاسی می‌گردد، با همکاری دوستانش موسسه‌یی فـرهنگی را بنیان می‌نهد و به‌عنوان مسئول اجرایی آن به فعالیت می پردازد که بعدها ریاست آن را بعهده می‌گیرد. نویسندگی فـرات جوری نیز از همان سال ها شروع میشود. فرات با هدف نوشتن و نویسندگی در دنیای آزاد، در سال ۱۹۸۰ به سوئد مهاجرت و در همان سال اولین کتاب خود را به چاپ رساند و تا بحال به شکلی فعال در فعالیت‌های ادبی حضور دارد. در اوایل دهه هشتاد وی با نوشته‌ها و داستانهایش با اکثر مجله‌ها و روزنامه‌های کردی ارتباط برقرار کرد. زمانی که به این نتیجه رسید که کردها ادبیات و سیاست حزبی را از هم جدا نمی‌کنند. در مارس۱۹۹۲دست‌به‌انتشار مجله ادبی «نودم» زد و به مدت ده سال بدون وقفه آن را منتشر نمود. برای اولین بار با انتشار «نودم»، ادبیات و سیاست از هم جدا شدند. همچنین فرات جوری با «نودم» اسامی جدیدی را به لیست نویسندگان کردزبان افزود که نقش مهمی در ورود ادبیات کردی به زندگی روزانه داشتند.

جوری پس از نتشار نـودم (nodem) مجله «نودم وَرگِر» را منتشر کرد که مجله‌ای تمام‌تخصصی در زمینه ترجمه ادبیات جهان به زبان کردی بود. او همچنین انتشارات نودم را نیز بنیان نهاد و نزدیک به ۱۰۰ اثر کردی را به کتابخانه کردی هدیه کرد. پس از چندی مجله هاوار را که سرآغازادبیات نوین کردی بود، جمع آوری و در دو جلد به چاپ رساند. فرات جوری از سال ۱۹۸۰ به این سو، به کار داستان‌نویسی مشغول است و در میان نسل جدید تبعیدیان کرد جزء اولین کسانی می‌باشد که به هنـر داستـان نویسی پرداخته است. اکثر داستانهای وی به زبانهای سوئدی، آلمانی، عربی، ترکی و کردی سورانی ترجمه شده و به برخی از زباهای دیگر در حال ترجمه‌اند. همچنین داستانهای وی در دانشنامه‌های داستانهای آلمانی و عربی و ترکی نیز جای گرفته است. فرات جوری عضو اتحادیه نویسندگان سوئد و همچنین عضو انجمن قلم و مسئول کمیته نویسندگان مهاجرآن انجمن می‌باشد. وی در سوئد در رشته تعلیم‌وتربیت کودکان، فرهنگ و آداب و رسوم باستان و تاریخ ادبیات‌روسیه را به پایان رسانده‌است. او همزمان با فعالیت ادبی بعنوان مدرس و مترجم کتابخانه‌ملی سوئد و در انجمن فرهنگی دولت سوئد به‌عنوان کارشناس مسائل ادبیات باستان (هنـدی و کـردی) و ادبیات عقلانی فعالیت کرده‌است. جوری با شعر وارد ادبیات شد اما ادبیات داستانی را فعالیت اصلی خود قرار داده و اکنون با داسـتـان در حال فعالیت است . او با داستان‌هایش "پاییز دیر هنگام"، "یکی را خواهم کشت"، "سیلاب" و "ماریا ملکه بود"، معروف شد و توجه خوانندگان را به خود جلب کرد.همه داستان‌هایش به ترکی ترجمه و منتشر شده و در مطبوعات ترکی نقدهای خوبی بر آنها نوشته شده است. از کارهای برجسته‌ای که فرات جوری انجام داده است، تالیف دانشنامه ادبیات داستانی کردی می‌باشد که جوری در این مجموعه، داستان‌های کردی را از آغاز تاکنون جمع آوری و چکیده‌ای از زندگی نویسنده هر داستان را در این کتاب آورده است. این کتاب داستان‌هایی از لهجه‌های مختلف کردی را نیز دربرگرفته است. امسال فرات جوری جایزه ادبـی ترجمه را از آکادمـی سوئد برای ترجمه ادبیـات سوئدی به زبان کـردی دریافت کرد. و این همان آکادمی است که هرساله جایزه ادبـی نوبـل را به خالقان آثار ادبی بزرگ، اهـدا می‌کند. او از سال ۱۹۸۰ تا کنون که مشغول فعالیت ادبی است در مجموع ۴۰ عنوان کتاب را اعم از تألیف و ترجمه منتشر کرده است.

برخی از آثار منتشره فرات جوری:

*حمله می‌کنند ( ۱۹۸۰) * بزرگ می شوند (۱۹۸۱) * مادر عزیزاست (۱۹۸۳) * اسیر (۱۹۸۶) * کبوتـر سپید (۱۹۹۲) * فـرهنگ، هـنر و ادبیات (۱۹۹۶) * گفتار بزرگان (۱۹۹۵) * داستان خانواده عبدو (۱۹۹۹) * در منزل میر جلادت عالـی بدرخان (۱۹۹۸) * امواج دریای سیاه (۱۹۹۷) * عشقی پژمرده (۲۰۰۲) * دانشنامه داستانهای کردی (۲۰۰۳) * پائیز دیرهنگام (۲۰۰۵)

وی همچنین نزدیک به چهارده عنوان از آثار نویسندگان مشهور جهان از جمله داستایوسکی، چخوف، یاشار کمال، ساموئل بکت و... را به زبان کردی ترجمه کرده است.

# ادبیات کردی خود را به پای ادبیات جهان رسانده است

## مصاحبه محمد اوزتونج با فرات جوری

### ترجمه: سید اسلام دعاگو

**اوزتونج: از نظر شما ادبیات مدرن چیست؟**

فرات جوری: هر چند با دیدگاه‌ها و استانداردهای جهانی ادبیات مدرن اگر تعریف شود، بنظرم ادبیات مدرن آن ادبیاتی است که در هیچ قالبی جای نمی‌گیرد، همراه دیوار آزادی اندیشه اوج گرفته و قید و بندهای بردگی را پاره می‌کند. خود را اسیر تئولوژی و ایدیولوژی نکرده و با فرمان حاکمیت و دیکتاتورها همراهی نمی‌کند. مرزها را می‌پیماید و جای خود را در دل خوانندگان جهانی به آرامی باز می‌کند.

**اوزتونج: بنظرم ادبیات جهان بدون رمان ناقص است، رمان هم با آشنایی به زبان پیشرفته خلق می‌شود. اما زمانی که به وضعیت کردها نگاه می‌کنیم به علل مختلف با مشکل مواجه و جلویش را سد کرده‌اند. شما که داستان کردی می‌نویسید مشکلات فرا روی داستان نویسی کردی را در چه می‌بینید؟**

فرات جوری: بدون شک رمان یکی از شاخصه‌های اساسی ادبیات مدرن می‌باشد. هرچند قدمت شعر هزاران سال هم باشد، ولی رمان یکی از شاخه‌های مدنیت ادبیات است که ظهور کرده و قدمتش به حدود نیم‌هزاره می‌رسد که بیشترین آن در دویست سال اخیر تولید شده است. همانند همه شاخه‌های ادبیات هنر داستان‌نویسی، بر پایه زبان و ساختار آن‌است. هرچند زندگی مدنی گفتار و ساختاری نو به زبان افزوده و بعضی از زبان‌ها غنی هم باشند اما به‌جهت بروز عواملی، پیشرفت نکرده و محروم مانده‌اند. زبان کردی هم چنین زبانی است . درست است که بخاطر علل سیاسی، پیشرفت چندانی نداشته ولی دارای بنیادی محکم و استوار است. بسیاری از داستان‌های کردی با توصیف شخصیت‌هایشان، چهره داستانی به خود می‌گیرند و بسیار تأثیر گذار نیز هستند. مه‌می ئالان ، سیبایند سلوی ، کَر وکولک و ده‌ها داستان کردی دیگر که با هنرمندی تمام خلق شده‌اند و انسان از زبان و تصویر هنری آن مبهوت می‌ماند. با این‌همه باز هم آداب و رسوم و ادبیات کلاسیکی یکصد ساله داریم که به تصوف، غنا و تصویرهای خودرسته، آراسته‌اند. می‌بینیم که هم ادبیات شفاهی‌مان و هم ادبیات مکتوب‌مان، انسان را محور خود قرارداده و بر روی زندگی انسان زوم کرده است. یعنی فردیت را در مرکز آن قرار داده و خود را در بردگی خفه نکرده است. به خودی خود داستان مدرن هم بیشتر بر اساس فردیت است. بخاطر اینکه مدنیت، زندگی برده‌وار را که محصول جامعه روستایی یا فئودالیست بوده، بررسی وتحلیل می‌کند. انسان در شهرهای بزرگ از جمع جدا و تنها مانده و فرد می‌شود. این فردیت است که خود را در متن داستان قرار می‌دهد و بدست داستان نویسان چیره‌دست، خلق شده و تبدیل به شخصیت می‌شوند و آن شخصیت‌ها نیز برای جامعه الگو می‌شوند.

**اوزتونج: مگر در ادبیات کردی نیز چنین نمونه‌هایی داریم؟**

فرات جوری: همه جامعه کردی، هر چند هم چهره مدنیت به خود می‌گیرد، اما باز هم خود را به کلی از جامعه فئودالی، عشیره‌ای، حزبی و جمعی آزاد نکرده و فردیت را راه نینداخته است. بدین خاطر در جامعه ما فرد نمی‌تواند با فردی دیگر با هم باشند. زمانی نیز که دو فرد باهم باشند، جور دیگری نگاهشان می‌کنند و آنها را وابسته بهم می‌دانند. وقتی که من در داستانم، بدنبال صید افراد، افراد ضعیف می‌روم و آنها را از گوشه‌های دنج‌شان بیرون می‌کشم، وضعیت‌شان را فاش می‌کنم و نگاه‌ها را متوجه‌شان می‌کنم. با فکر و اندیشه‌ام من واقعیت‌شان را روایت می‌کنم. بدین سبب می‌توانم با نقدهایی روبرو شوم که چرا من بدنبال چنین انسان‌هایی هستم و در مورد قهرمان‌ها نمی‌نویسم . برای من آنها، قهرمانهای بسیار اصیل هستند و ماندگاراند.

**اوزتونج: آیا ادبیات کردی (چه کلاسیک و چه معاصر) در جهان به آن سطحی که شایسته‌اش بوده، رسیده است؟**

فرات جه‌وهری: بدون شک میتوانم بگویم، اگر مه‌م و زین احمد خانی از طرف یک انگلیسی، فرانسوی یا اروپایی دیگر نگاشته می‌شد، اکنون به اکثریت زبانهای دنیا برگردانده شده و در بیشتر مدارس دنیا به عنوان درس ادبیات تدریس می‌شد و چه‌بسا در تئاترهای جهانی، اوپراها و فیلم‌ها نیز به تصویر در می‌آمدند. اما مه‌م و زین از طرف یک شاعر کرد نوشته شده بود و بعنوان اثری کردی در خانه ماند و بعدها با «انقلاب حروف» در هم فرو ریخت و چندین نسل از آن بی‌بهره ماندند. بدین جهت در جایگاه ادبی، چیزی که ما به دنیا تقدیم کنیم، نبوده و دریغا همیشه به‌عنوان قاتل و راهزن در دنیا معرفی شده بودیم. اما این اواخر، بخصوص پانزده-بیست سال اخیر در زبان و ادبیات کردی حرکت و جنبش خوبی راه افتاده که با ساختن ادبیاتی توانمند بتواند در بازار دنیا ارزشمند باشد و رنسانس ادبیات کردی را راه بیاندازد. اگرچه نمی‌توانم بگویم که ادبیات کردی کلاسیک و مدرن در جهان به سطحی رسیده که شایسته آن است اما به جرات میتوان گفت که خود را به سطوح والای ادبیات مطلوب جهان رسانده است.

**اوزتونج: بدون شک بخاطر آزادی زبان در برخی از کشورهای اروپایی، ادبیات کردی در غربت پیشرفت کرد، اما دوری از وطن و فرهنگ هم به گونه‌ای دیگر بر ادبیات تاثیر داشته، اینطور نیست؟**

فرات جوری: با نگاهی گذرا به تاریخ و ادبیات مدرن کردی، می‌توان متوجه این نکته شد که ادبیات مدرن کردی بیشتر در غربت شکوفا و شاخ و برگ گرفته است. ادبیات کردی امکان شکوفایی در جغرافیای خود را نداشته (و در این ده-پانزده سال اخیر) در تبعید شکفته و بارور شده است که در تبعید نیز تنها نسل اول به زبان و ادبیات کردی مشغول شده‌اند، نسل دوم به آن نپرداخته‌اند . همچنین نسل اول هم با مسئولیت سیاسی و معرفی خود بار آمدند و در ضمن برای احیاء زبان و نجات آن از نابودی، مقاومت کرده و در احساسات نوستالوژیک خود، در آتش خاطره‌ها سوخته و تلاش کرده که ادبیات مدرن کردی را همپایه ادبیات جهان نماید. طولانی شدن زندگی در تبعید نیز باعث شده نویسندگان‌مان از پیشرفت و تغییرات وطن‌شان دور و بی‌خبر بمانند و با عادات و فرهنگ کشورهایی که در آن زندگی می‌کنند خو بگیرند. امروز به اندازه‌ای که من با زبان سوئدی به مطالعه ادبیات می‌پردازم، به آن میزان به زبان ترکی و کردی نمی‌خوانم. لذا در هر صورت در جایگاه ساختن ادبیات و ماندگاری، انسان هم تغییر می‌کند که اثر این تغییر خود را در ادبیات هم نشان می‌دهد.

**اوزتونج: به نظرتان خطر جدی فراروی ادبیات کردی معاصر چیست؟**

- فرات جوری: شاید ادبیات خطر جدی را پشت سر گذاشته باشد. امروز نه تنها هزاران بلکه ده‌ها هزار اثر کردی وجود دارد. اما با این همه لازم است که ما توجه کنیم همیشه در مرز خطر هستیم. آن هم به وضعیت سیاسی کردها وابسته است. هنگامی که وضعیت کردها متشنج شده، زبان ممنوع و ادبیات در تنگنا قرار بگیرد، زمانی که نفسی کشیده و فضا برای زبان‌شان باز شود، اثراتش در ادبیات ما هم نمود پیدا کرده است و خواهد کرد. بنابراین خطر یا بازدارندگی ادبیات کردی به وضعیت دولت‌ها، آینده مردم کرد و زبانش بستگی دارد.

**وزتونج: سیاسیون کرد که غالبا از جوانب مختلف مدیریت می‌شوند، می‌خواهند ادبیات را زیر سلطه خود ببرند. در حالی که برآیند ادبیات آزادی است. وضعیت ادبیات**

**را از این منظر چگونه ارزیابی می‌کنید؟**

فرات جوری: اغلب سازمانهای کردی که در سال‌های دهه هفتاد ظهور کردند، چپ بودند. خودشان را چپ‌های مارکسیسم و لینینیسم نشان می‌دادند و می‌خواستند بر اساس این فلسفه حرکت کنند . لذا آن تحلیل‌هایی از ادبیات که در زمان حرکت انقلاب بلشویکی روسیه اتفاق افتاده بود، به کردها و ترک‌ها و دیگر ملل این نواحی نیز منتقل شده بود. مگر ادبیات برای کیست؟ برای مردم، برای احزابی که سکاندار مردم‌اند، یا برای ادبیات و ایستایی ادبیات برای خودش؟ روسیه که دارای سبک ادبی والایی بود، با حاکمیت بلشویک‌ها آن غنای ادبی‌اش از بین رفت. درخت ادبیات‌شان هرس شد و تنها پاچه‌خواران ادبی ماندند. ادبیاتی ماندگار که قرار است از مرزها عبور کند با پاچه‌خواران دوام نمی‌یابد. امروز بین کردها هم بسیاری از پاچه‌خواران ادبی وجود دارند و همینطور تعدادی به‌دنبال عقل‌گرایی و دل‌شان می‌روند. اما هستند کسانی که ادبیات مدرن کردی با آن‌ها احیاء خواهد شد و بوسیله آن‌ها بر سبیل جهانی قرار خواهد گرفت.

**وزتونج:در سالهای اخیر خواندن و مطالعه متون -علی‌الخصوص ادبی- به زبان کردی بسیار رونق داشته است. این اتفاق چگونه تاثیری برادبیات کردی خواهد داشت؟**

فرات جوری: آزادی کردها در توجه به زبان کردی و تاثیرات مثبتی است که این آزادی بر ادبیات‌اش خواهد گذاشت. حتی درصورت کسادی بازار هم، چنانچه تداوم در نویسندگی و آفرینش ادبیات کردی باشد، آنها با حرکات مقطعی خود، خوانندگان صادق را پیدا خواهند کرد. چنانچه از وضعیت موجود نیز شاکی باشند، باز هم در حوزه ادبیات حال و هوایی مثبت وجود دارد. اما ما باید به‌دنبال راه‌های فعال کردن بیش‌ازپیش ادبیات کردی باشیم. بازار کساد را رونق بخشیم و به ادبیات خودمان بهایی دوباره عطا کنیم.

**اوزتونج: زبان ادبیات از زبان زندگی می‌مکد، ولی اکنون کردها زبانشان را نه در زندگی بلکه در مدارس، اجتماعات و غیره یاد می‌گیرند. زبان زندگی، چگونه ادبیاتی را ترویج می‌کند؟ آیا اینگونه ادبیات می‌تواند زندگی را ترسیم نماید؟**

فرات جوری: درست است، زبان کردی در زندگی روزانه کمتر بکار برده می‌شود. به غیر از ستمی که بر زبان کردی شده است، کردها خود نیز به زبانشان اهمیت نمی‌دهند. زبان کردی زبان آموزش نیز نیست. حتی در گردهمائیها و جلسات و مراودات روزانه هم صدای کردها شنیده نمی‌شود. آنان که سازندگان ادبیات کردی هستند هم منابع روشفکری خود را نه از کردی بلکه از دیگر زبانها می‌گیرند. پس تا زمانی که زبان کردی در تمام جنبه‌های زندگی بکار برده نمی‌شود و در زمینه روشنفکری خودش را به مرحله مدنییت نرسانده باشد، ناقص خواهد بود. قدرت روشفکری انسان به اندازه دانش و زبانش خواهد بود. اگر اینگونه ادامه داشته باشد و ما بدنبال ساختن ادبیاتی جهانی باشیم، بین ما و خوانندگان فاصله خواهد افتاد و این فاصله می‌تواند ما را به مرز خطر ببرد.

**اوزتونج: با لهجه‌های کردی بادینی، سورانی و زازا آثاری نوشته می‌شود، اما وقتی می‌نگری، می‌بینی که فقط آثار لهجه‌های خودشان را مطالعه می‌کنند. بر این اساس ما می‌توانیم بگوییم که ادبیات مشترک کردی وجود دارد یا بوجود خواهد آمد؟**

فرات جوری: درست است. به‌جز تعداد قلیلی از مطلعین هر سه لهجه، اکثریت تکلم کنندگان اطلاعی از لهجه‌های دیگر ندارند. اگر الفبای لهجه‌های بادینی و سورانی متفاوت نبودند، شاید اطلاع بهتری از ادبیات آنها پیدا می‌کردیم. اما به علت یک جدایی الفبایی، فاصله‌ای که بین دو لهجه مهم کردی وجود دارد، هر روز بیشتر می‌شود و آنچه مهم است این که برای هر لهجه استانداردی تنظیم و با آن ادبیاتی نگاشته شود. از طرف دیگر هر سه لهجه جملات و واژگان همدیگر را بکار ببرند تا از این راه لهجه‌ها را به هم نزدیک وهمه یک ادبیات مشترک کردی ایجاد نمایند .

چهار پنج ماه طول کشید تا آن دختر را فراموش کند، اما تنهایی برایش خیلی سخت بود، تنها بخواب، تنها بیدار شو و بپوش. بارها او روغ رختخوابش دراز می کشید و بی صدا و ساکت به نقطه ای خیره میشد، اگر اینطور ادامه می داد بعید نبود دیوانه شود.

پاسی از شب گذشته بود، بلند شد و به زن قبلی اش تلفن زد. زن با صدای تلفن از خواب پرید و گوشی تلفن را برداشت :

- الو... - الو... منم.... - خیر باشد، این وقت شب تلفن زدی ؟!

هر چند پانزده سال با هم زندگی کرده و این چند ماه بود که از هم جدا بودند، مرد نمی توانست مانند قبل خیلی آزاد با او صحبت کند و این دفعه بچه اش را بهانه کرد:

- میخواستم با تمو صحبت کنم.

- تمو، الان خوابیده، صبح زود به مدرسه خواهد رفت، می توانید فردا بعد از برگشتن از مدرسه زنگ بزنید، شب به خیرا

زن تلفن را قطع کرد و این خیلی به او برخورد، اما برویش نیاورد. قدری روی رختخوابش دراز کشید و سیگاری روشن کرد و کشید، وقتی سیگارش تمام شد بار دیگر به زن تلفن زد. .

- خانم اگر امکان باشد، چند لحظه ای با هم صحبت کنیم. زن گفت : - از چه صحبت کنیم. - از وضع خودمان. - چه وضعی ؟ - مگر نمی شود دوباره با هم باشیم ؟ - من حالا دیگه راحتم از من دست بردار.

زن این را گفت، اما اگر به خاطر بچه ها هم بود دلش می خواست که دوباره به هم برسند.

- خانم هر انسانی یک بار اشتباه می کند.

زن می دانست که او حالا به او نیاز دارد و حالا زن خود را در نقطه قدرت میدید.

آن شب بیش از یک ساعت آنها تلفنی با یکدیگر صحبت کردند، هر چند مرد خیلی تلاش کرد که آن شب به خانه زن برود ولی زن قبول نکرد، اما بعد با پا درمیانی چند خانواده با هم آشتی کردند.

به در خواست زن آنها از آن شهر کوچ کردند و در شهر دیگری ساکن شدند و مرد که هم در سوئد و هم در وطن معلم بود از کار معلمی دست کشید و همراه دوستش که او هم در وطن کار وکالت میکرد و در سوئد شغل آزاد داشت با هم رستورانی را باز کردند که رستوران آنها با دادن غذاهای کردی شهرتی کسب کرد.



# نایست، برو

## آرژن آری

در این شهرکی که من و گربه‌های کوچه‌هایش، همدیگر را می‌شناختیم، گرمای تابستان نفس گیر، نه تنها نفسم را بلکه نفس گنجشک‌ها و گربه‌ها را نیز تنگ کرده بود. نه صدای عطسه گربه‌ها و نه روی شاخه‌های درخت حیاط، صدای جیک جیک گنجشکان می‌آمد. در این گرمای نیمروز، من بخت برگشته، پیاده به راه افتاده بودم. روی پل المان هوش‌هوش، مسجد قزلی، قهوه‌خانه خرابه، باغچه نافدو و... به طرف چایخانه «دوستلار» می‌رفتم. بخاطر دو مورد: اول اینکه چای این چایخانه همیشه تازه دم بود و آن دیگر، فرات جوری معمولا این اطراف دیده می‌شد. گرما که سر گنجشکان را سوزانده و مغز آدمها را تکان می‌داد. کم مانده که دیوانه‌ای را به دیوانه‌های نصیبین اضافه کند: شاعری ! چایچی که می‌خواست دومین چای را جلویم بگذارد، یکباره فرات: یکی هم برای من بذار، نشست و همزمان با نشستن گفت:

ـ کارگران پنبه الان چه می‌کنند ؟

ـ کارگرها را ول کن خودت چه کردی؟

بعد از سر دادن آه کوتاهی گفت:

ـ من دو دلم، برم، نرم؟

در «آمد» به مناسبت روزهای ادبیات وقتی همدیگر را دیدیم، آن ملاقات باعث شد که ما آن ایام را، ایام قبل از سالهای ۸۰ راگاهی با غمگینی و گاهی با لبخند به یاد هم بیاوریم... مثل الان یادم می‌یاد، پدر و مادر، خواهر و برادران، دوستان و رفیقان راه، همه می‌گفتند: نرو! همین "نرو"گفتن‌ها در دل فرات، با مرزهای پیش‌رو، مرزی دیگر از جنس دودلی و شک اضافه کرد. بعد از بحث زیاد در مورد این رفتن و ماندن، در همان چایخانه ازش پرسیدیم:

ـ تو برای چی میری داداش؟

ـ برای اینکه بنویسم!

ـ نه، نایست!

..........................

من عاشق شعر بودم و سال ۱۹۶۹ به خود و اطرافیانم می‌گفتم، به سوئد خواهم رفت و شاعر خواهم شد! این حرف تا آخر سال ۱۹۷۶ ادامه داشت. بدنبال دلداده‌ای، من هم از دل افتادم و هم از سوئد، آن سرچشمه خواب و خیالهای دوران جوانیم...

شاید به‌خاطر نرفتنم، می‌خواستم فرات را از رفتن منصرف کنم. بعد از همین دیدارها، مدتی کوتاه، فرات ناپدید شد. به ازچند ماه ناپدید شدنش کودتای نظامی اتفاق افتاد و هرکس ، کوچک و بزرگ ، ترو خشک ، همه خواب و خیالهای انقلاب ، از نصیبین رنگین یا عصری و طرف سحری کوتاه خود را به پشت سیم مرز سور رساندند!

همین طور ، نصیبین قامشلوک مانند دو محله یک شهر باشند در کنارهم ، مرز به مرز وسیع می‌شوند . آب بونسر«جخ جخ »، آبی که از چشمه سیاه و سفید سرچشمه می‌گیرد ، هر دو ناحیه را دو پاره و جاری می‌شود و بطرف خاک قبل از تاریخ. بعد از اینکه مرز به دست قاسمین به خاک کشیده شد هم ، ولی ناحیه نتوانست آن جدایی را هضم کند ، اما بخاطر مردم ، سور بن خط و ترکیه هم سرخط ماند!.

..........................

زبان فرات نمی‌تواند، که به بن خط سور بگوید !

ولی، دور باشد هم، سالها هم اگر دور باشد، به اندازه من، او در نصیبین است .

همین که انسان از دیارش دور می‌شود ، حسرت غریبی بیشتر دلش را میگیرد.

جوری ، غریب است ، امروز.

غریبی معروف.

به واسطه ژورنال بودن معروف است، به واسطه نویسندگی‌اش معروف است، به واسطه انتشاراتش معروف است.

ممکن است برخی تصور کنند به دلیل دوستی دیرینه‌مان این حرف‌ها را می‌زنم، اما چنین نیست و بارها هم خواهم گفت:

در تاریخ ادبیات کردی بعد از حرکت "هاوار"، انتشار مجله "نودم" در غربت حرکت ادبی بسیار ارزشمندی می‌باشد. خودم از ابتدا تا آخر با اشعارم همراه این حرکت بودم. بخش اعظم اشعارم بوسیله نودم منتشر شدند. چنانچه می‌خواستم و رضایت نشان داده بودم ، یقین دارم که دیوان اشعارم را در سالهای۹۴-۹۵ منتشر می‌کردند. اما با پافشاری و اسرار خواستم که در داخل انتشار یابد. فعالیت انتشاراتی جوری کمتر از فعالیت‌های ژورنالیستی‌اش نیست. در سوئد به تعداد کتابهای داستان و شعر، زبان اصلی  را از سوئدی به کردی و بالعکس ترجمه کرده : "ملک عشق: روژن بارناس" ، "رنگین کمان: نورالدین زازا" ، "گلسرخ: سلیمان دمیر"، "نیرو و زیبایی قلم: محمد اوزون" و آثار متعدد دیگری که به زبان سوئدی ترجمه و باعث معرفی آنها به ملت سوئد شد.



مگر نه نان مردان بر مردان دین است؟

اکنون -هرچندکوتاه، اما- می‌خواهم نظری هم به نویسندگی جوری داشته باشم:

جوری عزیز هم مثل اکثر شاعران کرد در اوایل رو به لگام اسب شعر نمود. برای نمونه قبل از اینکه به سوئد رو کند در نصیبین شاعری را آغاز و اولین دیوانش بنام «هجوم میکنند» را در سال۱۹۸۰منتشر کرد. جوری عزیز بعد از شعر با اثری بنام «زندانی» ۱۹۸۶داستان نویسی را انتخاب می‌کند و از آن‌زمان تا کنون بعنوان داستان نویس شناخته می‌شود. خصوصا سال ۲۰۰۳ با انتشار دانشنامه داستان های کردی، جوری دوست داشتنی به عنوان یکی از آگاهان تاریخ داستان نویسی کردی پا به عرصه نهاد. بله، با این همه تلاش متعدد، او بدون توقف، بدون گله و شکایت رو به پاییز دیرگاه «پاییزا درەنگ» داستان، همچنان بی هیچ وقفه‌ای ادامه می‌دهد!

من هم که هنوز شاعر ماندەام.

برادر ، خدا قوت.

# ۸ مارس

## فرات جوری

در هشتم مارس ۱۹۸۲ از انجمن همایش زنان استاد چتین اجازه سخنرانی گرفت و به گرمی اینگونه سخن گفت :

ـمن در اینجا زیاد از برنامه زنان دنیا بحث نخواهم کرد، منظورم این نیست که زنان جهان دارای برنامه ای نیستند، بله، دارند... هزارها... زنان اروپا هم دارند. آنها نیز زیردستند، آنها هم استثمار می‌شوند. اما چون در اینجا هدفم زنان کرد است، نمی خواهم به تفصیل در مورد زنان جهان بحث بکنم، آری دوستان! همانطوری که می‌دانید، زنان کرد زیر دستند، آنها از نظر جنسی، ملی و صنفی زیر دست می‌باشند. جامعه ما جامعه‌ای عقب مانده است: باز مانده از فئودالیسم. در این جامعه عقب مانده و مریض، تشکیلات زنان و زنان زیبای ما، زیر فشار ظلم و ستم شدید می‌نالند. آنها مثل حیوانات خرید و فروش می‌شوند، عشق و خوشی و زندگی برای آنها ممنوع است، آنها برده‌اند. دوستان ! لازم است که ما تحصیل‌کرده‌ها و روشنفکران، از زنانمان حمایت کنیم، دختران را به مدرسه بفرستیم، تربیت کنیم و زنانی آگاه و مطلع بار بیاوریم، کاری کنیم به میل خود ازدواج کنند، زنان را با خود به اجتماعات، مراسم، همایشها و جشنها ببریم، مقدمات درس‌خواندنشان را فراهم کنیم که مدرن شوند، دوستان! کوتاه سخن آنکه زنان ما باید مستقل و آزاد باشند؟

استاد چتین با این گفته‌ها سخنانش را پایان داد و از مسئول همایش بخاطر اینکه اجازه سخنرانی به او داده بود تشکر کرد. آن مقدار قهوه‌ای که قبل از سخنرانی در نعلبکی ریخته بود و سرد شده بود را، بدون اینکه صدای نوشیدن آن بیاید بالا کشید و نگاهی به روزنامه‌ای که روی میز در جلویش بود انداخت و ساکت شد، قریب به سی نفر در همایش شرکت داشتند که از سی نفر فقط یک نفر زن بود و معلوم بود که سخنان استاد چتین در او تاثیر کرده بود. او به آرامی و بدون اینکه کسی متوجه شود اشکهایش را پاک می‌کرد.

بعد از استاد چتین کس دیگری اجازه سخنرانی خواست که بطور مختصر از هشتم مارس و جنبش زنان و نقش آنها در حرکت صنوف کارگری و فیمینیسم و اینکه چگونه زنان کرد بخشی از جنبش زنان جهان هستند، سخن راند.



اجتماع آنها کوتاه، اما گرم و بحث انگیز و سودمند بود که با موفقیت پایان یافت، و این موفقیت در پایان اجتماع از چهره شرکت‌کنندگان مشخص بود. استاد چتین بعد از اتمام همایش همراه با دو دوستش به آبجو فروشی رفتند و هر یک، یکی دو تا آبجو خوردند. پاسی از شب گذشته بود و حدود ساعت یازده و نیم شب به خانه‌شان رفتند. استاد چنین هر چند کلید داشت اما مثل همیشه زنگ در را زد و منتظر باز کردن آن شد، بار اول که در را زد، کسی آن را باز نکرد، بار دوم و سوم و چهارمین بار زنش با چشمانی خواب آلود و با لباس خواب در را باز کرد. با باز کردن در استاد چتین سرش فریاد کشید:

-تا بیست بار زنگ را نزنم در را باز نمی کنی؟

-صدای زنگ را نشنیدم. زن این را با چشمان خواب آلود گفت.

-صدا را نمی شنوی بله؟ و با لحن تندی پرسید: اگر صدای گولی بود چطور؟ گولی دوست زنش بود. چون در وطن هم همسایه بودند، بعضی وقت‌ها همدیگر را می‌دیدند.

استاد از دیدار آنها ناراحت می‌شد و علت ناراحتیش را بد بودن گولی می‌دانست.

-باز چی شده خیر باشه؟

استاد چتین کتش را در آورد و با عصبانیت سرش داد کشید و گفت :

-ساکت، دوباره زبانت باز شد. این را گفت و وارد آشپز خانه شد. به هر دو قابلمه روی اجاق گاز نگاهی انداخت، وقتی غذای مانده ظهر را دید با صدای بلند گفت :

-از غذا درست کردن هم که دست کشیده‌ای، برای خودت خانم شده‌ای!

-مگه نگفتی امشب برای شام نمیام؟ من هم شب دیر به خونه آمدم، غذا داشتیم حیفم آمد دور بریزم و غذای دیگه‌ای درست کنم.

استاد چتین با بی‌میلی چند قاشقی از غذا را خورد و روی صندلی پشت میز آشپزخانه نشست.

زنش که از بی خوابی آشفته بود در کنارش نشست.

-پاشو برایم چایی درست کن، این را بدون اینکه به او نگاه کند گفت.

زن بلند شد قوری را نصف آب کرد و روی اجاق گذاشت و کنارش نشست

-زیاد به همایش اومده بودند؟ زن از او پرسید.

-بله زیاد بودند. استاد با بی‌میلی جوابش را داد.

-زن‌ها هم بودند؟

- بله، تنها تو را کم داشت!...

- خیر باشد امشب؟

- خیر است، دیگه شما نه غذا درست می‌کنی، نه لباس می‌شوری، نه خانه را رفت‌وروب می‌کنی! تنها با گولی می‌نشینی و پشت سر مردم حرف می‌زنی! دفعه بعد بدون اجازه من بیرون نرو...!

زن هیچ معنایی در گفته هایش ندید، بلند شد چایی را دم کرد و آورد جلویش گذاشت و رفت که بخوابد.



# گرنگیی فرات جەوەری لەوەدایە: لەکوێ بۆکێ چی چۆن دەنووسێ

عەبدوڵڵا پەشێو

لە دنیای نووسینی کوردیدا قەڵەمدار دەگمەن نین، بەڵام هەندێکیان شوێنی تایبەت لە دڵ و دەروونی خەڵکدا داگیر دەکەن و بە ئاسانیش شۆپ و جێپەنجەیان لەسەر رووبەری کولتووری نەتەوە و مرۆڤایەتی ناسڕێتەوە. فرات جەوەری یەکێکە لەوانە. ڕەنگە فرات یەک لەو ناوە دەگمەنانەی باکووری کوردستان بێ کە بیست ساڵێک پێش ئێستا، لە ڕێگەی چالاکییەکانییەوە، پێی ئاشنا بووم. لە ساڵانی دواییشدا، دۆستایەتیم لەگەڵ ئەو کەڵەپیاوە جوامێرە هەم مایەی سەربڵندییە، هەم تام و چێژ.

گرنگیی فرات جەوەری هەر لەوەدا نییە کە دەنووسێ، بەڵکوو لەوەدایە، چۆن و چی دەنووسێ، لە کوێ و بۆ کێ .

من هەر جارێکی گۆڤاری "نوودەم"ـی کاک فراتم دەبینی، یەکسەر "گەلاوێژ"ـم بەخەیاڵدا دەهات. لەڕووی زمان و قورساییی بابەتەکانەوە، گۆڤاری گەلاوێژ، لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوودا، چ ڕۆڵێکی بینی لە ژیانی ڕۆحیی رووناکبیرانی باشووری کوردستاندا، نوودەمیش هەمان ڕۆڵی بینی بۆ رووناکبیرانی باکوور. هەڵبەتە کە ئەمە دەڵێم، ئەوەش لە بەر چاو دەگرم، کە ئەمەی دوایی لە هەندەرانەوە بۆ ناوەوەی وڵات دەچوو، لە کاتێکدا ئەوەی یەکەم لە ناوەوەی کوردستانەوە تاکوتووک دەچووە دەرەوە.

ئەوەی لە ساڵانی دواییدا سەرێکی لە باکووری کوردستان دابێ، هەستی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک ڕاگرتبێ، تێ دەگا، هەر یەک لەوانەی ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ زمانی نەتەوەکەی خۆیان، دەبێ بە زیندوویی پەیکەری بۆ بکرێ.

لە شارە گەورەکانی باکووری کوردستان، نەک هەر ئەو حیزبانەی لافی کوردایەتی لێ دەدەن، بگرە گەورە و بچووکی ئەو شارانە، بەکردەوە، بە تەواوی زمانی بێگانەیان قەبووڵ کردووە و بێ ئەوەی تۆزێک شەرم لە سەر و سەکوتی کوردانەی یەکتر بکەن، بە تورکی قسە دەکەن بە تورکی دەخوێننەوە و بیر دەکەنەوە. دەڵێم ، کە پیاو ئەمە دەبینێ و بیرێکی لێ دەکاتەوە ، بە دەست خۆی نییە، بیر لە چەند پەیکەرێک دەکاتەوە. چەند پەیکەرێکی باڵانما بۆ فرات جەوەری و هەموو ئەو سەربازە خۆبەخشانەی ژیانی خۆیان بۆ زمانێکی سێوی و بێکەس داناوە و دادەنێن... دەیانەوێ میللەتێک بەهۆش بێننەوە، کە بە دەستی خۆی پەتی بۆ گەردنی کەسایەتیی خۆی هەڵواسیوە... میللەتێک کە خەریکە ئەوە لەبیر دەکا کە زمان پەیوەندیی بە ناموووسەوە هەیە!



# فرات جەوەری: ئەڵقەی پەیوەندی نێوان دوو نەسل

فەرهاد پیرباڵ

یەکەم جار فرات جەوەریم لەساڵی ١٩٨٣دا ناسی، کاتێ وەرگێڕی ناودارمان "شوکور مستەفا" چیرۆکێکی ئەوی لە پیتی لاتینییەوە وەرگێڕابووە سەر ئەلفابێی عەرەبی و لە گۆڤارێکی کوردیدا، بڵاو کرابۆوە و خوێندمەوە. وابزانم ناوی چیرۆکەکە "کەڤۆکا سپی" بوو. باش نایەتەوە بیرم. ئەو کاتە من هێشتا فراتم بە دیتن نەناسیبوو، هیچ شتێکی دیکەی ئەویشم نەخوێندبۆوە؛ بەڵام لە ڕێگەی ئەو چیرۆکەیەوە زانیم فرات جەوەری چیرۆکنووسێکی هونەرمەندە.

من دیتنی خۆم دەڵێم و دانی پێدا دەنێم: لە ناو ئەو چیرۆکنووسانەی بە پیتی لاتینی دەنووسن (و بە زاراوەی کرمانجی باکوور)، "فرات جەوەری" و "محەمەد ئۆزۆن" و "کوردۆ"ی چیرۆکنووسی کوردی سووریای لێ بترازێ (کە لە پاریس دەژی و بە فەرەنسیش دەنووسێ)، لەگەڵ چەن چیرۆکنووسێکی دیکەی دەگمەنی گەنجی وەک "ئیبراهیم ئایدۆغان" کە ئەویش هەر لە پاریس دەژی، تا ئیستا نەکەوتوومەتە سەر هیچ چیرۆکنووسێکی ئەوتۆی دیکە کە سەرسامم بکەن!

من کارم بەسەر ئەو هەموو خزمەتە کلتوورییەوە نییە کە فرات لە ڕێگەی چالاکی و تەرجەمەکانی خۆیەوە، کە زیاترن لە یازدە کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی و پێشکەش بە گەلەکەی خۆی کردووە؛ قسەم لەسەر ئەدەبیات و داهێنانەکەیەتی.

بە هۆی ئەوەی کە لە ١٩٢٣ـەوە ناسنامە و کلتووری کوردی، هەروەها داهێنان بە زمانی کوردی لە تورکیا، قەدەغە کراوە؛ بۆیە خودی کردەوەی نووسین بە زمانی کوردی، خۆی لە خۆیدا خەباتێکی سیاسی بووە و "داهێنانێک" بووە! بۆیەش دەبینن ئەدەبیاتی کوردی تا ساڵانی دوای نەسلی مووسا عەنتەریش، تەنانەت تا ساڵانی هەشتاکانیش، بە داخەوە لە ناو هەمان دیدی ناسیۆنالیستانەی تەنگ بۆ داهێنان گرفتار ببوو. ئەدەبیات و داهێنان واتای ناسیۆنالیزمی دەگەیاند و هیچی تر.

نەسلی —نەوەی- پێش فرات جەوەری، نەسلێکی سەر بەم ناسیۆنالیستە دەردەدارە بوو؛ ئەدەبیات و داهێنانی لە دیدێکی ناسیۆنالیستیی تەنگەوە تەماشا دەکرد و پێوەرە ئیستاتیکی و تەکنیکیەکان بۆ داهێنان لە لایان کز بوو.

لێرەوە بایەخی فرات جەوەری دەست پێدەکا. لێرەوە یاخیبوون و دابڕان و ڕچەشکاندنی جەوەری دەست پێدەکا.

من وابزانم ئیتر پێویست ناکا لەم بارەیەوە هیچیتر بڵێم. بەڵام بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم: فرات بە کۆمەڵێ دەستاوەردی تەکنیکی تازەوە —بە نیسبەت کورد- دێتە ناو مەیدانی هونەری گێڕانەوەی چیرۆک. هەروەها بە جیهانبینییەکی ئیستاتیکی و جیاوازەوە لە چاو نەسلی پێشووی خۆی... لە هەمان کاتیشدا هەندێ کێشە و تێم و ئەزموونی ئەوتۆمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پێشتر بەو شێوە فراوان و قووڵە باسیان لێ نەکراوە.

ئەم دیدە ئیستاتیکە مودێرنە لە ناو تەنانەت گۆڤارە دانسقە و هاوچەرخەکەشی، ڕەنگی داوەتەوە کە بە ناوی "نوودەم" لە ستۆکهۆڵم بڵاوی دەکردەوە و لە هەموو ئەورووپا و لە ناو دیاسپۆرا بێ هاوتا بوو لە تازەگەریدا. بەڕاستی ڕەوتێکی مودێرن و جیاوازی هەبوو. ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی فرات خۆی.

فرات نووسەرێکی مودێرن و نوێخوازە. خەون بەمەوە دەبینێ کە نەسلی داهاتووی نووسەرانی گەنجی کورد لە تورکیا، ڕازی نەبن بەو شتانەی کە ئەمڕۆ هەن و سبەینێ دێ هەبن... فرات نووسەرێکی داخوازیکار (ئێگزیستانسیالیست) و یاخی و خەونبینە...

# کۆتری سپی

فرات جەوەری

وەرگێڕانی بۆ سەر سۆرانی: فەرهاد شاکەلی

پێنج ڕۆژ بوو لە بەندیخانە بەردرابوو. ئەگەرچی تەمەنیشی تەنیا سیوپێنج ساڵ بوو، تاڵی مووی ڕەش چییە لە قژیدا نەمابوو. گۆناکانی قوپابوون و چرچولۆچی ڕوومەتی دەتگوت هیی پیرەپیاوێکن. ئەو ڕوومەتەی کە جاران سوور و سپی و پڕ لە ژیان بوو، ئێستا زەرد هەڵگەڕابوو. بەژنوباڵای بەرزی کە سەردەمێک کچانی گەڕەک بە ئاواتەوە بوون چاوێکیان پێبکەوێ، ئێستا چەمابووەوە. ئەو ئێستاکە ئیتر گەنجەکەی پازدە ساڵ لەمەوپێش نەبوو، وەک پیرەپیاوێکی لێ هاتبوو.

بەڵێ، پێنج ڕۆژ بوو لە بەندیخانە بەردرابوو... ئێستاش لە نهۆمی سێیەم، لە بەر پەنجەرەی ژووری کارکردنەکەی خۆیدا دانیشتبوو... تەماشای دەرەوە، تەماشای یەکەم بارانی پاییزی دەکرد. جاروباریش لەپڕ دەستی بە پێکەنین دەکرد، یا بە چەپە شتێکی دەگوت دیسان بێدەنگ دەبوو. ئەمەیان بەرهەمی ساڵانی بەندیخانەکەی بوو. پێنج ڕۆژ لەمەوپێش کە لە بەندیخانە بەر درابوو، باوکی و خزمە نزیکەکانی هەستیان بەمە کردبوو، بۆیە هەر زوو پێشانی دوکتۆرێکی ناسیاوی خۆیان دابوو. دوکتۆریش شتێکی وای لێ تێنەگەیشتبوو، تەنیا وتبووی: "دەبێ ببیەن بۆ ئانکارا". بەڵام نە ئەو دەیویست بچێ، نە حاڵ و گوزەرانی ماڵەکەشیان هێندە باش بوو کە ببیەن بۆ ئانکارا. ڕۆژێکیان پیرەژنێکیان لەو گوندانەی شاخەوە هێنابوو تا هەندێک دەرمانی بۆ بگرێتەوە و وێردێکی بەسەردا بخوێنێ. بەلام ئەو زیاتر لە دە دەقیقە بە پیرەژن پێکەنیبوو. پاشان پەلاماری دابوو، هەردوو دەستی لە قورگی توند کردبوو، ئەگەر ئەندامانی ماڵ لەوێ نەبوونایە هەر لەوێدا پیرەژنەکەی دەتاساند. پیرەژن کە بە زۆر خۆی لە دەستی ڕزگار کردبوو لە دەرگاوە بۆی دەرچووبوو، هێندەی لاوێکی بەهێز ڕای کردبوو. بارانەکە هەندێ جار بە خوڕ دەباری و هەندێ جاریش ئەوەندە کەم بوو دەتگوت هەر ئێستا خۆشی دەکاتەوە، بەڵام دیسان بە خوڕ دایدەکردەوە. ئەویش هەر دوو ئانیشکی نابووە سەر مێزەکە، سەری خستبووە ناولەپی هەردوو دەستی و بێ ئەوەی چاو بترووکێنێت تەماشای یەکەم بارانی دەکرد. هەندێ جار دەیویست بە چاو وەدووی دڵۆپەبارانێک بکەوێت کە لە حەواوە دێتە خوارەوە تا دەگاتە زەوی. بەڵام هەر هێندەی دەزانی دڵۆپی دیکە دەکەونە پێشی ئەو دڵۆپە و بیر و زەینی ئەمیش پەرت دەبوو. جارێکیش بیری لە باران کردبۆوە. ئەو گەواڵە هەورە ڕەشانەی بەری ئاسمانی بە زەریایەکی وەک گڵگیری کوندار شوبهاندبوو. لەو کاتەدا دیسان پیرەژنەکەی ئەو ڕۆژەی بیر کەوتەوە. دیسان قاقا دەستی کردەوە بە پێکەنین. پاشان لەپڕ پێکەنینەکەی بڕی. چاوەکانی بە حەپەسانەوە، زاق زاق کردبوونەوە. بەو چاوە زاقانەوە تەماشای هەورەکانی دەکرد. بەڵێ، وابوو، لە ناو هەورە ڕەشەکەوە، کۆترێکی سپی دیار بوو. کۆترە سپییەکە تا نزیکتر دەبۆوە گەورەتر دەبوو. کە گەورەتریش دەبوو لە خوشکەکەی ئەو دەچوو. بەڵێ خوشکەکەی بوو، بە چاوی خۆی دەیبینی کە ئەوە.

ئەمجار ئانیشکی لە مێزەکە بەرز کردەوە و هەردوو دەستی توند نایە سەر مێزەکە و زاق زاق تەماشای خوشکەکەی کرد. خوشکی کراسێکی تەنکی لەبەر کردبوو، پەلکێکی لە داوی ئەسپ بە ناوچەوانییەوە گرێ دابوو و بە بەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا دەفڕی و دەیویست لە پەنجەرەکەوە بێتە ژوورەوە. کە هەستی بەمە کرد یەکسەر لە جێگەکەی خۆی ڕاپەڕی و پەنجەرەکەی کردەوە. لەگەڵ کرانەوەی پەنجەرەکە، خوشکی بە فڕین هاتە ژوورەوە. ئەگەرچی لە دەرەوە بارانێکی بەخوڕیش دەباری، کچە تەڕ نەبوو. چاوەکانی کچە وەک دوو موورووی شین دەبریسکانەوە و لێوە گۆشتنەکانی، ڕەنگی گۆناکانیان وەرگرتبوو. باڵای بەرز، ناوقەدی باریک و سمتەکانی گۆشتن بوون. بەو شێوەیە لە سووچێکی ژوورەکەدا بەسەر پێوە ڕاوەستابوو. باسکی بەر دابوونەوە، ملی بە لارەوە گرتبوو و بۆ حاڵی براکەی دەگریا. دەیگوت:

-کاکە، ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟ براکەم، کوا گەنجێتییەکەت؟ خوشکەکەی خۆتت بۆچی کوشت؟ چۆن دەستت تێچوو توانیت بمکوژی؟ چۆن دەستت چووە ئەو خوشکەی وا ئەوەندە خۆشت دەویست؟ ئاخخخخ... چەندە بیرت دەکەم. ئاخخخخ... چەندە حەز دەکەم لە ئامێزت بگرم. چەندە حەز دەکەم برا تاقانەکەم لە ئامێز بگرم. چەندە حەز دەکەم ڕووناکیی چاوەکەم لە ئامیز بگرم. کاکی من، باوکی من، براکەم... بەڵام ناتوانم. ئەگەر ئێستاکە دەستی تۆم لێبکەوێ، لێت ون دەبم. چونکە من مردووم. تۆ منت کوشت... ئاخخخخ... کاکە گیان چەندە تۆم خۆش دەویست. بۆ لەبیرت نییە کە باسی زەماوەندەکەی تۆمان دەکرد؟ تۆ پێت گوتم دەبێ خۆت سەرچۆپییەکە بگریتە دەست. دێتەوە بیرت کاکە گیان؟ دێتەوە بیرت چەند کەمی مابوو تا زەماوەندەکەت؟ ساڵێک دوای ئەوەی منت کوشتبوو —دوای کوشتنەکەی من- دەستگیرانەکەی تۆش خۆی فڕێ دابووە بەردەم شەمەنەفەرێک و خۆی کوشتبوو. ڕێک لەو ڕۆژەدا دەبوو ئێوە شاییتان بکردایە و منیش ئەو ڕۆژە سەرچۆپیی گۆڤەندی براکەمم بکێشایە. ڕێک لەو ڕۆژەدا بوو دەستگیرانەکە بە میوانی هاتبووە لام. باسی حاڵی تۆی بۆ کردبووم و گوتبووی دوای ئەوەی تۆ منت کوشتبوو، گیرابوویت. ئەویش تەحەمولی نەکردبوو. لە دەردی ئەڤینی تۆ، خۆی فڕێ دابووە بەردەم قەتار و مردبوو. دەمێکە ئاگام لێی نەماوە. لە دوای ئەو شەوەی کە لە گرتووخانە، پێکەوە هاتبووینە خەونت، ئیتر من ئەوم نەبینیوە. ئەگەر ببیسێت کە تۆ بەر دراویت، لە هەر کوێیەک بێت هەر دێت. چەند جارێک ویستمان پێکەوە بێینە سەردانت. بەڵام یاساوڵەکان دەیانترساندین، لە ترسی ئەوان نەماندەوێرا بێین. دەستگیرانەکەت، بیری هەر لای تۆیە. ئەو ڕۆژەی بە میوانداری هاتبووە لام پێی گوتبووم، بە هەر شێوەیەک دەبێ با ببێ، هەر خۆمی پێ دەگەیەنم. لە هەر دوو دنیادا شووکردنی لە خۆ حەرام کردووە. ئەو بە هۆی تۆوە شێت بووبوو کاکە گیان، تەنیا لەبەر ئەوەی منت کوشتبوو، تۆزێک لێت زویر بووبوو. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە میوانی من بوو، تکام لێ کردبوو کە لە کاکم خۆش ببێت. ئەویش بەڵێنی دابوومێ لێت خۆش ببێت. پێم گوتبوو: "چ دەبێ، براکەم تاقانەیە، لێی خۆش بە". وتبووم: "براکەم گوناهە، دڵی زۆر ناسکە". وتبووم: "براکەم هەتا ئێمرۆ ئازاری مێروولەیەکیشی نەداوە، بەڵام منی کوشتووە، قەیدی نییە، ئەویش تاوانی ئەوی تیا نەبوو... خەڵک وایان لێکرد". ئەگەر خەڵک وایان لێ نەکردبای، تۆ چۆن خوشکی خۆتت دەکوشت؟ چۆن دەستت دەچووە من؟ من بە دەستگیرانەکەتم گوت، کاتێ تەقەکەت لێکردبووم، چاوی خۆتت نوقاندبوو. وتم: "دەستی نەدەچووە من". وتم: "مرۆڤی زۆر خۆش دەویست". وتیشم کە تۆ منت زۆر خۆش دەویست. ئەی وا نییە؟ ئەی مەگەر خۆشت نەدەویستم؟ ئەی مەگەر تۆ منت خۆش ناوێ کاکە گیان؟

دڵۆپە فرمێسکەکانی چاوی کوڕە، بە سەر ڕیشە نەتاشراوەکەیدا دادەگەڕانە

سەر چەناگەی و پاشان دەرژانە سەر زەوی. ئیدی ئەو وەکوو منداڵێک بە کوڵ دەگریا. دەیویست سەری بخاتە سەر شانی خوشکەکەی و بە دەنگێکی بەرز بگریێ. دەیویست داوای لێبوردنی لێبکات. دەیویست پێی بڵێ چەندە بیری دەکا. دەیویست پەشیمانبوونەوەی خۆی دەرببرێت.

ئاگای لە خۆی نەمابوو، بەرەو لای خوشکەکەی چوو کە لە ئامێزی بگرێت. خوشکەکەی لێی پارایەوە و پێی وت ئەگەر دەستی ئەوی لێ بکەوێ، ون دەبێ. بەڵام کوڕە خۆی پێ نەگیرا و خۆی بۆ هاویشت. لە گەڵ خۆهاویشتنەکەی، خوشکەکەی لە جاو ون بوو. کوڕە بە ڕوودا بەربۆوە و لەگەڵ بەربوونەوەی، سەری بەر قەراخی مێزەکە کەوت و وەک ئەوەی سەری قرنجابێت، خوێنی لێ هات. ئاگای لە شکانی سەری خۆی نەبوو.

لەو کاتەدا دایکی هاتە ژوورەوە و قیژاندی. دراوسێکانی بانگ کرد. ئەوسا هێدی هێدی، وەک ئەوەی لە خەوێکی قووڵ بێدار بووبێتەوە، هاتەوە هۆش خۆی و تێگەیشت کە بەر بووەتەوە سەر عەرزەکە.

ئەو بارانەی لە پەنجەرەکەوە هاتبووە ژوورێ، کاغەز و کتێبەکانی سەر مێزەکەی تەڕ کردبوو و ئاو چووبووە سەر بەڕە قاڵییە ڕاخراوەکان.

بە یارمەتی دراوسێیەکان، هەڵیانگرت و بردیانە نەخۆشخانە. دوکتۆرەکان کە یەکیان هاوڕێیەکی منداڵیی بوو، سەریان بۆ دووری و بۆیان پێچایەوە و بە باوکیان وت کە بیبەن بۆ ئانکارا، ئانیش ئەگەر بۆیان هەڵدەسووڕێ بیبەنە ئەورووپا. باوکی لە دەستکورتی خۆی گلەیی کرد و بۆ ئەوەی بتوانێ یارمەتییەک لە لایەک وەربگرێت، داوای ئامۆژگارییەکی لە دوکتۆرەکەی هاوڕێی کوڕەکەی کرد. دوکتۆریش بەڵێنی دا ئەوەی لە دەستی بێت بۆیان بکات و بۆ حاڵی هاوڕێی ڕۆژانی منداڵیی کە زۆریش زیرەک بوو، دڵگران بوو.

هەموو کەسێک ئاگەداری لێهاتوویی و زیرەکیی ئەو بوو.

پازدە ساڵ لەمەوپێش، لە ئەزموونی پزیشکیدا، لە نێو سەدوپەنجاهەزار کەسدا، بە شەستەمین کەس دەرچووبوو. ئەو هاوڕێیەشی کە ئێستا لە نەخۆشخانەی شارەکەیان دوکتۆر بوو، بە زۆرەملێ بووبوو بە کەسی هەزارەمین. هێشتا لە ئامادەییدا بوو کە زۆربەی بەرهەمە کلاسیکەکانی فەرانسە و ڕووسیای خوێندبۆوە و لە پێشبڕکێیەکی چیرۆکنووسیدا کە ڕۆژنامەیەکی شارەکەی خۆیان ڕێکی خستبوو، بە چیرۆکێک کە ناوی نابوو "کابرای سەرخۆش"، پلەی یەکەمی هێنابوو. دواتریش ئەو چیرۆکەی لە لایەن هاوڕێیەکییەوە کرابووە ئەڵمانی و ئێستاش چیرۆکەکە لە ئەنتۆلۆژییەکدا بە نێوی "ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات" کە وەشانخانەیەکی ناودار چاپی کردووە، لە ئەڵمانیا بڵاو کراوەتەوە. هەموو کەسێک ئاگەداری ئەم زیرەکییەی ئەو بوو. تەنانەت مامی کە سەرۆکی شارەوانی بوو و زۆریشی خۆش دەویست، بەڵێنی پێدابوو کە بۆ پراکتیکی دوکتۆرییەکەی بینێرێتە ئینگلستان. بەڵام کاتێ لە شاردا دەنگۆ و ورەوری ئەوە پەیدا بوو کە ئەو بە کارتێکردنی مامی، خوشکەکەی خۆی کوشتووە، زۆر کەس باوەڕی نەدەکرد و بۆ ئەوەی ئەرخەیان بن، لە هەندێ کرێکاری شارەوانییان پرسیبوو. کرێکارانی شارەوانیش نەیاندەویست وای پیشان بدەن کە سەرۆکەکەیان بووەتە هۆی ڕوودانی ئەو کارەساتە. بێدەنگەیان لێدەکرد. بە قسەی خەڵکی، وەک لە شاردا بڵاو بووبۆوە، چیرۆکەکە ئاوا دەستی پێکردبوو: خوشکەکەی کە باسی جوانییەکەی لە هەموو شاردا دەنگی دابۆوە، دەستگیرانی ئامۆزاکەی خۆی بوو. ئەم دەستگیرانییەش هێشتا لەو دەمەوە کە منداڵی نێو دەسترازە بوون، لە لایەن هەر دوو براکە —باوکیانەوە— بڕیاری لە سەر درابوو. بەڵام هەردوو منالەکە لە ڕووی کەسایەتییەوە زۆر لە یەکدی دوور بوون و ئەو ئامۆزایەی کە کچە بە هیچ جۆرێک حەزی لێ نەدەکرد و خۆشی نەدەویست، بووبووە کۆسپێک لە سەر ڕێگاکەی. کچەش حەزی لە کوڕی دراوسێیەکی ماڵی خاڵی کردبوو و ڕۆژێک کە تێدەگەن ئیدی ڕێگایەکی دیکە نییە، پێکەوە هەڵاتبوون. بۆ ئەوەی کەس پێیان نەزانێت و نەکەونە بەر دەستی کەسوکاریان، هەموو جارێک جێگەی خۆیان دەگۆڕن و هیچ جارێک زیاتر لە شەوێک لە جێگەیەک نامێننەوە. بەڵام دوای سێ مانگ لە ئیزمیر، تووشی کۆڵکێشێکی ناسیاوی خۆیان دێن و کابرای کۆڵکێش کە هەر بە ڕێکەوت بە هەڵاتنەکەیانی زانیبوو و باسی ئەو خەڵاتەی بیستبوو کە مامی کچە بەڵێنی دابوو بیدا بەو کەسەی دەیانگرێت، تەماح بە سەر ویژدانیدا سەر کەوتبوو و هەواڵی بۆ ماڵی کچە ناردبوو. لەملایشەوە بە فێڵ و تەڵەکە و دۆستایەتی کردن، کەوتبووە دووی هەردوو دڵدار و کاتێ ڕۆژێک لە ڕۆژە هەرە گەرمەکانی هاوین، ئەو لە گەڵ مامی کچە و باوکی کچە و دوو ئامۆزایدا، خۆیان کردبوو بە ژووردا، هەر دوو دڵدار حەپەسابوون. کوڕە دەستی دابووە دەستی دڵبەرەکەی و ویستبووی ڕا بکەن. بەڵام مامی کچە کە سەرۆکی شارەوانی بوو و زەلامێکی بە قەڵافەت بوو، یەکسەر پەلاماری پشتەملی کوڕەی دابوو و بەرەو لای خۆی ڕایکێشابوو. ئەمجار هەتا هێزی تێدابوو کێشابووی بە دیوارەکەدا. پشتی دابوو بە دیوارە چیمەنتۆیەکەدا و کوڕە یەکسەر ڕشابۆوە. پێش ئەوەی فریا بکەوێت بە پشتەدەستی، دەمی خۆی پاک بکاتەوە، ئەمجار کوڕی سەرۆک کە لە ماڵدا زۆر بە نازداری گەورە کرابوو، بەڵام زۆر ترسەنۆک و بە قەدوقەڵافەتیش ناقۆڵا بوو، بە هەموو هێزی خۆی مشتێکی لە سەر چاوی کوڕە سرەواندبوو. کچە خۆی پێ نەگیرابوو، پەلاماری دابوون. کە مامی ویستبووی لێی بدات، گازێکی لە دەستی گرتبوو، لەو دەمەدا مامی ڕێک وەک بۆڕەی گایەک بۆڕەیەکی لێ بووبۆوە. جووتە دڵدار، چەندە بەرهەڵستییشیان کردبوو، دیسان لە دەستیان ڕزگار نەبووبوون. کە تاریک داهاتبوو، دەستوپێیان بەستبوونەوە و فڕێیان دابوونە دوای مینیپاسەکەیان، هەزاروودووسەد کیلۆمەتر، ئەگەرچی تەنیا سێ جار ڕاوەستابوون، ئاژۆتبوویان. لە ڕاوەستانی چوارەمدا کوڕە بە جۆرێک دەستوپێی خۆی کردبۆوە، وەک تیسکەی تفەنگ، خۆی لە دەرگاکەوە فڕێ دابووە خوار و خۆی هاویشتبووە پاشی پیکابێک کە تازە لە بەنزینخانەکەوە دەرچووبوو. ئەگەرچی هەندێکیشیان بە دوای پیکابەکەدا ڕایان کردبوو، بێسوود بووبوو. پیکاب زوو چووبووە سەر جادەکە و خێرا دوور کەوتبۆوە. مامی کچە ژمارەی پیکابەکەی نووسیبوو و لە پیرەمێردی کرێکاری بەنزینخانەکە پرسیاری پیکابەکەی کردبوو. پیرەمێرد پارەی بەنزینەکەی خۆی لێ ستاندبوو، سەری بادابوو و پرسیارەکەی بێ وەڵام هێشتبۆوە. ئەوانیش سواری مینیپاسی خۆیان بووبوون، لە بەنزینخانەکە دەرچووبوون و دوای سێ سەعات، لە نیوەشەودا گەیشتبوونەوە شاری خۆیان. لە نێو شاردا، پۆلێ ژاندارمیان لێ پەیدا بووبوو، کە بینیبوویان سەرۆکی شارەوانییە، سڵاوێکیان لێ کردبوون و بێ پشکنینی ماشێنەکەیان، ڕێیان بۆ کردبوونەوە. ئەوانیش ڕاست لێیان خوڕیبوو تا چووبوونە بەر ماڵی باوکی کچە. ئامۆزاکەی دەستی نابووە قژەکەی و لە مینیپاسەکە کێشابوویە دەر و بە ناو حەوشەکەدا، بە دوای خۆیدا بەکێشی کردبوو و فڕێی دابووە ژوورێ. کە دایکی کچە وەخەبەر هاتبوو و کچەکەی خۆی کە گوڵێکی بێ درک بوو، بەو حاڵە بینیبووی، خۆی پێ نەگیرابوو. خۆی دابوو بە سەریدا. بەڵام باوکی کچە چەند نووکە شەقی تێهەڵدابوو و کۆڵێ جنێوی نابەجێ و ناشیرینی پێدابوو. دوایی هەڵاتنی کچەکەشی بە تاوانی ئەو دانابوو. پاشان پیاوەکان کچەیان هەڵگرتبوو، بردبوویانە ژوورێکی نهۆمی سەرەوە، سەرلەنوێ بەستبوویانەوە. دەرگاکەیان لێ کلیل دابوو و سێ شەو و سێ ڕۆژ نە قومێ ئاو و نە پارووە نانێکیان نەدابووێ. ڕۆژی دواتر ماڵی مامی کچە، تەلەفوونێکیان بۆ براکەی، کە لە ئەستەمبوڵ بوو، کردبوو. کوڕەش بە فڕۆکە گەڕابۆوە. سەری لەو بابەتە سووڕ مابوو. لە پێشدا باوەڕی نەکردبوو. دوایی کە ماڵی مامی خستبوویانە مێشکییەوە و ویستبوویان ئەو لەکەی نەنگە لە ناموسییان بشۆنەوە و لە ناو خەڵکیدا وەک جاران بە سەربەرزی بژین، دەمانچەیەکی چێکییان بۆ پەیدا کردبوو کە مشتووەکەی بە دەستی زیوگەرێکی ئاسووری نەخشێنرابوو. داوای لێکردبوو بە دەستی خۆی ئەو دێڵە سەگەی خوشکی بکووژێت. کوڕە لە پێشدا قەبووڵی نەکردبوو. هەرچەن دەشیویست بەرگری لە خوشکەکەی بکات، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ، نەیوێرابوو. ئەم ڕووداوە کە لە شاردا بڵاو بووبۆوە، بۆ بنەماڵە ناسراوەکەی ئەمان، کەموکەسەرییەکی یەکجار گەورە بوو. بۆ ئەوەش کە

دیسان بنەماڵەکەیان ڕوویان سپی بێت و سەرلەنوێ شەرەف و ناموسی خۆیان وەربگرنەوە، کوشتنی کچە پێویست بوو. کوڕەش ئەمەی دەزانی بۆیە کوشتنی خوشکەکەی قەبووڵ کردبوو. دەمانچەکەی لە مامی وەرگرتبوو، دووجار چووبە ژووری بۆ لای خوشکەکەی نیشانی لێ گرتبوو. بەڵام دەستی تێی نەچووبوو، تێی نەگرتبوو. هەر بە پێوە ڕاوەستابوو، زاق زاق تەماشای خوشکەکەی کردبوو. خوشکەکەشی ملی لار کردبۆوە، بە سەروقژێکی تێکچرژاو و بە شێوەی پیرەژنێکی ناو چیرۆکان، تەماشای براکەی کردبوو. نە ئەو و نە براکەیشی، چشتێکیان بە یەکدی نەگوتبوو. ڕۆژی سێیەم کە براکەی لە نیوەشەودا بە توندی دەرگاکەی کردبۆوە، دیتبووی خوشکەکەی لە سووچێکی ژوورەکەدا بە پێوە ڕاوەستاوە.

کە خوشکەکەی چاوی پێی کەوتبوو، وەک زانیبێتی ئیتر ئەم جارە دەکوژرێ، بۆ براکەی پێکەنیبوو. لەو کاتەدا لە بەر چاوی براکەیدا، وەک جاڵجاڵۆکەیەک دیار بوو. کوڕە لەو حاڵەی ئەو زۆر ترسابوو، وەک ئەوەی سەتڵێ ئاوت کردبێ بە سەریدا، لە ئارەقەدا نوقم بووبوو. چاوەکانی وەک دوو سەرەبزووت سوور هەڵگەڕابوون و دەرپەڕیبوون و لە گەڵ قیژەیەکدا گرتبوویە خوشکەکەی. گوللـەی یەکەم مێشکی پژاندبوو. لە بەر ئەوەش کە هەموو گوللـەکانی گرتبووە هەر ئەو جێیە، بەڵام کچە هەر بە گوللـەی یەکەم ئەژنۆی شل بووبوو و بە هێواشی کەوتبووە سەر زەوییەکە. هەر حەوت گوللـەکەی تێی گرتبوون، بەر عەینی شوێن کەوتبوون.

ئێوارە کە بە سەری پێچراوەوە لە سەر نوێنەکە ڕاکشابوو و زاق زاق تەماشای بنمیچی ژوورەکەی دەکرد، بیری لەوە دەکردەوە. بیری لە ساڵانی بەندیخانەکەی دەکردەوە. زۆر بەسەرهاتی هەبوو. لە گەڵ خەڵکێکی زۆر هەستابوو و دانیشتبوو. زۆر خەڵکی ناسراوی دیتبوون. بۆ کات بەسەربردن و بۆ ئەوەی خۆی لە بیر بچێتەوە، زۆر کتێبی خوێندبوونەوە. دواتر ڕەوشتی خراپ بووبوو و لە کتێب خوێندن سارد بووبۆوە. کە دەهاتنە سەردانی نەیدەویست کەس ببینێت. تا ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ لە گەڵ هاوڕێ و دۆستەکانی بەندیخانەکەیشیدا قسەی نەکردبوو. بیری لەمەیش دەکردەوە. پاشان لەپڕ ڕاست بووەوە و دانیشت. دوای کەمێکیش چوو بۆ ژووری کارکردنەکەی خۆی. پازدە ساڵ لەمەوبەر کە هێشتا ئەم بەڵایەیان بەسەردا نەهاتبوو، ڕەوشتی ئابووری بنەماڵەکەیان زۆر چاک بوو. بێجگە لە خانوویەکی سێنهۆمی، سێ دووکانی جلفرۆشیشیان لە شارەکەدا هەبوو. ئەو ژووری کار کردنە تەنیا هیی خۆی بوو. چوو، لەبەردەم مێزەکەیدا دانیشتەوە، هەردوو ئانیشکی نایە سەر مێزەکە، سەر خستە ناو لەپی هەر دوو دەستی و لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد. لەو ڕۆژەوە کە بەر درابوو، ئەمەی لە لا بووبووە خوویەک. لەپڕ چاوی داچەقاند و تەماشای دووری کرد. نا، هەڵە نەبوو. ئەوی لە دوورەوە دیار بوو و ڕووی تێکردبوو، بەرەو ئەم بە باڵەفڕێ دەهات، خوشکەکەی بوو. کوڕە یەکسەر لە جێیەکەی خۆی ڕاپەڕی و پەنجەرەکەی کردەوە. خوشکەکەی لە پەنجەرەکەوە هاتە ژووری و دیسان چووەوە سووچەکەی جارانی خۆی.

-پێم وتبوویت کاکە گیان، پێم وتبوویت کە دەستی تۆم بەر بکەوێت من لە چاوان ون دەبم. ئیستا ئیتر نابێ دەستم بۆ ببەیت، ئەگەر دەستت بەر من بکەوێت دیسان لە چاوان ون دەبمەوە.

جارێک وا دیار بوو ون بوو، بەڵام دیسان پەیدا بووەوە. یا ڕەنگە کوڕە وای هەست کردبێت. ئەمجار زاق زاق تەماشای خوشکەکەی کرد، بینی ئەرێ، ڕاستە. ئەوی لە سووچی ژوورەکەدا کرووشکەی کردووە و ملی بە لارەوە گرتووە، خوشکەکەیەتی. ئەو خوشکەی کە چەند دەقیقەیەک لەمەوپێش کراسێکی سپی و تەنکی لەبەردا بوو و ڕوومەتی ئاڵ و کولمەکانی سوور بوون، ئێستا لە پێش چاوی کوڕە، وەک پانزدە ساڵ لەمەوپێشی لێ هاتبوو: قژەکەی تێکچرژابوو، کراسەکەی دڕاو، لەڕ و لاواز و بێ هێز. کوڕە لەپڕ هاواری لێ بەرز بۆوە و لەگەڵ هاوار کردنەکەیدا، چەند جارێک لەسەر یەک وتی: "نا. نا!" بە دەنگی هاوارەکەی ئەو، دایک و باوک و خوشکە بچکۆلەکانی خەبەریان بۆوە. بەڵام کە بینییان هیچ نییە، دیسان چوونەوە ناو جێگاکانی خۆیان. بەڵام دایکی پەنجەرەی ژوورەکەی ئەوی داخست. ئەوی لە سەر مێندەرێک پاڵ خست، ماوەیەک لە ژوور سەریەوە دانیشت. سەری کە وەک بەفر سپی بووبوو، بۆی دەشێلا. ئەویش هەر وەک منداڵێکی بچووک، سەری خستە سەر ڕانی دایکی و هەر دوو ئەژنۆی خۆی بردنە سەرەوە و لە زگی خۆی نزیک کردنەوە. دایکی بەزەیی بەو حاڵەی کوڕەکەیدا هاتەوە و ئەو کوڕەی کە وەک شاخێک وابوو،



کەچی ئێستاکە کەوتبووە حاڵێکی وا خراپەوە، ئاگری بەر دەدایە دڵ و دەروونی ئەم. ماوەیەک بیری لە ساڵانی منداڵی و گەنجیەتی کوڕەکەی کردەوە و ئەو کچانەی گەڕەکی هاتنەوە بیر کە لەبەر خاتری کوڕە قۆزەکەی، چەندە بایەخیان بە ئەم دەدا و ڕێزیان دەگرت. چەندە دایکی سەری دەشێلا، ئەویش زیاتر خۆی بە منداڵێک دەزانی و فرمێسکی چاوی دڵۆپ دڵۆپ دەهاتە خوارەوە. دایکیشی بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی نەرژێنە سەر ڕوومەتی کوڕەکەی، بە سەرپۆشەکەی، فرمێسەکەکانی خۆی دەسڕین و لەعنەتی هەموو دنیای لە ماڵی مامەکانی دەکرد. ماڵی مامەکانی کە کاتی خۆی زۆر ناحەقییەکی گەورەیان لە ئەم کردبوو و ئەو مامەی کە بووبووە هۆی کوشتنی کچەکەی و بووبووە هۆی ئەوەی کوڕەکەی ئەمەی بە سەر بێت.

لەعنەتی لەو مامەی دەکرد. لە دڵی خۆیدا لەعنەتی دەکرد. دەیگوت هەوارت کوێر کردمەوە، خودا هەواری تۆش کوێر بکاتەوە. دەیگوت تۆ ماڵی منت وێران کرد، خودا ماڵی تۆش وێران بکات. دەیگوت خودا ئاوی ڕەش داگەڕێنێتە چاوت. دەیگوت و دەیگوت.

کوڕە دوای تاوێک لە سەر ڕانی دایکی خەوی لێ کەوت. بەڵام دایکی بۆ ئەوەی خەبەری نەبێتەوە، تا سەعات سێی نیوەشەو، بێ ئەوەی خۆی بجووڵێنێتەوە، هەروا دانیشت. بەڵام کاتێ ئیدی لە بەر تەزینی ڕانی، ئیدارەی



نەکردبوو، ناچار کوڕەی بە خەبەر هێنابۆوە کە بچێت لەسەر نوێنەکەی خۆی بخەوێت. کوڕەش لەپڕ لە خەو ڕاپەڕیبوو و ئەو ئارەقەی بە هۆی خەونێکی ترسناکەوە بە نێوچەوانییەوە مابوو، بە پشتەدەستی سڕیبووی. دایکی دەستی گرتبوو، بردبووی بۆ ژووری خەوتنەکەی و لەسەر نوێنەکەی پاڵی خستبوو و خەواندبووی. ڕوومەتی ماچ کردبوو، گڵۆپەکەی کووژاندبۆوە و بە ئەسپایی

دەرگاکەی داخستبوو و چووبووە دەرەوە. کوڕەش خەوی نەهاتبوو، نیوسەعاتێک دوای دەرچوونی دایکی، هەستابووە سەر پێ و دیسان چووبوو بۆ ژووری کار کردنەکەی. هەر لە گەڵ گەیشتنە ژوورەکە، یەکسەر پەنجەرەکەی کردبۆوە، بەڵام دیسان دایخستبوو. پاشان هەمدیس کردبوویەوە. ئەمجار لەپڕ لە ناو ژوورەکەوە دەنگێک هاتبوو. کوڕە ڕاپەڕیبوو. ئاوڕی دابۆوە، بینیبووی کە دیسان خوشکەکەی لە سووچی ژوورەکەدا ملی بە لارەوە گرتووە و دەیەوێ شتێ بە برای خۆی بڵێ. براکەشی کەمێک کشابۆوە دواوە، لە سووچی ژوورەکە لە سەر کورسییەک دانیشتبوو، ئەویش ملی خوار کردبۆوە و تەماشای خوشکەکەی کردبوو. جارێک وای بە دڵدا هاتبوو کە ئەمە خوشکەکەی نییە، هەر لە بەر چاوی ئەمدا وا دیارە. بەڵام وەک بڵێی خوشکەکەی زانیبێتی بیر لە چی دەکاتەوە، بۆیە هەر زوو پێی گوتبوو:

–مـــن خـــوشکـــی تـــۆم، باوکەکەم! من سۆرگوڵم. ئەوەتا هەر ئێستا لە لای دەستگیرانەکەتەوەهاتووم.

کوڕە دیسان باش تەماشای کردبوو، ئەو خوشکەی پێش پانزدە ساڵ و چوارپێنج مانگی خۆی، هێنابۆوە بیری خۆی. بینیبووی کە هیچ گۆڕانێک لە خوشکەکەیدا ڕووی نەداوە. ئەو جوانییەی پێش پانزدە ساڵ و چەند مانگەی، هێشتا هەر وەکوو خۆی ماوە.

–ئا ئیمڕۆ دەستگیرانەکەتم بینی. وتی: "ئەگەر دەڕۆی بۆ لای، سڵاوی منی پێ بگەیەنە، پێی بڵێ من چاوەڕوانی ئەوم، لەو زیاتر من کەسی دیکەم ناوێ. با ئەویش کەسی دیکەی نەوێ". دەیویست لەگەڵ من بێت، بەڵام نەهات. وتی: "پێی بڵێ با ئەو بێت". وتی: "ئەی حەقی خۆم نییە کە ئەو بێت و چاوی پێم بکەوێت؟". پێم وت: "بەڵێ، حەقی خۆتە، من دەچم کاکم دەهێنم و دێم. ئەو ئێستا خەریکی ئامادەکارییە، ئێستا چاوەڕێمانە، ئەوەندە سەیری ڕێگای کردووە، چاوی خێل بووە". دەی یاڵڵا کاکە، با بڕۆین.

ئێستا خوشکەکەی چووبووە بەر پەنجەرەکە، هەر دوو دەستی خستبووە ناو پەنجەرەکە و بە براکەی دەگوت، کە دیسان فرمێسکەکانی دەڕژانە سەر ڕوومەتە ڕیشنەکەی، پێی دەگوت: "دەی با بڕۆین!". کچە لە پەنجەرەکەوە چووە دەرێ. لە دوورەوە دەنگی لە گوێی کوڕەدا دەزرینگایەوە: "تۆش بە دوای مندا وەرە کاکە، من چاوەڕێتم..."

کوڕەش هەر دوو دەستی خستە ناو پەنجەرەکەوە و چووە سەرەوە و بە دووی خوشکەکەیدا، خۆی هەڵدا.

بەیانی زوو، کاتێ مەلا لە مزگەوتەوە گەڕایەوە ماڵێ، لە دوورەوە بینی یەکێک لە کۆڵانەکەدا کەوتووە. سەگێک و تووتکەسەگێک بە دەوریدا دێن و دەچن و بۆنی پێوە دەکەن.

کە مەلا نزیک بۆوە تێگەیشت ئەمە کوڕی دراوسێکەیانە. کە خۆی فڕێ دابوو، پێشتر لە سەر سک کەوتبوو. ئەمجار کەوتبووە سەر پشت. نیوەی چەپی ڕوومەتی نەمابوو، مێشکی پژابووە سەر زەوییەکە. مەلا ئەو چەند مێشە سەوزەی کە بە سووری تەرمەکەیەوە گیزەگیزیان بوو، دووری خستنەوە و بە دەستماڵەکەی، سەر و ڕووی کوڕەی داپۆشی.

# سەبارەت بە ڕۆمانی "من یەکێک ئەکوژم"

## دیمانەیەکی "موراد جوان" لەگەڵ نووسەر "فرات جەوەری"

**موراد جوان: من ڕۆمانی نوێی بەڕێزت بە ناوی "من یەکێک ئەکوژم" بە نەفەسێک خوێندەوە. هەم بابەتێکی سەرنجڕاکێشی موگناتیسی و بەهەیەجان بوو، هەمیش زمانێکی سادە و ڕەوانی هەبوو، وەک بەلەمێکی سەر ئاوی کراوە بوو کە پێیدا بڕۆیت. سەرەڕای سەرقاڵییە زۆرەکانی خۆم، توانیم لە دوو ڕۆژدا تەواوی کەم. پیرۆزبایت لێ ئەکەم بۆ گەنجینەیەک کە پێشکەشی پەرتووکخانەی کولتووری کوردیت کردووە. ئەم ڕۆمانە چەند هەفتەیەکە لە نێوخۆ بڵاو بۆتەوە، کاردانەوەی چۆن بووە؟ خوێنەران چۆن پێشوازیان لێی کردووە؟ چی بە دەستت گەیشتووە؟**

فرات جەوەری: زۆر سپاس بۆ تێبینیەکانت کە خۆش و دۆستانە بوون. هەروەها زۆر سپاس بۆ ئەوەی کە سەرەڕای سەرقاڵیت، دەرفەتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەت هەبووە. ڕاستە، ئەمە چەند هەفتەیەکە کە ڕۆمانەکە دەرچووە، بڵاو بووتەوە و بەشێک لە خوێنەران و ئۆگرانی ئەدەبیات بەدەستیان گەیشتووە، خوێندوویانەتەوە، کەسانێک بە نووسین، بە شێوەی زارەکی، بە تەلەفۆن و بە ئیمایل بیر و ڕای خۆیان سەبارەت بە ڕۆمانەکەم پێڕاگەیاندووم. بێگومان نووسینی بەرهەمێکی ئەدەبی کارێکی گرینگە و هەروەها خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبییش کارێکی گرینگە. بەرهەمی ئەدەبی کە ئەنجامی ڕامان و خەیاڵی نووسەرە، بە بیرۆکە، بابەت، ڕووداو و سەمبۆلەکان چێنراوە و لەوانەیە شتی شاراوەی تێدا بێت، جاری وایە وەک خۆی و جاری واش هەیە بە پێچەوانەی خۆی لە سەر خوێنەر کاریگەریی دادەنێ. جاری وایە، بەرهەمی ئەدەبی دەکەوێتە دەست خوێنەرێکی هێندە ژیر و زیرەک کە شتی وا ئەدۆزێتەوە نووسەر خۆی بیری لێنەکردۆتەوە. چونکە نووسەرێک بە ئامادەکرنی بەرهەمێکی ئەدەبی دونیایەکی نوێ، مرۆڤی نوێ، شتی نوێ و سرووشتێکی نوێ دەخوڵقێنێت، ئەم دروستکراوەی نووسەر، ئەم دونیایەی کە نووسەر ئاوەدانی کردۆتەوە، ئەتوانێت خۆی بە شێوەیەکیتر کاریگەریی لە سەر مێشکی خوێنەر بکات. سێ خوێنەر و یا سەد خوێنەر ئەتوانن لە سەر یەک بەرهەم بیروڕای جیاوازیان هەبێت، بەشێوەیەکی جیاواز لێی تێبگەن و باسی بکەن. تێگەیشتنی بەشێک لە خوێنەران ئەکرێت نزیکی بناغەی ئەو ڕامانە بێت کە نووسەر هەیبووە، بەڵام وەک خۆی نەبێت. لەبەر ئەمە بۆ من هەبوونی بیروڕای جیاواز واتەی سەرکەوتنی بەرهەمەکەمە. بۆئەوەی لە پرسیارەکەی جەنابیشت سەبارەت بەوە کە "کاردانەوەی لای خوێنەران چی بووە؟" دوور نەکەومەوە، ئەتوانم بە کورتی بڵێم کە کاردانەوەکان تا ئێستا ئەرێنی (پۆزێتیف) بوونە. ئەم شتانەی کە لە ڕاگەیاندنیش تا ئێستا بڵاو بوونەتەوە، دیارن. بەڵام شتێکی سەرنجڕاکێش کە هەستم پێی کردووە ئەوەیە کە بەشێکیان سەرەتای ڕۆمانەکە و بەشێکیان بەشی کۆتاییان خۆشویستووە.

**موراد جوان: تا ئێستا چەند نووسراوە بۆ ناساندنی و چەند هەڵسەنگاندنی ئەدەبی بە ئەرێنی بڵاو کراونەتەوە. ڕات چیە سەبارەت بەم هەڵسەنگاندنانە؟**

فرات جەوەری: کاتێک بەرهەمێک دەنووسم، تەواوی دەکەم، بە چاپی دەگەیەنم و لە بازار بڵاو دەبێتەوە، ئیتر لە دەستم دەردەچێت. ئیتر ئەو بەرهەممە تەنیا هی خۆم نییە، دەبێتە موڵکی گشتی. هەر کەس دەبێتە خاوەن بیروڕا لە سەری، هەر کەسێک چۆن تێی بگات، نیشاندەری بەرهەمەکەیە. بەڵام من بەرهەمێک لە ناو یەک یا دوو ڕۆژان نانووسم. تا بەرهەمێک لە مێشکی خۆم دەمەیێت و لە لای خۆم تەواو دەبێت، جاری وایە دوو یا سێ ساڵ و جاری وایە کاتێکی زیاتریش دەخایەنێت. هەر باسێک کە جێبەجێی بکەم، بە بەرپرسیارێتییەوە دایدەنێم. لەبەرئەوە، ئەگەر خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی یەک یا دوو ڕۆژان بخایەنێت، بۆ ڕەخنەلێگرتنی پێویستە پێدابچێتەوە، بە وردی و قووڵتر پێداچوونەوەی بۆ بکات. پێویستە وەک نووسەری بابەتەکە خۆی پێوە ماندوو بکات و لە نووسەرێدا ژیرتر و کاتناس بێت و زیاتر لە خۆی ئاگاداری ئەدەبیات و فەن و کایەکانی بێت. من دەبینم کە لەم کۆتاییانەدا کەسانێکی دڵسۆز خۆیان بە کاری ڕەخنەکارییەوە ماندوو دەکەن، ڕەخنە لە بەرهەمەکان دەگرن و قامک لە سەر خاڵی زۆر گرینگ دادەنێن، بەڵام من لە سەر ئەم بڕوایەم کە ئەوانیش هەر لە پرۆسەی خۆپێگەیاندندان. هەموو ڕەخنە و بۆچوونەکان کە لە سەر "من یەکێک ئەکوژم" پێشکەشکراون لە ڕووی دڵسۆزی و بە نییەتی پاکەوە نووسراون. هەر چیان وتبێت، هەر چۆن لێی تێگەیشتبن، ئەرێنی یا نەرێنی، بە هەر چەشنێک ڕەخنەیان گرتبێت، بۆچوونی خۆیانە و ڕێزی من بۆ بۆچوونەکانیان بێسنوورە.

**موراد جوان: ڕۆمان لە دوو بەش پێک دێت. بیروڕایەک لە سەر ڕۆمانەکەت هەیە، کە پێیان وایە دوو یا زیاتر لە ڕۆمانێک، لە دوو چیرۆک پێکهاتووە. هەر چەند هەندێک پرد و بەشی تا ڕادەیەک دیار و خۆشهەڵکەوت هەن کە هەر دوو بەشی ڕۆمان بە یەک دەبەستنەوە، هەندێک تایبەتمەندیشیان هەیە کە بە ڕاستی فکر و گومان لە مێشکی مرۆڤدا پێکدێنێ کە ئایا ئەمانە دوو چیرۆکن یا دوو بەشی یەک ڕۆمانن؟ جەنابت چی ئەڵێی بە کەسانێک کە دەڵێن "ئەو دوو چیرۆکە"؟**

فرات جەوەری: بەڵێ، وەک فەرمووت، ڕۆمان لە دوو بەش پێکهاتووە. هەر یەک لە بەشەکان چیرۆکێکە، بەڵام هەر دوو چیرۆکەکە لە شوێنێک بە یەک دەگەن. هەرچەند فۆرمی هەر دوو چیرۆکەکە، شێوەی چاکردنی و دنیای کارەکتەرەکان جیاواز هەست پێبکرێت، هەر دوو چیرۆک لە یەک ئاراستە سەرچاوەیان گرتووە، ژیان و هەڵکەوتەکانی ژیانیان بە ڕێگەی تراژێدییەوە بە یەک دەگەن و دەیانکاتە یەک. کارەکتەرەکانی هەر دوو بەشەکەش بە هیوای ڕزگاریی شارەکەیان هەڵساون، بەڵام وەک قارەمان نەگەڕاونەتەوە، هەر دوویان دیل بوونە و یەخسیری شارە کۆنەکەی خۆیانن. شارەکە ئامێزی خۆی بۆیان ئاوەڵە ناکات، بۆیان نابێتە شوێنی حەسانەوە و نایانپارێزێت. هەو دوو چیرۆک، هەر چەند لە یەکتر جیاوازیش بن، پێکەوە ئەزموونی هەر دوو کارەکتەری ڕۆمان پێکدێنن و لە کۆتاییدا دەبنە یەک. هەڵکەوتەکانی نێو ڕۆمان ئامرازەکانی پێکەوەبەستنن. ئەم ڕووداوانەی کە بۆ کارەکتەر و خوێنەر هەڵکەوتن، بۆ نووسەر وا نین. من بۆخۆم زۆر لە سەر ئەم هەڵکەوتانە ڕاوەستام و ویستم بە ساتەکانی ژیان و ڕووداوەکانی چاوەڕوان نەکراو، یا بە دەرفەتەکان، لەپڕدا پێکەوە بیانبەستمەوە، چیرۆکی خۆم بەسەریەکەوە بێنم و بیکەم بە ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش.

**موراد جوان: لە ڕۆمانەکەدا سێ قارەمانی بنەڕەتی هەن، کە بەسەرهاتەکانییان تێکەڵاو دەبێت و ڕۆمانەکە پێکدێنن. ئەو کاتەی کە ڕۆمانەکەم خوێندەوە هەستم کرد بە بەهێزبوونی ڕۆڵی هەر سێ قارەمانەکە. ئەکرێت بڵێین ڕۆڵی قارەمانی نووسەر لە ڕیزی دووهەم دایە. هەتا ئەکرێت واش بڵێین کە ئەم کەسە تەنیا بۆ ئەوە**

**هێنراوە کە دوو قارەمانی تر بەرز بکاتەوە و بە یەکتریان بگەیەنێت، نە بۆ خۆی. بە تایبەت ئەم دوو قارەمانە لە بەرچاوم وەک یەک گرینگ بوون بۆ ڕۆمانەکە. بەڵام لە چاوپێکەوتنێک کە سەبارەت بە ڕۆمانەکە لە گەڵت کراوە، خوێندمەوە کە قارەمانی بەشی یەکەمت وەک قارەمانی سەرەکی پێناسە کردووە. هۆی سەرەکیی بوونی ئەو و ئەوەی کە ئەو لە "دیانا" گرینگتر بێت چییە؟**

فرات جەوەری: هەڵسەنگاندنەکەت ڕاستە. لە ڕۆماندا سێ قارەمانی سەرەکی هەن: "تەمۆ"، "دیانا" و نووسەر. لە بەر ئەوەی کە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە بە شێوەی "من" نووسراوە، "تەمۆ" بێ ناو دەمێنێت و هەتا لە هێندێک لە نووسینەکانی سەبارەت بە ڕۆمانەکە ئەو وەک "قارەمانی بێناو" ناسێندراوە. "دیانا" قارەمانی دووهەمە، "دیانا" نێوی شاراوەیە. ئەم ناوە دوور لە شار ناونراوە. قارەمانی سێهەمیش نووسەرە، کە بۆ کۆنفیرانسێکی ئەدەبی لە سوئێدەوە گەڕاوەتەوە ئەو شارەی کە هەر دوو قارەمانی پێشوو لە نێو دۆزەخێکدان. نووسەر هاوڕێی بیست-سی ساڵ پێشتری قارەمانی یەکەمە، کە پێش گرتنی هاوڕێیەکەی چۆتە هەندەران و دوای ئەو هاوڕێیەکەی گیراوە و پازدە ساڵ لە بەندیخانە ماوەتەوە و پەیوەندیان پچڕاوە. یەکێکیان وەک نووسەر لە هەندەرانەوە گەڕاوەتەوە شارەکە، ئەویتریان دوای پازدە ساڵ زیندان دیوارەکانی رووخاون و لەو نێوە ماوەتەوە. نووسەر ئاگای لە هاوڕێیەکەی نییە و نازانێت کە ئازاد کراوە، بەڵام قارەمانی یەکەم ئاگادارە لە هاتنی نووسەر و دوای کۆشتنی کەسێک و یا پێش ئەوەی کە کەسێک بکوژێت، دەیەوێت بچێتە کۆنفیرانسی هاوڕێیەکەی، ئەکرێت



چەقۆکەی لە دڵی هاوڕێی خۆیی، لە دڵی نووسەر هەڵکوتێت. خوێنەر ئەمە لە مۆنۆلۆگی ئەو کە جاری وایە شێزوفێرنیایە هەست پێدەکات. قەدەر ئەوان دوو جار ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، هەر دوو جاریش بە شێوەیەکی تراژێدیک. بە هۆی ئەم هەڵکەوتانە و پارچەکاغەزێک نووسەر "دیانا" دەدۆزێتەوە. هەروا ئێمە بە ڕێگەی نووسەرەوە دەبینە بینەری ئەزموونەکانی "دیانا" و لە کۆتاییدا قارەمانی یەکەم باشتر وەک قارەمان یا کارەکتەری سەرەکی دەردەکەوێت.

**موراد جوان: لە هەندێک لە نووسراوەکانی پێناسەکردن و ڕەخنەییش بینیم، کە هاوبیریەک هەبێت کە قارەمانی بەشی یەکەم بێناوە. من خۆم زۆر بە ئاشکرایی ناوی ئەوم دیت. ئایا ئەو "تەمۆ" نییە، جەنابت چی ئەڵێی؟ گەلۆ لە بەر چی هەستێکی وا پێکهاتووە کە ئەو بێناوە؟**

فرات جەوەری: بەڵێ، ناوی "تەمۆ" یە، بەڵام هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانیش بە جێیە. "تەمۆ" ئیتر "تەمۆ"ی پێشوو نیە. هەتا دایکیشی بەم ناوە بانگی ناکات. لە لایەک ئەو قارەمانیەتییەی نەماوە. ئەو ئیتر تیئۆریسیەن و تێکۆشەری پێشوو نییە، خەڵکی لە دەوری نییە، لە کراسێکی خەمگیندا دەژیت و لە ئاگری تەنیاییدا ئەسووتێت. خەونەکانی، ئیدەئالەکانی و ئامانجەکانی تێکچوونە؛ ڕەنجەکانی، لاوێتیی و ڕێز و حورمەتی لە دەست داوە. ئەو گەنجەی کە کاتێک قامەت بەرز، سەربڵند، بڕوابەخۆ بوو و لە شوێن گۆڕانکاریی گەورە بوو ئیتر ئەوە نەماوە، ئەم بە گەنجی ڕۆیشتووە و بە شێوەیەکیتر گەڕاوەتەوە. ئەمەی کە تازە هاتووە، بە خەیاڵی تێکشکاو، بە هیوای لاواز وبە بڕواتێکچوویی هاتۆتەوە. ئەو لە نێو پردی ڕەشبینی لە سەر دیواری خەمۆکی گیری خواردووە، ئیتر قارەمانێک نییە، لەڕاستیدا دژە قارەمانە، بەڵام وەک "سەربازی ون" ئەویش قارەمانێکی بێناو و نیشانە.

**موراد جوان: با بگەڕێینەوە سەر بابەتی دووبەشی و یا دووچیرۆکی. ئەو کاتەی پەڕتووکەکەم تەواو کرد، هەستێکی وا ڕۆی تێکردم، کە بەشی یەکەم ڕەنگێکی دەروونیی هەیە و بەشی دووهەم زیاتر تراژێدیەکی بواری فیزیکیی ژیانە و یا خود ڕاستیی کۆمەڵگە نیشان دەدات. هەتا دەکەویتە دۆخێک کە بەشی یەکەم لە ئاستی ڕۆمانێکی دەروونناسی و ئەمەی دووهەم ڕیالیستییە. جەنابت چی ئەڵێیت بۆ ئەم گومانانەی لە مێشکی مندا ساز بوونە؟**

فرات جەوەری: گومانەکانت لە جێی خۆیدان. بەشی یەکەم کە لە گۆشەنیگای "من"ــەوە هاتووەتە نووسین مۆنۆلۆگێکە، مۆنۆلۆگی کارەکتەری ژمارە یەک. لە ڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە هەم دنیای نێوخۆ و هەم دنیای دەرەوەی ئەو دەناسیتەوە. دنیای دەرەوەی ئەو زیاتر بە ڕەنگەکانی کامێرا دیار ئەبێت، بەڵام گرینگ دنیای نێوخۆی ئەوە. دنیای نێوخۆی ئەو شاراوەیە، جیهانێکی ڕووخاوە، زەبری فیزیکی کە لێیدراوە، لە جەستەیەوە تێپەڕی ڕۆحی بووە و درزێکی بێوێنەی لە ڕۆحی داوە. ئەو لە تراوماییێکی گراندا دەژیت، پێویستیی بە یارمەتییە، پێویستیی بە سارێژکردنی ڕۆح و بەخۆداچوونەوەیە. بەڵام کەسێک نییە کە لێی ببێتە خاوەن، کەسێک کە دەستی بگرێت و دڵداریی بداتەوە پەیدا نابێت. هیچ دوکتور و دەروونناسێک کە بە تایبەت کاتی بۆی تەرخان بکات، نییە. ئەو لە دۆزەخی خۆی لە هەموو بوارێکدا دەسووتێت. لە میتۆدی فلاشبەک خۆم ڕاسپاردووە بە سایکۆئانالیزم و پاشەکشە. جاری وایە بەرەو منالیی ئەو دەڕۆم و جاری واشە ئەو بۆخۆی دەکەوێتە بیری کات و ڕۆژانی ڕابردوو. کارەکتەری دووهەم واتە "دیانا" لە کاتی ئێستادا ئەژیت. بەڵام ئەگەر لەم بارودۆخەی کە تێیدایە ڕزگار نەبێت، قەدەری ئەویش وەک قارەمانی یەکەمی لێدێت. ژیانی سیاسیی "دیانا" ئەکرێت وەک پاشخانی ژیانی "تەمۆ" چاولێبکرێت. لە بن سێبەری ژیانی "دیانا"دا، ویستوومە وێنەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فکریی کوردان لەم سەردەمە بخەمەڕوو. بێگومان سەرەڕای خەیاڵیبوونی، هەر ویستوومە دۆخەکە وەک خۆی بە کراسێکی ریئالیستی پێشکەشی خوێنەران بکەم.

**موراد جوان: لە ڕۆمانی "پاییزی درەنگ"دا دیار بوو، لەمەشدا بە باشی دیارە، قارەمانەکانت لە دەورانێکەوە دێن کە یا لە هەندەران ژیاون، یا لە بەندیخانە دا ماون و گەڕاونەتەوە نێو کۆمەڵگەیەک کە سالانێکە نەیانبینیوە. بەڵام ئەوان دەگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگەیەک کە دوورە لە خەیاڵیان و ئەوەی کە بۆی تێکۆشاون. حەتا کۆمەلگەیەک کە تێکچووە و پێچەوانەی ئایدیالیانە، چما؟ لە بەر ئەوەیە کە تێکۆشانی قارەمانەکانت سەرنەکەوتووە، یا لە بەر تێکشکاوییانە؟ ئایا ئەوان بە شوێن ئووتۆپی و خەون و خەیاڵەوە بوون و دووای ئەزموونی زۆر تاڵ و ناخۆش وەک بەندیخانە، گرتن و کۆچبەری پێیان کەوتە سەر عەرز و لە ڕاستیی ژیان تێگەیشتن، یا بە هەڵکەوت جیلی کۆمەڵگە لە گەڵیان ناگونجێت؟**

فرات جەوەری: نێزیک بە سی ساڵە کە خۆم لە دەرەوەی وڵات، لە هەندەران دەژیم. لەسەردەمی مندا بە هەزاران کچ و لاوی کورد دەهاتنە گرتن و

